ڕۆمان

PDF4Kurd

# جێگای بەتاڵی سلووچ

ڕۆمان

# جێگای بەتاڵی سلووچ

مەحموود دەوڵەت ئابادی

وەرگێڕانی

ئەمین گەردیگلانی

**ناوی کتێب: جێگای بەتاڵی سلووچ**

- نووسینی: مەحموود دەوڵەت ئابادی
- وەرگێڕانی: ئەمین گەردیگلانی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- پیتچنین: شاسەنەم
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٦٨٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٥٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە


زنجیرەی کتێب –٨٨ – (١٩١)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

**پێشکەش بە:**

باوکم، ئیبراهیم حەسەنپوور و

هەموو خەم و دڵەخورپەکانی ژیانی



مەحموود دەوڵەت ئابادی

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................................ أ

**بەشی یەکەم**

بەندی یەکەم ................................................................... ١

بەندی دووەم ................................................................... ٣٢

بەندی سێیەم ................................................................... ٤٨

بەندی چوارەم .................................................................. ٧٨

**بەشی دووەم**

بەندی یەکەم ................................................................... ٩٧

دووەم ......................................................................... ١٤٦

**بەشی سێیەم**

بەندی یەکەم ................................................................... ١٧٥

بەندی دووەم ................................................................... ١٩٥

بەندی سێیەم ................................................................... ٢٢٨

بەندی چوارەم .................................................................. ٢٧٦

بەندی پێنجەم .................................................................. ٣١٥

**بەشی چوارەم**

بەندی یەکەم ................................................................... ٣٤٢

بەندی دووەم ................................................................... ٣٥٨

بەندی سێیەم ................................................................... ٣٨٣

بەندی چوارەم .................................................................. ٤١٠

**فەرهەنگۆک** .................................................................. ٤٢٣

# پێشەکی

مەحموودی دەوڵەتئابادی یەکێکە لە گەورە نووسەرانی ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٩٤٠ لە دەوڵەتئابادی سەبزەوار سەر بە شاری خۆراسان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردووە. مەحموود تەمەنی چوار ساڵانە بووە کە پاڵەوانانی ڕۆمانی "کەلیدەر" کوژراون و بە نێو شاردا گێڕاویانن. لە منداڵییەوە هۆگرییەکی زۆری بە گێڕانی کۆتەڵ و نەقڵ گێڕانەوە و حەکایەت و ئەوسانە و بیبیجان بووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی کردووە بە نووسینەوەی کتێبە کۆنەکان و دەسنووسی قەدیمی. زۆر شەیدای شانۆ بووە، بۆ بەشداری کردن لە یانەی شانۆیی «ئاناهیتا» کە تیپێکی شانۆیی بەناوبانگی ئێران لەو سەردەمەدا بووە، چۆتە تاران و لە شانۆی "شەوە سپییەکان"ی دیستۆیۆڤسکی، دەوری مردنی دراوەتێ. ساڵی ١٩٦١ یەکەمین چیرۆکی بە ناوی «ئەدبار» نووسیوە. وەک خۆی دەڵێ: من یەکجار زۆرم نووسیوە، بەڵام زۆر کەمم بڵاو کردۆتەوە.

ساڵی ١٩٦٢ دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و ناتوانێ قوتابخانەی دواناوەندی تەواو بکات.

ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی دەورگێڕان لە شانۆی «لە قووڵاییدا»ی ماکسیم گۆرکی، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە لایەن ڕێژیمی شاوە کەوتۆتە بەندیخانە.

ساڵی ١٩٨٣ ڕۆمانی دە بەرگی «کەلیدەر» تەواو دەکا. هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن "کەلیدەر" باشترین وێنەی ئەدەبی لادێیی فارسییە. بڕێکی تریش دەڵێن "کەلیدەر" سەرەتای سەرهەڵدان و خولقاندنی ڕۆمانی فارسییە.



بەرهەمەکانی دەوڵەتئابادی بریتین لە:

١. "کارنامەی سپەنج" لە سێ بەرگدا، پازدە کورتە چیرۆک و نۆڤلێتی گرتۆتە خۆی و بەرگی سێهەمی، ڕۆمانی "جێگای بەتاڵی سلووچ"ە، کە لێرەدا کراوە بە کوردی.

٢. "کەلیدەر"، ڕۆمان، دە بەرگ.

٣. "ڕۆژگاری بەسەرچووی خەڵکانی بەساڵداچوو"، ڕۆمان، دوو بەرگ

٤. "قەقنووس"، دەقی شانۆیی

٥. "پاس"، دەقی شانۆیی

٦. "ئاسکی بەختی من گوێزەل"، نۆڤلێت

٧. "سلووک"، ڕۆمان

زۆربەی نووسراوەکانی بە زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، چینی و سوێدی وەرگێڕدراونەتەوە.

دەوڵەتئابادی خۆی دەڵێ: ئێمە چیرۆکنووسانی ئێرانیی بەرەی دووهەم (١٩٢٠–١٩٧٠) هەموو لە تاریکخانەی سادقی هیدایەتەوە هاتووینەتە دەرێ. بزوورگی عەلەوی، دەوڵەتئابادی، هووشەنگی گوڵشیری، ئەحمەدی مەحموود و... ئەو نووسەرانەن کە پاش سادقی هیدایەت هەر کامەیان بە شێوەیەک، لە ژێر کاریگەریی ئەودان و هەر کامێکیان لایەنێکی کاری چیرۆکی ئەویان درێژە پێداوە. دەوڵەتئابادی لایەنی زمانی چیرۆکی گرتووە و بە تێڕوانین و ئاوڕدانەوە لە زمانی دەقە کۆنینەکانی ئێرانی وەک "مێژویی بەیهەقی" و زمانە شێعرییەکەی "عەتتار" و خۆراسانی کۆن، توانیی ببێتە خاوەنی زمانی تایبەت و شێوازێکی گێڕانەوەی تایبەت بە خۆی لە چیرۆکنووسیی فارسیدا. بە وتەی زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەرانی چیرۆک، دەوڵەتئابادی باشترین نووسەری ئێرانییە کە توانیویەتی ئەدەبی لادێیی بنووسێ.

رۆمانی "ڕۆژگای بەسەرچووی خەڵکانی بەساڵداچوو" ئەگەرچی ڕۆمانێکی شارییە، بەڵام نەیتوانیوە وەک ڕۆمانی "کەلیدەر" و "جێگای بەتاڵی سلووچ" لەنێو دڵی جەماوەری خوێندەواردا جێ بکاتەوە.

پێکەوە ڕۆمانی "جێگای بەتاڵی سلووچ" دەخوێنینەوە. بەو هیوایەی توانیبێتم ئەمانەتداریم تێدا کردبێت و کورداندبێتم.

ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی لەباری تکنیکی و هونەری ڕۆماننووسییەوە زۆر بەرزە، لەگەڵ ژیانی هەژارانەی خەڵکی کوردستانیشدا یەکدەگرێتەوە. زۆربەی ئازارەکانی مرۆڤی لە دڵی خۆیدا جێ کردۆتەوە. هەر بۆیە بڕیارم دا ئەم ڕۆمانە وەرگێڕمەوە.

**وەرگێڕ**

# بەشی یەکەم

## بەندی یەکەم

مێرگان کە سەری لە سەر سەرینەکەی هەڵێنا، سلووچ دیار نەبوو.

منداڵەکان هێشتا هەر خەوتبوون: عەباس و ئەبراو و هاجەر. مێرگان ئەگریجەکانی لاجانگی خستە بن لەچکەکەی و توند بەستی، هەستا سەرپێ و لە کەرکەرۆکی درگاکەوە پێی نا حەوشە چکۆلەکەیان و ڕاست ڕۆیی بۆ هەیوان و سەر تەندوورەکە. سلووچ لەوێ نەبوو. شەوانی ڕابردوو سلووچ لە گوێ تەندوورەکە دەخەوت، مێرگان نەیدەزانی بۆ لەوێ دەخەوێ؟ تەنیا دەیدی دەڕواتە سەر تەندوورەکە و دەخەوێ. شەوانە زۆر درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵێ، یەکسەر دەڕۆیی بۆ بەرهەیوان و گوێ تەندوورەکە، لە ژێر میچی قورماویی هەیوانەکەو لە قەراغ تەندوورەکە هەڵدەکورما. قەڵافەتێکی وردیلەی بوو. خۆی کوشمەڵە دەکرد و هەردوو چۆکی توند بە زگییەوە دەگوشی و هەردوو دەستە ڕەقەڵەکەی دەنا بەینی ڕانییەوە و لە سەر لاتەنیشت سەری دەکردە بن دیوارەکە و کورتانە کۆنی گوێدرێژکەی ـ ئەو گوێدرێژە پیرەی بەهاری ڕابردوو نەخۆشی وەک جاڵجاڵووکەی لێکرد و تۆپی بە خۆیدا دەدا و دەخەوت. یان نەشدەخەوت. کەس نازانێ لەوانەیە هەتا بەری بەیانی لەگەڵ خۆی قسەی کردبێ، چونکە ئەم چەند ڕۆژەی دوایی بە جارێ لە دمودوو کەوتبوو. بێدەنگ دەهاتەوە و بێدەنگ دەڕۆیشت. بەیانیان زوو مێرگان دەچووە پشت سەری، سلووچیش بە هێمنی لە خەو هەڵدەستا و بێئەوەی چاوێک لە ژنەکەی بکا، بەر لە هەستانی منداڵەکانیان بەرەو دەرێ ملی پێوە دەنا.



مێرگان تەنیا کۆخەکۆخی هەمیشەیی مێردەکەی لە کۆڵانەکەوە دەبیست و دوای ئەوە سلووچ ون دەبوو. سلووچ و قۆخەقۆخەکەی ون دەبوون. کاڵەو پێتاویشی لە پێدا نەبوو کە مێرگان گوێی لە ترپەی پێی بێ.

بۆ کوێ دەچوو؟ مێرگان ئەوەشی نەدەزانی، دەیتوانی بۆ کوێ بچێ؟ چۆن ون دەبوو و پەیدا دەبۆوە؟ کەس نازانێ. کەس لە کەس بوو، خەڵک هەرکەسەی لە بیری دەردو خەمی خۆیدا بوو. هەموو گرفتارو خەمبارو مل بە خوزدا گرتوو، نەدەبینران، هیچ کەس دیار نەبوو. دەتگوت خەڵکی زەمینج هەموو لە بن کلیلە بەفرو سەهۆڵدا خۆیان حەشار داوە و تەنیا وشکە سەرماو کزەبای بێبڕانەوە بوو کۆڵانی تەنگ و پێچەڵاوپووچی زەمینجی پڕ دەکرد. سلووچ شرۆڵ و پێخاوس و سەر ڕووت، کۆپانی گوێدرێژە تۆپیوەکەی دابوو بە شانیدا و لەو وشکە سەرمایەدا کە تلۆ خۆی نەدەگرت، ون دەبوو؛ مێرگانیش نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ. سەرەتا پێیخۆش بوو بزانێ، بەڵام وردە وردە بۆی ئاسایی بوو. دەڕوا با بڕوا، چش دەڕوا!

مێرگان ئیتر هیچ هەست و تامەزرۆییەکی بۆ مێردەکەی نەبوو. ئەم هەستی پێوەندییە دەمێ بوو دامرکابوو و تەنیا خووخدەیەکی سارد مابۆوە، کە لەم دواییانەدا ئەویش وردە وردە سارد بۆوە و خەریک بوو تەواو دەبوو... تاکەی دەبێ خەمی ئەو لە دڵیدا کۆکاتەوە و خۆی لە نێو بەرێ. هەموو ئەو شتانەی کە بە ئاشکراو بە نەهێنی ژن و مێرد پێکەوە دەبەستێتەوە، لە نێوان مێرگان و سلووچدا نەمابوو. نە کاری بوو نە سفرە، هیچ کامیان. بە بێ کار سفرە نابێ و بە بێ سفرەش خۆشەویستی. بە بێخۆشەویستی ئاخافتن نییە و کە ئاخافتنیش نەبوو بەزم و هەرا و شەڕ و قوونەشەڕ نابێ، پێکەنین و گاڵتە نابێ؛ زمان و دڵ کۆن دەبن لێوباری لێدەنیشێ. ڕۆح لە ڕوخسار و نیگا لە چاودا دەژاکێن. دەست لە بێکاریدا دەپڕووکێن و پێمەڕە و شەنە و درمەغ و بژارچن لە پشت کەندووە تەپوتۆزیان لێدەنیشێ. ئیتر چی؟ گوێدرێژ کە تۆپیبێ و زستانی وشک و سارد باڵی ڕەشت بەسەردا بکێشێ و خەم و پەژارە گیان بێنێتە سەر لێوت.... ئیتر کوا جێیەک بۆ پێوەند و خۆشەویستی دەمێنێ؟ کوا جێیەک دەمێنێ بۆ دڵ و زمان؟

سلووچیش لەم دواییانەدا کاس و وڕ بووبوو. قسەی نەدەکرد و دەتگوت گوێشی لە هیچ نابێ. بەڵام مێرگان، کوا قسەیەکی لە دڵدا بوو کە بۆ سلووچی بگێڕێتەوە تاکوو بزانێ دەبیستێ یان نا؟ شتێک، مەگین شتێک لە نێواندا بوو کە مێرگان بە بۆنەی ئەوەوە قسەی لەگەڵ بکات؟ وەختێ هەرچی هەیە و نییە لە بن تەپوتۆزێکی کرو مەرگاویدا نێژراون، ئیتر لێو چۆن دەتوانێ ببزوێ؟ لێوی مێرگان بە دەستێکی نادیار دوورا بوون. تەنیا چاوی کراوە بوون. واق وڕمان چاوی پێ زەق کردبۆوە. دەتگوت دارو دیواریش هەر بووبوونە هۆی واقوڕمانی. دەتگوت لە بوون و هەناسەکێشان و هەنگاو هەڵێنانەوە و هەستکردنی سەرما هەتا سەر یەسقانەکانیشی سەری سووڕماوە. دەتگوت لەوەش کە لە دایک بووە و دایکێک شیری داوەتێ و گەورەی کردووە واقی وڕماوە. شتی وا بڵێی ڕاست بێ؟ دەبێ؟ بڵێی شتی وا ببێ؟ چەندە شتی سەیرو سەمەرە لەم دنیایەدا هەیە؟!

هەموو شتێک سەیر بوو. لەبەر چاوی مێرگان هەموو شتێک سەیرو سەمەرە بوو. لە هەموو شتێکیش سەیرتر جێگای بەتاڵی سلووچ بوو. بەڵام هیچ ڕۆژێک جێگای بەتاڵی سلووچ تا ئەمڕادەیە مێرگانی تووشی دڵە خورپە نەکردبوو. ئیتر سەر سووڕمان نەبوو، مەترسی بوو. ترسێکی تازەو کتوپڕ و نامۆ بوو. بێئەوەی خۆی تێبگا، چاوی پێ زەق ببۆوە و دەمی داچەقابوو. جێگای بەتاڵی سلووچ ئێستا بەتاڵتر لە جاران دیار بوو. بۆ مێرگان بووبووە نەهێنی. شتێکی دیار و نادیار. دڕدۆنگی. هەر ئەوەی کە ژنی لادێیی پێی دەڵێن «ئەو». یان لەوانەیە سلووچ ڕۆیشتبێ.

ئەوە خەریک بوو بۆ مێرگان ڕوون دەبۆوە، مێرگان تازە هەستی کردبوو کە سلووچ لە هەموو شتێک پارێز دەکا، خۆلادان لە مێرگان و ماڵەکەی بەهانە نەبوو، بوار بوو. سلووچ خۆی جیا کردبۆوە، دوورە پەرێز بووبوو. وەک نووکی قامکێک کە لە ناکاو بە زەبرێک بپەڕێ. چەندە شەوگاری درێژ و تاریک سلووچ لەگەڵ خۆی کەوتبووە کێشە؛ چ ڕۆژگارێکی تاقەت پڕووکێن دەبێ جاڕز و بێ هیوا لە کەلاوەو چۆڵگە و دڕکەڵاندا ڕاییواردبێ. ئەم هەموو بیرو گومان و خەیاڵە، ڕەنگە لەگەڵ ژان و ئازارێکی قورس مناڵەکانی دانە بەدانە لە دڵیدا هەڵکەندبێ و تووڕی هەڵدابێتن،



هەروەها مێرگانیشی لە نێو بیرەوەریی خۆیدا پیوار کردبێ. ئیتر چیی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە؟ خەمەکانی نا! حەتمەنە بەشی خۆی بردووە. لێم ڕوونە بردوویەتی. ئەوە ئیتر ناتوانێ لە خۆی بپچڕێ و فڕێی بدات. ئیتر ئەوە ناتوانێ بدا بە هیچ کەسێک. نا، دەبێ بارێکی قورستری لە دڵیدا هەڵگرتبێ و ڕۆیشتبێ. ڕۆیشتووە. لێیگەڕێ با بڕوا، لێیگەڕێ با بڕوا!

«لێیگەڕێ با بڕوا؟!»

ئەوە تەنیا لەسەر زمانی خەیاڵی مێرگان سانا بوو. تەنیا لە سەر زمانی خەیاڵ. چونکە مێرگان لە تەواوی تەمەنی خۆیدا، ئاوا وەک ئێستا، هەستی یەکبوونی لەگەڵ مێردەکەی نەکردبوو. لەپڕ شتێکی لێ ون بووبوو کە بە ڕاستی نەیدەزانی چییە؟ مێردێک بوو بە ناوی سلووچ؛ بەڵام بە هەست، شتێکی دیکە. ڕەنگە بتوانین بڵێین مێرگان نیوەیەکی خۆی لێ ون بووبوو؟ نەیدەزانی. نە دەست بوو، نە چاو بوو، نە دڵ. ڕۆحی، هەستی؛ خۆی ون بووبوو. بنمیچی ژوور سەری و دیواری دەور و پشتی تێکتەپیبوون. هەستێکی وەک ڕووت بوون. ڕووت بوون لە ناخەوە، ڕووت بوون لە سەر سەهۆڵ. دەستانێک ئەویان بەتاڵ کردبوو. خاڵی و خۆڵی، ڕووت وقووت. ڕاست دەتگوت ڕووت وقووت لە سەر ڕووبەری سەهۆڵینی بەنداوەکەی لای حەمام گێژوویژ بووە. ڕووت وقووت و بێسێبەر. تۆ بڵێی پەیکەرەیەکی بێسێبەر هەبێ؟ هەستی مێرگان دەرهەق بە خۆی ئاوا بوو؛ ڕووت و بە تاڵ و بێسێبەر. لەپڕدا دەسووتا. شتێک دەیسووتاند. خۆڵەمێشێک کە هەموو شتێکی ژیانی مێرگانی داپۆشیبوو، تاوێ لەسەر دڵی دەسڕدرایەوە. شتێکی ون و لێڵ. شتێکی لەبیرکراو لە سنگیدا سەر هەڵدەدا: سلووچ ئەوینێکی کۆن، غەور گرتوو. خۆشەویستییەکی ئاوێتەی ئازار، هەستێکی کتوپڕ. بۆی دەرکەوت کە چەندەی سلووچ خۆش دەوێ و خۆشی ویستووە!

تا چاوت لە گەڵتدایە ئاسایی دێتە بەر چاو؛ بەڵام هەرکە ئەو چاوانە لە ناکاو کوێر بن، بە شیشەیەکی سوورەوە بوو یان نینۆخی ساردو سڕ؛ تۆ ئیتر تەندووری ماڵێکیش نابینی کە عومرێک داییساوە. تازە بۆت دەردەکەوێ کە چیت لە دەست داوە، چ خۆشەویستێکت لێ ون بووە: سلووچ!

«بەڕاستی سلووچ ڕۆیشتووە؟ ڕۆیشتووە بۆ کوێ؟، ئەی هاجەر؟ ئەی کوڕەکان؟ عەباس و ئەبراو؟ سلووچ ڕۆیشتووە! بۆ کام بەقوڕێگیراو چووە؟ ئێمەی بە سەر کێدا بەجێهێشتووە و ڕۆیشتوە؟! ها!»

مێرگان خەریک بوو وردە وردە وەخۆ دەهاتەوە. خەریک بوو چاوی دەکراوە و گوشار و وزەیەکی وەحشی لەناخیدا جارێکی دیکە باڵای دەکرد و هەڵدەچوو. چاوی جارێکی دیکە خۆی دەدی. دەورو پشتی خۆی بە ڕوونی دەدی. هەموو شتێک ڕۆحێکی تازەی بەبەردا کرابوو. لە هەناوی سەرماو سۆڵەی زستانەوە جارێکی دیکە ژیان هەڵدەقولا. دەتگوت هەموو شتێک دیسان زیندوو دەبنەوە. سەهۆڵبەندانێک کە چەند مانگ بوو دەوری مێرگانی تەنیبوو، ئەوی لەنێو خۆیدا کەوی کردبوو وردەوردە خەریک بوو هەڵدەکزاو دەتواویەوە. مێرگان وەجموجۆڵ کەوتبوو، لە سەرماوە بووبووە ئاور؛ دەسووتاو دەچوو هەتا بسووتێنێ. گڕەمشقان، وەک پشیلە نەوتینەیەک کە بە زیندوویی ئاوری تێبەردەن و هەڵێ. توانەوەی هەموو سەهۆڵەکانی دنیای لە خۆیدا هەست پێدەکرد. سێڵاوی گڕ بوو. جۆرێک کە هەستی دەکرد دەتوانێ سەرمای زستان لە نێو بەرێ. بێدەنگ و کڕ و کپ بوو متەقی نەدەکرد، بێدەنگ و بێئۆقرە. دڵ لە سینگی مێرگاندا دڵ نەبوو؛ کوورە بوو. کوورەیەکی پڕ لە ڕق و قین. گەڕاوە. لەگەڵ ئەوەش هێشتا شتێک جەزبەیەک وایلێدەکرد هەتا چاوێک لە جێگای بەتاڵی سلووچ بکات. لەبەر چاوی مێرگان جێگای بەتاڵی سلووچ سات لەدوای سات قووڵتر دەبوو. بە ئەندازەی مناڵدانێک. هەر بەو شێوەیە. جێگای سەرو جێگای لاقی شەتەک دراو و جێگای کووڕ بوونەوەی پشت. یانی سلووچ چکۆلە ببۆوە؟

مێرگان ڕووی وەرگێڕا. کەندووەکەی سلووچ هێشتا لە حەوشە بوو؛ لەپاڵ قووڵکەکەدا. کەندوویەکی نیوەچڵ. پێچکەکانی و دیوارە قوڕینەکەی وشک و قەڵەشت قەڵەشت بووبوو. سەرمای بە تەوژم قەڵەشاندبووی. سلووچ بە نیوە چڵی بەجێیهێشتبوو. لەبەر چاوی کەوتبوو و بە نیوە چڵی بەجێیهێشتبوو. مانگێک دەبوو تەندوورەکەش لەوێ بوو لە بیر چووبۆوە، لە بیر بردرابۆوە. هیچ کەس ئەو کەندووەی لەلای سلووچ بە دروستکردن نەدابوو. هەر خۆی لەبەر بێکاری دەستی



کردبوو بە دروستکردنی و چەن ڕۆژ لەمەوبەر لە پڕدا دەستی لێ هەڵگرتبوو. جا بۆ دەستی لێ هەڵنەگرێ؟ وەختێ بەرهەم و دەغڵ و دان نەبێ، کەندوو بەکاری چیدێ؟ بۆچی دەبێ؟ تەندوور بۆچی؟ بۆ کێ؟ بۆ کام تەشت و هەویر؟ مخابن بۆ ئەو گڵەی سلووچ بە هێزی شان و باهۆی هێنای؛ حەیف بۆ ئەو قوڕەی کە خۆشی کرد بۆ دروستکردنی کەندوو. مخابن بۆ ئەو هەموو ئارەقەی نێو چاوانی؛ حەیف بۆ سلووچ! قوڕەکەی دەشێلاو دەیشێلاو خۆشەی دەکرد. نەرم و شل، وەک ماجوومی لێدەکرد. هیچ نانەوایەکی کارامە هەویری ئاوا نەدەشێلاو هەڵبێ. وەکوو کیمیاگەر کاری دەکرد. هەموو کەندووی ئاردو دەغڵ و دان و تەندووری تازەی زەمینج بەدەستی ڕەقەڵەو قامکی درێژ و باریکی سلووچ ساز کرابوون. هەتا کاریان پێی بوو، هەموو بە چاوی پیشەکارێک تەماشایان دەکرد. بەچاوی کەسێک کە لەهەر قامکێکی گەوهەرێک دادەوەرێ، شارەزای هەموو هونەرێک: سلووچی هەوڕگەر، سلووچی کەرێزکەن، سلووچی جۆماڵکەر، سلووچی سەپان و دروێنەوان، سلووچی تاقلێدەر، سلووچی کۆڵکێش، سلووچی دارتاش، سلووچی ناڵبەند، تەنانەت لە دێهاتەکانی دەوروبەریشەوە دەهاتن دەیانبرد تەندووریان بۆ دروست بکات. قوڕ لە دەستی سلووچدا وەک مێو وابوو:

«گوڵ ببارێ بە سەر ئەو قامکانەدا»

ئەوەی لە پاش سلووچ بەجێماوە، هەر ئەم کەندووە نیوەچڵ و قەڵەشت قەڵەشت و بێکەڵکەیە. ئەو جێیەی کە سلووچ چووبوو بڵێی کەندوو دروستکردن لەوێ بایەخی هەبێ؟

ئەبراو کوڕی دووهەمی سلووچ بە گوێچکەی زەلام و هەڵگەڕاوەو چاوی زەق و خەواڵووەوە لە کەرکەرۆکەی دەرگاکەوە پێی نا حەوشەو ڕاست ڕۆیشت بۆ لای قووڵکی بن دیوارەکە. دایکی بە پەنایدا تێپەڕی و خۆی کرد بە تەویلەکەدا. ئەبراو بۆی دەرکەوت کە هات وچۆی دایکی لەگەڵ ڕۆژان تۆفیری هەیە. بێئۆقرە دیار بوو. نەدەسرەوت. لە شوێنێک گیر نەدەبوو. لە دەرگاکە هاتە دەرێ و ڕۆیی بەرەو هەیوانی سەر تەندوورەکە. ئاراوقارای لێ هەڵگیرابوو. بێهۆ هەڵدەسووڕا و لەم

قوژبنەوە بۆ ئەو قوژبن دەڕۆیشت و سەری بە کەلێن و کولێنەکاندا دەکردو لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات:

«ڕۆیشت. چاکە ها! ڕۆیشت.... ئا! ڕۆیشت با بڕوا. چش با بڕوا ئاوی ئاراز نیوەی ڕێگای بێ! با بڕوا. جا چییە؟ گورگ دەیخوا؟ ئا. ڕۆیشت!

ئەبراو کە چاوی لە دایکی نەدەترووکاند، پرسیی:

ـ کێ ڕۆیشت؟ لەگەڵ کێتە؟

ـ بە گۆڕی بابییەوە. ڕۆیشت بۆ سەر گۆڕی بابی، بۆ سەر گۆڕی ئەو بۆرەکە پشت دەرپەڕیوە. بۆ سەر قەبری دایکی. من چووزانم؟ ڕۆیشتووە. دیارنییە. نەتدیوە؟ نییە، نی. ڕۆژان کە دەڕۆیشت شتێکی لێرە دەما؛ لێرانە... بەڵام ئەمڕۆ هیچ شتێکی دیار نییە، هیچ!

ـ ڕۆژان چیی بوو کە بەجێی بهێڵێ؟ چیی بوو؟ تەنیا کورتانی کەرەکەی بوو کە ئەویش هەموو ڕۆژێ لەگەڵ خۆی دەیبرد.

مێرگان گێژوویژ بووبوو. جار لەگەڵ جاریش پەرۆش و پەشێوتر دەبوو. بێهۆ دەستی هەڵدەتەکاند. باڵەپڕژی دەکرد، مەلی سەربڕاو. لەبەر خۆیەوە. بە کوڕەکەی- گوت:

ـ خۆشم نازانم؛ نازانم. بەڵام پێموایە شتێکیلێ بەجێدەما. بەجێی دەهێشت؟

ـ وەک چی؟

مێرگان قیژاندی بەسەر کوڕەکەیدا:

ـ چووزانم؟ من چووزانم؟ نازانم، کفنەکەی بەجێدەهێشت، کفنەکەی!

ئەبراو دەستی شۆرد و لەسەر قوڵکەکە هەستا، ئاوی سارد لە نووکی قامکی دەچۆڕا، هەردوو دەستی نایە بن باخەڵی و چوو تا زیاتر لەگەڵ دایکی بدوێ. بەڵام مێرگان ڕۆیشت. لە کەلێنی بێدرگای حەوشەکەوە ڕۆیشتە دەرێ و بەرەو ڕووی وشکەبای پرتەزوو پێی نایە کۆڵان. بچێ بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دەچێ؟ کۆڵانی چۆڵ، کۆڵانەکان چۆڵ و هۆڵ. وشکە سەرمای قاقڕ، بە تەزووی خۆی داروودیواری زەمینجی دەرزی ئاژن دەکرد. سەگەل، تەنیا سەگەل لەو کۆڵانانە دەسووڕانەوە. سەگەلی برسی و لەڕو نەخۆش، سەگە بەڕەڵلا. پەشێواو و پاپەتی، بەتۆی کراسێک،



مێرگان بەرەو ماڵی کوێخا ملی پێوەنا. کە گەیشتە گۆڕەپانی بەنداوەکە، کەربەلایی سەفی، باوکی زورهانی کوێخا نەورۆزی دی کە لە حەمام هاتبووە دەرێ و لە سەرەوژووریی کۆڵانی حەمامەکە بە کۆمەکۆم دەهاتە سەرێ. کەربەلایی سەفی، خۆی یەکێ لە ڕیشسپییەکانی زەمینج بوو. بە دیتنی کەربەلایی سەفی، مێرگان لەجێی خۆی ڕاوەستا. لە بن دیوارەکە ڕاوەستاو سڵاوی کرد. کەربەلایی سەفی هاتە پێشترەوەو دەستینا کەلەکەی و یەکدوو هەناسەی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

ـ ئەوە چییە مێرگان !... بەو بەیانییە زووە بۆ کوێ؟ شێواوی!

مێرگان تازە خەریک بوو هەستی بە لەرزینی سەرتا پای خۆی دەکرد، دەستە شووش و باریکەکانی نایە بن باخەڵی، سەری داخست و گوتی:

ـ سلووچ دیار نییە، کەربەلایی گیان. سلووچ دیار نییە، ڕۆیشتووە. سلووچ ون بووە. دیار نییە!

کەربەلایی سەفی بێئەوەی تەماشای مێرگان بکا، بەبەر دەمیدا تێپەڕی و گوتی:

ـ لەهەر کوێ بێ دێتەوە. دەتوانێ بچێ بۆ کوێ بۆرەکەی هەژاری نیوە مردوو؟ خۆ هێزی ڕێگا ڕۆیشتنیشی نییە!

مێرگان وەدوای کەربەلایی سەفی کەوت و گوتی:

ـ دیار نییە کەربەلایی گیان. لە دڵی داوم کە ڕۆیشتووە. هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو لە ماڵ دەردەکەوت، بەڵام ڕۆیشتنی ئەمڕۆی جیاوازە. جۆرێک ڕۆیشتووە کە دەڵێی هەر نەبووە.

کەربەلایی سەفی ڕیشی خوراند و ساتێ بێدەنگ بوو، پاشان بێئەوەی متەق بکات قامکە ئەستوورو خوارو خێچەکانی نا بە دەرگا دارە ڕزیوەکەی ماڵێوە. دەرگاکە لەگەڵ جیرەیەکی ساردو وشک کرایەوە و کەربەلایی سەفی پێی نا نێو دالانە سەنگفەرشەکەوە و بە هەنگاوی نەرم و هێدی گەیشتە حەوشە.

مێرگان نەچووە ژوورێ. هەر لەوێ ڕاوەستاو چاوی لە کەربەلایی سەفی بڕی.

کەربەلایی سەفی پێی لەسەر پلیکانە کەرپووچەکان دانا و لەشە قورسەکەی بە هێوری وەسەر خست و لەبەر هەیوانەکە لەچاو ون بوو. مێرگان تاوێک ڕاوەستا و هێواش خۆی کرد بە دالانەکەداو لە سووچێکی لای دەرگاکە هەڵترووشکا. بیری

ئەوەی کوێخا خەوتووەو هەتا ئەو کاتەی لە خەو هەڵدەستێ دەبێ چاوەڕوان بێ. چنگی لە دڵی مێرگان گیر کردبوو. لەگەڵ ئەوەش چارەی نەبوو. دەبوو ڕاوەستێ هەتا یەکیان دێتە دەرێ و لە خەو هەڵدەستن:

«ئەڵڵاهوو ئەکبەر»

دەنگی بانگی کەربەلایی سەفی بەرز بۆوە. دوای ئەوە تەق و هۆڕو خشپەی هاتوچۆی موسلیمە، خێزانی کوێخا پەیدا بوو. قابلەمەی لە مەنجەڵ و تاوەی لە سوێنە دەردێناو جیڕەو تەقەی ساوینی قاپ و قاچاغی مسین تێکەڵ پرتەو بۆڵەی موسلیمە، زایەڵەی دەنگی کەربەلایی سەفیی دادەڕووشاند.

موسلیمە لە بەیانییەوە کە هەڵدەستا دەیبۆڵاندو نێوچاوی دەتگوت هەوری بەهارە. قسەی لەگەڵ کەس نەدەکردو دەتگوت لەگەڵ عالەم دەنگی داگۆڕیوە.

وەک دەڵێن:

«لەگەڵ تڕی خۆی بەشەڕ دەهات. »

«سەری لە کێشە دەخورا. »

ژن و پیاوی زەمینج هەموو لە ئاکارو خووی موسلیمە گەیشتبوون و وەک ژنێک چاویان لێدەکرد کە دانووی لەگەڵ کەس ناکوڵێ و وەک هیچ ژنێکیتر ناچێ.

شێتێکی پاک و خاوێن. بەرچاوترین هۆی ئەم خووخدەشیان لە چاوی باوک و براکەی دەدی. موسلیم برای موسلیمە بوو. شێتێک بوو ئاوی نەدەپالاوت. بەلام باوکی، حاجی سالم هەموو خەڵک بە شێتیان دەزانی.

ـ ئەیەڕۆ، کچێ تۆ بۆ لەوێ دانیشتووی؟!

موسلیمە بوو. قابلەمەیەکی بە دەستەوە بوو و لەبەر پلیکانەکاندا بەرەو ڕووی مێرگان ڕاوەستابوو. مێرگان لە نێو دالانەکەدا هەستاو سلاوی کرد.

موسلیمە ڕۆیشت بۆ تەویلەو گوتی:

ـ وەرە یارمەتییەکم بدە، وەرە! ئەو گوێلکە بێنە با سێچوار گوڕم لە گوانی دایکی بدا. قۆڕە کوشتووە هەتا پاشەڵی گوێلکەکەی نەلێسێتەوە، شیر دانادا. مانگایەکی بەغیل و بەرچاو تەنگە.



مێرگان بە دوای موسلیمەدا خۆی بە تەویلەدا کرد. تەویلەکە هێشتا تاریک بوو. تاپۆی مانگاکە لە سەری ئەوسەری تەویلەکەدا بەحاڵ دیار بوو.

چاوی بریقەی دەهات و سەرە زەلامەکەی بەلایەکدا نووشتاندبۆوە.

مانگاکە لەسەرەخۆ، کە دەرگاکە کرایەوە هەنگاوێک هاتە پێشێ. تا چاوی بە تاریکی ڕاهات، موسلیمە قابلەمەی لەسەر پەینی نەرمی تەویلەکە دانا و بە مێرگانی گوت:

ـ ملی بگرە، بیهێنە، بیهێنە بۆ ئێرە!

مێرگان مانگاکەی هێنا پێشێ. سووڕاندی هەتا قابلەمەکە کەوتە حاندی گوانی. موسلیمە کورتانێکی کۆنی لە پەنا ئاخوڕەکە ڕاکێشاو شانی نا بە زگی مانگاکەوە و لە سەر کورتانەکە دانیشت و چڵی هەڵمەساوی گوانی بە قامک دامالّی و دەستی کرد بە دۆشینی: سەقیل مەبە چاوەکەم؛ سەقیل مەبە ئیتر. دەی لە دەورت گەڕێم. دایکەکەم.

دەی... دەی... دەی شیرەکە دادە! شیرەکەت دادە دایکەکەم. دەی بەرخەکەم. دەی ماشاڵڵا... دەی ماشەڵڵا... دەی دەردت لە گیانم. دەی لە دەورت گەڕێم. دەی دایکەکەم...

مانگاکە شیری دانەدەدا. ئەو گوانە گەورانە دەبوو وەک هەوری بەهار دابارن. هەر چڵە گوانێک دەبوو وەک پلووسک شیر داڕێژێتە نێو قابلەمەکەوە. بەلام مانگاکە شیری دانەدەدا و سەری بۆ لای کۆزەکە خوار کردبۆوە و چاوی لە چاوی گوێلکە خەنەییەکەی نێو کۆزەکە بڕیبوو کە لە پشت دوو تەختە داری گەورە بەسترا بۆوە. گوێلکی خەنەیی سەرو چاوە جوانەکەی لە سەر تەختەکانەوە هێنابووە ئەمدیو و بە نەرمی دەیبۆڕاند. دایکیشی بە نیوە بۆڕەیەک وەلامی دەداوە. موسلیمە وردە وردە دەیویست خۆی بدۆزێتەوە.

قۆڕە کوشتوو، پیاو دەکوژێ هەتا چۆڕکالێک شیر دادەدا.

بەریدە، گویلکەکە بەردە با بێ سەری من بخوا!...

مێرگان درگای کۆزەکەی کردەوە و گوێلەوساری لە ملی گوێلکەکە داماڵی و گوێلک بە سەرەوە هەڕای کردە گوانی دایکی و دەستی کرد بە گورم لێدانی گوانە پڕ شیرەکەی و موسلیمە قامکی بۆ دۆشینی مانگاکە خستە کار.

مانگا شیرەکەی دادابوو و قابلەمەکە جار لەگەڵ جار پڕتر دەبوو.

موسلیمە کە سەری بە زگی مانگاکەوە نابوو، بە هەموو توانایی و لێزانییەوە قامکی بە گوانیدا دێناو هاواری دەکرد:

ــ بیگرە دەی ئەو قۆڕە کوشتووە. دەڵێی ئەو شیرە بە لوولەی ئەفتاوە هەڵدەمژێ! بیگرە دەی، بیگرە دەڵێی نەمەییوی؟

مێرگان ملی گوێلکەکەی نابووە بن باخەڵی و هەوڵی دەدا تا ئەو جێیەی دەتوانێ لە دایکی دوور خاتەوە. بەڵام گوێلکەکە گوانی دایکی بەر نەدەدا. مێرگان شەرمەزارو و بێهێز گوتی:

ـ قەوەم پێی ناشکێ؟ ماشەڵڵا وای دەم پێوە ناوە کە دەڵێی...

ــ قەوەت پێی ناشکێ؟ بۆ نانت نەخواردووە؟ ئەو دەمبێنە بەو سنگەوە هەڵواسراوە بیهێنە لە دەمی بکە. هۆ لەوێیە. لەو قوژبنە، ژێر تاقەی چرا دەستییەکە.

مێرگان دەمبێنەکەی لە سنگەکە کردەوە و هێنای. موسلیمەش دەستی لە دۆشین هەڵگرت و پێکەوە سەری گوێلکەکەیان لە گوانی دایکی کردەوە و موسلیمە دەمبێنەکەی کردە دەمی گوێلکەکە و گوتی:

ـ ئێستا بەریدە!

مێرگان ملی گوێلکەکەی بەردا، گوێلکەکە سەری کرد بە ژێر زگی دایکیدا و موسلیمەش دیسان دەستی کردەوە بە دۆشین و لەسەر کورتانە کۆنەکە دانیشت.

ئێستا ئیتر مێرگان کاری نەبوو. لەسەر لێواری ئاخوڕێک دانیشت و چاوی لە گوێلکەکە دەکرد کە بێهۆ لمبۆزی لەبن زگی دایکی دەدا و مانگاکەش دەوری کلکی گوێلکەکەی دەلستەوە. کارەکە سەری گرتبوو و موسلیمە کە خەمی گوێلکەکەی لە دڵدا نەمابوو گوتی:

ـ دەی بەو بەیانییە زووە چ کارێکت بە دەستەوەیە؟

مێرگان وەک ئەوەی لە خەو ڕاچەنیبێ، گوتی:



ـ ڕۆیشتووە. باوکی هاجەر ڕۆیشتووە!

موسلیمە گوتی:

ـ ڕۆیشتووە؟ دەی ڕۆیشتووە با بڕوا! ئەگەر جێیەکی باشتری دەست نەکەوێ دەگەڕێتەوە. ئەویش کوێی بۆ پەیدا دەبێ؟

مێرگان ئیتر متەقی نەکرد. دەمەتەقێ بێهوودە بوو. موسلیمەش لە سەری نەڕۆیشت. خەریکی دۆشین بوو و دەیویست بەجارێ چۆڕەی لێببڕێ.

قامکێکی ماوە قابلەمەکە پڕ بێ لە شیر. ڕازی و ماندوو دەستی لە دۆشین هەڵگرت. کورتانەکەی هێنا ئەم لاوە و بە هێواشی دەستی دا قابلەمە شیرەکە و لە کاتێکدا لە تەویلەکە دەهاتە دەرێ بە مێرگانی گوت:

دەمبێنی گوێلکەکە داماڵە.

مێرگان دەمبێنەکەی لە لمبۆزی گوێلکەکە داماڵی و بە سنگەکە دا هەڵیواسی و هاتە دەرێ. موسلیمە لە دەرەوە قابلەمەکەی دانا و ماتڵی ما. مێرگان هات دەستی دا قابلەمەکە، هێواش نایە سەر سەری و بەنەرمی بەرەو هۆدەی ژێر پلیکانەکان وەڕێکەوت. ئەو ژوورە کولێن بوو، موسلیمە لەوێ ماست و پەنیر و لۆرکی بەرهەم دێنا. مێرگان کە زۆری کار لەگەڵ موسلیمە کردبوو، شارەزا بوو و هەموو کەلێن و کولێنەکانی دەزانی. لە پەنا درگای ژێرخانەکەدا قابلەمەی لە سەر سەری داگرت و لەپاڵ دیوارەکەدا دایناو پشتی هەڵێنایەوە. موسلیمە کەشەفێکی لە سەر قابلەمەکە داناو هاتەدەرێ، بە مێرگانی گوت:

ــ تا ئەو گۆزە دوو قوڵفە لە حەوزەکە پڕدەکەی و دەیهێنی، کوێخا لە خەو هەڵدەستێ.

ئەوەتا لەو سووچی دیوارەن. ئالێرە. لەبەر ئەوەی گۆزەکان نەقەڵەشین لێفە کۆنێکم پێدا داون.

مێرگان دەستیدا گۆزەکە و لە درگای ماڵێ هاتە دەرێ.

هێشتا کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوون. دەتگوت خەڵک نایانهەوێ لە ماڵ بێنە دەرێ. کزەبا تەزووی بە لەشدا دێناو خۆی بە ژێرکراسە شڕ و کون کونەکەی مێرگاندا دەکرد. قامکە تەزیوەکانی مێرگان دەسکی گۆزەکەی توند گرتبوو و بە شانییەوە

نووساندبوو کە با لە دەستی نەرفێنێ. لە بەر تەزووی سەرما چاوی پڕ بووبوو لە ئاو. بەڵام هۆشی لە لای خۆی نەبوو و بێ ئیختیار چاوی بەملاو ئەولادا دەگێڕا، تاکوو سلووچ، یان ناونیشانێکی پەیدا بکات. بەڵام دیوار و کۆڵان و درگا و کەلاوەکان ئەوەندە چۆڵ و خەڵوەت بوون، کە هیچ هیوایەکیان لە دڵی مێرگاندا نەدەهێشتەوە. بەڵام مێرگان سەری بە هەموو کەلێن و قوژبنی کەلاوەو بن دیوارەکاندا دەکرد. کە گەیشتە حەوزەکە، بەر لەوەی لە پلیکانەکان بڕواتە خوارێ، دەورێکی گومبەزەکەی لێداو چاوی بە چاڵ و چۆڵی دەورو بەریدا گێڕا. وەک ڕۆژ لێشی ڕوون بوو کە سلووچ لەو دەورو بەرانە نییە. لە پلیکانەکان چووە خوارێ گۆزەکەی پڕ کرد لە ئاو و هاتە سەرێ، پشتی کردە گژەبا و بەرەوماڵی کوێخا نەورۆز وەڕێکەوت. بایەکە پاڵی پێوەدەنا و وەک بابردەڵە ڕایدەدا. بەو حاڵەش هەوڵی دەدا گۆزەکەی سەرشانی توند بگرێ و لێی بەر نەبێتەوە. چونکە هەموو جارێ کە بە هووژە هووژ گێژی دەدا خەریک بوو گۆزەکەی لە سەر شان بەرداتەوە. ڕێگای دژوار هەر ئەو گۆڕەپانە بەر بەرەڵڵایەی نێوان کانی و کۆڵانەکە بوو. کە گەیشتە نێو کۆڵانەکە، خۆی خستە پەنا دیوارێک و گۆزەکەی لە شانی داگرت. زگی گۆزەکەی بە لاقییەوە هەڵپەسارد و لە پڕ هەستی کرد قامکی لە سەرمانا دەزیرێنێ. دەستی نا بن باغەڵی و توند گوشیی. پاشان دەستی لە بن باغەڵی دەرهێنا و لێکی خشاند. بەڵام قامکە لە گۆچووەکانی بەو شتانە گەرم نەدەبوونەوە. هەر ئەوەندەی بتوانێ قامکی لێک بڵاو بکاو بیقووچێنێتەوە تەواوە. مێرگان دەستی دا قوڵفی گۆزەکە و نایە سەر شانی و وەڕێکەوت.

لە کۆڵانەکە تووشی حاجی سالم و موسلیمی کوڕی بوو. حاجی سالم هێشتا ئەوەندەی هۆشوگۆش مابوو کە چاوەڕوانی سڵاوی زەعیفەیەک بێ. مێرگان بە سەر داخستوویی سڵاوی کرد و حاجی سالم لە ناخی قورگییەوە جوابی سڵاوەکەی داوە. موسلیم چاوە گەورەکانی لە مێرگان بڕی و بە باوکی گوت:

ـ ئاو، ئاو، باوە ئاو دەخۆم.



مێرگان هەنگاوەکانی خاو نەکردەوە. تاقەتی نەبوو لەگەڵ ئەم باوک و کوڕە سەر و کەللە لێدا. بایداوەو دوور کەوتەوە. دەنگی پیر و گڕی حاجی سالم لەولای دیوارەکەوە دەهات:

ـ ئاقڵ بە ئاقڵ ڕۆڵە! تۆ هێشتا نانی بەیانیت نەخواردووە، کوێرا توونیتە. چاوت بەهەر شتێ بکەوێ، دەتەوێ، گەوجە! ئەوە هاتوو ئەو زەعیفەیە سمە کەری لەسەر شان بوو، دەبێ تۆ بیانووی بۆ بگری؟ ئاقڵبە ئاقڵ ولاخ.

موسلیم گوتی:

ـ ئەگەر وایە برسیمە. نانم دەوێ نان، برسیمە!

حاجی سالم گوتی:

ـ ئاقڵ بە ئاقڵ، کەرە گیان ئاقڵ بە!

مێرگان ئیتر گوێی لێنەبوو باوک و کوڕ چیی بە یەک دەڵێن. گەیشتێ و گۆزەکەی لەبەر هەیوانەکە دانا. کوێخا دەستی شۆرد بوو و لە پلیکانەکان دەهاتە سەرێ. مێرگان گۆزەکەی ئەمبارەوبار کرد و سڵاوی کرد. کوێخا باڵی باڵتەکەی بەرز کردەوەو لە بن لێوەوە جوابی سڵاوەکەی داوەو خۆی کرد بە وەتاغەکەدا و گوتی:

ـ وەرە بزانم کارت چییە، مێرگان !

مێرگان بە دوای کوێخادا چووە ژوورێ و لە پەنا درگاکەدا وێستا. کوێخا نەورۆز دەستە تیسکنەکانی بە لۆی پەردەکە وشک کردەوە و چوو لە بەری سەرەوەی کورسییەکە دانیشت و لێفەکەی بە سەر لاقی دادا و بە سەر یەکێ لە کوڕەکانیدا کە هێشتا خەوتبوو گوڕاندی:

ـ هەستە خۆت کۆکەوە هەستە ئەوە نیوەڕۆیە! وەرە دانیشە دەستت گەرم کەوە مێرگان. وەرە لە سەرمانا لەرزت لێهاتووە.

مێرگان هاتە پێشێ و لە بەر پێی کوڕەکەی کوێخا نەورۆز دا لە سەر چۆک دانیشت و دەستی کرد بە ژێر کورسییەکەدا و لێفە گەرمەکەی بە دەموچاویدا هێنا. پشتی کووڕ بۆتەوە و تیغەرەی پشتی لە ژێرکراسە جاوەکەیەوە دیارە، کز و ڕەقەڵە، دەتوانی مۆرەکانی پشتی بژێری. شانە لەرزەو موچڕکی نێو پشتی

کاکیلکەی وەشەقە شەق خستبوو. تینی نەرمی کورسییەکە لە گیانی گەڕابوو و جەستە سەرماتێزاوەکەی لەرزی لێهاتبوو. هەر بۆیە جارجار لەرزی لێدەهات و جارجار خاو دەبۆوە. مۆچرکی پێدادەهات و دادەسەکنا. کوڕە ناوەنجییەکەی کوێخا سەماوەرەکەی هێنا. مێرگان کاری خۆی دەزانی. هەستا دەستی دا موجوعمەکە و هێنای لەسەر کورسییەکە داینا. کەشەفی پیاڵەو ئیستیکانەکانی بردە دەرێ، خێرا شۆردنی و هێنایەوە. دەیزانی کە موسلیمەی ژنی کوێخا کەم وایە لەگەڵ مێرد و مناڵەکانی نان و چایی بخوا. نان و چێشتەکەیان بۆ ساز دەکاو خۆی دەچێتە وەتاغێکی دیکە و بە تەنیا نان و چایی دەخوا. مەگین ناڵێن شێتە؟ بۆیە نان و ماستێکی ترشەڵۆکی دا دەست مێرگان کە بیبا بۆ کوێخای دانێ. سەفی ئەڵڵا کوڕە گەورەکەیان کە خەریکی کورتانکردنی کەرە سپییەکەیان بوو موسلیمە پێی گوت:

ـ بۆ کوێ دەچی؟ ئەو زەوییە بەستەڵەکە کوا بۆ کێڵان دەبێ؟ ڕاوەستە با لانیکەم خۆر سیواد بدا!

کوڕەکانی کوێخا کەم وایە بە قسەی دایکیان بکەن. سەفی ئەڵڵا کەژووی کەرەکەی بەست و مێرگان نان و ماستی هێنا لە پێش کوێخا نەورۆزی دانا. کوێخا لاقی نا سەر مەچەکی کوڕەکەی و قەوەی دا سەری. نەسروڵڵا بە خەواڵوویی قیژاندی و کوێخا نەورۆز پێی گوت:

ـ هەستە خۆت کۆکەوە ئیتر؛ هەستە بڕۆ دەست و چاوت بشۆ!

نەسروڵڵا مەچەکی دەستی بە دەستەکەی تری گرت و لە بن لێفەکە هاتە دەرێ، گێژ و کاس بە لەتردان ڕۆیشتە دەرێ. نەورۆز دەستی برد بۆ نانەکە و پارووی گرت. مێرگان سەری داخست. نەیدەویست چاو لە نان و دەستە تیسکنەکانی کوێخا بکا. تفی زاری قووت دایەوە. دەیویست بەر بە نەوسی خۆی بگرێ. هەروەها جۆرێک مەترسیی بوو لەوەی کە چاو لە نان بکا. دەتگوت نان ئەو دەخوا.

نەیدەویست خولکی بکەن. خۆی بە سەماوەرەکەوە خلافاند. چایی بۆ کوێخا تێکرد، ئاوی لە ئیستیکانەکان وەردا و دیسان چایی تێکردەوە.

ـ چایەکیش بۆ خۆت تێکە، با گەرمت بێتەوە. وادیارە زۆرت سەرما بووە.

ـ من نان و چاییم خواردووە، نۆشی گیانت بێ.



کوێخا دەیزانی مێرگان درۆ دەکا. مێرگانیش ئەوەی دەزانی؛ کە کوێخا لە درۆکەی گەیشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا کوێخا لێی دووپات نەکردەوە. مێرگان چاوی لە دەمی کوێخا بوو. چاوەڕێی قسەیەک بوو کە ـ ڕەنگەـ گرێی دڵی بکاتەوە. یان تۆزێ ڕووناکی. ئەگەرچی مێرگان، هەر لەو کاتەدا کە هیوای بە قسەیەکی کوێخا بوو، خەریک بوو لەو ڕێگەچارەیەی خۆی پەشیمان دەبۆوە. یانی ناهومێدییەک دەهات تاکوو وەک شەو ئەو و ڕێگەچارەی داپۆشێ. ئەویش بە پرسیارێکی مێرگان لە خۆی سەری هەڵدابوو. هەر بەڕاستی بۆ هاتبوو؟ کە چیی بۆ بکەن؟ گەڕانی بێهوودە بۆچی؟ پیاوێک کە شەوانێکی زۆر بە تەنیاو بێدەنگ لە گوێ تەندوور ڕایبواردووە، بۆ ڕۆیشتن خەبەری بە کەس نەدەدا! دەی خەڵکیش خۆ کەراماتیان نییە تاکوو شتێک کە مێرگان نایزانێ و دەیهەوێ بیزانێ، پێی بڵێن. ئەوە گریمان دڵخۆشییەکیان دایەوە، دەبێتە چی؟ دڵدانەوە؛ دڵسۆزیی بێهۆ. ئەوە گریمان ئەم دڵسۆزییانە لە ناخی دڵیشەوە بێ، دەی چی دەگۆڕدرێ؟ ئەم قسەو باسانە کوا خەمی دڵ سووک دەکەن؟ کەوایە بۆ مێرگان لە خۆڕا سەری پێوە ناوە و بەرەو ماڵی کوێخا نەورۆز وەڕێکەوتووە؟ بۆچی ئاوا ئاراو قارای لێ هەڵگیرابوو؟ بۆ خۆی سووک کردبوو؟ چ قازانجێکی بوو؟ عادەت! ئەوە هەر عادەتێکی ئاسایی بوو کە کاتی گیروگرفت سفرەی دڵتی بۆ گەورەتر بکەیتەوە، پەشیمانی. ئەوەش ئاکامی عادەت. هەستاو چووە دەرێ. بەڵام بەر لەوەی پێ بنێتە سەر پلیکان، سەرێکی کرد بە هۆدەکەی موسلیمەدا تاکوو بزانێ کارێکیتری نییە؟ عادەت! موسلیمە کەم وێژ و کەم بیس، لەبەر خۆوە سەرێکی لەقاند و مێرگانی تێگەیاند کە: «نا». مێرگان کە گەیشتە دالانەکە گوێی لە دەنگی کوێخا بوو کە لە موسلیمەی دەپرسی:

ـ ئەرێ ئەم ژنەی سلووچ بۆ هاتبوو؟!

مێرگان ڕانەوەستا، هەنگاوی کرژ کردو بەرەو ماڵێ پێی پێوەنا.

لە کۆڵان زاواکەی مەلەک ئاغا و زەبیحوڵڵا و کەربەلایی دووشەممە باوکی سالار عەبدوڵڵا بەرەو ماڵی کوێخا دەهاتن مێرگان بەرەو پەنای دیوارەکە ڕۆیشت، سەری داخست و سڵاوی کرد. زاواکەی مەلەک ئاغا جوابی سڵاوەکەی دایەوە و درێژەی بە قسەکانی دا:

- هێندێ شت وەک چقڵ لە چاو ڕۆ دەچن. ئێستا ئێوە هەرچی دەڵێن، بیڵێن. بەڵام من دەزانم ئەم کارێزە لە وشک بوونە. من لەگەڵ سالار عەبدوڵڵا و کوێخا نەورۆزیش باسم کردووە، بەرلەوەی بێ‌ئاوی غافڵگیرمان کا دەبێ فکرێکی بۆ بکەین. من هیوایەکی زۆرم بە «خوازەوی» هەیە.

مێرگان گەیشتەوە ماڵێ عەباس لە خەو هەستابوو. بە دوای بەن کاڵەکەیدا دەگەڕا. عەباسی سلووچ تازە لاو بوو. قیت و قۆز، پازدە شازدە ساڵان. گوێچکەی زەلام و قوت. دەموچاوێکی درێژۆکە و ڕەقەڵ. چاوی ڕەش و گەورە. ڕەنگ و رووی لەبەر زەردەڵی مەیلەو کەهووی دەنواند. هەتا باوکی بوو ناچاری دەکرد سەری لە بندا بتاشێ. بەڵام عەباس بە هەزار حاڵ و پێ لە عەرزی وەژاندن توانیبووی دڵی باوکی نەرم بکا کە فۆلکەیەک لە پێشە سەری بێڵێتەوە. بۆیە ئێستا توپەڵێ قژی زبرو ئاڵۆزکاو بە تەوێڵییەوە لە ژێر کڵاوە دڕاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ. چاکەتێکی لەبەر کردووە کە بە بەری تەنگە و سەر شان و هەنیشکی شی بۆتەوە. ڕەشمەیەکی لە قەدی بەستووە و دەلینگی پاتۆڵەکەی توندوتۆڵ بە پەت بەستووە و پاژنەی کڵاشەکانی هەڵکێشاوە و بە پەتێک توند بەستوونی. کڵاش نابێ بە پەت ببەسترێ، بەڵام ئەگەر عەباس نەیبەستایەن و سەر و بنەکەیانی لە لاقی توند نەکردایە لە پێی دادەکەوتن. کڵاشەکانی عەباس بە جارێ تان و پۆکەیان ڕزیبوو.

مێرگان چارشێونوێنەکەی لە سەر هاجەر لادا، لاقی لە شانی ئەبراو کوتا و گوتی:

هێشتا ناتەوێ هەستی و بۆتسەکەت با بیبا؟ خۆ تۆ کەڕەی بەیانی هەستابووی. هەستە کچێ تۆش! ئەم هەموو خەوە لە کوێ دەکەن!

مێرگان گوێی بە پرتەو بۆڵەی منداڵەکانی نەدا، ڕۆیشتە حەوشە و ویستی لە درگای حەوشە بچێتە دەرێ، کە عەباس لە تەویلە هاتە دەر و لەگەڵ ئەوەی بە سەر قۆڵی چاکەتەکەی تەڕایی دەم و لووتی دەسڕی، بە دایکی گوت:

- دایە نان!



مێرگان گوێی خۆی لێ خەواند و لە کەلێنی دیوارەکەوە بەرەو دەرێ پێی پێوەنا. بەڵام عەباس نانی دەویست. لە سەر دیوارە نەوییەکەوە ملی کێشا کۆڵان و گوتی:

- گوێت لێ نییە؟ نان! دەمهەوێ بچم بۆ کۆکردنەوەی چیلکە و چاڵی پەمۆ.

مێرگان ئاوڕی دایەوە و گوتی:

- بنی ناندێنەکە خۆ نانی تێدا بوو!

- ئەوەم خوارد.

مێرگان لە جێی خۆی وشک بوو:

خواردت؟! ئەی خوشک و براکەت؟ سەری باوکت بخۆن؟!

عەباس گوڕاندی:

- هەموو مەگین چەند بوو؟ لە خۆراکی کاژیلەیەکیش کەمتر بوو!

مێرگان لە جوابی گوڕەی عەباس دا:

- دەی چبکەم؟ خۆم بکەم بە نان؟ نییە! خۆت نابینی نییە؟

- دەی دوو نان لە جیرانەکان قەرز کە. بچۆ بۆ ماڵی عەلی گەناو. لاقت نییە؟

مێرگان کە لە داخانا لێو و پێلووی چاوی دەلەرزی، هاتە پێشترەوە و بوغز و تووڕەیی دەنگی قووتدایەوە و لووت بە لووتی عەباسەوە گوتی:

- لاقم هەیە، لە ڕووم هەڵنایە! خۆ قسەت بە گوێدا دەچێ؟

ڕۆیشت. عەباس گوڕاندی بە سەر دایکیدا:

- کەوایە ئەمڕۆ لاسقە پەمۆکانم دەفرۆشم. دەیبەم بۆ قەڵا و دەیفرۆشم!

مێرگان بەدەم هەڵاتنەوە گوتی:

- ئەبراویش لە خەو هەستێنە، لەگەڵ خۆت بیبە. سیخورمەیەکی تێکوتە و لە جێگاکەی دەرکێشە!

عەباس گوڕاندی:

- یەک شایی لە پارەی لاسقە لۆکەکانم بە کەس نادەم. هەمووی دەدەم بە نان و بۆخۆم دەیخۆم.

مێرگان گوێی پێنەدا. سەری پێوەناو بەرەو دەرەوەی دێ ڕۆیی.

هیشتا کەس لە ماڵ نەهاتبوونە دەرێ. تەنیا حاجی سالم و موسلیم لە دەرێ بوون. هەردووکیان پاڵیان بە دیوارەوە دابوو، چاوەڕێ بوون خۆر هەڵبێ.

موسلیم دەستی خستبووە بن باغەڵی و لاقە زەلام و پەتییەکانی لە پەستا هەڵدێنا و بە عەرزیدا دەدایەوە و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

«هاه ئەم خۆرەش هەر هەڵنایە؛ هەڵنایە نا. وادیارە هەڵنایە، ها، باوە؟ ئەمڕۆ وا دیارە خۆر هەڵنایە!»

حاجی سالم گوتی:

«ئۆقرە بگرە حەیوان. کفر مەکە! خودا غەزەبت لێدەگرێ، سەبرت بێ!»

مێرگان بە پاڵ باوک و کوڕی هەژار و بەلەنگازدا تێپەڕی و ڕووی کردە ڕێگایەک کە لە داوێنی (بلووکی سەرێ)ڕا دەهات و لە زەمینج لەگەڵ ڕێگای (دوبید) دەبووە دوو ڕێیانی بەرەو شار. مێرگان لە زەمینج دوور کەوتەوە. خۆر هەروا لە بن گەواڵە هەوری وشک و نەزۆکدا بوو، هەورێک کە تۆزقاڵە ڕووناکییەکی نەدەخستە دڵی وەرزێرانەوە. کەڵکی ئەم هەورانە تەنیا ئەوە بوو پێشی تیشکی خۆریان دەگرت و هێزیان وەبەر سەرما دەنا. کزەیان بە با دەداو دڵتەنگیی خەڵکیان زیاتر دەکرد. خیزەڵان وقاقڕ، لە نێو دڵی ساردوسڕیاندا دەتگوت بوونەتە بەستەڵەک. کەسیرە. گرژییەکی کەسیرە، بە سیمایانەوە دیارە و لەگەڵ هەرچی هەیەو نییە دەنگ دادەگۆڕن. باوکێکی مڕ و مۆچ، جەرگ سووتاو. بۆ دیسان داناکەن؟ بۆ جارێکی دیکە داناڕژێن؟ تەنیا ڕێژنەیەک!

ڕێگا سنگی قاقڕی دابڕیوە و وەک کرێژە مارێک لەبەر وشکە سەرما خۆی ڕاکێشاوە. بیابانێکی چۆڵ، بنچک و گڕاڵکی پار تەنیا لق و پەلێکی وشکیان لێ ماوەتەوە لقی وشکەڵ دەلەرزن، هەتا کزەی با زیاتر بشارنەوە. باو بیابان، بیابان و با. ڕێگاو باو بیابان. تەنیایی و هیوا بڕاوی. لاقی مێرگان لە سەرمانا دەزیڕێن. پەنجەی پای بە ئاشکرایی دەزیڕێن. شتێک زیاتر لە ژان، قووڵتر لە ژان، پەنجەکانی وە زیرە خستووە.

مێرگان گەیشتە لێواری ڕووبارە سوێر (رود شور). ڕووبار بووبووە حەوت کەرت! هەر کەرتەی هەژدیهایەکی پیر، نەرم و بێدەنگ دەخوشی. ئاوی کەم، تەنک



و بێکەڵک. بە سەر ئاوەکەوە توێژێک سەهۆڵ. دەکرا بە پێخاوسی بە سەریدا بڕۆی. نەدەشکا. سەهۆڵەکەی ئەستوور بوو. بەڵام فایدەی چی؟ ئەوبەری ڕوود شوور ئەوەندەی مێرگان چاوی هەتەری دەکرد هیچ تارماییەک نەدەجووڵاوە. تاکوو ئەو پێی وابێ سلووچە. هیچ و هیچ. دەتگوت ئەو ناوە زیندەوەری تێدا نییە و جووقەواری لێبڕاوە. نە چڕندەیەک. نە فڕندەیەک. ئەی دەبێ چووبێ بۆ کوێ سلووچ؟ بۆ کوێ بچێ مێرگان؟ بۆ هاتبوو؟ ئاخەر بۆ؟

بە دوای چیدا؟ تەنانەت ئەگەر سلووچیشی بدیبایە... ؟

بیدیبایە! دیتی؟! خۆی بوو. ئەو بوو خەریک بوو دەهات! سلووچ؟ لە پەنا کاولاشەکەوە هاتبووە دەرێ و دەهات! کەپەنکەکەی لە خۆی پێچابوو و دەهات! خۆی بوو! سلووچ بوو؟ خەون؟ نا! ئەوە ڕۆژە. ڕۆژی ڕوون. ڕاست خۆیەتی. کورتە باڵاو وردیلە. مێرگان چاوی خۆی هەڵگڵۆفی. نا! خۆیەتی. چاوە بە قووڵداچووەکانی. دەموچاوە ڕەقەڵەکەی. گنجی نێوان چاوانی. دەمە قووچاوەکەی.

دەموچاوی ڕەش‌وشین داگەڕاو و سەرکڵاوە بەنەکەی. هات؛ هات! تەواو نزیک بۆوە. لاقە پێخاوسەکانی، قەڵافەتی لە عەبا پێچراوی ئەوی دێنا پێشێ و نزیکی دەکردەوە. هێور دەهات. وەک نیسێ.

چاوی لە بەر پێی خۆی بڕیبوو و دەهات. هات و گەیشتە لای مێرگان. بێدەنگ. بێدەنگ. هەر دەتگوت ژنەکەی نەدیوە لەوێ وێستاوە. هەر گوێشی لێنەبوو کە مێرگان بە دوای ئەودا هاتووە؛ هەر دەتگوت نە کەسی بووە و نە کەسی هەیە. هەر هیچ، هیچ. تارمایی! بەبەر چاوی بە مۆلەق وێستاوی مێرگاندا تێپەڕی و ڕۆیی بۆ لای چۆمەکە. قولی هەڵنەکرد. ئارام و بێدەنگ وەک هەمیشە. تارمایی پێی نایە سەر سەهۆڵی چۆمەکە. نەرم دەڕۆیی. دەتگوت پێ بە عەرزیدا نانێ. بەپێدزکەش نا، هەڵدەفڕی. تارمایی سڵۆک دوور دەکەوتەوە. با عەباکەی دەبرد. دوور دەکەوتەوە. دوور کەوتەوە. ئەوبەری چۆمی. ئەوپەڕی سەهۆڵ، بەستێنی سەهۆڵ، ئێستا لە نێوان مێرگان و سلووچدا بوو. پێموا ئاوڕێکی دایەوە و چاوێکی... بەڵام نا. تارمایی خۆ سەری نییە. دەڕوا. فڕینێکی خەفەتبار لە کورتترین مەودا دا. دوایین وزەی

تارمایی باڵدار بەسەر ڕێگە خۆڵینەکەدا دەخوشی. دوور دەکەوتەوە. دوور دوورتر. هێور هێور بێ شکڵ و بارستایی. دوور دەکەوتەوە. تاپۆیەکی چکۆلە.

دوورتر. خاڵێک. کاڵ دەبۆوە، تەمێک. هیچ.

بیابان و با. باو بیابان. خەیاڵ، خەیاڵ و چۆم.

ـ خۆی بوو؟

مێرگان لێوی بزواند. هەستی کرد هێلوونی وشکی چاوی تۆزێ تەڕ بوون. ڕەنگە بە هۆی کزەی سەرماوە بێ. ئیتر چ بکا؟ ڕاوەستێ؟ دیسان ڕاوەستێ؟ بڕوا. بڕوا و ڕاوەستێ؟! لێگەڕێ چاوەکانی بڕۆن و ئەم لە جێی خۆی وشک بێ. چاوی بقووچێنێ؟

بەڵێ، چاکترە. دەستەکانی، تۆزێ شانی هەڵتەکێنێ؟ ها؟ خۆی لەو تویژە سەهۆڵە دەرباز کا کە دەوری تەنیوە؟ بەڵێ. سەرما. سەرما وەلەرزینی خست. زانی خەونی دیوە. خەونێک کە ئەوی زیاتر تووشی سەرسوڕمان کردبوو، نەک ترس. دەتگوت ژیان ساتێک لەودا قەتیس ماوە. سۆمای چاوی، تەنیا سۆمای چاوی بەخەبەر بوو. سەرسوڕمان. یانی بەم دوو چاوە چکۆلە دەکرێ ئەم هەموو شتە سەیر و سەمەرەیە ببینی؟ دەکرێ؟ ئێستا مێرگان دیبووی. سلووچ ڕۆیشت. هەروەک ئاو بە بن تویژێ سەهۆڵدا، چۆمبزر بوو.

«من دیتم؛ سلووچم دی ڕۆیشت!»

مێرگان توانیی جووڵەیەک بکا. وەخۆ هاتەوە. جەستەی بەجارێ کەسیرە بووبوو. نەدەبوو لەوە زیاتر ڕاوەستێ، دەبوو بڕوا. نەک بەدوای سلووچدا. پشت لە سلووچ بکاو بەرەو زەمینج بگەڕێتەوە. وەڕێکەوت و ویستی هنگاوی خێراتر هەڵێنێتەوە. نابێ مۆڵەت بە سەرما بدەی. تۆ ڕاوەستی ئەو هەڵدەکوتێتە سەرت. نابێ لە شوێنێک ڕاوەستی، دەبێ بجووڵێی. لەشت وەگەڕخەی. سەرمای قاقڕ ناجوامێرانە هەڵدەکتێتە سەرت.

ئاو بە چاوی مێرگاندا دەهاتە خوارێ و ئەو دەیویست وا بیر بکاتەوە کە خەتای بایە. نەیدەویست وا بنوێنێ کە دەگری. دڵی پێوە نەبوو بگری. گرینی چی ئیتر؟ چاوی



مێرگان ساڵانێکی زۆرە وشکاوی هاتووە، ئەی ئێستا... ئێستا ئیتر تاقەتی نەبوو. ئێستا ئیتر تاقەتی نەمابوو. چ شتێکی لێ کەم بوو بۆوە؟

«با بڕوا. بە جەهەندەم. وا چاکە هەر گوێشی پێ نەدەم. ئەم هەموو ژنە بێمێردە هەیە. ئەو هەموو پیاوە ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. نا! گریانی ناوێ. هەرکەس بە ڕێی خۆی. با هەرکەسە وەشوێن کاری خۆی کەوێ. با بڕوا بە گۆڕی بابییەوە!»

مێرگان ئەوەی لە ژێر لێویدا لێی دەگەڕا، بە ڕواڵەت هەر ئەوە بوو. بەڵام ئەمە خۆ ئەو بڵێسەیە نەبوو کە لە ناخی تەندووری دڵییەوە هەڵدەستا و بە هیچ فێڵ و تەڵەکەیەک دانەدەمرکایەوە. مێرگان نەیدەویست ئەو بڵێسەیە لە چاوی و لە گەرووی و لە دەست و زمانییەوە سەر وەدەرنێ. نەیدەهێشت. ئەوە بوو کە ئەو بڵێسەیە لە ناخەوە دەیسووتاند. هەڵیدەچۆقاند. ناخی مێرگان، گڕپڕژێن بوو. خۆ خواردنەوە و بێدەنگی. دەتگوت بە ئاموور ناخی دڵی دەکێڵن. ڕەگ و ڕیشە! ئەو ڕەگ و ڕیشانەی ساڵانێکە لەو دڵەدا پەلیان کێشاوە لە شوێنی هەزار ساڵەی خۆیان هەڵدەکەندرێن و ژێر و ژوور دەبن. هەست و نەست دەشێوا. کاول دەبوو. دڵی مێرگان ئیتر ئەو باڵندە نەرم و نیان و کەوییە نەبوو. ئەو باڵندەیە باڵی لە بندا هەڵکەندرابوون. ڕووت و بێ پەڕ و پۆ. شەمشەمە کوێرە. شەمشەمە کوێرە فڕکەی باڵیان دەهات. کەوایە داڵە کەرخۆر لە کوێن؟ سینگی ئەم زەوییە هەروا دەکێڵدرا و تەزووی نووکی تیژی گاسنەکانی لەسەر پەڕەی جەرگی هەست پێ دەکرد، ئەوەی لەو زەوییە لەبیرکراوەشەوە سەری وەدەر دەنا و شین دەبوو چاوی ئەو ژنە بێچارەی ئاژن ئاژن دەکرد و لەوێوە دەڕسکا: مێرگان، عاشقی مێردەکەی بوو! ئێستا ئەوەی هەست پێ دەکرد. ئەو عاشقی سلووچ بوو!هاتەوە بیری کە عاشقی مێردەکەی بووە. ئەوینێک کە لە بیر چۆتەوە. تازە وەبیری دەهاتەوە کە عیشقی خۆی دەرهەق بە مێردەکەی لەبیر چۆتەوە! هەتا ئەم دواییانە سلووچ ئەگەر هەزار شەویش لە گوێ تەندوورەکە خەوی لێکەوتایە، مێرگان بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات و بوون و نەبوونی وەک یەک وابوو. بەڵام هەر ئەو کەسە لەبیرکراوە ئێستا لەنێو دڵی مێرگاندا سەری هەڵدابۆوە. مێرگان تازە تێدەگەیی ئەوینداری سلووچە. عاشقی سلووچ بووە. ئەمە چ بوو؟ لە کوێوە سەری هەڵدابوو؟ چۆن لە ناخیدا ڕاپەڕیبوو؟

ڕۆیشت، دەی با بڕوا. بە گۆڕی مردووییەوە! بەڵام ئەوەی لە دڵی مێرگاندا بەجێی هێشتووە، بە جێی هێشتووە و ئێستا شین بووە لە ناخیدا، چییە؟ ئەمڕۆ نزیکەی حەڤدە بەهار لە ژیانی ژن و مێردایەتییان تێدەپەڕێ. حەڤدە بەهار، عەباس کوڕە گەورەکەیان، وردە وردە خەریک بوو دەبوو بە پیاو. سمێڵی بۆر کردبوو. بەو دوو ددانە پانەو دەمە گەورەکەی جنێوی چۆنی دەدا...

حەڤدە ساڵ! دەکرێ ساڵانێکی زۆر شتێک لە تۆدا ون بووبێ و لێی بێخەبەر بێ؟ ئاشقی مێردەکەت بی و ئەوەت لەبیر چووبێتەوە؟! دەتوانی ئەم قسانە بۆ کوێ بەری؟ لای کێ بیدرکێنی؟

مێرگان هەر هەنگاوێکی هەڵدێنایەوە، هەر پشوویەک کە لە سلووچ دوور دەکەوتەوە، هەستیدەکرد دیسان هەزاران فەرسەخ لێی نزیک و نزیکتر دەبێتەوە. چەندە دوور لە یەکتر شەو و ڕۆژیان تێپەڕ کردبوو! ئاخ... ژیان چۆن بە فیڕۆ دەچێ!

خەڵک وردە وردە لە زەمینج وەدەر دەکەوتن. وەرزی جووتکردن بوو. بەڵام نەک بۆ زەویی دێمەکار. دێمەکار هێشتا چاوەڕوانی باران بوون. وەرزێران هێشتا لە ماڵێ دانیشتبوون و دەستەودۆعا چاویان لە ئاسمان بڕیبوو. تاق و لۆق پیاو بە گاجووتەوە لە زەمینج وەدەر دەکەوتن و بەرەو زەوییەکانی سەروو دەڕۆیشتن. حاجی سالم و موسلیمی کوڕی، هەروا لە بن دیوارەکەدا بوون. موسلم ئیتر لاقەو لاقی نەدەکرد، بەڵام دەستی هەروا لە بن باغەڵی توند کردبوو.

ـ باوە!... باوە!....

حاجی سالم وەڵامی نەدەداوە و چاوی لە بن برۆ خۆڵەمێشینەکانیدا لە شوێنێک ڕامابوون. دەتگوت لە شوێنێک گیری کردووە.

ـ باوە!... باوە!...

پیرە پیاو وەخۆ هاتەوە:

ـ سندانی باوە! چ گوڵێکت بە دەمەوەیە؟

موسلم ددانە زەرد و زلەکانی بە ڕەزایەتەوە گڕ کردەوەو گوتی:

ـ خۆرا! خۆر هەڵات!



ـ دەی چش، چبکەم؟

ـ خۆت گەرم کەوە، خۆت گەرم کەوە!

حاجی سالم چاوێکی لە کوڕەکەی کرد، تۆزێ بێدەنگ بوو پاشان گوتی:

ـ گەمژە!

مێرگان بە تاو بە پەنا باوک و کوڕەدا تێپەڕی و لە کاتێکا سەرما ڕەش و شینی داگێرابوو، گەیشتەوە ماڵێ و خۆی کرد بە ژووریدا. سالار لە پاڵ هەرزاڵەکەدا دانیشتبوو. پێچەکەی توند لە سەری هاڵاندبوو و قۆڵی فش و فۆڵی کەواکەی بەسەر ئەژنۆیدا دابوو.

مێرگان بێ سڵاو و تەنانەت چاو لێکردنێکیش، تێپەڕی و لەلای سەرووی وەتاغەکە لە قوژبنێکی تاریک و نپنگدا دانیشت و دەستی کە لە سەرمانا ژانی تێچووبوو هەڵیهێنان و قامکە لەگۆچووەکانی شۆڕ بووبوونەوە. قامکەکانی مێرگان لە سەرمانا دەیانزیڕاند و ئەگەر پێی عەیب نەبوایە دەستی دەکرد بە گریان. بەو حاڵەشەوە نەیدەتوانی بەر بە ناڵە و لێوەلەرەی خۆی بگرێ. ژان، وەک ناڵەیەکی لە گەروودا قەتیس بوو، بە نێو جومگەکانی قامکیدا دەگەڕا. ئاوی گەرم.

سالار گوڕاندی بە سەر هاجەر دا:

ـبۆ هەروا کاس و وڕ دانشتووی کچێ؟ هەستە قاپێ ئاو گەرم کەو بیهێنە، هەستە دەی!

هاجەر هەستاو وەجاخەکەی هەڵکرد. ئەبراو بە پیشکانێکی شکاوەوە هاتە ژوورێ. چرووچاوە هاوڵاوییەکەی تێکنابوو و لچە ئەستوورەکەی خوارەوەی دەگەزی. بێئەوەی چاو لە کەس بکا، وتی:

ـ بەو پیشکانە شکاوە چۆن دەتوانم لاسکە پەمۆ هەڵکەنم!

مێرگان کە سەرما لێوی لە گۆ خستبوو، گوتی:

ـ ئەو برا جوانەمەرگەت کوا؟ لە کوێیە؟

ئەبراو گوتی:

ـ خەریکە قەبرغەی کڵاشەکەی دەدوورێتەوە. پیشکانەکەی ئەو نەشکاوە. بەم پیشکانە شکاوەوە دەتهەوێ منیش کوڵە پووشەکەم بەقەد ئەو بێ؟

ـ برۆ پیشکانێک بە ئەمانەت وەرگرە. ئێستا خۆ قەرەجەکان لێرە نین کە پیشکانێکت بۆ بە دروستکردن بدەم.

ئەبراو گوڕاندی و ڕۆیشتە دەرێ:

ـ بە ئەمانەت، بە ئەمانەت، کێ بە ئەمانەت دەمداتێ. هەموو خۆیان کاریان پێیەتی.

ـ دەی دەتهەوێ چبکەم؟ خۆم بکەم بە پیشکان؟ هۆی... عەباس!

عەباس بە لینگە کڵاشێکەوە لەبەر دەرگاکە قوت بۆوە. مێرگان پێی گوت:

ـ بۆ کاری براکەت جێبەجێ ناکەی؟

عەباس دەزووی کڵاشەکەی بە ددان قرتاند و گوتی:

ـ جا بۆ من ئاسنگەرم؟

ـ دەی پیشکانێکی لە ماڵێک بۆ وەرگرە؛ خۆ زمانت نەبەستراوە؟ لە کەسێکی بۆ وەرگرە.

ـ چی وەرگرم؟ مەگین ئێرە بازاڕی ئاسنگەرانە؟! پێی بڵێ پێمەڕەیەک بێنێ خۆ ئەو خەڵکە هەموو بە پیشکان لاسقە لۆکە هەڵناکەنن!

سالار هاتە نێو قسەکانەوە و بە ئەبراوی گوت:

ـ برۆ بۆ ماڵی ئێمە بە دایکی عەلیڕەزا بڵێ ئەو پیشکانە دەسک کورتەکەت بداتێ، دەبڕۆ دەی، بڵێ بەو ناونیشانە کە دوێشەو تۆو شووتیمان برژاند. دەبڕۆ دەی.

ئەبراو خۆی دەخڵافاند کە نەچێ. عەباس پشت ملی گرت و ڕایکێشا و لە درگای حەوشەکەوە پاڵێکی پێوەنا بۆ کۆڵان. ئەبراو بە پرتە پرت وەڕێکەوت و عەباس گەڕایەوە بەردرگای وەتاغەکە و دانیشت. خەریکی لەپێ کردنی لینگە کڵاشەکەی بوو. ئێستا دووکەڵ ماڵەکەی داگرتبوو. سالار چوو بۆ لای وەجاخەکە، دەستی کرد بە نێو ئاوەکەدا و گوتی:

ـ باشە. خۆ نابێ قوڵتە قوڵت بکوڵێ.

قاپە ئاوەکەی لە سەر وەجاخەکە هەڵگرت بردی لە بەردەمی مێرگان دایناو گوتی:



ـ دەستت بنێ نێوی. زووکە دەی. ئاخە تۆ بەو کەڕەی بەیانییە لە کوێ بووی.

مێرگان دەستی کرد بە نێو ئاوە گەرمەکە دا:

ـ ڕەحمەت لە بابت، سالار. ئاخ... چۆن من عەقڵم بەوە نەشکا؟! کورە عەقڵی چی ئەویشم لێ ون بووە!

سالار لە پەنا دیوارەکە دانیشت و گوتی:

ـ ئاخر دادە گیان هەر کەسەی بۆ کارێک دروست کراوە و لە شتێکا ئەزموونی هەیە. پیاو بۆ کارێک و ژن بۆ کارێک. لەو سەفەرانەدا کە دەچووین بۆ مەشهەد، شەوێک یەکێ لە هاوڕێکانمان کە خەڵکی ئەنارەک بوو، سەرما بردی. خەجاڵەتییە لە ڕووی تۆ، بیلامانێ پیاوەتییەکەی سەرما برد بووی. ئێمەش هەرچۆنێ بوو گەیاندمانە قاوەخانەیەک، پیرە پیاوێک لەوێ بوو کە وەفریای ئەو هاوڕێ بێچارەی ئێمە کەوت. هەرکە چاوی پێیکەوت هەستا ئاوی هەموو کتری و قۆرییەکانی کردە تەشتێکەوە و تۆزێ ئاوی ساردی تێکرد و پێی گوتین ڕووتی کەینەوە جلەکانمان لە بەر پیاوە داکەند و هەتا پشتێنە لەنێو ئاوە گەرمەکەدا ڕامانکێشا. نیو سەعاتی پێنەچوو دەرد و عەلەمی لێبرا. بەسایی خوداوە عەیبداریش نەبوو... دوای ئەو سەفەرە بوو کە وشترەکانم فرۆشت و بە پووڵەکەی ئەم چەند سەعات ئاوی کارێزەم کڕی و لە دەست ئەو سەرگەردانی و بێ ماڵ و حاڵییە ڕزگارم بوو. ئێستا، بەو بستە زەوییە و چۆڕکاڵە ئاوەوە خۆم سەرقاڵ کردووە... ئەی ئەوە وەستا سلووچ لە کوێیە؟

مێرگان گوتی:

ـ لە گۆڕی بابیدایە، چووزانم!

ـ چییە؟ دیسان وەک سەگ و پشیلە ئاوقای چڕو چاوی یەک بوون؟ ها؟ چی بووە؟ وادیارە زۆر تووڕەی لە دەستی. بەو بەیانییە زووە چووە بۆ کوێ؟

-ڕۆیشتووە.

ـ بۆ کوێ؟

- خوا دەزانێ. من چووزانم. بەیانی کە هەستام دیار نەبوو. یانی دوێشەویش... نازانم. بە جارێ گێژ و وێژ بووم. هەموو شەوێ دەهاتەوە و لە پەنا تەندوورەکە دا دەخەوت. بەڵام دوێشەو گوم و گۆڕ بوو. ئیتر نازانم.

سالار بە سەرسووڕماوی و بێ ئیختیار گوتی:

- گوو بە گۆڕی بابی پیاوی کەمتەرخەم! دوێنێ بەیانی لەبەر درگای حسێنییە بەڵێنی دا کە ئەمڕۆ بێم و ئەو پێنج مەنە مسەم دەداتێ.

- پێنج مەن مسی چی؟

- هەر ئەوەی کە پازدە مەنی گەنم لە باتییان لێ وەرگرتبووم ئیتر.

مێرگان گوتی:

- ئێستا خۆی لە ماڵێ نییە.

- دەیجا لە ماڵێ نییە با نەبێ. قەول و بەڵێنەکەی خۆ هەیە. شایەدمان لە نێوان دایە. کوێخا نەورۆز زەمانەتی کردووە.

- بڕۆ لە کوێخای بستێنە.

- لە کوێخای بستێنم؟! گەنمم داوە بە سلووچ، بچم مس لە کوێخا بستێنم؟!

- خۆ مس هی سلووچ نییە. سلووچ میراتی لە ماڵی بابییەوە نەهێناوەتە ماڵی من! ئەو سێچوار قاپ و قاچاخە مسەش کە هەیە براکەم بە جیازی داوییە بە من. ئێستا دەتهەوێ بیدەمەوە لە قەرزی مێردێکدا کە نازانم لە چ جەهەندەمێکە؟

سالار کە تۆزێ وەخۆ هاتبوۆە، لە سەرەخۆ گوتی:

- دەباشە، ئەی قەرزەکەی من دەبێ بە چی؟ سلووچ گەنمی لێ وەرگرتووم، ئێوە خواردووتانە. ئێستا تاوانم کردووە کە زستانێ ژن و منداڵەکەیم لە برسییەتی نەجات داوە؟

مێرگان گوتی:

- خۆ من نانی گەنمی تۆم نەخواردووە، منداڵەکانی خواردوویانە. بچۆ ورگیان بدڕە و گەنمەکەت دەرهێنەوە.

سالار کە زانی خێزانی سلووچ زۆر کەللە ڕەقە، ڕقی هەستاو بە تووڕەیی گوتی:



- ئەوە تۆ دەڵێی چی! بە شێتم دەزانی؟! خۆ من گاڵتەم لەگەڵت نییە ئاوام جواب دەدەیەوە. من گەنمم پێداون و ئێستا پووڵەکەی یان بایی گەنمەکە مسم دەوێ. دوێنێ سلووچ خۆی قەولی پێدام.

- دەی بڕۆ خۆی ببینەوە خۆ نەچۆتە بن عەرزەوە، ڕەنگە لە کەلاوە کۆنێکی ئەم دەورو بەرانە دا مرد بێ!

- یانی تۆ مسەکانم پێنادەی؟

- من مسم نییە تاکوو بتدەمێ.

سالار لە مێرگان چووە پێشێ و گوتی:

- چاو لە من کە؛ بۆ چاوت لە پشتی دەستت بڕیوە؟ جوان گوێ بگرە؛ من مسەکانم دەوێ.

مێرگان دەستی لە ئاوەکە دەرهێنا. وشکی کردنەوەو گوتی:

- تۆ ئەوە هاتوو سەری منداڵەکانمت ویست؛ دەبێ بتدەمێ؟!

- ئاخر خۆ ئەوە سەری منداڵەکانت نییە؛ من قەرزم لە سەرتانە.

- بڕۆ بە کێت داوە لەوی بستێنەوە. دەست دەست دەناسێ. خۆ من گەنمم لێ وەرنەگرتووی.

- مێردەکەت ئەوە لە ماڵ نییە. هەر ئەم کوڕەت تەلیسە گەنمەکەی بە کۆڵێدا داو هێنایەوە بۆ ماڵێ. عەباس نەتهێنایەوە؟ لە بیرتە؟ عەباس چاوێکی لە دایکی کرد.

مێرگان گوتی:

ئەو هێشتا منداڵە. هەر کاتێ بە تەمەنی قانوونی گەیشت لەو بای بیابانەی بە میراتی باوکی پێی گەیشتووە دەتداتێ!

سالار هەستا پێ و مێرگانی وەبەر لافاوی تەشەر و لاتاو دا:

- خەریکە یەک وچان دەیڕێسی و بە شێتم دەزانی! چەندە زمان شیرینیشی، ژنەتیوەی ڕووهەڵماڵاوی دەم چەپڵە! پێت وایە من هاوشان و هاوزمانی تۆم دەم بنێمە دەمت و دەمەقاڵێت لەگەڵ بکەم؟ چیت لە کەللەدایە؟ پێت وایە دەتوانی ماڵی من بخۆی؟ من هەقی خۆم لە گەرووی گورگ دەردەکێشم، جا تۆ چییت؟!

- ئەگەر دەتوانی فەرموو دەریکێشە. خۆ من لە گیانم بێزارم.

ـ بە قەرە قەمەر بێزاری یان بێزار نی. من قەرزی خۆم دەوێ.

مێرگان چەقۆت لێدایە خوێنی نەدەهات. هەستا پێ و گوڕاندی:

ـ وەدەر کەوە ناپیاوی چاو برسی. شەپێ لە قەلافەتت هەڵدەو وەدەر کەوە! تەماشا چ قرم و قالێکی وەرێخستووە. کەرخۆر! من نانم نییە بیدەم بە منداڵەکانم، ئەو هاتووە دەیەوێ ئەو چوار کوتە مسەم لە ژێر ددان دەرکێشێ. بێکەسی وەگیر کەوتووە!

سالار کە بەرەو ڕووی مێرگان وێستابوو گوتی:

وەدەر کەوم؟! باشە دەڕۆم، بەڵام بە بێ پێنج مەن مس لەو ماڵە ناڕۆمە دەرێ.

سالار خۆی کرد بە کولێنی پشتەوەی وەتاغەکەدا و مجوعمە و تاسە و تەشت و مەنجەڵێکی هێنا دەرێ مێرگان پەلاماری دەستی سالاری دا و نەڕڕاندی:

ـ دایاننێ، زووکە دایاننێ نا پیاوی سەر سواڵکەر!

سالار دەستی برد ناندێنە مسەکەشی لە پەنا درگاکەدا هەڵگرت. مێرگان شالاوی بۆ برد و دەیویست لە چنگی بستێنێتەوە گوتی:

دایاننێ! دەڵێم دایاننێ زۆڵی سەگ. بە خوای قۆڕت دەکەم، دایاننێ.

سالار تەکانێکی لە خۆی دا و مێرگانی دا بە عەرزدا. مێرگان هەستایەوە و گوڕاندی:

ـ ڕۆڵە! عەباس، ئەبراو، هاجەر بەر ئەو درگایە بگرن. نەهێڵن ماڵەکەتان ببات. بیگرن!

ئەبراو کە بە کوڵە پیشکانەکەی سالارەوە تازە گەیشتبۆوە ماڵێ، شان بە شانی عەباس بەر درگاکەیان لێگرت. سالار بە قاپ و قاچاخی مسەوە بەرەو درگاکە ڕۆیی. مێرگان لە پشتەوە پەلاماری داو پێچەکەی لە سەری کردەوە و فڕێیدا ئەوسەری هۆدەکە. سالار گەڕایەوە. مێرگان شاقەڵی کەواکەی گرت. سالار ناچار بوو مسەکان دانێ و لەگەڵ مێرگان تێهەڵچێ. هاجەر گورج مسەکانی هەڵگرت و بردی لە دۆڵابەکەدا شاردییەوە. مێرگان و سالار تێکەوە گلان. سالار نەیدەزانی چبکا. مێرگان لە بەینی لاقی سالار دا دانیشتبوو دەستی کردبوو بە نێو گەڵێدا.



سالار هاواری لێهەستا. بایەداو دەیکێشا. سالار یەک بە خۆی هاواری دەکرد. کەشکەژنۆی بە توندی لە شانی مێرگان ڕاکێشا. مێرگان تلار بووە.

سالار ئێستا دەمی کرا بۆوە. هەرچی جنێوی بە دەمیدا دەهات نەیدەگێڕاوە. کوڕەکان چوونە ژووری. ئەبراو بە پیشکان و عەباس بە گوریس. مێرگان ئەگەرچی ژانی شانی هێزی لێ بڕیبوو بەڵام هەستایەوە و پەلاماری دەلینگی سالاری دا و قەپی کرد بە نەرمایی بەلەکی لاقی دا. سالار قیژاندی و بە لەقەیەک مێرگانی فڕێدا دواوە. سالار لەگەڵ سێ کەس تێهەڵچووبوو. دەیوەشاند و دیخوارد و جنێوی دەدا. عەباس و ئەبراویش دەستیان نەدەپاراست. دەیانکوتا و تەپوتۆزیان لە ژن و منداڵ و دایک و باوکی سالار هەڵدەستاند. هاجەر لە سووچێکدا وێستابوو و دەیقیژاند. سالار جارێکی دیکە خۆی لە دەستی مێرگان و کوڕەکانی ڕاپسکاند و هەڕای کردە دۆڵابەکە، درگاکەی کردەوەو قاپ و قاچاخەکانی هەڵڕشتە دەرێ. عەباس و ئەبراو خۆیاندا بەسەر مسەکاندا.

سالار چنگی لە هەموو ئەندامێکی کوڕەکان گیر کرد بۆ ئەوەی مسەکانیان لە ژێر دەرکێشێ. مێرگان بەرەو دەرێ هەڵات و هاواری کرد:

ـ دز... ئای خەڵکینە دز... بگەنە فریام. ناپیاوە بە ڕۆژی ڕووناک خەریکە تالانمان دەکا!

پاشان خۆی کرد بە تەویلەکەدا دەستی دا قوڵە پێمەڕەکەی سلووچ و خۆی کرد بە وەتاغدا. خوێن بەری چاوی گرتووە. پێمەڕەکەی هەڵێنا و بە چاوی زەق و دەمی کەف کردووەوە گوڕاندی:

ـ سالار عەبدوڵڵا... خوێنت لە پای خۆت. دەتکوژم. تۆش دەکوژم و یەکێ لەو کوڕانەش، بە زاتی خودا دەتکوژم. من لە گیانی خۆم بێزارم، بێزارم، بێزار!

سالار لە ژێر پێمەڕەکەی مێرگاندا پشتی بە دیوارەکەوە دا و ترس چاوی پێ زەق کرد بۆوە و چاوی لە مێرگان بڕیبوو. خوێن بەر چاوی مێرگانی گرتبوو. دەیکوشت! هەر بەڕاستی دەیکوشت؟! سالار بە سەری ڕووتەوە، هەستا پێ و هەڵات بۆ حەوشە. لە کاتێکا ترس سەر تا پای داگرتبوو، هەرکە چاوی بە جیرانەکان کەوت هاواری کرد:

- ئەو ژنەتیوە... ئەو ژنەتیوە شێتە! دەیهەویست بمکوژێ. ئای خەڵکینە بە خودا دەیویست بمکوژێ! بە خودا... بە خودا... بە سەری پێغەمبەر دەیویست بمکوژێ. کوێخا... کوێخا نەورۆز... ئەو ژنەتیوە دەیویست بمکوژێ. پێمەڕەکەی هەڵێنا بۆوە، دەیویست لە تەپڵی سەرمی ڕاکێشێ.

جیرانەکانیان یەک یەک و دوو دوو هاتنە کۆڵان و تێکەڵی کێشەکە بوون. عەلی گەناو بووە ناوبژیکار. کوڕی سەنەم ڕۆیشت کە پوورە مێرگان خاو کاتەوە. لەو دەمەدا کوێخا نەورۆز گەیشتێ. لەگەڵ ئەودا زاوای ئاغامەلەک و زەبیحوڵڵا و کەربەلایی دووشەممە هاتنە ئەمبەری کۆڵانەکە. کەربەلایی دووشەممە باوکی سالار هەروا بێدەنگ بوو. بەڵام زەبیحوڵڵا چاوی بەرایی نەدەدا کە بێوەژنێک لە ڕووی کوڕە مامیدا ڕاوەستاوە. بەڵام پێش ئەوەی زەبیحوڵڵا بەرەگەی شەڕ بگرێتە بەر خۆی، کوێخا نەورۆز هاتە پێشێ و بە پەنا شانی سالار عەبدوڵڵا دا خۆی کرد بە ژووریدا. مێرگان پێمەڕە بەدەست بە چاوی زەقەوە ڕاوەستابوو. کوڕەکان عەباس و ئەبراو هەرکام لە سووچێک پاڵیان بە دیوارەوە دابوو. هاجەر دەلەرزی. کوێخا پێمەڕەکەی لە دەستی مێرگان ساند و بە پشتی دەست زللەیەکی قورسی خێوانده ڕوومەتی:

- شێت و شوور، وادیارە شووت لێهەڵکێشاوە!

هاتە دەرێ. پێمەڕەکەی فڕێدا حەوشەکەو پێچەکەی داوە بە سالار و جیرانەکانی دەرکردە دەرێ.

- بۆ ڕاوەستاون. سەیری چی دەکەن، سینەمایە؟!

سالار عەبدوڵڵا پێچەکەی لە سەر هاڵاندەوە. زاوای ئاغا مەلەک چووە ژێر باڵی و لەگەڵ زەبیح و کەربەلایی دووشەممە و کوێخا نەورۆز لە حەوشەکە چوونە دەرێ.

مێرگان لەبەر درگاکەدا چۆکی دادا، دەموچاوی بە هەر دوو لەپی دەستی گرت و ئەو گریانەی لە سینگیدا پەنگی خواردبۆوە دایە دەرێ و لە هۆڕژنی گریانی دا.



**بەندی دووەم:**

زەویی ئاودراو لە ژێر لاقی کوڕەکانی مێرگاندا بەستبووی. عەرزی سەهۆڵین بەری پێی وەسۆڵە سۆڵ دەخستن، هەروەک بەسەر وردە شووشەدا بڕۆی. هەر ئەوەش کارەکەیانی وەدوا خستبوو. هەوڵی زۆر، دەسکەوتی کەم. کوڕەکانی مێرگان ئەوەی هێزی لە شان و باهۆیاندا بوو وەکاریان خستبوو، بەڵام بەو جۆرەش کارەکەیان بە دژواری دەچووە پێشێ. خۆر باڵا پیاوێک هاتبووە سەرێ، بەڵام عەباس و ئەبراو هەرکام لە باوەشێکیان کەمتر پەمۆ کۆ کردبۆوە. ڕیشەکان چنگیان لە زەویی بەستەڵەک گیر کردبوو و هەڵنەدەکەندران. دەتگوت لەسەر بەرد ڕواون. هەڵکەندنی هەر لاسکێک گوشارێکی لە ڕادابەدەری بۆ شان و باهۆیان دێنا. هێزیان لێ بڕابوو. ئەبراو جاری وابوو پشتی بە چریکە دەوێستا و هەڵنەدەهاتەوە. دەموچاوی گرژ دەبوو، دەوری چاوی گنجی تێدەکەوت و چاوی چکۆلە دەبوونەوە. پێلووی چاوی وێک دەهاتنەوەو بە هەزار زمان ژان و ماندوویەتییان دەدرکاند. بەڵام ئەبراو نەیدەوێرا فزە بکا. عەباسی برای وەک شبر وابوو. لە کاریشا خەرجەکەی خۆی جیا کرد بۆوە، کەچی هەمیشە بیانووی بە ئەبراو دەگرت و چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت. چونکە دەیویست خێراتر کار بکاو ئاگاداریش بێ نەکا ئەو ڕەگانەی خۆی هەڵیکەندووە، ئەبراو لێی بدزێ.

لە کاردا هەمیشە عەباس ئەبراوی دەبوغزاند. ئەگەر کۆڵەکەی ئەبراو لە هی عەباس کەمتر بوایە - کە هەمیشە وابوو - بە تانەو تەشەر کونە جەرگی دەکرد. تا وای لێدەهات بە شەڕ دەهاتن و تێک هەڵدەچوون.

لە ئاکامدا ئەبراو جێیەکی لەشی بریندار دەبوو و بە گریان کۆتاییان بە شەڕەکە دێنا.

بەڵام زەویی بەستەڵەک ئازاری دەدا و بەهانەشی ئەوە بوو کە پیشکانەکەی سالار کار ناخۆشە و دەمەکەی کول بووە و لاسکە لۆکەی پێ هەڵناکەندرێ. ئەمڕۆ زیاتر ئەوە بووبووە هۆی ڕق هەستانی ئەبراو. چونکە ئەگەر دەمی پیشکانەکە جاری هەوەڵ لە لاسکە پەمۆکە گیر بکەی نەیبڕێ و بترازێ، ئیتر هەڵکەندنەکەی سەد بەرانبەر دژوارتر دەبێ. چونکە تێخوڵی لاسکە گرێ گرێکە دادەماڵدرێ و ئەو لاسکە خاوو بن بۆشە دەمی پیشکانەکەی لەسەر دەخزێ و ناقرتێ. پیاوی کاریش کوا دەتوانێ تاق و لۆق لاسک بەجێبێڵێ و تێپەڕێ. هەر بۆیە پیشکانی تیژ و هێزی باهۆی دەوێ کە بتوانێ ڕیشە لە چنگی ڕژدی زەوی بستێنێ. هەر ئەوەی کە ئەبراو نەیبوو. نە پیشکانی کاری پێبوو، نە هێزی باهۆی بوو. هێشتا ئێسکەکانی ئەستوور و قایم نەبووبوون. ماسوولکەکانی هێشتا شل بوون. ئەگەرچی لەو تەمەنەدا قامک و مەچەکی ئەستوور و لەکاردەرهاتوو بوون. بەڵام هێشتا ئەبراو بە پلەی بەرز و پڕ غلووری لاوی نەگەیشتبوو. بە باڵا، تەنانەت لە تەمەنیشی کورتە باڵاتر بوو. بەڵام لە کارکردندا بە گیر و ماندوویی نەناس بوو. کە بەسەر لاسکە پەمۆیەکدا دەنووشتایەوە دەتگوت مێشەنگوینە و بە سەر گوڵێکەوە نیشتۆتەوە و شیلەکەی هەڵدەمژی. دەیمژی و دەیمژی. شیلەی گوڵ، شیلەی کاری دەمژی. پیشکان دەتگوت نینۆخییەتی و لاسکە پەمۆش دڕوویەک کە لە لاقی هەڵچەقیوە. ئەبراو ڕیشەی لە خاک دەرنەدەکێشا، بەڵکوو دڕووی لە لاقی خۆی دەردێنا. گرمۆڵە دەبوو. هەرتۆپەڵێک. پشتی هەڵنەدەهێنایەوە. نەوەک لە عەباس وەدوا کەوێ. نەکا لە ئاکامدا کۆڵەکەی لە کۆڵی عەباس کەمتر بێ و چکۆلەتر دیار بێ. تەوژمی سەرما هێز و چالاکیی دەستی ئەبراوی بە جارێ کەم کردبۆوە. قامکەکانی وەک سمی کاژیلە ڕەق بووبوون. ئاو بە لووت و چاویدا هاتبووە خوارێ. گوێچکە زلەکانی لە سەرما سوور بووبوونەوە. دەسکی سڕی پیشکانەکە بەری دەستی دەسۆڵاندەوە. بەو حاڵەشەوە بە کۆمە کۆمە وەک کارمامزێک، لەم لاسکەوە بۆ لاسکێکی دیکەو لەم ڕەگەوە بۆ ڕەگێکی دیکە دەخوشی. بۆ ئەوەی هوویەک لە دەستە سڕ و لەگۆچووکانی بکا، ناچار بوو ڕاوەستێ. پشتی هەڵێنایەوە و دەستی بردە بەردەمی. فووی لە دەستی کرد و لەیەکی خشاندن. دەتگوت تاوانی دەستەکانیەتی کە سڕ



بوون. پیشکانەکەی بە دەستەوە گرتەوە، بەڵام بەر لەوەی دابێتەوە چاوێکی لە دەشتەکە کرد. منداڵانی هاوتەمەنی خۆی گەورەتر و چکۆلەتر بە دەشتەکەدا بڵاو بووبوونەوە و خەریکی هەڵکەندنی لاسکە پەمۆ بوون. لە دوورەوە، هێندەی دەنگ بیگاتێ، چوار پێنج لاو ئاوریان کردبۆوە و ئەبراو دەیدیتن کە دەست و لاقیان بە سەر ئاورەکەدا دەگرن و گەرمی دەکەنەوە. بێئیختیار بە زمانیدا هات:

ـ ئاور.

عەباس هەروا بە سەر لاسکە پەمۆدا داهاتبۆوە، سەری وەرسوڕاند و چاوە گەورە و پڕ سپێنەکەی تێبڕی. ئەبراو بۆ ساتێک لەبەر چاوی عەباسدا دەوامی هێنا.

عەباس گوتی:

ـ تاوێکی دیکە خۆر لە بن هەور دێتە دەرێ، خەریکی کاری خۆت بە! عەباس دەستی کردەوە بە کار و ئیتر ئەبراو قسەکردنی بێفایدە بوو. هەر بۆیە داهاتەوە و هێزی دا سەر پیشکانەکەی. قەوەی لە خۆیدا. ئەبراو ئەوەی دەزانی کە عەباس بە دەردی دەزانێ. هەروەک خۆی بە دەردی عەباسی دەزانی. بەڵام ئەم بەڵێنە لە نێوانیاندا بوو کە هیچکات لە ماوەی کار کردندا پرتە و گلەیی نەکەن. دەتگوت هەردووکیان ئەو ئەزموونەیان وەدەست هێناوە کە ئەو کارە دەبێ بکەن. جا چ بە گلەیی و نووکە نووک بێ، یان بە بێدەنگی و لەخۆ بردوویی. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ئەم قەول و بەڵێنەیان دەشکا. چونکە تەوژمی ژان و ماندوویەتی نەدەکرا لە ناخیدا قەتیس بکەن، دەبوو بیدەنە دەرێ. ئەوەش ئیتر بە دەست خۆیان نەبوو. جوانەگایەک کە یەختەی دەکەن بتەوێ و نەتەوێ دەبۆڕێنێ. لاقە فرتێ دەکا و خۆ ڕادەپسکێنێ. تەنیا هەوڵی کوڕەکانی مێرگان ئەوە بوو کە لە هەمبەر گوشاری کاردا تاقەت بێنن و خۆراگر بن. هەر بۆیە کاتێک بە زمان یان بە کردەوە نارەزایەتییان نیشان دەدا گوشاری ژان و ماندوویەتی تێکەڵ دەبوو و تاقەتی لێهەڵدەگرتن. چونکە ئەو ناڵەو نووکەیە شتێکی بێئیختیار و هەوسار پساندوو بوو.

عەباسی مێرگان دەسکی پیشکانەکەی کرد بە قایشی نێو قەدیدا و گەڕاوە تاکوو ئەو لاسکە پەمۆیانەی هەڵیکەندبوو کۆیان بکاتەوە. هەر بۆیە دەستی کرد بە کۆ کردنەوەی ئەو ڕیشانە کە یەک یەک و دوو دوو لە دوایەوە کەوتبوون.

- بۆ لاسکەکانی من هەڵدەگری؟

- لاسکی تۆ کامەیە؟

- هەر ئەوەی کە ڕیشەکەی قوڕ و خۆڵی پێوەیە باوکم هاتۆ پێش چاوم هەتا هەڵمکەندوون.

- ئاخەر تۆ مل چەکچەکیلە کوا دەتوانی ڕەگی ئاوا بە قوڕ و کوڵۆوە هەڵکەنی؟!

- کوێری، نابینی چۆن دەتوانم. داینێ بزانم. شوێنی من دیارە، ئەوەتا جێ‌پێ و بەرەکەی من. داینێ دەی!

ڕەگی گرێ گرێ و ئەستووری لاسکە پەمۆ هەروا بە دەست عەباسەوە بوو.

ئەبراو مەچەکی براکەی گرتبوو و عەباس هەوڵی دەدا هەرچۆنێکە خۆی لە دەست ڕاپسکێنێ. ناچار خۆی تووڕە کرد و بە گرژی گوتی:

- دەستم بەردە و لەوە زیاتر درۆ مەدە پاڵم؛ دەنا بەو لاسکە لۆکەیە بیدەم بە سەرو چاوتدا کوێرت دەکەم ها!

ئەبراو لە خوڵک و خووی عەباس بەڵەد بوو. نەشیدەویست تووشی شەڕ بن. چونکە ئەبراو وەک ڕۆژ لێی ڕون بوو کە دیسان عەباس دەیکوتی. هەر بۆیە گوتی:

- سوێند دەخۆی کە ئەو ڕیشەیە تۆ هەڵتکەندووە؟

- تۆ خۆت بۆ سوێند ناخۆی؟

- من سوێند دەخۆم.

- نا! پێویست ناکا. خۆم سوێند دەخۆم. بە چی سوێندت بۆ بخۆم؟

عەباس هەروا کە ڕیشە گرێ گرێ‌کەی دەنا بن باغەڵی گوتی:

- بەو قیبلەیە ئەو لاسکە خۆم هەڵمکەندووە.

- بە کام قیبلە؟ بە هەسێڵەکەی حاجی حەبیب سوێند دەخۆی و دەڵێی بەو قیبلەیە؟

قیبلە لەملایەوەیە، لای خیزەڵانەکە!

عەباس ڕووی کردە قیبلە و گوتی:

- بەو قیبلەیە، باشە؟!

ئەبراو گوتی:



- بەو قیبلەیە چی؟

- بەو قیبلەیە ئەم لاسکە خۆم دەرم کێشاوە.

- لەبن چنگی درۆزندا.

- لەبن چنگی خۆتی دا، قڕنوو!

ئەبراو گوتی:

- باشە لە ئێستاوە خەتێک دەکێشین. تۆ لەوبەر و من لەمبەر.

عەباس کە سەقاڵی کۆ کردنەوەی لاسک بوو گوتی:

- تۆ بچۆ بۆ ئەو پەمۆ جارەی دیکە. خۆ خودا هەر ئێرەی دانەناوە.

- بۆ من بچم؟ تۆ بچۆ بۆ ئەوێ!

- من بچم؟! گیسکە گولە جا بۆ من بەردەستی تۆم؟

- ئەی بۆ منیش بەردەستی تۆم؟

- ئەی بەردەستی کێی؟

- من ئیختیار بە خۆمە. من پێم خۆشە لەم جارە لاسک هەڵکەنم بە تۆ چی؟! خۆ زەویی تۆ نییە!

- ئەوەندەم جوابە جەنگی لەگەڵ مەکە ئەبراو. لێتدەدەم دەتکوژم ها!

ئەبراو ئیتر هیچی نەگوت. پیشکانەکەی لە لاسکی بەردەمی گیراند و لە بەر خۆیەوە پرتاندی. عەباس وەرسووڕاو گوتی:

- ئەوە جنێو دەدەی؟! کوڕە لێتدەدەم دەموفلچت تێکدەشکێنم ها!

ئەبراو بە دڵپڕییەوە گوتی:

- ئەوەش وەک کارەکەی بەیانییت وایە، هەموو نانەکەت بە تەنیا خوارد.

- نانم خوارد؟ دەیجا دیارە دەیخۆم. خۆ نانی ماڵی باوکی تۆم نەخواردووە!

- ئەی هی کێیە خواردووتە؟ بۆ ئێمە بەشەر نیین؟ هەر تۆ ددانت هەیە؟ خۆ هەر کاری ئەمجارەت نییە. هەمیشە وادەکەی. ئەوجارە هەموو خورمای نێو دۆلابەکەت بە تەنیا خوارد بوو. تازە خورمای خێراتیش بوو!

- دەیجا دیارە دەیخۆم. ئەی بیدەم بە تۆ بیخۆی؟!

- بخۆ، بەڵام بەشی خۆت، نەک بەشی ئەوانەی دیکەش.

- پێت نەگوتبووم!

- ئەوە ئێستا پێت دەڵێم.

عەباس باوەشە لاسکەکەی کۆ کردبۆوە لە سەر گوریس و چەڵەمەکەی دانا و هەڵترووشکا. لە براکەی چەپوچێر بۆوە و گوتی:

- دەمت گرێدە ئەبراو. بۆ خودات پێدەڵێم.

- باشە، باش.

عەباس بە توورەیی گوڕاندی:

- زۆر چاکە براله؛ لاڵ دەبم، باشە؟!

- خۆزگە لاڵ بوایەی؟

سێبەری ڕەشی سالار عەبدوڵڵا مەودای نێوان دوو براکەی پڕ کرد. عەباس و ئەبراو ئاگایان لە هاتنی سالار نەبوو. هەر دووکیان لە پڕێکدا ماق مان. ئەبراو کشاوە و چووە نزیک عەباس وێستا. عەباسیش هەنگاوێک بۆ لای ئەبراو کشا. شان بە شانی یەک ڕاوەستان. سالار عەبدوڵڵا لە هەمبەریان ڕاوەستابوو. چرۆچاوی لە توورە نەدەچوو. بەڵام سارد و سرپییەکی سەیر دەموچاوی داپۆشیبوو. ئەو زەوییە سالار عەبدوڵڵا بە ئیجارەی گرتبوو، بەڵام هیچ زەوییەک پاوانی نەبوو و هەموو کەس دەیتوانی لە هەرکوێ پێیخۆشە لاسکە پەمۆ هەڵکەنێ. ئەوە بۆ زەویش بەکەڵکە. چونکە نیرو ئاموور ڕەگی لاسکە پەمۆی بۆ هەڵناکەندرێ. مەگین زەوی بە گاسنی تەراکتۆر بکێڵدرێ. بۆ داچاندنەوەی زەویش باش نییە کە لاسکە پەمۆی ساڵی پێشووی تێدا بمێنێتەوە. هەر بۆیە کاری هەڵکەندنی لاسکە پەمۆ هیچ زیانێک بە زەوی و وەرزێر ناگەیەنێ و قازانجیشی هەیە. کەوایە سالار عەبدوڵڵا دەیتوانی بڵێ چی؟

کۆی کەنەوە تووتکە سەگانە! گوریس و پێشکانەکانتان هەڵگرن و لەم مەزرایە بڕۆنە دەرێ!

ئەبراو چاوی لە عەباس کرد. عەباس هەروا بێدەنگ بوو. لێوە لەرزەی پێکەوتبوو.

سالار گوتی:



- تۆش ئەو پێشکانەی بەیانی لە ماڵی ئێمەت وەرگرتووە بێنە بمدەوە کارم پێیەتی.

ئەبراو دیسان چاوی لە عەباس کردەوە. عەباس پێشکانەکەی سالار عەبدوڵڵای لە ئەبراو ساند و کردی بە قایشەکەی نێو قەدیدا. وەڕسووڕا و ڕۆیشت بۆ لای لاسکە پەمۆکانی.

سالار چاوی لە ئەبراو بڕی و گوتی:

- مەگین پێم نەگوتی پێشکانەکە بدە بە من؟ کەڕی؟

- عەباس لێیساندم!

سالار ڕووی کردە عەباس و گوتی:

- هۆی... کەللەکەر! ئەو پێشکانە بێنە بیدە بە من.

عەباس خەریکی بەستنی لاسکەکان بوو گوتی:

- من پێشکانم لە تۆ وەرنەگرتووە.

تۆ هەر ئێستا لە دەستی ئەبراوت نەساند؟

- لە ئەبراوم وەرگرت! خۆ لە تۆم وەرنەگرتووە. دەست دەست دەناسێ. لە خۆی وەرگرەوە!

پێشکان بە نێو قەدی تۆوەیە من لەوی وەرگرم؟

- چووزانم!

- وادیارە گیانت بۆ چەن شەق و زللەی تەڕ دەخورێ، ها؟!

- ئەگەر دەتوانی وەرە لێمدە!

- پێت وایە دەترسم؟ خۆ دایکە سەڵیتەکەت لێرە نییە دەرپێ‌کەی بە شانی داداو هاوار بکا! توخمە سەگ! دەڵێم ئەو پێشکانە فڕێدە، کەڕی؟!

عەباس لاسکەکانی هەمووی بەستبوو، بێ ئەوەی سالار بە هیچ بزانێ، کۆڵە ناتەواوەکەی دا بە کۆڵیدا و بە ئەبراوی گوت:

- دەی ئەو لاسکانە کۆ ناکەیەوە. تۆ بە هەزار زەحمەت هەڵتکەندوون، زووکە کۆیان کەوە!

ئەبراو دەستی کرد بە کۆ کردنەوە. سالار چوو بۆ لای عەباس و گوتی:

- لەگەڵ تۆمە زۆڵی سەگ؛ ئەو پیشکانم دەوە، هی خۆمە!

عەباس پشتی کردە سالار و وەڕێکەوت و گوتی:

- لە خۆی وەرگرە. بە من چی؟ خۆ من پیشکانم لە تۆ وەر نەگرتووە!

بە هێمنی قسەی دەکرد و بە توندی دەڕۆیشت.

سالار وەدوای کەوت و گوتی:

- تووتکە سەگ لەوە زیاتر تووڕەم مەکە. پیشکانەکە دانێ و بۆ هەرکوێ دەچی، بچۆ چاوت دەرێ!

عەباس بە توندی هەنگاوی دەنا و جار جار بە دزییەوە گورگاوڕێکی دەدایەوە. سالار هەنگاوەکانی توندتر کرد. عەباسیش توندتری کرد. عەباس لە بەهانەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی دەست بکا بە هەڵاتن. سالار دانەوییەوە و خڕکە بەردێکی هەڵگرت. عەباس هەڵات. سالاریش بە دوایدا غاری دا و بەردەکەی تێهەڵکرد. بەردەکە وە سمتی عەباس کەوت. عەباس ئێشی پێگەیشت بەڵام وەڕووی خۆی نەهێنا. هەڵات. توندتر و توندتر. عەباس وەک تێسکەی تفەنگ هەڵدەهات و سالار قورس بوو. پێی نەدەگەیشتەوە. ڕاوەستا دەستی کرد بە جنێو دان. عەباسیش ڕاوەستا. دوور کەوتبۆوە. سالار هەرچی بە سەر زمانیدا هات لە جنێوو قسەی پیس بە عەباسی گوت. عەباسیش ئەوەی بە دەمیدا هات نەیگێڕایەوە و ژن و منداڵی سالاری جنێو باران کرد. جنێوی ناموسی. ئەویش لە دەمی کەسێکی هیچ و پووچ کە حورمەتی ژن و مێردایەتی نازانێ، وەک گوللە دڵی سالاری کونکون دەکرد. تەنانەت لە کاتی گاڵتەی ئاسایی دا، ئەوەی ژنی نییە. نابێ لەگەڵ پیاوێکی بە ژن و ماڵ دمبەدمە بکا. جا هیدی بەڕاست و ئاوا بێ پەردە ئاور لە ناخی پیاو بەردەدا.

سالار هەڕای کردێ. تەنیا بە لێدان دەتوانێ داخی دڵی بڕێژێ. بەڵام عەباس سووک و گورج و گۆڵ بوو. هەڵات. ترس ئەوەندەی دیکە باڵی پێگرتبوو. لەم جاڕەوە بۆ ئەو جاڕ، لەم کەندڕەوە بۆ ئەو کەندڕ. سالار دیسان ناچار بوو ڕاوەستێ. پشووی سوار بووبوو. توزێ ڕاوەستا و گەڕایەوە. ئەبراو خەریک بوو دوایین لاسکی دەپێچاوە و کۆڵەکەی ساز دەکرد.



سالار ئاغزوونەی قایشەکەی کردەوە و بۆی چوو. دەبوو جۆرێک داخی خۆی بڕێژێ. ئەبراو هەوڵیدا تاکوو سالار دەگاتێ کۆڵەکەی ببەستێ و هەڵێ؛ بەڵام فریا نەکەوت. سالار عەبدوڵڵا گەیشتە سەری و دای بە عەرزدا:

- تۆش لە ڕەسەنی ئەو زۆڵە سەگەی!

گریان و پاڕانەوەی ئەبراو بێ کەڵک بوو. سالار عەبدوڵڵا بەو عەبا فشوفۆڵەیەوە وەک باشوو بە سەر سەریدا هەڵدەسوڕا. خوری شۆری کرد. قایشەکەی قورس و ئەستوور بوو. جەستەی لەڕ و لاوازی ئەبراویش بە پاتۆڵێک و کراس و چاکەتێکی فشەوە لەبەر دەستیدا کەوتبوو.

سالار عەبدوڵڵا خوێن بەری چاوی گرتبوو. ئەوەی هەر لە بیر نەبوو کە ئەبراو هێشتا تەمەنی پازدە ساڵ نابێ. بە زەبری قایش و پێلاقە و چەپۆک هەموو گیانی ڕەش و شین کردەوە. پاشان لەگەڵ ئەوەی قایشەکەی نێو قەدی دەبەستەوە گوتی:

- ئەمجار هەستە؛ بڕۆ ئەو خەبەرە خۆشە بۆ دایکت بەرەوە و پێی بڵێ لەگەڵ کێ تێکەوتووە! بەو برا ناپیاوەشت بڵێ چاوەڕێ بێ، مەگین هەر لەو دێیە نەمێنێ، دەنا خۆم دەزانم چیی لێدەکەم. هەستە بڕۆ!

ئەبراو کراس و پاتۆڵە پۆکاوەکەی لەبەر دەستی سالاردا لە چەن جێوە داڵیشابوو. بە گریان و هەنیسکەوە کۆڵەکەی دا بە کۆڵیدا و بە شەلەشەل وەڕێکەوت. ئەبراو شەکەت و تەپ و تۆزاوی گەیشتە قەراغ ئاوایی. عەباس لەوێ، لە پشت دیواری کەلاوەیەک دانیشتبوو. ترپەی پێ و هاسکە هاسک و وردە هەنیسکی دوای گریان و مووشەمووشی لووتی ئەبراو، عەباسی لە پشت دیوارەکە هێنایە دەرێ. ئەبراو وەک ئەوەی براکەی نەدیبێ. بەرەو ماڵێ سەری پێوە نابوو. پێی خۆش بوو لە سووچێک بخزێ و سەر بکا بە ژێر لێفەیەکدا. بە ناهەق کوتانی خوارد بوو لە دەست عەباسیش وەڕەز بوو. پێی خوش نەبوو ئەدگاری گەماری ببینێ. هەمیشەش هەروا بوو. کە دەهاتە ئەوەی لە سەر کارێک سزا بدرێ. هەڵدەهات. ئاورەکەی دەکردەوە و خۆی دەرباز دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا عەباس زۆر لەوە ناجسنتر بوو کە ئەبراو بیری لێدەکردەوە. پێ بەپێی ئەبراو دەهات و زوو زوو لێی دەپرسی:

- ڕۆیشت؟ سالار ڕۆیشت؟ ها؟ لەکام لاوە ڕۆیشت؟ ئەوە کەڕی، گیسکە گولە؟ لەگەڵ تۆمە، زمانت نییە؟ چۆش!

چنگی ڕەق و تووڕەی لە شانی ئەبراو گیرکرد و ڕایگرت. عەباس کە لادەمی کەفی دەردابوو چاوی لە براکەی بڕی و گوتی:

- چوو بۆ کوێ ئەو دەویتە؟! چاوت لێنە بوو؟!

- نا!

- زۆری لێدای؟... بەچی لێیدای؟

- بە قایش. بە پێلاقە. بە چەپۆک. بە زللە. لێیدام هیدی!

- زۆر؟

ئەبراو هیچی نەگوت. عەباس کۆڵەپووشکەی براکەی لە پشتی کردەوە و دای بە کۆڵی خۆیدا. دانیشت و بە ئەبراویشی گوت دانیشێ. ئەبراو چووە بن دیوارەکە بەڵام دانەنیشت. شانی دا بە دیوارەکەوە و دەستی لێک هەڵپێکا.

عەباس هەڵتووتەکا. پیشکانەکەی لە عەرزی دەدا و بەڕاست و بە درۆ جنێوی بە سالار عەبدوڵڵا دەدا:

- حووجەی دێڵە وشترا! ڕۆژێکم مابێ بۆ ئەوم ماوە. بە دانێک ئاو و سی‌چل سەر مەڕمەوە چاک خۆی لێگۆڕاوە. خوێڕی. جا بزانە چیی لێدەکەم. دەبێ قەڵەمی لاقی بشکێنم!

ئەبراو گوێی لە قسەکانی عەباس گرتبوو. بەڵام باوەڕی پێنەدەکرد. عەباس هەمیشە زمانی لە دەستی درێژتر بوو. پشتی هەڵدەکردو زمانی دەخستە گەڕ، چل درۆ! درۆی هەڵدەڕشت. ڕەنگی دەگۆڕا. سوور دەبۆوە. تووڕە دەبوو. بەڵام تا ئەو ڕادەیەشنا کە سەری خۆی بە دیواردا بکێشێ. دایمە لە فکری خۆیدا بوو. هەر ئێستاش ئەبراو بۆی ڕوون نەبوو کە عەباس بۆ ئەو قسانە دەکا. مەبەستی دڵدانەوەی ئەبراو بوو؟ دەیویست دڵی چاک بکاتەوە؟ هەڵاتنی خۆی لە شەڕ دەیویست بەو قسانە قەرەبوو بکاتەوە؟ چی بوو؟

عەباس دیسان دەستی پێکردەوە:



- تۆ... تۆ شەرم ناتگرێ... بەو دوو لقە پووشکەیەوە بەبەر چاوی خەڵکی دا بڕۆی.

ئەبراو بێدەنگ وێستابوو. لە بەر تینی بەر بەڕۆچکەکە پێلووی چاوی داخستبوو و لێوە گۆشتنەکانی کۆ کردبۆوە. عەباس درێژەی پێدا و گوتی:

- من پێم عەیبە. کچان کۆڵی لەوە گەورەتر دێننەوە بۆ ماڵێ. بەو کۆڵانەمانەوە خەڵک چیمان پێدەڵێن.

ئەبراو گوتی:

- ئەگەر پیشکانێکی باشم پێبوایە دەچووم لە زەوییەکی دیکە کۆڵەکەم تەواو دەکرد.

عەباس گوتی:

- بەرچاو تەنگی سەگباب؛ مست قووچاوی چکووس! چۆن دەوێرێ بمرێ؟ ئەو کەربابی دەویتە!... ئێستا چبکەین؟ من بەم دوو لقە پووشکەیەوە لەڕووم هەڵنایە بچمە نێو دێ.

ئەبراو گوتی:

- تۆ خۆ پیشکانی چاکت پێیە. بڕۆ لە زەوییەکی دیکە کۆڵەکەت تەواو کە.

- ئاخەر سالار هەر لەو دەشتەیە دەترسم ببیینم. وای لێدەم سەقەتی بکەم! دڵیشم پێچی پێدا دێ. زگم وە قۆڕە قۆڕ کەوتووە. برسیمە.

- تۆ بەیانی هەرچی نانمان بوو لووشت کرد.

- هەمووی چی هەموو؟ ها!

عەباس دەستی کرد بە گیرفانی دا و هێندێک ورکەنانی ڕەق و خۆڵاویی دەرهێنا و لەبەر دەمی ئەبراو ڕایگرت:

- ها! بیخۆ. بەری دڵت دەگرێ.

ئەبراو بە ناچاری و هەروەها بە مەیلی خۆی دەستی برد و ورکەنانەکەی وەرگرت. کردیە سەر زمانی، دەمە گەورەکەی قووچاند و شەویلکەی خستە کار. نیوە تیکەیەک. قووتی دا.

عەباس گوتی:

ـ ئەگەر هەر دوو کۆڵەکەمان تێکەڵ کەین هەتا دوانیوەڕۆ دەتوانین بیفرۆشین. خۆم دەچم دەیفرۆشم بە نانەواخانەیەک و بە جێی ئەو نانێ وەردەگرم و دەیهێنمەوە بۆ ماڵێ.

ئەبراو لە فێڵی براکەی گەیشت. عەباس دەیویست کارەکە بە ناوی خۆی تەواو بکات. هەروەها نانەکەش. ئەبراو ڕازی نەبوو، گوتی:

ـ خۆم دەیفرۆشم.

عەباس وەک سەگ پێی وەڕی:

ـ ئاخەر چ کەرێکە ئەو قوله چیلکەیە لە تۆ دەکڕێ؟ کۆڵێ پووشکە دەبێ لانیکەم تەندوورێک گەرم کا، یان نا؟ ئەم قوله چیلکەیەی تۆ وەجاخێکیش گەرم ناکا. دەیکا؟

ئەبراو گوتی:

ـ تۆ چی؟ ئەو باوەشە چیلکەی تۆ چی؟ بۆ هی تۆ لە هی من زیاترە؟

ـ نا!

ـ کەوایە بۆ من سەرکۆنە دەکەی؟

ـ سەرکۆنەت ناکەم. ئەگەر لە قسەی من بگەی دەزانی کە قسەکەم بێ عەقڵانە نییە. من دەڵێم وەرە با ئەو دوو باوشە چیلکەیە بخەینە سەر یەک با ببێتە کۆڵێک. ئەوسا دەیبەین لە ناو دێ دایدەنێین و دەیفرۆشین.

ئەبراو گوتی:

ـ باشە قسەم نییە. کۆڵەکان دەخەینە سەریەک، بەڵام من بە کۆڵیدا دەدەم. دەیبەمەوە بۆ نێو دێ.

ـ تۆ؟! تۆ هەڵیدەگری؟ مەگین من مردووم؟! من برا گەورەتم. چۆن دەهێڵم تۆ ئەو کۆڵە قورسە هەڵگری. خەڵک چیم پێدەڵێن؟ تف لە ڕووم نا کەن؟ ناڵێن ئەو خوێڕییە برا چکۆلەکەی خستۆتە ژێر بار؟! تۆش قسەی سەیر دەکەی؟

ئەبراو گوتی:

ـ من... من هەڵیدەگرم. قەیناکا.

ـ قەیدەکا و زۆر چاکیش قەیدەکا! خەڵکی چۆن بیر دەکەنەوە؟! ئەوان پێیان وایە من کار لە تۆ دەکێشم. هێشتا تۆ ئێسکەکانت شلن. من چۆن دەهێڵم ئەو کۆڵە

قورسە تۆ هەڵیگری. مەگین من مردووم! ئەگەر قۆڕ بووی چی؟ هەر ئەو کەربەلایی دووشەممەیە. باوکی سالار عەبدوڵڵات دیوە. لەوەتا قۆڕ بووە، بەجارێ لەکار کەوتووە. تۆ هێشتا منالی، من ناهێڵم براکەم عەیبدار بێ!

ئەبراو، لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو، گوتی:

ـ کۆڵەکە من هەڵیدەگرم.

عەباس ڕەگی لاملی هەستاو گوڕاندی:

ئەوەندە خیشە سەری مەکە زۆڵەکەر! من خۆم هەڵیدەگرم.

ئەبراو هەر دوو پێی لە کەوشێک کردبوو، بە ئارامی گوتی:

من کۆڵە پووشکەکە دەبەم بۆ گۆڕپانی بەر مزگەوت. تۆش لە کۆڵانی پشت ماڵانەوە بڕۆوە بۆ ماڵێ. خۆم دەیفرۆشم، پارەکەشی دەدەم بە نان و دەیهێنمەوە بۆ ماڵێ.

ـ تۆ دەیفرۆشی؟! بەو دەم و زمانەتەوە! تۆ چووزانی کڕین و فرۆشتن چۆنە؟ من سێ جار لەگەڵ خاڵە مەولانا چووم بۆ سەفەر مامەڵەم کردووە. ئێستا تۆ دەتەوێ کۆڵە پووشکەکە بفرۆشی؟! ئاخەر کێ هەیە لە منداڵۆچکەیەک پووشکە بکڕێ و پارەکەشی نەغد پێبدا؟ دەتەوێ زەحمەتەکەی ئەمڕۆمان بە فیڕۆ بدەی؟ خۆ دڵت پێی ناسووتێ. تەواوی ئەو لاسکە پەمۆیانە من دانە دانە بە نینۆخ هەڵمکەندوون. ئێستا تۆ دەتەوێ مفت و مەرحەبا لە ئاویان کەی؟

ئەبراو لەسەر قسەی خۆی سووره. گوتی:

ـ من دەیبەم و دەیفرۆشم. تۆش ئەگەر لەگەڵ خاڵە مەولانا دەچووی بۆ کڕین و فرۆشتن هەر کەرت لێدەخوڕی؛ بۆ نازانم؟ ئەگەر پیاوی کار بوایەی ئێستاش لەگەڵ خۆی دەیبردی. من پووشکەکە دەبەم و دەیفرۆشم. پێت خۆشە وایە پێت خۆش نییە من کۆڵەکەی خۆم دەبەم، تۆش کۆڵی خۆت، خۆ پیشکانت پێیە، بچۆ کۆڵەکەت تەواو کە و وەرە بیفرۆشە.

ـ پیشکانەکە دەدەم بە تۆ!

ـ بۆ خۆم، خۆم.

ـ نا؛ هەر ئەمڕۆ. بچۆ کۆڵێکی گەورە بۆ خۆت هەڵکەنە، ئیتر چیت دەوێ.



ئەبراو گوتی:

ـ باشە پیشکانەکەم دەیە. نیوە کۆڵێکم هەیە. دەچم ئەوەندەی دیکەش دێنم و کۆڵەکەم تەواو دەکەم.

ـ یانی ئەو کۆڵە پووشکەیە دیسان لەگەڵ خۆت دەبەیەوە بۆ مەزرا؟ پێت عەیب نییە؟ تا ئێستا کێت دیوە لە ئاواییەوە سووتەمەنی بەرێ بۆ مەزرا؟ دەتهەوێ خەڵک پێت پێبکەنن؟

ـ قەیناکا با پێبکەنن؛ بۆ خەڵک نانی شەویم دەدەنێ کە پێم پێدەکەنن؟!

عەباس ددانی لە ڕیچەوە برد و گوتی:

ـ ئەوەندە خیشەسەر مەبە گووگلێنکە؛ لێتدەم وەک سەگ دەتتۆپێنم! زگی برسی بێ بەزەییە. سواری سەرت بم دەتخنکێنم. پێت وا نەبێ برامی بەزەییم پێتدا دێ. نا! من ئەوە ڕیخۆڵەم لە برسانا پێچی پێدا دێ. ڕەقم هەستێ بە ددان کەوڵت دەکەم. وەرە سەر ڕێ و ئەوەندە پێ مەچەقێنە. خۆمن نامەوێ نانی ئەو کۆڵە پووشکەیە بە تەنیا بخۆم؛ بەشی تۆشی لێدەدەم. بە سەری برایەتیمان بەشی تۆشی لێدەدەم. بۆ ئەوەندەم ئازار دەدەی؟ لە دەست تۆ نازانم قوڕێ کوێ وەسەر کەم. بێدین، مەگین تۆ دین و ئیمانت نییە؟ خودا ناناسی؟ من برای تۆم، برا گەورەت! یانی شەرم ناتگرێ؟ گیسکە گولە، شەویلکەم شل بوو لەگەڵتدا بۆ حاڵی نابێ؟ ئاخەر بۆ بەزەییت بە مندا نایە؟! من براتم. شیری مەمکێکمان خواردووە. بۆ حاڵی بوونت نییە؟ تۆ دەتهەوێ هێندە بگورێنم تا گەرووم دادەکەوێ؟ من شەو و ڕۆژ بە دەست ئەو هەموو نارەسەنییەی تۆوە عەجمانم نییە. ئاخەر تۆ چ دوژمنایەتییەکت لەگەڵم هەیە؟ دەتهەوێ دیقم پێبکەی؛ ها؟ دەتهەوێ لە دەست تۆ شێت بم و بدەم بە کێودا؟

ئەبراو گوتی:

ـ من کۆڵە پووشکەکە دەبەم.

ـ تۆ دەیبەی؟! تۆ گووی جەدد و ئابادت دەخۆی، کوڕی کەری لەکەر بوو! تۆ دەیبەی؟! ئێستا پێت دەڵێم چۆنی دەبەی!

عەباس هەستا و ئاوقای ئەبراو بوو، خۆیدا بە سەر کۆڵە پووشکەکەیدا و گوریسەکەی گرت. ئەبراویش بەسەر خۆیدا کێشا و توند لە باوەشی گرت. ئیتر عەباس لە دین دەرچوو، خوێن بەر چاوی گرت و هیچی نەدی.

دەیویست هەرچۆنێکە ئەبراولە سەر کۆڵە پووشکەکەی هەڵپچڕێ کە وەکوو قڕنوو پێوەی نووسابوو. هەر چۆنێکە کۆڵە پووشکەکە بخاتە سەریەک. هەر بۆیە باوەشی بە ئەبراو و کۆڵە چیلکەکە دا کرد و تا سینگی هەڵهێنان بە توندی بە عەرزی دادان. بەڵام ئەبراو هەروا بە کۆڵە پووشکەکەیەوە نووسابوو و بەری نەدەدا.

عباس لاقی هەڵێناو هەتا توانی پێلاقەیەکی دا بە مۆغەرەی پشتی ئەبراو داو نرکەی لێ هەستاند. بەو حاڵەش دەستی لە کۆڵە پووشکەکەی بەر نەدا. دەیقیژاند و بەرینەدەدا. عەباس وەک شێت و هاری لێهاتبوو. ئیتر سەبری لێبڕابوو. بەزۆر دەستی کرد بە بن زگی ئەبراودا کە هەموو پشتی دەستیشی ڕووشا. هەر دوو چنگی لە بن زگی ئەبراو گیر کرد و چۆکی دادا. ئەبراوی دەکێشا. بەڵام ئەبراو لەگەڵ پووشکەکە بووبووە یەک و جیا نەدەبۆوە. عەباس بەسەر پشتی براکەیدا خەوت. هەر دوو کەشکەژنۆی نایە سەر خاڵیگەی و قەپۆزی بردە بن گوێی ئەبراو و قەپی کرد بە گوێچکە خۆڵاوییەکەیدا و جاویی.

بە گوشاری ئەژنۆی و چنگی ژێر ناوک و جاورانی گوێچکە گەورەکەی، ئەبراو لەژێر ددانی عەباسدا دڵی بێخود بوو. وەک میوەیەکی گەییو کە لە دار دەوەرێ، ئاوا لە کۆڵە پووشکەکەی بۆوە و بێهۆش کەوت بە سەر بەرد و کوڵۆی بن دیوارەکەدا.

دەمی عەباس پڕ بووبوو لە خوێن. پڕشنگی خۆری دەمەو بەیانی بە سەر خوێنەکەوە بریقەی دەداوە. عەباس لەسەر کوڵۆیەک دانیشت و هەردوو دەستی بە سەرییەوە گرت. گریانیشی نەدەهات. دەتگوت لەو چاوانەی تەنیا دەکرێ خوێن بچۆڕێ. هەستا کۆڵەکەی ئەبراوی خستە سەر کۆڵەکەی خۆی و گوریسەکەی فڕێدا پەنا تەرمەکەی ئەبراو. لەبەر کۆڵەکەدا هەڵترووشکا و لە پشتی خۆی قایم کرد:

«ئێستا ئابەوە دەڵێن کۆڵ!»



کەشکەژنۆی لە عەرزەکە چەقاند و بە تەکانێک هەستا پێ. هەروا بە پشت دانەواوی کوڵەکەی بە پشتییەوە ڕاستەو پاستە کرد. ئەبراو لە بەر دەمیدا کەوتبوو. بە پەنا سەریدا تێپەڕی و پێیی نایە کۆڵانی ئاواییەوە. سێبەرەکەی لە پێش خۆیەوە دەڕۆیی و عەباس چاوی لە سێبەری کۆڵەکەی بوو. خۆزگە گەورەتر دیار بوایە. بەڵام وا دیار نەبوو. خۆرەکە لە پشتەوە لێیدەدا. لاشانی لە خۆرەکە کرد و ڕاوەستا. سێبەری کۆڵەکە گەورە دیار بوو. عەباس گەشایەوە. وەڕێکەوتەوە. کۆڵانێکی تر. دەنگی هەناسە بڕکێی ئەبراو لە جێی خۆی ڕایگرت. ئاوڕی دایەوە. ئەبراو بە دوایدا دەهات. ڕاوەستا. چاوی ئەبراو وەک دوو کوانووی پڕ ئاور وابوون. دڵی عەباسیشی سووتاند. لەگەڵ ئەوەشدا عەباس وەبەر تانەو تەشەری دا:

ـ چییە؛ ئەمجار چیت دەوێ؟ خۆ هەقەکەیت وەرگرت.

ـ ئەبراو وتی:

ـ پیشکان. پیشکانەکەتم دەوێ.

## بەندی سێهەم:

که خۆر ئاوا بوو، ئەبراو هاتەوە. کۆڵێکی لاسکە لۆکە بە کۆڵیدا بوو و ئارەق لە سەری لووتی دەتکا. ڕەنگی بە ڕووەوە نەبوو. هومایی. لێو و ڕوومەتی لەبەر شەکەتی و بێهێزی دەلەرزی. هیچ لەبەر دڵیدا نەبوو. ئەو ئارەقەی نێوچاوان و لاملی خووساندبوو ئارەقی ماندوویەتی نەبوو، زیاتر ئارەقی بێهێزی و برسییەتی بوو. هەستت دەکرد تانوپۆی لەشی خەریکە لەبەریەک هەڵدەوەشێ. بیستبووی «پیاو ئەگەر ئەژنۆی بلەرزێ، دەکەوێ» لەگەڵ ئەوەشدا ئەبراو خۆی نەخست بە عەرزیدا. دوایین تۆزقاڵە تواناکانی خۆی کۆ کردەوە و هەنگاوێکی دیکەی بەرەو هەیوان و سەر تەندوورەکە هەڵێنایەوە. بە لەتردان و لاتراسکە بەستن گەیشتێ، کۆڵەکەی بە دیوارەکەوە داو ئەژنۆی نووشتایەوە. کۆڵی لاسکە پەمۆ دیوارەکەی داڕووشاند و لەبەر دیوارەکەدا کەوتە عەرزی و ئەبراو پشت بە کۆڵە چیلکەکەوە لەسەر عەرزی دانیشت. پشتە سەری نا بە چیلکەکانەوە و لاقی ڕاکێشا. لاقی بێئیختیار ڕاکێشران و پێلووی بە ئارەق خووساوی پێکدا نووسان. دەستیشی شل بوون و بەملاو ئەولادا کەوتن. بەڵام گوریسەکە هەروا ڕاست و چەپ لە سینگ و شانی توند بووبوو. هێزی نەبوو گرێی گوریسەکە لەسەر قەفەزەی سینگی بکاتەوە. دەتگوت لەشی بۆتە پووش. سەری لە گێژەوە دەهات و خۆی وەک پەڕە کاغەزێکی سووک دەدی کە با وەحەوای خستووە. هەستی دەکرد ئەندامەکانی جەستەی خەریکن لێک بڵاو دەبن. دەتگوت وردە وردە دەپووکێتەوە و چکۆلە و چکۆلەتر دەبێتەوە. لە بەرزاییەکەوە بەردەبێتەوە. جیابوونەوەی بەردیک لە ئەستێرەیەک. وێڵ و سەرگەردان بە حەواوە. ماوەیەک لە نێوان بوون و نەبووندا. بێهۆش. پێچ و خول دەخوا، پێچ و خول دەخوا. پێی وایە هیچ شتێک لە جێی خۆی بەند نابێ، لە نێو تەم و مژ و دووکەڵدا هەڵدەسووڕێن. باویلکە. لەسەر بەرداش. دەتگوت



لەسەر بەرداش، لەگەڵ گەنم تێکەڵ بووە. جۆلانێ. وەک جۆلانێ. سلووچ جارێک بنەماڵەکەی برد بوو بۆ سێزدە بەدەر و ئەو ڕۆژە جۆلانەی بۆ هەڵبەستبوون. گوریسێکی لە دوو دار سنجوو بەستبوو. ئەبراو سەری لە گێژەوە هاتبوو. پەرۆش. دڵی تێکەڵ دەهات. ئەو زەرداوەی خۆی لە ڕیخۆڵەو گەدەی هەڵدەساوی جینگڵی پێدا. هەڵیستاندە سەر چۆک، لەگەڵ ئەو، کۆڵە پووشکەکەش هەستا. ئەبراو دەمەوڕوو کەوت و کۆڵە پووشکەکەش بە سەریدا. زەرداو. ئەبراو زەرداوی هێناوە و دەمی لە عەرزی هەڵچەقی. کۆڵە پووشکە لەسەر پشتی خوار بوو بۆوە. ژان و پێچی ڕیخۆڵەکانی عەجمانی لێهەلگرتبوو. هەڵیدەچۆقاند. هێزی جووڵانی نەبوو. هێزی نەمابوو. بەڵام گوشاری زەرداو وای لێکرد لەخۆی بنەوێ. ویستی خۆی لە چنگ کۆڵە پووشکەکە ڕزگار کا. دەستی برد بۆ گرێ قوڵفەکەی سەرسنگی. بە تەکانێک گرێکەی ترازاند. کۆڵە پووشکە کراوە و کەوت بەلادا. ئەبراو سووک بوو. دیسان ڕشانەوە. ئەمجارە زەرداوی خاڵی نەبوو. لکەی خوێن. ئەبراو خێرا دەستی برد بۆ گوێچکەی. نا، خوێنی گوێچکەی وشک ببۆوە، قەتماخە. بەڵام ئەبراو نەیدەویست باوەڕ بکا کە خوێن ڕشاوەتەوە. شەلاڵی ئارەقە. بە گاگۆلکێ بەرەو وەتاغەکە خوشی و خۆی گەیاندە پەنا وەجاخەکە. وەجاخ سارد و سڕ. زۆری پێنەچوو سەرما، سەرمایەک کە ئەبراو لەبەر تاویاوی بەتینی لەشی لەبیری چوو بۆوە، وەلەرزینی خست. چەق و چۆ. وەک شەقشەقە دەلەرزی. کەس نەبوو. هیچ کەس لە ماڵ نەبوو. «هیچ کەس لە ماڵ نییە؟ هیچ کەس؟!»

دەنگی لەرزۆکی ئەبراو گەڕایەوە بۆ گوێی خۆی. دەبوو هەستێ. هەستا. دەستی بە دیوارەکەوە گرت و ڕاوەستا. لەرزی. جینگڵی دا. چڵە بییەکی لەبەر با دا. دەتگوت بۆمەلەرزەیەک ڕایدەوەشێنێ. ئەژنۆی، شان و پشتی دەلەرزین. بە زەحمەت دەستی بە دیوارەکەوە گیر بووبوو. ماڵەکە ڕەش داگەڕابوو یان ئەو چاوی لە ڕەشەوە دەهات؟! چاوی لە درگاکە کرد. شەو گەرووی درگاکەی پڕ کردبوو. نا، کەوایە ژوورەکە تاریکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ کارێک بکات. لێفەکان لەوسەری ژوورەکە بوون. لەسەر هەرزاڵەکە. بە کوێرە کوێرە ڕۆیی بۆ لای نوێنەکان. بە لەرزە لەرز لێفەیەکی داگرت و بە خۆیدادا. نا، لێفەیەک بەس نییە. یەکی

دیکەش. دیسان یەکی دیکە. ئەوەی بوو، هەرچی لێفە بوو دای بەخۆیدا. چەق و چۆو شەقە شەقی ددانی کەم نەدەبۆوە. شەقە شەقی کاکیلکەی لە بن لێفەکەدا دەنگی دداوە. شتێک کە خۆشی نەیدەزانی چییە، وای لێدەکرد بنووزێنێ. نالین. شتێک. حاڵەتێک بۆ دەربڕینی ژان. توولە ڕێیەک کە مرۆڤی نەخۆش بۆ دەرباز بوون لە چنگ ژان هەڵیدەبژێرێ. ئەگەر ئەو ژانە لە ناخیدا بێ و کڕ و کپ بێ. تەقەدەکا. تان و پۆی لەشی لەبەر یەک هەڵدەوەشێ. نالین. نالاندنێکی خەماوی. لەو شێوە نالینەی کە دڵی پیاو ئاور تێبەر دەدا. سینگی پیاو دەکێڵێ. نالینێکی وا کە پێت وایە هەزار ساڵ لە ناخدا قەتیس بووە.

لە ناخدا ڕەگ و پنجی داکوتاوە. لە ناخی یەسقانەوە سەردەکا. نا، هەر ڕەگ و پنجەکە، یەسقانەکە، ئەو ڕەگ و پنج و یەسقانەی کە بوونەتە نالین. بوونە لالانەوە و کوڕوزە و لە ئەوکەوە هەڵدەقوڵێن. گیانەو خەریکە دەرچێ. گیانە و خۆی لە زمانەوە دەپێچێ. هەڵدەسووڕێ و لە نێوان ددانە چیڕە و ددان بە جەرگدا گرتندا، بۆ هانایەک دەگەڕێ. بەڵکوو بگەنە فریای:

«وەی... دایە... دایە... »

ئەوە، هەر ئەو هاوار و نالینە خەماوییە بوو کە لە ژێر ددانی ئەبراوی کوڕی سلووچدا قرچ و هۆڕ دەشکا. ئەوەش دەبێ یەکەم وشەیەک بێ کە لە کاتی ژانی جەرگ تەزێندا بە سەر زمانی مرۆڤدا تێپەڕیوە و دەرباز بووە.

عەباس هاتەوە. نانی بە دەستەوەیە و پارووی لە دەمیدایە. لەگەڵ جوینی پارووی نان چاوی زیاتر زەق دەبنەوە. گوریسە قوڵفە کراوەکەی لە شانی کردەوە و فڕێیدا بن دیوارەکە. زمان درێژانە، وەک پیاوێک کە بژێوی خێزانی لە دەستدایە و بنەماڵەیەک بەخێو دەکا، گوڕاندی:

ـ کەس لەم بەقوڕێگیراوەدا نییە؟

تەنیا نووزەی ئەبراو تاریکایی ژوورەکەی دەلەرزاندەوە.

ـ ئەو چرا دەستییە سەگ خاوەنەتان بۆ هەڵنەکردووە؟!

ئەبراو قسەی بۆ نەدەهات. وشە لە ژێر ددانیدا دەتلیسانەوە. عەباس پڵیتەی چرا دەستیەکەی داگیرساند و شۆقێکی لێڵ، تاریکایی ژوورەکەی شەق کرد. عەباس



هێشتا نانەکەی بە دەستەوە بوو. عەباس کە وەڕسووڕاوە چاوی بە دەموچاوی وردیلەی براکەی کەوت کە لە بن لێفەکەوە دیاربوو و چاوی بە ترسەوە تروووکەیان دەهات. هەرچی لێفە بوو دابووی بە سەر خۆیدا. ئەبراو بەو ئەدگارە وردیلە و ترساوەیەوە لە گیانلەبەرێکی گیرۆدەی بریندار دەچوو. عەباس بێ ئەوەی بیر لەو دیمەنە بکاتەوە، ڕۆیی بو لای ئەبراو و بە زمانێک کە تووڕەیی لێدەباری گوتی:

ـ چییە؟ بۆ وا خۆت هێناوەتە حاڵی جاو؟ چییە، ها؟!

ئەبراو هیچی نەگوت. نەیدەتوانی. نەشیدەویست. عەباس خۆ کوێر نەبوو؛ دەبوو بزانێ. عەباس هاتە پەنای و لێی پرسی:

ـ دەموفڵچت بۆ خوێناوییە؟ دیسان وەگیر سالار کەوتی؟!

ئەبراو دەلەرزی و شەقەی ددانی دەهات. عەباس بە ناقایلی لەبەر دەمی ئەبراو چۆکی دادا و گوتی:

ـ چییە زمانت شکاوە؟! کەڕ و لاڵی؟! بۆ قسە ناکەی؟!

ئەبراو پچڕ پچڕ گوتی:

ـ چەقوچۆ، یەسکی لەشم خەریکە دەتەقن. گیانم دەرچوو، فریام کەوە! سەرمامە.

ـ چت لێبکەم؟ هەرچی شڕە و بڕەیە داوتە بە خۆتا.

ـ خۆت، خۆت، قڕم هات. سەرمامە.

عەباس هەستاو بەزگەوە، بە سەر لێفەکاندا ڕاکشا. لەرزینی جەستەی ئەبراو ئەویشی دەلەرزاندەوە.

ـ چ بەلایەکت بە سەر خۆت هێناوە؟!

ـ زگم، زگم، ڕیخۆڵەم...

ـ چ قوزەڵقورتێکت خواردووە؟

ئەبراو هیچی نەگوت. تەنیا نالین و نووزە. عەباس لە سەر لێفەکان هەستاو نانەکەی هێنا:

ـ ڕەنگە هی ئەوە بێ زگت خاڵییە. ها؟ هانێ! ها!

پەنچکێ نانی کرد بە دەمییەوە:

ـ ورد بیجاوە، ورد بیجاوە. دیسان دەتدەمێ. تێر بخۆ، ورد بیجاوە ورد.

- سەرمامە سەرما، گەرمم کەوە. مردم. قڕم هات!

عەباس بێڕاوەستان کڵاشەکانی داکەند. خۆی خزاندە بن لێفەکەوە. توند ئەبراوی لە باوەش گرت. لەرزینی ئەبراو ئەویشی وە لەرزین خستبوو. بەڵام عەباس وەک ئەوەی جاشکێکی چەمووش ڕام بکا، توند توند لە باوەشی گرتبوو:

- نان بخۆ نان؛ چەندەت پێ خۆشە بخۆ! زگت خاڵییە بۆیە دەلەرزی، بخۆ دەی!

ئەبراو پاروو لە دوای پاروو قووتی دەدا و لە نانەکە کەم دەبۆوە. ڕاست وەک مارێک کە کەوتبێتە چنگ ژیشکێک و خەریکی قووتدانی بێ. جار لەگەڵ جار کورتتر دەبۆوە. عەباس ئەگەر هەر ئاوا بێدەنگ بوایە. ئەبراو قرتەی لە نانەکە دەبڕی. بۆیە لە پڕ وەخۆ هاتەوە و لەتکە نانەکەی لە ئەبراو ساندەوە.

- بێ ئینساف؛ خۆ نەمگوت پرزەی لێ ببڕە. نیوەی زیاترت لووش کرد!

ئەبراو بە نکوناڵەوە گوتی:

لەتکە برشتە و برژاوەکانی هەمووی تۆ خواردبووت.

- ئەوە زمان درێژیش دەکەی؟! خەتای خۆمە کە... وادیارە ئارام بوویەوە، نا؟

- تۆزێک.

عەباس کە کراسەکەی لەبەر زگیدا بە ئارەقەی ئەبراو خووسابوو. لەشی لە لەشی براکەی کردەوە، لە ژێر لێفەکە هاتە دەرێ و گوتی:

- خۆت وەبەر با مەدە، ئارەقەت کردووە.

تاویاو. دوای تاوێک لەشی ئەبراو وەک گڕی تەندووری لێهات. ئازای لەشی وەسەر ئارەقە کەوتبوو. ئارەقێکی لینچق و شیلاوی. وەک لاسکە جەگەن لە نێو مەنجەڵێکی کوڵاتوو دا. دەتگوت کێوێک لە سەر جەستەی بارە:

- ئەو شڕە و شاڵاتەم لە سەر لادە خنکام.

عەباس جوابی نەدەدایەوە:

- ئارەقەت کردووە نابێ با لێت بدات.

- باشە لانیکەم هێندێکیان لابە، خەریکە هەناسەم ڕادەوەستێ.

- نا، تاقەت بێنە.

ئەبراو لەبەر براکەی دەپاڕایەوە:



- تۆ خودا، تۆ پێغەمبەر، تۆ گیانی ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، فریام کەوە، گیانم دەرچوو!

عەباس دەستی لە خیرەسەری هەڵگرت. ئەو لەتە نانەی مابوو نایە باخەڵی و پاروەکەی دەمی قووت دا و گوتی:

- باشە باش. ئێستا کە ناوی خوات هێنا یەکیان لادەبەم.

پڵاسێکی لە سەر لابرد.

ئەبراو پاڕایەوە:

- یەکی دیکەش، یەکی دیکەشم لێکەوە، تۆ گیانی باوکم.

عەباس تۆزێ مت بوو:

«هەر بەڕاست بۆ چەن شەوێکە دیار نییە؟!»

- تۆ دەڵێی چی ئەبراو؟ هەر بە ڕاستی ڕۆیشتووە. یانی دایکم لەبەر ئەو کابرایە، سالار عەبدوڵڵا، وا خۆی هێناوەتە حاڵی جاو؟

ئەبراو پاڕایەوە:

- کوڕە ئاورم تێبەر بوو، سووتام! لێفەیەکی دیکەشم لەسەر لابە.

عەباس گوتی:

- ئەی ئەوە لەکوێیە؟ دایکم دەڵێم. نەکا ئەویش بە لایەکی دیکەدا سەری پێوە نابێ و ڕۆیشتبێ؟

ئەبراو هاواری کرد:

- عەباس... عەباس... بێ دین خنکام! لێفەیەکم لە سەر لابە. تۆزێ ڕەحمت بێ.

عەباس لێفەیەکی دیکەی لە سەر لابرد و دوایین پارووی نانەکەی لە گووپی ئاخنی و گوتی:

- باشە؟ ئەوەش لێفەیەکی تر.

ئەبراو بێدەنگ بوو. لەشی دەتگوت سڕ بووە. لایەکی ڕوومەتی نایە سەر عەرزەکە و پێلووی قورسی چاوی لە سەر یەک دانا و پاڕایەوە:

- کۆڵە پوشکەکەم... کۆڵەکەم بۆ بێنە... بیهێنە پشت سەرم.

وڕێنە دەستی پێکرد. عەباس بیستبووی کەسێک کە تاو یاوی بێ، وڕێنە دەکا. کەوایە جێی مەترسی نەبوو. حەزیکرد بچێ چاوێک لە کۆڵە پووشکە کە بکات. چووە دەرێ و کۆڵەکەی ڕاست کردەوە. قورسی هاتە بەر چاو. لەبەر کۆڵەکەدا دانیشت و پشتی پێوەدا. وەسوەسە دڵی داگرت. سەری پەتەکەی بە سەر شانیدا هێنایەوە لە سەر سنگی توند گرێی دا. کۆڵەکە بە پشتییەوە جێی خۆش کرد. هێزی لە خۆی داو کۆڵە پووشکەی بۆ بەرز نەکرایەوە. قورس بوو. بەڵام عەباس نەیدەویست ئەوە قەبووڵ بکا کە هی زۆریی پووشکەکەیە. پێی وابوو بە هۆی تەڕ بوونی لاسکە پەمۆکانەوەیە. دیسان هێزی لە خۆی دا. کۆڵە پووشکەکەی هەڵێنا، بەڵام لە سەر پشتی ڕانەوەستا و بە لادا کەوت.

«ئەم گیسکە گولە چۆنی هەڵگرتووە و هێناوییەتەوە؟»

وای دانا کە ئەبراو کورتە باڵاترە. بۆیە باشتر دەتوانێ لە ژێر کۆڵەکەدا هەڵترووشکێ و بۆ ئەوەی کۆڵەکە لە سەر پشتی جێگیر بێ هەر توزێ بەرزی بکاتەوە تەواوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شوورەیی بوو ئەگەر عەباس کۆڵە پووشکەکەی ئەبراو نەتوانێ. هەموو هێز و گوڕی خۆی خستە کار و بە کۆڵەکەوە هەستا سەر پێ. ئەژنۆی لە بن قورسایی کۆڵەکەدا دەلەرزی. لاتراسکەی بەست و خەریک بوو بە لادا بکەوێ. خولێکی لێدا، بەڵام بەر لەوەی سەری لە گێژەوە بێ، خۆی گرتەوە و پێی لە عەرزی چەقاند. هەستێکی تێکەڵ بە غوروور کۆڵەکەی لە سەر پشتی سووکتر کرد. ئەگەر وانەبوایە، ئەگەر لە ژێر کۆڵەکەدا نەیتوانیبایە خۆی ڕاگرێ، لە خۆی شەرمەزار دەبوو. ویستی کۆڵەکە دانێتەوە، بەڵام شتێک نەیدەهێشت، هەستێک، ویستێک، جارێکی دیکە کۆڵەکەی لە سەر پشتی هەڵتەکاند و ڕاستە و پاستەی کرد. بەرەو کۆڵان ملی پێوەنا لەگەڵ تاریکی ئاوێتە بوو.

عەباس گوێی لە ترپەی نەرمی هەنگاوی مێرگان بوو. پاشان توانیی تاپۆی باریکەڵەی ببینێ. هاجەری خوشکی عەباسیش لەگەڵ دایکی بوو. عەباس کۆڵەکەی بە دیوارەکەوە ناو لە ژێریدا بە کووڕی مایەوە:

ـ دایک و کچ تا ئێستا لە چ بە قوڕێگیراوێک بوون؟

مێرگان کە ڕقێکی پەنگ خواردووی لە گەروودا بوو، بێ ڕاوەستان گوتی:



ـ لە سەر قەبری بابت!

هەنگاوی هەڵێنایەوە و بە بەر دەمی عەباسی کوڕیدا تێپەڕی، بەڵام هەنگاوەکانی خاو کردەوە و پرسیی:

ـ خەریکی دێیتەوە، یان دەڕۆی؟

عەباس کۆڵەکەی لە دیوارەکە کردەوە، پشتی کردە دایکی و ملی پێوەنا و گوتی:

ـ دەچم بۆ نانەواخانە.

مێرگان ددانی چیڕ کردەوە و تێپەڕی.

عەباس لە تاریکیدا و مێرگان و هاجەر لە درگای ماڵێدا ون بوون.

ئەبراو هەروا وڕێنەی دەکرد:

ـ «کۆڵەکەم، کۆڵە پووشکەکەم. بۆم بێنن بۆ ئێرە. بۆم بێنن. لە پشت سەرم داینێن. دەیبەن، دەیبەن. »

مێرگان بەرەو لای ئەبراو ڕۆیی. پێویست بە قسە نەبوو. ئەبراو هەموو گیانی هاواری دەکرد کە نەخۆشە. تاویاو. مێرگان لێفەکانی لە سەر لادا. تەوێڵ و برژانگ و برۆی شەلاڵی ئارەقە بوون. مێرگان دەموچاوی کوڕەکەی بە لۆی چارۆکەکەی وشک کردەوە و لە پشت سەری دانیشت و دەستی بە سەریدا هێنا. قژی خووسابوو. تەڕ تەڕ.

هاجەر لە جێی خۆی ماق ما. ئەو هێشتا کەمتر لەوە بوو کە بتوانێ کارێ شتێ لە خۆ بگرێ. لانیکەم خەمی نەخۆشینی براکەی. هاجەر دەبوو ڕاوەستێ هەتا کارێکی پێ دەسپێرن. هەتا کەسێک شتێکی بوێ، داوا بکا. تەنانەت هێشتا ئەوەندە جێ نەکەوتبوو گۆزە بنێتە سەر شانی، ئەو کارەشی دەکرد، بەڵام کاتێک کە دایکی پێی دەگوت. کچۆڵەو پاشەبەرەی بنەماڵە بوو. هەر ئەوەش هاجەری ئەوەندەی دیکە نازدار کردبوو. بۆیە هەمیشە جۆرێک دوو دڵی و چاوەڕوانی بە سیمایەوە دیار بوو. شتێکی وەک دردۆنگی و دڵە خورپە. لەو ڕوخسارە چکۆڵەیەدا، هێشتا شتێکی خۆڕسکی لێ نەڕوابوو. گۆلاوێکی چکۆڵە بوو، هێندێ جار کە تیشکی خۆر لێیدەدا، دەدرەوشایەوە. هێندێ جاریش لێڵ دەبوو کە تۆفانی لم هەڵیدەکرد. هێندێ جار

دەیبەست کە سەرما دەبزووت. هێندێ جاریش تێک دەچوو کە گەواڵە هەور تێکدەهاڵان و ئاسمانیان دەتەنی. ئەمشەویش ئەگەر تێک چووەو شلوێ بووە، هی ئەوەیە ماڵەکەیان تاریک و کپ و خەماوییە. هاجەر هەر ئەوەی پێوە دیار بوو کە دەورو بەری دادەگرت.

ـ کترییەکە بنێ سەر کوانوو کچێ.

هاجەر دەستبەجێ هەستاو ڕۆیی کە کوانووکە هەڵکا.

ناڵەو نووزەی کوڕەکەی دڵتەنگ و خەمباری کردبوو، پێداگر لە هەمبەر پێشهاتەکاندا، هەم خوێن لە چاوی زابوو، هەم ڕق لە گەروویدا پەنگی خوارد بۆوە. مێرگان جینگڵی دەدا و تێدەکۆشا خۆڕاگر بێ. دەبوو کارێک بکات. ڕزگار بوون لەو هەنگاوەدا بوو کە هەڵیدێنایەوە. هەر بۆیە چرا دەستییەکەی لەسەر تاقەکە هەڵگرت و خۆی کرد بە کولێنی پشتەوەی وەتاغەکەدا. لەو کەلوکونانەدا کە تەنیا دایکان بە جێگاکەی دەزانن، دوو سێ جۆر گیای وشکی دەرهێنا و لە بەری دەستیدا وردی کردن و کردیە نێو کترییەکەوە. تاکوو بیکوڵێنێ و دەرخواردی ئەبراوی بدا. چرا دەستییەکەی لە سەر جێی خۆی دانایەوە و بێ ئیختییار خولێکی بە دەوری خۆیدا لێداو لە پشت سەری ئەبراو چۆکی دادا.

نەخۆشی، بۆ مێرگان شتێکی تازە نەبوو کە سەری لێ بشێوێنێ. مێرگان لەگەڵ نەخۆشی گەورە بووبوو، لەسەر ئەو باوەڕەش بوو لە گەڵی پیر دەبێت و لەگەڵیشی دەچێتە گۆڕەوە. زۆر پیر و لاوی دیتبوو کە درەنگ و زوو لەگەڵ مەرگ دەستەملان بووبوون. زۆریشی دیتبوو لە مردن گەڕاونەتەوە و دیسان باوەشیان لە ژیان وەر هێناوە و شان بە شانی ڕۆژگار کەوتوونە ڕێ. دیتن و بیستن. ماڵۆچکەی زەینی مێرگان پڕاو پڕ لەو دیتن و بیستنانە بوو. بەڵام کێ دەتوانێ چاوەڕوانی بێدەنگ دانیشتنی دایکێک بێ کە ڕۆڵەکەی نەخۆشە؟ با نەخۆشییەکەی تاویاوێکی سادەش بێ. مێرگان بە ڕەواڵەت ئارام بوو، بەڵام لە دڵەوە شڵەژاو و بێ ئۆقرە. لەگەڵ وڕێنە کردنی ئەبراو، جاری وابوو وا تووشی گێژ و خولی بارەشی خەم دەبوو، لە ناخەوە هەڵدەچۆقا و بۆکوڕووز لە هەناسەی هەڵدەستا. لەو کاتانەشدا تەنیا کارێ کە لە دەست مێرگان دەهات، ئەوە بوو کە دەمکراو دەرخواردی



کوڕەکەی بدا، ئێستاش خەریک بوو ئەو کارەی دەکرد. ئیتر چی؟ بەوە دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە کە کوڕەکەی ئارەقەی کردووە، ئەوە باشە. بەڵام دەبێ وریا بێ و نەهێڵێ سەرما لێیدا. دوای چاک بوونەوەش نەهێڵێ باپەڕ بکات و نەخۆش کەوێتەوە. ئەویش هەر ئەوانەی لە دەست دەهات.

ـ نەکولا کچێ؟

هاجەر نەیگوت «نا». گوتی:

ـ خەریکە دەکوڵێ.

مێرگان بە خۆشی و بە هاجەریشی گوت:

ـ ئەمڕۆ کێ تەندووری داخستووە؟

ئەمڕۆ هاجەر هەر لەگەڵ دایکی بووە. کە وایە مێرگان دەیزانی هەر لە خۆوە پرسی بووی. بەڵام مێرگان بەو قسەیە دەیویست دڵی خۆی سارێژ کا. هەر ئەم گوتنی «لە کوێ دەتوانین ئاوری تەندوور پەیدا کەین» دڵگەرمی دەکرد. جۆرێک بە خۆی و بە منداڵەکانی دەسەلماند کە لە بیری گەرمایەکدایە بۆ شەوێ. بە زمانێک لە منداڵەکانی دەگەیاند کە کاری هەموو شەوێکی سکڵ و خۆڵەمێش لە تەندووری ئەم و ئەو هێنان ـی لە بیر نەچۆتەوە. جۆرێک بە وڕێنە کردنی ئەبراو و چاوی پڕ لە ترسی هاجەر و دڵەتەنگەکەی خۆی هیوادار بوو.

هاجەر کتری و قاپەکەی هێنا و خۆی گەڕاوە بۆ لای وەجاخەکە و لە بن دیوارەکەدا دانیشت. مێرگان پیاڵەکەی پڕ لە دەمکراو کرد و بە ئەبراوی گوت سەرت هەڵێنە. ئەبراو زۆر بە زەحمەت هەستا سەر قوون دانیشت و هەردوو دەستی کردە کۆڵەکەی لەشی و وەک پشیلەیەک لە جێی خۆی مات بوو. دایکی بیستبووی کە: سەر دڵ کە قورس بێ تاویاوی پێوەیە. ئەوەشی بیستبوو و ئەزموو بووی کە دەمکراو سەردڵ سووک دەکا. هەر بۆیە دەمکراوەکەی لە قاپەکەدا سارد کردەوەو و بە دەمییەوەی کرد. مێرگان بێ زیاد و کەم ئەوەی دەیزانی دەیکرد. بە گیان و دڵ هیوای چاکبوونەوە. دەمکراوی گوڵە هێرۆ و وەنەوشە و خەیار چەمبەری بە دەم کوڕەکەیەوە دەکرد کە دەستی لە گوێچکە بریندارەکەی ئەبراو

کەوت و هاواری لێهەستا. مێرگان تازە بۆی دەرکەوت کە گوێچکەی کوڕەکەی گەزراوە:

- کێ؟ چ تووتکە سەگێک؟ کێ گوێچکەتی گەزیوە؟ ها؟ ئەو چەقوچۆیەش هی ئەوەیە! پێم بڵێ؛ زۆڵی سەگە کێیە؟ ها؟ پێم بڵێ دەی. هەر کەس بێ! دەیرێنم بە گۆڕی بابە سەگیدا. پێم بڵێ با بچم داری لە قوون برم. سەگبابانە، هەتیویان وە گیر کەوتووە! خودا خۆی لەم منداڵە چارەڕەشەی داوە. ئێوە ئیتر بۆ لێی دەدەن، ڕەبی ئاورتان تێبەر بێ!

مێرگان ئیتر لە ئەبراوی نەدەپرسی کێ لێی داوە. قسەی بۆ ئەویش نەدەکرد. قسەی بۆ هەموان دەکرد. بۆ هەوا. بۆ دار و دیوار. بۆ گوێچکەکانی خۆی کە دەیانبیست و نەیاندەبیست. دەستی لە ئەبراو بەردابوو. هەر دوو لۆی چارشێوەکەی لە نێو قەدی توند کردبوو و بە نێو ژوورەکەدا هەڵدەخولا. هاجەر هەر لەو سووچە دیوارە خۆی کوشمەڵە کردبوو و ئەبراو کاس و وڕ سەری لە عەرزەکە چەقاندبوو. مێرگان هەڵدەسووڕا و ڕادەوەستاو ڕادەوەستا و یەک وچان قسەی دەکرد. دەیگوڕاند. قسەی دەکرد بە توندی. لەگەڵ خۆی، لەگەڵ ماڵەکەی، لەگەڵ شەو، لەگەڵ بوون و نەبوون، قسە کردنەکەشی سادە و ئاسایی نەبوو. جۆرێک هەڕەشە و گوڕەشە بوو. دەیگوت و بێدەنگ دەبوو. خاو دەبۆوە و لە پڕدا ئاڵەتی دەبوو. دەنگی هەڵدێنا و هاواری دەکرد:

– فریای کامەیان بکەوم؟ باڵم وەسەر کامیان بکێشم؟ دان و ئاو بە دەم کامیانەوە بکەم؟ هەر کەس هەڵدەستێ چززەیان لێ هەڵدەستێنێ. هەر کەس دەگاتێ یەکیان دەداتە بەر مشت و چەپۆک. دە یەکجاری وەرن بمانخۆن! هەموومان بکەنە مەنجەڵێکەوە و بمانکوڵێنن. وەرن؛ وەرن دەی!

- کەس سەری ڕووت نەبێ؛ یا ئەڵڵا!

ترپەی قورسی پێی کوێخا نەورۆز، لەگەڵ کۆخەیەکی کورت. مێرگانی وەخۆ هێنایەوە و پاشان قەڵافەتی دوو پیاو نێو درگاکەی وەتاغی پڕ کرد. کوێخا نەورۆز باڵتەکەی بە شانیدا دابوو و سالار عەبدوڵڵا عەبای لە بەردابوو. هەر دووکیان



مێزەریان بە سەرەوە بوو، سالار عەبدوڵڵا لکەیەکی مێزەرەکەی بەسەر سینگیدا شۆڕ کردبۆوە.

لەگەڵ هاتنە ژووری سەرمایان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. تا ئەم کاتە سەرما لە نێو ژوورەکەدا لەبیر چوو بۆوە. تەنیا هاجەر بوو کە بە تەواوی هەستی بە سەرما دەکرد و لە پەنا وەجاخەکەدا خۆی کوشمەڵە کردبوو. مێرگان و ئەبراو هەردووکیان لە کڵی تاویاو دا دەسووتان. ئەبراو لە تاو یاوی نۆبەتێ داو مێرگان لە تاویاوی ڕق و قیندا. لەگەڵ دیتنی پیاوەکان مێرگان بێدەنگ لە سووچێک دانیشت. هیچی نەگوت. تەنانەت سڵاوی لە بیر چوو بۆوە. وانەبوو کە چاوەڕوانی دیتنی سەر و سەکوتی سالار و کوێخا نەبێ؛ چاوەڕێ بوو. لە سەریشی حیساب کردبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی داخورپا. دیتنی ئەو پیاوانەی هێندە پێ ناخۆش بوو کە لە سەر جێی خۆی وشکی کرد.

پیاوەکان دانیشتن. سالار لای درگاکەوە و کوێخا لە پەنا وەجاخەکە. هاجەر لە پەنا کوێخا خزییە دواوە. کوێخا نەورۆز جۆرێک لە سەر ئاورەکە هەڵترووشکا کە نافەکی پاتۆڵەکەی لە سەر تینی کەمی وەجاخەکە بێ. بۆیە بۆ دیتنی مێرگان و بۆ ئەوەی چاو لە چاوی ببڕێ، ناچار بوو سەرە زەلامەکەی وەرسووڕێنێ و مێرگان تێگەیێنێ کە:

- هەستە ئەو سێ چوار کوتە مسە بێنە!

مێرگان لە جێی خۆی نەبزووت. پشت بە دیوارەوە بێدەنگ ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو. کوێخا دووپاتی کردەوە:

- هەستە... هەستە دەی ئەو چوار کوتە مسە بێنە دەی!

مێرگان دیسان جوابی نەداوە. جووڵەشی نەکرد. سالاریش چاوی لە مێرگان بڕیبوو. گۆنای وشک و لاجانگی مێرگانی لەبەر شۆقی کزی پێوسۆزەکە دەدی. بێدەنگییەکی خیشە سەرانە لە جێی خۆی وشکی کردبوو. دەتگوت لە جێی خۆی ڕەق بووە. نەخشی بەر جەستەی ژنێک لە سەر بەرد. بەڵام سالار ئەوەندەش لە سەرەخۆ نەبوو. دڵی پڕ بوو لە قسەی تاڵ و ڕەق کە دەیتوانی بیدا بە گورچووی

مێرگان و کوڕەکانیدا. بەڵام چونکە کوێخا نەورۆز بۆ ناوبژیکاری هاتبوو، جوان نەبوو هەڵچێ. کوێخا سەری وەرسووڕاند و گوڕاندی بە سەر مێرگاندا:

- ئەوە کەڕ بووی؟! دەڵێم هەستە ئەو چوار کوتە مسە میراتییە بێنە! بە زمانی خۆش حاڵی نابی؟

مێرگان هەروا کە چاوی لە عەرزەکە بڕیبوو، گوتی:

خۆتان بچن بیهێنن، خۆ جێگاکەی دەزانن.

کوێخا گوتی:

- ئەگەر بە دەستی خۆت نەیهێنی دیارە کە خۆم دەیهێنم. خۆ من نەهاتووم بۆ ئێرە چاو لە سەر و سەکوتی تۆ بکەم!

مێرگان گوتی:

- خودا لە گەورەییت کەم نەکا!

کوێخا قسەکەی لە دڵ چەقی و گوتی:

- حیساب حیسابە. برایەتیش بەجێی خۆی، برامان برایەتی، کیسەمان جودایەتی... سالار خۆت هەستە. هەستە بڕۆ مسەکان لە پەنا کەندووەکە دەرکێشە. هەستە دەی. هەتا من لێرە بم کارەکەت دژی یاسا نییە.

سالار عەبدوڵڵا ئامادە لە جێی خۆی ڕاوەستابوو. خۆی کرد بە کولێنەکەدا، ئەم دیوی درگا کڕوکپ. مێرگان و کوێخا و هاجەر و ئەبراو هەرکامیان بە شێوەیەک بێدەنگ بوون. دەنگی تەقەو زرینگەی مسەکان لە پشت پەردەکەوە هەستا. سالار عەبدوڵڵا پەردەی درگاکەی لادا. مسەکانی دانە دانە خستە دەرێ و پاشان بە پیاڵەیەکەوە هاتە دەرێ و بە کوێخای گوت:

مسەکان لە نیوەش کەمتر بوونەتەوە. کوێخا! هەتا زووە وەرە تەماشا بکە!

کوێخا هەستا. ڕووی کردە درگای کولێنەکەو سەرحیسابی مسەکان بوو:

- دە سیر. نیو مەن پازدە سیر. ئەم قاپەش داینێن حەوت سیر؛ لەسەر یەک دەبێتە... دەو سی و پازدە و حەوت، مەنێک و دوو سیر. دەمێنێ چوار مەن دوو سیر کەم. باشە ئیتر، باشە؟ پێش ئەوەی شەڕە چەقە دەست پێبکات، سالار عەبدوڵڵا پیو سۆزەکەی لە سەر تاقەکە هەڵگرت و دیسان خۆی کردەوە بە



کولێنەکەدا، هەموو قوژبن و کەلێنەکان گەڕاو هاتەوە دەرێ. پیو سۆزەکەی لە جێی خۆی دانایەوە و گوتی:

- نەماون. مسەکان نەماون. بوونە ئاو بە عەرزیدا ڕۆچوون!

مێرگان بێدەنگ بوو و چاوی لە بەر پێی خۆی بڕیبوو، بەڵام سەرنجی تیژی سالار و کوێخای لە سەر نێو چاوان و لاجانگی خۆی هەست پێدەکرد. چاوەڕێی تووڕە بوونی پیاوەکانیش بوو. هەموو شتێکی لەبەر چاو گرتبوو. هەر بۆیە ئاوا قورس و قایم لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو. ماری سەر خەزێنە. لەوەش زیاترچیی لە دەست دەهات، عەرز تەنها پشتیوانی بوو. هێزی هەستان و وێستانی نەبوو. پێی خۆش نەبوو لە ژێر تانە و تەشەری کوێخا و سالاردا چۆکی بلەرزێ. پێی خۆش بوو تاقەت بێنێ. هەر بۆیە وەک سندانی ئاسنگەری لە سەر عەرزەکە چەقی بوو.

سالار گوتی:

- ناخوونەک! دەستیان تێبردووە. من خۆم دیتبووم. قابلەمە، مەنجەڵی گەورە، لەگەن و تاسە و دەوری. قاپی لێو برکەیی و موجوعمەیەکی سی سیر. تەنیا ئەم سێ چوار کوتە مسە قوپاوە نەبوو خۆ. دەستدرێژی کراوەتە سەر ماڵەکەم! ڕایانگوێستووە. ئەو مسانە هی من بوون.

«هی تۆ؟!»

سروشتی بوو ئەگەر مێرگان وا بڵێ. بەڵام نەیگوت. تەنیا بە دڵیدا هات.

کوێخا بە شەقاوی گەورە هاتە پێشێ و لە نزیک مێرگان ڕاوەستا:

- مسەکانی دیکە لە کوێن؟ لە کوێت شاردوونەوە؟

مێرگان نقەی نەکرد. کوێخا دیسان دووپاتی کردەوە:

- لەگەڵ تۆمە! لە کوێت شاردوونەوە؟

کوێخا دەنگی دەلەرزی. مێرگان ئیتر نەیتوانی بێ وەڵام دانیشێ. هەر بۆیە گوتی:

- لە کوێ بوون هەر لەوێن! من چووزانم.

سالار پەڕییە نێو قسەکانیانەوە و گوتی:

- ئەماون؛ دیار نین! ئەمانە تەنیا چوار کوتە مسی شکاون. ئەوەی بەکار دێ دیار نییە.

مێرگان گوتی:

- لە قەبری بابم دان، لە کوێن؟! من چووزانم چیان لێهاتووە. ئاور تێبەر بوو خۆی هەموو شەوێ کوتێکی هەڵدەگرت و دیبرد لە ئاوی دەکرد. من چووزانم! دەچووە ئاواییەکانی سەروو دەهاتەوە. ڕەنگە لای ئاشنا و ڕۆشناکانی بە بارمتە دایناب‌ێ. ڕەببی عەمری نەمێنێ. خودا فەوت و فەنای کا.

سالار لە پڕ گوڕاندی:

- درۆیە! درۆ دەکەی! بە حەزرەتی غەوس درۆ دەکەی! نانەجیم هەر کاری خۆتە گوموگوڕت کردوون!

مێرگان چاوی لە سالار بڕی و گوتی:

- من؟! دەستم شکێ ئەگەر من دەستم لێدابێتن. ئەو منداڵانەم جوانە مەرگ بن ئەگەر ڕۆحم ئاگاداری ئەو مسانە بێ. سلووچی باوک سەگ هەموو مسەکانی بە تاڵان بردم. هەموو جیازی خۆم بوون. ئەو هیچ و پووچە بردوونی و فرۆشتوونی.

- درۆ دەکەی لەگەڵ جەدد و ئابادت. چڵ درۆی ڕوو ڕەش!ئەو پیاوە قەت دەست بۆ ماڵی حەرام درێژ ناکا. سلووچ دزی لە ماڵی خۆی بکا.

- ماڵی خۆی؟! ئەو لە کوێی هێناوە کە ماڵی ببێ؟ مەگین میراتی باوکە هەورگەرەکەی پێ برا بێ! خۆ ئێوە خۆتان لە بیرتانە وەختێ باوکی مرد چی لە پاش بەجێما؟ تەنیا پێمەڕەیەکی هەورگەری کوا میراتەکەی لەوە زیاتر بوو؟ ماڵی خۆی؛ ماڵی خۆی!یەکێ نابەڵەد بێ پێی وایە بووکی قەڕاڵی فەرەنگ بووم!

سالار گوتی:

- سوێند بخۆ؛ دەست بە قورئاندا دەدەی؟!

- بۆ دەست بە قورئاندا دەم؟

- سوێند بخۆی کە خۆت ئەو مسانەت نەشاردۆتەوە!

مێرگان لە جێی خوی ڕاستەوە بوو، هەڵات بۆ لای هاجەر و باوەشی پێدا کرد. هەتا توانیی چەپۆکێکی بە سەریدا داو گوتی:



- خودا ئەو کچەم لێ بستێنێ، بەو دەستانەی خۆم کفنم کردبێ ئەگەر... ئەگەر خەبەرم لە شتێک ببێ. کوێخا! لانیکەم تۆ قسەیەک بکە!

کوێخا نەورۆز مێرگانی دەناسی. نەک هەر مێرگان. زۆربەی خەڵکی زەمینجی لە سالار عەبدوڵڵا چاکتر دەناسی. هەر بویەش ئەو کوێخا بوو، نەک سالار عەبدوڵڵا. دەیزانی ئەگەر لەوە زیاتری لەسەر بڕوا، مێرگان فوو لە دۆ ناکا و لەوانەیە هاجەر بنێتە تەپڵی سەری و بیدا بەسەر سالار عەبدوڵڵا دا. کوێخاش پێیخۆش نەبوو وای لێبێ. نەیدەویست بە حوزووری ئەو شتی وا بقەومێ. پەلاماردانی هاجەر، بە بڕوای کوێخا، بۆ ئەوە بوو. بۆیە کوێخا وای بەباش زانی کە نێوبژییان بکا. لەوە زیاتر نەدەکرا پێ لە کلکی مێرگان نێی.

مێرگان لەو جۆرە خەڵکانە بوو کە کەسانێکی وەک سالار عەبدوڵڵا و کوێخا پێیان دەگوتن «ڕەش‌وڕووت» لە لایەکەوە ڕاستیش بوو. چونکە مێرگان لە تەواوی تەمەنیدا دەرفەتی ئەوەی نەبووبوو خۆی بناسێ. نە سەری شانەی دیتبوو، نە لاقی کەوش. نە زگی تێر بووبوو، نە جل و بەرگی تەواوی لەبەر خۆی و منداڵیا دیتبوو. بەڵام ئەگەر «ڕەش و ڕووت» شتێکی غەیری ئەوە بێ، دەبوو کوێخا خۆی ماناکەی بزانێ. چونکە مێرگان یەکێ لە ژنە ئازا و بەکار و توند و تۆڵەکانی زەمینج بوو. ڕەنگە بەکارترین ژنی ئەو دێیەش. کێردی تازەسوو. تاوێک سرەوتی نەبوو. ئەگەر دەکەوتە کار بە قەرای دوو پیاو کاری دەکرد. گورجوگۆڵ. ئێستاش کوێخا سوور دەیزانی مێرگان نابەزێ. هەر بۆیە چاوی لە سالار کرد و گوتی:

- هەڵگرە؛ ئەم سێ چوار کوتەمسە هەڵگرە پاشان باقییەکەی دیکەی وەگیر دەخەین.

مێرگان ڕاوەستاو گوتی:

- باقی و ماقی نییە کوێخا؛ من ناتوانم وەخت و ناوەخت لەبەر کەسێکا سەر دانەوێنم و بە قەرزدارم بزانێ! یان ئەم مسانە دەبا و حیسابمان پاک لە پاک دەبێ، یان ناهێڵم کەوچکێ لەم ماڵە بەرنە دەرێ. بەخوا ئاور هەڵدایسێنم!

- باشە تۆش باشە. پێویست ناکا ئەوەندە دەمی خۆت شل کەی.

- زۆر چاکە کوێخا، تۆ هەر چاو شۆڕی کەس و ناکەسم مەکە، لەوەلا خۆت چۆنی بە چاک دەزانی با وابێ.

کوێخا چاوی لە سالار عەبدوڵڵا کرد و گوتی:

- دەی، تۆ دەڵێی چی؟

سالار ناچار دانەوی قاپ و قاچاخە شکاوەکانی هەڵگرت، چاوێکی پڕ لە ڕق و بێزاریی لە مێرگان کرد و گوتی:

- باقییەکەی دیکەشت لێ دەستێنم. جا بزانە چۆنت پێ پەیدا دەکەم!

مێرگان پەلاماری دەستی سالاری داو گوتی:

- باقی و ماقی نییە. حاڵی بووی؟ پاک لە پاک. دەتەوێ وایە. ناتەوێ ئەمانەش دانێ و بڕۆ.

کوێخا مێرگانی کێشا دواوە و گوتی:

– بڕۆ دەرێ سالار. بڕۆ دەی! خۆ هێشتا سلووچ نەمردووە. هەربینا دیتت هاتەوە.

سالار مسەکانی هەڵگرت و چووە دەرێ. کوێخاش مێرگانی بەردا و باڵتەکەی لەشانی کەوتبووە خوارێ هەڵیگرتەوە و بە دوای سالار دا چووە دەرێ؛ مێرگانیش دانیشت.

لەکەلێنی درگای تەویلەوە، عەباسی مێرگان ڕۆیشتنی سالار عەبدوڵڵا و کوێخای دەدی. گوێشی بۆ قسەکانیان ڕاداشتبوو. دوای تاوێ بە هێواشی هاتە دەرێ. دەترسا سالار بگەڕێتەوە، هەر بۆیە لەسەر دیوارەکەوە چاوێکی لە کۆڵان و ڕۆیشتنی سالار و کوێخا کرد و وەک ڕێوی خۆی کرد بە وەتاغەکەدا. مێرگان بە ڕقەوە لێوی خۆی دەکرۆشت. هاجەر مات و ترسا و لە سووچێک خۆی کوشمەڵە کردبوو؛ ئەبراو لە بن لێفەکەدا دیار نەبوو و جار جار وڕێنەی دەکرد.

عەباس لە پەنا وەجاخەکە چۆکی داداو گوتی:

- مسەکانت لە کوێ شاردۆتەوە دایە؟!

مێرگان کە تا ئێستا خۆی خوارد بۆوە و لەوانە بوو شەق بەرێ. گوڕاندی:



- لە جەحەندەم! نۆرەی تۆیە ئەمجار. دە لێمگەڕێ با بە دەردی خۆمەوە دیق بکەم.

عەباس بێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا، گوتی:

- گوێم لە هەموو قسەکانتان بوو. تۆ مسەکانت لە جێیەک شاردۆتەوە. مێرگان بۆ ئەوەی قسەکەی بگۆڕێ. دەم و لووتی بە لۆی چارۆکەکەی سڕی و گوتی:

تۆ کەنگێ هاتییەوە ئاگام لێ نەبوو؟ ئەی کوا نان؟ مەگین کۆڵە پووشکەکەت نەبرد بۆ نانەواخانە؟

عەباس گوتی:

- سەگباب لێی نەکڕیم. گوتی ئەمشەو نامەوێ. بۆ سووتەمەنیی سبەینێش هەر سبەینێ دەکڕم. هەتا ئەو کۆڵە دوا بڕاوەم هێناوە بۆ ماڵێ توێخم چوو!

مێرگان ڕاستەوە بوو گوتی:

- تەندوورەکەیان پولووی تێدابوو؟

- نازانم. درگای ماڵەکەیان داخرابوو.

مێرگان هەستا دەستی دا تەنەکەی پاڵ وەجاخەکە و هەڵیگرت. عەباس مەچەکی دەستی دایکی گرت و گوتی:

- نەتگوت مسەکانت لە کوێ شاردۆتەوە؟! بۆ خۆتی لێ گێل دەکەی؟ چیت لە ژێر سەر دایە؟! دەتەوێ کڵاوم لە سەر نێی؟ ئەو مسانە بەشی منیشی پێوەیە. خۆ بە ناوی تۆ تاپۆ نەکراوە.

مێرگان دەستی لە دەستی کوڕەکەی دەرکێشا و گوتی:

- دەمت لێک نێ تۆش. زمانی گرتووە! هەر تۆم کەم بوو. جارێ ڕاوەستە با مێزەکەت کەف بکا. جا سینگت بێنە پێشێ و بوەڕە، بێ چاوو ڕوو!

هەر چۆنێک و لە هەر کوێیەک بێ، دەبوو مێرگان پۆلووە ڕەژی پەیدا کا.

لەوە زیاتر ڕانەوەستا دەم بنێتە دەم کوڕەکەی. دەستی دا تەنەکەکەو وەک گورگ لوول بوو بەرەو دەرێ. عەباس، دوای ئەو قسانەی دایکی، هەستی کرد زۆر ورد و ناچیزەیە. جۆرێ کە بۆ لێدانیش نابێ. قسەکانی بایە. ئەوەش تەنیا شتێکە کە گەنج و لاو خۆی لەبەر دا ناگرێ و پێی دەشکێ. بۆیە کەسێ کە هێشتا ڕیشی

نەهاتبێ، دەتوانی بە کەیفی خۆت کاری لێ بکێشی؛ بەڵام بە شەرتێ حیسابی لە سەر بکەی، بە پیاوی بزانی. بەڵام مێرگان لەم بارودۆخە نالەبار و پڕ لە کوێرەوەری و ژینە تاڵەدا، دەرفەتی ئەم وردبینییەی نەبوو. هەر بۆیە عەباس ڕقی لە دایکی بوو. قین، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ. ئاواتی ئەوە بوو ڕۆژێک بەسەر دایکیدا زاڵ بێ. گەورەی ماڵ. بەڵام ئەوە بەس نەبوو. ڕۆژێ.. ؟ کەنگێ؟ کوا تاقەتی گەیشتن بەو ڕۆژە؟ هەر ئێستا. هەر ئێستا دەبوو ئەو کەمایەسییە قەرەبوو بکاتەوە. ئەگەر چی کەسی لێنەبوو. لای خەڵک بەخۆدا نەشکابۆوە. بەڵام عەباس لەبەر چاوی خوشکی سووک بووبوو. بۆیە هاجەر کە چاوی لێدەکرد، عەباس گوڕاندی بە سەریدا:

- چییە؟! بۆ چاوت تێ بڕیوم؟! بنیادەمت نەدیوە؟

هاجەر سەری داخست.

عەباس گوتی:

باشە دەی! ئێستا ئەگەر ناتەوێ خوری شۆرت کەم، پێم بڵێ ئەمڕۆ لەگەڵ دایکم چوون بۆ کوێ؟

هاجەر بە هێواشی گوتی:

- چووین بۆ کەشک و دۆینە هەڵخستن.
- چیی دیکەش؟ پاشان؟
- پاشان؟ پاشان؟
- منجە منج مەکە! بیڵێ بزانم. مسەکانتان برد لە کوێ شاردتانەوە؟

هاجەر نیوەی لە ترساناو نیوەشی بە مەیلی خۆی، دەستی کرد بە گریان:

- بە خودا... من نازانم. من لەوێ نەبووم! بە قەبری بابم!
- دەمت لێک نێ دێڵە دۆم! مەگین باوکم مردووە سوێند بە قەبرەکەی دەخۆی؟

هاجەر بە هۆلەوە گوتی:

- دایکم گوتی. ئەمڕۆ گوتی مردووە!
- دەمی شکێ بۆ درۆی! مردووە؟ ها! ڕاوەستە بێتەوە، دەبێ باوک مردنێکی نیشان بدەم کەیفی پێبکا!



هاجەر دای لە قوڵپەی گریان. بەڵام عەباس ئەوەندە دڵناسک نەبوو، بەو شتانە دەست لە کۆڵ خوشکی بکاتەوە. دیسان پرسیار:

ـباشە دەی. ئەم قسانە بەجێی خۆی. وای دانێین باوکم مردووە. پێم بڵێ بزانم مسەکانتان لە کوێ گوموگۆڕ کرد؟

هاجەر دیسان وەڵامی نەدایەوە و خۆی وا نیشان دا کە شوێنی مسەکان نازانێ.

عەباس دەستی برد بۆ قایشی شەڕواڵەکەی و هەستا:

- دێڵە دۆمی جادووباز! قسە دەکەی یان وەقسەت بێنم؟

هاجەر خۆی خزاندە ژوورەکە. عەباس وەک میرخەزەو بۆی چوو. لەبەر دەمی ڕاوەستا و قایشەکەی لە عەرزی ڕاکێشا:

- زووکە پێم بڵێ دەی! دەنا بەو قایشە تەواوی گیانت ڕەش و شین دەکەمەوە.

هاجەر چاوی قووچاند و دەستە چکۆڵەکانی بە بەر چاوییەوە گرت. دەستی کرد بە گریان. عەباس گوڕاندی:

ـبە غەوس دەتتۆپێنم! بەزەییت بەو چوار کوتە یەسقانەی خۆتا بێ. زووکە پێم بڵێ!

هاجەر گریا. لە دڵەوە گریا. نەک هەر لە ترسان؛ بەڵکوو لەبەر هەموو شتێ. هەموو ئەوانەی دیتبووی و بیستبووی لەسەر دڵی خڕ بوو بۆوە و خۆ شوێنێکیش نەبوو ئەم هەموو دەردەی بدرکێنێ. تەنیا دەیتوانی بگری و دەگریا. لەوانەیە ئەگەر عەباسیش ئاوا هەڵینەپێچایە، بەهانەیەکی هەر دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی بگری. بەڵام ئێستا کە عەباس ئاوا هەڵیپێچابوو لە دڵەوە دەگریا. وەک کوانێکی گەییو کە بە نووکی دەرزی دەرکی بوو بێ. ئیتر ئەم خوێناوە بە کەس ڕاناوەستێ. هەتا گرێی دڵی دەکرایەوە، دەبوو بگری. ئەگەر ویستبایەی نەشگری. نەیدەتوانی. ئەم لافاوی فرمێسکە بۆیە هەستابوو کە دارژێ. ئەم گریانەش ئەوەندەی دیکە عەباسی قەڵس کردبوو. گریانی هاجەر و قوفڵ کردنی زمانی، عەباسی وا لێکردبوو کە پێی وا بوو هاجەر درۆیەکی لە پشت گریانەکەیدا شاردۆتەوە. هەر ئەوەش ئارامی لە عەباس بڕیبوو. ڕەنگە ئەویش لە بەهانەیەک دەگەڕا. قایشەکەی هەڵسووڕاند و دایهێنایەوە. هاجەر وەک ژێ وێکهات. عەباس بێ بەزییانە لێی دەدا. ئەویش چ لێدانێک.

شریخەی قایش ئەبراوی ڕاچڵەکاند، چاوی بە حاڵە حاڵ هەڵێنا و دیتی خوشکی لە سووچی وەتاغەکە لە ژێر قامچیی بێ ئەمانی عەباسدا گیری خواردووە.

بێ ئیختیار هەستا. لێفەکەی فڕێدا و ئاوقای بوو. تاویاو گەرمی داهێنابوو. لە پشتەوە چنگی لە بینە قاقای عەباس گیر کرد و کێشایە دواوە. عەباس و ئەبراو هەردووکیان بە پشتا کەوتن. هاجەر توانیی هەڵێ. دەرپەڕییە دەرێ و قیژاندی. بەڵام دوور نەکەوتەوە. خێرا گەڕاوە نێو درگاکە و تەماشای براکانی کرد کە یەکتریان دەتلاندەوە. ڕاوەستا. ماروقامچی. تێک دەهاڵان و دەتلانەوە. هاجەر نەیدەوێرا نزیک بێتەوە. بە سووڕان و خۆ ڕاپسکاندنێک عەباس توانیی ملی لە چنگی ئەبراو ڕزگار کا و سواری سەری بوو. ئێستا بە هەر دوو دەستی ملی ئەبراوی گرتبوو:

ـ وا چاکە بتخنکێنم، مشکە تۆپیو! تۆ هێزت نییە بە پێوە ڕاوەستی، بۆ خۆت لە کێشە هەڵدەقوتێنی؟ هەستە بڕۆوە نێو جێگاکەت ونبە لەبەر چاوم دەی!

عەباس لە سەر سنگی ئەبراو هەستا و لێفەکەی کێشا بە سەریدا و هۆمەنی بۆ هاجەر برد. هاجەر پێی پێوە ناو خۆی گەیاندە کۆڵان. قیژاندی و بەرەو ماڵی دایکی عەلی گەناو هەڵات. عەباس نەیویست بەو شەوە هات و هاوار ساز بێ. هەر بۆیە گەڕایەوە ولە نێو درگاکە هەڵتووتەکا.

ئەبراو دیار نەبوو. سەری خۆی داپۆشیبوو. ڕەنگە لە شەرمانا خزابووە نێو جێگاکەیەوە. عەباس وای هەست کرد. ویستی دڵخۆشیی بداتەوە و پێشی بسەلمێنێ کە لە خۆڕا لە هاجەری نەداوە. پاشان گوتی:

ـ دایک و کچ دەستبەیەکییان کردووە. کە ئێمە لە ماڵ نەبووین، مسەکانیان بردووە و شاردوویانەتەوە. حاڵی بووی؟ گوێت لێیە؟ ئەو سێ چوار کوتە مسەی بە کەڵک دەهاتن بردوویانە و گوموگوڕیان کردووە. ئەویش لە جێیەک کە هەر خۆیان دەزانن. ئەم دێڵە دۆمەش گوێ لە مستی ئەوە و ئەخت و چار دەکەم زمانی ناگەڕێ. ئەمجارە تۆش...



ئەبراو نقەی نەکرد. تاقەتی نەبوو. نەیدەویست سەری دەرهێنێ. لە بن لێفەکە خزابوو. بەڵام عەباس ئۆقرەی نەگرت. نەیدەتوانی ئۆقرە بگرێ. هەستا، سەری لە درگاکە بردە دەرێ و نەڕاندی:

ـ هۆی... دێڵە سەر تاشراو! ئەگەر ناتەوێ بتتۆپێنم بە پێی خۆت وەرەوە بۆ ماڵێ. هەستە وەرە، باست ناکەم... بە ملی شکاوت لە کوێی؟ هۆی لەگەڵ تۆمە. زووکە وەرەوە؛ لە کوێی؟!

هاجەر دەنگی نەبوو. عەباس چووە حەوشە. سەر تەندوورەکە و تەویلەکە گەڕا. هاجەر دیار نەبوو. ڕۆیشتە دەرێ. کۆڵان تاریک و تنۆک بوو. لەو تاریکە شەوەشدا منداڵۆچکەیەک چۆن دەدۆزرێتەوە. دەیتوانی لە هەموو قوژبنێکدا خۆی حەشار دا. کەوایە دەبوو عەباس بە زمانی خۆش قاوی لێبکا:

ـ هەی فێڵەزان... بۆ پێت وایە نازانم لە کوێ خۆت شاردۆتەوە؟ دەتوانم بتدۆزمەوە، بەڵام پێم خۆشە خۆت بێیە دەرێ. وەرە دەی! من شۆخیم لەگەڵ کردی گەوجە! شۆخیش نازانی؟ وەرە دەی... هاجەر... هاجەر... لە کوێی؟ لەگەڵ تۆمە ڕۆڵە گیان؟

عەباس دیسان خەریک بوو قەڵس دەبوو. هاجەر ڕقی هەڵدەستاند. بێدەنگی کتوپڕی هاجەر لەو تاریکە شەوەدا، جۆرێ ترسی خستبووە دڵی عەباسەوە. زۆریش جێگای نیگەرانی نەبوو. بەڵام مەعلووم نەبوو بۆچی عەباس وا تووشی دڵە خوڕپە بووە. شتێکی نادیار دەیترساند. شتێکی وەک لە بیر و چاڵ کەوتنی هاجەر. هەر بۆیە عەباس بە پێخاوسی بە سەر عەرزی سارد و کەسیرەی کۆڵانەکەدا لەمسەر بۆ ئەو سەر هەنگاوی دەنا، قایشەکەی لە مەچەکی دەهاڵاند و دەیکردەوە:

ـ لە کوێی دێڵە سەگی لە سەگ بوو؟ دەتهەوێ ئەمشەو دیقم پێبکەی؟ لە هەر کوێی وەرە دەرێ قەرەچی؛ دەڵێم وەرە دەرێ! ئێوە بۆ وا بوونەتە بەڵای گیانی من؟ دە وەرە دەرێ ئیتر، سەگباب. وەرە دەرێ، هاجەر... هاجەر... !

هاجەر دیار نەبوو. دەتگوت دڵۆپی ئاوەو بە زەویدا ڕۆ چووە. عەباس تووڕە و ماندوو، سەگی بریندار، خۆی کردەوە بە ژووریدا و لە پەنا وەجاخەکەدا دانیشت.

ئەبراو هێشتا سەری لە بن لێفەکە دەر نەهێنابوو. عەباس ئاراو قارای لێهەڵگیرابوو.

هاواری کرد:

ـ تۆش وەک ڕێوی خۆت تۆپاندووە و فزەت لێوە نایە! هەستە بزانە ئەو چەتیوە چۆتە چ بە قوڕ گیراوێک؟ هەستە دەی هەستە!

ئەبراو هەروا بێدەنگ بوو. پێی خۆش نەبوو جوابی براکەی بداتەوە. عەباس بە توورەیی هەستاو لێفەکەی دا بە شانیدا، لە ماڵێ وەدەر کەوت و گوتی:

ـ بە گۆڕی بابی هەمووتانەوە، بە جەحەندەم، بۆ هەر کوێ دەچن چاوتان دەرێ. بە من چی!

هەستا و ڕۆیی بۆ گوێ تەندوورەکە. لە سووچێکی نێو ماڵەکە دانیشت و پاڵی بە دیوارەکەوە دا، ئەژنۆی لە باوەش گرت و سەری کردە سەر کەشکەژنۆی خۆی و مات بوو. هەستی کرد لە دڵەوە گریانی دێ. بەڵام ئەو چاوە زەق و زەلامانە دەتگوت جگە لە خوێن هیچی دیکەیان لێ ناچۆڕێ. بێدەنگ و دڵپڕ، بوغز گەرووی دەگوشی. وەک کۆلکە دارێکی نیوە سووتاو لە جێی خۆی مات بوو، لێفەکەی لەخۆی پێچا.

شەوی ڕەش. کزەی سەرمای شەوی ڕەش. دەتگوت تیغی سەرتاشە. عەباس پەنجەی لاقی لە نێو لێفەکەدا شاردەوە و بە بەری دەستی لووتی سڕی. ڕقێکی بێهۆ. بۆ هێندەی برو بیانوو دەگرت؟ هەستی دەکرد شتێکی ئەولاتر لەم گێرە و کێشەیە ئازاری دەدا. شتێکی ون. وەک دڕکێکی تەڕ، نەرم وهێدی لە دڵی ڕادەچوو و جار لەگەڵ جار زیاتر دەڕۆیشتە خوارێ. زۆر بە ژان بوو، ژان و ئازار، دەیزانی کە کوژەر نییە، بەڵام هەستی دەکرد خەریکە دەیپووکێنێتەوە. دەیدی. بە چاوی خۆی دەیدی کە ئارا و قارای لێهەڵگرتووە، دەیدی بۆتە سەگی هار. دڕ و تووش. هەمیشە باوکی دەیگوت عەباس یەک پارچە ئاورە. ئەگەر بەر بێتە لێرەوارێک هەموو دەکاتە قاقەناز. باوکی زۆری هەوڵ دابوو هەرچۆنێکە عەباس بکاتە هەورگەرێکی باش. بەڵام عەباس هیچکات ملی نەدا و بە قسەی باوکی نەدەکرد. هەڵدەهات. هەڵدەهات و شەوێ کوتانی دەخوارد.



باوەگەورەی عەباس هەورگەرێکی بە ناوبانگ بوو. کە لەو ساڵانەی ئاخری تەمەنیدا بەجارێ پشتی کۆم بوو بۆوە. بووبووە چەڵەمە. کاتێ بەڕێدا دەڕۆیشت دەستی بە چۆکی خۆییەوە دەگرت. جۆرێک بەڕێدا دەڕۆیشت، عەباس پێی وابوو هەر ئێستا نا ئێستا لووتی لە عەرزی دەچەقێ و وەک تەگەرە شکاوی داشقە خلۆر دەبێتەوە.

عەباس کەسب و کاری باوانی بە دڵ نەبوو. کووڕ بوونی پشتی باوەگەورەی ـ سەمەدی هەورگەر ـ هەمیشە لەبەر چاوی بوو. بەڵام بۆ کەرێزکەنی جاروبار ملی دەدا. هێندێ جار کە سلووچ قوڵنگ و خاکەنازی هەڵدەگرت و دەچوو بیر بۆ ماڵێک هەڵکەنێ، یان دەچوو کارێزە گیراوێک بکاتەوە، عەباس وەدوای دەکەوت. ئەوکارەی زیاتر بە دڵ بوو. سلووچ عەباسی لە لێواری بیرەکە دادەنا و خۆی دەچووە خوارێ. بە دوای سلووچدا عەباس کەرەسەی کاری دەخستە دەلووکەوە و ڕایەڵی دەکردە خوارێ. چرای پیوسۆز و چارەکە نانەکەشی ڕایەڵ دەکردە خوارێ. هەتا سلووچ پڕ دەلوویەکی گڵ و بەرد هەڵدەکەند، عەباس لە سەر کۆگا گڵەکە بە پشتا ڕادەکشا و لە فڕینی باڵندە و ئاسمانی دەڕوانی. دەیتوانی لەبەر خۆوە گۆرانی بڵێ و جارجار بەردە فڕکێیەک بکات. چاوی لە دەشت و بیابانەکە دەکرد و توولەڕێی بەر قەدی تەپک و یاڵەکانی دەدی.

«هۆۆۆۆیی... »

ئەوە دەنگی سلووچ بوو لە ناخی بیرەکەوە دەهات. عەباس دەبوو گوریسەکە توند بگرێ و دەلووی پڕ لە بەرد و گڵ و قوڕ بە هیواشی لە قووڕگی بیرەکەوە هەڵکێشێ. خاڵی بکات و دیسان ڕایەڵی بکاتەوە خوارێ.

«هۆۆۆۆیی... بیگرەوە!»

ئەوە لەگەڵ هەورگەری جیاواز بوو. هەورگەری کەسێکی دەوێ کە سەلیقەی باشی بێ. کەسێ کە تاقەت بێنێ و لە بەیانییەوە هەتا شەوێ بەردەوام کار بکا. وردبین و هێدی. بەهۆش بێ و دڵ بە کار بدا. هەروەکوو سلووچ. ئەو جۆرەی کە سلووچ دڵی بەکار دەدا، سلووچ ورتەی لێوە نەدەهات، دەست و چاوی جۆرێک لە

کاردا بوو کە دەتگوت هەورێشم دەچنێ. ئەو کارەش لەگەڵ تاقەتی عەباس یەک نەدەکەوت، چونکە نەیدەتوانی تاوێک لە شوێنێ ئۆقرە بگرێ.

عەباس کەرێزکەنیی لە هەورگەری پێخۆشتر بوو؛ چەرچییەتیشی لە کەرێزکەنی پێخۆشتر بوو. کەسپەکەی خاڵی. کەرێک و تێرێک، هێندێ وردەواڵە و گەشت و گەڕان. دارونەداری مەولا ئەمان چوار کەللە قەند و چوار بەستە چایی و دە بەستە دەرزیلە ودە بەستە دەرزیی دروومان و دوومەن نوقڵ و چل پەنجا دانە گەز و یەک دوو دەستە بازنەی زەردی لە شاری دەکڕی و لە کەرەکەی بار دەکرد و ملی ڕێگای گوندەکانی داوێنی (کێوە سوور)ی دەگرت و دەڕۆیی. عەباس یەک دوو جار لەگەڵ خاڵی کەوتبوو، سەفەری کردبوو، بەڵام مەولا ئەمان ئەوی لە لای خۆی ڕانەگرتبوو. مەولا بە مێرگانی خوشکی کوتبوو عەباس دەست پیسە.

بەڵام عەباس دەیزانی کە هۆیەکەی شتێکی دیکەیە. ئەوەی کە مەولا ئەمان نەیدەویست عەباس لەسەر سفرەکەی خۆی ببینێ. عەباس هەقیشی بە خاڵی دەدا کە بەهانەی لێ دیوەتەوە و لەکۆڵ خۆی کردۆتەوە. مەولا ئەمان بە خوشکی گوتبوو:

«ناوێرم چاوی لێ خاڵ کەم کوڕەکەت دوو سیر نوقڵ دەفرۆشی و پارەکەی دەنێتە تەنگەی باخەڵی. زۆری پێخۆشە شتەکان بە نەغد بفرۆشێ!

جگە لەوەش، دەرزیلە و بازنەکان بە خۆڕایی دەدا بە کچان. هەر ئەوەی بەحاڵ بە دەمییەوە پێبکەنن هیدی هۆشی لە سەردا نامێنێ و ماڵ لەبەر چاوی سووک دەبێ و هەروا دەزانێ با هێناوییە! هەر وەنازانێ ئەم شتانەم بە خوێنی دڵ وەدەست هێناوە. دەترسم ڕۆژێک لە لای کچێک پێی هەڵخلیسکێ، گێرە و کێشەم بۆ ساز بکا و لەو گوندانە سەد پیاوم بە تێلا و پەیاغەوە وەسەر بگێڕێ و خوری شۆرم بکەن. ئەوە هیدی لە تامی دەردەکا؛ جاوەرە ئەو کەرە لەو قوڕاوە دەرهێنەوە!»

قسەی خاڵە ئەمان بێجێش نەبوو. کچانی ئەو دێهاتانەی سەرروو زۆر ڕوو هەڵماڵاو بوون. چارشێویان هەر بە سەردا نەدەدا. زۆریش دەم بە پێکەنین و ڕوو خۆش بوون. بە کۆمەڵ دەهاتن بۆ شت کڕین. دەوری وردەواڵەکەیان دەدا و بە



پێکەنین و ناز و نووز عەباسیان گەرم دادێنا. عەباسیش بەجارێ دەست و پێی خۆی ون دەکرد و کچان دەرزیلە و قردێلە و بازنەیان پاشقول دەدا و ناز و بزەیان بۆ دەنواند.

جارێکیشیان عەباس و خاڵە ئەمان دەمقڕەیان لێ پەیدا بووبوو. لە چۆڵگەیەک. خاڵە ئەمان لە دین دەرچووبوو، لە خیزەڵانێک عەباسی کێشابوو بە عەرزیدا و گوتبووی دەبێ هەموو گیانت بگەڕێم. تەنانەت کونی لووتیشت!

گوتبووی:

«تۆ خەریکی ئەو دوو قڕانە پووڵەشم بە با دەدەی؛ خەریکی نابووتم دەکەی هەتیوە حەرام خۆرە. ئاخە من لە دەست تۆ قوڕی کوێ بەسەردا کەم؟»

عەباسی ڕووت کردبۆوە. ڕووتوقووت. تەواوی کەلێنی پینە و پزووی جلەکانی پشکنیبوو، تا ئەوەی لە پزووی ژێر پاتۆڵەکەیدا، لە نێو پۆلێ ڕشک و ئەسپێدا دوو تمەنییەکی کاغەزی دەرهێنابوو. عەباس بە سەر و لاقی پەتییەوە جلەکانی لە باوەش گرتبوو و بە شوێن خاڵیدا هەڵاتبوو و پاڕا بۆوە:

«بەخودا، بە خوێنی گەرووی ئیمام حسێن ئەو دوو تمەنییە هی خۆمە. بە قومار بردوومەتەوە!»

بەڵام خاڵی باوەڕی پێنەکردبوو. هەڕەشەشی لێکردبوو:

«ئەگەر ئەمجارە وەشوێنم کەوی، دەست و لاقت دەبەستم و هەر لەو چۆڵگەیە فڕێتدەدەم با قەل و داڵ چاوت دەرهێنن. »

هەر بۆیە عەباس دانی بەخۆیدا گرتبوو ورد ورد بە دوای خاڵی و کەرەکەیدا گریابوو. سلووچیش کە هیچکات لەگەڵ خاڵە ئەمان نێوانی خۆش نەبوو، هەروا کە خەریکی هەورگەری بوو، گوتبووی:

«ئەوە کارت کرد! خاڵت کاسپیی فێر کردی! ئەگەر گۆشتی کەرت نەخوارد بێ، تازە وەدوای خاڵت ناکەوی. وەرە مل بدە کارەکەی خۆت و باو باپیرت و تیکەیەک نانی حەڵاڵ پەیدا کە!»

بەڵام عەباس جوابی نەدا بۆوە و پەشیمانیش نەبوو. ئێستاش بیری هەر لە لای کچانی دێهاتی سەرروو بوو و ناز وبزەکانیانی لەبەر چاو لانەدەچوو:

«بێ دینانە هەموو دەتگوت شەکی کاڵن، قلانە دەکەن!»

مێرگان بە دەستێکی تەنەکەی ژیلەمۆ و بە دەستەکەی تری دەستی کچەکەی گرتبوو، پێی نایە حەوشە. عەباس تارماییەکەیانی دەدی. هاجەر تازە کوڵی گریانی هەستابوو. بەرز نا، لەبەر خۆیەوە دەگریا. دایکی مەچەکی گرتبوو و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا. هاجەر جارجار پێی دەچەقاند. جۆرێک ترس، ترسی براگەورەکەی، ئەژنۆی وەلەرزە خستبوو. ئەگەرچی خۆی دابووە پەنای دایکی، بەڵام دیسان ترسی لە دڵدا بوو. پێی دەچەقاند و ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو. ئەوەش زیاتر ڕقی مێرگانی هەڵدەستاند. هەر بۆیە هێشتا نەگەیشتبووە ماڵێ عەباسی وەبەر جنێو و قسە داو ئەوەی بە زمانیدا هات پێی گوت:

- ئێستا لە کوێیە ئەو بەچکە شبرە؟! لە کوێیە بە ملی وردی؟ بۆتە نێریی وردە ماڵ. پێی دەڵێم پووتێک چەن سیەیە. چاوی منی دوور دیوە و هار بووە، ها؟ لە کوێیە ئەو برا کەڵپە سەگەت؟!

ئەبراو سەری لە بن لێفەکە دەرهێناو گوتی:

- نازانم. بەیانیش ئەو گوێچکەی منی ئاوا بە ددان جاوی.

ئەوەش ئەوەندەی دیکە مێرگانی ئاڵەتی کرد. عەباسی جنێو باران کرد. عەباس خەریک بوو دەبووە کۆسپێکی گەورە لە ژیانی مێرگاندا. نەدەبوو بێڵێ لەوە زیاتر پێ داکێشێ. هەتا زووە دەبوو لایەکی بە لایەکا بخا. لەو ماڵەدا دەبوو گەورەتر یان مێرگان بێ یان عەباس. تا سەرە چەرمەکە ئاو نەیبردووە. مێرگان نەدەبوو بێڵێ کۆسپی لەسەر ڕێ ساز بێ. منداڵۆچکەیەکی بستە باڵا خەریکە خۆیان لێدەکاتە شێر. خەریک بوو منداڵەکانی مێرگانی بە جارێ چاو ترسێن و چاو شۆڕ دەکرد.

مێرگان تەنەکەی ژیلەمۆکەی لە پاڵ کوانووەکە داناو خۆی کرد بە کولێندا، بە شیشەی تەندوورەوە هاتە دەرێ. ڕایکردە تەویلە و نێو ئاخوڕ و کەلێن و قوژبنەکان گەڕاو هاتە دەرێ گوڕاندی:

- ئەوە لە کوێیە، ڕێوییە حیزە؟! ئەگەر پیاوی وەرە دەرێ خۆتم نیشان بدە تووتکە سەگی ناجسن!



عەباس لە قوژنێک دەرپەڕی و بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا. مێرگان تارماییەکەی دی و هەڕای کردێ، بەڵام بەر لەوەی مێرگان بگاتە سەری عەباس گەیشتە سەر دیوارەکە و خۆی گەیاندە سەربان، مێرگان لەبەر دیوارەکەدا بە تووڕەییەوە گوتی:

- تووتکە سەگ! جارێکی دیکە دەست لە منداڵم هەڵێنیتەوە داغت دەکەم! هیدی ئەوە بە مێشکتدا بچێ و لەبیرت بێ!

عەباس بێ ئەوەی جوابی دایکی بداتەوە، سەربانەو سەربان هەڵات. لەوسەرە سەرما زیاتر چزووی دادەگرت؛ بەڵام هەر دەستی مێرگانی پێنەگا بەسیەتی.

مێرگان دەستی دا لێفەکە، لە گوێ تەندوورەکە هەڵیگرت و بەرەو وەتاغەکە ڕۆیی:

- ئەمشەو وەک سەگە بەڕەڵڵا لە سەربان و کۆڵان هەڵلەرزە ئەوە گۆڕت بێ!

مێرگان خۆی کرد بە وەتاغەکەدا و تایە قورسەکەی درگاکەی پێوە داو شەوژەنی خستە پشتی. هاجەر هێشتا دەلەرزی. مێرگان لێفەکەی بە شانی کز و لاوازی کچەکەیدا داو بەو شیشەی بەدەستییەوە بوو ژیلەمۆی نێو تەنەکەکەی شێواند. پاشان شیشەکەی فڕێدا پەنا دیوارەکە و دەستی کرد بە جێ داخستن. دەبوو جێگاکان بە دەوری تەنەکە سکڵەکەوە داخا. وەک شەوانی دیکە. مێرگان کورسییە نیوە سووتاوەکەی لەسەر تەنەکە سکڵەکە دانا و لێفەیەکی بەسەر دادا. هاجەری بردە سەر جێگاکەی و جوان داپۆشی. پاشان لاقی ئەبراوی گرت و کێشایە بن کورسییەکە. فووی لە چرا پیوسۆزەکە کرد و هاتە سەر جێگای ڕاکشا.

لە ژێر بنمێچی وێک هاتووی وەتاغەکەدا شەو دوو هێندە ڕەشتر بوو. چونکە زستانان سەری کولاوکەکانیشیان دەنایەوە، هیچ درز و دەلاقەیەک نەبوو کە چاو بتوانێ بارستایی ڕەشی تاریکی کون بکا و بگاتە ئاسمانی بەرین و خۆی بگەیەنێتە ئەستێرەیەک. لەژێر بارستایی قورسی شەودا لەشی مێرگان هێشتا دەلەرزی. لاقی و دەستی و دڵی دەلەرزین. ئۆقرەی لێبڕابوو. قامکی بە نێو قژی نەرمی کچەکەیدا کرد و سرتاندی:

- زۆری لێدای؟

هاجەر گوتی:

- پێمنەگوت. هیچم پێنە گوت:

مێرگان سەری کچەکەی بە سنگییەوە گوشی و هەستی کرد شتێک وەک دووکەڵ لە دڵی هەستا، بە ئازای ئەندامیدا گەڕاو ئێستا دەهات لە چاو و گەرووی داڕژێ. لێو و پێلووی وەلەرزین کەوتن. بەڵام مێرگان بەرگریی لە تەوژمی ئەو شەپۆلە کرد. نەیدەویست قوڵپی گریانەکەی هاجەر بشڵەژێنێ. ماتەم خانەی پێخۆش نەبوو. هەر بۆیە سەری هاجەری بەرداو هەستا. خۆی کرد بە کولێندا و مشتێکی گەنم هێنا، خزا ژێر جێگاکەیەوە و نیوەی کردە مشتی هاجەرەوە و گوتی:

- سبەینێ ئارد پەیدا دەکەم. خۆمان تەندوور دادەخەین.

ویستی تۆزێ ئۆقرە بگرێ. بەڵام بەجارێ ئاراو قارای لێهەڵگیرابوو. کەوتبووە دڵەوڕێزە. دڵی بۆ هەزار لا دەچوو. زیاتر لە هەموو شتێک عەباس بووبووە هۆی ئازاری. دەرێ سارد بوو. وشکە سەرمای قاقڕ. توڵە خۆی نەدەگرت. ئێستا ئەو منداڵۆچکەیە چدەکا؟ دەنگیشی نایە؟ مێرگان چاوەڕێ بوو عەباس نووزەی بێ لەسەرمانا. بگری. جنێو بداو خۆ بدا بە درگاکەدا. بەڵام عەباس وای نەدەکرد. ئەی چیی دەکرد؟ چووبوو بۆ کوێ؟ بۆ سەر و سۆراخی نەبوو؟

مێرگان دڵی پێوە بوو هەستێ و وەدەر کەوێ. دەستی بگرێ و بیهێنێتەوە ژوورێ. بەڵام شتێک کە نەیدەزانی چییە، نەیدەهێشت. ڕەنگە بۆ ئەوە بێ کە نەیدەویست خۆی سووک بکا. یان قسەکەی خۆی بێ بایخ بکا. نەیدەویست هەڕەشە و گوڕەشەکانی بە هیچ دەرچێ. گیری خوارد بوو، بەدەست خۆیەوە پێوە بووبوو. دڵی قوفڵ دەبوو. نەیدەویست بە دەستی خۆی کوڕەکەی ئازار بدا و دەیدا. نەیدەتوانی ئەو ئازارە تامڵ بکاو تامڵی دەکرد. ئەوە خۆی زۆر بە ژانتر بوو. ئەوەی کە خەریک بوو ئۆقرە بگرێ و ڕۆحی نەیدەویست. یانی دووجار خۆی بریندار دەکرد. یەکیان ئەوە کە بە دەست کوڕەکەیەوە ئازاری دەکێشا و یەکیشیان ئازار دانی کوڕەکەی ئازاری دەدا. نەیدەزانی چبکا؟ ئەگەر بانگی بکردایەتە ماڵێ، ئیتر عەباس هیچکات قسە و جنێو و تووڕەیی و فەرمانی مێرگانی بەهێند نەدەگرت. ئەگەر ئاواش بوایە، دەبوو هەتا بەیانی خەمی کوڕەکەی لە دڵدا بێ و لە ناخەوە هەڵکزێ و ددان بە جەرگیدا بگرێ. ئەگەر هاجەریشی بە دوادا بناردبایە، عەباس



ئەوەندە وریا بوو بزانێ فێرکراوی دایکیەتی. بۆیە تەنیا شتێک کە بەو کاتەی ئەو زیاد دەبوو، دوو ڕوویییەکی بێ فایدە بوو. ئەوەش مێرگانی بەجارێ گرفتار کردبوو.

دڵە کوتە ئۆقرەی لێهەڵگرتبوو. لە پەستا لەنێو جێگاکەیدا ئەمدیوە و دیوی دەکرد و ددانی لە لێواری لێفە و باڵنجەکە گیر دەکرد.

بەڵام چۆن دەیتوانی تاقەت بێنێ؟

مێرگان هەستا و بە پێدزکە بەرەو درگاکە خشی. هێواش و بێ چرپە شەوژەنی لابرد و تاوێک گوێی ڕاداشت. خەبەرێک لە عەباس نەبوو. تەنانەت ترپەی پێی. تەنانەت ترپەی دڵی دەیویست بتوانێ جارێک هەرا لە کوڕەکەی بکا، بەڵام نەیدەتوانی. نەیویست کە بتوانێ. هاوار هەروا لە سینگی مێرگاندا قەتیس بووبوو.

ناچار ڕۆیشتەوە سەر جێگاکەی و ڕاکشاو چاوی ئاواڵەتر لە پێشوو لە درگاکە بڕی.

ئێستا مێرگان هیچ ئاواتێکی نەبوو جگە لەوەی کەلێنی درگاکە بکرێتەوە و عەباس بێتە ژوورێ. بێتە ژوورێ بە جنێودان. بێتە ژوورێ و وڵات بەیەکدا داو ئاور لە ماڵەکە بەردا. بێتە ژوورێ و دەست بکا بە لێدانی دایکی. لێیدا قەینا کا. هەر بێتەوە ژوورێ!

هاجەر پرسی:

- دایە سکڵت لە کوێ هێنا؟

- لە جەحەندەم!

## بەندی چوارەم:

وشکە سەرما، لەسەر سەربانە گومبەزییەکانی زەمینج، عەباسی هەڵدەلەرزاند. با دەلینگی شەڕواڵەکەی دەشەکاند و ئەویش ڕاست لەجێی خۆی چەقیبوو و هەر دوو دەستی کردبوو بە ژێر باخەڵیدا. لەرزێک دایگرتبوو. کە شەقە شەقی ددانی دەهات. وردە وردە خەریک بوو ئاو بەچاویدا دەهاتە خوارێ. پشتی کردە با و لە پەسیوێکی نێوان دوو سەرباندا هەڵتووتەکا و خۆی کوشمەڵە کرد. بەڵام ئەو سووچی سەربانە پەنابایەک نەبوو کە بتوانێ شەوی لێ ڕۆژ بکاتەوە. کەوایە دەبوو کارێک بکا. جێگایەک، دەبوو جێگایەکی گەرم بدۆزێتەوە. بەڵام کەسێکی وەک ئەو، لەو کاتەی شەودا، دەیتوانی لەدرگای کێ بدا؟ کێ درگای لە عەباسی مێرگان دەکردەوە؟... دەبوو کەسێکی وەک خۆی پەیدا بکا.ماڵی پوورە سەنەم! بەڵام نا. ئەوێ جێگای خەو نەبوو. چونکە ئەو کەسانەی هاموشۆی ماڵی پوورە سەنەمیان دەکرد یان قومارباز بوون یان تلیاکی. بۆ مێر منداڵێکی وەک عەباس، لە شەوێکی وادا، ئەوێ جێگا نەبوو. ئەگەر بیتوانیبایە هەتا دەمەو بەیانی تاقەت بێنێ، ڕەنگە بیتوانیبایە بچێتە توونی گەرماوەکەی عەلی گەناو و چاوێک گەرم بکا. بەڵام هەتا نوێژی سبەینێ کە عەلی گەناو گەرماوەکەی دەکاتەوە، توڵەش ناتوانێ تاقەت بێنێ. عەباس کەوتە بیری ئەوەی خۆ بکا بە تەویلە یان ئاغەڵێکدا و بە هالاوی مانگا و مەڕ خۆی گەرم بکاتەوە. بەڵام لەم وەرزەدا و لە ساڵێکی ئاوا ڕەشدا لەوانە بوو تۆمەتی دزی لە کەسێکی وەک کوڕی مێرگان بدەن. ئەوەش ئیتر بە هیچ شتێک پینە نەدەکرا. نا! ئەو کارەش ڕێی ئەقڵ نەبوو. تەنیا جێگایەک مابوو. ژێرخانەکەی حاجی سالم، لە قوونە بانی ماڵی عەلی گەناو و دیوار بە دیواری ئاغەڵەکەی کوێخا نەورۆز.



عەباس هەستا و لەسەر دەست و پێ بە نەرمی سەربانەوە و سەربان وە ڕێکەوت. وەک پشیلەیەکی ڕەش بە پێدزکە دەڕۆیی نەکا گوێچکەیەک ترپەی پێی ببیستێ و زمانگەلێکی لێ وەکار کەوێ و هاوار هەستێ.

«بەم نیوە شەوە، لەسەربانی ئێمە چی دەکەی نێرەکەری سەگباب؟! مەگین خۆت شەڕەف و نامووست نییە؟»

هەرسات لەوانە بوو کەسێک ئاوا بە سەریدا بگوڕێنێ. بۆیە دەبوو پشیلە ئاسایی بڕوا گەیشتە سەربانی ماڵی عەلی گەناو ڕاوەستا و تەماشای کرد.

پێوسۆزەکەی حاجی سالم هێشتا داییسا. عەباس دەیزانی کە پیرە پیاو درەنگ دەخەوێ. هێشتاش کە سەرەتای شەو بوو.

لە پڕ عەباس دیتی تایەکی درگای وەتاغی شانیشی کوێخا نەورۆز جیڕەی هات و بە دوای ئەودا کوێخا بە لەنتەرێکەوە و عابایەک بە شانەوە لە قاڵدرمەکانی هەیوان هاتە خوارێ. عەباس گوێی لە دەنگی موسلیمە بوو لە ژێرخانەکەوە بۆڵەی دەهات و بە گلەیی وبناشتەوە دەیپرسی:

ـ بەم شەوە بۆکوێ؟! بەم کەشمونەشمەوە وەڕێکەوتووی؟ بۆ کوێ؟!

کوێخا بێ ئەوەی گوێی بداتێ، گوتی:

ـ دەچم بۆ ماڵی میرزا حەسەن، زاوای ئاغا مەلەک.

نەک لەگەڵ موسلیمەی بێ، کە پێی نایە دالانەکە لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ دەممان شل بوو هێندەمان لەسەر ئەو مەکینەیە چەنە لێدا... دەترسم ئاخریش...

شەقەی پێکدا درانی درگا قورس و گەورەکەی حەوشە، پرتە و گلەیی کوێخا نەورۆزی لە خۆیەوە پێچاو عەباس سەری وەڕ سووڕاند و چاوی لە ژێرخانەکەی حاجی سالمی باوکی موسلیمە بڕی. شەوقی کزی پیوسۆزەکەی حاجی سالم، لە درز و کەلێنی درگاکەوە شەبەقی دەدا. عەباس چاوێکی لەبەر پێی خۆی کرد. بن ئەو دیوارەی ئەوی لەسەر بوو، تەپۆڵکی خۆڵ و خۆڵەمێش بوو. عەباس بازیدا خوارێ و تلاسکەی بەست و کەوت، هەستایەوە خۆی تەکاند و لە بن دیوارەکە خۆی مات کرد.

دەنگی حاجی سالم لە نێو ژێرخانەکەوە هەستا کە بە سەر کوڕەکەیدا دەهات:

ـ ولاّخ! ئەو دۆخینەت ببەستە! ڕووتوقووتی جوان نییە، پانێرا! ئەو دۆخینە میراتییەت ببەستە! ئەمشەو کارمان هەیە. گوێت لە شەقەی درگاکەی مالّی مێردەکەی خوشکت نەبوو؟کوێخا ڕۆیشت؛ ڕۆیشت. من لە دلّی داوم کە چووە بۆ مالّی یەکێ لە شەریکەکانی. ئەو دۆخینەت ببەستە حەرامزاد؟! مەگین چەن هەزار ئەسپێ لە پزووی شەڕوالّەکەتدا هێلانەیان کردووە؟! هەر خۆت هەلّدەکرێنی!

موسلیم بە ناقایلی گوڕاندی:

ـ ئەه... تۆش...

عەباس لە بن دیوارەکەوە خۆی گەیاندە پەنا ژێرخانەکە و پشتی بە دیوارەکەوە دا.

ئەگەر باوک و کوڕ بیانهەوێ بێنە دەرێ لە مالّێ، ئیتر عەباس چۆن دەتوانێ ببێتە میوانیان؟

حاجی سالم هەروا دەنگی دەهات:

ـ ببەستە، دۆخینەکەت ببەستە ولاّخ! بەسە ئیتر؛ سبەینێش ڕۆژی خودایە. دەبێ بڕۆین. بەرەو بژێو. ئەمشەو، دەولّەمەندەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە و تۆ دەبێ بتوانی بژێوی حەوتەیەکی خۆتیان لێهەلّکرێنی. دەلّێم دۆخینەکەت ببەستە ولاّخ!

ـ بە چاوان... بە چاوان... باوەگیان لێمەدە بەسەر چاو!

حاجی سالم بە عەبای شۆڕ و پینە پینەیەوە، بە داردەستە خوار و خێچەکەیەوە، بە کوورەکووڕ لە درگاکە هاتە دەرێ و لەبەر درگاکە سەری بەرەو ئاسمان هەلّبڕی:

ـ خودایە بە هومێدی تۆ. ئەگەر منت هەژار و نەدار کردووە. خەلّکی ناهومێد مەکەو بیاندەیە! ئەگەر دەستی منت بەستووە. دلّی خەلّکی فراوان کە...

وەرە دەرێ ئیتر کەری خودا!

موسلیم هەروا کە دەستی بە دۆخینەکەیەوەبوو هاتە دەرێ و گوتی:

ـ نابێ باوە نابێ! ئاخەر ناتوانم باوە گیان!



حاجی سالم بە جنێودان، لەبەر پێی پێخاوس و گەورەی کوڕەکەیدا چۆکی دادا، دۆخینەکەی لە دەستی کوڕەکەی دەرهێنا و لەگەلّ ئەوەی خەریکی بەستنی بوو تووک و دۆعای لێدەکرد:

ـ خودا تۆلّەی منت لێ بستێنێ، بۆ ئەو هەموو دەردەی بە منی دەدەی!

دەستت شکێ ولاّخ. ئەوە سێ ساڵت تەمەنە کوڕی کەر، هێشتا نازانی دۆخینەکەت... لا اله الاّ الله! ڕێکەوە ئیتر! زوو بە زوو دەی!

موسلیم بە دوای باوکیدا کەوتە ڕێ و پرتاندی:

ـ زۆرت... باوە... ! باوە... زۆرت....

حاجی سالم وەرگەڕایەوە و گوتی:

ـ قوزەلّقورتی باوە. چی زۆرم؟!

موسلیم گوتی:

ـ زۆرت توند کردووە. زۆر توندە. گرێی دۆخینەکەم دەلّێم.

حاجی سالم کەوتەوە ڕێ و گوتی:

ـ وەرە بزانم! خۆی وردە وردە شل دەبێتەوە. دۆخینی موو خزە، زوو کە دەی ولاّخ!

ـ باشە! باش؛ ئەوە هاتم!

باوک و کوڕ لە کەلاوەکە چوونە دەرێ و عەباس پشتی لە دیوارەکە کردەوە و بە ناچاری وە دوایان کەوت. خۆ دەشیتوانی بە دزییەوە خۆ بکا بە ژێرخانەکەداو هەتا باوک و کوڕ دەهاتنەوە لێفەو پلاّسەکانیان لە خۆیەوە بپێچێ و تۆزێ خۆی گەرم بکاتەوە. بەلاّم بێ ئیختیار بە دوایاندا خشی.

عەباس پێی وابوو حاجی سالم بەم شەوە شتێکی هەلّناوە کە وا موسلیم بە دوای خۆیدا کێش دەکا.

حاجی سالم و موسلیم ـ باوک و برای موسلیمە ـ لە پشت مالّی کوێخا نەورۆز لە ئاغەلّە کۆنێکدا. لە ژێر میچی داهاتووی تەویلەیەکی شێدار دا دەژیان و نانە زگیان لەم و لەوەوە پێدەگەیشت. ئەو کارەی کە ئێستاش حاجی سالم بە دوایەوە بوو، هەر ئەو پارووە نانە بوو. کەس نەیدیبوو. بەلاّم دەیانگوت حاجی سالم پڕ

تاقەیەکی گەورەی کۆنە کتێب هەیە. زۆر لەو کاتە تێنەپەڕیبوو کە حاجی سالم شانامەیەکی خەتیی گەورەی دەنایە بن باغەڵی و دەچووە پەنا دیواری مزگەوتەکە و گۆچانە گرێ گرێکەی بە دیوارەکەوە هەڵدەپسارد و شانامەی بۆ خەڵکی زەمینج دەخوێندەوە. بەڵام لەو دواییانەدا ئیتر چاوی سۆمایی نەمابوو شانامە یان کتێبی دیکە بخوێنێتەوە. ئەوە بوو کە ئیتر (وێدەچوو) کتێبەکانی لە نێو تاقەکەدا تۆزیان لێنیشتبێ:

ـ ئەو گۆچانە بگرە، موسلیم!

ـ باشە باوە. بە چاوان. بێنە. گۆچانەکەم بدەیە...

ـ باشە! ئێستا دەستم بگرە و بە بن دیوار و دیواردا بڕۆ نەوەک بکەوینە نێو چاڵوچۆڵەوە!

ـ بە چاوان باوە گیان. بە چاوان.

ـ شەوە زەنگە و دەڵێی دنیا لە قیل هەڵکێشراوە!

ـ بە چاوان باوە گیان؛ بە چاوان. دەتبەم. بتبەم بۆکوێ؟

ـ بۆ ماڵی زەبیحوڵڵا. ماڵی زەبیحوڵڵا. ئەربابەتازەکان دەبێ لەوێ کۆبووبنەوە!

ـ بە چاوان باوە گیان. ماڵی زەبیحوڵڵا خان. زەبیحوڵڵا خان.

موسلیم کوڕی گەورە و یەسک ئەستووری حاجی سالم، هەمیشە هاوڕێی باوکی بوو.

حاجی سالمیش وەک کراسە کۆنەکەی بەری، خووی بە کوڕە شێت و وێتەکەی خۆی گرتبوو. هەموو بەیانییەک کە حاجی سالم عەبا شۆڕ و شڕەکەی دەکردە بەر و گۆچانە خوار و خێچەکەی هەڵدەگرت و لە ئاغەڵەکە دەهاتە دەرێ. موسلیم وەک نیسێ لە گەڵیا بوو. هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئەوەی ـ ئەگەر بووبووایە ـ یەکی لەتێکیان نانی وشکی بە دەستەوە دەگرت و بەڕێوە دەیانخوارد، بە مشتومڕ و قوونەشەڕ بە کۆڵانەکانی زەمینجدا دەکەوتنە ڕێ. گوێچکەی خەڵک خوویان بە جنێو و شەڕە چەقەیان گرتبوو. چونکە ئەو شەڕە چەقە بووبووە پڵاس و ڕاخەری ژیانیان و لە سەری دەژیان. ئەم شەڕە چەقانەش ئاکامەکەیان دەبۆوە ئاشتی. دوو کەس ئەگەر ناچار بن پێکەوە بژین، ئەگەر ڕەنگی یەکیش نەگرن خووی یەک دەگرن و لەوانەیە



وا خوو بە یەکتر بگرن نەتوانن بە بێ یەک بژین. هەر بۆیە ناتوانن لە کێشە و هەرای ـ ئاشکراو شاراوە ـ خۆ ببوێرن. وەک ئەوەی بە کەندرێک بە یەکتەوە گرێ دابن و دەست و شان و لاقیان پێکەوە شەتەک دابێتن و سەری پەتەکەش بە دەست خۆیانەوە بێ. گیرۆدەی یەکتر. لەم گێرە و کێشەیەدا ـ کەوێدەچێ ناچاری بێ ـ ئەگەر لە یەکتر نزیک ببنەوە دیق دەکەن و ئەگەر دووریش بکەونەوە ترس دایاندەگرێ. ئەگەر سەری گوریسەکەیان لە دەست نەترازێ ئەم کێشمەکێشمە هەروا بەردەوام دەبێ. حاجی سالم و کوڕەکەی بەڕێدا ڕۆیشتنەکەیان کێشمە کێشم و قوونەشەڕەکەشیان، لە ڕاستیدا پەت و گوریسێک کە ئەوانی پێکەوە گرێدابوو، هەر ئەو دەمەقڕە و شەڕەچەقەیە بوو. لە خوردوخەو و هەڵسوکەوتدا پێکەوە کێشەیان بوو.

موسلیم هەمیشە پێخۆشبوو لەبەر چاوی خەڵکی شان بە شان و پێ‌بەپێی باوکی بڕوا. بەڵام حاجی سالم وای پێخۆش نەبوو. موسلیم شانی دەنا بە شانی باوکییەوە و حاجی سالم بە گۆچانەکەی دەیکێشا بە چۆکی موسلیمدا و دەیخستە دوای خۆی. موسلیم دەستی بە چۆکییەوە دەگرت و نێو چاوی تێکدەنا و لێوی کۆ دەکردەوە و حاجی سالمیش بە زمانێکی شیرین ـ هەر وەکوو بۆی بووبووە عادەت ـ بە کوڕەکەی دەفەرموو:

«دوو شەقاو لە دوواوە، گەلحۆ!»

موسلیم بۆ هەزارەمین جار، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دووپاتی دەکردەوە:

«دە... دە... دەی.... !»

بۆ هەزارمین جاریش دوو هەنگاو لە دواوە دەڕۆیشت و لەگەڵ ئەوەی کە مەودای دیاریکراوی لەبەر چاو بوو بە دوای باوکیدا دەڕۆشت.

ـ ئاخری کاری خۆت کرد، حەرامزادا! ئاخری داخی دڵی خۆت پێ ڕشتم، وڵاخ! وەی... پشتم!

لە نزیکی ماڵی زەبیحوڵڵا حاجی سالم لاقی خزی بوو کەوتبووە خەندەکی بن دیوارێکەوە، گۆچانەکەی بە دەست موسلیمەوە بوو و پیرە پیاو لە نێو چاڵەکەدا

بەملاو ئەولادا کەوتبووە چنگە کرکێ. موسلیم گۆچانەکەی بۆ نێو چاڵەکە ڕاداشتبوو دەیگوت:

- باوە گیان... باوە گیان... بیگرە! بیگرە! سەری گۆچانەکە بگرە. بیگرە با دەرتکێشم.

- چاوم نابینێ وڵاخ! نابینم! بۆ کوێری نازانی چاوم نابینێ؟!

- بیگرە ئەوەتا لێرەوە، دارەکە لێرەوەیە، ها.

- ئاخ... ئاخ... تووتکە سەگ.. بۆ دارەکە لە لاجانگم دەکوتی؟ لێممەدە! لێممەدە کوڕم! عەمر درێژ نەبی!

موسلیم پێدەکەنی. قاقا پێدەکەنی. پیرە پیاو لە نێو چاڵەکەدا، بۆ هەموو لایەک دەستی دەکوتاو بە دەوری خۆیدا دەخولاوە و جنێوی دەدا. موسلیمیش دارەکەی بەسەر سەریدا دەگێڕاو جارجار لە ڕیش و لاملی دەکوتا و قاقا پێدەکەنی. حاجی سالم ئیتر تاقەتی لێبڕابوو و ئەمجارە کەوتبووە پاڕانەوە:

- ئازارم مەدە کوڕم! ئازارم مەدە خودا بەردارنییە، ئازارم مەدە، تکات لێدەکەم ها، ئازارم مەدە. ئەمشەو لەم کەندەڵانەدا لە سەرمانا قرم دێ. ئازارم مەدە. بێ باوک دەکەوی ها موسلیم، لەگەڵ تۆمە! ئاخ... بێ باوک بووی موسلیم، بێ باوک!

حاجی سالم لە پاڵ دیواری کەندەڵانەکەدا دانیشت و سەری کردە سەر ئەژنۆی و دەستی کرد بە گریان. موسلیمیش لە لێواری کەندەڵانەکە دانیشت و زوورە زووڕ دەستی کرد بە گریان و کێشای بە سەری خۆیدا. کە موسلیم دارەکەی لە دەست کەوتە خوارێ و کەوتە نێو خەندەکەکەوە، عەباس دڵاودڵی نەکرد و خۆی خستە نێو کەندەڵانەکەوە گۆچانەکەی دایەوە دەست پیرە پیاو، دەستی گرت و لەوسەری کەندەڵانەکەوە هێنایە دەرێ و خۆڵ و خاکی عەباکەی تەکاند.

حاجی سالم گوتی:

خوا هەروا وێڵم ناکا. فریشتە! خودای گەورە خدری زیندەی بۆ ناردم، خدری زیندە! تۆ کێی کوڕە؟ تۆ کێی بەم نیوەشەوە. تۆ کێی؟ ئەی ئەو شبری دایک سەلێتەیە، ئەو حەرامزادی دڵڕەقە چوو بۆ کوێ؟!

- هۆ لەوێیە حاجی گیان، لەولای کەندەڵانەکەیە.



- نابینم خۆ، نابینم! شەوکوێریم گرتووە، ئاخ... شەوکوێریم گرتووە! تۆ کوڕەکەی مێرگان نیت؟

- با، ئەوم حاجی گیان.

- بە دەنگتدا دەتناسم. بە دەنگتدا. یا خوا تەمەن درێژ بی کوڕم. خودا تۆی بۆ نەجات دانی من نارد. دەزانم. تۆ... تۆ... خدری زیندەی. بەڵام ئەو... ئەو ئەو حەرامزادەیە کوا؟ موسلیم!

موسلیم لە پێشەوە هەڵدەهات و دەپاڕایەوە:

- لێم مەدە باوە، لێم مەدە. تۆ گیانی خۆت لێم مەدە. باوە گیان.

- لێت نادەم، ڕاوەستە. نامەوێ لەوێ ببیە ئابڕووبەرە. ڕاوەستە!

- باشە باوە گیان، باشە. ڕادەوەستم، بەچاوان!

عەباس سەری دارەکەی گرت و دایە دەست موسلیم. موسلیمیش بەرەو ماڵی زەبیحوڵڵا وەڕێکەوت.

لە تەویلەکەی ماڵی زەبیحوڵڵاوە هۆڕەی مانگا دەهات. موسلیم باوکی لە بن دیوارەکە ڕاگرت. حاجی سالم فەرمانی دا:

- لە درگا بدە!

موسلیم لە درگاکەی دا. دوای تاوێک زارای خوشکی زەبیحوڵڵا درگاکەی کردەوە. حاجی سالم گوتی:

- لە کوێیە کچم؟

لە ماڵی میرزا حەسەن، زاوای ئاغا مەلەک.

حاجی سالم بە موسلیمی گوت:

- با بڕۆین وڵاخ! خۆ گوێت لێ بوو!؟

موسلیم گۆچانەکەی کێشا تاکوو حاجی سالم ببا بۆ ماڵی زاواکەی ئاغا مەلەک.

عەباس لە پەنا درگاکەی ماڵی زەبیحوڵڵا هەروا ڕاوەستابوو. زارا ویستی درگاکە داخاتەوە عەباس هەڵاتە پێشێ:

- گوێم لە دەنگی بۆڕەی مانگاکەتان بوو!

- خەریکە دەزێ.

ـ بچم ئاگام لێی بێ؟

ـ نا، خۆی دەزێ..

ـ بچم زەبیحوڵڵا بانگ بکەمەوە؟

درگاکە داخراو عەباس لە کۆڵانەکە ماوە. ڕێگایەک نەبوو جگە لەوەی بڕوا بۆ ماڵی زاواکەی ئاغا مەلەک.

موسلیم و حاجی سالمیشیان ڕێ نەدابوو بچنە وەتاغ. باوک و کوڕ لە بن دیوارەکە کز دانیشتبوون. عەباسیش لە پەنای حاجی سالم دانیشت. حەوشەکە تاریک بوو. دوو تاڵە تیشک لە کەلێنی درگای مدبەقەکەوە بەحاڵ ڕەشایی شەوی کون دەکرد. دیار بوو ژنەکەی و دایکی میرزا حەسەن لە مدبەق خەریکن. عەباس چاوی لێبوو کە حاجی سالم مەچەکی موسلیمی گرتبوو و بۆنی هاڵاوی مدبەقەکەی لە دوورەوە هەڵدەمژی.

پیاوەکان ـ کە دەنگیان دەبیسترا ـ لە شانشین بە دەوری کورسیەکەوە دانیشتبوون و دەمە تەقەیان بوو. عەباس بە جوانی دەنگی هەموویانی لێک دەکردەوە:

ـ دەزانم. دەزانم. وەک ڕۆژ لێم ڕوونە کە ئەو ژنەتیوە مسەکانی شاردۆتەوە؛ لە جێگایەک دابینی کردوون. من ئەو جادووبازە دەناسم!

ـ دەبێ ڕاوی شێر بکەی سالار عەبدوڵڵا. بۆ ئەو چوار کوتە مسە بۆچی ئاوا خۆت هەڵدەکوشی؟!

ـ داخم لێدێ میرزا خان داخ! پیاو ئەگەر هەزار تمەن لە مامەڵەدا زەرەر بکات ئەوەندەی داخ لێنایە، کە تمەنێکی لێ ون دەبێ. ئێستاش من دەڵێی ئەو مسانەم لێ ون بووە! بریا ملم بشکایە، ئەگەر ئەو ڕۆژە یەخەی سلووچم بگرتایە و هەمووم لێ بستاندبایە، یستا ئاوا... ئاخخخ... ئیتر دەبێ پشتی دەستی خۆم داخ کەم و پیاوەتی لەگەڵ شتی وا نەکەم.

کوێخا نەورۆز هەڵیدایە:

ـ لەوە گەڕێ سالار! با بچینە سەر باسی کەر و تێڕەکە. کارەکەی خۆمان گرینگە.



کەربەلایی ئێوە فەرموون بزانم دەڵێن چی؟

کەربەلایی دووشەممە نقەی نەکرد. بەجێی ئەو میرزا خانی زاوای ئاغا مەلەک هەڵیدایە:

ـ تۆ هێشتا لە کەربەلایی نەگەیشتووی کوێخا؟! ئەو قسەیەک سەد جار لە دەمیدا دەکوڵێنێ و دەیهێنێ و دەیبا، جا نیوەی دەداتە دەرێ. ئەویش لە دوای هەموو کەس!

سالار عەبدوڵڵا گوتی:

ـ باوکم دڵی بەو کارە خۆش نییە.

پاشان چاوێکی لە کەربەلایی دووشەممە کرد و گوتی:

ـ ئەوە لەلای خۆشی ئەوە دەیڵێم، ئەو دڵی بەو کارانەوە نییە.

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:

ـ یانی دڵی نایە پووڵی بەستەزمانی خۆی بۆ ئەو کارانە خەرج کا، نا؟

سالار عەبدوڵڵا وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەتا. ئاکامەکەی لێ ڕوون نییە. هەر لە ئەوەڵیشەوە، دوای ئەوەی وشترەکانی فرۆشت، پەڵەیەک زەوی و نۆرە ئاوێکی پێ نەکڕی. خۆ ئەوەش هەموومان بە باشی دەزانین!

زاواکەی ئاغا مەلەک پرسیی:

ـ خۆت چی، سالار؟

لەو تۆزە بێدەنگییەدا کە کەوتە نێوانیان، عەباس خۆی گەیاندە بەر درگای شانشینەکە و سالار عەبدوڵڵا لە جوابی میرزاخاندا گوتی:

ـ من؟ من وەرزێڕم. غەیری ئەوەش کاری دیکەم نییە.

ـ دەتوانی چەندە شەریکایەتی بکەی؟ چەن سەعات؟

ـ چل سەر لە مەڕەکانم دەفرۆشم. پارەکەی هەرچەندێک بوو بۆ ئەو کارەی دادەنێم.

ـ تۆ چی زەبیحوڵڵا خان!؟

زەبیحوڵڵا لێوە قەڵەشیوەکانی پێکدا هێناو گوتی:

منیش کڕ و کاشێک دەکەم. ڕەنگە بتوانم بیست هەزارێک جۆر کەم. بیست هەزار تمەن. لە ڕاستیدا نیوەیم بۆ زەماوەندەکەم دانابوو و نیوەکەی دیکەشی دەمویست مامەڵەی پێبکەم. بەڵام هەرچی دەبێ با ببێ. من ئەم کارە دەکەم.

ئێستا عەباس لایەکی دەموچاوی ڕەقەڵە و سمێڵی ڕەش و باریکی زاواکەی ئاغا مەلەکی لە بەر شەوقی چراتۆڕییەکە لێ دیار بوو. زاواکەی ئاغا مەلەک قوونچکی جگەرەکەی لە پاڵ کەشەفی سەر کورسییەکە کوژاندەوە و گوتی:

ـ کوێخا... تۆش حەتمەن.... سی چل هەزارێکت بۆ جۆر دەبێ!

کوێخا نەورۆز پیاڵە چاییەکەی کێشا بەر دەمی خۆی و نوقڵێکی خستە دەمی و گوتی:

ـ باوەڕ ناکەم ئەوەندەم بۆ جێبەجێ بێ، بەڵام فکرێکی بۆ دەکەم.

ـ هەرچۆنێکە دەبێ مەعلوومی کەین یەکی چەندەمان بۆ هەڵدەسووڕێ. ئێمە بەو پارەیەوە دەتوانین قۆڵ هەڵماڵین و داوای وامیش لە ئیدارەی کشت وکاڵ بکەین.

کوێخا نەورۆز بەر لەوەی وڵامێکی ڕۆشن بە میرزا خان بداتەوە پرسی:

ـ بیرتان لە زەوییەکە کردۆتەوە؟ دەبێ لە ئیدارەی داراییەوە بێن و چاویان بە زەوییەکە بکەوێ. ئەوان دەبێ مەعلوومی بکەن ئەو زەوییە بەکاری لێدانی نەمامی پستە دێ یان نا. چونکە پستەکاری لەم ناوچەیە نۆبەرانەیە.

دەوڵەتیش هەروا لەخۆڕا پووڵ و پارەی خۆی لە ئاو ناکا. دەزانن خۆ؟

زاواکەی ئاغا مەلەک ئیستێکی کرد و پاشان گوتی:

ــ کوڕی ئەو پیاوە نەمرێ. دەبێ زەوییەکی بەقەوەت و باش نیشان فەرمانبەرەکان بدەین. ئێمە کە لێرە کۆ بووینەوە، بۆ ئەوەیە مەزراکانمان بە پاڵ یەکەوەیە. بەڵام زەوییەکانمان ڕەنگە بۆ ئەو کارە باش نەبن و عەیبێکیشیان هەیە.

ـ عەیبەکەشیان ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ لەو زەوییانەدا کشت وکاڵ بکەین و هەر لەو زەوییانەشدا بەرهەم و داهات کۆکەینەوە. ئێمە خۆ ناتوانین دەست لە کشت وکاڵی گەنم و جۆ و پەمۆ و زیرە و کاڵەک و شووتی هەڵگرین و ئەوەی زەویمان هەیە بیکەینە پستە و پاشان دەستەو ئەژنۆ هەتا حەوت ساڵ لە پەنا نەمامی پستە



دانیشین! ئەوەش بە جێی خۆی، نەمامی پستە زەویی نەرمانی دەوێ. خۆ لە زەویی خێزەڵاندا ناکرێ نەمامی پستە لێدەی!

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:

ـ منیش مەبەستم هەر ئەوەیە کوێخا. بۆ ئەوەش بیرم هەر لەلای خوا زەوییەکانە.

ـ خوازەوی؟!

کەربەلایی دووشەممە بە دوای قسەکەی ئاغا مەلەک دا چزە بزەیەکی هاتێ.

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:

ـ بزەت دێتێ کەربەلایی؟! بەڵێ، خوازەوی. کلکەی زەوییەکانی ئێمە و زەبیحوڵڵا و بەربینا و زەویی کوڕەکەت لەگەڵ خوازەوییەکان پێکەوەن و دەتوانین بە ئاسانی لەسەر ئەو زەوییانە پێ ڕاکێشین.

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

ـ خوازەوییەکان هەموو بە دەست فەقیر و هەژارانەوەن.

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:

بە دەست خەڵکەوەیە، بەڵام خۆ هی خەڵک نییە!

ـ ئەی هی کێیە؟!

ـ هی خودایە. ناوەکەشی بەخۆیەوەیە.

ـ دەی باشە؛ خۆ ئێستا ئەو بێچارانە کاریان لەسەر دەکەن و چوار دەنک گندۆرەی لێ پەیدا دەکەن.

ـ چوار دەنک گرکە و گندۆرە بەکاری چی دێ؟ ئێمە خوا زەوییەکانیان لێ دەکڕین!

ـ ئەی ئەگەر نەیانفرۆشت؟!

ـ ئێمە دەیکڕین و تاپۆشی دەکەین. چونکە هەرچەندە تاپۆی زیاترمان بە دەستەوە بێ، دەتوانین پارەی زیاتر لە دەوڵەت وەرگرین. بوارەکەشم بۆ ڕەخساندووە.

ـ دڵی پێخۆش مەکە!

- بۆ دڵی پێخۆش نەکەم کەربەلایی؟ تۆش ئەوەندە ڕەشبینی و خراپ دەخوێنی. من لە ئاشییەوە دێمەوە، تۆ دەڵێی نۆرەی منە؟!

- باشە با وابێ!

کەربەلایی دووشەممە لەبەر کورسیەکە هەستاو هات کەوشەکانی لەپێ بکا. زاواکەی ئاغا مەلەک بە تەشەرێکەوە گوتی:

- چییە تورای کەربەلایی دووشەممە ؟!

کەربەلایی خەریکی لەپێ کردنی پێڵاوەکانی بوو، گوتی:

- نا، نا... خودا حافیز... خودا حافیز....

کەربەلایی دووشەممە هات لە درگاکە بێتە دەرێ، بەڵام میرزا حەسەن لە قسەی گرت:

- کەربەلایی وەرە بۆ جارێکیش بووە ئەو پارە بەستەزمانانەت بۆ کارێکی خێر وەگەڕ خە!

کەربەلایی دووشەممە لە درگاکە هاتە دەرێ و گوتی:

- من پارەکانم لە ئاو هەڵنەگوێستووە، کە بیهێنم لە خاکی خوا زەویی بپرژێنم!

عەباس سەری کێشا دواوە و بەرەو تاریکایی حەوشەکە خشی. کەربەلایی دووشەممە لە پلیکانی هەیوانەکە هاتە خوارێ. حاجی سالم لەبەری هەستا. کەربەلایی دووشەممە ڕاوەستا و چاوێکی لە باوک و کوڕ کرد:

- چییە لێرە، چ خەبەرە؟ هەڵوا دەبەخشنەوە؟!

ڕانەوەستا کە وەڵام وەرگرێتەوە. ڕۆیشت. موسلیم هەستا وەدوای کەوێ، بەڵام حاجی سالم پیلی گرت و لە پاڵ خۆی داینیشاندەوە:

- دانیشە گەمژە! ئەوە ناناسی؟ گیان بە مەڵکەمووتیش نادا!

عەباس خۆی گەیاندەوە بەر درگاکە. زاواکەی ئاغا مەلەک خەریک بوو جگەرەیەکی دیکەی دادەگیرساند. کەربەلایی دووشەممە چاکی ڕووشکێن کردبوو. دەبوو بە قسەیەک خۆی دەرباز کا. گوتی:

- ترسەنۆکە!

زەبیحوڵڵا گوتی:



- هەر لە هەوەڵەوە هیوام بە مامم نەبوو. ئەو شەوانە پووڵەکانی نەنێتە ژێر سەری خەوی لێناکەوێ! کەسێک کە بیست ساڵە چاوی لە دەستی ڕەش و ڕووتانە کە بەهرەی پارەیان قڕان قڕان لێ بستێنێ، چۆن دڵی دێ بۆ کارێکی ئاوا پارەی خۆی وەگەڕ بخا؟!

سالار عەبدوڵڵا گوتی:

- پیر وایە ئامۆزا گیان، هەموو هەروان، دڵیان چکۆلە دەبێتەوە. خۆ هەر ئەو وانییە.

کوێخا نەورۆز گوتی:

- چاکە، با بچینە سەر باسی خۆمان. میرزاخان تۆ پێت وایە بتوانی ئەو خوا زەوییانە بە سەفت بگەیەنی؟ گوتت بوارەکەیت ڕەخساندووە؟

زاواکەی ئاغا مەلەک وەڵامی دایەوە:

- من بە سەفتی دەگەیەنم!

- بەناوی خۆت؟!

ـ نا؛ بە ناوی هەموومان. داوام کردووە. ئێمە لە زەمینج پەمپێکی ئاو و تەڕاکتۆرێکمان پێویستە. هەر ئەوە. ئەگەر قسەکانمان بکەینە یەک، من وەرێدەکەوم بەرەو گورگان. لەوێ دەتوانم تەڕاکتۆرێکی دەستی دووی خاوێن پەیدا کەم، ئاشنام هەیە.

سالار عەبدوللا پرسیی:

- تۆ خۆت چەندە پارە دادەنێی میرزاخان؟

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:

- من و بیبی پەنجا هەزار. ئەگەر پێویست بێ زیاتریش.

دەنگی بیبی، خەسووی میرزا لە مدبەقەوە هات:

- شێو سازە میرزاخان.

میرزا هەستا و گوتی:

- سکڵی ژێر مەنجەڵەکە بێنە بۆ ژێر کورسییەکە بیبی.

زەبیح و سالاریش هەستان و کەوشیان لە پێ کرد.

- شێو چی؟ ناخۆن؟

زەبیحوڵڵا گوتی:

- من دەبێ زوو بڕۆم. مانگاکەم لەسەر گوانە، لەم شەوانەدا دەزێ. لە سەر ئەو حیسابەی کردوومە لاشی داوە.

- سالار تۆ چی؟

- منیش دەڕۆم بەشکوو بتوانم کەربەلایی دووشەممە ڕازی کەم. ئاخر ئەو پارە بەستەزمانانەی لەخۆڕا خەواندووە.

میرزا حەسەن گوتی:

زۆری لێمەکە. ئەو تازە «نا»ی گوتووە. شەریک دەبێ هەموو یەکدڵ بن.

- با بزانین چۆن دەبێ.

سالار و زەبیحوڵڵا هاتنە دەرێ. عەباس لە بەر درگاکە کشا دواوە و کوێخا نەورۆز ـ بە تەشەرەوە ـ بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئەو پیرە پیاوە پەشیمانت نەکاتەوە، سالار!

- خاترجەم بە کوێخا. قسەی پیاو یەکە.

حاجی سالم و موسلیم لەبەر پێی پیاوەکان هەستان. حاجی سالم دۆعای کرد:

- خێر دەبێ ئیشەڵڵا. بەخێر و خۆشی دەبێ ئیشەڵڵا.

زاواکەی ئاغا مەلەک چوو زەبیح و سالار هەتا بەر درگای دەرێ بەڕێ بکا. موسلیم دەستی لە دەستی باوکی بەردا کە بە دوای سالار و زەبیحدا بڕوا، بەڵام حاجی سالم ڕایگرت و بە سرتە گوتی:

- گەلحۆ! بۆنی ئەو پڵاوەت نەبیستووە؟ ئەوانە خۆ بۆ غەریبایەتی ناچن!

لە دالانەکەدا میرزا حەسەن سەری بردە دەرێ و گوتی:

- هەتا شەوی هەینی خەبەرەکەی بە یەکتر دەدەینەوە!

زەبیحوڵڵا سەری وەرسووڕاند و گوتی:

- پارەی من حازرە.

- منیش دەچم قیمەتێکی مەڕ بزانم.

زاواکەی ئاغا مەلەک گوتی:



- وەلحاسڵ شەوی هەینی هەموومان لێرەین!

- شەوی هەینی.

میرزا حەسەنی زاوای ئاغا مەلەک گەڕاوە و بە پلیکانی هەیوانەکەدا چووە سەرێ. بیبی خێزانی ئاغا مەلەکی خوالێخۆشبوو. لەتێ نان و قاپێ پڵاوی بۆ حاجی سالم و کوڕەکەی هێنا و گوتی:

- ها بیبەن لە دەرێ بیخۆن. بڕۆن دەی. دەمەوێ درگای ئێرە داخەم.

- بە چاوان... بە چاوان بیبی گیان.

بیبی گەڕاوە بۆ مدبەق و عەباس وەک پشیلە هەڵاتە دالانەکەوە و لە درگاوە دەرپەڕییە دەرێ.

زبیحوڵڵا و سالار عەبدوڵڵا گەیشتبوونە کۆڵان.

زەبیحوڵڵا درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:

ـ ئەم میرزاخانە زۆر بە توندی قسە دەکا! وا خۆی نیشان دەدا دەڵێی لە نێوعەرەب و عەجەمدا دەستی دەڕوا. بەم سەروفۆکلەیەوە بڵێی گرێ و گۆڵێ لە کاریدا نەبێ؟

- ئێمە خۆ کارمان بەو نییە و ئەو ناناسین. ئێمە لەگەڵ دەوڵەت تەرەفین. تاپۆی مڵکەکە بە بارمتە دادەنێین، پارە قەرز دەکەین. سەری هەر مانگێکیش بڕێکی دەدەینەوە. لاملاشەوە سەروکارمان لەگەڵ ئەو سێ چوار ماڵە ڕەشاییەیە وا لەسەر خوازەویی کار دەکەن، ئەوانیش سەرو پاروویەکیان لە دەم دەنێین و بڕایەوە.

- من خەمی ئەوەمە، دەڵێم ئەم چوار قرانە پارەشمان لەدەست نەکاتەوە!

زارای خوشکی زەبیح بە لەنتەرەوە بە هەڵەداوان لەوسەری کۆڵانەوە دەهات. بە هەناسە بڕکێ و دەنگی لەرزۆکەوە گوتی:

- ئەوە تۆ لە کوێی؟! مانگاکە خەریکە مندار دەبێتەوە... بەڵام تۆ... تۆ...

- چی مندار دەبێتەوە؟

- خەریکە دەزێ، لێنابێتەوە. بەستەزمان خۆ هێزی نییە!

- چۆن ناتوانێ بزێ؟

- گوێلکەکەی لاقی لە پێشا هاتووە!

- چی؟

- لاقی هاتووە!

زەبیحوڵڵا لەنتەرەکەی لە دەستی خوشکی ساند و هەڵات. زاراش بە دوایدا هەڵات. عەباس خۆی گەیاندە سالار عەبدوڵڵا و گوتی:

- منیش هاتبووم ئەو هەواڵە بگەیەنم، سالار!

سالار وەرگەڕایەوە و چاوێکی لە کوڕی مێرگان کرد:

- سەیرە تۆ لە ڕووت هەڵدێ لەگەڵ من قسە بکەی؟! لەعنەت لە دڵی ڕەشی شەیتان! پیاو شتی چۆن دەبینێ!

عەباس نەگەڕاوە. پێ بەپێی سالار چووە تەویلەی ماڵی زەبیحوڵڵا.

تەویلەکە گەرم بوو. مانگا لەسەر لاتەنیشت کەوتبوو و چاوی بە مۆلەق وێستابوو. زەبیح چاوێکی لە کوڕە مامی کرد:

- چیی لێبکەین سالار؟

سالار عەبدوڵڵا کۆتەکەی داکەند، قوڵی هەڵماڵی و گوتی:

- هیچ؛ لێی ڕادەکێشین. بڕۆ مەنجەڵێک ئاو گەرم کە کچێ! تۆ ئەو لەنتەرە بێنە پێشێ بیگرە!

عەباس بەدوای زارادا لە تەویلەکە هاتە دەرێ. مانگاکەش جار لەگەڵ جار زیاتر بۆڕەی لێهەڵدەستا.

هەتا ئاوە گەرمەکە ساز بوو، سالار عەبدوڵڵا گوێلکی مندارەوە بووی دەرکێشا و خستییە لایەک. مەنجەڵی ئاویان هێنا پێشێ. سالار خەریکی شتنی دەستی بوو.

زەبیحوڵڵا لە پشت سەری گوێلکە مندارەوە بووەکە هەڵتروشکابوو بە هەر دوو دەستی نێو چاوانی خۆی دەگوشی. زارا پاڵی بە دیوارەوە دابوو. عەباس چووە سووچێکی تاریکی تەویلەکە و ڕاوەستا. مانگاکە هەروا لەسەر لاتەنیشت کەوتبوو و هاسکە هاسکی بوو.

سالار عەبدوڵڵا هەستا پێ، لاقی گوێلکە مندارەوە بووەکەی گرت و ڕایکێشا و بردی بۆ کۆڵان. وەڕینی چەن سەگە بەرەڵڵا دەبیسترا. سالار عەبدوڵڵا گەڕاوە. باسکی کوڕە مامی گرت و هەڵیستاندە سەر پێ:



- هەستە! قەزاوە گێڕ بێ. مانگاکە ساغە، دەبێ شوکری خودا بکەی.

زەبیحوڵڵا هەستا پێ و گوتی:

- دیارە پێمانەوە نایە، ئامۆزا. ئەو کارەی لە پێشمانە هیچ لەوە ناچێ شوومی باش بێ.

سالار گوتی:

- بۆی مەقڕێنە پیاو، ئەم جۆرە شتانە هەر دەقەومێ، هیچ نییە. هەستە با بڕۆین.

- نا؛ نا! من دەبێ ئاگام لە مانگاکە بێ ئەمشەو هەر لێرە دەبم.

عەباس هاتە پێشێ و گوتی:

- ئەگەر پێتخۆش بێ من لێرە دەبم... ئالێرە... لەو نێو ئاخوڕەدا...

- نا، نا. خۆم لێرە دەبم.

زەبیحوڵڵا ئەمەی گوت و لەسەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشت. سالار عەبدوڵڵاش لە پەنای دانیشت. زارا چوو لێفەکەی زەبیحوڵڵا بێنێ. ئیتر جێی عەباسی مێرگان نەبوو. بە هێواشی خشی و لە تەویلەکە چووە دەرێ.

کۆڵان. کۆڵان هەروا سارد و تاریک بوو. حاجی سالم و موسلیم لە چەقی کۆڵانەکەدا دەمقڕەیان بوو موسلیم گۆچانەکەی باوکی دەکێشا و حاجی سالم پەیتا پەیتا پێی دەگوت:

- وڵاخ! وڵاخ!

- موسلیمیش پەیتا پەیتا لە جوابی باوکیدا دەیگوت:

- ئەهـ... ئەهـ... ئەهـ... !

عەباس چوو بۆلای حاجی سالم و موسلیم.

# بەشی دووەم

**بەندی یەکەم:**

زستان تێپەڕی. زستانێکی ئارام و لە سەرەخۆ. یەسترێکی پێ لە قوڕ چەقیو گیانی دەدا و تێدەپەڕی. ئیتر پشتی شکابوو. سەرما! هەتا بوو سەرما بوو. وشکە سەرمای بەردەوام. ئێستا لە پڕ بەفر! شەوێ، بەفر کەوتبوو. بەفرێکی قورس. بەگوژمە دەیانگوت: «پشتێنەیەک» بەڵام نەک پشتێنەیەک. ئەژنۆیەک بوو. سەربانە گڵین و گومبەزییەکان لە ژێر سنگی بەفردا پشوویان لێبڕابوو. کڕوکپ، ماندوو، دەتگوت وشترن بە بارەوە، هێشتا دەباری، بەڵام کرێوە نەبوو.

بەرەبەیان خاوی کردبۆوە ورد پڕووشەی دەکرد. پەڕی کۆتر، خولیان دەخوارد و دەنیشتنەوە. بۆ مێرگان بەفر تەنیا پەستی پێوە بوو. بەڵام بۆ دەشت و بۆ زۆربەی خەڵکی زەمینج، بۆ ئەوانەی لانیکەم پەڵە زەوییەکی دێم و گاجووتێکی سەر ئاخوڕیان بوو، بەفر ئاڵتوون بوو دەباری. هەر کولووە بەفرێک هەزار دەنکە گەنم بوو. شووتییەک بوو، مستێ هەرزن بوو. چل قۆزاخە پەمۆ. نەک هەر بۆ خەڵکی زەمینج، بۆ هەموو دانیشتوانی بیابان بەفر نان بوو. نان بوو دەباری. چ خۆش دەباری. سەختیی سەرماکەی و کەم بوونی دەغڵ و دان دەکرا تاقەت بێنن. دەگوزەرا. هیوای بەهار و گژ و گیا تامڵ کردنی ئاسان کردبوو. مێرگان ئەوەندەی دنیا دیبوو کە لەو شتانە بگا. سفرەی پڕ شتێکی لێ وەگیر دەکەوی کە بەری دڵی خۆی و منداڵەکانی بگرێ.



بەڵام سفرەی بەتاڵ؛ لە تەپووتۆز و خۆڵ زیاتر چیی لێ وەدەست دەکەوێ. چەرخ و خولی ڕۆژگار ئەوی فەقیر کردبوو. مێرگان ئەگەر دڵی برسی بوو ـ کە زۆریش بوو ـ بەڵام چاو برسی نەبوو.

مێرگان ئیتر جوان و جەحێڵ نەبوو. زۆری چەرمەسەرێ و کوێرەوەری چێشتبوو. ورده ورده تەمەنی دەگەیشتە چل ـ ئەگەرچی ڕوخسارە تێکسمڕاو و ڕەقەڵە و ماندووەکەی پیرتر لەوەی دەنواند ـ بەڵام تازە بسکە ڕەشەکانی، جێجێ، ڕێگایان بە لقی سپی دابوو. خوار تەوێڵییەوە لەسەر پێستی وشکی نێو چاوانی دوو سێ لۆچی باریکی تێکەوتبوو. دەوری چاوی چرچ و لۆچێکی باریک و ناسکی پێوە دیار بوو. ژێر کوڵمەکانی بە ئاستەم تێک قۆپابوون. ددانە درشت و سپییەکانی لە ڕوخساری شەکەتیدا، لێوە ناسک و بارگرتووەکانی لادابوو. چەناگەی لە هەردوو لای دەمییەوە بە دوو هێڵی کەوانی ڕازابۆوە. ڕەگی لا ملی هەستابوون، بەرملی ئەو جێگایەی لکەی کۆڵوانەکەی بە دەرزیلەی عورووسی لێک قایم دەکرد، بە قووڵدا چووبوو. شەویلکەی دەرپەڕیوی کاتێ کە ددانی پێکدا دەنا ڕیزی ددانەکانی لە ژێرەوە دەنواند.

لە ڕاستیدا گۆشتی ڕوخساری مێرگان سووتابوو. دەتگوت ژێر ئەو پێستە تەڕایی تێدا نییە. پێستێکی وشک. وەسەر یەسقانێکی سەخت و ڕەق کشاو. بە چاڵ و چۆڵی ئاشکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانی جوان بوون. خەم تێزاو و جوان. ئەگەرچی چاوی بە قووڵدا چووبوون، بەڵام پڕ لە ترووسکەی نیگا بوون. بەژن و باڵای مێرگان ئەگەرچی لاواز و ڕەقەڵە بوو، بەڵام چەماوە نەبوو. ڕاست و زراو. لە ناخی ئەو بەژنە شووش و زراوەدا، ڕۆحێکی بریندار جینگڵی دەدا. بەڵام ئەو ڕۆحە نەپلیشابوو. ڕقێکی پەنگ خواردوو، ئەو ڕۆحە زامارەی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، نەک کرووزانەوەیەکی ژاناوی. هەر ئەوەش بووبووە هۆی ئەوەی چاوی ئاوا جوان بمێنن. درەوشانەوەیەکی خیرە سەرانە لە ناخێکی هیوا براودا.

بڵێسەی لەرزۆکی لەنتەرێک، لە شەوە زەنگدا. مێرگان ئێسک ئەستوور بوو. وەک براکەشی نەبوو کە کەڕاکەی سەری بەقەد کەڕاکە سەری ئەسپێک دەبوو.

بەڵام لە نێو ژناندا سەرە بوو. ئەگەرچی تا ڕادەیەک تێک شکابوو. بەڵام هێشتا جوانی و لەباری خۆی لە بەژن و باڵای نامۆ نەکردبوو.

مێرگان دەیڕوانی. سپێدەی بەیان لەو بەفرەدا سپیتری دەنواند. ڕووناکییەکی جوان؛ ڕەنگێکی بێ وێنە. تەنیا بە ڕوانینی چاو هەست پێنەدەکرا. دەبوو بە گیان بیبینی. دەردەدار مەرهەم چۆن دەبینێ؟ تینوو ئاو، مێرگانیش بەفری ئاوا دەدی و هەستی پێ دەکرد. ئەگەر بە وردی بتڕوانیبایەتە ڕوخساری، وێنەی ئەو سپێدە بەفرینەت تێدا دەدی.

جموجۆڵێک. شتێکی تازە. هەستێک. هەستی ئەوەی شتێکی، شت گەلێک خەریک بوون تووشی ئاڵوگۆڕ دەبوون؛ هەستی ئەوەی تۆوی گیا، گژ و گیای ڕەنگاوڕەنگ، لەبن زەویی سامالّسا بە بەفر، رادەچەنن؛ هەستی ئەوەی بزووتنی ئەو تۆوانە، لە زەوییەکی سارد و سڕدا کە سێ مانگەی زستان گرژ و مۆن و سڕ هەڵتووتەکاوە و ئێستا خەریکە بەحاڵ زەردە دەگرێ و لێوی دەپشکوێ؛ هەستی ئەوەی هەر ئێستا هەتاوێکی گەرم و گوڕ ئەو بەفرانە هەڵدەچۆقێنێ؛ هەستی گاسن و نیروئاموور و کووز و هۆگانی دێمە کاران؛ هەستی ئەوەی هەر ئێستا دەشت و دەر ئامێزی سەوز و بەرینی خۆی دەکاتەوە؛ هەستی ئەوەی هەر ئێستا زەڕەزەڕی گوێدرێژ و باڕەی پەز و هۆهۆی شوانان و دووکەڵی لە کولانکەوە دەرباز بووی نێو دێ بەرز دەبنەوە؛ هەستی ئەوەی هەر ئێستا گنج و لۆچی نێوچاوانی خەڵک بە هێرشی پەیتا پەیتای پێکەنین دەکرێتەوە؛ مێرگانی لەو بارەوە خستبووە بارێکیتر. هەستێکی نوێ. لەو جۆرەی کە کچانی تازە پێگەیشتوو دەگەشێنێتەوە. چونکە ئەو کاتەی مێرگان عازەب بوو و مەست و خەرامان و بەناز ڕێگەی دەپێوا. وەک بیست ساڵ لەمەوبەر. ئەو ڕۆژانەی کە هەستی دەکرد دەتوانێ هەموو پیاوانی جیهان لە باوەش بگرێ. ئەو ڕۆژانە مێرگان بەهار مەست بوو.

پێکەنین و گاڵتە و سەما و دایرە لێدانی. کاروبار و نان کردن و بژار و دەسکەنە و گوڵ چنینەوە بە دوای پیاوانی دروێنەوانەوە. تەشی ڕستن و شەوگاری درێژی زستان، لەگەڵ دەستە خوشکانی خەریکی هەڵکردنی ماشەرو قانگڵە و خەڕەک هەڵسووراندن دەبوون. گۆرانی و چیرۆک و مەتەڵ و بەیت و نەزیلە. چپە و سرتە



و باسی پیاوان و لاوان؛ لەرەی مەمک و کورکە کورکی دڵ؛ شەپۆلانی خوێن لە دەماردا و بڵێسە کێشانی ئەوین؛ ئەوینێک کە بزر بوو و هێشتا دیار نەبوو. هەستی ئەوین. هەستی ئەویندداری. ئەویندار بوون، لە کاردا، لە ماڵدا، لە پێخەف و لە مەزرا دا. لەگەڵ ئەوین ئاوێتە بوون. گرێدانی لاسکە گیا. منداڵ، منداڵەبەر بوون. شیر پێدان، مەلۆتکە کردن، لایە لایە. شۆردنی منداڵ لە بەر خۆرەتاوی نیوە گەرمی نیوەڕۆیان. هەستی خۆشی. کوڕ ختیلکەی دێ! پێکەنین. ئاو. خۆر. پێکەنین. پێکەنینی پاکژی منداڵ. پشکووتنی خونچە. شتێک لە نێوان گریان و پێکەنیندا. ئاشقی هەموو شتێک بوون. تەپوتۆزی سەر شانی پیاو. بۆنی خۆشی ئارەقی بن باخەڵ. کراسی سلووچ ئاوێتەی خۆڵ و ئارەقەیە. کوڕە شڵپ دەستی دەدا بە ئاوی تەشتەکەدا.

ماچ، ماچ کردنی سەرو لاقی زارۆک، هێشتا ددانی نەهاتووە، بەڵام زۆری ختیلکە دێ. کە پێدەکەنێ، خونچە! دەپشکوێ. ئای...

مەزرا بە گەنم سامالّسایە. زێڕین. ئەو دەشتە زێڕ بارانە. هەتاوی تەمووز. هەرا و هۆهۆی پیاوان. قریشک و هۆڕی گوڵ چنەوەکان. ژنان، کچان، منداڵان، گۆزەی ئاو، لە بن تایە گەنم. خەوتوو لە نێو قووڵکەیەکی فێنک و بە گیا سڕە داپۆشراو. کورتانی گوێدرێژەکەی سالاری بۆ کراوەتە سێبەر. نان و چایی و خورما. لاوێتی. پیاوان. دەسرەی هەورێشمین. لاوان دەسرەی هەورێشمینیان لە مل کردووە؛ بە سەر و فۆکلەی بێ کڵاوەوە، ئارەقە بە ژێر دەسرەکەدا دەخزێتە خوارێ؛ بە چاڵی نێو شاندا دادەگەڕێ و لە بەندی نێو قەدیدا گیر دەکا و بەملاوئەولای کەلەکەیدا بڵاو دەبێتەوە. کراسی خووساو بە ئارەقە تۆزی گەنم و شەکرۆکەی لێدەنیشێ. ئاوێتە بوونی ئارەقە و خاک کراسەکانی لۆچ کردوون. دۆکە. ئارەقە و خاک. خاک و ئارەقە. باسک و باهۆ دەبزوێن. کاری شان و باهۆ. ئامرازەکانی دروێنە. داس و مەڵەغان و شەنە و درمەغ لەبەر هەتاو دەبریقێنەوە. دروێنەوانان بە هەموو تواناییانەوە لە سواڵە باقە و لە باقە تایە و لە تایە خەرمان دروست دەکەن. بە دوای دروێنەوانانەوە ژنان و کچان ـ کاتێ گەنمەکان دەبنە باقە و تایە و کۆڵکێش دەیانباتە سەر خەرمان ـ وە جاڕە گەنم دەکەون و دەست دەکەن بە گوڵ چنینەوە.

مێرگان لەگەڵ گوڵ چنەوەکان بوو. لە گوێ خەرمانەکە دانیشتبوو و چاوی لە بەرە دروێنەی سلووچ بڕیبوو. سلووچ دروێنەوانێکی بەناوبانگ و ئازا بوو. قەڵافەتێکی وای نەبوو. بە جەرگ نەبوو، بەڵام کار جوان و بە بڕشت بوو.

وردیلە وگورج و گوڵ. سلووچ بە هەڵترووشکانەوە دەسوڕا و چڵە گەنمی بەرز و نەویی دەدەوورییەوە و جارەکەی دەڕووتاندەوە. دروێنەوانێکی کار خاوێن، سلووچ، بەقەستی دەستە سواڵەی شل دەگرت و گوڵە گەنمی دەڕشت. بۆ ئەو کارەش سالار دەنگی نەدەدا. چونکە دەیزانی سلووچ ئەو گوڵە گەنمانە بۆ مێرگان بەجێدێڵێ. ئەوەش خۆی جۆرێک نەریت بوو. بووبووە نەریت. جۆرێک بڕیاری نەهێنی لە نێوان دروێنەوان و سالار و گوڵچنەوە دا. دروێنەوانی لاو ئەگەر دڵی بە کچێکەوە بوایە، ئەوەی بە هەقی خۆی دەزانی کە لێزانانە گوڵە گەنم بوەرێنێ. بەر کۆشی کچە دەبوو پڕ بێ: پێشکەشیی ئەوین. مێرگان دەبوو بە دەستی پڕەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. مێرگان بە دەستی پڕەوە دەچووەوە بۆ ماڵێ. تانەو تەشەری ئەم و ئەو؟! هەر کەس هەرچی دەڵێ با بیڵێ! مێرگان بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات.

زمانی خەڵک دڵی خەڵکە. چش با دڵی بڕێکیان لە مێرگان بڕەنجێ. چش. خەڵکی وا زۆرن کە هەمیشە ڕقی ناخیان بەتوانج و تانووت دەردەبڕن. ئەو خەڵکە بە بڕوای خۆیان زیرەکن! لەوە خافڵن کە ئەوە زیرەکیی پێناڵێن، ئەوە دووڕوویییە. لە خۆیان ڕانابینن یەکڕوو بن. ئاخری دەیانگوت چی؟

مێرگانی سارەوانان و سلووچی هەورگەران دڵیان بە یەکەوەیە. چش با وا بڵێن! با خەڵکی زەمینج بەو قسانە دەمی خۆیان شیرین کەن! دەی چییە؟ تاوانە؟ خودای دەکرد هەموو دەپەڕینە سەربان و هاواریان دەکرد کە مێرگان و سلووچ پێکەوە کەین و بەینیان هەیە، کێ بوو بەرگری لە مێرگان بکا؟ هیچ کەس. مێرگان تاقە برایەکی بوو. باوکی مردبوو و دایکیشی گردەنشین بوو. ئەمان دەیتوانی بڵێ چی؟خۆی شێت و شەیدای بسک و پرچ بوو. نازناوی شێتی بسکیان بەسەردا بڕیبوو. مەولا ئەمان! مەولا ئەمان، خۆی ئاشقێکی سەوداسەری بسک بوو. وەک شێتی لێهاتبوو. بە ڕێدا دەڕۆیشت و بەیتی بۆ بسک دادەنا. بووبووە شایەر. بە ئەشقی بسک و قژەوە بە کۆڵاندا دەگەڕا و گۆرانیی دەگوت. شەوانە تا بەیانی



نەدەخەوت. چیرۆکی مەولا ئەمان و بسک بووبووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەمووان. دەی برایەکی ئاوا کاری بە مێرگان چییە؟ مێرگان تەنیا شێتی سلووچ بوو. مەولا ئەمان کە خۆی شێتی بسک بوو دەیتوانی چی بە ئەو بڵێ؟ گریمان شتێکی گوت. جنێو و زللە و پێلاقەیەک. چش! ئەوەی مێرگانی کوشتبوو خۆ لێدان و قامچی و پێلاقە نەبوو. دووریی سلووچ مێرگانی دەکوشت.

دووریی کوڕە هەورگەر.

«لەکوێی، ون بووی مێرگان!»

وەخۆ هاتەوە. سەرما وەلەرزەی هێنا. چەندە دوور! چەندە لە خۆی دوور کەوتبۆوە! بۆ کوێ چووبوو؟ بیرەوەری... بیرەوەری. لای کردەوە. منداڵەکانی هێشتا خەوتبوون. پشکۆی ژێر کورسییەکە سارد بووبۆوە؛ خۆڵەمێش. منداڵەکان لە ژێر لێفە چلتیکەکەدا خۆیان کوشمەڵە کردبوو. مێرگان چوو قولێکی لاسکە پەمۆ هێنا و وەجاخەکەی پێوەنا و کترییەکەی وەسەر نا. هاجەر سەری هەڵێنا. کچۆڵە دەبوو زووتر لە کوڕەکان هەستێ. عەباس و ئەبراو دواتر هەڵدەستان. هەستان.

ـ لەو بەفرە؟!

عەباس هەڵات بۆ بەر درگاکە. ئەبراویش خۆی گەیاندە لای شانی براکەی و هەردووکیان چاویان لەو بەفرە قورسە بڕی کە بەسەر دیوارۆچکەی ماڵەکەیان و لەولاترەوە بە سەربانی ماڵەکانی زەمینجدا باریبوو. بێ ئیختیار گەشابوونەوە. چاویان لە یەک کرد و نەرمە بزەیەک. کەم وابوو ئەو دوو برایە پێکەوە پێبکەنن. پێکەنین. لەو دوورانەوە قەل و قاژوو پەیدا بووبوون. : قاڕ قاڕ. عەباس و ئەبراو ئەمرۆ دەیانتوانی لە ماڵ بمێننەوە. ئەوەش بۆ ئەوان خۆش بوو. لە ڕۆژێکی وادا هەموو دەیانزانی کە کەس لە زەمینج ناچێتە دەرێ. بیرێکی کتوپڕ عەباسی ڕاتڵەکاند: قومار! ئەمرۆ دەکرا بەزمی قومار وەڕێخەن. لاوانی بێکار ئەمرۆ هەموویان لە دووکان کۆ دەبنەوە و هەڵوا دەکرن. هەڵوا گوێزی. پاشانیش گەورەکان، ئەوانەی کە گیرفانیان سەوزەڵێی نەدەگوت، هێواش خۆیان دەخزاندە پشتی دووکانەکە و قوماریان دادەمەزراند. بەینێ بوو کاسادق دەستێکی پاستۆڕی دەستیدوو لە شار هێنابوو. گەورەکان بە پاستۆڕ قوماریان دەکرد، کوڕەکانیش، بە

جگ. کا سادق لەوەتا پاستۆڕی هێنابوو، ئیتر پێی خۆش نەبوو لە دووکانەکەیدا جگێن بکەن. چونکە تەق و کوتی جگێن دەبووە هۆی ژانەسەر و بڕێ لە مشتەرییەکان دەڕۆیشتن. هەموو کەسێکیشی ڕێ نەدەدا بچنە پشتەوەی دوکانەکە:

«لێرە چدەکەی ڕۆڵە گیان؟! بڕۆ! بڕۆ بازەڵێن بکە. هێشتا ئێرە بۆ تۆ زووە!»

کەوایە منداڵان جێیان نەبوو. بەو بەفرە لە کەلەواکانیشا نەیاندەتوانی جگێن بکەن. دەماوە جێیەکی گەرم کە کەسێک بتوانێ پەیدای بکا، گەوڕ. کوێ چاتر لە گەوڕە خاڵییەکەی ماڵی سلووچ. عەباس پێی وابوو دەتوانێ سێ چوار دانە لەو منداڵی قوڵەبەگانە لەداو خاو بەزمی قومار وەڕێ بخا. ڕەنگە عەلی گەناویش بێ.

تامی ئەو خەیاڵە عەباسی بەرەو دۆڵابچەکە کێشا. لەژێر کەلوپەلەکاندا پڕ قوتوویەکی جگ دەرهێناو گەڕایەوە بەر ڕووناکایی درگاکە. جکەکانی هەڵڕشت و دوو دەستی جیا کردەوە. دەستێکی سێ دانەیی و دەستێکی چوار دانەیی. سێ دانەییەکی بۆ کایەی سێ جگێن و چواردانەییەکە بۆ کایەی گورگێن. هەر دەستە جگەی لە پەڕۆیەکەوە پێچاو نایە باخەڵی و گەڕاوە بۆ لای وەجاخەکە.

ئەبراو لەبەرەوەی وەتاغەکە دانیشتبوو. مێرگان تۆزێ وشکە گیای کردە کترییەکەوە و هاجەر دەستی کرد بە کۆکردنەوەی لێفەو نوێنەکان. لە سووچێک هەڵیچنین و هات لە پەنای دایکی دانیشت. عەباسیش لەپاڵ ئەبراو دا دانیشت و دەستی بە سەر ئەو ئاورەدا گرت کە خەریک بوو لە دووکەڵدا دەخنکا. دوکەڵی چێو پەمۆی تەڕ ئاوی لە چاو دێنا. ئەوەبوو کە مێرگان و منداڵەکانی سەرەڕای ئەوەی لە وجاخەکە چووبوونە پێشێ بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە، ناچاریش بوون ڕوویان لە وجاخەکە وەرگێڕن و چاوی ئاو تێزاویان بقووچێنن و پەیتاپەیتا لووشمەیان بێ. دووکەڵ خەریک بوو ماڵەکەی دادەگرت. ئەبراو کەوتە سەر چۆک، هەردوو بەری دەستی نایە عەرزی و فووی لە وجاخەکە کرد. یەک وچان فووی لێکرد بەڵام دماندنی ئەو وەزیەکی وای نەبوو ئێزنگی تەڕ داگیرسێنێتەوە. نەخۆشی و برسییەتی هێزی لێ بڕیبوو. کز و لاواز. هێشتا گوڕ و تینی وەبەر نەهاتبۆوە. هەروا شێواو و تێکشکاو بوو. لووتی درێژ بوو بۆوە. ددانی گڕ و دەمی گەورەی دەنواند. لێوە گۆشتنەکانی شین هەڵگەڕابوون و چاوی لە نێو هێلووندا زیتەیان



دەهات. ئاخری پشووی لێبڕاو کشایەوە دواوە. عەباس لەبەر وەجاخەکە خۆی کووڕ کردووە و بە هەموو هێز و توانایەوە دەستی کرد بە دەماندنی دووکەڵ و چێو پەمۆی تەڕ. دووکەڵ بەرز بۆوە و بڵێسەیەکی نەرم لە ناخی وەجاخەکەوە هەستا. مێرگان بە هاجەری گوت پیاڵەکان بێنێ. هاجەر هەستا دوو قورووشکەی سواڵەتی لە دۆلابچەکە هێنا و لە بەر دەستی دایکی داینا. دایکی گوتی ئەو سێ چوار دەنکە سنجووەش بێنێ. هاجەر شوێنی سنجووەکەی دەزانی. چوو توورەکەیەکی چکۆڵەی هێنا. مێرگان سنجووەکەی بەش کرد و هەریەکی دوو دەنکی پێدان. پاشان پیاڵەکانی لە ڕەنگاوی گەرم پڕ کرد. عەباس پیاڵەیەکی کێشا بەر دەمی خۆی. ئەوەی کە عەباس چایی یەکەم هەڵقوڕێنێ و پارووی یەکەم بگرێ، ڕازی و ناڕازی لە لایەن بنەماڵەوە قبووڵ کرابوو. چ ئێستا و چ پێشوو عەباس کەسی بە هێند نەدەگرت. بە مافی خۆی دەزانی کە بەر لە خێزانەکەیان دەست بکا بە خواردن.

تا عەباس و ئەبراو چاییەکەیان هەڵقوڕاند، مێرگان چووە کولێنی پشتەوەی وەتاغ و کە گەڕاوە هێشتا ئەبراو چاوی لە درگای کراوە و بارینی بەفر بڕیبوو:

ـ خۆزگە ئەمڕۆ بمانتوانیبایە بەفر و دۆشاوێک بخۆین!

مێرگان پێمەڕە و وەروەرەی سلووچی هێنا، لەبەر درگاکە داینا و گوتی:

ـ ئەگەر پیاون هەستن دۆشاوەکەی پەیدا کەن، نانەکەی لەسەر من.

ئەوە پێمەڕە و ئەوەش وەروەرە. سەربانی چوار ماڵ بماڵن و بە پارەکەی چۆڕێ دۆشاو بکڕن و بیهێننەوە.

عەباس گوتی:

ـ ڕۆژێک کە بۆ ئەوە نابێ بچین بۆ دەشتی، دەبێ بچین بۆ سەربان ماڵین!

ـ بۆ خۆتە؛ ناچی مەچۆ. بە بای خودا بەڕێ ناچن.

ـ ڕۆژێک کە ناتوانم بچم بۆ چرپی و چاڵ دەبێ بە بای خودا بەڕێ بچم؟!

ئەبراو گوتی:

ـ ئەگەر دیسان سەرمام ببێ چبکەم؟

- سەرمات نابێ، خۆ جووجەڵە مریشک نیت! ئەو چارشێوەی من لە شان و ملت هاڵێنە.

عەباس گوتی:

- پێڵاو چی؟ بەو کڵاشە شەق و شڕانەوە خۆ ناتوانین وەنێو پشتێنەیەک بەفر بکەوین، لاق و قولمان سەرما دەبیا!

- چۆن بۆ بەرلڵایی دەکرێ وەنێو بەفر کەوی، بەڵام بۆ کار نابێ،... لاقوقولیشتان بۆ دەپێچم ئیتر دەڵێن چی. هەتا دێنەوە ئاورێکی چاک دەکەمەوە و ژوورەکە وەک تەندوور گەرم دادێنم.

عەباس گوتی:

- هەرکەس سەربانی خۆی دەماڵێ؛ کێ هەیە سەربان بە ئێمە بماڵێ؟

- هەیە! بۆ وێنە بیبی بێوەژنەکەی ئاغا مەلەک کێی هەیە سەربانی بۆ بماڵێ؟

- ڕەنجبەرەکەی! ئەو ڕەنجبەری هەیە. کەربەلایی حەبیب.

- کەربەلایی حەبیب کوا دەتوانێ بەو هەوا ناخۆشە سەربان بماڵێ؟ لووتی بگری گیانی دەردەچێ، پیرە پیاوی بەستەزمان!

- گریمان ئەوا من بەفری سەربانی ماڵی ئاغا مەلەکم ماڵی، ئەبراو بەفری چ بەقوڕێگیراوێک بماڵێ؟

- بەفری سەربانی ماڵی بیبی دایکی عەبدوول. عەبدوول خۆی لە ماڵ نییە. چووە بۆ شار و ئاشی ئاوری کڕیوە. ئەبراو بچێ سەربانی ئەوان بماڵێ چوار قران پارە وەرگرێ.

ئیتر بەهانەیان نەما. عەباس گوتی:

- ئەی سەربانی خۆمان؟ لێیگەڕێن هێندە بەفر لە سەری بنیشێ تا تێک دەتەپێ؟

مێرگان گوتی:

- خۆم سەربانی خۆمان دەماڵم.

- بەچی دەیماڵی؟

- تۆ چکارت داوە؟ بڕۆ بە دوای کاری خۆتدا!



ئیتر بەهانەی نەمابوو. عەباس هەستاو وەرووەرەکەی هەڵگرت. پێمەڕەکەش بۆ ئەبراو. سەیر نەبوو. ئەوە کاری هەمیشەی عەباس بوو. لەبارترین کەرەسەی هەڵدەگرت بۆ خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبراو بیانووی گرت:

- تا ئێستا کێ دیویە بە پێمەڕە سەربان بماڵن؟

عەباس گوێی بەوانە نەبزوا. وەرووەرەکەی هەڵگرتبوو بۆ خۆی و خەریک بوو لاقوقولی دەپێچا. ئەبراو هەروا چاوی لە دایکی بڕیبوو. مێرگان گوتی:

- هەر ماڵێک سەربانی ببێ وەرووەرەشی هەیە، خەم مەخۆ، هەستە خۆت بپێچەوە!

ئەبراو تەمبەڵ نەبوو، شەکەت بوو. جۆرێک شەکەتیی بەردەوام. بێ هێز بوو، کار چاو ترسێنی کردبوو. سەرما و برسییەتی و نەخۆشی موخی چنیبوو. دووڕوویی بۆ چییە، پێی خۆش نەبوو بەو بەفر و سەرمایە لە ماڵ دەرکەوێ! جۆرێک ترس بە عەرزەکەوە مێخکوتی کردبوو.

مێرگان چارشێوە گوڵ وردەکەی بۆ ئەبراو فڕێدا و گوتی:

- هەڵیگرە و لە خۆتی هاڵێنە؛ جوان شان و ملت داپۆشە. لاقوقولیشت بە دوو سێ کوت پەڕۆوپاڵ داپێچە.. وەکوو بەنگی ئەوەندە وەنەوز مەدە؛ هەستە دەی هەستە!

ئەبراو بە ناچاری هێزی لە خۆیدا و هەستا. دەسەڵاتی نەبوو. چارشێوەکەی دایکی قەد کرد. مێرگان بە هاجەری گوت:

- سەرێکی چارشێوەکەی بۆ بگرە با لە خۆی هاڵێنێ کچێ! بۆ وا لە جێی خۆت وشک بووی و زیتەت دێ؟!

هاجەر چوو چارشێوەکەی دایکی لە پشت و نێو قەدی براکەی بهاڵێنێ. عەباس پاژنەی کڵاشەکانی هەڵکێشا، لەچکەیەکی لەسەر و گوێی هاڵاند، وەرووەرەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرێ. ئەبراو مابوو کە دایکی و خوشکی داپێچن و بەڕێی کەن. مێرگان چارشێوە قەدکراوەکەی لە شان و مل و کەلەکەی ئەبراو هاڵاند.

ئەبراو گوتی:

- توربێن؛ ئەو توربێنەم بۆ بێنە هاجەر با لە ژێر چارشێوەکەوە بیبەستم بە پشتمەوە!

هاجەر چاوی لە دایکی کرد. دایکی گوتی:

- برۆ بیهێنە؛ ئەو توربێنەش بێنە با لە نێو شانی ببەستم. خەریکم عەلی ئەکبەر دەنێرمە گۆڕەپانی شەڕ!

ئەبراو گوتی:

ئەی لاقم؟ بە پێخاوسی وەنێو ئەو بەفرە کەوم؟

- لاقیشت بە پەڕۆوپاڵ دەپێچم؛ باشە بەو نووکە نووکە ئەوەندەم داخ مەکە دڵەوە!

تۆربێن؛ ئەبراو توربێنەکەی لە کۆڵ کرد و پەتەکانی لە سەر سنگی گرێدا.

مێرگانیش خەریک بوو دەلینگەکانی ئەبراوی بە پەڕوپاڵ دەپێچا. پاشان نۆرەی لاقی بوو. ئەبراو لە بن دیوارەکە دانیشت. پشتی بە دیوارەکەوە دا و لاقی درێژ کرد. مێرگان لاقێکی ئەبراوی لە سەر ڕانی دانا و هاجەریش ئەوی دیکەیان، بە هەردووکیان خەریکی داپێچانی لاق و لەتەری بوون. دوایین گرێ لە سەر بۆقەتەی لاقی. مێرگان کڵاشەکانی ئەبراوی هێنا فڕییدایە بەر دەمی و گوتی:

- هەستە هیدی! خۆت کۆکەوە. خۆ ئاوس نیی!

ئەبراو هەروا دانیشتووە و خەریکی لەپێ کردنی کڵاشەکانییەتی. هێشتا هەر دڵاو دڵ بوو. بۆیە زۆر بە خاوی دەجوڵایەوە. مێرگان لەوە زیاتر خۆی لەگەڵ ئەبراو ماندوو نەکرد. ڕۆیشتە پەنا وەجاخەکە و بانگی هاجەری کرد و دستیان کرد بە خواردنەوەی چایی. ئەبراو هەستا پێ. وادیارە چارەی نییە. پێمەڕەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرێ.

کرێوە وردە وردە خۆشی کردەوە. ئاسمان ئیتر خەریک بوو دوایین پڕووشە و کولووی خۆی دادەتەکاند. مێرگان کەشەفی تەنەکەی هەڵگرت و بە کچەکەی گوت تەنەکەی ئاورەکە هەڵگرێ و خۆڵەمێشەکەی خاڵی بکاو بچێتە یارمەتیی. چوونە دەرێ. سەرەتا دەبوو بەفری سەر پلیکانەکان پاکەنەوە.



دەست بەکار بوون. بەفرەکە قورس بوو. بەڵام مێرگان زۆری بەفری وا دیبوو. کەشەفی دەکرد بە ژێر بەفرەکەدا و دەیکردە نێو تەنەکەی ئاورەکە و هاجەر دەیبردە کۆڵان و دەیڕشت. کە ڕێگای پلیکانەکانیان پاک کردەوە مێرگان ڕێگەی سەربانیشی کردەوە و چووە سەربان.

بەفر خۆشی کردبۆوە. ئاسمان کش و مات بوو. مات و تەماوی. هەورێکی چڕ و پڕ ئاسمانی داپۆشیبوو. سەربانەکانی زەمینج، گومبەزی و بانیژەیی، ساماڵسا لە بەفر بوون؛ سپی. قەلە ڕەشە. هێڵی ڕەشی باڵیان بە سەر سپیایی یەکدەستەوە: قارقار. تاق و لۆق خەڵک بە سەربانانەوە. کەهوو کەهوو. خاڵ و پەڵەی کەهوو. پیاوان بوون خۆیان بە کەپەنک و پووزەوانە داپێچابوو. وەروەرە بە دەست و دەستکێش لە دەست؛ یا کوتە پەڕۆیەک، لە گیرفانی باڵتە کۆنێک. سەریان بە شاڵگەردن و کڵاو داپێچراو. ناو قەدیان بەستراو بە پشتێن و قایش یان گوریسە کۆنێک. جیجێ ژنێک. هاڵاوی زار، دووکەڵی تەڕە سووت لە کوانوویەکی دەم بادا، لە سەر کەشە بەفرێکی سپی. قوولەی تێکەڵ بە شادی لاوێک لەو پەڕی زەمینجەوە. بێدەنگی دەشکێ. زایەڵە. لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان. قسە کردنی بەرز لەسەر بەستێنی هاڵاوی دەم. عەلی گەناو لە سەربانی گەرماوەکەیە. «چ بەفرێکە! بەرەکەت!»

بەختی ئەوانەی کشتوکاڵیان کردووە. هەوا هەروا قورس دیارە. بەرەیەکی ئەستوور بەسەر وڵاتدا کێشراوە. گوڕەو هەرای لاوان لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان. قسەو باسەکان تام و چێژێکی تازەیان هەیە. وشەکان، هەر ئەو وشە کۆنانە تازە دەنوێنن. تەڕوبڕ لە بەفر هەڵدەقوڵێن. هەناسەکان زیندوون، هەناسە زیندوون. دڵ وریا و بەئاگا. دەڵێی هەر سەرێک کە بەیانی لە سەر سەرین هەستاوە هەگبەیەک ئاڵتوونی بە چاوی خۆی دیوە. لەش ماتی و کەسەریان لە خۆ تاراندووە. کەهوو، لەشی کەهووی خەڵک، بە سەر نوا بەفری سپیی و پاکژەوە شادانە دەجوڵێن. بزووتنی لەباری شان و باهۆکان. وەروەرە ڕێک و پێک و هەماهەنگ وەکار کەوتوون. داهاتنەوەی پشت. نەخشی لەمێژینەی کاروباری مرۆڤ. بە سەر سنگی سپی سەرباندا، شاقەلیان شۆڕ بۆتەوە. بەفر بە دەلینگی پاتۆڵەکانیانەوە

نووساوە و ڕەقیتە بووە. هەناسە تۆپەڵ تۆپەڵ لە دەم دێنە دەرێ و لە سەرمانا پرژ و بڵاو دەبن. بەفری سەربانەکان وردە وردە کەم دەبنەوە. ڕەشانگی سەربانەکان وردە وردە خۆیان لە ژێر بارستی بەفر دەر دەکێشن. وەدەر دەکەون. سەربان هەناسە دەکێشێ. پیاو ئارەقەی نێو چاوانی دەسڕێ. ژن گەسکی بە هەر دوو دەستی دەگرێ. ئەو بەفرەی لەپاش وەروەرە بەجێ دەمێنێ بە گەسک ڕایدەدا. تۆپەڵە بەفر لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان هەڵدەفڕن. شەڕە تۆپەڵە. لاوان دڵیان خۆشە. باڵی قەلەڕەشان. دەندووک و باڵی کراوەی قەلەڕەشان. سەفەری کورت بە باڵ لێکدانێک. لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان. زەمینج تەنیا چەن درەختی لێیە. کاجێک و دوو سێ سنجوو. هەڵفڕینی قەلەڕەش بە سەر سپیدا. زایەڵەی قاڕەقاڕی قەلەڕەشان. قەلەڕەشە هەر دەڵێی بۆ ئەوە خولقاون لە بەفردا هەڵفڕن. بە دوای بەفردا قەلەڕەشە ئاوا زۆر پەیدا دەبن؟ لە پێشدا لە کوێ بوون و پاشان دەچن بۆ کوێ؟ لە دەست چی تاراون و بە دوای چیدا و لەچی دەگەڕێن؟

میرگان بە قاڕە قاڕی قەلە ڕەشاندا دەزانێ کە شەوێکی سارد بەڕێوەیە!

میرگان بن باخەڵی ئارەقی کردووە و لاقی تەزیوە. لە سەربانماڵین بۆتەوە. بە کچەکەی دەڵێ: وەجاخەکە داگیرسێنێ و خۆی هەوڵ دەدا پاشماوەی بەفرەکە ڕاداتە خوارێ. بە هاجەر دەڵێ گسکێکی بۆ فڕێداتە سەربان. هاجەر ناتوانێ بۆی فڕێدا. بە نەردیوانەکەدا سەر دەکەوێ و دەیداتە دەست دایکی و زوو دێتە خوارێ ئاور بکاتەوە. پاشماوەی بەفرەکە بە گسک دەماڵێ و چاوی بەملاوئەولادا دەگێڕێ. لەوە دەچێ نگەران بێ. نگەرانی کوڕەکانی. نەکا خۆیان لە کار دزیبێتەوە؟ لە پەستا چاوی دەگێڕی بەڵکوو بە سەربانێکەوە بیانبینێ. عەباس! لەپڕ چاوی بە عەباس دەکەوێ. بەڵام ئەبراو دیار نییە. دادەنەوێ تاکوو ماڵینی سەربانەکە تەواو کا. بەفری ماڵدراو بن دیوارەکەی پڕ کردووە. پێی وایە بیکاتە قووڵکەی کۆڵانەکەوە باشە. کاری سەربان تەواو بوو. میرگان خەریکە بە قاڵدرمەکاندا دێتە خوارێ کە لەو سەری کۆڵانەکەوە قیژە و گریانی ژنان بەرز دەبێتەوە. دایکی عەلی گەناو سەربانەکەی بەسەردا ڕووخاوە. ژنان دەقیژێنن. تازە دایکی عەلی گەناویان وەبیر هاتبۆوە! پوورە گەناو سەرەتای زستان لە کوڕ و بووکەکەی جودا بووبۆوە و



لەوسەری کۆڵانەکە لەژێر میچێکی نەویدا دەژیا. دوێشەو لە نیوەشەودا سەربانەکە تێکتەپیبوو. ئێستا کۆڵانەکە جمەی دەهات و جارلەگەڵ جار خەڵک دەهاتن. بنمیچەکە هەمووی دانەڕماوە. خشتی کاڵی تلیساوە دەڵێی هەڵواسراون. ئەم و ئەو بە یەکتر دەڵێن:

«کوڕەکەی! کوڕەکەی بانگ بکەن!»

«ئەرێ عەلی گەناو لە چ بەقوڕێگیراوێکە؟!»

«لە سەربانی گەرماوەکە بوو. خەریک بوو سەربانی گەرماوەکەی دەماڵی!»

ژنان تووک و نزایان لە بووکەکەی پوورە گەناو دەکرد. ئەوبوو سەر لە زستانێ هەردوو پێی لە کەوشێک کردبوو کە پوورە گەناو ماڵ و خەرجیی خۆی جیا کاتەوە.

میرگان خۆی گەیاندێ. هەموو چاوەڕێی عەلی گەناون کە بێت و دایکی لە ژێر خۆڵ و بەفرەکە دەرکێشێ. میرگان لە کەلاوەکە نزیک دەبێتەوە، سەری بە ژوورێدا دەکا و چاو بە قەراغ و قوڵاغی میچە دارماوەکەدا دەگێڕێ، سەری پوورە گەناو لە بن دیوارەکەدا بوو، بۆیە هەتا سینگی وەژێر هەرەسی میچەکە کەوتووە و مل و سەری بە دەرەوەیە. میرگان غیرەت وەبەرخۆی دەنێ خۆی دەکا بە ژێر مێچە نیوە ڕماوەکەدا و لە لایەکی بێ بنمیچی ژوورەکەدا ڕادەوەستێ. پاشان دەگەڕێتەوە و چاو لە خەڵکەکە دەکا. دوو سێ کەسی جحێڵیان غیرەتیان دەبزوێ. ژنی کەلاتیش دێتە یارمەتییان. بەفرەکە لادەدەن. خشت و خۆڵەکە لادەبەن. نیوەی لەشی پوورە گەناو بەجارێ کوتراو و پلیشاوە؛ گۆشتی لە هاوەنگدا کوتراو. دەموچاوی کە خۆی ڕەش داگیرساو بوو وەک کەوکەمانەی لێهاتبوو. مەعلووم نەبوو ماوە یان مردووە. دەبوو هەرچی زووتر لە بن خشت و خۆڵی دەرکێشن. دەریان کێشا. لە لێفەیەکەیان پێچا و هێنایانە دەرێ. چەن کەس دەستیان کرد بە پا کردنەوەی بەفری کۆڵانەکە. میرگان و ژنی کەلاتی لەگەڵ چەن ژنی دیکە پوورە گەناویان لە بەرێکی کۆڵانەکە دانا. عەلی گەناو گەیشتێ. بە هەڵەداوان هات. شاقەل و لکەی پێچەکەی بە دەم باوە دەشەکێتەوە. خێزانی عەلی گەناویش دەگاتێ. عەلێ گەناو وەروەرەکە فڕێدەدا و لە پشت سەری دایکی دادەنیشێ. دەگری. لە هۆڕژنی گریان دەدا. پیاوان پیلی دەگرن

و دەیکێشنە دواوەو تەرمی پووورە گەناو هەڵدەگرن. عەلی گەناو دەستی لە سەر چاوی لادەبا. چاوی بە ژنەکەی دەکەوێ لە بن دیوارێک ڕاوەستاوە و دەگری. عەلی گەناو هەڕا دەکاتە وەروەرەکە و هەڵیدەگرێ. بە وەروەرەوە هەڕا دەکاتە ژنەکەی. جنێو لە دەمی دەبارێ. جنێوەکان دەڵێن بۆ دایکمت لە ماڵ دەرکرد ژنەتیوە مزیر و ناجسنە! ڕوقیا زمانی دەشکێ هەڵدێ. عەلی گەناو بە دوایدا. لاقی ڕوقیا هێزیان لێبڕاوە. بەفر ئەوەندەی دیکە هێزی لێدەبڕێ. دەمەوڕوو دەکەوێ بە سەر بەفرەکەدا. عەلی گەناو هەڵدەکوتێتە سەری. دەسکە وەروەرە! بە دەسکە وەروەرە وەریدەگەڕێتێ. ڕوقیا بێهێزە. هەر بە زەربەی یەکەم لە کار دەکەوێ. پشووی لێدەبڕێ. عەلی گەناو خوێن بەری چاوی گرتووە. هەر وەنازانێ ئەو سێ چوار کوتە یەسقانە بەرگەی ئەو لێدانە ناگرێ. شێت و هار بووە. پیاوان دەوری دەدەن، وەروەرەکەی لە دەست دەستێنن و فڕێی دەدەن:

«گەوجە پیاو! ئەو ژنە بەستەزمانەت کوشت!»

ژنان خێزانی عەلی گەناو لە نێو بەفرەکە هەڵدەستێننەوە. بەفرەکە لە خوێن هەڵکشاوە. خوێن لە پشتە سەری ژنەوە دەدەڵێ. شانی و قولاپەی لاقی شکاوە.

ڕقیا هێزی ناڵاندنیشی نییە. دوو ژن، مێرگان و ژنی کەلاتی، روقیای هێز لێبڕاو بەرەو ماڵی عەلی گەناو دەبەنەوە. عەلی گەناو لە سەر بەفرەکە دانیشتووە و بە چاوی سوورەوە لە ژنەکەی دەڕوانێ. چ بووە؟ تازە وەخۆ هاتۆتەوە. لەپڕێکدا لە قوڵپەی گریان دەدا و بە مشت لە سەر و سەکوتی خۆی بەردەبێ. عەلی گەناو پشتی شکاوە.

عەباسی سلووچ گەیشتێ. ئەو لەگەڵ عەلی گەناو خەریکی قومار بوو.

زۆربەی کات عەباس و دوو سێ کەسی دیکە لە ژێر قورسییەکەی عەلی گەناو قوماریان دادەمەزراند. عەلی گەناو شەیدای قومار بوو. هەروا کە لەسەر بەفرە خوێناوییەکە دانیشتبوو، لەوە دەچوو لە هەڕەکە کەوتبێ. دەموچاوە ڕەش و پانەکەی، لچە ئەستوور و شینەکەی، بزڕکابوو. چاوی سوور سوور بووبوو. گوَمی خوێن. کە چاوی بە عەباس کەوت دای لە هۆڕەژنی گریان:

ـ ماڵ وێران بووم عەباس، ماڵ وێران!



عەباس چووە ژێر پیلی عەلی گەناو و لەسەر بەفرەکە هەڵیستاند. هاجەر لە پەنا دیواری ماڵەکەیان دانیشتبوو. عەباس وەروەرەکەی فڕێدا بەردەمی خوشکی و گوتی:

ـ وەجاخەکەت داگیرساندووە؟!... بڕۆ هەڵیکە دەست و لاقم وەختە هەڵوەرێ. هەڵی زووکە دەی!

هاجەر وەروەرەکەی نایە سەر شانی و عەباس، عەلی گەناوی بردەوە بۆ ماڵێ.

هاجەر، لەوەپێش لە قووڵکەی ژێر قورسییەکەدا ئاوری کردبۆوە، بەلام لاسقە پەمۆی تەڕ بە ئاسانی گڕی نەدەگرت. بۆیە دووکەڵ ماڵەکەی داگرتبوو. هاجەر وەروەرەکەی بە دیوارەکەوە هەڵپەسارد و لەبەر قولکەکەدا چۆکی دادا، لەپی دەستی نایە عەرزی، چاوی قووچاند و دەستی کرد بە فوو کردن. لاسکە پەمۆ نەیدەگرت و دووکەڵ لە قووڵکەکەوە هەڵدەستا. دووکەڵ. دووکەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا چارەی نەبوو، دەبوو بیدەمێنێ. چوونکە دووکەڵەکە لاسکە پەمۆکانی نەرم و وشک دەکردەوە. هەر بە ئاستەم گڕێکی بگرتایە. هاجەر دەیتوانی بە کەشەفە تەنەکەکەی هێندەی باوەشێن کا هەتا بە جوانی گڕ دەگرێ. بەلام هێشتا گڕی نەگرتبوو و هاجەریش بەغەیری دەماندن هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات. دووکەڵ چاوی پڕکردبوو لە ئاو. ئاو بە لووتیدا دەهاتە خوارێ. سییەکانی پڕ بووبوون لە دووکەڵ و هەروا دەیدەماند. براکانی خۆی باش دەناسی. ئەگەر ئاورەکەی تەیار نەکردایە و براکانی بهاتبایەنەوە لەوانە بوو تووشی کێشە بێ. هاجەریش تا ڕادەیەک هەقی پێدەدان. دایزانی بە لاقی پەڕۆ پێچ و پێلاوی دڕاوەوە دوو سێ سەعات لە نێو بەفردا بوون یانی دا. پاوپل سەرەتا سڕ دەبن، کەسیرە دەبن و پاشان وەژان دەکەون. لاق و پەنجەی لاق وەک منداڵ دەزیرێنن. هەر ئێستا پەنجەکانی پای خۆی لە سەرمانا دەیانزیراند. بەلام نەیدەتوانی هۆشی لە لای لاقوقولی خۆی بێ. ترس. ئەوەی لە ناخی هاجەردا لە هەموو شتێ بەهێزتر بوو، ترس بوو. ترسێ کە لە هەموو کەسی هەبوو. لە هەموو کەسیش زیاتر ترسی براکانی لە دڵیدا بوو. نەک ئەوەی کە گوێ بە دایکی نەدا، نا! ئەگەر ئاوری تەیار نەکردایە مێرگانیش هەروا دەستبەرداری نەدەبوو. لانیکەم چەن چەپۆکی پێدا دەکێشا. بۆیە هاجەر بە هەموو

توانایەوە فووی لێدەکرد. دەیدەماند. ئەوەندە کە لاسکە پەمۆکان گڕ بگرن، یان ئەو پشووی لێببڕێ.

ئەبراو خۆی کرد بە ژوورێدا. دەلەرزی و ددانە چۆقەی پێکەوتبوو. پێمەڕەکەی فڕێدا لە سووچێک و دانیشت؛ کڵاشە خووساوەکانی داکەند، پەڕۆ و پاڵە تەڕەکانی لە لاقی کردەوە و خۆی گەیاندە قووڵکەی کورسییەکە:

ـ هێشتا نەیگرتووە؟

هاجەر هەروا دەیدەماند. ئەبراو لاقی کرد بە نێو لاسکە پەمۆکاندا. بەڵام چارەی نەبوو، لاقی دەرکێشایەوە لە پەنا خوشکیدا چۆکی دادا، بەری دەستی نایە عەرزی و هاو پشوو لەگەڵ خوشکی دەماندی. چیلکەی ویشک لە بنەوە وردە وردە گڕیان گرت. خوشک و برا وێکڕا فوویان لەو تۆزە گڕە دەکرد.

ئاورەکە تازە گڕی کێشابوو کە عەباس و مێرگان گەیشتنەوە ماڵێ. مێرگان ڕاست هات بۆ لای ئاورەکە. ئاورەکە قسەی لەسەر نەبوو. عەباس لە پەنا دایکیدا چۆکی دادا، بەری دەستی نایە عەرزی و فووی لە ئاورەکە کرد. هەر چواریان بێ وچان فوویان لێدەکرد. گڕ بەرز بۆوە. جەستەی لاسکە لۆکەکان لەو دووکەڵەدا وشک بووبوونەوە و ئێستا نەرم نەرم ئاورەکەیان لە خۆیان دەهاڵاند. تینی ئاورەکە هەست پێدەکرا، دەموچاوی مێرگان و منداڵەکانی خەریک بو گەرم دادەهات. گڕەکە خۆش بووبوو. بەڵام مێرگان و منداڵەکانی هەروا دەیاندەماند. ئەو ئاورە دەبوو ڕۆشن بێ. لەوەیکە بە سەر ئاورەکەدا زاڵ بووبوون هەستیان بە شادی دەکرد. بڵێسە بەرز بۆوە و سەری پێ کێشانە دواوە، لەپی دەستیان لە عەرزەکە کردەوە و ئاوی بەر چاو و لووتیان سڕی و لە دەوری ئاورەکە کۆ بوونەوە. ئەبراو لاقی بەسەر ئاورەکەدا گرتبوو. بەجۆرێ کە دەلینگی پاتۆڵەکەی ئاوری گرت. مێرگان لاقی ئەبراوی کێشا دواوە و ئاوری دەرەلینگەکەی بە لەپی دەستی کوژاندەوە. عەباس چیلکەیەکی بە دەستەوە گرتبوو ئاورەکەی دەشێواند و خۆشی دەکرد. هاجەر کتریی سەر وەجاخەکەی هێناو لە پەنا قووڵکەی ئاورەکە داینا.

کاتێ ئەوە بوو بزانن عەباس و ئەبراو چییان هێناوەتەوە بۆ ماڵێ.



عەباس بە دایکی گوت دەفرێک بێنێ. مێرگان بە قۆڵی کراسەکەی کەشەفە تەنەکەکەی سڕی و لەبەر دەمی عەباس داینا. عەباس پشتێنەکەی کردەوە. زارکی گیرفانەکانی باخەڵی کردەوە. پشتێنەکەی لە سەر زارکی گیرفانەکانی بەستبوو.

خۆی لە دایکی نزیکتر کردەوە و گوتی:

ـ ها خاڵیی کە!

مێرگان قامکە شووش و باریکەکانی بە گیرفانی عەباسدا کرد و گەنمەکەی لوێچ لوێچ خاڵی کرد. خراپ نەبوو. نیو مەنێک دەبوو. عەباس کاتێ گیرفانی خاڵی دەکرا، چۆکی لە عەرزی چەقاندبوو و بە قەڵافەتێکی ڕاست و قیت و ئارامەوە ڕاوەستابوو. وەک مانگایەکی نەجیم و خۆشدۆ دەچوو کە سەتڵیان دابێتە بەر گوانی و ئەویش بە مەیلێکی تێکەڵ بە غورووورەوە شیری دادابێ.

دەموچاوێکی هێمن. چاوی لە سەر ئاورەکە هەڵنیشتبوو. دەمی قووچاندبوو. ئەبراو سەری داخستبوو و لە بنەوە چاوی لە براکەی دەکرد. هاجەر لە پشتەوە وێستابوو. بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە لە عەباسی دەڕوانی. مێرگان شادیی خۆی دەرنەدەخست. بەڵام جووڵاندنی بە پرتاوی دەستی و ترپەی دڵی نەدەتوانی بشارێتەوە. بە وردی هەموو درز و کەلێنی گیرفانەکانی پشکنی و دوایین دەنکە گەنمی بە نووکی قامکی دەرهێنا. پاشان بەری گیرفانەکانی دەرکێشا لە سەر کەشەفەکە دایتەکاندن و دیسان خستنیەوە جێی خۆیان. ویستی بە خۆشەویستییەوە باسکی کوڕەکەی بگرێ و بیگوشێ، بەڵام وای نەکرد. سەر قۆڵی کراسەکەی گوشی و بە هاجەری گوت:

ـ پیاڵەیەک چایی بۆ تێکە کچم!

نۆرەی ئەبراو بوو. دەستی کرد بە باخەڵیدا نانێکی نەرمی دەرهێنا و لە سەر گەنمەکانی دانا و گوتی:

ـ ئەوە... ژنەکەی ئاغا مەلەک پێیدام.

پاشان چەن دراوی دەشایی تاقڕانی لە توورەکەیەکی چکۆلە کە هەمیشە لە ملیدا بوو، دەرهێناو کردییە سەر لەپی دەستی و گوتی:

ـ ئەوانەش زاواکەی ئاغا مەلەک پێیدام.

دەستی عەباس و مێرگان هاوکات لە ژێر دەستی ئەبراودا لەپیان کردەوە.

ئەبراو قەرەپووڵەکانی کردە دەستی دایکییەوە. چاوی عەباس بە دیتنی ئەو پووڵە وردانە برووقەی لێهەستا و تاریک بۆوە. دەستی کێشا دواوە و گوتی:

- ئەی نەچم دۆشاوی ترێ بکڕم؟!

ئەبراو گوتی:

- خۆم دەچم دۆشاو دەکڕم!

- بەو پێڵاوە شڕانەوە دەچی؟! نەتدیوە لاقت لە سەرمانا وەک چەوەندەری لێهاتووە.

عەباس لەسەر جواب ڕانەوەستا. هەستاو قاپێکی لە سەر تاقەکە هەڵگرت، کڵاشەکانی لەپێ کرد و لەبەر دەمی دایکیدا ڕاوەستا. مێرگان نەیتوانی بڵێ «نا». خۆی لەبەر ڕوانینی عەباسدا نەگرت. وا ڕاوەستابوو و پێی چەقاندبوو دەتگوت قەرە پووڵەکان لە تەنگەی باخەڵی دایە. مێرگان کە دەیویست قەرە پووڵەکان بنێتە لکەی دەسماڵەکەی و گرێی دا، هیوا براوانە کردیە مشتی عەباسەوە و گوتی:

- تۆ سەری خۆت قەول بدە لێی پاشقول نەدەی.

عەباس بەرەو دەرێ ملی پێوەنا. خرینگە خرینگی قەرە پووڵ باڵی پێگرتبوو.

ئەبراو کە چاوی لە دەرپەڕینی براکەی بوو و هەروا چاوی لە جێگا بەتاڵەکەی بڕیبوو گوتی:

- عەباس و دزی نەکا! ئەو عەباسەی من دەیناسم مەمکی دایکیشی دەپچڕێ!

مێرگان هیچی نەگوت. بڵێ چی؟! چایەکی بۆ ئەبراو تێکرد و چوو سێ چوار دەنک سنجوو بێنێ. ئەبراو پیاڵە چاییەکەی هەڵگرت و مێرگان هاجەری نارد تۆزێ بەفری خاوێن بێنێ:

- لەسەر دیوارەکە بێنە.

ئەبراو ناوکە سنجووەکەی دەرداوە نێو ئاورەکە و پرسیی:

- خەبەرێکت لە باوکم نەزانی؟

مێرگان ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

- نا!



ئەبراو دەیویست هەواڵی باوکی بزانێ بەڵام مێرگان قسەکەی دەمی بڕی:

- چاییەکەت بخۆ!

ئەبراو چاییەکەی هەڵقوڕاند و مات بوو. دیار بوو مێرگان نایەوێ باسی سلووچ بێتە گۆڕێ. قەت نەیدەهێشت باسی بکەن. لەبیر بردنەوە! خەریک بوو وردە بە ناچاری مێردەکەی لە بیر دەبردەوە. سلووچ ڕۆیشتبوو و مێرگانیش ئەم کۆلکە ددانەی کێشابوو و لە قەڵەشتە دیواری بیرەوەریی ئاخنیبوو. دڵی ئەو - ڕەنگە - لەگەڵ دڵی منداڵەکانی جیاواز بوو. مێرگان دەیویست هەرچۆنێکە خۆشەویستییەکەی لە دڵی خۆی دەر هاوێژێ. نەیدەهێشت منداڵەکانیشی ناوی سلووچ بێنن. منداڵەکانی هەقیان نەبوو لای ئەو باسی باوکیان بکەن. هەر بۆیە ئەبراو زمانی خۆی گرێدا و هیچی نەگوت.

هاجەر بەفری هێنا. مێرگان لەچکەی پڕ لە بەفری لێوەرگرت. هاجەر لە پەنا ئاورەکە دانیشت. مێرگان بەفرەکەی کردە نێو قابلەمەکەوە و گەڕایەوە بۆ گوێ ئاورەکە.

- دایە پوورە گەناو دەمرێ؟

مێرگان لە جوابی کچەکەیدا گوتی:

- هەموو کەس دەمرێ کچم!

مێرگان پێی وابوو کە هێشتا تۆزێ پیو لە بنی کووزووەکەدا ماوە. هەستا چووە کولێن و کووزووەکەی هێنا. بنی کووزووەکەی کڕاند و قابلەمە بەفرەکەی وەسەر ئاور نا. پاشان کەشەفە گەنمەکەی بردە کولێن دابینی بکات.

کە لە کولێنەکە هاتە دەرێ عەباس هاتبۆوە. مێرگان قاپی دۆشاوی لە عەباس وەرگرت، کردییە نێو بەفراوەکەوە و بە هاجەری گوت سفرەکە ڕاخا. هاجەر سفرەکەی هێنا و عەباس لە گوێ ئاورەکە دانیشت:

- لە دووکانی کا سادق باس باسی نەنێ گەناوە دەڵێن دەمرێ!

ئەبراو گوتی:

- هەموو پارەکەت دا بە دۆشاو؟

عەباس بێ ئەوەی چاو لە براکەی بکا، گوتی:

هەموو بۆ چەندە بوو؟

ئەبراو گوتی:

ـ وەک گووی سەگ بە حەرامت بێ ئەگەر شاییەکت لێ پاشقول دابێ!

عەباس بێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا گوتی:

ـ سەد جار!

ئەبراو وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە عەباس هەموو پارەکەی نەداوە بە دۆشاو. ئەو تەنانەت بە گوومان بوو ـ گوومانێکی نزیک ڕاستی ـ کە عەباس ئاوی کردبێتە نێو دۆشاوەکەوە. بەڵام بەڵگەی بە دەستەوە نەبوو کە قسەکەی خۆی بسەلمێنێ. کا سادقی دووکانداریش خۆ ناکرێ قسەی لێ دەرکێشی. چونکە خۆی بە مەحرەمی هەموو کەس دەزانێ. نەک ئەوەی شتی دزی بکڕێتەوە، پێی وابوو دەبێ هەموو کارەکانی بە نهێنی بکا. ئەبراو لێی ڕوون بوو کە ناتوانێ یەک قسەش لە کاسادق دەرکێشێ. ئەو قسەی ڕۆژانەشی دەخواردەوە، چ بگا بەوەی لە سەر قڕانێک و دە شایی خۆی تووشی گێرەو کێشە بکا. ئەویش لەبەر منداڵێکی وەک ئەبراو. بەڵام ئەبراو لە دڵ خۆیدا شەرتی کرد ئەو دزییەی عەباس ئاشکرا بکات. هەر بۆیە عەباسی خستە ژێر چاوەدێری. عەباس دەست و لاقی تێکەڵ دەهات و نەیدەتوانی ئەو دەست و لاق تێکەڵ هاتنەش بشارێتەوە؛ ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە وەک ڕێوی خۆی تۆپاندبوو و نەیدەویست جوابی ئەبراو بداتەوە. سەری بە خوزدا گرتبوو. لەوە دەچوو پلانێکی لە ژێر سەردا بێ. کە سفرەکەشیان ڕاخست. بە پەلە دوو سێ پارووی خوارد. لەتێ نانی هەڵگرت. پێڵاوەکانی لەپێ کرد و لە ماڵ دەرپەڕی. ڕۆیشتنەکەشی جۆرێک بوو. دەتگوت باڵی گرتووە. ئەو جۆرە باڵگرتنەی عەباس بێهۆ نەبوو. لە بنەوە هێندە شاد بوو بەکلک گوێزی دەشکاند.

«باشە با بزانم!»

ئەبراو بنی قابلەمەکەی لستەوە، کشا دواوە و پاڵی بە دیوارەکەوە دا و گوتی:

ـ گڕەکە دامرکاوە دایە، کورسییەکە بێنە!

هاجەر کورسییەکەی لەسەر قووڵکی ئاورەکە دانا و لێفەیەکی پێدادا. ئەبراو چووە بن کورسییەکە پاڵ کەوت و لێفەکەی هەتا بن لووتی کێشا. ئەگەر عەباس



ئاوا دڵی وەقرت و فرت نەخستایە دەیتوانی ڕۆژێکی خۆش لە بن ئەو کورسییە گەرمەدا ڕابوێرێ. بەڵام خەیاڵی عەباس وەک کێچ کەوتبووە کەوڵی. نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە عەباس بۆ قومار بچێ بۆ ماڵی عەلی گەناو. عەلی گەناو هەرکەسێک و هەرچۆنێک بوو ئەبراو پێی وانەبوو بەو حاڵەوە ـ کە ژنەکەی شەلوکوت بووە و دایکی لە گیانەڵڵا دایە ـ لەگەڵ ئەو لاتولووتانە دەست بکات بە جگێن. کاسادقیش لەگەڵ عەباس ڕوو ناخۆش بوو و ڕێی پێنەدەدا بچێتە پشتەوەی دووکانەکەی. چونکە عەباس نە پارەی لە گیرفاندا بوو و نە هاوشان و هاوەڵی قومارکەرەکانی دووکانی کاسادق بوو. ئەوانەی بۆ قومار لە دووکانەکەی کۆ دەبوونەوە پیاوانی بە ئابڕوو و دەوڵەمەند بوون. یەکیان سیایی نووسی حاجی عەلی بوو. یەکیان مراد دەشتەوان و یەکی دیکەیان ئاغای واسقی لە قوڵە بەگەکانی زەمینج بوو. یەک دوو کەسی دیکەش تازە بۆ پشتی دووکانەکەی کاسادق پێیان کرا بۆوە. خوداداد و حەمەدوڵڵا کە لەم دواییانەدا ـ وەباڵ بە ملی خۆیان ـ لەملاوئەولا دەستیان بە دەڵەدزی کردبوو. کەوایە عەباس دەبێ چەند کەسێکی پەیدا کردبێ و لە گەوڕێک یا کادێنە ڕووخاوێک خەریکی جگێن بن! بەیانیش لەخۆڕا جگەکانی هەڵنەبژارد بوو. شتێکی لەژێر سەردا بوو. لەوانەیە نیوەی گەنمی هەقدەستی بەفر ماڵینەکەی لە پێشا بردبێتە دووکانی کاسادق و کردبێتییە پارە! هەرچی بڵێی لە دەستی دێ:

ـ دایە پێت وایە ئەو گەنمەی عەباس هێنایەوە هەموو هەقدەستەکەی بوو؟

مێرگان کە هێشتا خەریکی لستنەوەی قامکی بوو گوتی:

ـ تۆش بۆ ئەوەندە ڕەشبینی؟ دەی دیارە هەمووی بوو. تۆ پێت وایە ئەو ژنەتیوە لەوە دەست و دڵبازترە؟

ئەبراو بێدەنگ بوو. مێرگان گوتی:

ـ ڕاکشێ و چاوێک گەرم کە، ئەو قورسییە گەرم و خۆشە...

ئەبراو گوتی:

ـ من باوەڕ ناکەم! ئەو عەباسە ئەگەر بڵێ ماست سپییە باوەڕی پێناکەم!

مێرگان ئیتر جوابی نەداوە. خۆی بە دۆزینی سەر و قژی هاجەرەوە سەرقاڵ کرد. ئەبراویش تەواو خۆی خزاندە ژێر قورسییەکە و لاقی درێژ کرد.

تینی کورسییەکە شەکەتی و سەرمای لە لەشی دەردەکرد. بەڵام ئەبراو ئۆقرەی لێبڕابوو و بیری هەر لە لای عەباس بوو. وردە وردە گیانی خاو بۆوە و پێڵووی چاوی قورس بوو. خەو گوتی: «بگرە وا هاتم!» دنیا لەو کاتەدا تەنیا بێشکەی ئۆقرە گرتن بوو.

پرخەی نەرمی ئەبراو ئۆخژنی بە دڵی مێرگان دەبەخشی بێئیختیار چاوی لە کوڕەکەی بڕیبوو. پێلووی و برژۆڵی نیشتبوونە سەر یەک. سیمایەکی هێمن. شوێنی تێمیسکەی لا لێوی خەریک بوو چاک دەبۆوە. قژە کورتەکەی بە نێو چاوانە پانەکەیەوە نووسابوو. دەموچاوی وەک ئاوی کانی نەرم و پاک بوو. مێرگان پێی خۆش بوو هەستێ و بە دزییەوە ڕوومەتی ڕامووسێ. بەڵام شتێک بووبووە پەرژین. لەوەی خۆشەویستی خۆی دەربڕێ شەرمەزار بوو، مێرگان وا بوو. نەیدەتوانی خۆشەویستی خۆی بە ئاسانی دەربڕێ. عادەتی نەبوو. ڕەنگە هۆی ئەوە بوو کە دربڕینی خۆشەویستی هەلی دەویست. هێندێ جاریش کە مێرگان دەکەوتە داوی دڵی خۆیەوە، کەڵەکەیەکی قورس و تووڕە ڕێی لێدەگرت. هەر بۆیە دەربڕینی خۆشەویستی نامۆترین خووخدەی ئەو بوو. ئەگەرچی هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی قووڵترین خووخدەی مێرگان بوو. ڕق و تووڕەیی، لێدان و دانەچیڕە و قین. ئەوە بووبووە عادەت بۆی. عادەتی شەڕ و قڕە و دژ کردەوەی سەخت لە هەمبەر هەموو شتێکدا. هەستی خۆشەویستی لای مێرگان بووبووە غەزەب. دەکرێ بڵێین: «تالان! ئەو هەستەش تەنیا کاتێک خۆی دەردەخست کە ڕۆحی ئۆقرە بگرێ. دەریا کە ئارام بێتەوە مرواریی لێ وەدەست دەکەوێ: شەبەقی خۆشەویستی. »

مێرگان ئۆقرەی گرتبوو، روخساری ئارام و هێدی بوو. لە پاڵ کچەکەیەوە لە بن کورسییەکە خزی. سەری کردە سەر قۆڵی خۆی و دەستەکەی تری بە سەر و قژی کچەکەیدا دێنا. هاجەر بە دڵنیایی و ئارامییەوە لە پاڵ دایکیدا ڕاکشابوو. وەک ئەوەی هیچ ڕووداوێک نەقەوما بێ و هیچ ڕووداوێک نەقەومێ. خەمی ئەوەی نەبوو



خەوی لێدەکەوێ یان لێناکەوێ. دایکی لە پاڵیدا بوو. ئیتر خەمی چییەتی؟ مێرگان دەیسرتاند بە گوێیا. دەنگی نەرم و هێدی. شیرین لەبەر دڵ و گوێ:

«ڕۆژگار هەر ئاوا نابێ. شەو و ڕۆژ هەیە. ڕووناکی هەیە، تاریکی هەیە. سەروخوار هەیە، کەم و زۆر هەیە. زستان ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە. تەواو دەبێ. بەهار دێ. هەوا خۆش دەبێ. خەڵک لە تەنگانە ڕزگار دەبن. کار پەیدا دەبێ. دەستەنگی نامێنێ. دەڕوا. پێمان بۆ دەشت و سارا دەکرێتەوە.

کێو و مەزرا پڕ دەبن لە گژ و گیا. شیر و ماست زۆر دەبێ. ئەگەرچی خۆمان مەڕومالاتمان نییە، بەڵام خەڵکی کەم و زۆر هەیانە. هیچ نەبێ قاپە دۆیەکمان دەست دەکەوێ بۆ پێخۆر. براکانت گەورە دەبن. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەورەتر دەبن. دەبنە پیاوی کار. تۆش گەورە دەبی. باڵا دەکەی. بە خۆدا دێی. سمت و پووزت لەبار دەبن. مەمک دەکەی. هەر ئەوەندەی بای بەهار لێتدا دەبیتە گەورە کچی تەواو. مەگین چیت لە کچانی‌تر کەمترە؟ لەچاو تەمەنت زۆر باشیشی. دەست و چاویشت لە سایی خوداوە ساغ و بێ عەیبن. کەڕوڵاڵ و حەپۆلیش نییت. چوارپەلت ساغە. ئەگەر دەبینی ئاوا دالگۆشت و لاوازی، خەتای زستانە. زستانان زۆر کەس وان، کز دەبن. هەرئەوەندە بەهار بێت دەگەشێیتەوە. تەڕوبڕ. پەلەی ناوێ. هێشتا دووساڵت ماوە ببیتە چاردە ساڵان. لەم دووساڵەشدا پاروو لە دەمی خۆم دەگرمەوە و دەیدەم بە تۆ. ناهێڵم کز بی و چاوت بە قووڵدا بچێ. ناهێڵم یەسکی لەشت بتوێتەوە. هەوڵی خۆم دەدەم، پێتدەگەیەنم. ئاخری بەندەی خودایەک پەیدا دەبێ و وەک پیاوان دەستت دەگرێ و دەتباتە ماڵی خۆی و دەتکاتە هاوژین و هاوسەر. ئەمڕۆ نا، سبەی. دەبێ قوڕاوخۆریش بن. کچی خۆم دەڵێی دەنکی هەنارە. باوکیشی وەک زۆر کەسی دیکە چۆتە سەفەر و دەگەڕێتەوە. پیاو بۆ سەفەر خولقاوە. هەموو پیاوێک سەفەر دەکا. هەموو پیاوێکیش تووشی مەترسی دەبێ!»

مێرگان درۆی دەکرد و خۆشی دەیزانی درۆ دەکا. بەڵام بۆ، بۆ باسی سلووچی دەکرد؟ ئەوەی نەدەزانی کە بۆ بە درۆ دەڵێ هەواڵی باوکیان گەیشتووە؟ ڕەنگە دەیویست مناڵەکانی پشتیوان و داڵدەیەک ـ ئەگەرچی دوورو پیواریش بێ ـ هەست

پێبکەن. هەر بۆیە ئەم درۆ و دەلەسە تازانەی پێکەوە دەنا و منداڵەکانی پێ دڵگەرم دەکرد. دوور و نزیک ئەم درۆیانەی بە جۆرێک بە گوێی خەڵکیشدا دەدا:

«لە تارانەوە پارەی بۆ ناردوومەوە!»

«هەواڵیان هێناوە کە عارەبانەیەکی کڕیوە، لە چاوی پیس بە دوور بێ!»

«گوتوویە دێتەوە و منیش دەبا. بەڵام کوا کاری وا دەکەم. پێیوایە دەچم و دەبمە هۆی ئەوەی لە کاری بکەم و بەردەستیشی بگرم! ها!»

بەدوای درۆکانیدا، دیزەی بێ گۆشتی دەنا سەر ئاور، وشکە پووشکەی پێوەدەنا و دووکەڵەکەی هەتا ئەو پەڕی کۆڵان دەڕۆیی:

«خوشکێ گیان! چۆن دێڵم منداڵەکانم برسییەتی بکێشن! ئێستا کە باوکیان بڕێ پووڵی بۆ ناردوومەوە منیش نیو کیلۆ گۆشتی پێدەکڕم و بۆیان لێدەنێم. چونکە مرۆڤی موسڵمان ئەگەر چل ڕۆژ گۆشت نەخوا دەڵێن کافر دێتە ئەژمار! شوکر بۆ خودا ناهێڵم منداڵەکانم تەڵخیان لێ بگوزەرێ. »

بەڵام ئەگەر کەس نەزانێ، خۆ شەمسوڵڵا قەساب دەزانێ مێرگان زۆر لەمێژە گۆشتی لێنەکڕیوە.

با بزانن، چش. ئەم درۆیانە خۆ زەڕیان بۆ کەس نییە. بە هەرشێوە و لەونێک بوو مێرگان نەیدەویست مێردەکەی بە مردوو بزانێ. دوایەش خودا خۆی دەمێنێ و ملکی.

هاجر خەوی لێکەوتبوو. پرخەی خەو ژوورەکەی داگرتبوو. تەنیا مێرگان بە خەبەر بوو و چاوی لە درگاکە بڕیبوو. کڕوکپ بوو، کڕ و کپییەکەشی لەگەڵ پرخە پرخی هاجەر و ئەبراو زیاتر دەبوو. چاوی لە دەرێ بوو. بن دیواری حەوشەکە بە کۆما بەفر ئاخنرابوو. هەوا بەرە بەرە ڕوون دەبۆوە. لەوە دەچوو هەورەکە ڕەوییێ. ڕەنگە خۆر بکەوێ. ئەگەر خۆر هەڵبێ بەفر دەترووسکێتەوە. هەر بۆیە سەرنجی مێرگان دەدرەوشایەوە. چاوی لە بەفرەکە بڕیبوو و چاوەڕوانی هەتاو بوو. دەیویست هەستێ و بچێ هەواڵێکی پووره گەناو بپرسێ. بەڵام خۆشی نەیدەزانی بۆ دڵاودڵ دەکا! تەمبەڵیی دەکرد. قورسییەکە گەرم بوو. ماڵەکە بێدەنگ بوو، خەیاڵ هەڵیدەگرت. بەڵام لەو دەمەوە کە بیری ماڵی عەلی گەناو و حاڵ و باڵی



پووره گەناو لە مێشکی هاڵابوو، ئاراو قارای لێهەڵگیرابوو. شتێک ئارامییەکەی لێ تێکدەدا. ئاخری تاقەتی نەهێنا. خۆی لە ژێر لێفەکە کێشا دەرێ و کەوشەکانی لەپێ کرد. چارشێوی بە سەردا دا و ویستی لە درگاکە بێتە دەرێ، کە قەڵافەتی عەلی گەناو چوار چێوەی درگاکەی پڕ کرد. عەلی گەناو، وەک هەمیشە خەریکی چنینی جل و بەرگی زستانە بوو. گۆرەویی بەن، کڵاو و شاڵ گەردن و... لە بەر درگاکەدا بێدەنگ ڕاوەستا و چاوی لە مێرگان کرد:

ـ دەمویست بێم بۆ ماڵی ئێوە، دایکت چۆنە؟

عەلی گەناو لێوە شین هەڵگەڕاوو گۆشتنەکەی بزواند و بە دەنگێکی نەرم و نیان گوتی:

ـ باش نییە! پێموانییە بمێنێ. دەمەوێ کەسێک بنێرم بوَ «دوبید» بەدوای شکستەبەند دا.

ـ بۆ ڕوقیا؟

ـ ئەرێ، بۆ ڕوقیا. تازە دایکم کاری تەواوە. ڕوقیا، ئەو ژنەتیوە نەگبەتە ئاوا چارەڕەشی کردم! ئەوەندەی بە بەردا هەڵخوێندم هەتا ئەو پیرێژنە قوڕبەسەرەم هەڵوەدای نێو ئەو کەلاوە ڕووخاوە کرد و ئاخریش بەو مەرەدە چوو. ئەمڕۆ بەیانی ئاگام لە خۆم بڕا و ئاوا شپرزەم کرد. پێموابێ سێ چوار جێی شکاوە. ئێستا دەڵێن دەبێ بنێرم بەدوای شکستەبەندێکدا. خاڵۆزاکەی ڕوقیا ویستی وەڕێ کەوێ، بەڵام دایکی نەیهێشت. دەڵێ بەو هەوا ناخۆش و تووشە نایەڵم کوڕەکەم بە تەنیایی لە دێ وەدەر کەوێ. هاوڕێیەکی دەوێ. منیش بە چاکم زانی یەکێ لە کوڕەکانی تۆی لەگەڵدا بنێرم. هەقەکەشیان دەدەمێ.

مێرگان گوتی:

ـ عەباس لە ماڵێ نییە. ئەبراویش خەوتووە. خۆت...

عەلی گەناو گوتی:

ـ گوێدرێژەکەشمیان دەدەمێ. لەم سەرەوە دەتوانن بە نۆرە سوار بن و لەو سەرەوەش کابرای دوبیدی سوار کەن و بیهێنن. تێڵاو پەیاغیشیان دەدەمێ، ئەگەر ئاژەڵ و دڕەندەیەک هاتە سەر ڕێیان هەڵیبڕن.

مێرگان بە دوو دڵی ئاوڕی داوە و چاوێکی لە ئەبراو کرد:

ـ نازانم! کامیانت دەوێ؟

عەلی گەناو گوتی:

ـ عەباس لە کار دەرهاتووترە بەڵام ئەبرا لەو گورجوگۆڵترە. هەرکامیشیان پێیان خۆشە بچن بۆ من جیاوازیی نییە. کابرا بهێنن پێنج تمەنیان دەدەمێ. خۆم دەبێ ئاگام لەو دوو ژنە نەقوستانە بێ دەنا خۆم بە تەنیا دەچووم. خەریکە تاویش دەکەوێ. چوون و هاتنەوە سێ چوار کاتژمێر دەخایەنێ. ئێستا وەڕێ کەون پێش نوێژ دەگەڕێنەوە. لەمڕۆدا پێنج تمەن پوولێکی کەم نییە. خۆ دەزانی!

مێرگان دڵی نەدەهات ئەبراو لەخەو هەستێنێ. نەیدەتوانی لەو پێنج تمەنەی عەلی گەناویش چاوپۆشی بکا. بەو پارەیە دەیتوانی نانی چەن ڕۆژی منداڵەکانی دابین بکا. لەم کاتەی ساڵدا لە کوێ کاری ئاوا دەست دەکەوێ؟ هەڵکەوت بوو. لە ساڵان و لە مانگان شتێکی ئاوا هەڵدەکەوێ. کەوایە نەدەبوو مێرگان بهێڵێ عەلی گەناو بە کەسێکی دیکە بڵێ. بەڵام دەبێ کامیان بنێرێ؟ مێرگان لە دڵ خۆیا دەیگوت: عەباس. عەباس بەهێزتر و گەورەترە. ئەبراو لەگەڵ ئەوەی لە عەباس چکۆڵەتر بوو نەخۆشی و چەقوچۆ ئەوەندەیتر شەمزاندبووی. مێرگان دەترسا لە ڕۆژێکی ئاوا تووش و سەغڵەتدا ئەبراو بنێرێ. دەترسا نەتوانێ ئەو ڕچە و ڕێگایە ببڕێ. عەباسیش دیار نەبوو، ئەگەر لە ماڵێش بووایە مێرگان هیوای پێی نەبوو و دەیزانی هەموو کرێکەی نادا بە ماڵێ. بۆیە مێرگان هەروا دوو دڵ ڕاوەستابوو.

ـ لە پێنج تمەن زیاتر نادەی کا عەلی؟

ئەبراو کە سەر و سینگە ڕەقەڵەکەی لە ژێر لێفەکەوە دەرهێنابوو لە عەلی گەناوی دەڕوانی. عەلی چووە ژوورێ و گوتی:

ـ تۆ بەخەبەری؟

ئەبراو بە تەواوی لەبن لێفەکە هاتە دەرێ و گوتی:

ـ بە دەنگی تۆ خەبەرم بۆوە. بە تەنیا بچم؟

ـ نا! قوڵی جەهری ـ ش لەگەڵتا دێ. گوێدرێژەکەشتان دەدەمێ سواری بن.

ئەبراو گوتی:



ـ کاڵە و پووزەوانە و کەپەنکەکەتم بدەیەی دەچم.

عەلی گەناو گوتی:

ـ کاڵە و پووزەوانەکان بۆ تۆ گەورەن!

ـ تۆ چکارت بەوەیە؟ لاق و قولم بەرپوپێچ دەکەم.

ـ کەوایە هەستە وەرە بۆ ماڵی ئێمە. نانێکیشتان بۆ دەخەمە تێرەکەوە، وەرە بۆ ماڵێ چایەکیش بخۆوە.

عەلی گەناو ئەوەی گوت و ڕۆیشتە دەرێ. ئەبراو هەستاو بە دایکی گوت:

ـ پێنج قرانی بۆ خۆم.

مێرگان هیچی نەگوت. ئەبراو کڵاشەکانی لەپێ کرد. دەنگی عەلی گەناو لە پشت دیوارەکەوە هات:

ـ تازە ئەبراو خۆی پێچاوەتەوە و دەیەوێ بڕوا.

عەباس گوتی:

ـ بەچی خۆی دەپێچێتەوە؟ خۆ جل و پێڵاوی نییە. بەو کڵاشە شەقوشڕانەوە دەکرێ وەنێو ئەو بەفرە کەوێ؟

عەلی گەناو گوتی:

ـ قەرار وایە من کاڵە و پێتاوەکانی خۆمی بە ئەمانەت بدەمێ. کەپەنکەکەشمی دەدەمێ لە بەری کا.

عەباس گوتی:

ـ بەو قەرارە بێ من دەچووم!

عەلی گەناو گوتی:

ـ منیش پێم خۆش بوو تۆ بچی، بەڵام تازە لەگەڵ ئەو قسەم بڕیوەتەوە. بچۆ ڕازیی کەو خۆت بچۆ. ئەی ئەوانەت کۆکردۆتەوە چییان لێدەکەی؟

مەبەستی عەلی گەناو کوڕە ناوەنجییەکەی کوێخا و تاقانە کوڕەکەی سالار عەبدوڵڵا و یەک دوو کوڕی تری زەمینج بوو کە لەگەڵ عەباس وێستابوون.

عەباس گوتی:

ـ ئەوانە دەڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان. قومار زۆر گرنگ نییە! ئەگەر من بچم ئەو سەیدە شکستەبەندە لەبن عەرزیش بێ دەیهێنم. بەڵام ئەو منداڵۆچکەیە کوا دەموزمانی ئەوەی هەیە ئەو پیرە پیاوە بەنگییە بەو سەرما و سەغڵەتە لە ژێر کورسی دەرکێشێ؟

ئەبراو هاتبووە دەرێ و لەپەنا دایکی ڕاوەستابوو گوتی:

ـ کاتێ کە سەیدم هێنا بۆت دەردەکەوێ. با بڕوێن کا عەلی!

ئەبراو وەڕێکەوت بەڵام عەلی گەناو هەروا ڕاوەستابوو. بۆنی قوماری کردبوو. چاوێکی لە کوڕەکان کرد و گوتی:

ـ بە جگ یان بە پاستۆڕ؟

عەباس چاوی لە کوڕەکان کرد و گوتی:

ـ پاستۆڕمان لەکوێ بوو؟! پاستۆڕەکانتمان بە ئەمانەت پێدەدەی؟

عەلی گەناو بەدوای ئەبراودا وەڕێکەوت و گوتی:

ـ ڕەنگە خۆم بیانهێنم.

تازە ئەوە ڕوون بوو کە عەلی گەناو ئەبراو دەنێرێ، چونکە ئەگەر عەباسی ناردبایە قومارەکەیان دەچوو و عەلی گەناویش ئەوەی نەدەویست. هەر بۆیە عەباس لەگەڵ کوڕەکان بەرەو ماڵی خۆیان وەڕێکەوتن و بە ڕۆیشتنەوە ئاوڕی داوە، گوتی:

ـ خۆ دێی، ها؟

عەلی گەناو گوتی:

ـ با بزانین چۆن دەبێ، ڕەنگە بێم!

عەباس کوڕەکانی لەگەڵ خۆی بردە ماڵێ، مێرگان گوتی:

ـ لێرەنا؛ ژووری جێی ئەوە نییە! ئەگەر زۆرتان پێخۆشە بچنە تەویلە! بۆ چوونە تەویلە دەبوو لەپێشا بەفری بەردەرگاکە خاوێن کەنەوە. عەباس خۆی کرد بە ژووریدا و پێمەڕەیەکی هێنا و دەستیکرد بە ڕێگا کردنەوە. کوڕەکەی سالار و کوڕەکەی کوێخا ڕاوەستابوون، پێ پێیان دەکرد و لێوی خۆیان دەگەست. دیاربوو دەترسن. ترسی ئەوەی نەکا لەو دەوروبەرە بیانبینن. نەشیاندەویست کە



هاوکایەکانیان عەباس و قودرەت و کوڕەکەی سەنەم لەو ترسەیان بگەن. پێیان عەیب بوو کە بزانن لە باوکیان دەترسن. عەباس گوتبووی کەسمان لە ماڵێ نییە. بەڵام تا ئێستا سێ کەس دیتبوونی. ئەگەرچی غەریبە نەبوون، بەڵام هاوکایەیان نەبوون، هەر ئەوەش دڵی وەقرتوفرت خستبوون. بەڵام کوڕی سەنەم و قودرەت خەمی هیچیان نەبوو. قودرەت قومار و فرتوفێڵەکەی لە باوکی فێر بووبوو.

حەمە غەریب خۆی یەکپارچە قومارچی بوو. کاری بە سەر قومار کردنی قودرەتەوە نەبوو. تەنیا بە دۆڕاندنی قودرەت لە دین دەردەچوو. ئەگەر قودرەت بەگیرفانی بەتاڵەوە بچوایەتەوە بۆ ماڵێ، حەمە غەریب هەرچی لە بەردەستیدا بوایە پڕی دەدایە و هەڵیدەبڕی هەتا دەرەوەی زەمینج، بە دەوری جێ خەرمانەکاندا ڕەپێی دەنا و پاشان ئارەقە لە ژێر کڵاوە لمەدە چڵکەسووەکەیەوە بەلا جانگیدا دەهاتە خوارێ و تێکەڵ ڕیشە تەنکەکەی دەبوو. بە هەناسە بڕکێوە جنێوی دەدا و هەرچی جنێوی خراپ بوو ئاوقای کوڕەکەی دەکرد:

«ئابڕوو بەرە! نێو چاوان ڕەش! کێ پێی گوتی ئەو پارە سەوز و سوورانەی من لە ئاو کەی و لەولاوە بێیتەوە؟! میر؟ تۆ میرت بۆ بێ؟! تۆ تەفت بۆ بێ؟ تۆی چارەڕەش کوا بەختت، دێگونە چارێ؟ قوون ڕەشی حەرامزاد! تۆ کە لە دایکت بەر بوویەوە سەریت خوارد، پێ ڕەش! زووخاوت پێ هەڵێنام، پیرت کردم. تۆی نێو چاوان ڕەش جگ هەڵدەخەی و دەتەوێ تەفت بۆ بێ؟»

لەم جۆرە وەختانەشدا حەمە غەریب گوێی لێنەبوو کە قودرەت بە قسەی دەکا یان نا؛ یان خەڵک گوێیان لە قسەکانی دەبێ. بۆ حەمە غەریب لەو کاتەدا تەنیا ئەو قسانە گرنگ بوون و گوێشی بە شوێن و کاتەکەی نەدەدا. داخی دڵی خۆی دەڕشت و ئەگەر واشی نەکردایە دڵی دەتۆقی. ئەگەرچی سێ بەشی جنێوەکان بەر خۆی دەکەوتن. بۆیە قودرەت زۆر کەم باسی دۆڕاندنی خۆی بۆ باوکی دەگێڕاوە.

کوڕی سەنەم وانەبوو. هەوساری بە دەست خۆیەوە بوو. دایکی و برا گەورەی تریاککێش خانەیان بوو. تەنیا مراد لەو بنەماڵەدا بەنگی نەبوو. دەمدرێژیی بەسەر دایکی و براکەیدا دەکرد. قەڵافەتی زەلام و کردەوەکانی وای کردبوو کە برا گەورەکەی نەیدەوێرا دەم بنێتە دەمی و کێشەی لەگەڵ سازکا. مراد زۆر بەکار بوو

و بژیوی خۆی وەدەست دێنا. بۆیە سەری دانەدەخست و هەر کاتێ پێی خۆش بوایە قوماری دەکرد.

ـ ئەو پێمەڕەیە بدە بە من، هەر دەڵێی نانی نەخواردووە!

مراد پێمەڕەکەی لە عەباس ساند و هەروا کە پێدەکەنی عەباسی نیشان کوڕەکان دەدا و گوتی:

ـ چاو، چاو ئارەقەی ڕەش و شینی دەرداوە؛ دەڵێی کێوی کون کردووە!

شانی بۆ داخست و هەتا هەموو بەفرەکانی نەخستە لایەک و لەبن دیوارەکەدا کۆمای نەکرد شانی هەڵنەهێناوە. پاشان پێمەڕەکەی بە دەستێکییەوە گرت و شانی نا بە درگاکەوە و کردییەوە. تەویلەیەکی تەنگ و تاریک. جێی دە دوازدە مەڕ و یەک دوو گوێلک. بەڵام کەس وەبیری نایە کە سلووچی هەورگەر ئاژەڵێکی بەغەیری ئەو کەرە کە ساڵی پێشوو لە برسانا تۆپی، لەو تەویلەیەدا بووبێ.

کوڕەکان خۆیان کرد بە تەویلەدا. لە پێش هەموویاندا کوڕەکەی سالار و کوڕەکەی کوێخا لە سووچی تاریکی گەوڕەکەدا لەسەر لێواری ئاخوڕێکدانیشتن. کوڕەکەی سەنەم و قودرەت و عەباس چۆکیان دادا و دەستیان کرد بە ڕامالّینی پەین و خۆڵ و خاکی تەویلەکە. وردە تۆزی پەین بەرز بۆوە و خۆی لە کۆڵەکە تیشکی کەلێنی درگاکە هاڵاند. ڕێک کردنی عەرزەکە تەواو بوو، دەستیان ڕاگرت. کوڕەکەی سالار درگای تەویلەکەی کپ کرد و عەباس بە شادی و جۆشێکی لە ڕادە بەدەرەوە جگەکانی لە باخەڵی دەرهێنا؛ هەڵیرشت و گوتی:

ـ یاڵڵا! وەرنە پێشێ!

کوڕەکەی سالار هەروا لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشتبوو، چاوی چەپەی چکۆلە کردبۆوە و لەجگە هەڵرژاوەکانی دەڕوانی. دوو دڵ بوو پارێزی دەکرد. بەڵام حەمدیللای کوڕی کوێخا وانەبوو. بەو سەرە زەلامە و چاوە زەقەکانییەوە، دەتگوت خاڵە موسلیمی بەدەم داپناوە. پێی عەیب بوو لای کوڕەکانی مێرگان و سەنەم و حەمە غەریب خۆی دوودڵ نیشان دا. هەربۆیە لە پێش هەموویانەوە هاتە پێشێ و لەبەر کایەکەدا دانیشت. جگەکانی هەڵگرت و هەڵیخستنەوە. جگەکان کەوتنە سەر



عەرزی نەرمی تەویلەکە و حەمدیللا کە دەیویست کایەکە وەگەڕخا، جارێکی دیکە کۆی کردنەوەو گوتی:

ـ چاکە دەی وەرنە پێشێ!

عەباس چاوی لە جەلیلی کوڕی سالار کرد و گوتی:

ـ هەستە وەرە دەی! بۆوا دڵاودڵ دەکەی؟!

جەلیل گوتی:

ـ ئێوە لەپێشا هەڵخەن، منیش دێم.

کوڕەکەی سەنەم گوتی:

ـ دڵ لە دڵ مەدە. وەرەپێشێ! پیاو دەبێ بە دڵ و جەرگ بێ.

جەلیل گوتی:

ـ هەڵخەن. جارێ ئێوە هەڵخەن.

حەمدیللا گوتی:

ـ با دەست پێبکەین. تاق تاق هەڵخەین؟

قودرەت زیرەکانە گوتی:

ـ پێتان خۆشە سێ جگە هەڵدەخەین.

عەباس گوتی:

ـ کەیفی خۆتانە.

مراد گوتی:

ـ ڕازیم. هەر دوو جۆرەکە دەیکەم.

عەباس چاوی لە کوڕەکەی کوێخا بڕی. حەمدیللا گوتی:

ـ سێ جگە گرفتی زۆرە. دوو جار پیاو (سێ چەقی) بۆ بێ ڕووت دەبێ و کایەکە گەرم دانایە دەبێ تەواوی کەین.

کوڕەکەی سالار لە سەر ئاخوڕەکەوە گوتی:

ـ چوار چوار، چوار چوار. من سێ سێ نایکەم.

مراد بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ تۆ بە هەموو جۆرەکان دەستت دەلەرزێ. کوڕە ئەرباب!

حەمدیللا سەری بۆ لای ئاخوڕەکە وەرسووڕاند و گوتی:

تۆش هەستە وەرە دەی! بۆ دەترسی؟

عەباس جگەکانی کۆ کردەوە و گوتی:

ـ گورگی دەیکەین، باشە؟ ئەوەش دەستێک گورگی وەرن؟

هەر کەس جگی خۆی هەڵگرێ و هەڵیخاتەوە. هەر کەس تەفی بۆهات، دەست بکا بە کایە. وەرن دەی!

کوڕەکان هەر کام جگێکیان هەڵگرت و هەڵیانخست. کوڕی سەنەم بۆی هات. عەباس جگەکانی کۆکردەوە خستییە بەردەمی مراد. مراد ڕووی کردە کوڕی سالار و گوتی:

ـ پێت خۆشە من و تۆش جارێکیتر هەڵیدەخەین! بەشکوو تۆ تەفت بۆ بێ... دەڵێی چی؟ پاشان گلەیی نەکەی! ئەگەر ناتەوێ جگ هەڵخەی دەبێ دانیشی و چاوەڕوان بمینییەوە هەتا دەستێک تەواو دەبێ.

کوڕی سالار گوتی:

ـ جارێ تۆ دەست پێبکە!

مراد جگەکانی لە سەر بەری دەستی ڕیز کرد، پێکەوە جووتی کردن. گورگیی خستە بەینی دوو قامکی و بە عەباسی مێرگانی گوت:

ـ بیڵێ!

عەباس جێگاکەی لەگەڵ کوڕی کوێخا گۆڕییەوە و گوتی:

من لێرەوە چاوم هەڵنایە. تۆ لای درگاکەوە دانیشە. من لێرەوە چاوم لە دەرێ دەبێ.

حەمدیللا پووڵە وردەکانی لە هەردوو مشتی کردبوو و خڕەی لێدێنا. مشتێکی لە مشتەکەی تری کردەوە و لە سەر کایەکە گرتی و گوتی:

ـ هێنام!

جگەکان هەڵڕژانە سەر عەرزی. گورگی تەف، سێ دانەی دیکەش چەق. مراد جارێکی دیکە ڕیزی کردنەوە و گوتی:

ـ بیڵێ!



ـ هەڵخە!

ـ ئەوەش دوو میر. وەرەخوارێ.

حەمدیللا دوو دانە دوو قڕانیی فڕێدا بەر پێی مراد.

ـ نۆرەتە قودرەت!

قودرەت مشتی بە سەر جەغزەکەدا گرت و گوتی:

ـ هەڵخە!

مراد جگەکانی هەڵخست و دەستی کێشا بە ڕانی خۆیدا. قودرەت مشتی لە بەر جگەکاندا گرت و گوتی:

ـ نەبوو!

مراد بۆڵاندی و جگەکانی ڕیز کردەوە:

ـ لەم سەرەتای کایەوە خەریکی گزی! وەک ئەو باوکە ڕووتاڵەت لاپرەسەنی. جوان شک بکە! من بەو ئەداو ئەتوارانەوە چاوترسێن نابم. هەڵدەدەی! دوو بەرانبەر بێ چۆنە؟

ـ هەڵخە دەی باشە.

ـ دوو بەرانبەری کە!

ـ زۆر چاکە هەڵخە.

ـ لەبەرت مرم. ئەوەش سێ ئەسب!

جگەکان کەوتنە عەرزی. گورگی میر!

ـ دووبەرانبەر وەرە خوارێ!

قودرەت دوودانە پێنج قڕانی فڕێدا بەر پێی کوڕەکەی سەنەم. مراد گوتی:

ـ دادەی مشتی چەپەت.

قودرەت مشتی کردەوە. پێنج قڕانییەک بە لەپی دەستییەوە نووسابوو:

ـ قەبووڵە؟

ـ قەبووڵە.

قودرەت گوتی:

ـ پیاو ناوی بە خراپە دەرنەچێ باشە!

عەباس مشتی لە سەر جەغزەکە گرت و مراد بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ قوون ڕەش! ئێستا یەک دانەی چوار میرت بۆ دێنم!

عەباس توند دەمی قووچاند و لێوی پێکدانا و هیچی نەگوت، ڕەنگی بزرکابوو. وەک هەمیشە لێوی دەلەرزی. کاتێ عەباس دەستی دەکرد بە قومار دەکەوتە دڵەوڕێزە. جۆرێک ترس سەرتاپای دادەگرت. دەکەوتە دڵەکوتێ و چاوی زەق دەبوونەوە. بە بردنەوە و دۆڕاندن هەر دەترسا. خەمبار و حەپەسراو دەهاتە بەرچاو. دەتگوت هەر ئێستا تەواوی قەرە پووڵەکان بە چاوی هەڵدەلووشێ. بۆ عەباس هیچ شتێ لەوە چاکتر نەبوو کە هەرچی پارەی قومارەکەیە برژێتە گیرفانی خۆیەوە. چونکە هیچکات ئەوەش نەدەبوو، دەستی دەکرد بە پرتە و بۆڵە. مراد کە خوڵک و خووی عەباسی دەزانی، لە پێش ئەودا، خۆی جارێک جگەکانی هەڵخست و کۆی کردەوە و لەسەر لەپی دەستی ڕیزی کردن و گوتی:

ـ شکت بکە ئێستا!

عەباس کە هەروا مشتی بە سەر جەغزەکەدا گرتبوو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

هەڵخە.

دوو میر. گورگی و یەکی دیکە. مراد گوتی:

ـ سێ بەرانبەری وەرە خوارێ!

عەباس مشتی کردەوە. خاڵی بوو! مراد ددانی لە ڕیچەوە برد، چاوی زیت کردەوە و گوتی:

ـ میرەکەم لێ پووچەڵ دەکەی؟! باشە. سەد جاری دیکەش هەڵخەم میر دێنم. بیلێ بزانم! من بەوانە چاوترسێن نابم!

عەباس هەستا و گوتی:

ـ هەڵخە دەشایی.

تا مراد جگەکان ڕاستە و پاستە بکات عەباس چوو بۆ لای جەلیل و گوتی:

ـ لە جێی من دانیشە با بچم سەرێکی دەرێ بدەم. هەستە دەی! من شوێنی قومارم بۆ ئێوە جۆر کردووە. خۆم نەمدەویست قومار بکەم!



مراد گوتی:

ـ وەرە؛ وەرە خۆت شک بکە کوڕی سالار عەبدوڵڵا. وەرە ئیتر تۆش ئەوەندە نازو نووز مەکە!

جەلیل بە لەش داگیراوی هات و لەجێی عەباس دانیشت و گوتی:

ـ ئەو جگانەم دەیە با تەماشایان کەم!

کوڕی سەنەم جگەکانی هەڵڕشتە بەردەمی کە بیانبینێ، جەلیل گورگییەکەی جیا کردەوە و گوتی:

ـ نێو چەقەکەی قورقوشمیان تێکردووە، ئەوە بگۆڕە!

عەباس بەر لەوەی لە درگاکە بڕواتە دەرێ گورگییەکەی هەڵگرت و جگێکی دیکەی فڕێدا بەردەمی کوڕی سالار و گوتی:

ـ بووکیش بۆ چوونە پەردە ئەوەندە ناز و نووز ناکا. خۆ پارەی کەوشەکانت ناوێ؟!

کوڕی سالار ئەو جگەی عەباس بۆی فڕێدابوو هەڵیگرتەوە و گوتی:

ـ عەلی گەناو گوتی پاستۆڕەکانی دێنێ، ئەی کوا پاستۆڕ؟

عەباس کە درگای تەویلەکەی نیوەی کردبۆوە و خەریک بوو دەچووە دەرێ، گوتی:

ـ هەر ئێستا ئەوە دەچم بەدوایدا، بزانم لە چ بەقوڕێگیراوێکە ئەو قوڕبەسەرە!

عەباس لەوە زیاتر گیر نەبوو. درگاکەی لە پشت سەری خۆی پێوەدا. سەری کرد بە وەتاغەکەیاندا. مێرگان لە ماڵ نەبوو. تەنیا هاجەر پرخەی دەهات. گەڕاوە و پێی نایە کۆڵان. چەند هەنگاوی هەڵنەهێنا بۆوە لەپڕ لووتی بە لووتی حاجی سالم و موسلیمی کوڕیدا تەقی. هەوەڵ داچڵەکی، بەڵام خێرا وەخۆی هاتەوە، سڵاوی کرد و تیژ تێپەڕی. ماڵی عەلی گەناو نزیک بوو. لە بنبەستێکدا، هەمیشە تایەکی درگاکەی ئاوەڵا بوو. عەباس خۆی کرد بە ژوورێدا. ماڵی عەلی گەناو یەک دەهات و یەک دەڕۆی. عەلی گەناو لەبەر بەڕۆچکەیەک لەپەنا تەندوورەکە دانیشتبوو. بە خوریی وشتر شاڵگەردنی دەچنی. هەر گوێشی لێنەبوو کە دایکی و ژنەکەی لەجێدا کەوتوون و دەناڵێنن. ئەو ـ ڕەنگە ـ پێی وابێ ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی:

ناردوویە بەدوای شکستەبەندا. ئیتر چ کارێکی تری لە دەست دەهات؟ خۆی بکووژێ؟ هاوار بکا؟ قوڕ بپێوێ؟ نا! عەلی گەناو زۆر لەوە بە سەبرتر بوو. ئەگەرچی یەکێک لە لێزانترین کەسی زەمینچ بوو لە قوماری پاستۆڕدا، بەڵام تا ئێستا بۆ جارێکیش نەیاندیوە لەگەڵ کەسێک بە شەڕ بێ. هێدی و لە سەرەخۆ. زۆر کەمیش دەیدۆڕاند. کاتێ دەشیدۆڕاند تەنیا گرژییەک لۆچی دەخستە نێو چاوانی و دەمی وشک دەبوو و هەروا ئارام و هێدیش بوو.

سێبەری ڕاوەستاوی عەباس کەوتە سەر دەستی عەلی گەناو و ئەو هەروا کە خەریکی چنین بوو سەری هەڵێنا و چاوی لە عەباس کرد:

- ها! فەرمایشت؟ حەتمەن هاتووی بۆ پاستۆڕ، ها؟

عەباس گوتی:

- نا! دایکت و ئەوان چۆنن؟

- چاکن!

عەباس بۆ ئەوەی قسەکەی بە فشە دەرنەچێ، هەنگاوێکی هەڵێناوە سەری کرد بە وەتاغەکەدا. دوو ژن، پوورە گەناو و ڕوقیا لەمبەر و ئەوبەری وەتاغەکە لە جێدا کەوتبوون و مێرگان لە نێوانیاندا دانیشتبوو. عەباس گەڕاوە. عەلی گەناو هەر خەریکی چنین بوو:

- دەی، کارت چییە؟ بیڵێ ڕاست بڕۆ!

عەباس گوتی:

- گیرفانی کوڕەکەی سالار عەبدوڵڵا لەوە دەچێ قورس بێ. زۆریش دەم لە پاستۆڕ دەکوتێ.

عەلی گەناو گوتی:

- هەتیوە چەپ و چیرە دڵی پاستۆڕەکانی گرتووە. بەڵام من پاستۆڕی خۆم بە کەس نادەم.

عەباس گوتی:

- مەبەستم ئەوەیە خۆشت بێی. قومارێکی خۆشە.

عەلی گەناو گوتی:



- ئەگەر هاتم پاستۆڕەکانیشم دێنم!

عەباس بەرەو درگای حەوشە ملی پێوە نا. لە نزیک درگاکە ڕاوەستا و وەرسووڕا. ویستی قسەیەک بکا بەڵام لەرووی هەڵنەهات. عەباس باش لە خوڵک و خووی عەلی گەناو دەگەیشت. لەوە زیاتر نەدەبوو دەمبەدەمەی لەگەڵدا بکا. هەربۆیە ملی ڕێی گرت و ڕۆیی. بەڵام کە پێی نایە گەوڕەکە واق وڕمان چاوی پێ زەق کردەوە. بڕوای نەدەکرد حاجی سالم و موسلیم لە تەویلەکە بن. ئەوانە ئیتر لە کوێوە بۆنیان کردووە؟ نەکا حاجی سالم هاتبێ بۆ گیان نەوەکەی. کوڕەکەی کوێخا! ئێستا ئەگەر قرموقاڵ وەرێکەوتایە دەبوو عەباس قوڕی کوێ بە سەرداکا؟ عەباس ئەوەی وەڕووی خۆی نەهێنا. سڵاوی کرد و هێواش بەرەو بن دیوارەکە خشی. حاجی سالم و کوڕەکەی بێدەنگ و ئارام بوون. حاجی سالم لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشتبوو، هەردوو لاقی بڵاو دانابوو و سنگی دابووە سەر کەمەی گۆچانەکەی. موسلیمیش لە پەنا حەمدیللای خوشکەزای هەڵترووشکابوو بە سەر شانی ئەو و کوڕەکەی سەنەمدا ملی کێشابوو و سەیری قومارەکەی دەکرد. گەرمەی قومار بوو. جگ لە دەست کوڕی کوێخادا بوو. حەمدیللا جگی هەڵدەخست و لەپەستا خاڵی پێی دەگوت سەری بەرێ بەولاوە:

- گوتم بیبە بەولاوە ئەو دەمولەوسەت!

لەگەڵ جووڵانی سەر و دەستی حەمدیللا موسلیم لە جێی خۆی دەبزووت و هەر لەوکاتەشدا ملی بە سەر جەغزەکەدا درێژ کردبۆوە.

- سێ کەر!

جگ لە دەست حەمدیللا هاتە دەرێ. پازدە قڕانیش لە چەپەی کەم بۆوە. حەمدیللا بە هەنیشکی لە سینگی موسلیمی کوتاو و گوتی:

- سەدجارم گوت سەرت بکێشە دواوە کەروگا! هێندەت دەستم جووڵاند هەتا سێ کەرم هێنا.

موسلیم کە بە پشتدا کەوتبوو خۆی کۆ کردەوە و گوتی:

- پاچرا! پاچراکەی بدە بە من.

حەمدیللا قەرەپووڵەکانی بەر پێی خۆی کۆ کردەوە و گوتی:

ـ برۆ خودا ڕسقت لە جێیەکی تر بدا! بۆرە پیاوی کەللە کەر! ئەوەندە سەر و نەسەمەیەکی چاکت هەیە؟!

ــ موسلیم گوێی لەو قسانە نەبوو و چاوی لە سەر مشتی قووچاوی خوشکەزاکەی هەڵنەدەگرت. حەمدیللا بە عەباسی گوت:

ـ بۆ دەریان ناکەی؟ کەوایە دەتەوێ پاچرای چی وەرگری؟

عەباس زمانی دەرکێشا و باسکی ئەستووری موسلیمی گرت و گوتی:

یاڵڵا! هەستە. هەستە دەی. خۆ مێشکی کەرم نەخواردووە پاچرای ماڵەکەی خۆم بکەمە گیرفانی تووە! یاڵڵا! هەستە دەی، وەدەرکەون!

موسلیم لە جێی خۆی جمەی نەدەکرد. چاوی هەروا لە مشتی قووچاوی خوشکەزاکەی بڕیبوو. زۆر بە زەحمەت عەباس توانیبووی موسلیم لە سەر پەین و پاڵەکە بخا بەلادا. بەڵام بەوانە چاری نەدەکرا. وردە وردە خەریک بوو بۆڵژنی موسلیم ـ کە لە بۆڵژنی هیچ ئاژڵێک نەدەچوو ـ بەرز دەبۆوە. دەنگی ئاشنا و ناخۆشی موسلیمە شێت ئەگەر بەرز بوایەتەوە، تەواوی خەڵکی کۆڵانی لە ماڵی سلووچ کۆدەکردەوە و کاری لە عەباس تێکدەدا. چارەی نەبوو. موسلیم دەبوو بە شێوەیەک وەدەربنرێ. ئەوەش، کێشمە کێشمەکەی دژوارتر دەکرد. عەباس و موسلیم وردە وردە خەریک بوو تێک هەڵچن. حاجی سالمیش هەروا لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشتبوو تەماشای دەکرد. پیرە پیاو وەک مەلایەکی لەسەرەخۆی حوجرە وابوو: عەبای درێژ و کەلبەدوون، گۆچان و مێزەر، لەگەڵ ڕیشێکی درێژ.

ـ من ئیتر نایکەم!

حەمدیللا بوو کە خۆی کێشایە دواوە. قودرەت بە تووڕەییەوە گوتی:

ــ چی؟! نایکەی؟ پیاوەتیت هەرئەوەندە بوو؟ ئێستا کە دەستێکت بردۆتەوە دەکشێیە دواوە؟ دەست خۆش!

مرادی کوڕی سەنەم دیتی خەریکە قومارەکە دەشێوێ، لە حاڵێکدا کە بیست و پێنج قڕان لە چەپەی کەم بووبۆوە. ئەوەش نەدەبوو. پارەکان نەدەبوو لە کایە بچنە دەرێ. ناچاربوو کارێک بکا، هەستا. مێشی مێمڵ، موسلیم، دەبوو گوموگۆڕ بێ.



داوای لە قودرەت کرد بچێتە یارمەتیی. قودرەتیش هەستا. حەمدیللا درگای تەویلەکەی کردەوە و عەباس و قودرەت و مرادی سەنەم، موسلیمیان ڕاکێشا بۆ دەرێ و خستیانە سەر بەفرەکە، هەڵاتنەوە بۆ تەویلە و درگاکەیان پێوەدا و پشتیان پێوەنا. حاجی سالم تازە لە سەر لێواری ئاخوڕەکە هەستابوو و گۆچانەکەی توند لە دەستیدا ئەمباروبار دەکرد. موسلیم هاتبووە پشت درگاکە، بە پێلاقە بە درگاکەیدا دەکێشا، بە گریانەوە دەیگوڕاند و دەیکوت:

ـ باوە... باوە... باوە گیان! وەرە باوە... دەترسم، وەرە. باوکم کوا، باوکم...

حاجی سالم بە گۆچانەکەی ئاماژەی بە درگا داخراوەکە کرد و گوتی:

ـ شێتە! شێت. بڵێم چی؟

عەباس گوتی:

ـ پێی بڵێ بێدەنگ بێ حاجی گیان! ئێستا دەروجیرانمان وەسەر دەگەڕێ!

حاجی سالم لەنێو بنجی ڕیش و سمێڵیدا بزەیەک داگیرسا، چاوی بریقەی هات و گوتی:

ـ پێموایە هەڵنەگیرسانی قرموقاڵ پێنج قڕان دێنێ. ناهێنێ!

قسەکەی تەواو نەکردبوو، حاجی سالم دستی درێژ کردبۆوە. عەباس پێنج قڕانی خستە دەستییەوە و بە کوڕەکانی گوت:

ـ چاوتان لێیە خۆ! خەریکم پێنج قڕان باجی ئێوە دەدەم. ئەوە لەسەر قومارەکەیە ها. پاشان حاشای لێنەکەن!

حاجی سالم پێنج قڕانەکەی توند لە مشتیدا شاردەوە و سەری لەقاند.

عەباس گوتی:

ـ لانی کەم پێی بڵێ بێدەنگ بێ!

حاجی سالم نووکی گۆچانەکەی لە درگاکەدا و گوتی:

ـ هێواش گەماڵ! هێواش ولاخ!

موسلیم بێدەنگ بوو. کوڕەکان پشت درگاکەیان بەردا. درگاکەیان بۆ حاجی سالم کردەوە و پیرە پیاو چووە دەرێ. دوای تاوێک کرپە کرپی پێی باوک و کوڕ

لە سەر بەفری بن دیوارەکەوە هەستا. عەباس تفێکی خەستی دا بە بێخی دیوارەکەدا و گوتی:

ـ مێشە کەرانە! مێشە کەرانە!

پاشان ڕووی کردە حەمدیللا و گوتی:

ـ ئەو باجەم لەبەر گوڵی ڕووی ئێوەدا، ها! پێتان وانەبێ دەرەقەتی نەدەهاتم! من بە سەد کەسی واناوەستم. بەڵام ویستم ئابڕووی ئەو دوانەتان بپارێزم.

کوڕی سەنەم جگەکانی هەڵخست و گوتی:

ـ دانیشن. دانیشن!

قودەرت دانیشت و گوتی:

ـ دانیشن بابم. تەواو بوو و ڕۆیی. یەکی قڕانێکی دەنێ بادەمی لێک نێ!

حەمدیللا قڕانێکی فڕێدا بەردەمی عەباس، بەڵام کوڕی سالار عەبدوڵڵا هێشتا هەر دەستی لە دڵی نەدەبۆوە و چاوە خێلەکەی لەم و لەو دەبڕێ. مراد گوڕاندی بە سەریدا:

ـ دەک گیانت دەرچێ! قڕانێکە خۆ گلێنەی چاوت نادەی! باوەڕ ناکەن لەبەر ئێوە پارەی دا بەو نێرەکەرە؟ ئێمە خۆ ترسمان لە کەس نییە. ئێوە ئەو دوانەتان لەلای باوکتان وەک مشک وان. بێنە دەی بێنە هیدی؟ هانێ، ئەوەش قڕانەکەی من!

کوڕەکەی سالار گوتی:

ـ من هەر نایکەم!

ـ نایکەی؟!

ـ نا!

ئێتر ڕەگی ملی کوڕەکەی سەنەم هەستابوو و هەردوولا لغاوەی کەفی کردبوو.

لەپڕ هەستا و یەخەی کوڕەکەی سالار عەبدوڵڵای گرت:

ـ بۆ پێت وایە هەروا مفتەیە. بەو چاوە قیچەتەوە بێی و پارەی مفت لێرە بەرییە دەرێ؟ وەرە هەڵتووتێ دەی! گووگرە!

کوڕی سالار عەبدوڵڵا هەوڵی دەدا لە جێی خۆی نەبزوێ. لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی نەیدەویست قرەو هەرا ساز بێ و لەلایەکیشەوە لە کوڕەکەی سەنەم



دەترسا. لێی ڕوون بوو ئەگەر قرە ساز بێ، بێجگە لەوەی کوتانێکی باش بە دەست مراد و ئەو دووانەی دیکەوە دەخوا، بەڵکوو گیرفانیشی لە چاوتروکانێکدا بەتاڵ دەکرێ، هەر بۆیە ناچار بوو بێتە سەرڕێ. دژوارییی کاری جەلیل لەوەدا بوو کە دەیدی مراد ئاتاجی ئەوە نییە لە زەمینج کار بکا. مراد هەمیشە دوای سێزدەبەدەر بۆ کار لە زەمینج دەچووە دەرێ و نزیک زستان دەهاتەوە. هەر بۆیە سالار و کوێخای پێ هیچ نەبوو. بە تەنیا نانی خۆی لە قەڵەشتە بەرد دەردەکێشا.

کوڕی سالار مەچەکە ئەستوورەکەی مرادی گرت و بە نەرمی گوتی:

ـ کارت بە من نەبێ دەستم لە کۆڵ کەوە!

کوڕی سەنەم ڕایتەکاند و گوتی:

ـ چ دەکەی؟ ئەو پارەی بردووتەتەوە دەیدەیەوە یان دادەنیشی بۆ قومار.

مراد جارێکیتر وەک لقەدار ڕایوەشاند و گوتی:

ـ دەتەوێ چبکەی چەکچەکی؟! ها؟ من دەمەوێ لەم ناوچەیە بڕۆم. کارێکی وا مەکە داخی دڵی خۆمت پێ بڕێژم. دادەنیشی بۆ کایە یان هەموو پارەکانت لە گەروو دەرکێشم؟

کوڕی سالار دانیشت. مرادیش لە سەر جێی خۆی هەڵترووشکا و بە عەباسی گوت:

جگەکان هەڵڕێژە!

عەباس گوتی:

ـ هەر کەس بردوویەتەوە لە پێشا پاچراکەی بدا تاکوو منیش جگەکان هەڵڕێژم!

قودرەت ئاماژەی بە حەمدیللا و کوڕی سالار کرد و گوتی:

ـ ئەو جووتە بردوویانەتەوە، بیدەنێ. پاچراکەی بدەنێ.

حەمدیللا و جەلیل چاویان لەیەکتر کرد. حەمدیللا قڕانێکی بۆ فڕێدا. عەباس ڕووی کردە جەلیل و گوتی:

ـ قڕانێک لێرە و قڕانێکی پێشوو دەکاتە دوو قڕان وەرە خوارێ. زووکە!

جەلیل بە بێ مەیلی دوو قڕانی بۆ عەباس فڕێدا.

عەباس دوو قڕانەکەی هەڵگرتەوە و جگەکانی پێدان. مراد جگەکانی لەبەردەمی خۆی کۆ کردەوە. عەباس بە مرادی گوت:

- قەرار و بڕیەی پاچڕا خۆت داینێ با دوایی کەس نقە نق نەکا.

مراد گوتی:

- ئەگەر دوو دەست جگ لە دەست هەر کەسێدا بوو قڕانێک دادەنێ.

عەباس چەنەی لێدا:

- بۆ دوو دەست؟ لە هەموو جێیەک، قەرارەکەی یەک دەستە.

مراد گوتی:

- قڕانێ حیسابی دەکەین. تۆش ئەوەندە نینۆک وشکی دەرمەهێنە. هەر بیست قڕان، قڕانێک. باشە؛ هەڵدە!

کوڕی سالار عەبدوڵڵا لەلای دەستە ڕاستی مراد دانیشتبوو. دەشاییەکی جیا کردەوە، خستییە کایەوە و گوتی:

- هەڵمدا!

- کێ تا ئێستا دەشایی، دەشایی بۆ تۆی هەڵداوە، تۆ دەشایی هەڵدەدەی؟

- ئەوەش دەشایی دیکە، باشە؟

- لانی کەم پێنج قڕان هەڵدە ماڵ کاول!

جەلیل قڕانێکی دیکەی هەڵداو گوتی:

- هەر ئەوەیە!

- دیسان وەرەخوارێ.

- هەر ئەوەیە. هەڵمدا.

- گوڵت هەڵدا!... ئەوەش سێ ئەسپ. شەش قڕان وەرە خوارێ.

نۆبەتە قودرەت!

قودرەت مشتی لە سەر کایەکە گرت. مراد، خۆی جگەکانی لێک دا و گوتی:

- ئێستا هەڵدە!

قودرەت زیرەکانە گوتی:

- هەڵمدا!



مراد جگەکانی هەڵخستەوە. قودرەت مشتی دابەریان و لێکی دان، مراد جگەکانی کۆکردەوە و گوتی:

- خەریکم میر دێنم، قوون ڕەش. گزە مەکە. ئەگەر دەترسی، کەمتر هەڵدە!

قودرەت گوتی:

- بابێ! دوو قڕانیشی لە سەر بێ.

مراد جگەکانی هەڵخستەوە.

- ئێرە تاریکە؟!

عەلی گەناو بوو. درگاکەی کردبۆوە و هاتبووە ژوورێ.

- درگاکە پێوەدە!

- پێوەیدە ئەو دوا بڕاوە!

- جوان کپی کە!

عەلی گەناو چاوی ترووکاند و درگاکەی پێوەدا. کایە گەرم بوو. عەلی گەناو هێور هێور خۆی گەیاندە بن دیوارەکە و لە پشت سەریان ڕاوەستا. جگەکان هێشتا بە دەست مرادەوە بوو و میر لەدوای میر بۆی دەهات. کوڕی سالار مات بووبوو. نێوچاوی نەیدەهێنا. جار لەگەڵ جار مشتی خاڵی دەبوو. نێوچاوانی گنجی تێکەوتبوو و هەستی دەکرد جار لەگەڵ جار چاوی چەپەی چکۆڵەتر دەبێتەوە. لەپەستا بە سەر قۆڵی لووتی دەسرێ. چاوی لە هەڵخستن و داکەوتنی جگەکان نەدەترووکاند. چاوی لەگەڵ جگەکان دەچووە سەر و دەهاتەوە خوارێ.

پارەکان لە دەشایی تا پێنج قڕانی لەنێو کایەکەدا وەگەڕ کەوتبوون. لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست. دەستەکان ئارەقەیان کردبوو. هەربۆیە هەموویان - تەنانەت کوڕەکەی سالار عەبدوڵڵاش - پارەکانیان لە پاڵ کایەکەدا لە سەر یەک دانابوو.

هەرکەسەو لەبەر لاقی خۆیدا قەڵاقووچکەیەکی پارەی دەقڕانی تا دەشایی هەڵچنیبوو. گەرم داهاتبوون. کایە گەرم داهاتبوو. ئێتر هیچکەس دەشایی و تاقڕانی دانەدەکرد. مشتی جەلیلیش بە کەمتر لە دووقڕان نەدەکرایەوە. جگەکان هەڵدەخران و دەکەوتنەوە. هەشت نۆ دە قڕانیان دەستاو دەست پێدە کرد. بیر و

هۆشی هەموویان لای کایەکە بوو. لێویان وشک، چاویان زەق، لە جێی خۆیان وشک بووبوون. عەلی گەناویش حەپەسرا و دەستی لە چنین هەلگرتبوو چاوی تێبڕیبوون. هیچ کامیان ورتەیان لێوە نەدەهات.

ـ کوا ئەو تووتکە سەگی حەرامزادەیە؟

دەنگی پڕ لە ڕقی کوێخا نەورۆز بوو کە حەوشەکەی داگرت و بەدوای ئەودا شلپە شلپی پێلاوەکانی لە سەر بەفرە ئاوەکییەکە دەهات:

ـ کوا؟ کوا ئەو برا قنگ ڕووتەت، کچێ؟!

کایە ڕاوەستا. عەباس زانی کوێخا لەو دەگەڕێ. لە جێی خۆی وشک بوو. هەموو وشک بوون. تەنیا عەلی گەناو توانیی خۆی بە چنینەوە خەریک بکا. هەر وەها توانیی خۆی بگەیەنێتە لێواری ئاخۆڕکە و دانیشێ، خۆشی وانیشان دا کە دەستی لەو کارەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا عەلی گەناو لە هاتنی خۆی پەشیمان بوو.

کوێخا خۆیدا بە درگای تەویلەکەدا زاری پێکردەوە. بە عەبای شۆڕ و سەر و مێزەر و پێلاوی کاڵەوە زارکی درگای پڕ کرد و بە تووڕەیی چاوی تێبڕین. عەباس، وەک مشکی بەرچنگی پشیلە، خۆی مەڵاس کردبوو و پشتی کردبووە درگاکە. ئەوانی دیکە هەستابوون، لە جێی خۆیان وشک بووبوون و سەریان شۆڕ کردبووە. پارەکان لە چەن جێوە لە سەر یەک چندرابوون. جگەکان لە جغزەکەدا پرژ و بڵاو بووبوونەوە. ئەسپێک و دوو چەق و تەفێک. هەموو بووبوونە داهۆڵ. لە تاریک و ڕوونی تەویلەکەدا کوێخا کوڕەکەی سلووچی ناسییەوە. بۆی چوو و تەختی پێلاوەکەی کێشا بە مۆغەرەی پشتیدا:

ـ عەمتەری دایک سەگ! هەرمابوو کوڕەکەی من لە خشتە بەری؟ قومار وەرێدەخەی؟

عەباس بە دەمەوە کەوت بە سەرپەین و پاڵی جێ قومارەکەدا. یەکەم شت کە بە بیریدا هات ئەوە بوو لە ژێر پێلاقە و جنێوی کوێخادا پرداتە پارەکان. قەلاقووچکەی تاق قرانییەکانی کوڕی سالار کەوتە بەرچنگی، بە پەین و پاڵەوە لە قولەمیچەی گرت. کوێخا پشت ملی گرت و هەڵیستاند و ڕووی کردە خۆی. ترسی ئەوەی کوێخا پارەکانی لێدەستێنی عەباسی وەدڵە کوتە خست. بەر لەوەی کوێخا چاو لە



چاوی بڕێ و جنێو بارانی کا، عەباس مشتی پڕ قەرە پووڵی بە پەین و پاڵەوە لەدەمی خۆی کرد و گووپی وەک دوو گوێزی وشک هەڵماسان. کوێخا زللەیەکی خێواندە ڕوومەتی چەپەی. چەن قران لە بەینی ددان و لێوییەوە دەرپەڕین. بەر لەوەی زللەی دووهەم وە ڕوومەتی ڕاستی کەوێ پارەکانیتری قووت دا و لەبەر چاوی کوێخا عەباس چاوی لە ژێڵڵا هات. ڕەگی ملی هەستا و ڕەنگی شین هەڵگەڕا. کوێخا نەڕاندی:

ـ ئاوی بۆ بێنن! نەگبەتە خەریکە خۆی دەخنکێنێ! دەستی لە کۆڵ عەباس کردەوە و هەڕای کردە کوڕەکەی خۆی. لە سووچی ئاخوڕەکە گرتی، هێنایە خوارێ و ڕاست و چەپی کرد. عەلی گەناو بە چاکی زانی نێو بڕی بکا. کوێخا بۆی گەڕاوە:

ـ خەجاڵەتی ناکێشی، بۆرەکە؟! خەریکە ڕیشت سپی دەبێ! دایکت و ژنەکەت بە گیانەڵلاوەن، تۆش هاتووی لەگەڵ چوار منداڵ کە هێشتا سمێڵیان گووگرە نەبووە قومارت وەرێخستووە؟ تف!

حەمدیللا لەو نێوانەدا خۆی لە ژێر دەست و پێی باوکی ڕاپسکاند و هەڵات. بە گریانەوە خۆی گەیاندە کۆڵان. قودرەتیش کە تاکوو ئەو کاتە خۆی لە نێو ئاخوڕەکەدا ڕاکێشابوو دەرپەڕییە دەرێ. مانەوە مراد و کوڕەکەی سالار. مراد بە بەهانەی هێنانی ئاو چووە دەرێ. کاسەیەکی ئاو هێنا و خەریکی ئاو بە گەرووداکردنی عەباس بوو. کوڕی سالار لە بیری چوو بۆوە کە هەلی چاکە بۆ هەڵاتن. کوێخا و عەلی گەناو هێشتا تێکگیرابوون. جەلیلیش لە پڕ بەرەو دەرێ پێی پێوە نا و وازی لەو چەن قرانە هێنا کە لە ژێر دەست و پێدا ون بوون.

عەباس بە یارمەتیی ئەو ئاوەی مراد لە گەرووی دەکرد هێشتا خەریکی قووت دانی قەرەپووڵەکان بوو. هەرچی مراد دەیگوت بیدەوە دەرێ عەباس گوێی نەدەدایە. بە چاوی زەق و ڕەگی هەستاوی لامل و دەموچاوی ڕەش و شین هەڵگەڕاوەوە، هەوڵیدەدا قرانییەکان قووت دا و لەپەستا ئاوی بەسەردا دەکردن. کە دوایین قرانی قووت دا هەناسەی هاتەوە بەر و شانی بە دیوارەکەوە دا. لە بەر ئەو زەخت و گوشارەی بۆ خۆی هێنابوو بن گوێچکە و نێوشان و بن باخەڵی ئارەقەی

دەردابوو. هەستی مەرگ! وای کرد کە کوێخا کاری پێی نەبێ. کوێخا هات بۆ لای، لە ژوور سەری ڕاوەستا و چاوی تێبڕی. عەباس بە ترسەوە گوتی:

- گووم خوارد... کوێخا!

کوێخا تای درگاکەی کردەوە و چووە دەرێ. عەلی گەناو تاوێک لە ژوور سەری عەباس ڕاوەستا؛ پاشان خۆی دانەواند و لە درگاکە چووە دەرێ. هاجەر کە دیتی کوێخا گەیشتۆتە کۆڵان، هەڵات بەرەو تەویلەکە تاکوو بزانێ براکەی چیی لێهاتووە. عەلی گەناو چاوغایەنانە لە هاجەری ڕوانی و گوتی:

- دایکت نەهاتۆتەوە؟

هاجەر گوتی «نا» و خۆی کرد بە تەویلەکەدا. عەلی گەناو کە دەیویست لە حەوشەکە بڕواتە دەرێ، گەڕاوە و خۆی کرد بە وەتاغەکەدا. لە پەنا درگاکەدا وا کە بتوانێ لەبەر شۆقی دەرێ شاڵەکەی بچنێ دانیشت. هاجەر لە تەویلەکە هاتە دەرێ تاکوو چراکە هەڵکا. عەلی گەناو پرسیی:

- خەبەرت لە ماڵی ئێمە نییە؟

هاجەر گوتی:

- نا، هێشتا ڕۆژئاوا نەبووبوو چووم و گەڕامەوە. دایکم لەوێ بوو.

کوڕەکەی سەنەم، عەباسی هێنا بۆ وەتاغ. پاڵی پێدا بە دیوارەکەوە و خۆی لە پەنای دانیشت و بە هاجەری گوت:

- ناتەوێ وەجاخەکە هەڵکەی؟

عەباس بەر لەوەی خوشکی وەڵامی مراد بداتەوە پێی گوت:

- قوفڵ! ئەو قوفڵی دۆڵابە لێکەوە بۆم بێنە.

هاجەر قوفڵەکەی هێنا، عەباس بە دژواری هەستا سەر پێ و لە چوونە دەرێدا بە هاجەری گوت:

- بڕۆ بە دایکم بڵێ بێتەوە. دەمکراوێکم بۆ ساز کا. ڕەوانی. شتێک زگم وەکار خا.

ڕەوانی. ئاخ...



بەدەم ناڵە و نووزەوە خۆی گەیاندە درگای گەوڕەکە، قوفڵەکەی لە درگاکە دا و بە کۆمە کۆمە گەڕاوە و لەبەر خۆیەوە دەیپرتاند:

- دارونەدارم تێکەڵ ئەو پەین و پاڵە بوو. تازە چۆنیان بدۆزمەوە؟ دەترسم.... دەترسم... لە دەست ئەو ئەبراوە ناجسنە، چبکەم؟ دەترسم. دارونەدارم...

عەباس لەبەر ژان و پێچی زگی، ئاگای لە هاتنەوەی ئەبراو نەبوو. بە کۆمە کۆمە خزییە سووچێک و کلیلەکەی لە پزووی ژێرپاتۆڵەکەیدا شاردەوە:

- ڕۆن گەرچەک! ڕۆنی زەنگ! ڕۆن! بڕۆ بە دوای دایکمدا کچێ! ئەوەی گوت و لە پاڵ دیوارەکەدا و پەنای وەجاخەکەدا کەوت بەعەرزدا.

بە عەبای درێژ و کەوش و پووزەوانەی عەلی گەناوەوە ئەبراو دەتگوت گیسکە گولەیە. پەڕۆیەکی لە سەری هاڵاندبوو و هەتا سەر بڕۆی دایکێشابوو. دەموچاوی شین هەڵگەڕابوو و دەم و لێوی قەڵەشیبوو. سەرما جەستەی لاوازی ئەبراوی بەجارێ کەسیرە کردبوو. لە نێو چوارچێوەی درگاکەدا جەستەی لەڕی وەک باخە گیایەک بەلادا هات. عەلی گەناو قورس و قایم هەستا پیلی ئەبراوی گرت و کێشایە بن دیوارەکە. هاجەر لەوە زیاتر ماتڵی دایکی نەبوو و بەرەو درگاکە هەڵات. عەلی گەناو میل و بەنەکەی وەلاناو دەستە سڕ و کەسیرەکانی ئەبراوی خستە بەینی دەستە زل و ڕەشەکانی و دەستی کرد بە داماڵینیان. ئەبراو چاوی هەڵێنابوو بەڵام دەمی لە گۆ چووبوو. عەلی گەناو بە مرادی گوت وەجاخەکە هەڵکا. مراد چوو قولێک چێوپەمۆ لە گوێ تەندوورەکە بێنێ. عەلی گەناو هەروا کە دەستی بە دڵ و دەمارەکانی لاملی ئەبراودا دێنا گوتی:

- چیتان کرد؟ هێناتان؟ ها؟ سەیدی شکستەبەندتان هێنا؟

ئەبراو زمانی شکابوو. سەری هەڵتەکاند. عەلی گەناو هەردوو دەستی بە گوێچکەی ئەبراودا هێناو گوتی:

- چی بوو؟ گوتی چی ئەو ماڵ کاولە؟

ئەبراو کوت و پچر گوتی:

- سەرما!... سەرما! نەهات...

عەباس لەولاوە ناڵەی هات:

ـ نەمگوت خۆم بنێرە؟ نەمگوت ئەوە کاری منداڵ نییە؟ ئەگەر بچوایەم دەمهێنا. بەهەر لەونێ بوایە دەمهێنا. ئەگەر لە باوەشی ژنەکەشیدا بوایە دەرمدەکێشا! گەرچەک... بڵێ ڕۆن گەرچەک... دەبێ کار بە کارزان بسپێری... ڕۆن گەرچەک.

عەلی گەناو عەباکەی لەبەری ئەبراو داکەند. دانەوی وقەیتانی کەوشەکانیشی کردەوە و لەپای دەرکێشا. هەستا بڕواتە دەرێ کە مێرگان و هاجەر هاتنە ژوورێ. مرادیش بە قولێک چێوپەمۆوە بە دوایاندا هات. عەلی گەناو چاوێکی لە مێرگان کرد. دەتگوت ناوێرێ پرسیار بکا. مێرگان چاوی لێڵ بوو. چارە چییە؟ هەرچۆنێ بوو عەلی گەناو دەمی هەڵپچڕی:

ـ چییە؟ ها؟!

مێرگان گوتی:

ـ زایە بوو! خودا عەفووی کا.

ـ کێ؟ کامیان؟

ـ دایکت. پوورە گەناو!

عەلی گەناو، بە واق وڕمانەوە گوتی:

ـ ئێستا قوڕی کوێ بکەم بە سەرما؟! شەو! بەو شەوە!

لەبەر خۆیە گوتی. واکە کەس گوێی لێنەبێ. لەدەمی دەرچوو. عەباکەی نابووە ژێر باخەڵی و پزلووخ و پێڵاوەکانی بە دەستەوە گرتبوو و بە هەنگاوی قورس و قایم لە درگاکە چووە دەرێ.

ئەبراو، عەلی گەناوی نیشان دایکی دا کە دەڕۆیشت و گوتی:

ـ کرێکەم! کرێکەی من!

مێرگان لە نێوان کوڕەکانیدا دانیشت. عەباس گوتی:

ـ ڕۆن دایە گیان! ڕۆن گەرچەک. خەریکە دەمرم. وەی زگم. ڕیخۆڵەم خەریکە کون بێ. ڕۆن. ئەوەتا ڕیخۆڵەم پڕە لە تاقرانی! ڕۆن دایە گیان!



## بەندی دووەم:

خەمبار و دڵەدوا، کەڕەی بەیانی، ئەبراو لە پێخەفەکەی هاتە دەرێ. یەسکی لەشی گەرم بووبوونەوە و هەستی دەکرد دەتوانێ بڕوا بەڕێدا. بە بێدەنگی جلەکانی لەبەر کرد و بە پێدزکە بەرەو دەرێ خوشی. هێشتا لەپشت درگای تەویلەکەوە شیڕ و هۆڕ دەبیسترا. ئەبراو چووە پێشێ و گوێی بە درگای تەویلەکەوە نا. پاشماوەی قوورە وشیڕەی ڕیخۆڵەی عەباس بوو. لە سەرەتای شەوەوە عەباس خۆی لە تەویلەکەدا زیندانی کردبوو و ئێستا دەمەو بەیانی خەریک بوو وردە وردە ئارام دەبۆوە. سەرگەرمی ژانی خۆی و پشکنینی خۆی، تەویلەکەی پاوان کردبوو. درگاکەی لە سەر خۆی داخستبوو و نەیدەهێشت کەس بچێتە ژوورێ. گڕی لەنتەرەکە، لە تاریکایی گەوڕەکەدا کەوتبووە پرتە پرت. ئەبراو پێی وابوو ژان و پێچی زگی براکەی دامرکاوە! کاری بە سەرییەوە نەبوو. شاقەلی کەواکەی توند لەیەک هاڵاند وپەتکی نێو قەدی گرێدا و لە کەلێنی دیوارەکەوە پێی نایە کۆڵان.

کۆڵان هێشتا تاریک بوو. سپیایی بەفر، بوولێڵەکەی ڕوونتر کردبوو. بەفر بەستبووی. وشک و ڕەق. سەرما زاڵ بوو. وشکە سەرمای دوای کرێوە. پیرەکان گوتوویانە «لە ڕۆژی کرێوە مەترسە، لە ڕۆژی دوای کرێوە بترسە!»

ڕۆژی دوای کرێوە ڕاست ئەمڕۆ بوو، شوکور ئەبراو کارێکی گرینگی لەبەر نەبوو. ئەو بەشی خۆی هەر دوێنێ وەر گرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو ڕێگا نزیکەی گرتبوویە بەر، سەرما وەچەقوچۆی خستبوو. برژۆڵی ئەبراو خۆیان لەبەر تەوژمی کزەبای بەیانی نەدەگرت. با بەسەر بەفردا تێدەپەڕی و دەرزی ئاژەنی دەکرد. برژۆڵە تەنکەکانی ئەبراو کە بە منداڵی بە نەخۆشیی هاوڵەمریشکە وەریبوون، کەوتبوونە ترووکە ترووک. ئاو بە لووتیدا دەهاتە خوارێ. دەموچاوی سەرما گەستوو حیزە. بە کزەیەکی سەرما ڕەش و شین هەڵدەگەڕێ. ئەبراو هەستی دەکرد

خەریکە دەموچاوی سەرما دەیبا، ئاو بە سووچی چاویدا دەهاتە خوارێ. لایەکی دەموچاوی بە یەخەی کەواکەی داپۆشی و بەبەر مزگەوتەکەدا تێپەڕی. تایەکی درگاکەی کرابۆوە، ئەبراو لەخۆڕا سەرێکی کێشا. دارە مەیتێک بە جاوی سپی داپۆشرابوو و لە سەر تاتەشۆری حەوشەی مزگەوت بە عەرزەکەوە بەستبووی و سەگە بەڕەڵلایەکی زەمینج لە پەنا تابووتەکە خۆی مەڵاس کردبوو. ئەبراو پێی وابوو پوورە گەناو لە نێو دارە تەرمەکەدا خەوتووە. چونکە مردوو بە شەودا نانێژن. نەدەبوو ماتڵ بێ. تێپەڕی و پێی نایە کۆڵانی حەوزەکە. حەوزەکە یەکپارچە سەهۆڵ بوو. دەوراندەوری حەوزەکە بە دیوارۆچکەیەکی بەفرینی توند و ڕەق گیرابوو. ڕێگەی توونی گەرما و لەولاترەوە بوو. بە پاڵ دیواری گەرماوەکەو جۆگەلەی حەوزەکەدا تێدەپەڕی. ئەبراو دەوری حەوزەکەی لێدا و بە لێژی پڕ لە بەفری کەنداڵەکەدا، پێ لە جێی پێ بەرچەکەدا چووە خوارێ. ڕچەکە وەک کلکە مار قەفی دەخواردەوە و دەچووە نێو درگای نزمی توونەکەوە.

ئەبراو درگاکەی کردەوە. عەلی گەناو وەک سەلکەبزووتێکی زەلام، قورماوی و دووکەڵ گرتوو، لەبەر کوورەکەدا لەسەر بەردێک دانیشتبوو و بە شیشێکی ئاسن ئاورەکەی تێکوەردەدا. جار جار باوەشێکی چرپی و ئێزنگ پێوە دەنا. ئاگای لە هاتنی ئەبراو بوو، بەڵام عەلی گەناو لەوە هێدیتر بوو کە بە جووڵە و کردەوە، یان ڕووداوێکی تازە شلوێ بێ و لە خۆی دابڕێ. بۆیە هەر پێی وانەبوو کەس چووە. هەروا خەریکی کاری خۆی بوو. ئەبراو درگاکەی لە پشت سەری خۆی پێوەدا. چوو بۆلای عەلی گەناو و لەبەر تینی ئاورەکە بە هێواشی دانیشت. گەرم و خۆش! عەلی گەناو بێ ئەوەی چاو لە ئەبراو کا شیشە ئاسنەکەی دایە دەستی و قوتووە جگەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی بە مۆدنەکەیەوە کرد و مۆدنەکەی بە ددانی گرت، لقێکی چیلکەی داگیرساو هەڵگرت و سیگارەکەی پێ هەڵکرد. باقەی دووکەڵ لە کونە لووتی هاتە دەرێ و بە گلەییەوە گوتی:

ـ لە ئێوارەوە چاوم لەسەر یەک دانەناوە! ناڵە و نووکەی ئەو سەگبابە نەیهێشت تاوێ پێلوو لێک بێنم. گوو بە ڕیشی باوکە دەویتە گۆڕبەگۆڕەکەی! ئەو کەربابە هەتا بەری بەیانی هەر ناڵاندی و تووک و نزای کرد. پێی وایە زۆر تەواوە



قەرزداریشمان دەکا! ژنەتیوە نەزۆکە! دەڵێی زەویی شۆرەکاتە. خوێڵێن. دڕووشی لێ شین نابێ. ئەگەر بمردایە نەجاتم دەبوو لە دەستی. حەیف نییە پیاو لە ساڵ و مانگی ئاوادا نانی گەنم بدا بە کەسێ کە هیچ خێر و بەرەکەتێکی بە نێو چاوانەوە نییە! ماکەریش لانیکەم جاشکێک دەخاتەوە، بەڵام ئەو سەگبابە دڕکیشی نابێ کە پیاو دڵی بەوە خۆش بێ تووی لێکەوتۆتەوە! ئەو نێوچاوانە ڕەشەمان بە قوڕداچێ. پیاو بە چ هیوایەک بژی؟ ئێستا من بمرم ناوم لەسەر چی و لەسەر کێ بەجێدەمێنێ. لەسەر بەردا! بمرم هەر وەک نەبووبم وایە. وەک تسی تاجی هاتووم و ڕۆیشتووم.

ژنەتیوە زگی هەوەڵی بوو جارێک چەخسێکی چاکم کوتا و بەری خست! چیی لێبکەم ئێستا؟ ئەودەم کەللەپڕ بووم و لێمدا، ئێستا چی؟ نەزۆکە هیدی، مەگین نەزۆک نییە؟ هەیە هیدی، قسرە قسر. ئێستاش ئەوە ئیتر دەردی سەرباری دەردانە! هێندە تووک و نزا دەکا و تەپوتۆز لە دایک و باوکم هەڵدەستێنێ، ناتوانم لە ماڵێ خۆ بگرم. ئەو بەڵایەشی بەسەر دایکم هێنا. بەو ڕووناکییە سوێند دەخۆم خەتای ئەو بوو! دەنا من چۆن دایکم لە ماڵێ دەر دەکەم، کە ناچار بێ بچێتە کەلاوەیەکەوە و تووشی ئەو ڕۆژە بێ؟ بۆ من شیری ئەو دایکەم نەخواردووە؟ ئێستا ئەو ژنە بێچارە چۆن لێم خۆش دەبێ؟ ها؟ تازە ئەوە دەستیشی لەم دنیایە بەر بووە.

ئەبراو هاتبوو سەبارەت بە کرێکەی دوێنێی قسە بێنێتە گۆڕێ؛ نگەرانی و دڵەدواییشی هەر بۆ ئەوە بوو کەوا کەڕەی بەیانی لە جێگا هاتبووە دەرێ و بەرەو توونی گەرماوەکە ملی پێوە نابوو؛ بەڵام عەلی گەناو وەها چووبوو دەخۆیەوە و گیرۆدەی خۆی بوو، ئەبراو دڵی بڕوایی نەدا باسی کرێکەی بکا.

ـ کەرەکەم سەقەت بوو. مووی لێ قرژ بووە و وەک شەقشەقە دەلەرزێ. وەک جاڵجاڵووکەی لێهاتووە. بەستەزمانە. چیتان لێکرد دوێنێ؟

ئەبراو گوتی:

کەرێک بەڕێدا بڕوا سەقەتی چی! ڕەنگە شەوێ وەبەر سەرمات دابێ!

عەلی گەناو گوتی:

- نا؛ نا! بەستەزمانە ڕەنگە ئارەقی کرد بێ و ئێوەش لە جێگایەک وەبەر باتان داوە و باپەڕی کردووە.

ئەبراو بە نووکی شیشەکە قولێکی ئێزنگ بە کوورەکەوە نا و گوتی:

- ئێمە خێرا چووین و گەڕاینەوە. لە ڕێگا ئێمەش لە کەرەکەی تۆ کەمترمان سەرما نەبوو. عەلی گەناو قونچکی جگەرەکەی فڕێدا نێو ئاورەکەوە و گوتی:

- نازانم چبکەم لەو ژنەتیوە؟ بۆتە خۆرەی ڕۆحیشم!

ئەبراو لەگەڵ تۆزە ئیستێ گوتی:

- عەلی!

عەلی گەناو چاوی لە کوڕەکەی سلووچ کرد. ڕەشێنەی چاوی لەگەڵ گری توونەکە بریقەی هات. ئەبراو گوتی:

- هەموو ئەو پیاوانەی ماڵ بەجێدێڵن. ئیتر قەت نایەنەوە؟!

عەلی گەناو چاوی لە دووکەڵی کوورەکە بڕی، شیشەی لە دەست ئەبراو وەرگرت:

- دنیات پێ چییە؟ لەوانەیە بشگەڕێتەوە! هێندێ کەس دەگەڕێنەوە. باوکی تۆش ڕەنگە بێتەوە.

ئەبراو گوتی:

- هەموو هەر وا دەڕۆن؟!

عەلی گوتی:

- هەرکەسەی جۆرێکە.

ئەبراو گوتی:

- خۆزگە دەمزانی چووە بۆ کوێ؟ بۆ دەنگی نەکرد دەچێ بۆ کوێ؟

عەلی گوتی:

- مەگین خۆی دەیزانی بۆ کوێ دەچێ کە دەنگ بکا؟ هێندێ کەس ڕۆیشتن، خەبەریشیان نەهاتەوە. هێندێ کەس دە ـ دوازدە ساڵ دوایی خەبەریان هات. مراد نیومەنی کە ڕۆیشت، دوای هەژدە ساڵ هەواڵی هات کە لە گوندەکانی (بجنورد) خەریکی نووشتە نووسینە. محەممەد بلاچای کە ڕۆیشت، هەروەک نەبووبێ وابوو.



لەم دواییانەدا هەواڵی مەرگی هات منداڵەکانی چوون بۆ سەنگەسەر و باڵاسەر مەڕەکانی ـ ئەو مەڕ و ماڵاتەی پێکییەوەی نابوو. مابوونەوە و هێشتاش کە هێشتایە هەر لەوێ مانەوە. یەکیشیان قوڵی بوو، باوکی ئەم سەفدەرەی خۆمان. ئەو زۆر نا پیاوانە ڕۆیشت. سێ وشتری بوو. لە ڕێگای قووچان بارەبەریی دەکرد. لەو ناوچەیە، لەگەڵ کوردەکان هاتووچۆی دەکرد. دڵی ئەو کچە عێلاتییانەی گرتبوو. واتە عاشق بووبوو. دەهۆڵی لێدەدا و زۆر چاکیش هەڵدەپەڕی. هەر کاتێ کوردەکان زەماوەندیان دەبوو، دەتگوت مووت لێ هەڵپرووزاندووە. ئاخریش ئەو چەند وشترەی کە بووی لەو ڕێگایەدا داینا. داروندارى خۆی بە با دا. ڕۆژێک هەڵتەک هەڵتەک هاتەوە بۆ زەمینج. چاکم لەبیرە. من یەکەم جار بوو ڕیشم تاشیبوو دەچووم لەگەڵ هاوەڵەکانمان (کڵاو بەدەورێن) بکەین، دیمان قوڵی خان هاتەوە، تێڕی وشترێکی بەشانیدا دابوو.

ئەو کاتە کەسێ وشتردار بوایە خەڵکی کچیان دەدایە. لێرە دەزگیرانی بوو. دایکی ئەم سەفدەرە ئەو کات، کچ بوو. قوڵی هێندەی هات و چۆ کرد و هێلانەی لە چاوی ئەو ماڵەدا کرد و دزگیران بازی دەرهێنا، هەتا شەوێک دەزگیرانەکەی بە دەست گرت. توخمی ئەم سەفدەرەشی هەر ئەو شەوە چاند. سبەینێی ئەو ڕۆژەش میراتی باوکی کە موجعمەیەک و مەنجەڵێکی مس بوو فرۆشتی بە ئەم کەربەلایی دووشەمەیەی باوکی سالار عەبدوڵڵا. پارەکەی دا بە برنج و بۆ شەوێ پڵاویان لێنا، لەگەڵ ژنەکەی خواردیان و بۆ بەیانی ئیتر هیچ کەس چاوی پێی نەکەوتەوە. هێشتاش کە هێشتایە ڕووی نەکردۆتەوە ئەم ناوە. کەس نازانێ لەکوێ خۆی گوموگۆڕ کرد! بڕێ کەس دەڵێن چووە بۆ ئەو ناوچانە، ناوچەی (دەرەگەز) نێو کوردەکان. دەڵێن سەفدەر خەبەری لێی هەیە. بەڵام هەرکاتێ کە باسی باوکی دێتە گۆڕێ. با لەخۆی دەکا و دەڵێ: «بە گۆڕی باوکە دەویتەکەیەوە!» جارێکیان بە گاڵتە پێمگوت: «برۆ سۆراخێکی باوکت بگرە، دەڵێن لە ناوچەی دەرەگەز دیتوویانە. » گوتی: «چش لە هەرکوییەکە، ئاوی ئاراز نیوەی ڕێگای بێ!» خاڵی خۆشم خۆ دەزانی بە چ دەردێ ڕۆیی؟!

ئەبراو گوتی:

- خۆزگە بمزانیبایە لە کوێیە؟!

عەلی گەناو گوتی:

- بەشوێن چوودا مەچۆ. لەبیر خۆتی بەرەوە و وەبزانە هەر نەبووە. کەس نازانێ لە کوێیە! بزن وەدوای گیا دەکەوێ ئیتر!

ئەبراو گوتی:

- ئەگەر بمتوانیبایە لە بیری بەرمەوە باش بوو!

عەلی گەناو گوتی:

ناچار بوو! ئەوە خۆمانین، باوکت زۆر زۆر ناچار بوو. چبکا؟ پیاوێکی بێ ئابڕوو نەبوو. پیاو نابێ لە هەق لابدا، زۆریش بەغیرەت بوو. پیاوێکی دەست ڕەنگین بوو. هونەری هەبوو. سەری بۆ کەس دانەدەنەواند. ڕۆح زل بوو. نەیدەتوانی لەوە زیاتر سووکایەتی تامڵ کا. بۆیە ڕۆیشت. بۆیە ڕۆیشت!

سلووچ لەگەڵ باوکی سەفدەر فەرقی هەیە. دڵنیام ئەگەر سلووچ ڕۆژێک دەستی پڕ بێ، ئێوە لەبیر ناباتەوە. خەم مەخۆ دێتەوە. سلووچ پیاوێکی دڵ گەورە بوو. ڕووی دەستەنگی و ناچاری ڕەش بێ!

ئەبراو ئێزنگی بە کوورەکەوە دەنا و هیچی نەدەگوت. دڵتەنگ، لەبەر کوورەکەدا هەڵتووتەکابوو. لێوی کۆ کردبۆوە توند بەسەر یەکیدا نابوون. ئیتر - دەتگوت - هۆشی لای عەلی گەناو نییە. عەلی گەناویش لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیی. شەکەت و خەواڵوو بوو. باوێشکێکی دا، بە هەردوو دەستی لە سینگی خۆی دا، هەستاو گوتی:

- دەچم تۆزێ ڕادەکشێم. بەڵکوو سەرخەوێک بشکێنم. ئاگات لە کوورەکە بێ. ئیتر مەنجەڵەکان وەکوڵ هاتوون. زۆری پێوە مەنێ. تەنیا هەواکەی لە دەستت دابێ نەکوژێتەوە.

ئەبراو مات بوو. عەلی گەناو بەرەو قوژبنی توونەکە خوشی، لەسەر جەواڵە کۆنێک ڕاکشاو گوتی:

- کترییەکەش بنێ سەر ئاورەکە با بکوڵێ. سبەینێش چەندم کار هەیە!



دەبێ قەبرێ بۆ ئەو خوالێخۆشبووە هەڵکەنم. ئەو ژنە چارەڕەشەش نازانم چ لێبکەم.

ئەگەر چاوێک گەرم نەکەم سبەینێ هیچم پێناکرێ.

ئەبراو دەسکی کترییەکەی بە سەری شیشەکەوە کردو لەسەر ئاورەکەی دانا و شیشەکەی دەرکێشایەوە:

«تۆ وەک خۆم وای. خوڵک و خووت هەر لە خۆم دەچێ. خۆ لە هەموو کارێک دەدەی. بەڵام ئەو عەباسە، هەر لە خاڵە گامێشەکەی دەچێ! وەک خشتێک کردبێتت بە دوو لەتەوە. بە جێی ئەوەی دڵ بە کارێک بدا، دایمە چاوی لەملاو ئەولایە. دایمە چاوی لە دەست و گیرفانی ئەم و ئەوە. چاو دزە. چاو برسییە. دایمە چاوەڕێیە کەسێک یەسقانێکی بۆ فڕێدا. چاو و دڵی دەفڕێ. وەک سەگە بەرەڵڵا وایە. نازانم چوار ڕۆژی دیکە ڕیش و سمێڵی بێ چۆن ژن و منداڵ بەخێو دەکا؟!»

سلووچ زۆر جار بە ئەبراوی گوتبوو:

«تەنیا کاتێک پیاو دەتوانێ لە نێو خەڵکدا سەر هەڵێنێ کە نێو شانی بەکار عارەقە بکا. کاتێ دەست لە شانی پیاو دەدەی تەپوتۆزی لێهەستێ!»

باوکی ئەبراو ئەگەر قسەی بکردایە - کە نەیدەکرد - لەو جۆرە قسانە بوو، دایمە ئەو قسانەی لەسەر دەم بوو:

«کار! کار! نان کار، نان زەحمەتکێشێکە کە جەوهەر بە پیاو دەدا. غیرەتی دەداتێ. پیاو و کار، پیاو و کار!»

بەڵام ئەو بۆ ئاوا لێیداو ڕۆیی؟

ئەبرای هەرچی دەیهێنا و دەیبرد ئەوەی بۆ هەرس نەدەبوو. بیری بۆ هەرلایەک دەچوو، هیچی وەگیر نەدەکەوت. سەرباری هەموویان، نەبوونی بوو، نەبوونی. شتێکیتریش بوو؟ دەی باشە، نەبوونی! مەگین تەنیا سلووچ دەستەنگ و ئاتاج بوو؟ تەنیا ئەو؟ ئاخەر چۆن توانیبووی خۆی قانع بکا و بڕوا؟ ڕۆیشتن و ئاوڕ نەدانەوە! ژن و کچەکەی. گریمان ئەوان، عەباس و ئەبراو، نێرینەن. هاجەر چی؟ بیری لەوە نەکردۆتەوە بەهارێکی دیکە تێپەڕێ عازەبەو وەختی شوویەتی؟ بڵێی بیری لەوانە کردبێتەوە؟ ڕەنگە بیریشی لێکردبێتەوە! ئەو سلووچەی ئەبراو دەیناسی، پیاوێکی

خوێڕی و بێ غیرەت نەبوو. یەسکی لە گۆشتی زیاتر بوو. ناتوانێ بێ بیرکردنەوە لەئەو شتانە لێیدابێ و ڕۆیشتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ کوێ، بۆ کام لاچووە؟ چاکە، خۆ زستان کاتی کار نییە! ئەگەر هەر قامکێکت گەوهەرێک بێ، دیسان لە زستاندا هیچت لە دەست نایە. تا ئەو جێیەی ئەبراو تێگەیشتبوو، لە بیریەتی هەموو پیاوان، بە هەر وزە و ورەیەکەوە چووبێتن بۆ کار، زستان بۆ ماڵ گەڕاونەتەوە و لەنێو خاو و خێزانەکەیاندا، لەژێر میچێکدا کۆبوونەتەوە و بەرەو پیری بەهار چوون. زستان بە هەر لەونێک بێ تێپەر دەکەن و لەگەڵ بوون و نەبوون دەسازێن. بەڵام ئاخر، سلووچ لەم وەرزەدا وەدوای چ کارێک کەوتووە؟ ئەو کارانەی ئەبراو پێی شک دەهات، زۆر کەم بوون. بێجگە لە کاروبارە وەرزییەکانی بیابان، ئەبراو بیستبووی کە پیاوان و لاوانی زەمینج، ساڵانی پێشوو بۆ فەعلایی و کاری سازکردنی (خەتی توروق) دەچوون. ئەوساڵانەی کە ڕێگای مەشهەد بۆ تارانیان نۆژەن دەکردەوە. ئەوەی بیستبوو. بەڵام تێگەیشتنێکی ڕاستی لە (هێڵی توروق) نەبوو. هێڵی توروق تەنیا ناویک بوو لە زەینیدا. ئەوەشی دەزانی کە هاوینان، ساڵانی کەم داهات، دروێنەوانان بۆ دروێنە دەچوون بۆ ناوچەی (قووچان) ئاخر و ئۆخری هاوین، هەرکام بە دە ـ بیست مەن گەنمەوە دەهاتنەوە بۆ زەمینج و نانی چەن ڕۆژی منداڵەکانیان لە کەندوودا پاشەکەوت دەکرد. لەوە زیاتر نەیدەزانی دوور لە ناوچەکەی خۆیان چ جۆرە کارێکی دیکە هەیە. مرادی کوڕی سەنەمیش ئەوەندە لەگەڵ سلووچ نێوان خۆش نەبوو کە پێیگوتبێ بۆ چ کارێک لە زەمینج چۆتە دەرێ. کاتێ قسە دەهاتە گۆڕێ کوڕی سەنەم دەیگوت «دنیا گەورەیە. پیاو بەدوای ناندا شەل نابێ. » هەر ئەوە.

جارێکیش، ئەو کاتە ئەبراو زۆر منداڵ بوو و پێموا پاتۆڵیشی لە پێدا نەبوو، ماشێنێکی «وەتاغ شاری» بۆ بردنی زیارەتکەران هاتبوو بۆ زەمینج. منداڵان لە دەوری ماشێنەکە کۆ بووبوونەوە و بەچاوی زیت و سەر سووڕمانەوە چاویان لە شووشە و تەگەر و سەندەڵییەکانی دەکرد و دەمیان بووبووە تاقی چرا! زیارەتکەری سێ ئاوایی ماشێنێکیان دەگرت کە بیانبا بۆ مەشهەد و بیانهێنێتەوە. دیتنی ئەو ماشێنە، ئەو درگایەی لە زەینی ئەبراودا کردبۆوە کە پیاو دەتوانێ بە



شتێکیتر جگە لە چوارپێ سەفەر بکا؛ دەشکرێ بۆ شوێنی زۆر دوور بڕۆی. زۆر دوور. دوای ئەوە ئەبراو زۆری ماشێنیتر دیتبوو. بەڵام ئەو دیتنانە قەت ئەو درگایەیان لە زەینی ئەودا نەکردبۆوە. ئەبراو ئێستا لێی ڕوون بوو کە سەفەر کردن بەو ماشێنانە بە سلووچ ناکرێ. چونکە بۆی مەیسەر نابێ. کەوایە دەبێ بە پێیان ڕۆیشتبێ. بەڵام بە پێیان، هەتا کوێ و بۆ کوێ دەتوانێ بچێ؟ بە پێیان دەتوانی چەندە بە ڕێدا بڕۆی؟ پێ مەگین چەند مەزڵ دەتوانێ بە قسەی زگی برسی بکا؟ سلووچ، ئەگەر لەنێو بەفر و سەرمادا لەپێ کەوتبێ، چی؟ ئەگەر گورگ دەورەیان دابێ، چی؟ ڕەوەیەک سیسارک ئەگەر بە ژوور سەرییەوە باڵیان فش کردبێتەوە چی؟ ئەبراو بیستبووی داڵە کەرخۆر لە پێشا چاوی لاشەکە دەردێنن. شوانەکانی زەمینج چیرۆکی زۆریان لەو داڵاشانە دەگێڕاوە کە چاوی ئاژەڵە دابڕاوەکانیان دەرهێناوە و پاشان ورگیان دڕیون. هەر سیسارکێک دەبێ بەقەد گومبەزییەک گەورەبێ! بەسەر لاشەکەوە خێوەت هەڵدەدەن. باڵیان دەکەن بە سێبەر. چ مەترسییەکی گەورە! پیاو، ڕەنگە هەر لەپێشا دڵی بتۆقێ! ئەگەر نەمردبێ جێی باوەڕە سلووچ ـ بەو هەموو ڕۆح زلییەوە ـ دەستی سواڵ بۆ کەسێک پان کاتەوە؟ ئایا پیاو دەتوانێ بە دڵیشیدا بێ سلووچ، قاپێک، ئەفتاوەیەک لە درگای ماڵێک هەڵگرێ؟ بیدزێ؟ دەستی سلووچ دەیتوانی بۆ ماڵی خەڵک درێژ بێتەوە؟ دەبوو؟! نا! باوەڕ کردنی ئەوە بۆ ئەبراو لە مەرگ دژوارتر بوو. نا! سلووچ، باوکی ئەبراو، نە دەستی بۆ دزی درێژ دەکرد، نە بۆ سواڵ و دەرۆزەی پان دەکردەوە. ئەبراو نەیدەتوانی سلووچ وا ببینێ. سلووچ پیاوی شان و باهۆ بوو. نەک گورگی چنگ و کەڵپە.

ـ حەییە عەلا سەلات... حەییە عەلا سەلات...

هەوای شووشەیی سپێدە بە دەنگی مەلای زەمینج چڕژا.

کترییەکەی عەلی گەناو وەکوڵ هات. ئەبراو شوێنی چاییەکەی نەدەزانی. عەلی گەناو لەسەر جێگاکەی تلێکی دا. لە ژێر لێوەوە گوڕاندی و جنێوێکی لە ژێر ددانیدا ورد کرد. جنێوەکەی بۆ مەلا بەرێکرد کە بەو بانگە خەوەکەی لێ تێک دابوو. ئەگەرچی ئەوە ئاشکرا بوو کە مەلا بانگی مەرگی دایکی دەدا و خەڵکی بانگ دەکا

بۆ نوێژی مەیت. دوێشەو قەرارەکەی دانابوو. مەلاش گوتبووی تەرمەکە شەو لە مزگەوت دانێن هەتا بەیانی. چارەی نەبوو. عەلی گەناو دەبوو هەستێ. جارێکیتر لە سەر جێگاکەی تلی دا. بن باخەڵی خۆی خوراند و پێلووی قورس و ماندووی هەڵێنا.

ئەبراو پرسیی:

ـ کیسەی چاییەکە لە کوێیە؟

ـ بەو بزمارەوە. لاکەوە دەیبینی.

ئەبراو چاییەکەی دەم کرد. عەلی گەناو خۆی کێشاوە و مشتەقووچاوەکانی بە سینگی خوێدا کێشاو جارێکی دیکە باوێشکێکی وشترانەی دا و بە لاتراسکە بەستن بەرەو کوورەکە هات. ئەبراو چایی بۆ تێکرد و عەلی گەناو چوار پیاڵەی لە سەر یەک خواردەوە و گوتی:

ـ سەرەتا دەبێ بڕۆم وەدوای گۆڕ و خەلاتیی ئەو خوالێخۆشبووە بکەوم.

هەستا عەباکەی دا بە شانیدا، کلیلی درێژی گەرماوەکەی دا بە ئەبراو و گوتی:

ـ جوان گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی! جگە لە وەرزێڕەکان کە بە قەرزی نوخشە، حەمام دەکەن، هەموو مشتەرییەکانی دیکە بە نەغد. منداڵان سێ شایی و، گەورەکان سێ قڕان. کلاوت نەنێنە سەر! بزانم ئەمڕۆ چدەکەی. ئەگەر ڕۆیشتی زنجیری درگاکە بخەو چیلەیەک بە ئاڵقەڕێزەکەیدا بکە. تووتکە سەگانە هەر چاوی منیان لێ دوور بێ دێن و قومار وەڕێدەخەن. وەک سەگ لە جێی گەرم دەگەڕێن!

ئەبراو گوێی لە قسەکانی عەلی گەناو گرتبوو، بەڵام دڵی لە جێیەکی دیکە بوو. کەم و زۆر حاڵی دەبوو دەڵێ چی. بیری لە جێیەکی دیکە بوو. جێگاگەلێکیتر. جێگایەک کە لێشی ڕوون نەبوو کوێیە. تەنیا دەیزانی جێگاگەلێکی دیکەن. جێگایەکی تێکەڵ و پێکەڵ کە سلووچی لەوێ وەک تاپۆیەکی دوور و تەماوی لە خۆیدا نوقم دەکرد. زەینی ئەبراو لەو ڕێبازە تەماوییەدا دەتگوت ڕاوەستاوە. جووڵەی نەدەکرد. چاوی لە خۆڵەمێشی پڕ ژیلەمۆی کوورەکە بوو و دڵیشی لە شوێنێکی دیکە. بۆ ساتێک دەتگوت لە دنیا دابڕاوە، سووک و بێ بار و بەتاڵ. عەلی گەناو چاوێکی لە



شان و ملە ڕەق و تەقەکەی ئەبراو کرد و خۆی دانەواند و لە درگای توونەکە چووە دەرێ.

سەرمای بەیانی! عەلی گەناو لکەی مێزەرەکەی بە بەر دەم و لووتیدا هێنا بۆوە و لە لێژی کەندەڵانەکەوە سەرکەوت. حەوزەکە یەک پارچە سەهۆڵ بوو. دەنگی سڵاوات هەروا بەردەوام بوو. باقەیە دووکەڵ هەوای پاکی بەرەبەیانی پیس دەکرد.

«مەگین دڵی دێ تۆزێ وچان بدا؟! بەسسە ئیتر. (انکر لّلواه!) زانییان. ئێستا پۆل پۆل لە ماڵ دێنە دەرێ. تۆ سەری بابت! ها! دیوتە چۆنیش بۆی دەلورێتەوە!»

ـ تۆ ئاوا لێدەدەی و دەڕۆی! ئەی کێ درگای گەرماوەکە دەکاتەوە؟ کەربەلایی سەفی بوو. باوکی کوێخا. بوخچەی حەمامی نابووە بن هەنگڵی و بە ئەسپایی لە درگای ماڵێ دەهاتە دەرێ. عەلی گەناو لەگەڵ سڵاو گوتی: کوڕەکەی مێرگان لەوێیە، کەربەلایی، کلیلەکەم داوە بە ئەو.

کەربەلایی سەری داخست و بەرەو گەرماوەکە وەڕێکەوت. عەلی گەناو بە کۆڵانەکەدا بایداوە، و ڕاست ڕووی کردە ماڵی مێرگان. وەجاخەکەی ماڵی مێرگان هەڵکرابوو. دووکەڵێکی خەست درگای ژوورەکەی پڕکردبوو. عەلی گەناو سەری بە دووکەڵەکەدا کرد و گوتی:

ـ عەباس لە کوێیە دادە مێرگان؟

مێرگان سەری لە سەر وەجاخەکە هەڵگرت، چاوە پڕ ئاوەکانی لە عەلی گەناو بڕی، لۆی چارەکەکەی بە بەردەم و لووتیدا گرت و پرسیی:

ـ بۆ چیتە؟

ـ دەمەوێ بیبەم بۆ قەبر هەڵکەندن.

ـ زگی پێچی پێدا دەهات شەوێ. نازانم! ئێستاش لە تەویلەیە.

عەلی گەناو بەرەو تەویلەکە لای کردەوە. درگای تەویلەکە جیڕەیەکی وشکی لێهات و لە سەر پاژنە سوواڕ و عەباس لە چوارچێوەی درگاکەدا وێستا. دەستێکی بە درگاکەوە و دەستەکەی‌تری بە دیوارەکەوە گرتبوو. جۆرێ کە دەتگوت بێتوو دەست بەردا دەکەوێ بە عەرزدا. چاوی وەک دوو دەنکە مێوژ بە بنی هێلوونی

چاوییەوە نووسابوو، یەسکی ڕوومەتی زەق بووبۆوە و ڕەنگی وەک بەهێ زەرد هەڵگەڕابوو. عەلی گەناو چوو بۆ لای:

- چییە؟ بۆ وات لێهاتووە؟ دەمویست بتبەم بۆ قەبر هەڵکەندن!

عەباس دەنگی دەرنەدەهات. بە زەحمەت گوتی:

- نەخۆشم... زۆر نەخۆشم.

- ئەی بۆ خۆت لەو تەویلەیەدا زیندانی کردووە؟

عەباس هەروا کە درگاکەی بە هێواشی پێوەدەدا گوتی:

- ناتوانم. ناتوانم لە سەر پێ خۆ بگرم.

نیگای عەلی گەناو لە سەر درگا پێوەدراوەکە گیرسایەوە و دەنگی عەباس، لە پشت درگاکە کپ بوو؛ مرد. عەلی گەناو دەرفەتی مانەوەی نەبوو. پێویست بە پرسیاریش نەبوو، دەیزانی چی بە چییە. دیتبووی عەباس تاقڕانییەکانی بە پەین و پاڵەوە قووت داوە. کە پێی نا دەرێ، لە بەردرگای حەوشەکە دەنگی مێرگان ڕایگرت:

- ڕاوەستە خۆم دێم.

عەلی گەناو ڕاوەستا. مێرگان هاتە دەرێ. بێڵۆچکەی کەرێز کەینی سلووچی بە دەستەوە گرتبوو. بێڵۆچکەی دایە دەست عەلی گەناو و خەریکی گرێدانی چارشێوەکەی بوو لە دەوری شان و ملی، ئامادە بوو. بێڵەکەی لە عەلی گەناو وەرگرتەوە و بەدوایدا کەوتە ڕێ. عەلی گەناو چووەوە بۆ ماڵی خۆیان. مێرگانیش بە باشی زانی هەواڵێکی ڕوقیا بپرسێ. عەلی سەری کرد بە وەتاغەکەدا، بە پاڵ جێوبانەکەی ڕوقیادا تێپەڕی و لەپشت پەردەی کولێنەکە ون بوون. مێرگان لە سەر پلیکانەکان ڕاوەستا و چاک و چۆنیی لەگەڵ ڕوقیا کرد. ڕوقیا لە پێشوو چاکتر ناڵاندی:

- منیش لە سەر ڕۆیشتنم؛ دایکی عەباس. منیش دەمرم، خوشکێ گیان...

عەلی گەناو بە پێمەڕەو قوڵێنگەوە لە کولێنەکە هاتە دەرێ و لە جوابی ژنەکەیدا گوتی:

- تۆ نامری؛ مەترسە! هەتا سەری من نەخۆی، نامری!



لە درگاکە چووە دەرێ کە گوێی لە تووک و نزای ڕوقیا نەبێ. لە کۆڵانەکە بە مێرگانی گوت:

- هەتا دیقم پێنەکا، نامرێ!

مەلای زەمینج هێشتا لەسەر سەربانی مزگەوتەکە ڕاوەستابوو سڵاواتی لێدەدا. مێرگان و عەلی گەناو لە هەمبەریدا ڕاوەستان. مەلا تاوێک بێدەنگ بوو، عەلی گەناو گوتی:

مەلا گیان بۆوا گەرووی خۆت دەدڕێنی؟ لەم سەخڵەت و سەرمایەدا کێ دڵی دێ لە ماڵ بێتە دەرێ و ژێر کورسی بەجێ بێڵێ؟ ئەویش لەبەر خاتری دایکی عەلی گەناو؟! وەرە خوارێ. وەرە خوارێ تا من دەچم قەبرەکەی هەڵقەنم، بچۆ چاییەک بخۆوە. چاوکە سەرما چیی لێکردووی! دەستت بدە بە من باوە گیان وەرە خوارێ.

عەلی گەناو دەستی مەلای گرت و لە سەر دیوارەکە هێنایە خوارێ. پیرەپیاو کەسیرە بووبوو و دەمی گوێ نەدەکرد. عەلی گەناو دیسان گوتی بچێت و خۆی لە ژێر قورسییەکە گەرم بکاتەوە. هەر لەوکاتەدا دەنگی قاڕی بەرز بۆوە. بسم اللە! ئەوە کێیە ئیتر؟ عەلی گەناو پاچ و پێمەڕەکەی بە دیوارەکەوە هەڵپەسارد و خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا. تابووتەکەی پوورە گەناو لە حەوشەی مزگەوتەکە نەمابوو. تابووتەکەیان بردووە بۆ کوێ؟ کێ بردوویە؟ دەنگی قاڕی لەنێو مزگەوتەکەوە دەهات. عەلی گەناو سەری پێدا کرد. دەبوو تاریکیی ژووری بەچاو ببڕێ. تاپۆیەکی ڕەش لەلای سەرووی مزگەوتەکەوە دیار بوو. چووە ژوورێ. جار لەگەڵ جار دەنگەکە بەرزتر دەبۆوە. عەلی گەناو چووە پێشێ. حاجی سالم بوو. حاجی سالم لەپشت سەری دارەتەرمەکە لەسەر چۆک دانیشتبوو قورئانی دەخوێند. کوڕەکەشی لە خوار تابووتەکەوە خۆی کوشمەڵە کردبوو، خەوتبوو و پرخەی دەهات.

«شەیتان بە نەحلەت بی!»

حاجی سالم و کوڕەکەی دارەتەرمەکەیان لەسەر تاتەشۆرەکەوە بردۆتە ژوورێ بۆ ئەوەی دوور لە تەزووی سەرما یەکیان بخوێنێ و یەکیان بخەوێ! مێرگان و مەلا لە حەوشەی مزگەوتەکە ڕاوەستابوون. عەلی گەناو گوڕاندی:

«کار بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، شێت و وێتانە! ئێستا دەبێ پارەی قاڕیش بدەم!»

لەدرگای شەق و شڕی مزگەوتەکە هاتە دەرێ، پاچ و پێمەڕەکەی هەڵگرت و بەرەو گۆڕستان وەڕێکەوت. مێرگان هەنگاو بە هەنگاوی عەلی گەناو دەڕۆیشت و مەلاش بە دوایاندا دەخشی:

ـ ئەی... ئەی... نوێژی مەیت... نوێژی مەیت...

عەلی گەناو ئاوڕی دایەوە و گوتی:

ـ لە سەرمانا لێوت گۆ ناکا، مەلا! برۆ خۆت گەرم کەوە؛ کاتێ مەیتەکەمان برد بۆ قەبران دێم بەدواتا.

مەلا قسەی نەکرد. ئەگەر قسەشی بکردایە عەلی نەیدەبیست. بە توندی هەنگاوی دەنا. تاکوو هەرچی زووتر خۆی بگەیەنێتە گۆڕستان. مێرگان بە دوای عەلی گەناوەوە بوو. عەلی گەناو لە پاڵ قەبرستانەکە ڕاوەستا. لە ژێر گەردالێک بەفردا قەبرەکان خۆیان کووڕ کردبۆوە و بێدەنگتر دیار بوون. عەلی گەناو چاوی گێڕا کە قەبرەکەی باوکی بدۆزێتەوە. ئەوەش باو بوو کە بنەماڵەیەک لە پەنایەکەوە بنێژن. عەلی گەناویش کە یەکێ لە بێ قەید و بەندترین پیاوانی زەمینج بوو، بە پێی ئەو عادەتە باوەی کە نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە و چۆن بە ئەو گەیشتووە، پێیخۆش بوو دایکی لە پەنا باوکیدا بنێژێ. بۆیە لە پێش مێرگانەوە بەنێو قەبرەکاندا دەگەڕا. بەغەیری ئەندازە گرتن ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەمابۆوە. لە گۆڕەوە تاکوو گۆڕ. چووە پەنا گڵکۆی گۆمبەزی بۆکراوی شێخ و چل هەنگاو بەرەو قیبلە ڕۆیی. پێمەڕەکەی لە زەوی چەقاند و گوتی:

ـ ڕاست ئێرەیە!

مێرگان چووە پێشێ، بێڵۆچکەکەی لە عەرزی داو دەستی کرد بە لادانی بەفرەکە. عەلی گەناو عەباکەی لە شانی کردەوە لەسەر دەسکی قوڵێنگەکەی دانا و دەسکی سڕی پێمەڕەکەی توند لە دەستی گرت. عەلی و مێرگان دەستیان کرد بە هەڵکەندن. دەور و پشت، هەموو لایەک سپی و سارد بوو. سارد و بێدەنگ. جگە لەو دووانە، مێرگان و عەلی گەناو، کە بەسەر خاکی شێدارەوە دانەویبوون و عەرزییان هەڵدەقەند و خۆڵیان بە سەر بەفری گوێ گۆڕەکەدا دەکرد، هیچکەس دیار نەبوو.



بەرە بەیان و بەفر. بەفر و زەمینج لە خەودا. گۆڕستان و گومبەزییەکی لاڕووخاو. بیابانێکی بەرین لەو لاوە. قەل و قاژوو، قەل و قاژوو. عەرزەکەیان ئەژنۆیەک هەڵکەندووە. عەلی گەناو پێمەڕەکەی داناوە و دەستی داوتە قوڵێنگەکەی. خاکی شێدار دەردراوە و زەوی گەیشتۆتە ڕەقایی. دەبێ بە قوڵێنگ هەڵیکەنن. عەلی گەناو وەک ئاور کار دەکا. جێگای دوو کەس نابێتەوە مێرگان لە سووچێک ڕاوەستاوە تاکوو کاری عەلی گەناو تەواو بێ، بچێتە نێو گۆڕەکەوە و خۆڵەکە دەردا. عەلی گەناو پشتی هەڵدێنێتەوە و قوڵێنگەکە لە سەر لێواری گۆڕەکە دەچەقێنێ:

ـ پێمەڕەکە بدە بە من!

ـ تۆ تۆزێ پشوو بدە، من خۆڵەکە دەردەدەم.

عەلی گەناو ماندوو بوو. نێوچاوان و بن گوێچکەی عارقەی کردبوو. لە گۆڕەکە هاتە دەرێ. لە پەنا عەباکەی دانیشت و جگەریەکی داگیرساند:

لقە شەمچەکەی فڕیدا لایەک و گوتی:

ـ دەمەوێ خۆم لە دەست ئەو ژنەتیوە ڕزگارکەم!

مێرگان گوێی لە عەلی گەناو بوو و پێمەڕە لەدوای پێمەڕە گڵی دەردەدا.

عەلی گەناو گوتی:

ـ تەمەنی لاویم لەگەڵیدا بە فیڕۆدا. بەسمە ئیتر! ئەو چوار ڕۆژە عومرەم ماوە دەمەوێ بێ سیل و دیق ڕایبوێرم.

مێرگان گڵی دەردەدا و هەروا بێدەنگ بوو. عەلی گەناو پرسیی:

ـ تۆ دەڵێی چی مێرگان؟

مێرگان بەدەم کارەوە گوتی:

ـ خودا لێت هەڵناگرێ. ئەو شەل و کوتە غەیری تۆ هیچ پشت و پەنایەکی نییە. تۆ لە ماڵەکەت دەریکەی پەنا بۆ کوێ ببا؟

عەلی گەناو دەستی برد بۆ دەمی و گوتی:

ـ گەیشتۆتە ئێرەم مێرگان! چەن ساڵە ڕۆژێکی خۆشم نەدیوە. ئاخەر تاوانی من چییە؟ خۆ نابێ ناوەکەم لەگەڵما بچێتە گۆڕەوە! لەوەتا لە بیرمە جگە لە پرتە و بۆڵە

هیچی دیکەم لەو ژنە نەبیستووە. هەر پرتەی دێ. من لەتەواوی تەمەنمدا شەوێکی خۆشم نەدیوە. ئێستا ئەوە تووک و نزاشی پێ زیاد کردووە. دوێشەو نەیهێشت پێلوو لەسەر یەک دانێم!

نالین و کورووزانەوە و تووک و دۆعا. هەر ئەویش بووە هۆی مردنی ئەو پیرێژنە چارەڕەشە. هێندەی نقاند و بۆڵەی هات کە لەو ئاخری عومرەدا دایکم لە ماڵێ دەرکرد و بێچارە تووشی ئەو ڕۆژە بوو. خودایە!

مێرگان دوایین پێمەڕەی دەردا و لە گۆڕەکە هاتە دەرێ. عەلی گەناو قوونچکە جگەرەکەی فڕێدا، دەستی دا قولینگەکەو چووە نێو قەبرەکەوە. ئێستا گۆڕەکە پشتێنەیەک هەڵقەندرابوو. دەبوو قووڵتربێ، هەتا بەرچەنە. مێرگان عەباکەی عەلی گەناوی دا بە شانیدا و دانیشت. عەلی گەناو دانەوی و دەستی کرد بە قولینگ لێدان:

ـ نەزۆکیشە مێرگان! قسرە! خۆم وام لێکرد، دەزانم. جاشک لە زگیدا بوو بە پێلاقە دام بە زگیدا و منداڵدانیم تۆقاند. بریا قەڵەمی لاقم بشکایە! بەشەر نەبووم خۆ! هەرزەکاری! بەڵام ئێستا... ئێستا چی؟ ئێستا چی لە تۆ وەشارم، خەیاڵێکم لەسەردایە، خەیاڵێک مێرگان! تۆ ژنێکی فامیدەی. ساردی و گەرمت زۆر دیوە. تاڵ و سوێریت چێشتووە، دەزانی دەڵێم چی. گیرم خواردووە. دەبێ لە بیری خۆمدا بم. کارم. ژیانم. هەرچی بیری لێدەکەمەوە، من دەبێ ژنێکم هەبێ یارمەتیدەرم بێ لە کار. ژنی من دەبێ بتوانێ ئەو ڕۆژانەی حەمام ژنانەیە لەسەر بینە دانیشێ و بە مشتەرییەکان ڕابگا و تەڕ و وشکیان کاتەوە و دووسێ پەنابات پارە لەم و لەو وەرگرێ. ئەو ژنەتیوە تازە ئەوە گردەنشین بووا! پێموانییە هەتا ساڵێکیش بتوانێ هەستێ و بەڕێدا بڕوا.

مێرگان نەیدەزانی چی بە عەلی گەناو بڵێ. بێدەنگ بوو. بیری ئەوەی بۆچی و لەبەرچی عەلی گەناو ئەو قسانە لەگەڵ ئەو دەکا، لەوانە بوو دڵی شەق بەرێ. ئەو قسانە بۆ لێرە دەکا؟ بۆچی ئێستا! بیری بۆ هەزار لادەچوو. نەیدەزانی بڵێ چی. هیچی بەبیردا نەدەهات، وردە وردە خەریک بوو ترس هەڵیگرێ. هەوا لێڵ بوو. تاریک و ڕوون. تا چاو هەتەری دەکرد، دەورو پشت چۆڵ و هۆڵ بوو. زەمینج بێدەنگ بوو، وێران بوو، هێشتا مابووی ڕۆژ چاوی هەڵێنێ، ترسێکی کتوپڕ



سەرتاپای مێرگانی داگرت. ترس! ترسێکی تێکەڵ بە جۆرێک خووخدەی ژنانە. سروشتی ژنێک لە هەمبەر پیاوێکدا. لەشێک لە هەمبەر لەشێکدا. شتێک بڵێسە دەکێشێ و بە دەست کەسیش نییە. ئەو ترسەش بۆچوونی مێرگان لە قسەکانی عەلی گەناو دروستی کردبوو. بەڵام ئەو بڵێسە مزیرە تیژتێپەڕ بوو. لە ژێر توێیەک مەترسیدا. ترس بەسەر ئەقڵدا زاڵ بوو. ئێستا مێرگان لە ترسانا بووبووە بەرد. نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ. لەژێر عەبای ڕەشی عەلی گەناودا، لە گوێ گۆڕەکە وشک بووبوو. هەستی دەکرد خەریکە دڵی ڕاوەستێ. چاوی لە سەر دەست و مەچەکی ئەستوور و ڕەشی عەلی گەناو بووبووە بەرد. شانی پان و هاسکە هاسکی لە کاتی کار کردندا، مێرگانی تۆقاندبوو. ئاواتی بوو بتوانێ بە بەهانەیەک هەستێ و لەو گۆڕستانە دوور کەوێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی. نە توانایی بوو، نە غیرەتی. هێزی ئەژنۆی نەبوو. دەتگوت جادوو کراوە. بۆقێک لەبەر دەمی مارێکدا...

عەلی گەناو قولینگەکەی فڕێدا دەرێ و گوتی:

ـ دا ئەو پێمەڕەیە بدە بە من!

مێرگان زۆر بە دژواری هەستا پێ، لە لێواری گۆڕەکە ڕاوەستاو پێمەڕەکەی بۆ عەلی گەناو ڕاداشت. عەلی گەناو دەسکی پێمەڕەکە و مەچەکی مێرگانی پێکەوە گرت. بەتەکانێک هەردووکیانی کێشا نێو گۆڕەکەوە. بەر لەوەی مێرگان بتوانێ دەنگی لە گەروو دەرپەڕێ، ژنەی بە دیواری گۆڕەکەدا داو لەگەڵ هاناسە بڕکێ، چاوی لە چاوە دەرپەڕیو و پڕ لە ترسەکانی مێرگان بڕی و بە کوتوپچڕی گوتی:

ـ کچەکەت! کچەکەتم بدەیە؛ بمدەیە! هاجەرم بدەیە!

مێرگان وەختەبوو گیانی دەرچێ. عەلی گەناو لەبەر چاوی بووبووە ئیزرائیل. چاوی لە ژێلڵا هاتبوو و لێوی کەفی کردبوو. مێرگان وەک شەقشەقە دەلەرزی. وەک کۆترە باریکە باڵەپرژەی دەکرد. دەم و گەرووی وشک بووبوو. هەستی دەکرد یەسکی جەستەی لەنێو پەنجەی عەلی گەناودا خەریکن لەبەریەک دەچن. پەنجەی عەلی گەناو کە لەسەر مەچەکی مێرگان شل بوو، مێرگان بێ ورە و هێز لێبڕاو کەوتە عەرزێ و پشتە سەری نابە دیواری گۆڕەکەوە و چاوی قووچاند:

- ماڵ کاول!

عەلی گەناو کە جارێکیتر هاتبووە سەر خۆ و خەریکی دەردانی گڵ بوو گوتی:

- کچەکەتم بدەیە. دەمەوێ کوڕێکی بۆم ببێ. دەمەوێ ناوەکەم زیندوو ڕاگرێ.

- کچەکەم... وەختی شووی نییە، هێشتا منداڵە. تاقەتی مێردی نییە.

- منداڵ نییە! کڵاوەکەت بدەی بە کچدا و نەکەوێ، وەختی شوویەتی. تاقەتیش پەیدا دەکا.

- هاجەر هێشتا منداڵە. یەسکی نەرمە. هێشتا مەمکی نەکردووە.

- یەسکیشی ڕەق دەبێ، مەمکیش دەکا. تۆ چکارت بە وانە داوە؟ ئەگەر ژنی من بێ ئاواش ڕازیم.

- ئاخەر... ئاخەر...

عەلی گەناو پێمەڕە خۆڵەکەی بە توندی فڕێدا دەرێ و گوتی:

- ئاخر و ئەوەڵی ناوێ. هەر لێرە بەڵێنم پێبدە. ئێوە سایە سەرێکتان دەوێ. کوڕەکانت دەنێمە بەرکار. خۆت و کچەکەشت لەسەر بینەی گەرماوەکە دادەنێم. هەتا کچەکەت لە کڵ دەردێ و شارەزایی پەیدا دەکا، خۆت بەرێوەی بێنە. وەک کوڕی خۆم ئاگام لە ئەبراو دەبێ. لەسەر توونەکە دادەنیشێ و جار جار دەچێ کۆڵێک ئێزنگ دێنێ. عەباسیش بە جۆرێک وەکار دەخەم. هیچ کارێک نەبێ لەگەڵ وشترەکانی ماڵی مامی دەخەم. هیچ نەبێ نانی خۆی وەدەست دەکەوێ! ژیانت ڕەنگ و بۆن دەگرێ. پێشت وایە ئەو هەرزەکارە دەمڕووتانەی تازە فێری غەریبایەتی بوون و ساڵی شەش - حەوت مانگ بە شوێن نانێکدا وەک سەگ هەڵدێن و چەن مانگیش لەبەر کەندوو دادەنیشن و دەخۆن و دەخەون، لەمن چاکترن؟ بۆ وێنە مراد، کوڕی سەنەم! پێت وایە کەسێکی وەک کوڕی سەنەم دەتوانێ نانی ژن و منداڵ وەدەست بێنێ؟! ژن، دەبێ سێبەری پیاوی لەسەر بێ، نەک جووجکە کەڵەشیری پۆپەلار! بیری خۆتی لێبکەوە و ڕازیی کە، مانگی نەورۆز، دوای چلەی دایکم، دەچین بۆ شار، جل هەڵدەگرین و شتومەک دەکڕین. خۆت دەبێ ببیە دایکمان.

- ئەی ڕۆقیا چ لێدەکەی؟



- ئەو تازە نابێتەوە ژن، تا ماوەیەک جێگایەکی لە کولێنەکە بۆ سازدەکەم. پاشانیش لە ئاغەڵەکەدا کونێکی بۆ دروست دەکەم. لە دەرفەتێکیشدا لە پاڵ تەندوورەکە وەتاغێک بە دروست کردن دەدەم و دیوارەکانیشی سپیکاری دەکەم. من و هاجەر دەچینە وەتاغی سپیکاری و ڕوقیاش با لەو چاڵەدا بمێنێتەوە.

کارتەواو بوو. عەلی گەناو دیواری گۆڕەکەی بە دەمی پێمەڕەکە کڕاند، دوایین پێمەڕە خۆڵی دەردا و لە گۆڕەکە هاتە دەرێ، دەستی بۆ مێرگان درێژ کردەوە. مێرگان دەستی لە لۆی چارشێوەکەی پێچاو دەستی عەلی گەناوی گرت. عەلی گەناو زۆر خۆمانە خەسووی لە گۆڕەکە دەرکێشا و خۆڵ و خاکی لە جلەکانی تەکاند. عەباکەی بە شانیدا دا، پێمەڕە و قوڵینگەکەی هەڵگرت و ئامادەی ڕۆیشتن بوو.

- پێمەڕەکە لێرە دانانێی؟ پاشان دەبێ قەبرەکەی پێ پڕکەینەوە...

عەلی گەناو گوتی:

- لە گەڵ خۆم دەیهێنمەوە. نەکا، سەگبابێک بێ لەسەر نەڕڕەی شانی دانێ و بیبا.

وەڕێکەوتن.

- تۆ دەزانی غوسڵی مەیت بدەی؟

مێرگان وەڵامی دایەوە:

چۆن نازانم؟ بەڵام دەبێ پاشان غوسڵی مەیت بکەم.

عەلی گەناو گوتی:

- خەمت نەبێ! ئێواری کلیلەکەت دەدەمێ بچۆ بۆ حەمام. ئەگەر بە من دەکەی هاجەریش بەرە لەگەڵ خۆت. سەر و پەلکی بۆ بشۆ.

مێرگان هیچی نەگوت. نە گوتی «نا» نە گوتی «باش» بێدەنگ سەری داخستبوو و پێ بە پێی عەلی گەناو هەنگاوی دەنا. عەلی گەناو درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئەو پەڵەزەوییە خیزەڵانەکەش کە سلووچ دایدەچاند، دەیکەین بە شووتی. بەو بەفرەی ئەمساڵ کەوتووە، هەر بڕکەیەکی پازدە مەن شووتی دەگرێ. تۆوەکەشی

من پەیدای دەکەم. زەویی خێزەڵانیش جووتی ناوێ. کارەکەشی خۆت و کوڕەکانت بەڕێوەی بەرن. دەکرێ دوو ـ سێ هەزار بڕکەی چاکی لی ڕەعەمەل بێنی. شتێکی تریش لە خزمایەتیدا بڵێم. ئەمساڵ بێتوو ئەمدەستە و ئەو دەست بکەن ئەو پەڵە زەوییەشتان لە دەست دەچێ. میرزا حەسەنی زاوای ئاغا مەلەک و سالار عەبدوڵڵا و یەک دوویەکی‌تر دەیانەوێ هەموو زەوییەکانی داوێنی خێزەڵان و دەشتی کەڵغورتاپۆ بکەن. بیستوومە کار و بارەکەشیان لە شار ڕاست و ڕیس کردەوە. بێتوو لە سەر زەوییەکە نەبن، تازە خاوەنی نابن.

مێرگان سەری هەڵێنا و گوتی:

ـ خوازەوی تاپۆ دەکەن؟!

عەلی گەناو بە بزەیەکەوە گوتی:

ـ ئەگەر زەویی مرۆڤ بوایە سەنەدی دەبوو! ئەوانەش کەری تۆپیویان وەگیر کەوتووە و دەیانەوێ ناڵی کەن!

ـ ئەی ئەو چەن ساڵەی ئێمە لەسەر خوازەوی ئارەقمان ڕشتووە چی؟

ـ ڕەنگە پاداشەکەشی خودا بۆ خۆی وەریدەگرێ! فەقیرەکە! با بزانین کێ چاتر دەستی دەڕوا. ئەو زەوییە خێزەڵانە، ڕەشاییەکان جێ جێ چوار پێمەڕەیان لێداوە، ساڵێک دایانچاندووە و پاشان بە جێیان هێشتووە و ڕۆیشتوون. کەم کەسی وابووە لەسەری بمێنێتەوە و هەموو ساڵێ دایچێنێ. سەری ساڵ دوومشتیان تۆو پێوە دەکرد و بەجێیان دەهێشت و دەڕۆیشتن بۆ غەریبایەتی. ئەگەر ژن و دایکیان توانیبێتی سەرەتەقەیەکیان لێکردووە و چەن مەنێکیان بەرهەم لێ پەیدا کردووە؛ ئەگەر کەسیش نەبووبێ وشک بووە و با بردوویەتی. بۆیە ئەو زەوییانە حیساب و کتابێکی ڕوونی نییە. جووت و گاو ئارەق ڕشتن حورمەت دەدا بە زەوی. زەویی بەرەڵڵا و بێ خاوەن خۆ حورمەتی نییە. چونکە سوودی نییە. کاری تێدا ناکرێ. دەمێنێتەوە کێ دەسەڵاتی زیاترە، یان کێ زمانی چەورترە و گیرفانی پڕترە. قسە لەوەیە لە سەری دەشتی کەڵغوڕ، هەتا بەر ڕۆژی خێزەڵانەکە، دەیانەوێ یەک فەرسەخ لە سێ فەرسەخ نەمامی پستەی لێدەن. خەونی چاکیان بۆ دیوە. قسە لە پەمپی ئاو و تەخت کردنی زەوییەکان دەکەن. دایرەی کشت وکاڵیش بۆ ئەو کارانە



وامی زۆر گەورە دەدا. بۆیە دەڵێم هەرچۆنێکە دەبێ ئێوە لەسەر ئەو زەوییە بن تەنانەت ئەگەر دەتوانن دەوری زەوییەکەتان پەرژین بکەن. تا ئەو جێیەی خەبەرم هەیە، سالار عەبدوڵڵا و زەبیحی ئامۆزای و چەن کەسی دیکە دەست بەکار بوون. کوێخا نەورۆزیش دەستی تێیدایە. دەمێنێتەوە چوار ماڵە ڕەشایی کە یەکیان ئێوەن. باوەڕم بەوانەی دیکە نییە. یەکیان ئەو هەتیوەی سەنەم دووهەمییان قودرەت، کوڕی ئەو کابرا دزە. چوار دانە کوێر و کەچەڵی دیکەش وەک ئەوانە.

مێرگان گوتی:

ـ ڕۆژی هەوەڵی نەورۆز پێمەڕەکەم هەڵدەگرم و دەچمە سەر زەوییەکە. تاپۆی دەکەن، سەنەدی بۆ وەردەگرن. باش! ئەو هەموو دڕک و داڵەی ئێمە لە ڕەگ و ڕیشەمان دەرهێنا و وەک بەری دەستمان تەکووزمان کرد، چی؟ من میوەی هاوینی منداڵەکانم لەو پەڵە زەوییە دەبێ پەیدا کەم.

عەلی گەناو گوتی:

ـ منیش ئەوە دەڵێم. یەکەم کەسێ کە وەفکری ئەو زەوییە بێ خاوەنانە کەوت سلووچ بوو. لە بیرمە حەوت ساڵ لەمەوبەر، دوای ئەو چەن کەسی‌تر کەوتنە خۆ. بۆ وێنە خۆم تازە دوو ساڵە دایدەچێنم.

کە گەیشتنە مزگەوت، مەلای زەمینج لەسەر دیوارە لاڕووخاوەکەی مزگەوت دانیشتبوو. عەلی گەناو بە مەلای گوت قەبرەکە ئامادەیە. مەلا هەستا چوونە مزگەوت. دەنگی حاجی سالم نەدەهات. لەپشت سەری تەرمەکە وەنەوزی دەدا. وەنەوزی خوماری. موسلیم بەخەبەر بوو؛ بەردەمۆرەی نێو مزگەوتەکەی کۆ کردبۆوە لەبەردەمی خۆی ڕیزی کردبوون و کایەی پێدەکردن. سەری حاجی سالم بەسەر تابووتەکەدا شۆڕ بووبۆوە. کوڕەکەی سەنەمیش لەوێ بوو. وەک سێبەر لە پەنا کۆڵەکەیەک ڕاوەستابوو. بێدەنگ بوو. مەلا چووە پێشێ و ئیزنی وەرگرت کە تابووتەکە هەڵگرن. کوڕی سەنەم لە تابووتەکە هاتە پێشێ. حاجی سالم جووڵاوە. خۆی کۆ کردەوە؛ هەستا پێ قورئانە دڕاوەکەی لەسەر تاقەی مزگەوتەکە دانا و لە ژێر لێوەوە شتێکی گوت. ڕەنگە:

«لا حول و لا قوه الا بالله»

مەلای زەمینج چاوێکی لە عەلی گەناو کرد. عەلی گەناو چو بۆ لای دارەتەرمەکە. حاجی سالم گۆچانەکەی لەسەر ملی موسلیم داناو تێی گەیاند کە هەستێ یارمەتییان بدا. موسلیم پێچکەی تابووتەکەی گرت، تابووتەکەیان بردە حەوشەی مزگەوت. دوای تاوێک تابووتەکە لەسەر شانی مێرگان و عەلی گەناو و موسلیم و کوڕی سەنەم بەرەو گۆڕستان کەوتە ڕێ. مەلای زەمینج و حاجی سالمیش لە دوای دار تەرمەکەوە بە سڵاوات لێدان دەڕۆیشتن. چاوانەی کارێزەکە لە سەرووی گۆڕستانەوە هەڵکەوتبوو. تابووتەکە سارد و بێدەنگ، بە کۆڵانی چۆڵ و هۆڵدا دەڕۆیشت و بەرەو قەبرانیان دەبرد. سەرما کاری لە یەسقان دەکرد. تاو نەکەوتبوو. بەفر لەژێر هەنگاوەکانیاندا خرمەی دەهات. دەرەوەی زەمینج، سەرما بەتەزووتر بوو. زریانێکی سارد دەست و دەموچاوی دەرزی ئاژەن دەکرد. شاقەلی کەواکەی باوکی قودرەت، کە لە قەبران پاڵی بە پێمەرەکەیەوە دابوو، با دەیشەکاندەوە. قودرەتیش لەوێ بوو. لە پەنا دیواری گومبەزییەکەی شێخدا خۆی کوشمەڵە کردبوو هەڵترووشکابوو. کە چاوی بە تابووتەکە کەوت شان بە شانی باوکی وەڕێکەوت. باوکی قودرەت لە لقەدارێکی شکاو دەچوو. کە لە تابووتەکە نزیک بۆوە گوتی:

- هاتبووم بۆ یاریدەی عەلی خان!

- خودات لێ ڕازی بێ، دەبوو زەحمەت نەکێشی!

قودرەت چووە ژێر تابووتەکە و چووە جێی مێرگان. باوکی قودرەت قامکی بە قەبرغەی تابووتەکەدا هێناو گوتی:

- لا اله الا الله.

ئاوی کارێزەکە لەو سەرمایەی بەیانیدا هالاوێکی خۆشی لێهەڵدەستا. ئاوەکە گەرم نەبوو، لە هەواکە گەرمتر بوو. تابووتەکەیان لە قەراغ کانییەکە دانا. پیاوەکان دوورکەوتنەوە. مێرگان قول و قۆڵی هەڵکرد. عەلی گەناو شەلەگەی ئاوەکەی بە سێچوار پێمەڕە خیز و خۆڵ گرتەوە بۆ ئەوەی ئاوی مردوو نەچێ بۆ مەزراکان. پیاوەکان پشتیان هەڵکرد و لەولاترەوە لە گوێ جۆگەلەی ئاوەکە هەڵترووشکان.



مێرگان و عەلی گەناو تەرمەکەیان لە تابووتەکە دەرهێناو لەسەر تەختە بەردەکانیان دانا. مێرگان بە عەلی گەناوی گوت ئەو گۆزە شکاوەی نێو جۆگەئاوەکەی بۆ بێنێ. مێرگان دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی پوورە گەناو و بە عەلی گەناوی گوت ئیتر کاری پێی نییە. عەلی گەناو چوو بۆ لای پیاوەکان و پشتی کردە مێرگان و مەیتەکەو لە پەنا مەلای زەمینج دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند:

- مەرگ هەقە کوڕم!

مەلای زەمینج. بۆ ئەوەی لە حاجی سالم نەمێنێتەوەگوتی:

- میراتیش حەڵاڵە!

عەلی گەناو زەردەیەکی گرت:

- چۆنی خەرج کەم؟! ها! سیگار بکێشن. یەکی دەنکێ هەڵگرن. تۆش هەڵگرە باوکی قودرەت. چی؟ تۆش دەتەوێ موسلیم؟ ها! تۆش هەڵگرە.

مەلای زەمینج بە موسلیمی گوت:

- چاو لەو لایە مەکە باوە گیان!

حاجی سالم بە موسلیمی گوت:

- ولاخ! سەرت داخە!

پاشان ڕووی لە مەلای زەمینج کرد و گوتی:

- ببوورە مەلا؟!

مێرگان پێویستی بەوە نەبوو پێشتر کارێک فێر بووبێ. تا بتوانێ بەڕێوەی بەرێ. هەرئەوەندەی بەس بوو جارێک بیبینێ. هەر بۆیە کارێک نەبوو کە مێرگان نەتوانێ بیکا. قەت چاوی لە کار نەترسابوو. لە کار باکی نەبوو. لەبەریشی هەڵنەدەهات. ئازایەتی مێرگان و ئەوەی کە نەیدەویست لەبەر هیچ کارێک هەڵێ، ئەو ورەیەی پێدا بوو کە لە هیچ کارێک نەکشێتەوە. مردوو شۆری؟ چاکە! ئەوە زۆر دژوار نییە! ناوکی منداڵیش دەتوانی ببڕێ. ناوکی ئەم ئەبراوەی خۆی بە ددان قرتاندووە. منداڵ بوونی ناوەخت. کەڕەی بەیانی. هەتا یاریدەی بۆ هات. خۆی ناوکی بڕیبوو و مەلۆتکەشی کردبوو. هیچ کارێکی لە دەست دەرنەچووبوو. پوورە

گەناوی کفن کرد و سەر و لاقی بەست. ئێستا دەبوو بیخەنە نێو تابووتەکەوە. عەلی گەناو هات. تەرمەکەیان خستە تابووتەکەوە.

مەلای زەمینج هەستا. حاجی سالم و موسلیمی نارد بۆ یارمەتی. تابووت کەوتە سەرشانیان. گۆڕستان. لە گۆڕنانی پوورە گەناویش لەسەر مێرگان بوو. بەڵام بەر لەوە دەبوو نوێژی مەیت بەڕێوە بچێ. پیاوەکان، لە سەر داوای حاجی سالم، لە پشت سەری مەلاوە بۆ نوێژ ڕاوەستان. عەلی گەناو نوێژی نەدەزانی. کوڕەکەی سەنەمیش نەیدەزانی. زۆریان تەنیا لێویان دەجووڵاند. عەلی گەناو لێوی دەجووڵاند. زۆر لەوە شەکەت و داهێزراوتر بوو کە لەو بارەوە درێغی بکا، بەر لەوەی نوێژەکە تەواو بێ، عەلی گەناو خۆی کێشا دواوە. کە نوێژەکە تەواو بوو، ڕۆیی بۆ لای دارەمەیتەکە. مێرگانیش هاتە پێشێ. پوورە گەناو زۆر سووک بوو. پەلە پووشکەیەک. بە دوو تەکان لە تابووتەکەیان دەرهێناو خستیانە گۆڕیچەکەوە. مێرگان لە گۆڕەکە هاتە دەرێ. ئەوەش بەردی ئەلحەد، پاشان تەڵقین. عەلی گەناو دەستیدا پێمەڕە. باوکی قودرەتیش دەست بەکار بوو. مێرگان و کوڕی سەنەم و موسلیم و قودرەتیش بە دەست گڵیان تێدەرشت. گۆڕەکە دەبوو پڕ بێتەوە و داپۆشرێ. مەلا و حاجی سالم کشانە دواوە. موسلیم هەروا کاس و وڕ لە گوێ قەبرەکە چەقیبوو، بە چاوی زەقەوە دەیڕوانییە مرۆڤێک کە گڵیان بەسەردا کرد. پڕکردنەوەی گۆڕ، بەر لەوەی نێو چاوانیان ئارەقە دەدردا، تەواو بوو. ئاویان لێ دوور بوو. مێرگان پێمەڕەکەی لە دەست عەلی گەناو وەرگرت. چەن پێمەڕە بەفری هێنا بەسەر گڵکۆکەیدا کرد و بە پشتی پێمەڕەکە تەپاندییەوە. کار، تەواو. عەلی گەناو هەناسەیەکی هەڵکێشا. بارێکی قورسی لەکۆڵ بۆوە. تاوێک حەسایەوە. سیپەلکی پڕ کرد لە هەوای خاوێنی بەیانی. عەبای دابەشانیدا، پێمەڕەکەی نا سەرشانی و پێبەپێی ئەوانی دیکە وەڕێکەوت.

ـ عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشتبێ، کاک عەلی.

عەلی گەناو نەیدەزانی لە وەڵامی مەلادا بڵێ چی، گوتی:

ـ خودا عومری ئێوەش درێژ کا!

حاجی سالم گوتی:



ـ خودا سەبر بدا بە هەموو کەس!

عەلی گەناو سەری لەقاند و لە بنەوە چاوێکی لە مێرگان کرد. مێرگان سەری داخستبوو و بە دوای پیاوەکاندا دەڕۆیشت. عەلی گەناو خۆیدا دواوە و بە سرتە بە مێرگانی گوت:

ـ ئەوانە وادیارە چاوەڕوانی شتێکن؟

مێرگان گوتی:

ـ مەلا و حاجی سالم دەبێ شتێکیان بدەیەی. باوکی قودرەتیش ڕەنگە...

ـ یەکی چەندەیان دەمێ؟

ـ ئەوەی خۆت دەزانی!

عەلی گەناو دەستی برد بۆ گیرفانی هێلەگەکە و خۆی گەیاندە لای شانی مەلا. مێرگان دیتی کە گەڵایەکی خستە مشتی مەلاوە و ڕۆیی بۆ لای حاجی سالم. حاجی سالم کە پارەکەی وەرگرت، بۆ حەمام کردنی خۆی و کوڕەکەی دەستی کرد بە چەنە لێدان.

ـ خودا بیبەخشێ ئەو ڕەحمەتییە. ژنێکی پاک و لە خودا ترس بوو. قەبری پڕبێ لە نوور. لە خێر و خێراتدا هاوتای نەبوو. زۆر جار دیتوومە نانی شەوێی خۆی لەگەڵ خەڵکی بەش کردووە. ڕوحی شاد بێ ئیشەڵڵا.

ـ ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا.

ـ هیچ کار و کردەوەیەکی چاک لەبەر چاوی خودا ون نابێ. کاک عەلی. خاوێن کردنەوەی سەر و ملی ئەو ئاژەڵە، موسلیمی من، خۆی خێرێکی گەورەیە، برا گیان. دۆعای مرۆڤی بێ گوناح قەبووڵ دەبێ. ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەی منیش بێ گوناحە، کاک عەلی گیان.

عەلی گەناو گوتی:

باشە حاجی گیان. سبەینێ بەیانی. بەیانی زوو هەردووکتان وەرن بۆ حەمام.

گەیشتنەوە زەمینج. مەلا بە عەلی گەناوی گوت:

ئەگەر کۆڕی پرسەت دانا...

عەلی گەناو گوێی نەدایە. حاجی سالم لەسەر تەپۆڵکی پەنا کۆڵانەکە ڕاوەستا و وەک خودا حافیزی، گۆچانەکەی بۆ لای عەلی گەناو ڕاداشت و گوتی:

ـ تا سبەینێ، عەلی گیان! بە شادی بژی و تەمەنت درێژ و بەختت یار بێ!

گۆچانەکەی بە حەواوە هەڵسووڕاند و ڕۆیشت. موسلیمیش وەدوای کەوت. مەلاش بەلایەکدا ڕۆیشت. کوڕی سەنەم خودا حافیزیی کرد و باوکی قودرەت چاوێکی لە عەلی گەناو کرد. عەلی گەناو گوتی:

ـ بۆ بەرچایی وەرن بۆ ماڵی ئێمە. قودرەتیش بێنە.

ـ خودات لەگەڵ.

ڕۆیشتن. عەلی گەناو شان بە شانی مێرگان کەوتە ڕێ:

ـ دەنگی لە جێیەکی گەرمەوە دەهاتە دەرێ! کۆڕی پرسە! نانی شەوم بدەم بەم و بەو بیخۆن، بۆچی؟ کە فاتیحایەک بنێرن؟ نامەوێ. چ گوناحێکی بوو پیرێژنی چارەڕەش، کە فاتیحای بوێ؟!

مێرگان قسەی نەدەکرد. نەیدەویست خۆی لە کاری عەلی گەناو هەڵقوتێنێ. ئەگەرچی عەلی گەناو زۆر خۆمانە دەدوا؛ بەڵام مێرگان هێشتا ئەوی بە مەحرەمی خۆی نەدەزانی.

ـ دەبێ ئەو ژنەش بەرم بۆ شار، لە نەخۆشخانە بیخەوێنم. لە دەست ئەو هەموو نقە وناڵەی وەزاڵە هاتووم. هەرچۆنێک بێ کەسێک دێنم و دەستخەتێک وەردەگرم. بەڵام ئەو کەرە دوابراوەش لەم وەختەدا دۆڵاغ بووە!

گەیشتە کۆڵان. مێرگان بەرەو ماڵی خۆیان بایداوە. عەلی گەناو پێشی پێگرت و بەزۆر بردی بۆ ماڵی خۆیان:

ـ هیچ نەبێ پارووێەک نان وەگیر دەکەوێ! تازە ماڵی ئێمە و ئێوەمان نییە.

ـ وەرە با بچین لە ڕوقیاش بپرسە.

ڕوقیا لە جێدا کەوتبوو. پێڵووی لەسەر یەک دانابوو ورێنەی دەکرد. لەوە دەچوو بەرەبەری بەیانی خەوی لێکەوتبێ. مێرگان لای درگاکەوە دانیشت و عەلی گەناو چەن پەنچک نانی هێناو لەسەر لۆی چارشێوەکەی مێرگانی دانا:



ـ دوو پارو بخۆ. یا پێتخۆشە بچۆ لەگەڵ منداڵەکانت بیخۆ. من ئەمڕۆ هەرچۆنێک بێ ڕوقیا دەبەم بۆ شار، نەخۆشخانە.

ـ ڕوقیا چاوی هەڵێناو لێوە وشک و بار گرتووەکەی بزواند:

ـ نا... نا... ناچم... لەوێ... دەمرم... !

عەلی گەناو گوڕاندی:

ـ ماڵ کاول! جێگای نەخۆش، نەخۆشخانەیە. بۆ دەمری!

ـ نا! نا! لێرە لە ماڵەکەی خۆمدا بمرم.

عەلی گەناو گوێی بە قسەی ژنەکەی نەدا، گیرفانی هێلەگ و عەباکەی پڕ کرد لە وردکەنان، دوو سێ وردکەنانی ڕەقی ورد کرد و نایە دەمی. لە وەتاغەکە چووە دەرێ و ڕاست ڕۆیی بۆ لای کەرەکەی. گوێدرێژەکە، هێشتا کەم و زۆر دەلەرزی. لمبۆزی خووسابوو. عەلی گەناو دەستێکی بە پشتی ڕەق و پەیناویی کەرەکەدا هێنا، پەیني وشکەوە بووی قەبرەغە و بن سکی کەرەکەی بە نینۆخ کڕاند و کورتانی لێکرد و کەژووەکەی توند کرد. وە بیری هاتەوە دەبوو دارەتەرمەکە بێنێتەوە و لە قوژبنی حەوشەی مزگەوتەکە، لە جێگای خۆی هەڵیپەساردبوو. بەڵام ئێستا ئیتر کار لە کار ترازابوو. دەبوو لەبیری شتێکی دیکەدا بێ. درگای تەویلەکەی بەرچاو هات. درگاکەی لە گرێژنە برد و بە دیواری حەوشەکەوە هەڵیپەسارد. پارووەکەی قووت دا، لەتێکی دیکەی نان خستە دەمی و ڕۆیی بۆ وەتاغ. بەڕە کۆنەکەی دایکی هێنا دەرێ، بەسەر درگاکەیدا داو چووە ژوور سەری ژنەکەی:

ـ خۆت داپێچە و هێندێ پەڕ و پاڵ لە خۆت هاڵێنە!

ڕوقیا هیچی نەگوت. عەلی گەناو بە یارمەتی مێرگان ڕوقیایان داپێچا، لێفەیەکیان تێپێچاو بە مێرگانی گوت کە پچێتە ژێر پیلی. ڕوقیا کز و لاواز، پووشکەیەک. بردیانە دەرێ و لەسەر درگاکە ڕایانکێشا. عەلی گەناو زۆر گوێی بە ناڵە و نووکەی ژنەکەی نەدا. گوریسێکی لە ژوورێ هێنا. کەرەکەی بردە دەرێ و لە کۆڵان ڕایگرت. تێرێکی خستە سەر پشتی و هاتە ژوور سەری ڕوقیا. درگا و ڕوقیای پێکەوە بە گوریس شەتەک دا و پاشان لەگەڵ مێرگان، هێنایانە دەرێ و لە کەرەکەیان بار کرد. ئێستا دەبوو درگاکە و ڕوقیا بە کەرەکەوە ببەستێ. بەستی. مێرگان عەباکەی

عەلی گەناوی هێنا؛ عەباکەی بە دەست مێرگانەوەیە. عەلی گەناو هەڵاتە ژووریّ و دوای تاوێک هاتەوە دەریّ، کلیلی درگای ماڵێی بە مێرگان سپارد، کیفی پارەکەی لە گیرفانی باخەڵیدا قایم کرد، عەباکەی لەسەر دەستی مێرگان هەڵگرت و پێیگوت:

ـ بە ئەبراو بڵێ ئاگای لە توونەکە بێ. خۆشت چاوی لێ خافڵ مەکە. ئەگەر شەویّ نەمتوانی بگەڕێمەوە خۆت کوورەی توونەکە هەڵکەو بە ئەبراو بڵێ لە سەری دانیشیّ، ئێوارەش خۆت و هاجەر بچن بۆ حەمام. بە ئەبراو بڵێ ئەگەر سبەینێ حاجی سالم و کوڕەکەی هاتن بۆ حەمام پارەیان لێنەستێنێ. ئەگەر شەویّ نەگەڕامەوە لەگەڵ هاجەر وەرن لێرە بخەون. نانەکەت هەڵگرت؟

ـ هەڵمگرت!

ـ باشە، خودا حافیز. دەیبەم هەرچۆنێک بێ لە نەخۆشخانە دەیخەوێنم!

عەلی گەناو لەگەڵ کەرەکە وەڕێکەوت و مێرگانیش بەرەو ماڵی خۆیان سەری پێوەنا.

لەسەر قووڵکەی ماڵەکەیان عەباس دانیشتبوو لە قاپێکی گڵێندا قڕانییەکانی دەشۆرد. کاسەکە پڕ بوو لە ئاو و تاقڕانییەکان کەوتبوونە ژێر ئاو و عەباس دانە دانە قامکی لێدەخستن. مێرگان بە پەنا کوڕەکەیدا تێپەڕی و چووە ژووریّ. هاجەر لە پەنا وەجاخەکەدا وەنەوزی دەدا. ئاوری وەجاخەکە دامرکابوو. مێرگان لە گویّ وەجاخەکە دانیشت و پەنچکە نانەکانی دانا. عەباس بە کۆمە کۆم و ژانە زگەوە هاتە ژووریّ و مشتی پڕ لە قەرە پووڵ بوو دەیبژارد. لەوە دەچوو جاری چەندەمی بێ پارەکانی دەبژێریّ. گەیشتە گویّ وەجاخەکە، چۆکی نووشتایەوە و دانیشت. پەنچکێ نانی هەڵگرت، کرمە کرم لە دەمیا وردی کرد و گوتی:

ـ پێموا هێشتا دوو دانە پێنج قرانی لە ڕیخۆڵەمدا ماوە!

# بەشی سێیەم

## بەندی یەکەم:

عەباس توربێنەکەی باوکی هەڵگرتبوو؛ هاجەر چارشێوەکەی دایکی و ئەبراویش توورەکەیەکی بە کوتە پەڕۆ دروست کراوی پێبوو.

عەباس و ئەبراو پێ بە پێی یەک دەڕۆیشتن و هاجەر بە دوایاندا. دڕۆیشتن بەرەو مەزرا. خاکەلێوە بوو. هەوا ئیتر سارد نەبوو.

تینی هەتاو گەرم و بلاوێن. زەوی ئیتر بەری پێی نەدەتەزاند. دەموچاوەکان ئیتر لە سەرمانا سوور هەڵگەڕاو نەبوون. یان -لانیکەم- وەک جاران سوور هەڵنەگەڕابوون. ئاسمان ئیتر ساماڵ بوو. ئاسمان ئیتر وەک جاران تەنگ و نەوی و تەماوی نەبوو. ڕۆژگار کراوە بوون. دەشت و بیابان پان و بەرین دیار بوون، ئەوەش دڵی منداڵەکانی سلووچی شاد کردبوو، دڵیان ڕوون بوو. ڕووناکی و گەشاوەیی بەهار لە دڵیاندا ڕەنگی دابۆوە. لاقیان، بێ ترس دادەنا، کەم ترستر هەنگاویان دەنا. هەوایان لەسەردا بوو. بەهار و لاوێتی! بای مەستی بەهار، لە کەللەی هەرزەکارانەیاندا. شەیدایانە چاویان بە هەموو لایەکدا دەگێڕا. چاو کراوە. گەش و ڕووناک. یاریی جوانی بەهارانە لە ئاسکی چاواندا. کایەی شۆخی ئاسکان لە بەهاری دەشتەکەدا.

منداڵەکانی سلووچ -لانیکەم بۆ تاوێک - بە تووڕەیی و تەشەر و تانەوە لەگەڵ یەکتر نەدەدوان. ئەگەر لەگەڵ یەکتر دڵۆڤان نەبوون. ئەگەر نەیاندەتوانی دڵۆڤان بن،



دوژمنیش نەبوون. جاڕزانە بۆ کار نەدەچوون. نەک تەنیا ناچاری، شادی و خۆشییەک هەنگاوەکانیانی بۆ پێشەوە دەبرد. دڵیان بە شتێکی تازە خۆش بوو: دەرچوون لە تەنگانە. ئەوە گەشاوەترین دیاردە بوو کە دەکرا لە کردەوەیاندا بەدیی بکەی. دیواری ڕووخاوی زستان لەبەر پێیاندا دەبووە تەپوتۆز.

- دەچین بۆ کوێ؟

- بۆ گژ و گیا.

عەباس وەڵامی هاجەری دایەوە.

ئەبراو لە خوشکی پرسی:

- دەزانی قازیاخە لێنێی؟

- ئەی بۆ نازانم؟

ئەبراو بێ ئەوەی گوێ بداتە وەڵامی هاجەر وەدوای سەرمازەڵەیەکی وردیلە و پنۆک پنۆک کەوت. بە هەڵاتنی پێچەڵاوپێچ. نەیدەویست پێی لێنێ. نەیدەویست بە بژارچنەکەشی بکێشێ بە سەریدا. پێیخۆش بوو ئەو گیانلەبەرە بە زیندوویی بگرێ. لە دەور و پشتی گوندی زەمینج کاتێ منداڵان بێ تاقەت دەبوون، دەستیان دەکرد بە سەرمازەڵە گرتن. جاری وابوو هەموویان وەدوای سەرمازەڵەیەک دەکەوتن، دەیانگرت و ناسیان دەدایە: پشتە سەری سەرمازەڵەکەیان دەگرت. دەیانگوشی، دەمی دەکردەوە. بەقەد دەنکە نۆکێک ناسیان دەکردە سەر زمانی و بەرەڵلایان دەکرد. سەرمازەڵەکە چەن جار بازی دەدا و هەڵدەبەزی و پاشان خاو دەبۆوە. گێژ دەبوو و بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا. بێهۆش دەبوو، لەئاکامدا تلێکی دەداو دەکەوتە سەر پشت. زگی بای دەکرد. لەو کاتەدا دڵڕەقترین منداڵ، بەردێکی تیژی هەڵدەگرت و دەیدا بە زگیدا. سکی سەرمازەڵەکە دەدڕاو ورگ و ڕیخۆڵەی دەهاتە دەرێ. ئەو جۆرە گاڵتە و گەمەیان بە چەن تف کردنەوە کۆتایی پێدەهات.

ئەبراو دەستی لە کۆڵ سەرمازەڵەکە کردەوە.

- لێیگەڕێ ئەویش بڕوا بە دوای بژێوی خۆیدا، چکارت پێیەتی؟ خۆ ڕێگای لە تۆ نەگرتووە!

ڕاوێژی دەمی عەباس نەرم و برایانە بوو:

- بەرد بهاوێن؟

عەباس دانەوییەوە و خڕکە بەردێکی لە عەرزە کزرەکە هەڵگرت.

ئەبراویش دانەوییەوە و دەستیدا بەردێک:

- نیشانە کوێ بێ؟

- هۆوێ! لێواری جۆگەکە. ئالێرەشەوە دەیهاوێن.

- لەسەر چی؟

- عەباس بێ ماتڵی گوتی:

- لەسەر... دوو سیر خورما!

- هەر کەس نەیدا!

هەر کەس نەیدا!

- لە پێشا... لە پێشا تۆ.

ئەبراو بە هاجەری گوت بچێ لە لێواری جۆگەلەکە ڕاوەستێ و شوێنی بەردەکە دیاری کا. هاجەر بە هەڵاتن چوو:

- لە جێگای هەر بەردێک کە کەوتە عەرزی چیلکەیەک بچەقێنە!

هاجەر لە سەر لێواری جۆگەکە ڕاوەستا:

- بیهاون!

ئەبراو گوتی:

- پێتخۆشە تۆ هەوەڵ بیهاوە. لێرەوە.

- نا، هەوەڵ تۆ.

ئەبراو سووڕێکی لە خۆی داو باوەشی ئاواڵە کرد. هێزی دا سەر لاقی چەپەی و بەردەکەی بە دەستی ڕاستەی سووڕاند و هاویشتی. لەبەر چاوی هاجەر بەردەکە بە دیواری جۆگەلەکەدا درا. هاجەر لە شوێنی بەردەکە چیلکەیەکی چەقاند. نۆرەی عەباس بوو. بەردی خۆشدەست لە پەنجەی عەباسەوە فڕی و بە سەر هاجەردا ویژەی هات و لەوبەری جۆگەلەکەوە کەوت. ئەبراو چاوێکی لە براکەی کرد. عەباس بە پێکەنینەوە ددانە پانەکانی وەدەر خست. چوون بۆ لای خوشکیان. هاجەر لە دەوری جۆگەکە بە دوای گیایەکی خواردندا دەگەڕا. دۆزییەوە! چۆکی دادا و



هەڵیکەند. ڕەگی شنگەکە قوڕ و خۆڵی پێوە بوو. هەمیشە وایە. سەر گەڵاکانی توێژێکی تۆز و خۆڵ لەسەرە.

هاجەر ڕیشەکەی بە قامکە باریکەڵەکانی گرت و گەڵاکانی بە لەپی دەستەکەی دیکەیدا دەدا و تۆز و خۆڵەکەی دەتەکاند. تەکاندی. خاوێن و جوان. هاجەر ویستی بیبا بۆ دەمی، بەڵام ئەبراو وەک کاژیلە چڵەکەی لە دەستی هاجەر ڕفاند، نایە دەمی و پێکەنین لە چاویدا، لێوە گۆشتنەکانی وێک هێناو بای لە گووپی کرد. چاو و ڕومەتی ئەبراو هەروا پێدەکەنین. هاجەر کەوتە سەری. ئەبراو هەڵات. بە پێکەنینەوە هەڵات و لاقی کەوتە قوولکەیەکەوە و سەرسمی داو هاجەر نەک بە ڕقەوە، بەڵام بە تۆزێک تووڕەییەوە چەن چەپۆکی کێشا بە شانی براکەیدا. ئەبراو پێکەنین شلی کرد، هەستا سەر چۆک و وەکۆخە کەوت. گەڵای نیوە جاوراوی شنگەکە دەبێ بە مەڵاشوویەوە نووسابێ. کۆخە. کۆخە. چاوی سوور بوو و ئاوی پێدا هاتە خوارێ. مشتێک بە تەختی پشتیدا. هاجەر دانیشت و بە مشت کێشای بە تەختی پشتی براکەیدا. ئەوە لە مێرگانەوە فێر بووبوو. لە کۆخە کەوت. ئەبراو لە سەر عەرزەکە خۆی درێژ کرد. هەنیشکی کردە کۆڵەکەی لەشی. پێکەنین لە چاوی تارابوو. هاجەر لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی داخی دڵی نەڕێژێ. ڕۆیشت و گوتی:

- بە حەرامت بێ، بە حەرام. وەک گۆشتی سەگ!

عەباس بە پێکەنینەوە نەڕاندی:

- وەرن! وەرن! قازیاخە! قازیاخە. تەماشا ئەو هەمووە!

هاجەر لە پەنا عەباس ڕاوەستا. ئەبراویش خۆی کۆ کردەوە و هەڵات بۆ لایان. لە خوار جۆگەکەوە، تۆقەنێک قازیاخەی دیتبۆوە. هەرسێکیان هەڵترووشکان.

عەباس بە بژارچن و ئەبراو بە پیشکان و هاجەر بە کلکە کەوچکێک. بەریان لێگرت. هەموویان هەڵکەند و لەسەر یەک کۆمایان کرد. پێویست بە گوتن ناکا، لەگەڵ کار دەمیشیان دەجووڵاوە. دەوری لێو و ددانیان سەوز هەڵگەڕابوو. تۆقەنی قازیاخە توربێنەکەی عەباسی نیوە کرد. عەباس گوتی:

- ئێستا با بڕۆین بۆ شنگ و گێلاخە. قازیاخە بۆ شەوێ ساز نابێ. با هەریەکەی بەلایەکدا بڕۆین.

- با بڕۆین!

توربێن و کەلوپەلەکانیان لە گوێ جۆگەلەکە داناو هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتن. دەشت و چیا سەوزاییەکی کەمی پێوە دیار بوو. گژوگیا تازە سەری پێوە ناوبوو. جێگا جێگا گوڵ و بنجە گوڵ زەویی خەملاندبوو. ڕەنگی زەوی و شینکە، تێکەڵ سەوز و خورمایی، خورما و گیا. جێ جێ چڵە شنگ و قازیاخە. بەرامەی خاکی باران لێدراو وڵاتی داگرتبوو. جێگا پێیان بەحاڵ دیار بوو. خاک، هەویری هەڵاتوو، بۆش و نەرم. چاوی تیژ و وردبین، چڵە گیای خۆراکی هەڵدەکەنن و لە داوێنی کراس و بەر کۆشی دەکەن. بە دزە ڕوانینێکی یەکتر جار جارە. گەڕان، چاوی هەڵۆ، تیژتر. کێبەرکێ، ڕقەیەکی شاراوە. سروشتی کار، هێندێ جار خۆ دەنوێنێ. ڕووتوقووت. زۆر جار بۆتە ڕقەبەرایەتی. بەڵام ئەمجارە نا، شاراوەیە. دوو براو خوشکێ. هەر کامیان دەیویست لە پێش ئەوی دیکەدا بەر کۆشەکەی پڕ کا. کۆشی پڕ و سەری بەرز. لەوی دیکە کەمتر نەبێ. لە هیچ کامیان نەمێنێتەوە.

لە گەڕانەوەدا دیتیان زۆر لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە.

لە پەنا توربێن و کەلوپەلەکانیان، پیاوێک لە سەر لێواری جۆگەلەکە دانیشتبوو و بە چڵە شنگێک کایەی دەکرد. هەر لە دوورەوە، ناسییانەوە: باوکی سالار عەبدوڵلا بوو؛ کەربەلایی محەممەد دووشەممە. پیرە پیاوێکی خڕیلانە و کوڵەبنە. کە لەسەر لێواری جۆگەلەکە دانیشتبوو، لە گلمتکێکی گەورە دەچوو. ئەگەرچی کورتە باڵا بوو، بەڵام کانێس ئەستوور و توند و تۆڵ بوو. دەموچاو خڕ. نێوچاوان زۆپ، ریشێکی تۆپ و سپی؛ بە چاوانێکەوە کە هێشتا ئیشتیای لاوێتی تێیاندا دانەمرکابوو. زستان و هاوین مێزەرێکی پەشمینی کە دەبێ کاتی تەنینی سپی بوو بێ. لە دەوری ئارقچنەکەی دەهاڵاند. خەڵکی زەمینج لەوەتا وەبیریان دێ، کەربەلایی دووشەممە ئەو مێزەرو ئارەقچنەکەی لە سەردایە. لە شایی و سەرەخۆشی، لە بەفر و قرچەی گەرمادا. پەراوێزی مێزەرەکەی ڕیشاڵ ڕیشاڵ و چڵکەسوو بوو و بۆر هەڵگەڕابوو. لە سەر ڕوومەتی پیرە پیاو هێشتا سوورە دەماری باریک دیار بوو. سەر لووتە خڕ و سوورەکەی کە لە هەڵماتێکی گەورە دەچوو، تاوە سووت بووبوو توێخی هەڵدابوو. چرچ و لۆچی شێوەرد ئاسا لە سەر پێستی ئەستووری دەموچاو. مووی



سپی و لوولی سینگی لە یەخەوە هاتبووە دەرێ. یەخەی بێ ملیوانە و چڵکن. جۆرێک کە دەتگوت تاسمەیەکی قایشی ڕەشیان بە دەوری یەخەیدا دووریوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەست و دەموچاوی کەربەلایی دووشەممە هەمیشە شۆراو بوو سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو.

تا منداڵەکانی مێرگان گەیشتنەلای. کەربەلایی دووشەممە کوڵۆی چکۆلەی هەڵدەگرت و لە نێوان قامکە قوڵە و قەڵەوەکانیا وردی دەکرد. کە منداڵەکان گەیشتنێ، هێشتا سەری داخستبوو. زۆربەی کات کەربەلایی دووشەممە سەری دادەخست. کەم و لە سەرەخۆ قسەی دەکرد؛ بەڵام قسەی کەڵە کەڵە. توربێن و بژارچن لەبەر دەستیدا بوون. پەتی ملی بەرخەکەی لە مەچەکی هاڵاندبوو و بەرخەکەی لە گوێ جۆگەلەکە دەلەوەڕاند. منداڵەکانی مێرگان یەک لە دوای یەک سڵاو و ماندوونەبوونییان لێکرد و ڕۆیشتن تا بەرکۆشەکانیان خاڵی کەن. کەربەلایی دووشەممە چاوێکی لێکردن و لە وەڵامی ماندوونەبینییەکەیاندا گوتی:

- خەریکن گیا و گژی خۆراکی هەڵدەکەنن، ها؟

- بەڵێ، بەڵێ کەربەلایی.

عەباس و ئەبراو لە لای کەربەلایی دووشەممە لەسەر پشتی جۆگەکە دانیشتن و هاجەر خۆی لە کەندڕی جۆگەکەدا شاردەوە. کەربەلایی دووشەممە لە مێرگانی پرسی.

عەباس گوتی:

- باشە، جارێ ڕۆژ دەکاتەوە...

کەربەلایی دووشەممە بە هاودەردی گوتی:

- ژنی بێچارە؛ دیوتە چۆن لێیقەوما و بێخاوەن بوو! باوکە خوێرییەکەتان چی، خەبەرتان لێی هەیە؟

ئەبراو سەری داخست و خەریکی شێواندنی خۆڵی بەردەمی بوو. عەباس گوتی:

- هێشتا خەبەرمان لێی نییە.

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

ـئیتر نابێ بە هیوای بن. هەرچەند دایکت لە نێو خەڵکا بڵاوی کردۆتەوە کە سلووچ پارەی بۆ دەنێرێتەوە، بەڵام خۆ ئێمە لە شاری کوێراندا ناژیین! ئەگەر خەبەرێک بێ ئێمەش دەزانین. نا! مێرگان وەک کەو سەری خۆی کردووە بە بن بەفردا و پێی وایە کەس نایبینێ. درۆدەکا. دەیهەوێ ڕوومەتی خۆی بە زڵلە سوور ڕاگرێ. خاڵتان چی؟ مەولا ئەمان؟ ئەو لە کوێیە؟

ـ ئەویش زۆر لە مێژە خەبەرمان لێی نییە.

ـ جاران کاتێ لێرەوە تێدەپەڕی سەرێکی لێدەدام. ! ئێستا هەر دیار نییە. ڕەنگە لەبەر ئەو حیسابە بێ کە پێکەوە هەمانە، وا فیزماڵک لێدەدا و خۆی گورگە کردووە! ئاخەر ئەو وشترەوانی من بوو، ئێوە وەبیرتان نایە. هەر بەو متمانەیەوە پارەم بە قەرز دایە. ئەو سەردەمەی کە ئاشق بوو بەد حیساب نەبوو! بەڵام ئێستا... دەیهەوێ مل بادا و لە ژێر نیر دەرچێ. ئاخری وەگیری دێنم. خۆ هەتا ئاخری دنیا ناتوانێ خۆ بشارێتەوە. دەبێ بە پێی خۆی بێت و قەرزەکەی بداتەوە. ئەگەر ڕۆژێک هاتوو دیتان ئەوەی پێ بڵێن. پێی بڵێن کەربەلایی دووشەممە دەیگوت: «خۆ پارەی دزییەتیم پێنەداوە، لەرووم هەڵنەیەت لێی بستێنمەوە. وەختی ئەوەیە بێت بۆ حیساب و کیتاب!» بەڵام مێرگان... مێرگان لەگەڵ ئەو جیاوازە. داخەکەم بۆ مێرگان! چارەڕەشە سووتا. کەوتە داوی ئەم سلووچە سەر سەگە و سووتا. خێری لە جوانی خۆی نەدی. ئەوەش ئاکامەکەی. لە قەولی منەوە پێی بڵێن ئەگەر هاتوو پارە و مارەیەکی پێویست بوو بێ خەبەرم نەکا. زەمانەتی لێ وەرناگرم و بەهرەی زۆریشی لێ ناستێنم. هەڵبەت... خۆشم سەرێک دێم بۆ ماڵێ!

کەربەلایی دووشەممە هەستا. لەوە زیاتر لەگەڵ ئەو کڕ و کپییەی منداڵەکانی سلووچ نەماوە. تاقەتی نەهێنا. لەوە دەگەیشت کە منداڵەکانی مێرگان، ئەو بەیانییەی کە سالار عەبدوڵڵای کوڕی کەربەلایی دووشەممەـ بۆ قەرزەکەی درگای پێگرتبوون، بە چاوی دڵ دەبینن. هەروەها ئەوەش بە چاوی ڕق دەبینن کە سالار عەبدوڵڵا، عەباس و ئەبراوی لە لۆکە جاڕەکە هەڵبڕیبوو. شوێنی قسەکانیشی لەسەر ئەدگاری منداڵەکانی مێرگان، کەربەلایی دووشەممەی بە جارێ دڕدۆنگ کردبوو. چونکە پێی وابوو بەو قسانە خۆی لە لای منداڵەکانی مێرگان شیرین دەکا. بەڵام وا



نەبوو. کەربەلایی دووشەممە خۆڵی نافەکی پاتۆڵەکەی تەکاند، قەڵادەی بەرخە دابەستەکەی گرت و توربێنەکەی لە شان کرد و بژارچنی بە دەستەوە گرت و گوتی:

ـ وەلحاسڵ من لە هیچ شتێ درێغی ناکەم. دێم بۆ ماڵەکەتان!

منداڵەکانی مێرگان، بێدەنگ، چاویان لە ڕۆیشتنی کەربەلایی دووشەممە بوو. کەربەلایی دووشەممە قورس و هێدی هەنگاوی دەنا. لاقی بڵاو دادەنا. هەموو خەڵکی زەمینج دەیانزانی «قۆڕ»ە.

عەباس هەستا و گیا و گژەکەی کردە توربێنەکەیەوە، بەشی دوو ژەم دەکا:

ـ چۆنە بچین بۆ «خوازەویی»؟

ئەبراو گوتی:

ـ ئەم کۆڵانە لە خۆمان بارکەین هەتا ئەوێ و بیهێنینەوە؟

ـ ئەی چییان لێبکەین؟ خۆ ناکرێ لێرە بەجێی بێڵین.

ئەبراو چاوی لە هاجەر کرد:

ـ دەیبەیەوە بۆ ماڵێ؟

ـ بۆ نایباتەوە؟ ئەو دێ بۆ خوازەوی دەڵێ چی؟

ـ دەی لەبەر خوشکی خۆم مرم! بیبەوە. تۆ گیا و گژەکە بەرەوە، ئێمەش دەچین شێی زەوییەکە تاقی دەکەینەوە ئەگەر بەکار بێ دایدەچێنین.

ـ هەر وەختێ دەستمان کرد بە داچاندن، تۆش دەبەین دەنکە شووتی داچێنە! ئێستا بڕۆوە با دایکم گیایەکە بکوڵێنێ، ئێمەش ئێوارە دێینەوە.

گیاوگژی کردە چارۆکەکەی هاجەرەوە. ئەبراو چۆکی بە کۆمای گیایەکەوە ناو بە یارمەتیی عەباس لکەی چارەکەکەیان توند گرێدا. پاشان بوخچەکەیان لە سەر سەری هاجەر دانا. هاجەر لەترێکی دا، بەڵام خۆی گرتەوە و هەنگاوەکانی ڕاست کردەوە. بردی. عەباس و ئەبراو خاترجەم لە بارێک کە لەسەر سەری خوشکیان دانابوو، توربێن و کیسەی خۆیان هەڵگرت و کردیانە شان. بژارچن و پیشکانیان گرتە دەست و بەرەو خوازەوی وەڕێکەوتن.

خوازەوی بەتیرە شانی کەڵکە خیزەڵانەکەوە بوو. زەوییەکی لێژ و لماوی. نەرم و سامالسا وەک سکی ماین. بەیار و باگر. بێ خاوەن و بەرەڵڵا. هەر بۆیە پێی دەڵێن خوازەوی. پەڵە زەوییەکەی سلووچ لە پەنا زەوییەکانی کوڕەکەی سەنەم و باوکی قودرەت و دایکی عەلی گەناو هەڵکەوتبوو. دەستە چەپی خوازەوی بە خیزالانە دوور و درێژەکەوە بوو. لای ڕاستەی جۆگەیەک دەیبڕییەوە و لای سەرووی لەگەڵ دەشتی کەلغوڕ هۆگانیان لێک دەگەڕایەوە. لای خوارەوەشی هەتا چاو هەتەری دەکرد زەوی بوو؛ زەویی خوازەوی. بەڵام بەرهەم هەڵگرتن لەو دەشتە کاکی بە کاکییە کاری هەموو کەس نییە، تاقەتی مێرووڵەی دەوێ. تا ئەمڕۆ ئەو زەوییانە تەنیا شووتیی لێ بەرهەم هاتووە. لەم ڕۆژانەدا تازە خەریکە باسی پستە دێتە گۆڕێ. ئەوە بوو کە خەڵکی زەمینج هەر بیریشیان لە پستە و پستەکاری نەدەکردەوە. بەڵام شووتی بۆچی. هەتا بڕکەی شووتی دەهات بەرداخا، زۆر جار زریان لە ژێر لمدا ونی دەکردن و دەبوو بە تاقەت و سەبرێکی زۆرەوە دانە دانە بڕکەکان لە ژێر لم دەرهێنییەوە. کەم کەسیش تاقەتی ئەو کارەی بوو. زۆریان هەر ئەو سەرەتای خاکەلێوە ناوکە شووتییان دادەچاند و دەڕۆیشتن. بێستانیان بە هیوای خودا بەجێدەهێشت. دوو بەختەکی. یان دەیگرت، یان وشک دەبوو. کە زیاتر ویشک دەبوو. با بڕکەکەی دەمراند. بڕکە یان لە خۆڵدا دەنێژرا، یان ویشک دەبوو. مەگین لە سەد بڕکە یەکێک پێ بگەیشتایە. بە بەخت. کاتی بەرهەم کە دەهاتنە سەر زەوییەکە چەن بڕکەیەک ڕەنگە. خۆیان لە چنگ با دەرباز کرد بێ و بەریان گرتبێ. دەمت تەڕکە! نەوەکام و گەیشتوو بەرەکەیان لێدەکردەوە و دەڕۆیشتن، پێیان وابوو بەلاشە. لەو نێوەدا تەنیا پیاوێک کە پێ بە پێی بڕکەکان، دەست بە پێمەڕەوە هەمیشە لە سەریان حازر بوو سلووچ بوو. سلووچ بەردەوام و ماندوویی نەناسانە بەڕێی زەمینج و خوازەوییەوە بوو تاکوو بڕکەکان بێنێتە بەر. بڕکەکانی دوای چاندن و شین بوون تەکمیش دەکرد و لە دوای ئەو ڕمڵ و خۆڵی لەسەر لادەبردن. بڕکەی خوازەوی کاری لەوە زیاتری نەدەویست: خۆڵ لادان. غەیری ئەوەش دەبوو باگێڕەوەی بۆ ساز کەی. باگێڕەوە بە خۆڵ و چرپی: چیغ، تەیمان. ئیتر ئەو زەوییە نە ماڵوو کردنی دەویست و نە پڕ کردنەوەی کەند و لەند، بۆ ئەوەی هەتاو شێی



خاکەکە نەچنێ. کوود پێوە کردن و ئاو دانیشی نەدەویست. بەڵام ئەرکی زۆر بوو. دەبوو دایمە بە نێو بڕکەکاندا بگەڕێی و ئەگەر هیچ کارێکیشت نەبێ، گژ و گیا و بڕکە مردووەکانی بەنووکی پێمەڕە بژار کەی. کە سلووچ وای دەکرد. میوەی هاوینی منداڵەکانیشی بەو کارەی ئەوەوە بەند بوو. لەگەڵ مێرگان یەک بە یەکی بڕکەکانیان وەک منداڵێکی تازە پێڕەوکە بوو ئاگاداری دەکرد، گەورەیان دەکردن و وەبەریان دەهێنان. چاوی هیوایان لەبەری بڕکەکان بوو.

هەتا خیزەڵانەکە مەودایەکی وایان نەمابوو. کەوایە یەکانە. کایەیەک کە چالاکی و توند و تۆڵیی پێوەیە. یەکێ دادێتەوە و دەستی لە سەرچۆکی دادەنێ و ئەویتر بەسەر پشتیدا باز دەدا و چەن هەنگاو لەولاترەوە دادێتەوە و ئەمجار ئەویتر بەسەر پشتیدا باز دەدا. زۆر شادی هێنەرە و ئەگەر مێر منداڵ لاق و قولی ماندوو نەبێ، بە فرت و فێڵ و زانینێک کە ئازایەتیی پێوەیە، لەگەڵ گاڵتە و گەمە و شادی تێکەڵ دەبێ و ڕێگاکەی کورت دەبێتەوە.

عەباس کە دانەوییبۆوە، لەگەڵ نزیک بوونەوەی ئەبراو، وەک بۆق خۆی بە عەرزەکەوە نووساند و ئەبراو خۆی بۆ نەگیراوە و بە دەمەوە کەوت بە عەرزیدا. تلێکی دا و گرمۆڵە بوو. پاشان بە پێکەنینێکی تاڵی ژێر لێوەوە بە چاوێکی تۆراوانەوە دانیشت. عەباس دەستی گرت بە ناوکییەوە و خەریک بوو ژان بکا لەبەر پێکەنین. ئەبراو خۆی تەکاند و هەستا و وەڕێکەوت. عەباس چوو بۆ لای، پێکەنینەکەی خاو کردەوە و گوتی:

ـ چییە، تۆراوی؟

ـ نا! بەڵام تۆ زۆر نامەردی!

عەباس بە پێکەنینەوە خۆی قیت کردەوە و گوتی:

ـ عەلی گەناو کاری بۆ پەیدا کردووم. وشترەوانی. بچمە بەر وشترەکانی کوڕەکەی مامی باوکی.

ئەبراو گوتی:

عەلی گەناو؟! بەینێکە زۆر خۆ لە ماڵی ئێمە هەڵدەقوتێنێ؛ دڵسۆز بووە! لەو کاتەوە باوکم ڕۆیشتووە... ئەرێ، تۆ پێت وایە باوکم بێتەوە؟

ـ بە گۆڕی بابییەوە! دێتەوە بێتەوە، نایەتەوە چش. بوونی چ قازانجێکی بۆمان هەبوو کە نەبوونی زیانمان پێبگەیەنێ!

ـ هەرچۆنێ بوو، وەلحاسڵ بوو.

ـ بریا هەر نەبوایە! هەتا بوو نانی وشکی و تێهەڵدانمان بوو. ئێستاکە نەماوە تەنیا نانی وشکیمان هەیە. لەوە زیاتر چ گوڵێکی لە سەرمان داوە؟

ـ باوکمان بوو وەلحاسڵ. هەر ئەوەی سێبەری ئەومان لەسەر بوو خۆی غەنیمەت بوو.

ـ بێ باوک زۆرن. خۆ هەر ئێمە نیین. تازە خۆمان پێگەیشتووین. هەرچۆنێ بێ بژیوی خۆمان وەگیر دێنین. خۆ لە برسانا قڕمان نایە.

ـ خۆ هەر نان و برسییەتی نییە. هەر ئەوەی بە چاوی هەتیو تەماشامان دەکەن خۆی دەردێکی گرانە. زمانی ئەو کابرا سووت خۆرەت نەدی ژاراوی لێ دەتکا؟

ـ باوکیشم بووایە ژاری زمانی ئەوانە خۆ نەدەچندرا!

ـ هەرچی بێ من هێندێ جار زۆری بیر دەکەم.

ـ من هەر وا دەزانم نەشبووە.

ـ هەمیشە لەگەڵ خۆی دەیهێنام بۆ خوازەوی.

ـ منیشی بۆ کەرێزکەنی دەبرد.

ـ کە مانگی خاکەلێوە دەهات ئەو عەرزەکەی چاڵ دەکرد و منیش ناوکە شووتیم دەچەقاند.

ـ منیش لەسەر بیرەکە ڕادەوەستام و ئەو دەچووە خوارێ. ئەو سەتڵەکەی پڕ دەکرد لە قوڕو خیز و من هەڵمدەکێشا.

ـ ئەم دواییانە قوڕی تەندوورم لەگەڵ دەشێلا. پێی دەگوتم دەست و پەنجەی تۆ بۆ هەوڕگەری باشە.

عەباس بە تووڕەییەوە گوتی:

ـ باشە ئیتر لەسەری مەڕۆ؛ با بڕوا ئاوی ئاراز نیوەی ڕێگای بێ! لەوەش بەولاوە چێ!



خوازەوی. جێ جێ سێبەری گردە خیز، بەسەر پەڵە بەفری بەجێماودا. عەباس لە جۆگەلەکە بازی دا ئەو بەرەوە و دەمەتەقەکەیان دابڕا. زەوییەکەیان لە ژێر پێیاندا بوو. کیسە و توربێنیان لە گوێ جۆگەلەکە دانا و ئەبراو بژارچنی بە دەستەوە گرت. عەباس شوێنێکی نیشان دا. ئەبراو بە دوایدا ڕۆیشت. هەردووکیان دەستیان کرد بە کۆڵینی زەوی. خاک بە تەواوی خووسابوو. توێژی سەرەوەی قوڕ بوو بە دەستەوە دەنووسا. توێژی خوارەوە تەڕتر بوو. لە خوارترەوە تەواو تەڕو شێدار بوو. عەباس دەلینگی لاقی ڕاستەی هەتا بن ڕانی هەڵکرد و لاقی نا قووڵکەکەوە. تا سەرووی ئەژنۆی لاقی تێچەقی. تەڕاییەکەی باش بوو. لەو خاکەدا نم خۆی ڕادەگرت. بڕکەی شووتی زیاتر بە باری پانایی ڕیشاژۆ دەکا. چاکە؟

ئەبراو گوتی:

ـ دەڵێی چی؟ قووڵکەیەکی دیکەش هەڵکەنین؟

ـ تۆش چەندە گەمژەی خۆ ئەم لیمەڵانە هەمووی وەک یەک وایە، ئێرە و ئەوێی نییە! خۆ کەشاو نییە بتەوێ بزانی بەر جۆگە و شەلەگەکان چەندەی نم هەیە و دێراوەکەی چەندەیە. ئەم خاکە لمەو نم و تەڕایی هەڵدەمژێ. دەڵێی نا، بڕۆ شانی گردەخیز بکۆڵە. ئەو شوێنەی لێژە و ئاو ڕاناگرێ؛ گرێو دەکەم لێرە نمی زیاترە. چونکە خاکەکەی نەرمترە.

لە کوێرە ڕێی پشت گردە خیزەوە مرادی کوڕی سەنەم دەهات، کۆڵێکی ئاوردوو بە کۆڵدا دابوو و هەر هەنگاوێکی هەڵدێناوە تا قولاپەی تێدەچەقی و قووڵکەیەکی چکۆڵەی لە پاش خۆی بەجێدەهێشت. مراد کە چاوی بە کوڕەکانی مێرگان کەوت لایدا و هات بۆ لایان.

ـ ماندوو نەبن!

کوڕی سەنەم کۆڵە ئێزنگەکەی بە لێواری جۆگەکەوە دا!:

ـ بژیی؛ خۆت ماندوو نەبی.

عەباس و ئەبراو چوون بۆ لای. مراد گرێی کۆڵەکەی لەسەر سینگی شل کردەوە و پشتی لە کۆڵە ئاوردووەکە کردەوە، لە قەفی گوریسەکە هاتە دەرێ و گوتی:

- ئەم چرپییانە تەڕن! دوابڕاوە زۆر قورسە. پشتم شکا. ئەویش لەم قوڕ و لمەدا. پیاو تا ئەژنۆی بە قوڕەوە دەبێ. چاوکە چ ئارەقەیەکم دەرداوە!

هەموو گیانی لە ئارەقەدا خووسابوو. دەستی برد بۆ شاقەلی کراسەکەی و عارەقەی نێو چاوان و پەنا گوێی سڕی و پاڵی دا بە دیوارەی جۆگەکەوە و چاوی هەڵگلۆفی. ئارەقە چووبووە چاوییەوە. چاوی سوور هەڵگەڕابوو و دەکزاوە. مراد چاوێکی هەڵێنا و پرسی:

- خەریک بوون نمی خاکەکەتان مەعلووم دەکرد؟

- ئەی چی... ئەی تۆ؟ ناتەوێ ئەمساڵ دایچێنی؟

من نا. بەڵام براکەم دەستبەردار نییە. من ئەو بستە زەوییە بە قابیل نازانم کە خۆی بۆ لە ئاو و ئاور دەم.

عەباس بێ خەبەر لەوەی کە کوڕی سەنەم مەبەستی چییە، پرسیی:

- کام ئاو و ئاور؟

- ئەو زەوییانە یەکسەر خەریکە تاپۆ دەکرێن. زاواکەی ئاغا مەلەک قۆڵی لێهەڵماڵیوە و سالار عەبدوڵڵا و کوێخا نەورۆز و زەبیحیش پێکەوە دەستبەیەکییان کردووە. قسە لە تەراکتۆر و ماتۆڕی ئاویش دەکەن. بێجگە لە خوا زەوی و دەشتی کەلغوڕ، دەیانەوێ دەست بەسەر بەراوەکانی بەندساریشدا بگرن. سالار عەبدوڵڵا شەوی هەینی لە ماڵی ئێمە بوو. براکەم دەستی لە دڵی نەدەبۆوە، دەنا دایکم هەرکە گوێی لە جرینگەی پارە بوو ئارا و قارای لێهەڵگیرا. بەڵام ئەگەر من براکەی خۆم ناسیبێ، ئەویش ڕازی دەبێ. سالار عەبدوڵڵا بە دوو دانە گەڵای سوور دەمی دەبەستێ.

عەباس لێوی خۆی گەزی و گوتی:

- سالار عەبدوڵڵا وای لێهاتووە بە ڕۆژی ڕوون دەست درێژی بکاتە سەر ماڵی خەڵک. ئەوەش دزییە هیدی. ئەی دزی نییە چییە؟

کوڕی سەنەم گوتی:

- ئەو بۆی قەبووڵ ناکرێ ئەو زەوییانە هی خەڵک بێ. ناوی خۆی بە خۆیەوەیە؛ خوازەوی!



- باشە خوازەوییە، بەڵام خۆ ئێستا بە دەست خەڵکی خوداوەیە.

کوڕی سەنەم لە وەڵامیدا گوتی:

- سالار لەسەر ئەوە سوورە کە ئەو زەوییانە ئاوەدان دەکاتەوە.

- هە هە! ئاوەدان! ئەی ئێمە چی دەکەین؟ خاپوور؟!

- چووزانم!

- ئەی ئەوانەی دیکە دەڵێن چی؟ وەک باوکی قودرەت و ئەوان؟

- ئێستا دەیانەوێ دانە دانە دەمیان ببەستن. وادە و بەڵێنیان پێدەدەن.

عەباس چاوی وەبریقە کەوت:

- یانی پارەی نەغد دەدەن؟

- ڕەنگە بیدەن؛ نازانم

عەباس مات بوو. دیار بوو لەبیری ئەوەدایە بە قازانجترین ڕێگا هەڵبژێرێ. کوڕی سەنەم ماندوو پاڵی بە کۆڵە چرپییەکەیەوە دابوو. ئەبراو سەری هەڵێنا و گوتی:

- تۆ چی، مراد؟ تۆ دەتەوێ چبکەی؟

- من دەڕۆم. من دڵ بە نەبوون نابەستم. دەڕۆم. دەڕۆم بۆ شوێنێک، کاتێ بەیانی تا شەوێ ئارەق دەرێژم، ئێوارە و ئێوارە بزانم چیم پەیدا کردووە. پارەکە لە گونبەد بووم. پێرارەکە لە وەرامین. ئەمساڵ ئەگەر ناچار بم دەچم بۆ ئەهواز. ئەو جێیە خۆشە، دڵی لێخۆشە. ئێوە چی؟ هەر لێرە دەبن؟

- ئێمە خۆشمان نازانین!

مردا کۆڵەکەی لە سەر پشتی ئەمبارەوبار کرد و گوریسەکەی لە سەر سینگی قوڵفە کرد و گوتی:

- بیستوومە عەلی گەناو ناندێنی بۆ تۆ دروست کردووە؟!

بە تەشەرەوە بوو. عەباس گوتی:

- وشترەوانی دەڵێی؟ هێشتا مەعلووم نییە.

- گریمان مەعلوومیش بوو. خۆ ئەو سەردارە مستقووچاوە هیچی لێهەڵناوەرێ. کارەکەش دایمی نییە. چوار ڕۆژی دیکە باری وەدەست کەوێ، قەتار ساز دەکا و دەڕوا!

عەباس گوتی:

- ڕەنگە بیهەوێ بەهار وشترەوانیان بۆ بگرێ.

کوڕی سەنەم گوتی:

- دڵی پێخۆش کە! بە هیوای جیران وشکەتێکوشیو، براگیان! ئێستا بە قوربانی ئەو ماشێنە لەیلانانە بم. سەردار لەبەر ناچاری وشترەکانی خستۆتە ئەو بیابانە، خۆ لەبەر خۆشیی خۆی نییە. تۆش دەتەوێ ئەو قورە تۆزی لێهەستێ و نان لە دەستی کەسێکی وا بخۆی؟... چاکە، ئێوە هەر لێرە دەبن؟

- نا ئێتر، ئێمەش دێینەوە.

کوڕی سەنەم، تۆزێ خۆی لە بن کۆڵەکەدا ڕاست کردەوە. کوڕەکانی مێرگان توربێن و کیسە و بژارچنیان هەڵگرت و لەگەڵ مراد وەڕێکەوتن. لە ڕێگا کوڕی سەنەم گوتی:

- زۆر کەسی دیکە دێن. باوکیشت دێ. دەڕۆین شەش مانگ کار دەکەین و دەگەڕێینەوە و زستانێ بە خەیاڵی تەختەوە لە ژێر کورسی دەخزێین. لە چنگ ئەو دەستەنگییەش ڕزگار دەبین. لێرە قەت دە تمەن لە گیرفانی خۆماندا نابینین. ئەوەی جرینگەی لێبێ قوونمانە! پێم سەیرە ئێوە بۆ دڵ لێرە ناکەنەوە؟!

عەباس گوتی:

- ئێمە گرفتارین، براگیان!

- تەنیا ئێوە گرفتارن؟!

ئەبراو پرسیی:

- تۆ تا ئێستا سواری ماشێن بووی مراد؟

- چۆن سوار نەبووم؟ ئەی ئەو ڕێگا دوورانە بەچی چووم؟ ئەی جگە لە ماشێن چیی دیکە هەیە؟

ئەبراو بێدەنگ بوو. عەباس گوتی:



- ئەگەر ماندوو بووی کۆڵەکەت دانێ پێکەوە هەڵیدەگرین.

مراد گوتی:

- من بە قورساییی کۆڵەکە ماندوو نابم. لەوەی کە دەبینم کاری پیاو لێرە هیچ نرخ و بایەخێکی نییە ماندوو دەبم. ئێستا ئەم کۆڵە پووشکەیە بەجێی خۆی، لانیکەم دایکم دەستەوارێکی نان پێدەکا. بەڵام کارەکانی دیکە هەموو بێگارین. بە حەزرەتی غەوس دەتوانم ڕۆژانە شازدە سەعات کار بکەم، ئەگەر بزانم کارەکەم داهاتێکی هەیە. چونکە پیاو دەبێ خێرێک لە ئارەق ڕشتنەکەی خۆی ببینێ!

- ئەرێ ڕاستە... دەڵێن هاجەر دەدەن بە شوو؟!

عەباس و ئەبراو هەروا بێدەنگ بوون. وەڵامێکیان نەبوو. مرادیش ئێتر لەسەری نەڕۆیشت.

کاتێ گەیشتنە نزیک کەلاوەکانی زەمینج، مراد گوتی:

- ئەگەر ماوەیەکی تر ڕاوەستایەن ڕەنگ بوو پیاوێکی بێ‌ژن بۆ هاجەر دەست کەوتایە! خوداحافیز.

- خوداحافیز!

کوڕی سەنەم بایداوە و بە پەنا زەوییەکانی دێبەردا بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشت و عەباس و ئەبراو هەروا بەسەر لێواری جۆگەکەدا دەڕۆیشتن. زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، کوڕی سەنەم لەژێر کۆڵەکەیدا سوورێکی دا و بە دەنگێکی گڕ و ماندوو گوتی:

- خۆتان دەزانن... ئەگەر ویستتان بێن... پێکەوە بڕۆین باشترە.

عەباس بژارچنەکەی ڕاتەکاند و گوتی:

- باشە باش... خەبەرەکەت پێدەدەینەوە.

پاشان بە لێژایی جۆگەکەدا داگەڕان.

کوڕەکانی مێرگان تا گەیشتنەوە زەمینج هەوا تاریک داهات و شەو سەرمایەکی خۆشی لەگەڵ خۆیدا دێنا. لە خۆڕا نەبوو ئەگەر تاقمێک، ئەوانەی دەستیان بە دەمیان ڕادەگەیشت، مانگی خاکەلێوەش دڵیان نەدەهات ژێر کورسی بەجێهێڵن.

ئەبراو کیسەکەی بە تەختی پشتی خۆیدا دا و تۆزێ شانی هەڵێنا و بە براکەی گوت:

ـ تۆ دەڵێی چبکەین باشترە؟ وردە وردە هەوا بەرەو گەرمی بڕوا ئیتر حەمامەکەی عەلی گەناویش ڕمێنی نامێنێ. قەت پێموا نییە هاوینیش بۆ توونەوانی ڕامگرێ. ئێستاش لەوانەیە لەڕوودامابێ کە دەرم ناکا. یەکیان ئەوەیە ڕیشی لە گرێو ناوە، لە لایەکیشەوە بە دەس شەلوکوتی ژنەکەیەوە پێوە بووە. دوو ڕۆژیکە کەرەکەی لە قوڕ بێتە دەرێ، بە پەڕۆیەکی پیس کلکم دەگرێ و دەمخاتە دەرێ. وەنەبێ کرێکەشی ئەوەندە زۆر بێ... ئەگەر بە من دەکەی، با ئێمەش لەگەڵ ئەو لاوانەی دیکە کەوین و بڕۆین. خۆ ئێمە لەوان کەمتر نیین. ڕەنگە دەروویەکی ڕووناکیش بۆ ئێمە بکرێتەوە. دەڵێی چی، ها؟

عەباس گوتی:

ـ جارێ وەختمان زۆرە. ئەگەر زانیمان بۆمان نالوێ، لەگەڵ ئەو دەستەیەش نەڕۆین لەگەڵ دەستەیەکی دیکە دەڕۆین. خۆ ڕێگا نابەسترێ!

ئەبراو هەوا لەسەریدا بوو. ویستی بە زمانێکی دیکە براکەی ڕازی بکا، کە کوڕەکەی سالار عەبدوڵڵا لە سووچی دیوارەکەوە پەیدا بوو. لەوە دەچوو چاوەڕێی عەباس و ئەبراو بوو بێ. هاتە پێشێ و بەرەو ڕووی عەباس ڕاوەستا:

ـ پارەکانی من چییان لێهات؟

ـ کامە پارە؟

ـ ئەو پارەیەی لە تەویلە پڕت پێدا کرد و قووتت دا؟ هەرکاتێ دەمبینی ڕوو وەردەگێڕی. پێت وایە کوێرم، ناتبینم؟!

ـ دەی باشە، تۆ خۆت دەڵێی قووتم داوە؛ کەوایە بچۆ بۆ ئەو جێگایەی ڕیاوم، هەڵیانگرەوە! پیاو شتێک قووت بدا لە کوێی خاڵی دەکا؟

عەباس ئەوەی گوت و فیزماڵکێکی لێدا و ڕۆیشت. ئەبراویش بە دویدا ڕۆیی. جەلیل وەدوایان کەوت و گوتی:

ـ من ئەو قڕانییانەم لە گەرووت دەردێنمەوە!

عەباس جوابی نەداوە:



«ئەو دەردەی من کێشام سەد تەمەنیشی دێنا! هاتووە دەیەوێ مردوو زیندوو کاتەوە؛ شیرهەو!

جەلیلی کوڕی سالار گوتی:

ـ من پارەکانم لە تۆ ڕادەکێشم!

عەباس گوتی:

ـ ئەگەر توانیت ڕایکێشی، یەکجاری ناوکیشی ببڕە!

جەلیل گوتی:

ـ زۆڵە سەگی لە سەگ بووی ئیترا!

عەباس بە بن دیواری ماڵەکەیاندا بایداوە و گوتی:

ـ زۆڵە سەگ خۆتی و حەوت پشتت، سەگبابی خوێڕی!

مێرگان سەری لە درگاکە هێنا دەرێ و گوتی:

دیسان لەگەڵ کێتە؟ بۆ ناهێڵی دڵم ئاسوودە بێ؟

بێ ئەوەی وەڵامی دایکی بداتەوە، چاوی لە کورتانە کەرێک بڕی کە بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرابوو؛ تۆزێ مت بوو پاشان پرسیی:

ـ کێمان میوانە؟

ـ خاڵت!

ـ چی؟!

خاڵ، هەر کەسێک و هەرچۆنێک بوو، هاتنەکەی کوڕانی مێرگانی خستبووە هەلەکە سەما. هەڵاتە ژوورێ. لای سەرووی ژوورەکە مەولا ئەمان پاڵی بە دەستە نوێنەکانەوە دابوو. چۆکێکی هەڵدابوو ـوەک زۆربەی کاتەکانـ دانیشتبوو دەستی درێژ و ئەستووری لەسەر کەشکەژنۆی دانابوو. مەچەکی دەتگوت وەردێنەیە و قامکەکانی وەک لاقە دوڕنا بە سەر چۆکیدا شۆڕ بووبوونەوە. لووتی گەورە و درێژی بە نووکە لەبار و قەپۆزییەکەیەوە، سێبەری خستبووە سەر لایەکی دەموچاوی. بە دیتنی خوشکەزاکانی بزەی هاتێ. خۆی ئەمبارەوبار کرد و هەردوو دەستی وەک دوو باڵی هەڵۆ کردەوە و عەباس و ئەبراو بە جووت لە باوەشی

خاڵیاندا بزر بوون. مەولا ئەمان ماچی کردن و لەملاو ئەولای خۆی داینان و بە زمانێکی خۆش حاڵ و باڵی پرسین:

- پێموابوو ڕیشتان هاتووە!

تازە عەباس و ئەبراو دیتیان عەلی گەناویش لەوێ دانیشتووە و پاشان دایکیان دی و جێگای بەتاڵی هاجەریان هەست پێکرد. عەباس بە ئاماژەی چاو و لێو، سۆراخی هاجەری گرت. مێرگان تێیگەیاند کە هاجەر لە خەڵوەتییەکە دانیشتووە؛ عەباسیش زانیی چ خەبەرە.

عەلی گەناو پاشماوەی چاییەکەی هەڵقوڕاند، شاقەلی عەباکەی بە دەستەوە گرت، هەستاو گوتی:

- کەوایە قەراروبڕیەمان هەر ئەوە. حەوتەمی نەورۆز دەچین بۆ شاری.

مێرگان گوتی:

- ئیشەڵڵا. تا ئەو کاتە پێنج شەشماڵم ماوە گسکە سواخیان کەم. کە ئەو ماڵانە سپی کەمەوە ئیتر سەرم فارغ دەبێ.

- ئیشەڵڵا.

مەولا ئەمان هەستاو گوتی:

- مەبارەک بێ.

عەلی گەناو پێش ئەوەی لە درگاکە بچێتە دەرێ، ڕووی کردە عەباس و گوتی:

- قسەی کارەکەی تۆشم لەگەڵ مامە سەردارم کردووە. سبەینێ بەیانی بچۆ وشترەکان بەرە بۆ بیابان، بیانلەوەڕێنە.

مەولا ئەمانیش لەگەڵ عەلی گەناو چووە دەرێ و لە گەڕانەوەدا، خۆی دانەواند هاتە ژوورێ و گوتی:

- پیاوێکی کاسبە. ژنەکەشی تازە نابێتەوە ژن. باشە ئیتر! خودا مەبارەکی کا.

ئەبراو تازە زانیی نووکی کڵاوەکەی خاڵە ئەمان لە بنمیچی وەتاغەکە دەدرێ. خاڵە ئەمان گوتی:

- چاکە ئیتر تەواو بوو. لەو پشت پەردەیە وەرە دەرێ، تازە بووک! وەرە دەرێ. هاجەر!



مەولا ئەمان زۆر لەسەر ئەوە سوور نەبوو خوشکەزاکەی لەو قوژبنە بێتە دەرێ. قسەیەک بوو کردبووی. لەسەر جێگاکەی دانیشتەوە و پیاڵە خاڵییەکەی بۆ لای مێرگان ڕادا و بە عەباسی گوت:

- ئەگەر پارە و مارەیەکت هەیە، بچۆ جگەکانت بێنە. بڕۆ چەن حەریفی دیکەش بانگ بکە با بێن. هەستە دەی! ساڵێکە لە زەمینج قومارم نەکردووە. مێرگان پیاڵەکەی پڕ کردەوە لە چایی و لەبەر دەمی براکەی داینا. عەباس هەستا دەستێک جگ لە نێو جگەکانیدا هەڵبژێرێ.

ئەبراو خۆی خزاندە سووچی وەتاغەکە و سەری بە دیوارەکەوە نا، عەباس کە گەیشتە سەر دۆڵابەکە گوتی:

- کەربەلایی دووشەممە، باوکی سالار عەبدوڵڵا لێی دەپرسی خاڵە!

مەولا ئەمان لەگەڵ زەڕە زەڕی کەرەکەی کە لە تەویلەوە دەهات، گوتی:

- بە گۆڕی بابە سەگییەوە! پێی وایە پارە لە ئاو هەڵدەگوێزم، لە پەستا بچم و بەهرەی قەرزی بۆ بەرم. ئەمجارە، ئەگەر خودا یار بێ، دەمەوێ قەرز و بەهرەی پێکەوە لووش کەم؛ ئەو جگانە بێنە بزانم!

عەباس قوتووی جگەکانی هێنا، خاڵی دەستی کرد بە هەڵبژاردنی دەستێک جگ. مێرگان خەمی کچەکەی بوو، هەستا و چووە خەڵوەتییەکە و چۆکی بە چۆکی کچەکەیەوە ناو دانیشت. هاجەر لۆیەکی پەردەکەی لە دەمی نابوو بۆ ئەوەی دەنگی گریانەکەی دەرنەیەت.

خەڵوەتی تاریک و تنۆک. ئەنگوستە چاو.

**بەندی دووەم:**

هەرکەس کاری خۆی مەعلوومە.

ئەبراو کەڕەی بەیانی هەستاوە چووە بە لای توونەکەوە. مەولا ئەمان لەبەر درگای تەویلەکە خەریکی جل کردنی گوێدرێژەکەیەتی. عەباس خەریکی گرێدانی قەیتانی کاڵەکانییەتی. مێرگان تەشتۆکە و گسک و تەنەکەی میچ و دیوار سپی کردنەوەی لە سووچێک ئامادە کردووە و چاوەڕوانە هەرکەس بە دوای کاری خۆیدا بڕوا. مێرگان دەبوو هەموویان بەڕێبکا و پاشان خۆی بڕوا بە دوای کارەکەیدا. نزیک نەورۆز جەنگەی کاری مێرگان بوو: سپیکاریی ماڵان.

عەباس هێشتا بە دەوری خۆیدا دەخولاوە. هەرتاوێ داوای شتێکی لە هاجەر دەکرد: دەزوو. دەزووی یەخە. دەسماڵ و... هاجەر وەک پشیلەی دەستەمۆ لەم کون بۆ ئەو کون دەگەڕا و شتێکی دەبرد و شتێکی دەهێنا. سەرقاڵی کاری خۆی بوو. هاجەر وەک هەمیشە بێدەنگ و هێدی خەریکی کاری خۆی بوو. مەولا ئەمان خۆی کرد بە وەتاغەکەدا تێری کەلوپەلەکانی بێنێ. هاجەر و عەباس چوونە یاریدەی.

مێرگانیش هەوساری گوێدرێژەکەی گرت و کێشایە بەردرگاکە. تێرەکەیان هێناو باریان کرد. مەولا ئەمان وەختی ڕۆیشتن دەستی کرد بە تێرەکەدا و مشتێکی نوقڵ دەرهێنا و لە لۆی لەچکەکەی هاجەری کرد و گرێی دا:

ـ ئەوەش شیرینیی بووکێنیت!

مێرگان بە براکەی گوت:

ـ دیسان خۆ ڕێت دەکەوێتە ئەم لایانە ئیشەڵڵا؛ ها؟

ـ حەتمەن. حەتمەن دێمەوە. لەم سەفەرەدا بەڵکوو بتوانم سلووچیش لەگەڵ خۆم بێنمەوە. چەن ئاشنا دەیانگوت لە ناوچەی (شاهڕوود) پیاوێکیان دیوە قەڵافەتی زۆر



لە سلووچ چووە. لە پارەکەوە خەریکن لەوێ کارخانە ساز دەکەن. لە کێوەکانی پشت شاهڕوودیش کانی خەڵووزە بەردی لێیە. نەک دانەیەک، چەن دانە. ڕەنگە بۆ کار ڕووی کردبێتە ئەو مەڵبەندە! لە هەرکوێ بێ دڵنیا بن بێ هەواڵتان ناکەم.

ـ ئەگەر لە بیری گەڕانەوەدا بوایە، نەدەڕۆیشت.

ـ مێرگان لە عەباس گەڕاوە و گوتی:

ـ تۆ دەمدرێژی مەکە. بڕۆ بە دوای کاری خۆتا! داردەستەکەی باوکت لەو سووچەیە، هەڵیگرە و بڕۆ. نوێژی نیوەڕۆ دەتەوێ بچی بۆ وشتر لەوەڕاندن؟

نانەزگی لە باڵای سەردار بوو. عەلی گەناو لە پێشدا قەرار و بڕیەی کردبوو. داردەستەکەی هەڵگرت و ڕۆیی. مەولا ئەمان جارێکی دیکە تێرەکەی لە سەر پشتی گوێدرێژەکە ئەمبارەوبار کرد و ویستی بڕوا. هاجەر و مێرگان لە لای ڕاوەستابوون. مەولا ئەمان دەستی لە ملی خوشک و خوشکەزاکەی کرد.

عەباس لە لای بارەکە ڕاوەستابوو. داردەستەکەی لە مشتیدا دەگوشی. مەولا ئەمان دار دۆژەنگ خۆی دانەواند و لەگەڵ عەباس ماچ و موچی کرد:

ـ قومارەکەت خراپ نەبوو. بزانم وشتر لەوەڕاندنەکەت چۆن دەبێ؟! چ سەر و فۆکلەیەکیشی ساز کردووە!... هەچچە...

ـ بۆ کوێ هەچچە... مەولا ئەمان؟! تاریکان دێیت و شەو و ڕۆژی دەڕۆی؟! هەروابێ هەواڵ دێی و دەڕۆی؟! ئەی ئاشنایەتییەکەمان بوو بە چی؟ وادیارە بە تەواوی لە بیرت بردووینەوە؟!

کەربەلایی دووشەممە بوو. با هەواڵی پێگەیاندبوو و وەک جندۆکە پەیدا بووبوو. مەولا ئەمان بێ ئەوەی لە ترسی قەرزەکەی شلوێ بێ، بە نەرمی گوتی:

ـ گرفتاری؛ چەرمەسەرێ کەربەلایی! بەدوای پەنچکێ ناندا شەو و ڕۆژم لێ تێکچووە. خەریکم کاڵا دەبەم بۆ قەڵاکانی سەرێ بیفرۆشم. دەمویست بچم بیانکەمە پارە و لە گەڕانەوەدا بێمە خزمەتت. ئەم وەدرەنگ کەوتنەی وشترەوانی قەدیمیت بە گەورەیی خۆت ببەخشە!

کەربەلایی دووشەممە ملە قوڵەکەی هەڵێنا، چاوی لە قەڵافەتی مەولا ئەمان کرد و گوتی:

- ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆ دەکێشی! دەچی بۆ ئەو سەرانە؟ نەکا بتەوێ باتووی خوا بگری! یان من خەریکم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە عەرزیدا ڕۆدەچم؟

- کز بووم کەربەلایی، بۆیە وا بوومەتە لۆق لۆقی.

- ئەرێ... حووجی داهۆڵ! چۆن زەلامێک بەو قەلافەتەوە دێتە زەمینج و دەڕوا چاوە موقرایی داهاتووەکانی من نایبینێ؟!

- زۆر کەم هاتووم کەربەلایی.

- ئەرێ، کەم هاتووی؟! دەیباشە، زۆر وەرە، زوو زوو وەرە! با بیرت نەکەین.

- بە سەر چاو کەربەلایی. بەسەرچاو. ئیزن دەفەرمووی بڕۆم؟

- فەرموو... فەرموو... ئیزنی ئێمەش بە دەست تۆیە!

مەولا ئەمان بە پێکەنین و گاڵتەوە چووە کۆڵان و هەچچەی لە کەرەکەی کرد و کەربەلایی دووشەممە لەبن چاوەوە لە مێرگانی ڕوانی و وەدوای مەولا ئەمان کەوت:

- خەبەرت لەو سلووچە خوێرییە نییە؟

- بێ خەبەریش نیم کەربەلایی. بێ خەبەریش نیم.

عەباس لە پێش کەرە قوڵەی خاڵییەوە دەڕۆیشت. مەولا ئەمان جارێکی تر وەرسووڕاوە و تەماشای دواوەی خۆی کرد. هاجەر و مێرگان لە بن دیوارەکە ڕاوەستابوون و چاویان لێدەکرد. لەبەر هەتاوی تازە هەڵاتوو، سێبەری قەلافەتی مەولا ئەمان کۆڵانەکەی پڕ کردبوو. کەربەلایی دووشەممە لە چاو مەولا ئەمان دەتگوت گوێزە خلۆر دەبێتەوە. مشت و مڕی مەولا ئەمان و کەربەلایی دووشەممە ئیتر بە گوێی مێرگان نەدەگەیشت. بەخێر گوزەرا. دڵەکوتەی مێرگان تەواو بوو.

- دەی خاڵە گیان خوات لەگەڵ. خێرت وەڕێ بێ. ئیشەڵڵا زوو سەرمان لێبدەوە.

- ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا.

عەلی گەناو هاتە پێشێ و دەست و مشتاخ و ماچ و مووچی لەگەڵ مەولا ئەمان کرد. ئەو ئیتر خۆی بە ئەندامێکی بنەماڵەی سلووچ دەزانی. مەولا ئەمان بە بزەیەکەوە، کەرەکەی لێخوڕی و لە عەلی گەناو دوور کەوتەوە. عەلی گەناو چاوێکی لەولا کرد. ماڵی سلووچ. هاجەر هەرکە چاوی بە عەلی گەناو کەوت خۆی



کردەوە بە ژووردا. بەڵام مێرگان هەروا لە بن دیوارەکە ڕاوەستابوو. عەلی گەناو چوو بۆ لای مێرگان. مێرگان چووەوە ژوورێ. عەلی گەناو بەدوایدا چووە ژوورێ و بە چاوێکەوە کە لە هاجەری دەگێڕا سڵاوی لە مێرگان کرد. مێرگان گوتی:

- شەرمێونە. لەرووی هەڵنایە. ئاخەر هێشتا منداڵە! وەرە ژوورێ.

هاجەر دیار نەبوو. مێرگان چاوێکی لە کەلوپەلەکانی کرد و ڕوو بە عەلی گەناو پرسیی:

- ئەرێ ئەو بەنە کەلاشانە لە کوێن، کچێ؟

دەنگی نەبوو. عەلی گەناو پرسیی:

- ئەمڕۆ لە کوێ سپیکاری دەکەی؟

- لە ماڵی زەبیحوڵڵا. برازای کەربەلایی دووشەممە.

- ئەمساڵ پێموا ماڵی زۆر کەست سپی کردۆتەوە؟!

- ماڵی هەموو کەس نا. هەر کەس دەستی بە دەمی ڕابگا، چەن تمەنێک بۆ سپیکاریی ماڵەکەی خەرج دەکا.

عەلی گەناو چاوێکی لە میچ و دیوارە قورماییەکەی ماڵی مێرگان کرد و گوتی:

- ئەی ئەوە دەستێکیش بە دار و دیواری ئێرەدا ناکێشی؟

- ئێشەڵڵا کارەکانم تەواو بێ، سپیی دەکەمەوە.

هاجەر توورەکەی بەنەکەی هێناو لە لای دایکی دانا. هەنگاونان و جووڵان و ڕوانینی هاجەر لەگەڵ ترس ئاوێتە بوو. خۆی دەدزییەوە. بە تۆزێ ورد بوونەوە بۆت دەردەکەوت هاجەر چ حاڵێکی هەیە. بەڵام عەلی گەناو وای نەدەدی. نەک بە ئیشقەوە، بەڵکوو بە تەماحەوە، دەیویست هەرچی زووتر بە دەستی بگرێ. بۆیە هاجەری ئەو جۆرەی کە بوو نەدەدی. گوێی لەوە نەبوو چی لە دڵی هاجەردا دەگوزەرێ. هەرچۆنێک بوو ئەوی لە نوێنی خۆیدا دەدی. داڵە کەر خۆر، کەو لە چنگی خۆیدا دەبینێ. عەلی گەناو خەریک بوو بە چاوی کچەی دەجاوی و هاجەر نەیدەزانی، چۆن خۆی لەبەر ئەو چاوانەی عەلی گەناو ڕابگرێ. بێزاری و ترسەکەی لە لایەکەوە و کەم ئەزموونییەکەشی لە لایەکی ترەوە ئۆقرەیان لێهەڵگرتبوو. دەست

و پێی خۆی ون کردبوو. تەنانەت نەیدەوێرا لە جێی خۆی بجووڵێ. وشک بووبوو نینۆخی خۆی دەجاوی.

بەڵام مێرگان وانەبوو، ئەگەرچی ڕێزە ڕێزەی حاڵ و باڵی کچەکەی هەتا قووڵایی دڵی هەست پێدەکرد، بەڵام هەوڵی دەدا دڵی خۆی نەخاتە تەنگژەوە. لە ڕوانگەی مێرگاندا، ئەم شتانە. ئەم ترس و دڵەخورپانەی کچ لە هەمبەر پیاوێکدا کە دەبێتە مێردی، شتێکی سروشتی بوو. ڕەنگە بتوانێ بڵێ بەجێیشە. جگە لەوە بوایە جێی پرسیار بوو. چونکە کچ، ئەگەر بە دڵی خۆشی شوو بکا، دیسان تووشی ئەو دڵەخورپەیە دەبێ و لەوانەیە زیاتریش. بەڵام ئەگەر بە نابەدڵ شوو بکا، هەرکە پێی نایە پەردەوە هەموو ئەو شتانەی لەبیر دەچێتەوە. ناچارە لە بیری بباتەوە. بۆیە دڵەوڕێزەی هاجەر، ئەگەرچی دڵی مێرگانی هەڵدەچۆقاند، بەڵام خۆ شتێکی تازە نەبوو. ئاخر سەریش هەر ئەوە دەبوو کە مێرگان دەیدی: لاقی بگەیشتایەتە ماڵی زاوا، هەمووی لەبیر دەچۆوە. جگە لەوە، هاجەر و عەلی گەناو بە خەیاڵ دەزگیرانی یەکتر بوون. مێرگانیش هەستی ئەوەی کە دەبێتە خەسوو کەمتاکورتێ شادی دەکرد و پێی خۆش بوو. پێشی خۆش بوو ئەم هەستە تازەی کە لە ناخیدا بڵێسەی دەکێشا، تاقی بکاتەوە. چووە دەرێ!

هاجەر و عەلی گەناو بە تەنیا مانەوە. تەنیا کەوتن. هاجەر، لە جێی خۆی وشک بوو. لە بن دیواری وەجاخەکە چرکەی لێبڕا. پاشان ناچار بوو خۆی دەرباز کا. لە پڕ ترسە شاراوەکەی بوو بە خۆف. چوو خۆی لە کولێنەکە بشارێتەوە، بەڵام ترساو گەڕاوە. عەلی گەناو پێکەنی. پاروو لە دەمیدا وشک بووبوو. نەیدەزانی چی بڵێ و چی بکا. بەو ڕادەیەی ترس هاجەری داگرتبوو، دڵەخورپەش عەلی گەناوی تەزاندبوو. وشک و بێئیختیار. تازە خەریک بوو تێدەگەیشت ئەگەر چوار وشەی بزانیبایە قسە بکا، باش دەبوو. لانیکەم ئەگەر لاڵ نەبوایە! بەڵام ئێستا تەنیا لەشی ئامادەی ڕاپەڕین بوو. تیرێکی سەر ژێ، پەلەپیتکەیەکی دەوێ، دەنا ڕەنگە هەروا بمێنێتەوە!

دەروویەکی کە هاجەر بۆی دەگەڕا، دەرەوەی ماڵێ بوو. دەبوو دەرپەڕێ بۆ کۆڵان. دەرپەڕی. عەلی گەناو کچەکەی بە حەواوە گرتەوە و کێشایە بن دیوارەکە.



جۆرێ کە دەتگوت دەیهەوێ بیشارێتەوە. لەوە نەدەچوو بیهەوێ ماچی بکا، بەڵام هاجەر لە باوەشیدا کەوتبووە باڵەپڕژێ. هیچی نەدەگوت. تەنیا لاقە فرتێ. دەتگوت دەمی لاک و مۆر کراوە. عەلی گەناویش هیچی نەدەگوت. کچەی لە نێو دەستە بەهێزەکانیدا یەخسیر کردبوو. خۆشی نەیدەزانی کە هاجەری هەڵێناوە و بە دیوارییەوە نووساندووە؛ بە جۆرێک کە لاقە وردیلەکانی هاجەر بە حەواوە دەتگوت چۆلەکەی سەربڕاون. دەنگی کۆخەی مێرگان. کەوایە دوور نەکەوتبۆوە. وادیارە لە پەنا درگاکە خۆی مات کردبوو. ڕەنگە ویستبێتی کچەکەی و زاوای داهاتووی هەڵسەنگێنێ! هەر چییەک بوو، بە بیستنی کۆخەی مێرگان، عەلی گەناو دەستی شل بۆوە و هاجەر پشت بە سووچی دیوارەکەوە دانیشتە سەر عەرزی و لە پڕ دای لە قوڵپەی گریان. عەلی گەناو هەستی کرد تەواوی لەشی کەوتۆتە سەر ئارەقە. بە لۆی عەباکەی ناوچاوانی سڕی و سەری داخست و بە پەنا شانی مێرگاندا کە خەریک بوو دەهاتە ژوورێ، دەرپەڕییە دەرێ.

مێرگان ویستی خۆی لێ گێل کا. نە بای هاتووە نە بۆران. بەڵام تێگەیشت کە کچەکەی باوەڕی بەو خۆ گێل کردنەی نەکردووە. هاجەر هێشتا بەو پلەیەی عازەبی نەگەیشتبوو کە لەگەڵ دایکی بە زمانێکی نهێنی بگا. ئاخەر لە نێوان کچی عازەب و دایکیدا، هەمیشە شتگەلێک هەیە بە بێ درکاندنی تێیدەگەن. ئەگەرچی مێرگان دەیتوانی دایکێکی وابێ؛ بەڵام هاجەر هێشتا بەو جێیە نەگەیشتبوو. ئەو منداڵە دەگریا و بە ترسێکەوە کە هێشتا لە زمان و نیگای دابوو گلەیی لە دایکی دەکرد:

ـ ئەو... گرتمی... لەپڕدا گرتمی! خەریک بوو دەستم بشکێنێ!

مێرگان نەرم و هێدی لەپەنا کچەکەی دانیشت:

ـ عەلی ئیتر دەزگیرانتە. جەرگەکەم. چوار ڕۆژی دیکە دەبێتە مێردت. مەحرەمی تۆیە. تازە ناوی بە سەرتەوەیە. نابێ لێی بترسی. وردە وردە عادەت پێک دەکەن!

ـ دەترسم! من دەترسم. بە خودا زۆر دەترسم.

مێرگان دەستی بە قژی کچەکەیدا هێناو گوتی:

ـ ترسی ناوێ کچەکەم. بۆدەترسی؟ هەموو کچێک دەبێ شوو بکا. هەموو پیاوێکیش دەبێ ژن بێنێ. ئیتر ترسی چی؟!

هاجەر بە گریانێکەوە کە دەتگوت ژێربوونەوەی نییە، گوتی:

ـ زەبەلاحە، زور زەبەلاحە. لە من زیادە. جیق و فیقم دەردێنێ.

ـ عادەت دەکەی کچەکەم؛ عادەت دەکەی. زەبەلاحی بۆ پیاو عەیب نییە! پیاو دەبێ ئێسک ئەستوور و بەخۆوە بێ. نابێ ڕیوەڵە بێ!

ـ دەترسم. من دەترسم. بە خودا دەترسم!

ـ ئێستا هەوەڵتە، هەروا نابی، عادەت دەکەی!

ـ نا! من نایکەم. من شووی پێناکەم، شووی پێناکەم!

ـ باشە ئیتر؛ قوڵە فیتنە! ئەی دەتەوێ هەر وەرهەمی دڵم بی و سەرم بخۆی؟! مەگین بەخت و یەغباڵ چەن جار لە درگای مرۆڤ دەدا؟!

ئیتر لەوە زیاتر مەتوڵێوە! خۆ بە دەست تۆ نییە پێتخۆشبێ یا پێتناخۆشبێ، حاڵی بووی؟ خۆ بە خۆشی خۆت نییە. نەکا بتەوێ شازادەیەکی سوار چاک لە پشت کێوی قافەوە بێ و بتخوازێ؟! پیاوێک بەو چاکییە، چوار پەلی ساغە. نانی هەیە. ئاتاجی کەس نییە. بێکارە و خوێڕیش نییە. ئیتر چیت دەوێ؟ ئەوە خاڵیشت پێی باشە.

مێرگان تووڕە بووبوو. هاجەر دەلەرزی. دوای ڕۆیشتنی سلووچ، مێرگان هێشتا ئاوا بەسەر هاجەردا نەیگوڕاندبوو. هاجەر دەپاڕاوە:

ـ مەمدە بە عەلی گەناو، دایە!

ـ ئەی بتدەم بە کێ؟! نەکا دڵت بەو خوێڕیی لە برسا مردووی مەستەوە بێ، هەتیوەکەی سەنەم؟

ـ نە بە خودا!

ـ ئەی چی؟

ـ لانیکەم یەک، دوو ساڵی دیکە... ناکرێ یەک، دوو ساڵی دیکە ڕاوەستین؟

ـ یەک، دوو ساڵی دیکە؟! لە کوێم بوو بتدەمێ بیخۆی؟ باوکت زۆری ماڵ و میرات بۆ بەجێهێشتووین؟ نابینی توێخم چووە، چەرمەسەرێی دنیا دەکێشم، هێشتا ناتوانم ژەمێک تێرتان کەم؟

ـ باشە.. باشە، من بڵێم چی؟ چبکەم؟ تاوانی من...



ـ تاوانی تۆ ئەوەیە گوێ ناگری، حاڵی نابی؛ هەڵەشە و سەرەڕۆی. خۆ تۆنۆبەرەکەی نیت! بە چاوی خۆم دیومە کچی هەشت ساڵانەیان دا بە کەربلایی غوڵامی وشترەوان. هەشت ساڵان بوو؛ ئێستاش ئەوە شەش کوڕیلەی خستۆتەوە. باڵای هەتا سەر شانی تۆش نەدەهات!

هاجەر بە دژواری گوتی:

ـ دەتهەوێ لە کۆڵ خۆتم کەیتەوە، دەنا...

ـ دەنا چی؟ دەمکردی بە تاج و لە سەرم دەکردی؟!

ـ نا! نا! ئاخەر من... من خۆ هێشتا... هین نەبووم!

ـ چی نەبووی؟ کچ لە نۆ ساڵان باڵغ دەبێ. تۆش باڵغ بووی. خەریکە پێ دەنێیتە سێزدە ساڵەوە. ئیتر دەڵێی چی؟ مێردێ بەو جوانییە. لەوە چاکترت لە کوێ وەگیر دەکەوێ؟ پیاوی چاکە.

ـ ئاخەر ژنی هەیە!

ـ ژن! ئەو ژنە چوار ڕۆژیکە دەمرێ. ئەوە تازە ژن نییە! نەتدیوە؟ دوو کوتە یەسقانە. چارەڕەشە دەنگی لە قەبرەوە دێ، لەو ڕۆژەوە بردوویانە بۆ خەستەخانە هەتا ئەمڕۆ نیوەی ماوەتەوە. بۆ لەوە پێشیش چی بوو؟ هەمبانەی خەم! ڕوقیا کێ گۆشتی بە لەشییەوە دیوە؟!

هاجەر لە پڕێکدا دەرپەڕی و قیژاندی:

ـ بۆ بە زۆرە؟ نایکەم... من هەر شوو ناکەم.

ـ نایکەی؟! دێڵە قەرەچی، تۆ بە زمانی خۆش حاڵی نابی؟ داغت دەکەم، چەتیوە حەرامزادە!

مێرگان وەک شێت هەستا و خۆیدا بە سەر کچەکەیدا، قژی نەرمی کچۆڵەی لە دەستی هاڵاند، بە مشت لە شان و سەر و سەگوتی بەر بوو. رق ئاراو قارای لێهەڵگرتبوو. خۆشی نەیدەزانی چ دەکا. تەنیا لێیدەدا و کچە خەریک بوو هەناسەی لێدەبڕا، کە مێرگان لە سەری هەستاوە. لە قوژبنێک دانیشت و بە مشت لە سەر و سەگوتی خۆی بەربوو. تووک و نزای لە خۆی دەکرد و هۆڕەهۆڕی گریانەکەی لەگەڵ گریانی هاجەر ئاوێتە بوو. هاجەر لەجێی خۆی سەری نابووە عەرزەکە و

هەنیسکی دەدا و دەگریا. مێرگان چاوی لە کچەکەی دەکرد و مۆچڕک بە دڵ و هەناویدا دەهات. بێجگە لە گریان نەیدەتوانی هیچ کارێکی دیکە بکا. حاڵ و باڵی هاجەر، مێرگانی وەک عازیەتبار لێکردبوو. نەیدەزانی چبکا بۆ ئاشتکردنەوەی کچەکەی. کارێک، دەبوو کارێک بکا. بەڵام هیچی پێنەدەکرا. تەنیا مشت بە سەر و چاوی خۆدا دان و دۆعا و نزا لە خۆ کردنی پێدەکرا. مەگین ماندوو بوون دەستی پێهەڵگرتایە. کەوایە، گریان و دۆعا و نزا. گریانی بێ بڕانەوەی مێرگان، هاجەری وەخۆ هێناوە کە چاوێ لە دایکی بکا. چاوە فرمێسکاوییەکانی مێرگانی دی. هاجەر لەشی لاواز و کوتراوی بۆ لای دایکی بکێش کرد. مێرگان لە ئامێزی گرت و سەری نا بە سینگییەوە و بە گریانێکی ژاناوییەوە گوتی:

ـ قوڕ بە سەرم...

نەیتوانی قسەکەی تەواو کا. گریان نەیهێشت. هاجەر پاڕاوە:

ـ مەگری، مەگری. هەرچی تۆ بڵێی بە قسەت دەکەم. تۆ خوا مەگری، دایە...

ترپەی پێیەک دایک و گچەی لێک هەڵبڕی. مراد بوو. کوڕی سەنەم. لەبەر درگا ڕاوەستا و گوتی:

ـ هاتووم بە دوای عەباسدا!

ـ عەباس چووە بۆ وشتر لەوەڕاندن.

مراد گوتی:

ـ خەریکین وەڕێدەکەوین. کوڕەکان بڕیاریان داوە ئەمساڵ بچن بۆ (گونبەد). گوتم ئەگەر عەباسیش دێ سبەینێ شەو بێ بۆ ماڵی ئێمە، کوڕەکانی تریش دێن کە...

مێرگان هیچی نەگوت. لەتە کەرپووچێک لە گەروویدا گیری کردبوو. کوڕی سەنەم ڕانەوەستا. وەرسووڕا و ڕۆیشت. مێرگان چاوی لەکچەکەی کرد. هاجەر لە سووچێک خۆی شاردبۆوە. مێرگان هەستا، تەلیس و گسک و تەنەکە و تەشتۆکەی سواخی کارەکەی هەڵگرت و لە درگاکە چووە دەرێ و بە هاجەری گوت:

ـ هەستە با بڕۆین بەلای کارەکەمانەوە، ئەوە قاوەڵتوونە!



کاری ئەمڕۆی مێرگان سپی کردنەوەی وەتاغی پڵاو خواردنی زەبیحوڵڵای برازای کەربەلایی دووشەممە بوو؛ سەرەتا دەبوو دیوارەکان تۆزتەکێن بکەن.

مێرگان دەستی بە کار کرد. چارشێوەکەی لەسەری کردەوە، لکەی لەچکەکەی بە بەر دەمیدا هەڵدا، گسکەکەی لە هاجەر وەرگرت و لە سووچی درگاکەوە دەستی پێکرد. گسکەکەی بە هەر لایەکدا دێنا، خاوێن دەبۆوە و تویژێک تۆز و خۆڵ لە بن دیوارەکە دەکەوت. مێرگان وەک هەمیشە بەسەر کارەکەیدا زاڵ بوو. کار لە دەستیدا وەک مێو وابوو. نەک هەر لەبەر ناچاری، لە جەوهەرێکیش کە بوو، دەیتوانی هەموو کارێک بە جوانی جێبەجێ بکا. بۆیە کارە جۆراو جۆرەکانی زەمینج بە شێوەیەکی سروشتی کەوتبووە سەر شانی مێرگان:

«پوورە مێرگان! وەرە هەویرەکەمان بۆ بشێلە»

«پوورە مێرگان! سەرەخۆشیمان هەیە، دایکم دەیگوت بێ بۆ چایی تێکردن. »

«پوورە مێرگان! زەماوەندی براکەمە... »

«پوورە مێرگان! عازیەتیی باوەکەلانمە... »

«پوورە مێرگان! وەرە لێفەکانمان بۆ هەڵوەشێنە. »

«پوورە مێرگان! دایکی میرزا نەخۆشە... بە دوای تۆدا دەگەڕان. »

«پوورە مێرگان! گۆزە ئاوێک بۆ خەتەنەسووران... »

«پوورە مێرگان!»

پوورە مێرگان!»

مێرگان وردە وردە خەریک بوو دەبووە ژنی خەڵک، خوشکی خەڵک. کە دەستی دەکرد بە کارێک وا بە دڵ تێوە دەچوو، شتێکی وەک ڕێز و حورمەت و ترس دەخستە دڵی خاوەن ماڵ و خاوەن کارەوە. نەکەس لە خۆی ڕادەدی فەرمانی پێبدا، نە ئەویش لە کارەکەیدا ئەو ڕێگایەی بۆ کەس دەهێشتەوە. ڕەنگە هێندێک لە ژنان، وەک موسلیمەی کچی حاجی سالم دەیانویست بە چاوی کڵفەت لە مێرگان بڕوانن. بەڵام مێرگان ـلانیکەم ئێستاـ گوێی بەو شتانە نەدەدا. سەرورووخۆشیی ئەو لەگەڵ مەرایی و خۆشئامایی جیاواز بوو. ڕوو خۆشی مێرگان لە کاتی کاردا، لەبەر دڵی خاوەن کارەکەی نەبوو؛ بەڵکوو بۆ بە چۆکدا هێنانی کارەکەی بوو. مێرگان لەوە

گەیشتبوو ئەگەر لە کاتی کاردا ڕوو ترش و دڵمردوو بێ، هێزی لێدەبڕێ و کار بەسەر ئەودا زاڵ دەبێ. هەر بۆیە بە ڕوو خۆشی و دڵفراوانی ئاوقای کار دەبوو. سروشتی کار ئەوەیە، دەیەوێ لە عەرزت بدا، هێزت لێببڕێ. ئەوە تۆی نابێ لە پێ بکەوی. نابێ ببەزی. مێرگانیش نەیدەویست. نەیدەویست خۆی بە دەست کارەوە زەلیل ببینێ. مێرگان کاری دەدوورییەوە:

ـ تەنەکە و گۆنییەکە بێنە کچێ!

هاجەر گسکەکەی لە دایکی وەرگرت و چوو ئاو و گۆنییەکە بێنێ. مێرگان لەچکەکەی لەبەر دەم و لووتی کردەوە، سەری لە چوارچێوەی درگاکە بردە دەرێ و تۆز و خۆڵی گەرووی تف کردەوە. خۆڵ هەموو وەتاغەکەی پڕ کردبوو. برژۆڵ و برۆ و تای بسکی کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرێ تویژێکی تۆز لێنیشتبوو. بێخی ددان و کونە لووتی پڕ بووبوو لە تەپ و تۆز. هەستی دەکرد خەریکە توورە دەبێ. گوراندی:

ـ هاجەر!... چووی لە حەوزی زەمزەم ئاو بێنی؟!

ـ کچە دەسکی تەنەکەی بە هەر دوو دەستی گرتبوو و بە زەحمەت دەیهێنا پێشێ. مێرگان چووە دەرێ، تەنەکە ئاوەکەی لە کچەکەی وەرگرت و بردییە وەتاغ و بەر لە هەموو شتێ دەستی لە ئاوەکە هەڵکێشا. بە مشت ئاوی دەپرژاند. بۆ ئەوەی تەپو تۆزەکەی دامرکێ. دوای ئەوە نۆرەی ئاو پرژاندن لە میچ و دیوارەکان بوو. دەبوو بە قاپێک ئەو کارە بکا. هاجەر دەست بەکار بوو. بەڵام مێرگان کارەکەی هاجەری بە دڵ نەبوو. قاپەکەی لە دەست هاجەر ساند و خۆی دەستی بە ئاوپرژێن کرد. ئاوپرژێن لەگەڵ ئەوەی تۆز و خۆڵی بەجێماوی سەر دارو دیوارەکەی هەڵدەمژی، و ئامادەشی دەکرد بۆ کاری سپیکردنەوە و گسکە سواخ. یانی بنمیچ و دیوارەکانی ئامادە دەکرد بۆ ئەوە چاکتر شیلەی قوڕاوەکە لەخۆ بگرێ.

زارای خوشکی زەبیح کە پیرە کچێکی ترشاو بوو، قۆرییەکی چایی هێنا، چاوە زەقەکانی لە مێرگان بڕی و گوتی:

ـ ئەگەر بەیانی چاییت نەخواردووە، وەرە چاییەک بخۆوە!



مێرگان دوایین قاپە ئاوی لە دیواری ویشک پرژاند و گوتی:

ـ بەیانی چاییم خواردووە؛ ئێستاش قۆری و پیاڵەکان لەو بن دیوارە دانێ، دەخۆین!

زارا قۆری و پیاڵەکانی لە بن دیوارەکە دانا، لە بنەوە بۆڵاندی؟ پاشەڵە قەڵەوەکەی بادا و لەبەر چاوی مێرگان دوور کەوتەوە.

مێرگان چاوێکی لە کچەکەی کرد و گوتی:

ـ گولی بەخیل! ئاخری لە بەخیلیدا دەدڕێ! بەخیلی بە دڕکی بیابانیش دەبا. چونکە زۆر جوانە؟!

هاجەر پرسیی:

ـ قوڕەکە بگرینەوە؟

ـ جارێ نا. ڕاوەستە با قۆرییە چاییەکە بخۆینەوە و داخ بنێینە سەر دڵی؛ پاشان!

قۆری و پیاڵەکانیان بردە وەتاغ و دانیشتن. پیاڵە لە دوای پیاڵە. هەر قومە چاییەک کینایەیەکی لەگەڵ بوو و لەگەڵ هەر کینایەیەکیش قاقای مێرگان بەرز دەبۆوە. مێرگان هەستی دەکرد کە بە خواردنەوەی هەر چاییەک دەرزییەک لە دڵی زارای خوشکی زەبیح هەڵدەچەقێ. ئاخری زارا تاقەتی نەهێنا، سەری بە وتاخەکەدا کرد و گوتی:

ـ ئەم چایی خواردنەوەی ئێوە تەواو نەبوو؟!

مێرگان گوتی:

ـ وەرە لایبە! بنی قۆرییەکە چاییی تیا ماوە هێشتا، ئەوەش خۆت بیخۆوە!

زارا قۆری و پیاڵەکانی بردە دەرێ و شیڕاندی:

ـ دەڵێی لە قات و قڕییەوە هاتوون!

مێرگان لاسایی کردەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ با ئەوێت بسووتێ!

هاجەر زۆر کەم دایکی ئاوا شاد و بە کەیف دیتبوو. لە دڵ خۆیدا ئەو شادییەی دایکی بەهۆی کارەکەیەوە بوو، چونکە بەرەو نەورۆز بوو مێرگان چاوی بە پارە دەکەوت و جرینگەی قەرەپووڵی لە توورەکەکەیدا دەبیست، کە بە پەتێکەوە لە ملی

کردبوو. هاجەر بیری لەوە نەدەکردەوە کە هێشتا خوێنی جحێڵی لە دەماری دایکیدا لە گەڕیاندایە. ئەگەرچی مێرگان ڕواڵەتی پیر دیار بوو، بەلام لە ناخەوە وا نەبوو. ژن لەتەمەنی مێرگاندا ئەگەر ئەم هەموو چەرمەسەریێ و دیق مەرگییەی ئەوی نەبێ، تازە جەنگەی ژنیەتی دەبێ. بەلام مخابن؛ هێندێ کەس زووتر لە سروشتیان پیر دەبن. مێرگانیش یەکێ لەوانە بوو. بەلام نابێ بڕوا بکەین کە جحێڵایەتی بەر لە کاتی خۆی، لەو جۆرە کەسانەدا دەمرێ. نا؛ لاوێتی خۆی دەشارێتەوە و دەمێنێتەوە. وەک شتێک کە شەرمەزار بووبێ، لە ڕەهەندە پێچەلاو پووچەکانی ڕۆحدا خۆی حەشار دەدا. ڕووی خۆی وەدەر ناخا، دەنا هەیە. دەمێنێ و دایمە لە بۆسەدایە و چاوەڕوانی دەرفەتە. هەلێکی لەباری دەوێ بۆ ئەوەی خۆی دەرخا. چاوەڕێیە هەر کاتێ ڕۆژگار پەچەی مۆن لە ڕوخساری مرۆڤ لادا لاوێتیش بلێسە دەستێنێ و پەچەی ڕەش هەڵدەقرچێنێ. لاوێتی ئیتر مەودا بە پەژارە و کەسەرباری نادا. شۆڕش دەکا. شۆڕش هەموو شتێک پێکدا دەدا. چیمەنتۆ دەقەڵەشێنێ. هەموو ئەو دیوارانەی لە دەوری ڕۆح بوونەتە پەرژین، تێکی دەڕووخێنێ و کاولی دەکا!

بەو هۆیەوە بوو مێرگان جارجار لە کاتی کاردا پەلەپیتکەی لێدەدا و جارجار حیندرحۆی دەکرد و وەک تازە بووکێکی دڵخۆش لەگەڵ کچەکەی گاڵتە و گەپی دەکرد. هەر ئەوە مێرگانی والێدەکرد لە کاتی کار کردندا گۆرانی بڵێ و لە گۆرانییەکانیدا هۆنراوەی ئەویندارانەی دەچڕی. بۆ دەبێ ئەوین حەتمەن ئاشکراو ڕواڵەتی بێ کە هەقی ئاشق بوون بە مرۆڤ بدا. جاری وایە عەشق ونە، بەلام هەیە. هەیە، چونکە نییە. بۆ عەشق چییە؟ ئەوەی کە ئاشکرایە؟ نا؛ عەشق ئەگەر ئاشکرا بوو ئیتر عەشق نییە. ماریفەتە. ئەوین لەولایەنەوە هەیە، کە نییە. دیار نییە و هەست پێدەکرێ. ڕاتدەچڵەکێنێ. دەتشڵەژێنێ. دەتخاتە هەلەکە سەماو حەلوا. دەتگریێنێ. هەڵتدەچۆقێنێ. دەتگوتی و دەتڕەتێنێ. دەتکاتە شێتی دەشت و کۆ. !

جاری وایە مرۆڤ؛ خۆی ئەوینە. بوونی ئەوینە. ڕەوت و ڕوانینی ئەوینە. دەست و دڵی ئەوینە. ئەوینت تێدا هەڵدەقولێ، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی بزانی. بێ ئەوەی بزانی لە کوێوە تێیدا پەیدا بووە و ڕوواوە. ڕەنگە پێشت خۆش نەبێ. ڕەنگە پێتخۆشبێ و نەزانی. نەتوانی بزانی. ئەوین هێندێ جار هەر ئەو یادە کەمرەنگەی



سلووچە و دەستە قوڕاوییەکانی تۆ کە دیوارێک شیلە سواخ دەکەی. ئەوین، مێرگان خۆیەتی! دیار و نادیارە، ئەوین جاری وایە بە شادی دەتبزوێنێ و جاری وایە بە ژان دەتخاتە چاڵەوە. ئێستا سلووچ لە کوێیە؟ ئەوە چاڵێکە کە تۆ تێی دەکەوی؛ چاڵێک کە مێرگان دەکەوێتە ناوی. سلووچ لە کوێیە؟ مانگی نەوڕۆز، جێژن، وەختێک خەڵک لە هەر تیرە و ڕەگەزێک، خۆیان دەگەیەننەوە ماڵێ و لەگەڵ ئەوپەڕی دەستەنگی و نەداریش لەسەر سفرەی حەوسین دادەنیشن و هەوڵ دەدەن تاوێک خۆ لە ژیان بدزنەوە؛ سلووچ لە کوێیە؟ ئێستا دەبێ لە کوێ بێ؟ لە پێدەشتەکانی شاهڕوود؟ کانە خەڵۆز چی لە سلووچ دەکا؟! سلووچ بە ڕاستی بڵێی لە کانەخەڵۆزی شاهڕوود بێ؟

مێرگان براکەی خۆی چاک دەناسی. مەولا ئەمان سەد چەقۆی دروست دەکرد یەکیانی دەسک نەدەکرد. لەوانەیە هەر بۆ دڵخۆشیی مێرگان درۆیەکی سازاندبێ. خووخدەی مەولا ئەمان وابوو. نەیدەتوانی لە هەوای خەماویدا هەناسە هەڵکێشێ. ئەو لەو کەسانە بوو کە خەڵک ناویان ناون: سەر قۆزی بن ئالۆز! ڕەنگە نەیویستبێ ئەو تاقە شەوە کە لەسەر سفرەی خوشکی دانیشتووە، ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرێ و دڵسۆزیی بێهوودە بکا. ڕەنگە ویستبێتی هەناسەیەکی تازە بە بەر ئەو ماڵە کڕ و کپەدا بکا.

«بەلام سلووچ ئێستا لە کوێیە؟!»

ـ خاتوو مێرگان؛ ماندوو نەبی!

کەربەلایی دووشەممە بوو. مامی زارا و زبیحوڵلا. کورتە بالا و شان و مل پان لە نێو چوار چێوەی درگاکەدا ڕاوەستابوو و دەستی بە دیوارەکەوە گرتبوو. قەلادەی بەرخەکەی بە دەستەوە بوو و بزەیەکی پڕ لە ڕەزایەت لۆچی خستبووە دەموچاوی. مێرگان دەنگی کەربەلایی دووشەممەی ناسی و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە نەک بە قەستی. چاکوخۆشیی لەگەڵ کرد. کەربەلایی دووشەممە چووە ژووری و دەستی نا پشت قوونی و چاوی بە بنمیچ و دیوارەکاندا گێڕا و گوتی:

ـ بەڕاستی دەستت خۆش بێ! نەمدیوە؛ ژنی ئاوا ئازا و کار جوانم نەدیوە. ئافەرم... ملم شکێ، ژنەکەم دەتگوت بلوورە بە دەستی خۆم شکاندم!...

ئافەرم مێرگان!

دەنگی کەربەلایی دووشەممە نەرم و لە سەرەخۆ بوو. بە لەبزێکی ئاوێتە لەگەڵ جۆرێ خۆ گرتن و کاملێ. لە زایەڵەی دەنگی کەربەلایی دووشەممەدا، بە بڕوای خۆی، شتێک زۆر زوو خۆی دەنواند. ئەویش پۆز و هەوای خۆی و قەوموقیلەکانی بوو. جۆرێک هەوای تایەفەگەریی پێوە دیار بوو. خزم و کەسەکانی کەربەلایی دووشەممە هەموویان وا بوون. ئەگەر برسییەتی هەناسەشی لێ ببڕیایەن، دیسان ئەو هەوا و دەمارە خۆ بەزل زانینەی لە قسەو کردەوەیاندا کە بێ ئیختیار دەبووە هۆی سووکایەتی کردن بە خەڵک، لە بیریان نەدەچۆوە. ژن و پیاویان وابوون. قسە ڕەق و ڕوو شکێن. دەتگوت هەرکامیان دەمامکێکیان لە پۆز و هەوا لە ڕووی خۆیان داوە، بۆ ئەوەی ئاکار و کردەوەیانی تێڕێژن.

مێرگان ئەو خووخدەیەی تایەفەی دووشەممەی چاک دەناسی. بۆیە لە کاتی باوەڕ کردن بە ئافەرینە زمانییەی کەربەلایی دووشەممە، ژار و کینایەی وتەکانی ئەوی ـکە بێ ئیختیار لە دەمی دەردەپەڕی- هەست پێدەکرد، بەڵام گوێی نەدەدایە. بۆ مێرگان ئەو شتانە ئیتر خەریک بوو دەسوا. مێرگان هەستی دەکرد، خووی ژیشکی گرتووە، بۆیە هەرکات گەزارەی هێرشێک تاوی دەدایە، سەری دەبردەوە ژوورێ و دەبووە یەکپارچە دڕوو. جۆرێ کە هیچ زیندەوەرێک نەتوانێ کاری تێبکا. دەتگوت چەن جۆر مرۆڤ لە ناخی مێرگاندا هەنتەشیان هەیە، هەرکات پێویست بوایە یەکیان خۆی نیشان دەدا و لەگەڵ دەرەوەی بەرەو ڕوو دەبوو. ئێستاش مێرگان ئەو ژیشکە بوو. هیچکام لەو مرۆڤانەی ناخی نەیاندەویست کەربەلایی دووشەممە بەهەند بگرن:

ـ «بە گۆڕی بابییەوە! کاری خۆم دەکەم و کرێی خۆم وەردەگرم!»

بەڵام کەربەلایی دووشەممە دەستبەردار نەبوو:

ـ بیستوومە بە خێر و خۆشی کچەکەشت خەریکە دەدەی بە شوو، !

ـ ئەی چی... بزانین خودا چمان لێدەکا.



ـ خودا خێری دەوێ. لە کاری خێردا، خودا هیچ بەرگێڕەوەیەک ناهێنێتە پێشێ. ماشەڵڵا چاکیش باڵای کردووە!

ـ چاوی باوکانەی ئێوەیە، کەربەلایی، هاجەر قەرەواشی تۆیە.

کەربەلایی دووشەممە وەرسووڕا. خولێکی لێدا بە دەوری خۆیدا و لە شوێنێک دەگەڕا لێی دانیشێ. جێیەک غەیری بەر درگاکە نەبوو. شاقەلی عەباکەی هەڵداوە و قونی نا عەرزەکە، شانی نا بە دیوارەکەوە و تەزبێحەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. دەنکی وردی تەزبێحەکەی بە قامکە قوڵ و ئەستوورەکانی دەگێڕا. بەرخەکەی لێی نزیک بوو بۆوە. دراوێی سەر شانی عەباکەی دەجاوی.

پرسیی:

ـ زارا خواردەمەنیی بۆ هێنان؟

ـ بەڵێ کەربەلایی، چایی هێنا.

کەربەلایی دووشەممە دوو دەنکی مێوژ لە بنی گیرفانی دەرهێنا، خستییە سەر زمانی و گوتی:

ـ کوڕەکان خۆ قسەکانی منیان پێ ڕاگەیاندی. خاتوو مێرگان! گوتم ئەگەر هاتوو گرفتێکتان بوو پێم بڵێن. شتێکم لە دەست دێ، لەگەڵیشت پێک دێم. وەکوو خەڵکیت لەگەڵ حیساب ناکەم. زەمانەتیشم لە تۆ ناوێ. خۆت لای من سەد ئەشرەفیت نرخە.

ـ خودا لە گەورەییت کەم نەکا، کەربەلایی. زستان تێپەڕی شوکور.

ـ لە ڕوو دامەمێنە، وەلحاسڵ. ئەی ئەو بۆرەکە خوێڕییە، سلووچ خەبەرت لێی هەیە؟

ــ ئەرێ، بێ خەبەر نیم. لە ناوچەی شاهڕوود خەریکی کارە. کاری کانەخەڵووز.

ـ درۆیە! هەمووی درۆیە! گاڵتەت پێدەکەن. لە من دەبیستی، سلووچ تا ئێستا لەنێو چووە. ئەو ئەوەندە ورە و تاقەتی غەریبایەتیی نییە، ئەویش بە دەستی خاڵی و زستان. شێت بووە بۆرە پیاو. دەنا هیچ مرۆڤێکی ئاقڵ کاری وا ناکا! بەو زستانە! وڵاتی غەریبایەتی! من لە غەریبایەتی بووم. لە غەریبایەتی دیل بووم.

شەش ساڵی ڕەبەق. هەموو دەزانن. بەڵام بە ساخی گەڕانەوە کاری هەموو کەس نییە. دەبێ چەرمی فیل و تاقەتی مێرووڵەت هەبێ! ئەو قوڕ بەسەرەی مردە لۆخەیە، ئەگەر لێرەش بوایە، ئەوەندەی دەوام نەدێنا. وشک بووبوو داماوە. هێزی ڕۆیشتنی نەبوو. لاقی بە دوویدا نەدەهات!

ئەگەر دەمەتەقێ لێرەدا کۆتایی پێ بهاتبایە و کەربەلایی دووشەممە دەستبەردار بوایە و بڕۆیشتبایە بە دوای کاری خۆیدا، ڕەنگ بوو مێرگان خۆی بخواتەوە و وەڕووی خۆی نەهێنێ، بەڵام کەربەلایی دووشەممە دەستی هەڵنەدەگرت. دیواری نزمی وەگیر کەوتبوو. لە سەر خاکی ماڵی برازاکەی دانیشتبوو و قسەی دەدا بە گورچووی ژنێکدا کە دەستوپل و دەموچاو و قژ و شان و ملی لە قوڕە سپی هەڵکشابوو. بە جۆرێک کە دەتگوت دەیهەوێ زۆر مزیرانە دڵی مێرگان وە ژان خا. مێرگان لەو تەنگژەیەدا نەیدەزانی بڵێ چی. مەگین دەکرێ شتێ بڵێ؟ دەبێ، ئەگەر بتوانێ. بەڵام چۆن؟ گوتی:

- کەربەلایی؛ لە پشت سەری ڕۆیشتوو قسە کردن جوان نییە.

کەربەلایی دووشەممە بە زمانێکی تەڕ و تێکەڵ بە جۆرێک بێ شەرمی، گوتی:

- بڵێ لە پشت سەری مردوو!

مێرگان بە نەرمی و ژانێکی شاراوەوە گوتی:

- چ خراپەیەکت لە سلووچ دیوە، دەستی لە کۆڵ ناکەیەوە؟

- هیچ، هیچ. خراپەم لێ نەدیوە. خۆش حیساب بوو. ئێمە نەماندەزانی لە بیری ڕۆیشتن دایە. بەڵام ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنەکەی خۆی بە سالار عەبدوڵڵای ئێمەی گوت کە لە بری قەرزەکەی بچێ ئەو مس و مسینانە هەڵگرێ. وا نییە، زۆر خۆش حیساب بوو!

- دەباشە؛ ئەی بۆ بە خراپە باسی دەکەی؟

ـ دەتەوێ بە چاکە ناوی پیاوی وا بێنم؟ دەڵێم پیاو!! هە؛ ژنێکی جوان و جحێڵی بەجێهێشتووە و کەس نازانێ لە کوێیە؟ ها؟ بەلای کێوە ژن و منداڵی بەجێهێشتووە؟! بەچی بەڕێدەچن؟ بە بای خودا؟! کەسێکی ئاوا شیاوی چ ناوێکە؟ تۆ بڵێ شیاوی چ ناوێک نییە؟ هەر بە ڕاستی تۆ شتێک دەزانی؟ بڵێی بزانی؟



- چی؟

- ئەگەر پیاوێک چەن مانگ ژنەکەی بەجێبێڵێ و بڕوا و هەتا چەن مانگ کەس بە سەروشوێنی نەزانێ، ژنە بە بێوەژن دێتە ئەژمار؟ ڕاست وەک موسڵمان، ئەگەر هەتا چل ڕۆژ گۆشت نەخوا، کافر دەبێ. دەتزانی؟ ئەوەت دەزانی، ژنی موسڵمان؟ زەوی لەعنەت لە مرۆڤی بێ هاولف دەکا!

کەربەلایی دووشەممە خەشی خۆی ڕشتبوو. هەستا و گوتی:

- ئەوە زۆر گرینگە؛ حوکمی شەرع. لە ئێستاوە حاڵ و باڵی خۆت بزانە!

مێرگان بە حەبەسراوی چاوی لە قەڵافەتی چەپرەکی پیرە پیاوە بڕی و ورتەی لێوی نەهات.

کەربەلایی دووشەممە قەڵادە بەرخەکەی کێشا و ڕۆیشت. مێرگان وەک ئەوەی مێشکی شڵەقابێ، ماوەیەک لە جێی خۆی وشک بوو و پاشان بە تیژی گەڕاوە سەر کارەکەی و گوڕاندی بەسەر کچەکەیدا:

- بۆ وا تاساوی؟ ئاو بکە تەشتۆکەکەوە؛ خەریکە قوڕەکە توند دەبێتەوە!

هاجەر ڕاپەڕی و هەڵات.

جارێکیتر دایک و کچ لە کارەوە پێچرانەوە. بەڵام ئەمجارە مێرگان دڕکی لە دڵ چەقیبوو. دڵی هەڵدەکزا. کەربەلایی دووشەممە کیسەیەک ژاری کردبووە دڵی مێرگانەوە.

بەڕاستی مێرگان بوبووە بێوەژن؟ یانی ئیتر بە چاوی بێوەژن تەماشایان دەکرد؟ئیتر سلووچ بووبووە بێگانە لەگەڵی؟ کەوایە مەولا ئەمانیش لەبەر ئەوە خەبەری درۆی بۆ هێنابوو؟ ئەم هەموو قسە و خەیاڵانە ئاوێتە دەبوون و مێرگانیان جار لەگەڵ جار پتر دەهەژاند. خۆ مێرگان تا ئێستا بیری لەولایە نەکرد بۆوە. کەوایە سلووچ بەزمانی بێزمانی تەڵاقی دابوو. سەیرە!... بۆ؟ خۆ مێرگان هیچی لە سلووچ نەدەویست. ئەی بۆ بە حوکمی شەرع تەڵاقنامەکەی نەدابووە دەستی؟! نا؛ لەوانەیە کەربەلایی دووشەممە خۆی ئەو قسانەی پێکەوە نابێ! نا، وانابێ. مێرگان دەبوو بە تەنیا بچێت و فتوا وەرگرێ. بەڵام ئەموئەو چییان

دەگوت؟ مێرگان ئەگەر وەدوای کار و پرسیارێکی ئاوا بکەوتایە، هەزار قسەیان بۆ هەڵدەبەست. بۆ زمانی خەڵک گرێ دەدرێ:

«ژنەتیوە بێچاوورووە! مێردەکەی چوار ڕۆژە ڕۆیشتووە وەدوای پاروویەک نان کەوتووە بۆ منداڵەکانی، خێرا حەشەری بوو. بنیادەمی چۆن هەیە!»

ئەگەر شتی وایان بگوتایە کە دەیانگوت. بە بڕوای مێرگان هەق بوو. مێرگان خۆشی لە پشت سەری ئەو جۆرە ژنانە ئەو قسانەی دەکرد:

«ئاوری گرتووە و وەدوای کڵاوی شەرعی کەوتووە!»

ئەو کاتە مێرگان دەپووکایەوە. کوڕەکانی چییان دەگوت؟ کچەکەی؟!

بەڵام خۆ نەدەکرا گوێی خۆی لێ بخەوێنێ. دەبوو هەرچۆنێکە ڕوون بێتەوە. مێرگان هەقی بوو دڵەدوای خۆی بێ. تەنیا ڕێگایەک کە پێی شک دەهات ئەوە بوو کە شەوێک لەم شەوانەدا، دوای ئەوەی شەو زرینگاوە، بچێ بۆ ماڵی مەلای زەمینج. بەڵام نیوە شەو چۆن بچێ. بێتوو مەلاژن بزانێ، بێتوو بزانێ مێرگان بۆچی چووە، بەسیەتی. بۆ شارێک بەسبوو. قسە بکەوێتە زارێک، دەکەوێتە شارێک. ئەو قسە هەر لە دەمی مەلاژن دەرپەڕیبایە، هەزار دەروازەی تێدەپەڕاند. ئەی دەبوو چبکا؟

ـ تەشتۆکەکە پڕکە لە قوڕ کچێ!

مێرگان کاسەکەی لە دەست هاجەر وەرگرت، پەڵەی ڕەشی ژێر ڕفحەکەشی سپی کردەوە و دەستی لە کار کێشاوە. زۆر لە نیوەڕۆ تێنەپەڕیبوو. دوای ئێرە دەبێ بچێ ماڵی زاواکەی ئاغا مەلەک سپی بکاتەوە. کەلوپەلی کارەکەی بردە حەوشە و لەسەر جۆگەکەی لای دار سنجووەکە خەریکی دەست و دەموچاو شتن بوو. هاجەر ئاوی بە دەستی دایکیدا دەکرد. پاشان هاجەر لەسەر جۆگەکە هەڵترووشکا، کە دایکیشی ئاو بە دەستی ئەودا بکا. زارا لە مدبەقەکە هاتە دەرێ، بە لارەوە چوو بۆ لای مێرگان و گوتی:

ـ زبیحوڵڵا ڕایسپاردووم پێت بڵێم دوو دەستی ڕەنگ تێهەڵساوی، دەزانی خۆ، ئەو...

مێرگان کەلوپەلەکانی هەڵگرت و گوتی:



ـ پێی بڵێ ئەبراو دەنێرم بۆ هەقدەستەکەم، بیداتێ!

ئیتر ڕانەوەستا، لە دەرگاکە چووە دەرێ و بە هاجەری گوت هیچمان لەبیر نەچێ، ئەوەی ماوە کۆیکەوە و بیهێنە.

لە ماڵێ نان و چایی خواردن بە بێدەنگی تەواو بوو. بە نانی ئاوکراو زگ با دەکا، ئەگەر شەکەتیی کاریشی لەگەڵدا بێ، پیاو خەواڵوو دەکا. بەڵام مێرگان نەیدەهێشت خەو بە سەریدا زاڵ بێ. بەرلەوەی دەست و لاقی خاو بێتەوە، هەستاو کەلوپەلی کارەکەی هەڵگرت و هاجەری وەشوێن خۆی خست و بەرەوماڵی میرزا حەسەنی زاوای ئاغا مەلەک وەڕێکەوت.

تازە سفرەیان ڕاخستبوو. خوێنی تازەی پەزێک کە سەریان بڕیبوو، بە حەوزەکەوە مابوو. سالار عەبدوڵڵا و زبیحوڵڵا و میرزا حەسەن زاوای ئاغامەلەک لە گوێ حەوزە ساروجییەکە لەسەر پڵاسێک لەبەر خۆرەکە دانیشتبوون و ددانیان دەئاژنی. سالار عەبدوڵڵا وەک داهۆڵ پشتی بە دیوارەکەوە دابوو. لابەقنگ چۆکی هەڵدابوو و پشتە سەری بە دیوارەکەوە نابوو. دەستی چەپەی کردبووە کۆڵەکەی لەشی و لەگەڵ ئەوەشدا لەوانی دیکە کەڵەکەتتر دیار بوو. زبیحوڵڵا خریلە و تێک سمڕاو، دەتگوت کەربەلایی دووشەممەی مامییەتی. لە قەراغی پڵاسەکە چوارمێلکە دانیشتبوو و بە نێنۆخ قوڕی وشکەوەبووی دەرەلینگی پاتۆڵەکەی هەڵدەپریواند. زاواکەی ئاغامەلەک قوڵە بەگی لە شار لەوەڕاوی زەمینج هەستابوو بچێ دەورێک چایی بێنێ.

مێرگان بە پێی نەریت سڵاوی لە پیاوەکان کرد و ڕاست بەرەو وەتاغی پشتی هەیوانەکە ڕۆیی.

زاواکەی ئاغامەلەک تازە شووشەی ڕەنگینی لە دوو پەنجێرە چکۆلەکەی وەتاغ گرتبوو. وەتاغەکە خاوێن بوو دارو دیوارەکەی داماڵینی نەدەویست. تەنیا دەبوو دیوارەکانی ئاوپڕژێن بکرێ. هاجەر، شاگردێک کە تازە دەهات لە کاری خۆی شارەزابێ، سەتڵەکەی لە ئاوی حەوزەکە پڕ کرد و بردی. مێرگان دەستی کرد بە ئاوپڕژێن.

ـ بەو بەهارە ماشەڵڵا چاک وەکار کەوتووی، پوورە مێرگان!

دەنگی سالار عەبدوڵڵا بوو. هەر لەوێوە کە دانیشتبوو شیرین زمانی دەکرد. مێرگان هیچی نەگوت. لەوکاتەوە کە مێرگان بیستبووی زبیحوڵڵا و سالار عەبدوڵڵا و یەک، دوو کەسی دیکە ـڕەنگە زاواکەی ئاغامەلەکیش ـ خەریکن دەست بەسەر خوازەویدا دەگرن، چاوی بەرایی نەدەدا هیچیان ببینێ. چاوی لە چاوی هیچ کامیشیان نەدەکرد. بەڵام حیسابی کار و نان جیایە و حیسابی خۆشی و ناخۆشیش جیایە. هێندێ جار پیاو ناچارە بژیوی خۆی لە دەستی دوژمنەکەی وەرگرێ. دەستێ کە بۆ وەرگرتنی هەقدەست درێژ دەکرێ؛ هەر ئەو دەستە نییە کە بۆ یارمەتی وەرگرتن بەرز دەبێتەوە. ئەوەش ویستی ڕۆژگارە. هەر شتێک بە جێی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، مێرگان دڵی بڕوایی نەدەدا کە بە زمانێکی بەڕواڵەتی خۆش ـ جوابی سالار عەبدوڵڵا بداتەوە. بە پێویستی نەدەزانی.

«بەگۆڕی بابییەوە!»

خۆی بە کارەکەیەوە سەرقاڵ کرد. هەر ئەو ماوە کورتەی مێرگان دەستی لە ژێر بەردی سالار عەبدوڵڵادا نەبوو.

مێرگان گوێی لێبوو کە سالار عەبدوڵڵا باسی کڕینی تەڕاکتۆری دەکرد. بۆی دەرکەوت کە شەریکە سەرەکییەکانی تەڕاکتۆر، زبیحوڵڵا و زاواکەی ئاغامەلەک و کوێخا نەورۆزن. پاشان هاتنە سەر باسی ماتۆڕی ئاو و یەک خستنەوەی زەوییەکان. پاشان دەمەتەقێ کەوتە نێوانیان و مێرگان بە جوانی گوێی لێنەدەبوو. کەوایە خەیاڵ. هەتا ئەو جێیەی عەلی گەناو گوتبووی و مێرگان کەم و زۆر لەم و لەوی بیستبوو. قوڵە بەگەکان دەستیان دابووە دەستی یەک و دەیانویست ئەو کارە بەرەو پێش بەرن. بەشی کوێخاش لەو نێوەدا، جگە لەوەی کە بووی ـبەقسەی عەلی گەناو ـ دێمەکان، ئەو شوێنانەی ئاوی ماتۆڕی پێناگا، هەتا دوو ساڵ بە تەڕاکتۆر بیکێڵن. بەڵام مێرگان هێشتا بڕوای نەدەکرد کە ئەو کارەیان سەر بگرێ.

دەنگی زاواکەی ئاغامەلەک بەرز بۆوە:



ـ پڕۆژەکەیان قەبووڵ کرد. پستەکاری لەم وڵاتە نۆبەرەیە. ئەگەر بیگرێ، کە ئیشەڵڵا دەشیگرێ. ئەو وڵاتە لەم بارەوە دەخاتە ئەوبار. حیسابی بەرهەمەکەی، لە سەر کاغەز، هەشت ساڵ دواتر. بە خەڵوار دەبێ.

مێرگان خەبەری لە کارە شاراوەکان نەبوو، تەنیا بیستبووی کە مامی قودرەت پەڵە زەوییەکەی خۆی فرۆشتووە و بەجێی ئەو ـگوایەـ قەولی داوە لەسەر ماتۆڕی ئاوەکە کار دەکا. باوکی قودرەتیش کە ڕیشی لە بارمتەی کوێخا نەورۆزدا بوو. چونکە تریاکەکەی لە ئەو دەکڕی و ڕازی بووبوو کە پەڵە زەوییەکەی بفرۆشێ. بەڵام هێشتا، جگە لە مێرگان زۆر کەسی دیکە مابوون کە سالار عەبدوڵڵا و شەریکەکانی دەبوو لەگەڵی پێک بێن. لەو نێوەدا کوڕەکانی سەنەم لەسەر داوای سالار عەبدوڵڵا و زاواکەی ئاغامەلەک هاتبوون و ئێستا لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشتبوون. ئەسغەر غەزی بە ملی درێژ و شانە ڕەقەڵەکانییەوە، داڵگۆشت و خاڵ لەسەر چەنە؛ سەری داخستبوو، بە وردە خیزی سەر لەپی دەستی کایەی دەکرد، گوتی:

ـ نا، نا. من لێرە نیشتەجێم سالار گیان. من پیاوی کاری هەندەران نیم. من لە زەمینج دەمێنمەوە. هاوینانە خۆم بەو چەن بڕکە شووتییەوە سەرقاڵ دەکەم. دوو دەنک شووتی لێدەکەمەوە و دەممی پێ تەڕ دەکەم.

ـ بەجێی ئەوەش تریاکی دەرەجە یەک لە کوێخا نەورۆز وەردەگرم و پێت دەدەم، غەزی. قازانجی تۆ لەوەدایە؛ دەتوانی کاسپییەکی باشی لەسەر بکەی.

ـ نا! نا!، سالار گیان. تریاک بە نەغد لە کوێخا دەکڕم. گەرماوگەرم!

ـ ئەی بۆچی مراد ئەوەندە بە ڕژد و زەلیلی خۆی دەنوێنێ؟

مراد چاوێکی لە براکەی کرد. غەزی گوتی:

ـ حیسابی مراد جیاوازە، زبیحوڵڵا گیان. حیسابی من و مراد جیاوازە. مراد لە زەمینج نامێنێتەوە. دڵی بێرە خۆش نییە. ئەو دەیەوێ بڕوا. کرێی ماشێنی دەوێ. بەڵام من... من بە غەیری ئێرە کوێم هەیە بچم؟ من و دایکم خۆ ناتوانین وە دووی ئەو کەوین. مراد شوکور ساغە. دەتوانێ بە هەمووولایەکدا بڕوا. لاوە. لە هەر کوێ بکەوێ و هەستێتەوە هیچی لێنایە. بەڵام من بایەکی سارد لێمدا دەبێ

مانگێک لە جێدا بکەوم. دایکیشم لە من خراپتر. من و دایکم پەک کەوتەین. گردە نشینین. سالار گیان!

زبیحوڵڵا چاییەکەی لەبەر دەمی غەزی دانا و گوتی:

ـ بیخۆوە؛ دەمت وشک بووە! بۆ ئەوەندە دەکێشی پیاو؟! بوویەتە مۆدنە سیغار.

سالار ڕووی کردە زاواکەی ئاغامەلەک و گۆتی:

ـ باشە کرێ ماشێنی مراد دەبێ بدەی مەگین نا؟

زاواکەی ئاغامەلەک گوتی:

ـ دەیدەمێ. کرێکەی مراد دەدەم!

مراد بە غەزیی برای گوت:

ـ دەمم شل بوو هێندەم پێگوتی خەرجی ڕێگام دەیە با بڕۆم! بەشەکەی من بۆ تۆ، پاشان پارەکەشت دەدەمەوە. دەچم کار دەکەم و پارەکەت دەدەمەوە. هەر هیچ پاشەکەوت نەکەم، لانی کەم بەشی قەرزەکەی تۆ هەر پاشەکەوت دەکەم! تو هەر سەر سواڵکەری. براگیان! باشە ئێستا من چبکەم؟ خەرجی ڕێگام دەدەیتێ یان بەشەکەی خۆم بفرۆشم بەوانە؟

غەزی چاییەکەی هەڵقوڕاند و گوتی:

ـ هەر دەڵێی بدە! ملت دەڵێی تاجۆیە، بەڵام هەر دەتەوێ لە من بپچڕی.

ـ من دەمەوێ لە تۆ بپچڕم؟! گیسکە گولە؛ تۆ کێی من بمەوێ لێت بپچڕم؟! من لەباتی ئیجارەی بەشە زەوییەکەم کرێ ماشێنم دەوێ. لێم بپچڕی!!

ـ کام بەشە زەویی تۆ؟! بەشە زەوی، بەشە زەویت لە من داناوە! تۆ بە عومراتی خۆت پێمەڕەیەکت لەو زەوییە داوە؟ من ئەو زەوییەم داگیر کردووە، دەورەکەم بە چاڵووک و چرپی پەرژین کردووە. ئارەقەم لەسەر ڕشتووە. بە چلەی هاوین بژارم کردووە و برکە شووتیم تەکمیش کردووە هەتا توانیومە چوار دانە شووتییە کۆڵە بەرهەم بێنم. تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی؟ هەر بۆئەوە من و تۆ لە زگێک دەرپەڕیوین، پێت وایە ئەوەی هەمە بەشی تۆشی پێوەیە؟



ـ هەرچی تۆ هەتە؟! دا جارێکی دیکەی بڵێوە! نەکا لە ماڵی نەنکت هێنابێ! تۆ چیت هەیە؟! ئەوەی هەمە!!

چەند کەسی دیکەش لە ڕەشاییەکان هاتن. ئەسغەر غەزی بێدەنگ بوو. دیبووی کە ڕەگی ملی براکەی هەستاوە. ڕەشاییەکان باوکی قودرەتیشیان لەگەڵ بوو. عەلی گەناویش هاتبوو. حاجی سالم و موسلیمیش پەیدا بوون. سالار عەبدوڵڵا بە ڕەشاییەکانی گوت لەبن دیوارەکە دانیشن. مراد هەستا. غەزیش هەستا. میرزا حەسەنی زاوای ئاغامەلەک جزدانەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و مرادی بانگ کردە ئەولاوە:

ـ تۆ مەگین غەیری خەرجی ڕێگا شتێکی دیکەت دەوێ؟! من کرێ و خەرجی ڕێگات بە تەواوی دەدەم. ئیتر بۆ ئاڵەتی بووی؟!

مراد گوتی:

ـ جارێ. جارێ نا میرزاخان. دوایی... من... من...

تۆ کارت بە بەهەشت و دۆزەخەکەی نەبێ! پارەی خۆت وەرگرە و برۆ. من خۆم بە جۆرێک لەگەڵ غەزی دەسازێم. کلکی لە مشتماندایە!

مێرگان سەری لە درگاکە هێنا دەرێ و گوتی:

ـ هۆی... ئەسغەر غەزی؛ خەرجی ڕێی براکەت بدە با بڕوا، ئەگەر دەتەوێ زەوییەکەت نەفەوتێ!

غەزی کە لە دەم داڵانەکە بوو دەیویست بڕوا، ئاوڕی بۆلای مێرگان داوە، گوتی:

ـ ئەگەر دڵت بۆی دەسووتێ، خۆت بیدەیە! هەروەک کچەکەت کە دەتویست بیدەیەی!

ـ کەرەدێز! من لەبەر خۆت دەڵێم. زەوییەکەت لە کیس دەچێ، ئەو شەریکی تۆیە؛ بۆ بوویەتە کەری کەندەڵان!

ـ ڕێ و شوێنم بۆ مەکێشە تۆ! مراد شەریکی من نییە. ئەگەر پارەش لە میرزاخان وەرگرێ لەسەر خۆیەتی، لەبەر زەویی من نییە. هۆی خەڵکینە! ئێوە بەشایەد بن. مراد هیچ هەقێکی بەسەر زەویی منەوە نییە! مێرگان بەسەرو دەستی

قوڕاوییەوە لە هەویوانەکەوە خۆی گەیاندە حەوشەو وەدووی غەزی کەوت. غەزی ڕۆیشتبوو. گەڕاوە بۆ لای مراد و کێشایە ئەولاوە:

ـ ئەگەر مەبەستت خەرجی ڕێگایە، من دەتدەمێ. مەیفرۆشە!

ـ خەریکی چی بە گوێی کوڕی خەڵکدا هەڵدەخوێنی، مێرگان؟!

مێرگان بێ ئەوەی گوێ بە قسەی سالار عەبدوڵڵا بدا، ڕۆیی بۆ هەیوان و خۆی کرد بە وەتاغەکەدا. مراد بە دوای براکەیدا ڕۆیشت و شەریکەکان کەوتنە چەنەلێدان لەگەڵ ڕەشاییەکان. زاواکەی ئاغامەلەک ڕەزایەتنامەیەکی نووسیبوو نابوویە ژێر دۆشەکەکەی کە بە ڕەشاییەکانی واژۆ بکا. بەر لە هەموویان ڕەزایەتنامەکەی نیشانی حاجی سالم دا:

ـ خۆ من لە خوازەوی ملکم نییە!

ـ ئەوانی دیکەش نییانە حاجی گیان. مەبەست ڕەزایەتنامەیەکە لە خەڵکی گوندەکەی وەرگرین. ئێوەش ناهێڵین بێبەش بن. هەموو کەس دەتوانێ واژۆی کا، یان قامکی پێوەنێ. موسلیم؛ تۆش وەرە!

مێرگان سەرقاڵی کارەکەی بوو، هەستی بە دەنگەکان دەکرد. دەیبیست. هەموو دەنگەکانی لێک دەکردەوە: ناڕازی. بەگلەیی. مەرایی. ترساو. کەمتەرخەم و سەرسارد. ڕەشەییەکان یەکتریان ئاگادار کردبوو کە سالار عەبدوڵڵا و شەریکەکانی خەرجی ڕێ دەدەن. هەموو هاتبوون و خەریک بوو دەهاتن. چ ئەوانەی خوازەوییان داچاندبوو چ ئەوانەی دایاننەچاندبوو. وەک بڵێی جۆرێک سواڵ. جورێک درۆ و سواڵ. قامکیان پێوە دەنا و شتێکیان وەردەگرت. ڕەزایەتیان بە شتێک دەدا کە نەیانبوو. دەبوو ڕەزایەتنامەکە بە مۆری قامک پڕ بێتەوە؛ پڕیش دەبۆوە. چونکە دەستی هەر سواڵکەرێک دە قامکی پێوە بوو. تەنیا چەن کەس مابوون کە شەریکەکانی سالار عەبدوڵڵا هێشتا چەنەیان لەگەڵ لێدەدان. بەڵام ئەو گرفتەش حەل دەبوو. میرزاخان لەگەڵ خەڵک بوو. نەیدەویست دڵی کەس لەخۆی بێشێنێ. مەگین تاقولۆقێک کە کێشەی لەمەوبەریان لەگەڵی بوو. بۆیە هێندێک دەسبەسەر دەبوون و هێندێکیش ڕازی لە درگا دەچوونە دەرێ.



دەنگی میرزاخان، زاواکەی ئاغامەلەک، بەرز و بەگوڕ بوو:

ـ ئەم کارەی ئێمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە زەوییەکی کاکی بە کاکیدا، دە دوازدە پیاوی برسی، کەسانێک کە تەنانەت پێمەڕەیەک یان بژارچنێکی خۆیان نییە کە گیاوگژە هەرزەکانی پێ بژار بکەن، کار بکەن. کاریش چی؟ خۆیان سەرقاڵ کردووە. من دەزانم، خۆشتان دەزانن مەبەستم چییە. دە دوازدە کەسی بێ هێز و وزە، وەک مێرووڵە بەو زەوییەدا بڵاو دەبنەوە و ساڵی چەن ڕۆژ ئارەقە دەڕێژن و لە ئاکامیشدا سەروبەری بەرهەمەکەیان بخەیە سەریەک، پێنج خەڵوار شووتی نابێ. تازە ئەویش تەنیا شووتی! بۆ تەنیا شووتی؟ هەتا سەد ساڵی دیکە غەیری شووتی بیرتان بۆ هیچ شتێکی دیکە ناچێ. هەر ئەوەی لە باوکتانەوە فێری بوون و منداڵەکانتان فێر کردووە. تا ئێستا بیرتان لێکردۆتەوە کە لەم دنیایەدا، بەرهەمێکی دیکەش بەغەیری شووتی دەکرێ لەو خوازەوییانەدا داچێنن؟ دیارە کەنا! ئەگەربە بیری یەکیشتاندا هاتبێ، کوا کەرەسە؟ بەچی دەتانەوێ زەوییەکە ڕەعەمەل بێنن؟ بە دەستی بەتاڵ؟ بە دەستی بەتاڵ چی دەکرێ؟ دەبێ ئەو خاکە پارەی پێوەکەی! جوان بیکەن بە گوێتاندا، ئەوە بە هەمووتان دەڵێم: زیاتر بە ئەوانەی کە ئێستا پێیان وایە لەسەر گەنج دانیشتبوون! ئەوە جوان لە گوێ بگرن، زەویی بێ تاپۆ و سەنەد هی کەسێکە کە چاکتر بتوانێ ڕەعەمەلی بێنێ؛ کورت و کرمانجی! لە خۆڕا دەمی خۆم شل دەکەم. ئەو سێ چوار کەسەی ماون پێیان وانەبێ قسەیان سەر دەکەوێ. ئێمە دەمانەوێ ئەو کارە بە خۆشی سەر بگرێ. دیسان چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوێتەوە. ئەگەر بە خۆشی و ئاشتی بێ چاکترە. من پێم خۆش نییە پێی ئاژان و ماژان بۆ زەمینج بکرێتەوە؛ ڕەنگە هێندێ لە شەریکەکانم خیشە سەر بن، جگە لەوەش، خاوەنی زەوییە تاپۆو قەباڵەدارەکانی ئەو دەورو بەرەش ناچارن دەست لەو سەر سواڵکەرییە هەڵگرن! تا کەنگێ دەیانهەوێ بە کەر و وشتر وەرزێڕی بکەن؟! ناچارن یان بیفرۆشن، یان تێکەڵ بن و ببنە شەریک و بەشی خۆیان هەبێ. بە بێ ڕوودەربایستی پێیان بڵێم، پڕۆژەی پستەکاریی ئێمە قەبووڵ کراوە و ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە دەوڵەت دەیەوێ ئەو کارە سەر بگرێ!

مێرگان بێ ئەوەی خۆی بزانێ دەستی لە کار ڕاگرتبوو و بێ ئەوەی ببزوێ، گوێی لە مژولیایشی زاواکەی ئاغامەلەک گرتبوو. ئیتر قسەی میرزا بە تەواوی نەدەگەیشتە گوێی مێرگان. ژاوەژاوێکی کورت بوو کە دەتگوت نییە. بە نەرمی و تاق و لۆق ترپەی ڕۆیشتنی لاقیان دەهات. میرزاخان گوتی:

ـ ئەوانەی نەشهاتوون سڵاوی ئێمەیان پێبگەیەنن. زیاتر لە سێ جار، ئیتر ڕاناسپێرم!

مێرگان هەستی کرد ئەو قسانەی زاواکەی ئاغامەلەک بۆ ئەوە؛ بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێبێ. ئەوەش کاکڵی قسەی میرزاخان بوو. مێرگان دەستی بە کار کردەوە. ئەو هەروا لەسەر قسەی خۆی سوور بوو و بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لەگەڵیان بسازێ. تووشی جۆرێک خیشە سەری و پێ چەقاندن بووە. جۆرێک بەهانەی تێکەڵ بە زیزی. دەتگوت تەوای ژیانی مێرگان بە ئەو پەڵە زەوییەوە بەندە و ئەو پەڵە زەوییە کۆڵەکەیەکە و ڕایگرتووە. نەشیدەویست لەگەڵیان بسازێ. نەشیدەویست باوەڕ بکا کە پێداگریی زیاتر حاڵەتێکی ڕۆحییە. لەگەڵ ئەوەشدا مێرگان خۆی لە خەڵکی باشتر دەزانی کە خوازەوی، ئەو دێمەکارە نییە کە نانی مێرگان و منداڵەکانی دابین کا. دەتگوت مێرگان دەیهەوێ پێداگر بوونی خۆی تاقی بکاتەوە!

ـ گوێت لێبوو پوورە مێرگان!

مێرگان ئاوڕی داوە. عەلی گەناو لە دەم درگاکەدا ڕاوەستابوو:

ـ تۆ دەڵێی چی؟

مێرگان گوتی:

ـ من نامەوێ دەرووی بژیوی منداڵەکانم بگرم، نایفرۆشم.

عەلی گەناو گوتی:

ـ دەرەقەتیان نایەی! زۆربەیان شتێکیان وەرگرت و ڕۆیشتن؛ ئاخر ئەو زەوییە خۆ هیچی لێ پەیدا نابێ!

مێرگان گوتی:

ـ هەرکەس کاری خۆی باشتر دەزانێ.



عەلی گەناو پرسیی:

ـ من چبکەم؟

مێرگان گوتی:

ـ خۆت دەزانی، کەیفی خۆتە.

عەلی گەناو گوتی:

ـ نا! من نامەوێ تۆ... نا! ئەگەر تۆ نەیفرۆشی، منیش نایفرۆشم. ئەگەر پێت خۆش بێ دەیخەمە پشت قەباڵەکەی هاجەر.

هاجەر خۆی لە سووچێک شاردەوە. عەلی گەناو گوتی:

ـ ئەمڕۆ ناکرێ بچیتە سەر حەمام؟

مێرگان گوتی:

ـ ئەگەر فریا کەوتم دێم کلیلەکەت لێوەردەگرم.

عەلی گەناو وەرگەڕاوە و بە پلیکانەکاندا چووە خوارێ. میرزاخان لە هەمبەریدا بوو. قەڵافەتە درێژەکەی بەمدیوەودیودا دەخست و لە پلیکانەکان دەهاتە سەرێ:

ـ تۆ چدەکەی خاڵە عەلی؟

عەلی گەناو چاوی لە زاواکەی ئاغامەلەک کرد و گوتی:

ـ دەبێ فکری لێبکەمەوە، میرزاخان.

ـ تۆش بڕۆ بیری خۆتی لێبکەوە!

ـ لەبەر درگاکە میرزاخان ماندوونەبینی مێرگانی کرد و گوتی:

ـ هاجەریش ماشەڵڵا گەورە بووە، پوورە مێرگان! وەختی ئەویە ئیتر قۆڵی بۆ هەڵکەی.

مێرگان بەدەم کارەکەیەوە، لە جوابی میرزاخاندا شتێکی گوت:

میرزا شانیدا بە چوارچێوەی درگاکەوە و سەری داخست و چاوی لە نێو وەتاغەکە کرد. مێرگان سەرتا پای لە قوڕ هەڵکێشرابوو. میرزا دیسان گوتی:

ـ ماندوو نەبی!

مێرگان کراسە کۆنێکی بەسەری گسکەکەوە بەست، گسکەکەی کرد بەنێو سەتڵی قوڕاوە سپییەکەدا، پشتی هەڵێنایەوە و گوتی:

ـ بەخێر بێی!

مێرگان بەخۆشی چاک و چۆنی لەگەڵ میرزا کرد و بە سارد و سڕی جوابی سڵاوەکەی داوە.

میرزاخان پرسیی:

ـ کوڕەکانی تۆ خۆ نایانەوێ بڕۆن بە دوای کاردا و زەمینج بەجێ بێڵن، مێرگان؟ دەیانەوێ بڕۆن؟

مێرگان گوتی:

ـ نازانم!

میرزا گوتی:

ـ خۆم لێرە کار بە یەکیان دەدەم. ئەبراو کوڕێکی وریایە؛ بەڵام ئەویدیکە کوڕی کار نییە.

ـ کاری دنیا ئیتر.

میرزا گوتی:

ـ من بەجێی تۆبم عەباس لەگەڵ کوڕەکانی دیکەی زەمینج دەنێرم بڕوا بە دوای کاردا. لێیگەڕێ بڕوا بە دوای کاردا و خۆشە بێ.

مێرگان گوتی:

ـ با بزانم.

میرزا گوتی:

ـ ئەگەر ویستت بینێری، من خۆم کرێ و خەرجی ڕێگاکەی دەدەم.

مێرگان گوتی:

ـ ئەگەر بیهەوێ بڕوا، کرێ و خەرجی سەفەر لای خۆشم دەست دەکەوێ!

ـ خودا شوکر کە هەتە. چاکە. ئەوە لە کارێکی دیکە خەرج کە. من ئەو پارەیە لەباتی ئەو قەرزەی لەسەرمە، دەتدەمێ.

ـ کام قەرز، میرزا؟ قەرزی چی؟



ـ هەر ئەو خوازەوییە ئیتر. من ویژدانم قەبووڵ ناکا بڵێم کۆی کەنەوە و بڕۆن. خودا هەڵناگرێ.

ـ بۆ بڕۆین میرزا؟ بچین بۆ کوێ؟

ـ خۆت گێل مەکە مێرگان. ئێمە خوازەویمان تاپۆ کردووە. دەمانەوێ هەموو پەڵە زەوییەکان بخەینەوە سەر یەک و نەمامی پستەی لێدەین.

پستەکاریش زەویی وای پێویستە. دەزانی ئەگەر پستەکاریی ئێرە بیگرێ، زەمینج هیچ، هەموو ئەم دەڤەرە ئاوەدان دەبێتەوە؟ ئەندازیارەکان دەڵێن نەمامی پستەی ئێرە لە نەمامی پستەی (رەفسەنجان) باشترە. دەمانەوێ ئێرە ئاوەدان کەینەوە، ئاخەر تاکەنگێ هەر شووتی داچێنین؟!

ـ دەی باشە؛ لەو ئاوەدانییە چی وەدەست من دەکەوێ؟

ـ وەدەست تۆ؟ ئاوەدانی بۆ هەموان باشە. خۆ هەر تۆ نیت شتێکت وەگیر کەوێ!

ـ ئەی خۆ زەوییەکەم لە کیس دەچێ؟ بۆ ئەوە دەڵێی چی؟

ـ زەوییەکەم؟! هە هە! کامە زەوی؟ چاکە ناوی زەویشی بەسەرەوەیە، خوازەوی! ئەوە زەویی خودایە!

ـ ئەگەر زەویی خودایە خۆ من بەندەی خودام. فەرقی چییە؟ زەویی خودا دەبێ بەندەی خودا دایچێنێ. یانی من بەندەی خوداش نیم؟

ـ تۆ بەندەی خودا نیت؟ کێ لە تۆ بەندەی خوداتر؟ بەڵام ئەو زەوییە دەبێ ئاوەدان بکرێتەوە.

ـ باشە با ئاوەدان بکرێتەوە. مەگین من دەڵێم ئاوەدان نەکرێتەوە؟! من لە خودام دەوێ. بەڵام ئێستا کە دەبێ دەستی لێهەڵگرم و بڕۆم هەق و مافی خۆم و منداڵەکانم دەبێ بە چی؟ هەر ئەو سێچوار گەڵایەی دەتەوێ بیدەیە دەست کوڕەکانی من؟!

ـ تۆدەڵێی من چبکەم؟ دارونەداری خۆم بکەمە چنگی تۆوە؟!

ـ من کەی وام گوتووە؟!

ـ تۆ هەروا دەڵێی! ئەی دەڵێی چی؟

ـ من دەڵێم چوار ڕۆژیترکە بەرهەمەکەی پێگەیی، سیرێکی دێتە سەر سفرەکەی من؟ ها؟!

ـ بۆ بێتە سەر سفرەی تۆ؟ تازە هەتا ئەو کاتە خودا دەزانێ کێ دەمرێ و کێ دەمێنێ! نەمامی پستە دوای حەوت ساڵ دێتە بەر. دوای ئەو حەوت ساڵە بەرەو ئاوەدانی دەچێ!

ـ وەلحاسڵ بەشی من لەو ئاوەدانییە دەبێ بە چی؟

ـ بەشی تۆ؟ لەو ڕۆژە ڕۆشنترە. یەکێ لە کوڕەکانت دەخەمە سەرکار. ئیتر چیت دەوێ؟

ـ هەر ئەوە؟!

ـ ئەی چی؟

ـ هیچ!

ـ دەی باشە هیچ. نازانم من بۆ دەم دەنێمە دەمی تۆ؟ ژنی ئاقڵ ناقیس. من خەریکی چیم!

زبیحوڵڵا هات بۆلای میرزا و گوتی:

ـ مێرگان کەڵەوەکێشمان لەگەڵ دەکا؛ وادیارە؟

میرزا گوتی:

ـ لێی گەڕێ با کەڵەوەکێشی بکا، شان و ملی خۆی جدەو دەبێ!

زبیحوڵڵا شان بە شانی میرزا لە هەیوانەکە هاتە خوارێ و گوتی:

ـ لەگەڵ عەباسی کوڕی چاکتر دەتوانین پێک بێین. چاوی بە پارە بکەوێ، دەمی ڕەق دەبێ.

میرزا گوتی:

ـ بە گۆڕی باوکە کەرانگاوەکەیەوە. من لە مێوینەیەک ناترسم!

حەوشەی ماڵی زاواکەی ئاغامەلەک چۆڵ بووبوو. زبیحوڵڵا و میرزا لە حەوشەکە چوونە دەرێ. کوێخا نەورۆزیش بە دوایاندا ڕۆیشت و لە ژێر تاقی بەر هەیوانەکە سالاریش پێیان گەیشتەوە. کوێخا نەورۆز گوتی:



ـ بێچارە لێی قەوماوە. بە جۆرێک ڕازیی کەن. بیست ـ سی تمەنێک ئەملاوئەولا، بەزایە ناچێ. وەک ئەوە وایە پیاو زەکاتی دابێ.

میرزا لەسەر خواجەنشینی بەر درگاکە دانیشت، جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی:

ـ لاپرەسەن و کەران بابگاوە؛ دەنا من قسەیەکم نییە. هەر لەبەر ئەوەی لە نێو دێدا دەستکورت و جێی خێرە، من دەمەوێ لەگەڵی بسازێم. ، بەڵام دیوتە چۆن...

ـ کوێخا نەورۆز وەڕێکەوت و گوتی:

ـ من دەچم بەڵکوو ڕازیی کەم.

ئەبراو بە هەناسەبڕکێ هات. سالار عەبدوڵڵا پرسیی:

ـ چاکە؛ چت کرد؟

ئەبراو گوتی:

شۆفیرەکە گوتوویە تەراکتۆرەکەی ئەمشەویش وەکار ناکەوێ. چراکەشی دەبێ بگۆڕدرێ. گوتوویە سبەینێ زوو دەگاتێ.

سالار گوتی:

ـ سبەینێ بەیانی زوو بچۆ سەر ڕێگاکە. حیسابت لەگەڵ عەلی گەناو پاک کرد؟

ئەبراو گوتی:

ـ حیسابێکی وامان نەبوو.

سالار چاوی لە شەریکەکانی کرد و بە تەشەرەوە گوتی:

ـ توونەوانیش بوو بە کار؟! تازە هەوا خەریکە گەرم دەبێ. تا شەش‌حەوت مانگی دیکە کێ دەچێ بۆ حەمام؟ کابرا لە گوێ جۆگەیەک سەتڵێ ئاو بە خۆیدا دەکا.

کوێخا نەورۆز گەڕاوە. مێرگان و هاجەریش بە دوایدا هاتن. وادیار بوو کاریان تەواو بووبوو مێرگان کیسەی کەلوپەلەکانی نا سەر شانی هاجەر و کە بە نێو پیاوەکاندا تێدەپەڕی بە زبیحوڵڵای گوت:

هەقدەستی سپیکارییەکە بدە بە ئەبراو بۆم بێنێ زبیحوڵڵا!

میرزا چاوێکی لە کوێخا کرد. کوێخا سەری ڕاوەشاند و گوتی:

ـ نا؛ مل نادا!

میرزا لەسەر سەکۆکە هەستاو گوتی:

ـ دەیهێنمە سەر ڕێ! کوڕە تۆ؛ بە عەباستان بڵێ شەوێ بێ بۆ ماڵی زبیحوڵڵا کارم پێیەتی!

ئەبراو گوتی:

ـ بەسەر چاو.

میرزا و زبیحوڵڵا و سالار عەبدوڵڵا لە درگاکە چوونە دەرێ و ئەبراو چاوی لە ڕۆیشتنەکەیان بڕی. حاجی سالم و موسلیمی کوڕی لە بن دیوارەکە دەرکەوتن و بە دوای میرزا و شەریکەکانیدا وەڕێکەوتن. کوێخاش دەبوو بڕوا؛ بەڵام بەرلەوەی درگاکە پێوەدا چاوی لە ئەبراو کرد و گوتی:

ـ دایکێکی لاپرەسەنت هەیە تۆش!



## بەندی سێیەم:

عەباسی سلووچ کە لە درگای ماڵی زبیحوڵڵا هاتە دەرێ، ڕەنگی گۆڕابوو. ڕازی بوونێکی تێکەڵ بە دڵەخورپە. شەکەتیی ڕۆژانەی لە لەشی پەڕیبوو، یان لە لەشیدا ون بووبوو. ئەو گەڵا پارانەی لە زاواکەی ئاغامەلەکی وەرگرتبوو توند لە قولەمیچەی گرتبوو و دەیزانی چییان لێبکا. دەبوو بیشارێتەوە. قەت نەیدەویست کەس پارەی بەدەستەوە ببینێ. هیچ شتێکی ڕوون و ئاشکرا نەبوو. هەمیشە شتێکی دەشاردەوە. هەمیشە پێیخۆش بوو شتێک بشارێتەوە. تەنانەت دۆڕاندن و بردنەوەی خۆی لە قوماردا. نەک هەمووی، لانیکەم چەند قڕانێکی. یەکێ لەو کارانەی عەباس بە دڵ کەیفی پێدەکرد، شاردنەوەی شتێک لەمولەو بوو. ئەگەر ئەوشتە، هیچ شتێکیش نەبوایە. ئەو هەستی بێ باوەڕەی و پڕ لە ڕەشبینی و نائەمینیەی لە خەڵکیدا دەیدی، وای لە ناخیدا ڕیشە داکوتابوو، کە جاری وابوو حاشای لە ئاشکراترین کارەکانی دەکرد. زۆر درۆکانی ئاشکرا دەبوون، بەڵام گوێی لێنەبوو کە خەڵکی بە درۆزنی بزانن و ناوی چل درۆی بەسەردا ببڕن. ئەوەی بۆ ئەو گرینگ بوو، ئەوە بوو کەس نەزانێ عەباسی سلووچ چدەکا؛ ئەگەر بمانهەوێ باسەکە زیاتر شی کەینەوە، وا سادە و ساکار دەبێتەوە کە: عەباس نەیدەویست کەس بزانێ ئەو قڕانێکی خۆی چ لێدەکات و لە کوێ دەیشارێتەوە! ئەو خووخدەیەشی نەک بە تەنیا لەودابێ، بەڵکوو کەمو زۆر لە هەموو هاوشێوەکانی ئەودا بوو. ئێستا گرفتێک کە عەباسی خستبووە تەنگژەوە، ئەوە بوو کە چۆن ئەو شەڕە لەگەڵ دایکی داکوژێنێ. لەوەش گرینگتر چۆن بتوانێ نیوەی ئەو پارەیە پاشقول دا بۆ خۆی و نیوەی تری بدا بە دایکی کە سەرکۆنەی نەکەن. دەمودەست ڕێگایەک کە بە بیریدا هات ئەوە بوو، هەر چۆنێکە نیوەی پارەکە لە جێگایەک بشارێتەوە. هەر بۆیە بەرەو کەلاوەیەک خوشی و دۆخینەکەی کردەوە. پزووی

پاتۆڵەکەی باشترین جێگا بوو. لە کەلاوەکە هاتە دەرێ و بەنەخوێنەکەی بەستەوە. ئێستا تەنیا دوو گەلا لە مشتیدا بوو؛ نرخی بەشەکەی خۆی بوو لە فرۆشتنی خوازەوی. یانی دوو دانگ لە شەش دانگی پەڵە زەوییەکەی میراتی سلووچی بە میرزا و شەریکەکانی فرۆشتبوو.

لە کۆڵان چاوی بە ژنەکەی عەلی گەناو کەوت کە وەک تارمایی بەرەو پێشەوە دەخشی. ورد، زۆر ورد دەڕۆیشت. دەستێکی بە دیوارەوە گرتبوو و دەستەکەی تریشی دارێکی خوار و خێچی پێبوو. کز و لاواز دەهات. خشەی لاقی وەک دەنگی باڵی شەمشەمەکوێرە دەچوو. عەباس لە دەست خۆی ڕزگاری بوو. ڕوقیا بیر و هۆشی برد بۆ لای خۆی. ئەگەرچی ڕوقیا چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانەی شار کەوتبوو، بەڵام هیچ لەوە نەدەچوو چاک بووبێتەوە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبوو دەتاواوە. یەسقانەکانی دەپووکانەوە و لەڕ و لاواز دەبوو، پێستی بە دەموچاوییەوە وشک هەڵگەڕابوو. هێزی قسە کردنی نەبوو. لاقی ئیتر هێزی هەڵگرتنی ئەو چەند مسقاڵە یەسقانەشی نەبوو، بووبووە تەشی.

عەباس لە نزیک ڕوقیا ڕاوەستا و بە دەنگێکی بەرز وەک ئەوەی ڕوقیا کەڕ بێ-گوتی:

- چۆنی دادە ڕوقیا؟ باشی؟

ڕوقیا پاڵیدا بە دیوارەکەوە و تۆزێ پشووی هاتەوە بەر خۆی. دەتگوت هەر ئێستا دەمرێ. بە پاڵ دیوارەکەوە دانیشتە عەرزی. هێزیدا سەر قوڵە دارەکەی دەستی و بە هەردوو دەستی دارەکەی گرت و کەوتە نووکە و ناڵە. دەنگی زۆر بە دژواری دەردەهات. هەر ئەوەندە دەگەیشتە گوێی عەباس. دەنگی زۆر دوور بوو. زۆر دوور. دەتگوت لە پشت تەپۆڵکە لمەوە، لەگەڵ لوورەی ڕەشەبایەکی گەرەپێچ دەگاتە گوێ. دەنگی ژنێک، مرۆڤێک، بەرخێک کە لە ئاوایی و لە مێگەل بەجێماوە و لە گەردەلوول و گێژە لمی بیاباندا گیری خواردووە. نووزەی شەکەت و تینوو و نووساوی تەمەنێک لە بیابانی مەرگەوە دەهات. دەنگ، دەنگی ڕوقیا نەبوو؛ لێک خشانی ساقەتی وشکی گەنم. گوڵە جۆی وشک و پەڕیو. قەڵتاس لە گەرووی گیرابوو. دەنگ لە ناخی خاکەوە دەهاتە دەرێ. بە ڕاستی ڕوقیا نەمرد بوو؟!



- نا؛ خەریکە دەمرم. خەریکە دەمرم. چوو بووم... چوو بووم کە... بچم... بچم بۆ ماڵی ئێوە... ماڵی ئێوە...

- دەی بۆ؟ بۆ؟

- دەچووم... چوو بووم کە... کە... بە دایکت بڵێم کە... بڵێم کە... خودایە!... بۆ هەناسەم.. بۆ هەناسەم... یەکجاری... یەکجاری ڕاناوەستێ؟!

- دەی چوو بووی بڵێی چی؟

- بڵێم کە... کە... لانیکەم... لانیکەم ڕاوەستایەی... ڕاوەستایەی... من... من بمرم... پاشان... پاشان...

- پاشان چی؟

- پاشان... پاشان... دوای مردنی من.... کچەکەی... کچەکەی... بدایە بە مێردەکەم... بەڵام... بەڵام... گەڕامەوە. گەڕامەوە... هیچم نەگوت... چونکە دیتم... دیتم... لە دڵ خۆما گوتم... وتنەکەی فایدەی چییە... فایدەی چییە... فایدەی چییە؟!

ڕوقیا سەری نا بە داردەستەکەوە، تۆزێ مات بوو و پاشان هێزی لەخۆی دا بە هەر لەونێک بێ هەستێ؛ بەڵام نەیتوانی. دیسان کەوتەوە. عەباس چووە بن پیلی. ڕوقیا توانیی هەستێ. هەستاو دەستی بە دیوارەکەوە گرت. ڕاوەستا، پشووی هاتەوە بەر خۆ و وردە وردە وەڕێکەوت. هێواش و لە سەرەخۆ وەڕێکەوت. ڕۆیشتنی کیسەڵ. لەویش شێنەیی‌تر، عەباس لە دڵی خۆیا گوتی: «ئەو چوار هەنگاوە هەتا نیوە شەو دەبێ بەڕێوە بێ!» تاوێ ڕاوەستا و تەماشای کرد. نەک بە دەمەوە بدرێ بە عەرزیدا! دیسان ڕوقیا دەنگی هات. عەباس گوێی هەڵخست. ڕوقیا ناڵاندی:

- خێر لە خۆی نابینێ.... خێر لە خۆی نابینێ.... خێر... لە خۆی.... نابینێ! ئەی... خوایە.... چارە ڕەش بن.... خێر لە خۆیان نەبینن... یا خوا نەحەسێنەوە... نەحەسێنەوە... یاخوا خۆشی لە یەک نەبینن... دەنگی ڕوقیا لە پێچەڵاوپووچی کۆڵانەکەدا بزر بوو. عەباسیش شێنەیی‌تر لە پێشوو بەرەو ماڵێ ملی پێوەنا.

ئەمشەو ماڵی سلووچ حاڵ و هەوایەکی‌تری بوو. لە شەوانی دیکە قەرە باڵغتر نەبوو، بەڵام پڕ جموجۆڵتر لە جاران بوو. خێزانی ماڵێ ژیانی یەک شێوەی شەوانی

دیکەیان وەلا نابوو، کردەوەیان ڕەنگدانەوەیەکی تازەی پێوە دیار بوو. ڕاست وەک ئەو کاتەی کە هەتاوی بەیانی پایز لە لک و پۆپی دارو دەوەنی دەدا. کاژێکی سارد و وشک کە دایمە بەسەر ئەو خێزانەدا کشابوو. خەریک بوو لەبەر یەک دەچوو. کاژەکە دەدڕا و ئەو خەریکی هاتنە دەرێ بوو. دەهاتنە دەرێ و هەرکام بە پێی توانای خۆی باڵی لێک دەدا. قلانەیان دەکرد. بەملاوئەولادا دەگەڕان. بێ ئۆقرە. هێندێکیان تەنانەت پێیان ناخۆش نەبوو هەڵبەزن. هەرکام بیانوویەکیان بوو بۆ شادی کردن. لەو ناوەدا عەلی گەناو گەرچی وە ڕووی خۆی نەدێنا. بەڵام لە هەموویان دڵخۆشتر بوو مێرگانیش بەش بە حاڵی خۆی شاد بوو. ژیانی تۆزێ گۆڕابوو. کچ بە شوودان بۆ دایک زۆر خۆشە. بەو حیسابانەی کە خۆی لێ خۆش کردبوو، تەواو ڕازی بوو. هاجەریش کەمو زۆر ڕازی بووبوو. چونکە ئەو ئەگەرچی بە دڵ پێیخۆش نەبوو بەڵام خەریک بوو لەو ڕۆژانە نزیک دەبۆوە کە هەموو کچێک تووشی دەبێ و چاوەڕوانییەتی: زەماوەند.

هاجەر بەخۆی سەلماندبوو کە هەموو شوو کردنێک بەشێکی مرۆڤ بە دڵی خۆیەتی و ئەویدیکەشی بە هێزی خەیاڵ بە دڵی دەبێ. مرۆڤە ئیتر! جاری وایە دەتوانێ چاو پۆشی لەزۆر شت بکا. بۆ وێنە هاجەر هێشتا نەبووبووە سێزدە ساڵان؛ یان ئەوەی عەلی گەناو ڕیشی ماش و برینج بووبوو. لەسەر یەک قەبووڵ کردنی ئەوەی بووکێک دەچێتە ماڵی پیاوێک کە نەک بۆنی ژنی پێشووی لێدێ، بەڵکوو ژنەش هێشتا لەو ماڵەدایە و هەمیشەش دەبێ. وەک تاپۆیەک. گۆچانێکی بە دەستەوەیە و دایمەودەرهەم لەو ماڵەدا، لەو ماڵە چکۆلەی عەلی گەناودا دەگەڕێ. ڕوقیا! ژنێک کە بووبووە یەک پارچە تووک و نزا. کە دەنگی ئیتر لە دار و دیواریشەوە دەبیسترا. ژنێک کە چاوی لە پشت پەردەشەوە دەتبینێ. بە دوو چاوی تەم لێنیشتووەوە، بە ڕەنگی خەو. لە قووڵایی هێلوونی چاوییەوە تێتدەڕوانێ. هەمیشە تێت دەڕوانن و شتێکی شاراوەت لێ دەپرسن. ئەو چاوانەش لە قسەیەک زیاتریان لەگەڵ تۆ نییە. تەنیا قسەیەک کە نایەتە سەرزمان. بەیان ناکرێ. هەزاران وشە دەگوترێ، بەڵام ئەو وشەیە نەوێژراو دەمێنێتەوە. قسەیەکی نەوێژراو هەمیشە



ئازارت دەدا. بەڵام مرۆڤە ئیتر! هێندێ جار دەتوانێ چاوپۆشی لە زۆر شت بکا. هاجەر دەبوو چاوپۆشی لە زۆر شت بکا.

عەلی گەناو گوتی:

ـ بە هیوای خودا، هەر لەوێ مارەی دەکەین. مەلای ئاشنام هەیە.

مێرگان پیاڵەی چایی لەبەردەمی عەلی گەناو داناو گوتی:

ـ بە هیوای خودا!

عەباس لە نێو چوارچێوەی درگاکەدا وێستابوو. مێرگان سەری بۆ لای عەباس سووڕاند و گوتی:

ـ چبوو؟! چکاریان پێت بوو؟

عەباس هەر لەبەر درگاکە، لەسەر دەستاڕەکە دانیشت و گوتی:

ـ خوازەوییان دەویست، منیش پێم فرۆشتن.

ـ فرۆشتت؟ چیت فرۆشت؟

ـ ئەو بستە زەوییە!

مێرگان نەیزانی دڵی سڕ بوو، یان سەری گڕی گرت. هەستا سەر چۆک و گوتی:

ـ فرۆشتت بە میرزا؟!

عەباس گوتی:

بە هەمویان!

بە ئیجازەی کێ، ها؟

ـ بە ئیجاەزەی خۆم!

ـ ئاخر تۆ کێی؟ چکارەی؟!

ـ من کوڕی سلووچم. کوڕە گەورەی. ئەوان پێیان گوتم.

ـ ئاخەر مەگەر تۆ گەورەی هەموومانی. تۆ مەگین وەکیلی ئێمەی! ئەو پەڵە زەوییە هی هەموومانە.

ـ من بەشەکەی خۆمم فرۆشت. پێت وایە ئەوەش مسەکانە بییەی بیشارییەوە؟! تازە تۆ ژنی سلووچی و لەو زەوییە بەشت ناکەویٚ! ئەوان پێیان گوتم. ژن تەنیا لە ماڵ و کەلوپەلی نێو ماڵ بەشی هەیە. ئەوەش ئەوان گوتیان.

مێرگان وەک ئەوەی خەریک بێ ببوورێتەوە. سەر و شانی بە دیوارەکەوە نا و تووک و نزای کرد:

ـ رۆڵە گیان!... خودا بتگریٚ! تۆ قورت بەسەردا کردین. قوڕ! ئێستا من چۆن قسەی خۆم بە گوێی ئەو ناپیاوە دز و خوێڕییانەدا بکەم؟! خودا بتکوژیٚ، خودا لەمنت بستێنیٚ رۆڵە!

عەباس گوتی:

ـ تۆ تف لە بەرۆکی خۆت دەکەی! هەموو خەریکن دەیفرۆشن و دەڕۆن، هەر تۆ بە تاقی تەنیا پێت چەقاندووە و نایە سەر ڕیٚ!

مێرگان سەری لە دیوارەکە کردەوە و گوتی:

ـ هەموو چاویان دەریٚ. ئەوە هاتوو ئەوان شتێکیشیان بە سەرەوە دا، بە من چی؟! تۆ بۆ بوویە بەردی ئاژاوە و خۆت داوەتە دەست ئەو بۆرەکانە؟

ـ لەبەر ئەوەی من ویستم کاری هەوەڵ و ئاخری خۆم یەکلایی کەمەوە. بۆ دەبیٚ پیاو ئەوەندە گەمژە بیٚ؟ ئاخری ئەوان دەست بە سەر ئەو زەوییانەدا دەگرن، کەوایە بۆ بهێڵم کار بکەوێتە ناخۆشی؟ بەکام پشتیوان؟ کەوایە وەختیٚ سەتڵەکەیان وەبەر گوانتدا دەبیٚ شیر دادەی ئیتر. لەقە هاویشتن هیچ فایدەیەکی نییە! دیسان ئێمە لەمەولا دەبیٚ لەگەڵیان یەک کەوین، موحتاجیانین. دەستیان لە کاردایە. هەر ئێستاکیٚ دەیەویٚ کوڕەکەت بنێتە سەر تەڕاکتۆر؟!

مێرگان و عەلی گەناو بەرەو ئەبراو وەرسووڕان. ئەبراو هەروا کە سەری داخستبوو ڕوانینی تیژی عەلی گەناو و قورسایی ڕوانینی دایکی لە سەر نێو چاوانی خۆی هەست پێدە کرد. تاقەتی نەهێنا لەوە زیاتر بێدەنگ بیٚ. سەری هەڵێنا و گوتی:

عەباس ڕاست دەکا. من لە بەیانییەوە توونەوانی ناکەم و دەچمە سەر تەڕاکتۆر!

عەلی گەناو پرسیی:



ـ چی؟ دەچییە سەر تەڕاکتۆر؟ ئەی توونەکە چی لێبکەم؟ زستان تەواو بوو؟! ها؟ زستان تەواو بوو و لە تەنگانە دەرچووی؟ زەمانە وای لێهات؟

ئەبراو بیٚ ئەوەی چاو لە عەلی گەناو بکا گوتی:

ـ خۆ من بەڵێنم نەداوە هەتا ئاخری تەمەنم لەو توونەدا بژیم! پیاو کارێکی باشتری دەست کەویٚ، دەچێتە سەری ئیتر!

عەلی گەناو لێوی خۆی گەست و گوتی:

ـ زۆر چاکە، باشە. یەکتردەبینینەوە!

ئەبراو کە دیویست شەڕەکە یەکلایی کاتەوە، بە دایکی گوت:

ـ منیش دەمەویٚ بەشەکەی خۆم بە سالار و ئەوان بفرۆشم و پارەکەی وەرگرم. تا کەنگیٚ وەک ئەسپیٚ لە نێو ئەو شڕەو شاڵاتەدا بگنخێم؟ دەمەویٚ بڕۆم بۆ شار شەڵوارێکی تازە بکڕم. پیاو خۆ بەو دەرپیٚ شڕەوە ناتوانیٚ لەسەر تەڕاکتۆر کار بکا!

ئەبراو لەگەڵ هەستان قسەی خۆی تەواو کرد و ویستی بڕوا. نەیدەویست ئەو دەمقڕەی سازی کردبوو، درێژە پێبدا. مێرگان بە لۆی لەچکەکەی چاوی سڕی و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

ـ باشە، تۆش بیفرۆشە. دەمێنێتەوە بەشی من و هاجەر. من نایفرۆشم. عەباس پەنچکە نانێکی لەسەر موجوعمەکە هەڵگرت و لە کاتێکدا لەگەڵ ئەبراو بەرەو دەریٚ دەڕۆیشت گوتی:

ـ دیسان دەڵێی بەشی من! خۆ قسەی حیسابی بە گوێیدا ناچیٚ!

عەلی گەناو گوتی:

ـ کەوایە ئەمشەو دەبیٚ خۆم بچم توونەکە هەڵکەم!

مێرگان هیچی نەگوت. عەلی گەناو هەستا پیٚ و گوتی:

ـ بەیانی، لەگەڵ تاو کەوتن دێم بە دواتاندا!

مێرگان تەنیا سەری لەقاند. عەلی گەناو چووە دەریٚ.

لە کۆڵان، عەلی گەناو دوو براکەی دی کە شان بە شانی یەک بەرەو ماڵی زبیحوڵلا دەچوون.

- خوا مەبارەکی بکا. عەلی ئەکبەر خان. خوا مەبارەکی کا.

حاجی سالم و موسلیم لەسەر ڕێگای عەلی گەناو چەقیبوون. موسلیم بەرەو ڕووی عەلی گەناو هات:

- بەیانی. باشە بەیانی. ئێستا گیرفانم خاڵییە. بەیانی ئیشەڵڵا.

حاجی سالم گۆچانەکەی بە پشت ملی موسلیمداهێناو گوتی:

- بەیانی. بەیانی باشە. حەیوان. هەموو ڕۆژەکان ڕۆژی خودان. ئێستا با بچین بۆ خزمەت پووره مێرگان. ڕەنگە پووره مێرگان لەبری شیرینیی شوو کردنی کچەکەی، هێلانەی ئێمەی هەژار سپی بکاتەوە!

باوک و کوڕ لەو تاریکە شەوەدا بەرەو ماڵی مێرگان خوشین.

عەلی گەناو تۆزێ ڕاوەستا و پاشان گەڕاوە و بە شوێن حاجی سالم و کوڕەکەیدا ڕۆیشت.

عەباس و ئەبراو لە درگای ماڵی زبیحوڵڵا هاتنە دەرێ. زبیحوڵڵا هەقدەستەکەی مێرگانی دابوو بە ئەبراو. ئێستا دەبوو ئەبراو بەشەکەی خۆی بشارێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەقدەستەکەی دایکی تێکەڵ نەبێ. عەباس دڵۆڤان و هاوڕێ، بە دەوری ئەبراودا دەهات و لە بن گوێیدا ورتە ورتی دەکرد:

- پارە زەمینجی داگرتووە! دەزانی، هەموو بوونە خاوەن پارە. نازانی ئەمڕۆ خەڵک چەندەیان پارە وەدەست کەوتووە. میرزا و شەریکەکانی لە بەیانییەوە هەروا پارە داڵبەخش دەکەن!

ئەبراو گوتی:

- ئەوانە مرۆڤێکی دەستودڵبازن. وەک عەلی گەناو نین خۆ! بەو هەقدەست پێدانەی! چاوانەی بەخشینی لە قوونی کەڵەشێر تەنگترە. کاتێ دوو قران دەخاتە دەستی کەسێکەوە، دەڵێی گیان بە مەلکەمووت دەدا! تس خۆری سەگباب. پیاو هەمیشە لای پیاو کار بکات؛ نەک لای کەسێکی ئاوا پیسکە. منیش چاک بەجارێ لمبۆزیم لە عەرزدا. پێم خۆش بوو! ئێستا با خۆی نیوەشەو بچێ بۆ توونەوانی و بزانێ بێ خەوی یانی چی؟! پێی وایە کە بۆتە زاوامان، ئیتر بۆتە ئەربابیشمان!

عەباس گوتی:



- من دڵم بە زاوایەتیشی خۆش نییە. دەترسم تووک و نزای ژنەکەی کار لە ئێمەش بکا.

- وایە. ئەو ژنە بەو ڕۆژگارە دەگەڕێ و تووک و نزا دەکا.

- تازە ئیتر کار لە کار ترازاوە و هەموو خەڵک زانیویانە. ئیتر چمان پێدەکرێ؟ کچە با بڕوا بە دوای ژیانی خۆیدا. باشە بۆ خۆی سایە سەرێکی دەبێ. ئێمەش دەست و باڵمان ئاوەڵاتر دەبێ و هەرکەس بڕوا بە دوای بەختی خۆیدا!

عەباس و ئەبراو بە کۆڵانە پێچەڵاوپووچەکانی زەمینجدا دەگەڕان و لە هەموو بارێکەوە دەدوان، تەنانەت باسی سلووچ. لەو تاریکە شەوەدا، چاو چاوی نەدەدی. هەر بۆیە ساناتر دەکرا لەگەڵ یەک دەمەتەقێ بکەن. ڕق لەیەک بوونیان لەو تاریکییەدا دیار نەبوو و سروشتی برایەتی باڵی بە سەر جووڵانەوەیاندا کێشابوو. وردە وردە هەستیان دەکرد کە بە هەستێکی برایانەوە پێکەوە دەدوێن و دەگەڕێن. هەر ئەو هەستەش وای لە ئەبراو کردبوو، خەمی کار و ژیانی عەباسی بێ:

- تۆ دەتەوێ چبکەی؟ لەگەڵ ئەو کوڕانە دەڕۆی یان هەر لێرە دەمێنییەوە؟

- هەر لێرە دەبم. بەهار کارم هەیە و هەتا ئەو ڕۆژەی سەردار وشترەکانی دەبا بۆ بارکێشان، دەیانلەوەڕێنم. پاشانیش ڕەنگە پێویستی بێ ڕەگەڵی کەوم. ئەگەر هەقی باشم بداتێ، دەچم. وشترەوانیم پێخۆشە.

- خراپ نییە. وشترەوانی خراپ نییە. بەڵام ئاکامەکەی چی؟ خودا بەزیادی کا ئەو ماشێنە بارییانە. بارێک کە چل وشتر بە چل شەو دەیبەن، ئەو بە یەک شەو دەیبا. وردە وردە دەبێ ئەو وشترانە دابەستن سەریان بڕن. لەم دێیەدا جگە لە سەردار کێ وشتری هەیە؟ کەس! هەر ئەو کەربەلایی دووشەممەیەت دیوە؟ چل سەری وشتربوو. بەڵام هەتا برەویان بوو فرۆشتنی و پارەکایانی دا بە سوود و بەهرە و ئێستا وەک مار لەسەر خەزێنە خەوتووە.

ناپیاوی نینۆخ وشک! دڵی نەهات دە قرانی بۆ کارێک دانێ کە لانیکەم چوار کەس بتوانن نانێکی لێبخۆن. من هەر بۆ ئەوە میرزام خۆش دەوێ. خۆی دەخوا و دەهێڵێ خەڵکیش لێی بخۆن. ئەو عادەتی شێری هەیە و کەربەلایی دووشەممە خووخدەی چەقەڵی هەیە. شێر کە تێری خوارد دەکشێتەوە، بەڵام چەقەڵ پاشماوەی

کەلاک لە بن خۆڵدا دەشارێتەوە. پیرە پیاوی چکووس و نینۆخ وشک، چاوی هەر خۆی و گیرفانی خۆی دەبینێ!

عەباس گوتی:

ـ چاکە، هەر کەس بە جۆرێکە. هەرچی بێ میرزا و شەریکەکانی بیستسی ساڵ لە کەربەلایی دووشەممە کەم تەمەنترن. هێندێکیان شار و وڵات گەڕاون. ئەم میرزایەی زاواکەی ئاغامەلەک لەگەڵ هەموو کەس هەڵس و کەوتی بووە. نێو عەرەب و عەجەم گەڕاوە. ئەوەش زۆر گرینگە.

ـ وەلحاسڵ... من پێموایە تۆ وەدوای کارێک بکەوی کە ئاکامێکی ببێ باشترە. وشترەوانی چییە؟! تۆ لەم دنیەدا کەسێکت پێشک دێ بە وشترەوانی بە نان و ئاوێک گەیشتبێ؟

ـ ناوەڵڵا!

ـ دەباشە! ئەی تۆ بۆ دەتەوێ ژیانی خۆت لەسەر ئەو کارە دانێی؟

ـ ئەی چبکەم؟

ـ بۆ چبکەی؟! برۆ لەگەڵ ئەو کوڕانە وەڕێکەوە! ئەوان هەر کارێکیان کرد تۆش بیکە. خۆ لەوان کەمتر نیت. هەر ئەوەی دەڕۆی هەندەران دەبینی خۆی شێکی چاکە. من ئەگەر بڕیار بوایە دیسان توونەوانی بکەم، یەک چرکەش لێرە نەدەمامەوە.

ـ ناتوانم دڵ لێرە بکەمەوە. بیری ڕۆیشتن لە مێشکمدا ویرەی دێ. بەڵام بڕوایی نادا زەمینج بەجێ بێڵم. ئێستا... بزانین چۆن دەبێ. با بزانم!

عەباس پێیخۆش نەبوو لەوە زیاتر لەسەری برۆن. ئەگەرچی قسەکانی ئەبراو ئەو هێزەیان نەبوو عەباس لە جێی خۆی ببزوێنێ، بەڵام دڵی تووشی هەڵچوون دەکرد ، بنج و ڕیشەی نەدەلەقاند، بەڵام لک و پۆپی ڕادەتەکاند. لە جێی خۆی هەڵێنەدەکەند، بەڵام دەیجووڵاند. دوو دڵ و جاڕزی دەکرد. نەیدەهێنا سەر ڕێ، تەنیا ئازاری دەدا. هەر بۆیە عەباس نەیدەویست گوێی لێبێ و قسەکەی گۆڕی:

ـ چۆنە سەرێک لە ماڵی پوورە سەنەم بدەین؟ ئەمشەو ڕەنگە قومار گەرم بێ. میرزا حەبیب هەموو سڕو سواڵکەرەکانی خەنی کردووە.



ئەبراو گوتی:

من پارەی خۆم ناخەمە قومارەوە. جل و بەرگی پێدەکڕم بۆ خۆم.

عەباس گوتی:

ـ با بچین ڕەنگە کەیفت بگرێ و بیکەی!

ـ نایەم؛ خۆت بە تەنیا بچۆ!

ـ وەرە با بچین شەریک دەبین.

ـ نایەم! پارەی خۆم حەرام ناکەم.

ـ کەوایە لانیکەم وەرە لە پەنام دانیشە، بەڵکوو شانسم بۆ بێنی.

ـ نا! پێ نانێمە ئەو شوێنە. شەیتان دەچێتە کەوڵم.

ـ باشە تەنیا دەچین سەرێک دەدەین. بزانین مرادی پوورە سەنەم سبەینێ وەڕێدەکەوێ، یان هەر قسەی هەیە؟

مراد وەڕێدەکەوت، کە تای درگا شڕەکەی کردەوە دەموچاوە پان و زلەکەی بە زەردەیەک گەشایەوە و وەیزانی عەباس و ئەبراو بۆ ئەوە هاتوون لەگەڵی ببنە هاوسەفەر، گوتی:

ـ چاکە، بەخێر بێن. وەرنە ژووری.

عەباس لەڕێوە پرسیی:

ـ کێی لێیە؟

مراد گوتی:

ـ کەسی لێ نییە! ئەمشەو خەڵوەتی چۆڵە. غەزیش خەوتووە.

ـ یانی ئەمشەو هیچ کەس نەهاتووە؟!

ـ مرادی سەنەم پێکەنی و گوتی:

ـ تۆش گەلحۆی ها! ئاخەر کەسێک بیهەوێ ڕێی هەندەران بگرێتە بەر و بڕوا، دێ لێرە کرێ ماشێنەکەی بدۆڕێنێ؟

ـ کەوایە هیچکەس...

ـ دوو کەس لە چەقەڵەکان سەر لە ئێوارێ بەو هیوایە هاتبوون، بەڵام لووتیان لەبەرد دراو ئێستاش هەر لە ژووری وەر کەوتوون و وەنەوز دەدەن.

حەتمەن قاسمە شەل و حەبیبە گزرەن، ها؟

ـ ئافەرم. حەریفەکانی چاک دەناسیێ! چنگ و چڕیان هێشتا کراوەیە. قاسمە شەل خەریکە لەگەڵ خۆی پاستۆڕ دەکا. ئەگەر پارەکانت لە گیرفانتدا قلە سەما دەکەن. وەرە برۆ، زۆر چاوەڕێن!

ئەبراو قۆڵی براکەی گرت:

ـ نەچی ها! ئەو دوو منجرە ڕووتت دەکەن.

عەباس پاشەو پاش کشاوە، بەرەو بن دیوارێک خوشی و لە کاتێکا لە بنەوە چاوی لە مراد و ئەبراو دەکرد، دەستی برد بۆ پزووی پاتۆڵەکەی.

مراد بە ئەبراوی گوت:

ـ دەزانم عەباس قوونی کاری نییە. بەڵام تۆ خۆ لەگەڵمان دێی!

ئەبراو گوتی:

ـ من لێرە کارم پەیدا کردووە. کارێکی باشیش. بیری لێبکەوە! پیاو لەسەر تەڕاکتۆر دانیشێ و ببینێ چۆن ئەو گاسنە جەرگی زەوی دەدڕێ! ئەو زەوییەی هەتا پارەکە بە هەزار زەحمەت دەکرا هۆگانێک هەتا نیوەڕۆ بە جووتێ گا بکێڵی. تازە ئەگەر گاش بووبووایە، بە کەر! زۆر خۆشە، ها! وا نییە؟!

ـ خۆشە، بەڵام کاتێک کە تۆش بەشت بەسەر ئەو زەوی و تەڕاکتۆرەوە هەبێ.

ـ وایە ئەگەر پیاو هی خۆی بێ چاکترە؛ بەڵام ئاواش هەر خۆشە. تۆ تا ئێستا گوێت لە گرمەی بووە؟ ماشەڵڵا؛ دەڵێی لەشکەرێک بە زرێی ئاسن و پۆڵاوە دەڕۆنە پێشێ. گرمە گرمێکی هێندە خۆشی هەیە پیاو لە خۆشیانا گەز گەز باڵا دەکا. ئەگەر ئاو و زەویی چاکت دەبێ و دوو دانە لەو تەڕاکتۆرانەش لەو دەشتەدا بگرمێنن، ئەو کاتە بە دوو ساڵ ئێرە دەبێتە بەهەشت!

مراد گوتی:

ـ خاوەنەکانی خێری لێ ببینن! بەڵام دەڵێن تەڕاکتۆرێک کاری سەد پیاو دەکا؟

ـ سەد پیاو چییە! هەر ئەو تەڕاکتۆرە ئەڵمانە سەد و بیست ئەسپ هێزی هەیە. تازە زۆریش گەورە نییە.

مراد پرسیی:



ـ ئەرێ هەر بە ڕاست ئەو دێوانە لە کوێ دروست دەکەن؟

ئەبراو داما. تا ئێستا بیری لەوە نەکرد بۆوە.

ـ بایی چەندن؟ ڕەنگە بە کەس لە کڕین نەیەن!

ئەبراو بیری لەوەش نەکرد بۆوە.

ـ ئەو پووڵانە دەبوو بە جۆرێک لەو زەوییانەدا وە دەست بێنن، وانییە؟ چاوکە پارەی ڕەنج و زەحمەتی ئێمە دەچێتە گیرفانی کێوە!

عەباس هات. بزەیەکی بە زۆریی لەسەر لێو بوو، کە شتێکی پێ بشارێتەوە. مراد و ئەبراو لە پەنا چوارچێوەی درگاکەدا لە کۆڵان دانیشتبوون. تای درگاکەی ماڵی سەنەم هەروا ئاواڵە بوو. حەوشەکەی ماڵی پوورە سەنەم لە چاڵدا بوو. سێ پلیکانی دەخوارد و هەتا تەختی حەوشەکە. تەنیا وەتاغێک و خەڵوەتییەکیان بوو. وەتاغەکە جێی بەنگ و نێرگەلە کێشانی پوورە سەنەم بوو. خەڵوەتییەکەش جێگای قومار کردن. خەڵوەتییەکە زیاتر بە دەست غەزییەوە بوو و بەسەر قومار و قومارکەراندا ڕادەگەیشت. درگای وەتاغەکە کەلێنێکی پێ درابوو و شۆقێکی باریک و کزی لێدەهاتە دەرێ. عەباس پێی نایە سەر پلیکانەکە و گوتی:

ـ بچم لە پوورە سەنەم بپرسم!

مراد و ئەبراو چاوێکیان لە یەکتر کرد. هەردووکیان عەباسیان باش دەناسی. پێشی پێنەدەگیرا. عەباسی سلووچ ئەگەر ئەمشەو قوماری نەکردایە ڕۆژی لێنەدەبۆوە. قسەشی لەگەڵ نەدەهات. گوێ بە فیل نادا. بیهەوێ کارێک بکا دەیکا!

مراد گوتی:

ـ ئێمە چەن کەسین دەمانەوێ بچین بۆ دەڤەری شاهڕوود. هێندێ کەس لە شاهڕوودەوە دەچن بۆ گومبەد. هێندێکی دیکەش دەچن بۆ ناوچەی (وەرامین). ڕەنگە سەرێکیش لە پێتەخت بدەین. دەچین بزانین ئەویش چۆنە! ئەگەر دنیامان بۆ ناخورێ با لانیکەم ببینین.

ئەبراو گوتی:

- منیش زۆرم پێخۆشە پایتەخت ببینم. زۆرم پێخۆشە! بە گیانی برایەتیمان ئەگەر ئەو تەراکتۆرە پەیدا نەبوایە و دیسان ناچار بوایەم توونەوانی بۆ عەلی گەناو بکەم، تاوێک لێرە نەدەمام.

مراد بە بیستنی ناوی عەلی گەناو تۆزێ بێدەنگ بوو پاشان، هەستا تۆز و خۆڵی پاتۆڵەکەی تەکاند و گوتی:

- بیستوومە سبەینێ دەچن بۆ جل هەڵگرتن؟!

ئەبراو لە شەرمانا تۆزێ خۆی گنخاند و گوتی:

من نازانم.. سبەینێ بەیانی لە ڕێگا دەتانبینم؟

- ئەی چی... ڕەنگە!

مراد باوێشکێکی داو خۆی کرد بە حەوشەکەدا. ئەبراو گوتی:

- تۆ گیانی خۆت ئاگات لە عەباس بێ! دەترسم ئەمشەو ئەو دوو زۆڵە ڕووتی کەن.

مراد درگاکەی پێوەدا و گوتی:

- چاوی دەرێ! من ئەوە کوێر دەبم بۆ خەو.

درگاکە لەسەر باوێشکی مراد پێوەدرا. پاشان بێدەنگی. بێدەنگی خۆی بە سەر دار و دیواردا کێشا. ئەبراو بە تەنیا ماوە. دەبوو وەڕێ کەوێ، لێی ڕوون بوو کە براکەی بەم زووانە لە ماڵی پوورە سەنەم نایەتەوە. بە تەنیا بە بن دیوارەکەدا کەوتەڕێ، جارێکی دیکە دەستی لە پزووی پاتۆڵەکەی دا و سەر حیسابی پارەکانی بوو. پێیخۆش بوو بچێ بۆ ماڵی زبیحوڵڵا، بۆ لای میرزا و سالار عەبدوڵڵا؛ بەڵام لە ڕووی هەڵنەدەهات. نەیدەزانی بۆ پێیخۆشە لە لای درگاکەوە دانیشێ و گوێ بۆ قسەی میرزا حەسەنی زاوای ئاغامەلەک شل کا. هەموو کەس دەیزانی میرزا ڕوو خۆش و زمان شیرینە، ئەبراو لە مێژ بوو لەوە گەیشتبوو؛ بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێستا تامەزرۆ بوو گوێ لە قسەی میرزا بگرێ شتێکی دیکە بوو. میرزا کاتێ باسی ئەو هەموو قومارەی شار و قەحبەخانەکانیشی دەکرد، قسەکانی لە دڵ دەنیشت. بەڵام کاتێ دەهاتە سەر باسی پستەکاری و بیری ئاو و تەراکتۆر، بۆ ئەبراو تام و چێژێکی تری هەبوو. ئەبراو لە خۆشیانا چاوی زەق دەبۆوە و دەمی دادەچەقا.



ئەوەی بە سەر زمانی میرزادا دەهات، لە خەیاڵی ئەبراودا وەک بەهەشتی دەنواند. تەواوی ئاواتەکانی ئەبراو لەو زەوی و زارەدا دەهاتە دی. بەڵام، هەرشتێ بوو ئەبراو نەیدەتوانی بەو شەوە ناوەختە بە بێ هیچ بیانوویەک بچێ بۆ لای میرزا. ئاخەر ئەبراو هێشتا منداڵ بوو. ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ. لەنتەرەکەیان هێشتا داییسا. لەوە دەچوو مێرگان بە بۆنەیەکەوە، ئەو لەنتەرەی نەکوژاندبێتەوە. ئەبراو بە ئەسپایی خوشی و پێیوابوو دایکی خەوی لێکەوتووە، بە بێ چرپە چوو لە جێگاکەی خزا و ڕەهێڵ بوو. بەڵام مێرگان نەخەوتبوو. لەبەر شەوقی کزی لەنتەرەکە پشتی کردبووە دیوارەکە و سەری هاجەری لەسەر ڕانی دانابوو. بە نەرمی دەستی بە سەر و قژیدا دێنا و قسەی بۆ دەکرد. هاجەریش وەک بەرخێکی ساوا، سەری کردبووە سەر ڕانی دایکی و پێلووی جار لەگەڵ جار قورستر دەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا گوێی لە وتەکانی دایکی گرتبوو. مێرگان لە هەوەڵی شەوێوە ئەوەی دەبوو بیڵێ، گوتبووی، ئەوەی کە کچێکی عازەب لە کاتی شوو کردندا دەبێ بیزانێ، بە وردی بۆ هاجەری باس کردبوو. ئەوەی کە دایکێک دەبێ بە کچەکەی بڵێ لە کاتی شوو کردنیدا، پێیگوتبوو. دەڵێی دایکان لە تەنیایی و خەڵوەتدا زۆر بێ پەردەتر دەتوانن لەگەڵ کچەکانیان بدوێن و نەوێژراوەکان بە زمانێک بدرکێنن کە دەتوانێ ئێمەومانان لە کون دەرکێشێ. ئەوەش دەکرێ پیاو لێی ڕوون بێ کە خۆشترین کاتی ژیانی دایک ئەو کاتەیە کە لەگەڵ کچەکەی سەبارەت بە ژیانی ژن و مێردایەتی دەدوێ. ئەو ساتانە وتەی نەرم و نیانی دایک، پاشماوەی ئاواتەکانی خۆشی تێدایە. چێژ و تاسەکانی خۆی لەو وتەیدا دەردەکەوێ. بۆچوونەکانیشی قەت وەڕاست نەگەڕاوە، بۆیە لە ناخی گیانیدا ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوێتەیەک لە هیوا و بێ هیوایی بە وتەکانییەوە دیارە و چێژێکی پڕ لە ئاوات بە وتەکانی دەبەخشێ. قسەکانی دڵگرە و بە زمانێکی شیرین دەدوێ. دایک، لەو کاتەدا ئەزموون و بێ ئەزموون ئاواتەکانی خۆی دڵۆپ دڵۆپ بە کچەکەی دەبەخشێ. کچەکەش لەو کاتەدا، تنۆک تنۆک ڕۆحی دایکی هەڵدەمژێ و بەشێک لە باشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی پاشەکەوت دەکا. شەوێکی ئاوا وەک شانەی هەنگوین شیرینە.

بە هاتنەوەی ئەبراو، مێرگان بێدەنگ بوو. ئەگەرچی بێدەنگیش نەبوایە، ئەبراو لە خەیاڵێکیتر و لە شوێنێکیتر بوو. مێرگانیش لە ئەبراو نەدەگەیشت. مێرگان ئەبراوی بە غەریبە دەزانی و ئەوەی بە کچەکەی دەگوت، ئەبراو نابێ بیبیستێ. هەر بۆیە مێرگان سەری کچەکەی نایە سەر سەرینەکە و لە پاڵیدا خەوت.

لەنتەرەکە بە پڵیتە داکێشراوەکەیەوە هەروا داییسا. ئەبراو لەرزین و پرتە پرتی شۆقی لەنتەرەکەی بەسەر قورمی بنمیچەکەوە دەدی. کەم وابووە لەنتەری ماڵی مێرگان هەتا بەیانی باییسێ. تەنیا شەوی هەوەڵی نەورۆز لەنتەرەکە تا بەیانی داییسا. ئەویش ئەگەر سلووچ لە ماڵ بوایە، نەک هەمیشە. چوونکە تەنیا بوونی سلووچ نەبوو کە دەبووە هۆی نەکوژانەوەی لەنتەرەکە. دەبوو دڵخۆشیشی لەگەڵ بێ. ئەوەی دەبووە هۆی دڵخۆشی لە مانگی خاکەلێوەدا بەفر و باران بوو. وەرزەکانیش خۆ هەموویان و هەموو کاتێ وشک نین. ساڵی وابوو بە هەڵکەوت شەوی جێژنی نەورۆز لەنتەری ماڵی سلووچ هەتا بەیانی داییسا.

لە قوڵایی بیری ئەبراودا شۆقێکی کز پرتە پرتی دەکرد. هەروەها وێنەی ساڵانی ڕابردووی لەگەڵ سلووچ لە شۆقی کزی لەنتەرەکەدا وە بیر دەهاتەوە.

پیاوێکی کورتە باڵا، بە شانی دەرپەڕیو و سەری کەم تووکەوە. کەواکەی دادەکەند و بە شەکەتی لەسەر جێگاکەی خۆی دادەنیشت و جگەرەیەکی (شنۆ)ی دادەگیرساند. دووکەڵ دەمی پڕ دەکرد و شۆقی جگەرەکەی ڕووناکتر لە شۆقی لەنتەرەکە دەدرەوشاوە. لەسەر لاتەنیشت دەکەوت و هەنیشکی دەدا سەر باڵنجێک و دەستی دەکردە کۆڵەکەی سەری و هەتا جگەرەکەی تەواو دەبوو لەسەر ئەو بارە دەماوە. ئەو جۆرە شەوانە، شەوانی جێژنی نەورۆز سلووچ زیاتر دەچووە فکرەوە. بەچی دیارە کە دوای تەواو بوونی جگەرەکەشی هەروا بەخەبەر نەبووبێ! ئەبراو ئەوەی لێ ڕوون نەبوو. چونکە خۆی خەوی لێدەکەوت.

شەوانی جێژنی نەورۆز بە هەزار حاڵ منداڵانیان لە کۆڵان دەهێناوە. لە کایە تێر نەدەبوون. شل وشەکەت دەبوون و ئەبراو بە شەکەتی لە سەر جێگاکەی ڕادەکشا. خەوێکی قورس. لەگەڵ ئەوەشدا بەیانی جێژن، کەڕەی بەیانی هەڵدەستا و دەچوو نەورۆزانەکەی لەباوکی وەرگرێ. سلووچ بە هەرچەرمە سەرێیەک بوایە جێژنانەی



منداڵەکانی وە دەست دێنا، لە توورەکەکەی دەنا و توند گرێی دەدا. ئەبراو چاکی لە بیر بوو کە باوکی بەیانیی جێژنیش جگەرەیەکی دادەگیرساند و نێو چاوانی تێکدەنا. بەیانی جێژن هیچ کەس بۆ جێژن مەبارەکی نەدەهاتن بۆ لای. سلووچ دەبوو بڕوا. ئەبراو ئەو کاتە نەیدەتوانی گرێی ئەو گرفتانە بکاتەوە، کە بۆ باوکی ئەو لە خەڵکی چکۆڵەترە؟ ئەوەشی ئەو ڕۆژانە بۆ دەرکەوتبوو کە بەیانی نەورۆز گەورەکان دادەنیشن و چکۆلەکان دەچوونە سڵاویان. بەڵام ئەبراو دیتبووی کە کورتە باڵاتر لەباوکیشی لە زەمینج هەیە. کەوایە بۆ ئەوان نایەن جێژن مەبارەکی لە سلووچ بکەن؟ ئەوەی ئێستا بۆ دەر کەوتبوو.

سلووچ بەیانی زوو نەورۆزانەی بە منداڵەکانی دەدا، چایەکی هەڵدەقوڕاند و پاروویەکی نان دەنایە دەمی، هەڵدەستا و قایشی پشتی توند دەکرد، کڵاشەکانی ئەگەر بیبوایە. لەپێ دەکرد، شانی دادەنەواند و لە درگاکە دەچووە دەرێ. دەچوو بۆ کوێ؟ ئەبراو ڕۆیشتنی سلووچی چاک لە بیر بوو. پاشان نۆرەی کشمیش و لەبلەبی بوو کە مێرگان بەسەریدا داڵبەخش دەکردن. یەکی لاوێچێکی دەکردە گیرفانیان. پاشان کۆڵانە و کۆڵان. کۆڵان و منداڵان. هەتاو وەک فەڕش دەکەوتە سەر زەوی.

چاوی قووچاند. ئیتر نەیدەویست بیر لە باوکی بکاتەوە. نەک ئەوەی بیهەوێ سلووچ لەبیر بەرێتەوە. نا! تەنیا هەستی دەکرد کە خەیاڵی سلووچ ئیتر ئەو دەشتە دڵگر و سەرنج ڕاکێشە نییە کە لە هەموو کاتە هەڵوەداییەکانیدا بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ. گرمە گرمی تەڕاکتۆر، بیر و خەیاڵی ئەبراوی شێواندبوو. دێوێکی بەهێز لەو ڕۆژانەدا دڵ و بیری ئەبراوی دەکێڵا. لەشی شەکەت بوو، بەڵام زەینی ئەهۆن نەدەبۆوە. دەیزانی سبەینێ یەکەم ڕۆژی کار، دەبوو شاد و بەهێز و چالاک بێ. کەوایە دەبوو بخەوێ. بەڵام دەتگوت ئیختیاری خۆی لە دەست داوە. لەبن لێفەکەدا ئەمدیوە ودیوی دەکرد. سەرو چاوی لە سەرینەکە هەڵدەساوی. بەیانی تەڕاکتۆر دەگەیشتێ. بێدەنگیی کۆنی زەمینجی دەشکاند. ئەبراو لەسەر تەڕاکتۆر دادەنیشت و سەر و فۆکلەی با دەیشەکاند. چاوی چکۆلە دەکردەوە و لەوەی سواری چل ئەسپ بووە و گازی دەداتێ، کەیفی دەکرد. هەقدەستەکەی سەری مانگەو مانگ

وەردەگرت. ئیتر خازەڵۆکی و کرێ وەرگرتن جاڕزی نەدەکرد: نیو مەن جۆ، دە سیر ئاردی گەنم و حەوت قران پارە! هەقدەستی کارەکەی. سەری مانگ چاوی بە چوار گەڵای درشت دەکەوت. لێگەڕێ هەر کارێک حیساب و کیتابێکی هەبێ. پیاو بزانێ خەرج و داهاتی چەندەیە؟ خۆ بەسەر هەوادا و بە هیوای بای بیابان ناکرێ بەڕێدا بڕۆی!

چرۆی لە خۆبایی بوون هەر لە ئێستاوە لە دڵی ئەبراودا پشکووتبوو. بە چاوێکی دیکە لە خۆی دەڕوانی. وردە کاری بێ داهات وەڕەزی کردبوو. دڵی بە کارێکی دیکەوە بوو. کارێکی بە پیت. کارێک کە ئاکام و سەرەتایەکی هەبێ. ئەبراو نێو چاوەکەی هێنابووی، لە نێو گەنجانی ئاواییدا ئەو تەنیا کەسێک بوو کە دەستی لە کارێکی ئاوا گیر بووبوو. میرزا و سالار ئەویان هەڵبژارد بوو. ئەبراویش ئەوەی پێ گاڵتە نەبوو. لاوانی دیکەش بوون. هاوساڵەکانی ئەو کە دەبوونە ئاوارەی هەندەران، کامیان ئاواتی ئەو کارەیان نەبوو؟ کارێک کە بێکاریی لەدوا نەبێ!

قسەیان لەوە دەکرد کە دوای کێڵانی زەوییەکانی خۆیان، جووتی خەڵکی پێدەکەن و تەراکتۆرەکە بێکار نابێ، جووتی زەمینج و دێهاتەکانی دیکەش دەکا. ئەبراویش کەیفی بەوە زیاتر ساز دەبوو. بە سواری تەراکتۆر چل ئەسپ گازی دەدایە و سەیاحەتی دەکرد و خۆی دەنواند. کچانی گوندەکانی خواروو، شۆخ و شەنگتر بوون! وەک دەیانگوت، بڕیار وایە میرزا و شەریکەکانی وامێکی بەرچاو لە دایرەی کشتوکاڵ وەرگرن. دوای ئەوەی کە زەوییەکەیان بە سەفت گەیشت، دەیانتوانی قەباڵەکە بارمتە دانێن و وام وەرگرن. ئەبراو وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە میرزا و شەریکەکانی کار و دەزگاکەیان زۆر چاک دەیگرێ و لەوانەیە یەک ـ دوو تەراکتۆر بکڕن. تائەو کاتەش ئەبراو دەبووە شۆفرێکی شارەزا و لە پشت فەرمانی تەراکتۆرێک دادەنیشت و کڵاوی بۆ لار دەکرد. دەیتوانی ژن بێنێ و ماڵ و ژیان پێکەوەنێ. دەست بۆ هەر کچێکیش ڕادێرێ، قوڕاوخۆرە و بەسەر دێ. تا ئەو کاتەش ئەبراو دەبووە پیاوێکی تەواو.

ئەبراو نەیتوانی عەباس بە باشی ببینێ کە هاتەوە بۆ ماڵێ. پێڵووی قورس بووبوو. بەڵام بە چاو لێکردنێک دەکرا لە عەباس بگەی کە چی بەسەرهاتووە!



شەکەت و تووڕە. دەم بە جنێو. کە لێفەکەی هەڵداوە؛ دەتگوت دەیهەوێ بە چنگ و ددان هەڵیتلیشێنێ؛ دوو سێ جار ڕق و نەفرەت، نەفرەت و تووڕەیی لە دەمی دەرپەڕاند.

پاشان لە پەنا گۆزە ئاوەکە چۆکی دادا و گۆزەکەی نا بەسەرییەوە، ئەوەندەی گەدەی دەیبرد ئاوی خواردەوە. پاشان چووە سەر جێگاکەی، بە ددانە چیڕەوە جنێوێکی دا. ئەبراو هەستی کرد براکەی خەریکە بە باڵنجەکەیدا دەنووسێ. ئیتر هیچی بۆ نەچۆوە سەر یەک و خەوی لێکەوت.

بەیانی بەر لە خۆر کەوتن، مێرگان هەستا و هاجەری خەبەر کردەوە. هاجەر تێر خەو نەبووبوو. چاوی هەڵگڵۆفی لەسەر جێگاکەی دانیشت، قورس بوو و خۆی پێڕانەدەگیرا. دیسان کەوتەوە و سەری نایە سەر باڵنجەکە. سەری سەد مەن دەبوو. مێرگان دەست و دەموچاوی شۆرد و هاتەوە ژوورێ. ئەبراو لەسەر جێگاکەی خۆی قیت بۆوە و بە هەڵەشەیی چاوی لە دەور و بەری خۆی دەکرد. لەپڕ لە جێگاکەی دەرپەڕی و هەڵات. هەوا ڕوون بوو بۆوە. لەبەر درگاکە ئاوڕی لە دایکی دایەوە:

ـ تۆ گوێت لە دەنگێک نییە!؟

ـ دەنگی چی؟

ـ دەنگی تەراکتۆر!

ـ نا.

ئەبراو تۆزێ خاو بۆوە. چووە دەرێ و شڵپێکی ئاو بە دەموچاویدا داو گەڕاوە.

لەتێ نانی هەڵگرت و نایە گیرفانی و دەرپەڕی بۆ دەرێ. مێرگان دەست و دەموچاوی وشک کردەوە و چووە ژوور سەری هاجەر.

ـ هەستە دەی! ئێستا دەزگیرانەکەت دێ؛ جوان نییە! ئاوا وەک تەرم ڕەهێڵ بووی. هەستە مشتێک ئاو بە دەموچاوتەوە دە، هەستە دەی!

هاجەر دەیویست هەستێ. بەڵام خەوی بەرەبەیانی بەهارانە، خەوی منداڵانی لە تەمەنی ئەودا قورستر دەکا. مێرگان دەستی دا بن پیلی کچەکەی و بکێش بکێش بردییە دەرێ. لەسەر شۆرکەکە داینیشاند و دەست و دەموچاوی بۆ شۆرد. هاجەر

خەوەکەی پەڕی. لە بن دیوارەکەدا دانیشت و پاڵی داوە. مێرگان دەموچاوی هاجەری بە داوێنی کراسەکەی وشک کردەوە و چوو جلە بووکێنییەکانی خۆی بێنێ و لەبەری هاجەری بکا. کراسێکی چیتی سوور بە گوڵی شین و سپییەوە. لەچکەیەکی هەورێشمینی ڕیشکۆدار کە جێجێ مۆریانەکونی کردبوو. کراسەکە چرچ و لۆچ بووبوو. کراسەکەی لەبەر کچەکەی کرد، کراسی بووکێنیی مێرگان بۆ هاجەر فش و فۆڵ و درێژ بوو و لەعەرزی دەخشا. سەرشانی کراسەکە گەیشتبووە سەر باسکە باریک و لاوازەکانی هاجەر و دەستە وردیلەکانی داپۆشیبوو. سینگی کراسەکە فش و خاڵی بوو. چونکە هێشتا هاجەر مەمکی نەکردبوو. مەمکی هاجەر بە لانی زۆرەوە بەقەد دەنکە گوێزێک دەبوون.

قەیناکا! کراسی درێژ، زۆریش خراپ نییە.

مێرگان دەرزی و دەزووی هێناو ملیوانەی کراسەکەی هەڵقرچاند. چونکە زۆر گەورە بوو. دەبوو چارەیەکی قۆڵەکانیشی بکا. ئەویش دەبوو لە باسکەکەیەوە هەڵیقرچێنێ. کراسەکەی لەبەر داکەند و قۆڵەکەی چاک کرد. لەبەری کردەوە. ئیتر تەواو بوو. دەرزیلەیەکیشی لە پێسیری دا، قووڵکەی بەر ملی نەدەبوو بەدەرەوە بێ. زۆر چاکە، خراپ نییە. بەڵام ئەگەر زووتر عەقڵی پێی بشکایە و کەمەر و بن باخەڵەکەشی بە شێنەیی هەڵقرچاندایە، باشتر دەبوو. بەڵام تازە فریا نەدەکەوت. لەچکەکەی دا بەسەری هاجەردا. ئەگەر لەچکەکە دوولا بەسەری دادا کونە مۆریانە خواردووەکەی دیارنابێ. چاکە، ئەوەش دەرزیلەیەک بۆ بەر ملی. بارشێکۆی لەچکەکە بەسەر شان و ملیدا شۆڕبێتەوە. ئاوا جوانترە. دوو لکەی لەچکەکەش با بەسەرسینگیدا شۆڕ ببنەوە. بسک و ئەگریجەکانی لە لەچکەکە بێتە دەرێ و بکەونە سەر لاجانگ و ڕوومەتی.

ـ چاکە... خودا بەختەوەری کا و تێر عومر بێ!

مێرگان ئاوڕی داوە عەلی گەناو لە چوارچێوەی درگاکەدا وێستابوو و زەردەی دەگرت. هاجەر خۆیدا پشت دایکی. مێرگان گوتی:

ـ پیر و غەڕڕە بن پێکەوە ئیشەڵڵا!

عەلی گەناو گوتی:



ـ ئیشەڵڵا... ئیشەڵڵا... چاکە... چاکە منیش ئەوە دەچم کەرەکە جل دەکەم.

چوارچێوەی درگاکەی بەرداو ڕۆیشت. ڕۆشنایی جارێکی دیکە ڕژا ژوورەکەوە. مێرگان باسکی هاجەری گرت و گوتی:

ـ ئێتر ئەوەندە خۆت مەدزەوە! ئەو ئیتر خەریکە دەبێتە مەحرەمی تۆ. خۆ تازە منداڵی شیرەخۆرە نیت. خەریکی بۆخۆت دەبییە یەک پارچە ژن، ئەوەت چۆن پێ حاڵی کەم؟!

هاجەر هیچی نەگوت. تەنیا شانی هەڵتەکاند. مێرگان جارێکی دیکە لەچکەکەی سەری بۆ ڕێک و پێک کردەوە. پاشان دەستی هاجەری گرت و بردییە بەردرگای ژوورەکە و لەبەر ڕووناکایی خۆرهەڵات، چاوی لە کچەکەی بڕی. چکۆڵە؛ دەموچاوی هاجەر زۆر چکۆڵە بوو. بەقەد ناڵبەکییەکی چینی دەبوو. چاوی ترووکە ترووکی بوو. هاجەر وەک جاران نەدەچوو. شڵەژابوو. ئەوەش هیچ کەس وەک دایکی تێی ناگا. بەڵام مێرگان نەیدەویست وەڕووی خۆی بێنێ. نەدەبوو. باس کردنیشی هەر نا!

ـ مانگی چاردە، خەرمانی گوڵ. ئەگەر ئاوێنەیەکی باڵا نوێن بوو بوایە و خۆتت بدیبایە، دەتزانی من دەڵێم چی. لە چاوی پیس بە دوور بی. شلکە ڕێحانەی ساوا! دەبێ ئەسپەندەرت بۆ بسووتێنم. بەبەختی چابی کچەکەم. بەغیل کوێر بێ لە حاندت! با هەموو بدڕێن کە دەبینن کچێک لەو تەمەنەدا دەبێ بە بووک! لێی گەڕێ با زارای خوشکی زبیحوڵڵا ئەوەندە بمێنێتەوە تا دەگنخێ، با دوژمن کوێر بن و لە داخا بدڕێن! با بچم نانێک بنێمە بوخچەکەوە.

هاجەر هەرلەوێ لەبەر درگاکە چەقی و دایکی ڕۆیشتە ژوورێ. بە ڕۆیشتنەوە، لەقەیەکی بە قاچی عەباسدا دا:

ـ ئەوە نیوەڕۆیە، هۆی! ناتەوێ بەلای ناخێرت هەستی؟! وشتر دەبێ بەر لە تاو هەڵاتن دەرکرێ بۆ لەوەڕ. تۆ دەبوو ئێستا لە بیابان بی!

عەباس لەنێو جێگاکەیدا تلێکی داو بۆڵاندی. مێرگان خۆی کرد بە خەڵوەتییەکەدا و هاجەر پشتی بە دیوارەکەوە دابوو و چاوی لە تەرکی حەوشەکە بڕیبوو: حەوشە

چەندە چۆڵ بوو، چۆڵ و هۆڵ! دەتگوت قەت هیچ کەس و هیچ شتێکی لێ نەبووە؛ ڕاماڵدراوە.

مێرگان لە خەڵوەتییەکە هاتە دەرێ و نانەکەی نا بوخچەکەوە و گوراندی بەسەر عەباسدا:

- لەگەڵ تۆمە، هۆی! هەستە درەنگە. هەستە خۆت کۆکەوە دەی!

عەباس سەری هەڵێنا و بە چاوی قووچاو و ڕوخساری شەکەتەوە قیژاندی:

- ئەو زیقە زیقەت لە چییە، جیقن! بە تۆ چی؟ کاری من بە تۆ چی؟! من هەر ناچم بۆ وشترەوانی!

دەنگی گڕی سەردار، ئامۆزای عەلی گەناو، لە پەنا دیوارەکەوە هات:

- هۆی... کوڕی سلووچ... هۆی.... ناتەوێ بێیە دەرێ، وشترەکان دەرکەی؟! ئەوە نیوەڕۆیە. ئەوە کەی وشترەوانییە؟ دەبێ وشتر بەر لە تاوهەڵات دەرکرێ.

لەگەڵ دەنگی، بەشەقاوی قایم وقەڵافەتی زەلام و تێکسمڕاوەوە هاتە حەوشە. هاجەر خۆی کردەوە بە ژوورێدا. عەباس بە خەواڵوویی خۆی کۆ کردەوە، دەرپەڕی. لێفەکەی گرمۆڵە کرد و پاتۆڵەکەی هەڵکێشا:

- ئەوە هاتم سەردار، ئەوە هاتم.

قەڵافەتی سەردار چوارچێوەی درگاکەی پڕ کرد. عەباس خۆی کرد بە خەڵوەتییەکەدا و چەقۆکەی هەڵگرت و نایە نێو پووزەوانەکەیەوە، نان و ئاوی نایە نێو توربێنەکەیەوە، دار دەستەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و بەرەو ڕووی سەردار ڕاوەستاو ئامادە. سەرنجی ڕەشی سەردار لەژێر برۆ پڕ و گەورەکەیدا دەدرەوشاوە. ناسی بن زمانی لەبەینی سمێڵ و ڕیشە ڕەشەکەیەوە تف کردەوە و گوتی:

- وریا بە وشترەکانی منیش نەدۆڕێنی!

ڕووی وەرگێڕاو ڕۆیشت. عەباسیش بە دوایدا چووە دەرێ. هاجەر خۆی لە سووچە تاریکەکە دەرباز کرد و مێرگان جارێکی دیکە بە دەوری خۆیدا سووڕا. پاشان پەنچکێ نانی دا بە هاجەر و گوتی:

- ها، بیخۆ!



هاجەر دەمی وشک بوو.

- هەرچۆنێک بێ بیجاوە، هەتا شاری دەبوورێیتەوە!

هاجەر پەنچکە نانەکەی نا دەمییەوە.

- ئامادەن بڕۆین؟

عەلی گەناو بوو، مێرگان وەڵامی داوە؟

- ئەرێ... ئێمە ئیتر کارمان نەماوە.

عەلی گەناو هەوساری کەرەکەی نا سەر دیوارەکە و خۆی هاتە بەر درگاوە.

مێرگان بوخچەکەی هەڵگرت. پیلی هاجەری گرت بردی بۆ لای درگاکە. هاجەر کاتێ پێی نایە دەرێ. هەناسەی عەلی گەناوی لەسەر ڕوومەتی خۆی هەست پێکرد. عەلی گەناو لۆی چارشێوەکەی بووکی بە قامکە زبرەکانی گرت بۆ ئەوەی لە عەرزی نەخشێ. مێرگان کچەکەی بردە کۆڵان. عەلی گەناو هەوساری کەرەکەی لە دیوارەکە کردەوە و چاوەڕوانی بووک بوو. عەلی گەناو گوێدرێژەکەی کوورتان کردبوو و تاقە فەرشی بلووچیی ماڵەکەی بەسەر کورتانەکەدا دابوو. مێرگان و هاجەر لە پەنا گوێدرێژەکە ڕاوەستان. عەلی گەناو لاقی ڕاگرت بۆ ئەوەی هاجەر پێ بنێتە سەری و سوار بێ. هاجەر دامابوو. مێرگان بن پیلی کچەکەی گرت و وەک پەڕە کایەک هەڵیهێنا. هاجەر لاقی نایە سەر ڕانی عەلی گەناو و خۆی خستە سەر کورتانەکە. نەرمایی فەرشەکە تەنیا شتێک بوو کە زووتر لە هەموو شتێک هەستی پێکرد. هاجەر کە خۆی گرت، عەلی گەناو هەوساری کەرەکەی خستە سەر شانی و وەڕێکەوت.

مێرگان بە دوایدا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی ئاگای لە هاجەر بێ، نەکا بکەوێ.

هاجەر بە هەر دوو دەستی کورتانەکەی گرتبوو و هەر دوولاقی لەملاو ئەولای قەبرغەی گوێدرێژەکە توند کردبوو. کچی زەمینج و کەرسواری نۆبەرە بوو! ئاخەر ئەو کاتەش کەرەکەی سلووچ نەتۆپی بوو، براکانی نەیاندەهێشت هاجەر سوار بێ.

بە کۆڵانەکەی ماڵی عەلی گەناودا تێپەڕین، مێرگان بێ ئیختیار چاوی لە درگاکەی ماڵی عەلی گەناو کرد. تایەکی درگاکە نیوەی کرا بۆوە و ڕوقیای ژنی، وەک کەوڵە کۆنێک لە پاڵ درگاکەدا ڕاوەستابوو و بە چاوە بە قووڵدا چووەکانی

تەماشای دەکردن، روانینی وەک تێل و دەرزی یەسکی لەشی ئاژن ئاژن دەکرد. مێرگان خۆی لە چاوی دزییەوە و خۆیدا پەنا گوێدرێژەکەی عەلی گەناو.

جیرەی وشکی درگاکە هات. ژنێک ڕەنگە لە پشت تای درگاکە دانیشتە سەر عەرز.

عەلی گەناو بەپەلە بوو، دەستی کرد بە گیرفانیدا، لاوێچێکی کشمیش و کاکڵە گوێز کردە کۆشی هاجەرەوە. لاوێچێکیشی دا بە خەسووی. سێ ـ چوار دەنکیشی خستە دەمی خۆی و هەوساری کەرەکەی کێشا.

لە پەنا بەنداوی گەرماوەکە، عەباس ڕاوەستابوو و خەریکی توند کردنی بەنی پووزەوانەکەی بوو. سەرداری پسمامی عەلی گەناویش لەولاترەوە پێی لەسەر لێواری بەنداوەکە دانابوو و خەریکی ئامۆژگاری کردنی عەباس بوو:

ـ مرۆڤی قومارباز پارەیەکی چرووک ناهێنێ، من کەسانێک دەناسم کە قەتاری وشتریان بە قومار داناوە!

عەباس بەنی کاڵە و پێتاوەکانی بەست، چەقۆکەی کرد بە بێخی پزلووخەکەیدا و گوتی:

ـ ئەوان قەتاری وشتریان بوو دۆڕاندیان؛ من چیم هەیە؟!

ـ تۆ؟!... خۆ پاتۆڵت لە پێدایە؛ قوماربازم دیوە قوونی خۆی بە بارمتە داناوە. دوێشەو چەندت دۆڕاند؟!

عەلی گەناو پێیخۆشبوو لەسەر ڕێگا، لەبەر چاوی ئامۆزاکەی پۆزێک لێدا و خۆی بنوێنێ. هەوساری کەرەکەی بۆ لای سەردار ڕاکێشا و گوتی:

ـ سڵاو ئامۆزا!

سەردار چاوێکی لە عەلی گەناو و گوێدرێژەکە و مێرگان و هاجەر کرد و گوتی:

ـ چاکە، چاکە؛ دەتەوێ بچی بۆ شار!

عەلی گەناو گوتی:

ـ کارێ بارێکت نییە؟

ـ نا، نا. بەخێر بچن. بە خێر و خۆشی.

ـ خودا حافیز!



عەلی گەناو بە پەنا عەباس و ئامۆزاکەیدا تێپەڕی. مێرگان لەپەنا کچەکەیدا خۆی شاردەوە و هاجەر بۆ تاوێک چاوی قووچاند، لەبەر چی بوو، ! خو عەباس چاویشی لێنە کردن!

عەلی گەناو و گوێدرێژەکەی و بووک و دایکی بووک دوور کەوتنەوە. سەردار و عەباس وەڕێکەوتن. سەردار لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیشت.

ـ دەی؛ نەتگوت دویشەو چەندەت دۆڕاند؟

عەباس وەڵامی نەداوە.

ـ چاکە، چەندەت بردەوە؟

دیسان عەباس جوابی نەداوە. سەردار گوتی:

ـ پێت وایە خەبەرم نییە؟! هە هە! چاکە، بە من چی. گوێ بگرە، چاکت ئاگا لە لۆکە ڕەش بێ. بەهار مەست بووە. قین ئەستوورە، ها!

لۆکە ڕەش، دوور لە وشترەکانی دیکەی سەردار کە لە حەوشەکەدا مۆڵیان خوارد بوو. لاملی بە زۆپایی تیژی دیوارەکە دەخوراند. لالەغاوی کەفی دەردابوو و چاوی زۆر نا ئارام و توورە دیار بوو. سەردار بە شاقەلی عەباکەی کە زستان و هاوین دەیدا بە شانیدا. وشترەکانی بۆ لای داڵانەکە و درگای دەرێ ڕادا. عەباس لە پاڵ تاقی بەرزی درگاکەدا ڕاوەستابوو بە هەڵسووڕاندنی دار دەستەکەی وشترەکانی لێدەخوڕی. سەردار بە دوای وشترەکاندا لە داڵانەکە هاتە دەرێ، لە پاڵ عەباسدا ڕاوەستا و بە عەشقێکی شاراوەوە لە وشترەکانی دەڕوانی:

ـ هەک بەرەکەتتان تێکەوێ، بەرەکەت!

عەباس وەڕێکەوت.

ـ لەوە زیاترت ڕاناسپێرم، ها، کوڕی سلووچ!

ـ دڵنیابە سەردار، دڵنیا!

عەباس ئەوەی گوت و بە کۆڵانەکەدا بایداوە و ون بوو.

سەر ڕێگاکە قەرەباڵغ بوو. ئەو لاوانەی دەیانویست بڕۆن، لە پاڵ بوخچە و توربێنەکانیان دانیشتبوون و چاوەڕوانی هاوڕێکانیان بوو.. دایک و خوشکیان

هێشتا هەر بەلایانەوە ڕاوەستابوون. کەس نەدەگریا. بەڵام ئاوێتەیەک لە دڵە خورپە و شادی، نگەرانی و دڕدۆنگی، بە ڕوخساریانەوە دیار بوو.

شتێک کە ڕەنگدانەوەکەی لە نێو لاوانی زەمینجدا گاڵتە و گەپی بێ سەرەوبەرەی پێوە بوو. دەدوان و پێدەکەنین. دەیانقیژاند و جنێویان دەدا. ئەو زاراوە و نێونیتکانەی کە دەتگوت بۆ ئەو کاتانەیان داناوە، بە گورچووی یەکتریاندا دەدا. هێندێکیان پێی تێک دەچوون ئەو تێکچوونەش لە نێو پێکەنین و هەرزەوێژیدا ون دەبوو.

عەلی گەناو دەیویست کەرەکەی لە بن دیوارەکەوە بێنێتە سەر ڕێ، بەڵام دیتی کەوتۆتە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە و حاجی سالم و کوڕەکەی دەستی لە کۆڵ ناکەنەوە. حاجی سالم و موسلیم داوای شیرینییان دەکرد. شیرینیی ژنهێنان. عەلی گەناویش دەستی بۆ گیرفانی نەدەچوو. لاوەکان کونی گاڵتەیان دیتبۆوە. موسلیمیان هان دەدا شیرینی لە عەلی گەناو بستێنێ. موسلیمیش وەک چەققە پێوەی نووسابوو. مراد خۆی تێهەڵقوتاند. ئەبراو لە قەراغێک لەسەر تەپۆڵکەکە ڕاوەستابوو. ئەبراو گوێی بۆ گرمە تیژ کردبوو و چاوەڕێ بوو.

عەلی گەناو ئاخری دەستی برد بۆ گیرفانی و خۆی ڕزگار کرد. هەوساری گوێدرێژەکەی کێشا. لە نێو ئاپۆرەکە چووە دەرێ و لەگەڵ دۆعای بەخێری حاجی سالم وەڕێکەوت. ئێستا نۆرەی موسافیرە لاوەکان بوو هەریەکی شتێک وەک بەلا گەردان بدەن بە حاجی سالم و کوڕەکەی. حاجی سالم هاتە نێو لاوەکان و دەستەو دۆعا ڕاوەستا. لاوەکان بێدەنگ بوون.

وشترەکانی سالار لەگەڵ لاوەکان تێکەڵ بوون و عەباس، لەلای ئاپۆرەی خەڵکەکە ڕاوەستا. مرادی سەنەم چوو بۆ لای. خودا حافیزی و ماچ و مووچ.

یەک دوو کەسی دیکەش هاتن بۆ لایان. حاجی سالم بە دەنگێکی بەرز لە پەستا دۆعای دەکرد. دۆعای سەفەر. دایکان و خوشکان، هەرکام لە پەنا کوڕ و براکانیاندا ڕاوەستابوون و فرمێسک لە چاویاندا قەتیس مابوو. هەموو بێدەنگ بوون.



حاجی سالم دەپاڕاوە. هێشتا کەس دەستی نەبردبوو بۆ گیرفانی. موسلیم چوو بۆ لای مراد. مراد کڵاوەکەی لە سەری داگرت و بە بەردەمی کوڕەکاندا گێڕای تاکوو هەر کەسەی یەک. دوو قڕانی تێخا بۆ حاجی سالم:

ـ بێنن براله؛ یەکی دوو قڕان وەرنە خوارێ، با لەکۆڵمان کەوێ!

قودرەتیش گەیشتێ. کەس نەماوە. بیست و یەک کەسن. مراد، قودرەتی وەبەر جنێوان دا:

ـ مەگین دەتەوێ بچی بۆ ماڵی نەنکت؟! ئەوە نیوەڕۆیە. بەو قوونە خاوێنەوە دەتەوێ لە غەریبایەتی کار بکەی؟! داوەشێی، هەی!

قودرەت کیسەیەکی بە کۆڵیدا دابوو و باوکی بە دوایدا دەهات و ئاوی لووتی بە سەر قۆڵی کەواکەی دەسڕی.

ـ هات! هات!

ئەبراو لە ناکاو گوڕاندی و بەرەو ڕێگاکە غاری دا.

ـ چی هات؟!

تەڕاکتۆر، تەپووتۆز و غوبارێک لە دوورەوە دیار بوو. پاشان وە دیار کەوت. دوای ئەویش دەنگێک هەموو خەڵکەکەی وەخۆ هێنایەوە. بەڵام دەبوو لاوەکان وەڕێکەون. توربێن و کۆڵ بە کۆڵەوە. دایکان جارێکی دیکە دەستیان کردە ملی کوڕەکانیان؛ خوشکان لە لایەک وێستابوون و لێویان دەلەرزی.

ئەبراو کڵاوەکەی لە سەری داگرتبو و لە دوورەوە بۆ شۆفیرەکەی ڕادەتەکاند. تەڕاکتۆر بە گرمە گرم دەهاتە پێشێ. وشترەکان هەڵسڵەمینەوە. عەباس بە جنێودان دەست بە تێلاوە هەڵات ڕەوەی قوشقی و بڵاوەی وشتر کۆکاتەوە.

تەڕاکتۆرەکە لە لای خەڵکەکە ڕاوەستا. خەرمانێکی تەپوتۆز لە گەڵ خۆی هێنا. خەڵکەکە خۆیان لە غوبارەکە هێنا دەرێ. لاوەکان بە پەنا تۆز و خۆڵەکەدا تێپەڕین و وەڕێکەوتن. ژنان لە سەر ڕێگاکەدا پۆل پۆل ڕاوەستان تاکوو ڕۆیشتنی کەسەکانیان ببینن. هێندێ لە لاوەکانیش ئاوڕیان دەداوە و چاویان لە دایک و

خوشکیان دەکرد. بەڵام دەڕۆیشتن و ڕوانینەکان لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە. دوور دەکەوتنەوە؛ لاوەکان دوور دەکەوتنەوە و ژنان هەر وا ڕاوەستابوون.

باوکی قودرەت لە سەر بەردێک دانیشتبوو. شۆفیری تەڕاکتۆرەکە بە لاچاوێک لە بن سێبەری کڵاوەکەیەوە چاوی لە کچان دەکرد. ئەبراو بە تەڕاکتۆرەکەدا هەڵگەڕا. شۆفیرەکە سۆراخی سالارعەبدوڵڵای گرت. ئەبراو گوتی دەبێ بڕۆین بۆ مەزرا. سالار و میرزا و زەبیحوڵڵا و ڕەنگە دوو ـ سێ شەریکی دیکەش بێن بۆ مەزرا. شۆفیرەکە تەڕاکتۆری لێخوڕی و عەباس لەولاوە تفێکی لە تەپوتۆز و ڕێگاکەی کرد.

ژاوە ژاو تەواو بوو. ژنان هەر یەک بە لایەکدا ڕۆیشتن. تەنیا باوکی قودرەت هەروا لە سەر بەردەکە دانیشتبوو. هەر دوو دەستی بە سەرییەوە گرتبوو. عەباس پشتی کردە ئاوایی و بەرەو لای وشترەکان ڕۆیی. وشترەکان بە ڕێگای هەمیشەیی خۆیاندا سەریان پێوە نابوو. بەرەو شۆرەکات و بیابان ملی ڕێیان گرتبوو. عەباس هێشتا لە نێو تۆزەکەدا دیار نەبوو و سەری داخستبوو. هاواڵەکانی هەموو خەریک بوون دەڕۆیشتن. هەموو ڕۆیشتن. زەمینج چۆڵ دەبوو. هەتا لە ئاواییش بوون، ئەوەندە دانووی لەگەڵیان نەدەکوڵا و زۆر جاریش دەمەقاڵە و کێشەیان لێ پەیدا دەبوو. بەڵام ئێستا کە خەریک بوو دەڕۆیشتن، ئێستا کە دەڕۆیشتن جێگای بەتاڵیان هەست پێدەکرا. جێگا بەتاڵەکانیان! جێگەی بەتاڵی دانە بە دانەیان. خەیاڵی عەباسیان دابێژ دابێژ دەکرد. وەک شارە مێروولە لە زەویی نەرماندا. کون، کون.

عەباس پێی نا بە شارە مێروولەیەکدا. لاقی ڕۆ چوو و سەرەنگرێ بوو. چاوی لە بەر پێی خۆی کرد. گیا! بیابانێکی بەرین. تۆقەن، تۆقەن سەوزایی، لە ژێر تیشکی نەرمی هەتاوی بەیانیی بەهاردا. بیابان. بەرین و بەر بڵاو. قاقڕ، کاکی بە کاکی. بۆ گەیشتن بە قاقڕ و شۆرەکات، دەبوو وشترەکان بە پەنا زەوی و زار و گەنم و ڕەپستەدا لێخوڕێ و نەهێڵێ وە نێو جاڕەکان بکەون. وشترەکان خڕ هەڵدا: هۆی... هۆی... قڕتێکەوتوو!

گەنم تازە تیشەی کردبوو. فەڕشێکی سەوز. نەدەبوو بێڵێ وشترەکان وە نێوی بکەون. گەنمی تازە ڕسکاو، ئەگەر وەبەر ددانی وشتریش نەکەوێ، بەو لاقە پان



زلانەی بە جارێ پێشێلی دەکا. زیانی کردنیش کارێکی خراپە. بەڵام وشترەکان هێشتا بە لەوەڕی بەیانی تێر بوون و تەماحی گەنمجاڕەکە نەیدەگرتن. هەڵات هەڵاتیان نەدەکرد. نەرم و لە سەرەخۆ دەڕۆیشتن. هەموو ڕووت بوون، بێ جل و کۆپان. وێڵ و ڕووت، ئازاد. شکی تێدا نییە وشتر ئەوە چاک هەست پێدەکا و هەوای ڕۆیشتنەکەی دەگۆڕدرێ. ڕووت و بێ هەوسارە، ڕۆیشتنەکەی ئازادە، دەتوانێ توند بڕوا یان سووک. دەتوانێ نەرم و هێدی بڕوا، یان لۆقە بکا. وەک دەیلاغ. دەتوانێ ڕاوەستێ. سەری وەر سوڕێنێ و بڕوانێ. تەماشای شوێنێک بکا، جگە لە پێش خۆی. دەتوانێ کلکی هەڵسوڕێنێ و لەقە بخاو هەڵێ. جیفڕک لە خۆی دا. مل و لمبۆزی ئازادە. بەڵام لە هەوساری قەتار دا، ئەو کاتەی لمبۆزی بە پاشەڵی وشترێکی دیکەوەیە و پاشەڵی بە لمبۆزی وشترێکی دیکەوەیە، دەکەوێتە تەنگژەوە. پێی وایە کورتان و باریان لێناوە. ئەگەر باریشی لە پشت نەبێ، هەوسار و سارەوان پێی دەڵێن کە: مەودا بپارێزە، لە نێواندا بە یان جڵەوداری قەتار بە. سەری هەوسار لە ملی جڵەوداردا وەک دەستی سارەوان وایە. لاڕێ نەڕۆی! ڕێگای ڕاست. ڕاستە ڕێ! جڵەودار دەبێ ڕێگا بناسێ.

بەڵام ئێستا وا نەبوو. وشترەکانی سەردار لەبەر تێڵای عەباسدا ئازاد بوون. ئازاد و بێ هەوسار. بە بێ جل و کورتان. بە بێ پەت و زەنگوڵە. وێڵ. بەهار بوو بەهاریش تاقەتی وشتر دەشێوێنێ. وشتر هەڵدەتیزێنێ و ئەگەر پێیخۆش بێ غار دەدا. بەو دەشتەدا هەڵدێ، کلکی هەڵدەسووڕێنێ و دەلرفێنێ و کەف هەڵدەخڕێنێ. جۆرێک غەریزەی وەحشییانە دایدەگرێ. بەهار مەست، مەستی یانی بوون.

عەباس، بەهار مەستیی لە ماوەی ئەو چەن ڕۆژەدا بە وشترەکانی سەردارەوە دیتبوو. لۆکەڕەش لە پێشەوە دەڕۆیشت. زۆریان نەمابوو بگەنە بیابان، خۆر سێ باڵا پیاو بێتە سەرێ، وشتر دەگەنە قاقڕ. خۆر دەهاتە سەرێ و جار لەگەڵ جار لە کزەی زریانی بەیانیی کەم دەکردەوە. هەوا وردە وردە گەرم دادەهات. عەباس هەستی دەکرد خەریکە نێو پشتی لە بن توربێنەکەدا ئارەقە دەکا. هەتاو و سوورە بانوو. گڵە سوورە و ڕەنگی دووگە و بەرگنی وشتر. ئاوێتە بوون. عەباس دار دەستەکەی هەڵسووڕاند و گوڕاندی:

هۆی... هۆی... مندارەوە بوو!

لۆکەڕەش ئاوقای ئاروانە بووبوو. عەباس چووە پێشێ و دارێکی لە تەپڵی سەری لۆکەڕەش ڕاکێشا. لۆکەڕەش قەپاڵی بە کلی ئاروانەدا کردبوو. عەباس دارێکی تری لێدا. یەکی تر. لۆک ملی ئاروانەی بەردا و چاوی لە عەباس بڕی. کەف بە لادەمیدا دەهاتە خوارێ. عەباس دەنگیدا و لێیخوڕی، لۆکەڕەش خۆی کرد بە نێو ڕەوەکەدا و عەباس ڕایدان.

چەن ڕۆژ بوو لۆکەڕەش سەرنجەکانی گۆڕابوو بێ ئۆقرە دیار بوو. شتێکی وەک ڕقوقین بە ئاکارییەوە دیار بوو. عەباس هەستی پێدەکرد. لۆکەڕەش لە کۆڵ وشترەکانی دیکە نەدەبۆوە. ئاوقایان دەبوو. لە پڕدا قەپی پێدا دەکردن. هەر جێیەک بەر ددانی بهاتبایە، هەر لە ڕانەوە هەتا گوێچکە گیرگەی لێ گیر دەکرد. عەباس ئەو چەن ڕۆژە بە دەستییەوە وەزاڵە هاتبوو. لە پەستا دەبوو لە کۆڵ وشترەکانی دیکەی بکاتەوە. بە زەبری دار و هەراو هوریا هەڵیدەبڕی. جاری وابوو ناچار بوو چل دار لە شان و پاشەڵ و لاجەسەری لۆکەڕەش ڕاکێشێ. تاکوو وشترەکانی دیکەی لە دەست ڕزگار بکا. عەباس ئەوەندەش دڵناسک نەبوو کە بەزەیی پێیدا بێ و دڵی نەیە لێیدا. ئەو دڵی بە حاڵی خۆی دەسووتا. چونکە ئەوە کارێکی سانا نەبوو. لێککردنەوەی دوو وشتر، کە یەکیان مەست و شێت بوو بە جارێ شەکەت و وەڕەزی کردبوو. ئارەق لە هەموو گیانی دەچۆڕا. لەو بیابانە چۆڵەدا هێزی لێدەبڕا و بۆ ماندوویی دەرکردن ناچار بوو نیو گۆزە ئاو و لەتێک نانی زیادی بخوا. هەر بۆیە شەوێ ئەوەندە شەکەت دەبوو، کە دەگەیشتەوە ماڵێ خۆی نەدەگرت و وەک مردوو لە سەر جێگاکەی دەکەوت.

لەگەڵ تینی هەتاو ڕەوەی وشتر گەیشتە بیابان. گیا و گژی شۆرەکات ددانی لێ گیر دەبوو. سەوز و تەرچک. قاقڕ، جگە لە چەن پەڵەیەکی هەمووی بە وشترخوار داپۆشرابوو. وشترخوار بە شلکی وشتر دەتوانێ بیخوا، وشکەکەشی زستانانە دەکرا ئاخوڕی گوێدرێژەوە. پیاوان بەهار و هاوین حوشترالوکیان کۆما دەکرد و پاشان بە کەر و وشتر دەیانهێنایەوە بۆ زەمینج و لە بن دیوار و پەنا و پەسیوان لە سەر یەک هەڵیاندەچنی. وشترخۆرکە وشک دەبوونەوە و تامیان تێدا نەدەما و



باران تەڕی دەکردن. بابەتی ددانی مەڕ و بزن بوو. هێندێ کەسیش وشترخۆرکەیان دەکوتاوە و دانەکەیان دەگرت بۆ جل شتن: وشترخوار هەتا ڕیشەی لە زەویدایە، تەنیا ددانی وشتر دەتوانێ لە بێخەوە هەڵیکەنێ و لەگەڵ ئەو هەموو تاڵی و سوێرییەش بیخوا. وشتر چونکە لە جەستەیدا دەتوانێ ئاو پاشەکەوت بکا ئەو تواناییەی پێدەدا کە ورگی خۆی لەو گیایە بئاخنێ.

عەباس وشترەکانی لە دەشتەکە ئاژین کرد و توربێنەکەی لە کۆڵی داگرت و لە لای کۆنە بیرێک دانیشت.

ئەو بیرە کە ئێستا ئاوەکەی وشکی کردبوو، عەباس وەبیری دەهات کە ساڵان یەکێ بووە لە زنجیرە بیرەکانی کەرێزی شۆراو کە بەر لەوەی وشک بێ ئاشە کۆنەکەی دەگێڕا. سوێراویش تەنیا بۆ ئەو کارە دەبوو. چونکە ئاوی سوێر لە زەویی شۆرەکاتدا، تەنیا بۆ ئەوە دەبێ بەرداش بگێڕێ. کاتێ ئاوی کارێزە سوێر کەم بۆوە ئاشەکەش لە کار کەوت. بەر لەوەی ئاشە ئاوەکە لە کار بکەوێ، لە گوندی (دوبید) ئاشێکی ئاور سەروسەکوتی پەیدا بوو. خەڵکی زەمینجیش باراشی خۆیان دەبرد بۆ ئەوێ. ئەوە بوو کە ئاشە کۆنی سوێراو لە کار کەوت و شەهمیری ئاشەوان ماڵی چووە گوندی دوبید. شەهمیر پیر بوو. ئیتر توانایی کاری نەمابوو. چاویشی سۆمایی لێبڕا.

عەباس لەگەڵ مەولا ئەمانی دێوەرە، جاروبار لە کۆڵانەکانی دوبید چاوی پێکەوتبوو کە گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، بە بن دیوارە و دیوار دا دەڕۆیشت و چیرۆک و بەیت و شێعری دەخوێندەوە و دیبووشی کە ژنانی دوبید ئەگەر تاقەتیان بوایە شەهمیریان دەبردە ماڵێ و بەیت و شێعریان پێدەگوت.

ئێستا کاولاشەکەی شەهمیر لە خوار زنجیرە بیرەکانی کارێزە وشک خاپوور بووبوو و دیوارە لارووخاوەکەی هەتا نێو قەد لە خۆڵ و لمدا بوو و بووبووە هێلانەی مشک و مار.

عەباس تۆپەوانەی تۆنگەڵە مل باریکەکەی دەرکێشا و زارکی تۆنگەڵەکەی نایە دەمی و بە قومێک زار و گەرووی تەڕ کردەوە. پاشان تۆنگەڵەکەی نایەوە نێو توربێنەکەی، توربێنەکەی نا بن سەری و ڕاکشا. دەموچاوی دایە بەر تیشکی خۆر

و پێلووی بە سەر یەکا نا. وشترەوانیش هەر ئەوەی خۆشە. ڕەوەی وشتر لەو دەشتە ئاژین دەکەی و بۆی وەردەکەوی. خەوت لێبکەوێ یان لێنەکەوێ تۆفیرێکی نییە. هەتا نوێژی شێوان لە چەند جار زیاتر ناچار نابی هەستی و وشترەکان کۆ کەیتەوە. وشتر بۆخۆی دەلەوەڕاو وشترەوان بۆ خۆی کەسێک کە کوڕی کار بوایە، لەگەڵ لەوەڕاندنی وشتر کۆڵێکی چیلکە و چاڵ و دڕوو و داڵ کۆ دەکردەوە و ئێوارێ دەیبردەوە بۆ ماڵێ؛بەڵام ئەوەی وەک عەباس وابوو هەرکە ئێوارێ بەسەردا دەهات ڕەوەی وشتری کۆ دەکردەوە و بەرەو زەمینج لێیدەخوڕین. شەوێ، کوڕی لاوان، لە بن دیوارێک و بەر تریفەی مانگەشەو؛ یان لە خەڵوەتییەکەی سەنەم، چاوەڕێی عەباس بوون: هۆی... هۆی!

بەڵام کوا؟ گەنجان و لاوان و هاواڵەکانی عەباس چوون بۆ کوێ؟

لە بن پێلووە نووقاوەکانیدا عەباس دەیدی کە هاواڵەکانی دەڕۆن.

ڕۆیشتوون؛ چ زوو! عەباس توند چاوی قووچاند. دەبێ لە بیریان بەرێتەوە. عەباس پیاوی ئەوە نەبوو لەخۆڕا خەم دایبگرێ. بێچووە گورگ ناتوانێ خەم لە دڵی خۆیدا کۆ کاتەوە. ئەو دایمە لە بیری تێر خواردن و هەڵدڕین دایە:

خەم و کەسەر با بڕۆن ئاوی ئاراز نیوەی ڕێیان بێ!

ئەوەش بە جێی خۆی؛ بەڵام عەباس شتێک ئۆقرەی لێهەڵگرتبوو: ئەو ڕۆیشتن و هاتنەوە! بۆنی دەکرد کە شتێک تێکچووە. ئاڵووگۆڕییەک ڕووی داوە. بەڵام چی؟ نەیدەزانی چییە. بە چاوی قووچاویشەوە نەیدەتوانی بە پەنا کاولاشەکەی شۆڕاو دا تێپەڕێ. نەیدەتوانی لە کۆتایی ڕۆژگاری شەهمیری ئاشەوان چاوپۆشی بکا. ئەو ئاشەی شۆڕاو کە ئێستا بۆتە کەلاوەیەکی پڕ ترس و خۆف، ڕۆژی خۆی شوێنێکی گەرم و گوڕ بووە. خەڵک کە باراشیان دەهێنا، زستانانە هەتا نۆرەیان دەهات گەنم و جۆیەکەیان بۆ لێکرێ، لە دەوری تەندوورەکە کۆزیلکەیان دەبەست و لە هەموو دەرکەیەکیان دەدا. حەقایەتیان دەگێڕاوە. عەباس لەگەڵ سلووچی باوکی زۆر جار باراشیان هێنابوو. عەباس بە سواری کەرەکەیان کە هێشتا نەتۆپیبوو، کیسەی جۆی لە بەر دەمی دادەنا و گوڵمێخەکەی لە کۆپارەی کورتانەکە هەڵدەچەقاند، سلووچیش هەڵتەک هەڵتەک بە پێیان بە دوایدا دەڕۆیشت. سلووچ هەمیشە کەرەی بەیانی



دەگەیشتە ئاشی. هەر بۆیە عەباس لە ڕێگای ئاشی، لە هەموو شتێک زیاتر وەنەوز و خەونووچکەی خۆی لە بیر مابوو، هەروەها خەوی گوێ تەندوورەکەی شەهمیر و گرمە و هاڕەی بەرداشەکەی هەر لە بیر بوو.

بەڵام ئێستا... ئاشی ئاوری دوبید ئەوی باراشی دەوروبەرە هەڵیدەلووشێ و لە کڵاو سورانێکدا دەیکاتە ئارد و پێت دەداتەوە. شەهمیری پیر کە ئێستا چاوی نابینێ، بیر و هۆشی لای حەقایەتە کۆنەکانە و گۆچانەکەی لە عەرزی دەدا و لە خۆی دەنووسێ تاکوو هەرچی بیستوویە و دیتوویە وە بیری بێتەوە و بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە.

دەکرێ لاوانی زەمینج، هاواڵەکانی عەباس، ئیتر قەت نەگەڕێنەوە بۆ گوندی زەمینج؟!

عەباس لە پڕ ڕاچەنی، بڵێی نەیەنەوە؟ ڕەنگە تاقمێکیان قەت نەگەڕێنەوە. چونکە دەڵێن هەر کات ئەو شەریکانە ماتۆڕی ئاوەکەیان وەکار خەن، ئاوی ئەم کەرێزانە کەمتریش دەبێتەوە. دەڵێن پەمپی ئاو هەموو ئاوی ژێر زەوی هەڵدەمژێ. ئەوانە لە خەیاڵی عەباسدا، شتێک بوون. شتێک کە خەریکە دەقەومێ. مشت و مڕی پستەکاری؛ پستە! چاکە ئەم ناوە زۆر ئاشنا نییە. پستە، عەباس قەتی نەخواردووە. بەڵام بیستبووی کە پستە وەک چەقالە قەیسی وایە. قەیسیش عەباس لە گوندەکانی پێدەشت دیتبووی. چونکە لە زەمینج ئەوەی لە زەوی وەدەست دەهات گەنم و جۆ و هەرزن و پەمۆ بوو. میوەش تەنیا کاڵەک و شووتی و جێ جێش جاروبار تەماتە بەرهەم دەهات.

عەباس بیستبووی کە پەمپی ئاو هەتا قوڵایی زەوی دەڕواتە خوارێ و ئاو هەڵدەکێشێ. میرزا و سالار ئێستا چەن کەسیان دانابوو بیر هەڵکەنن. عەباس ئەگەر بۆ جارێک باوکی وەبیر هاتبێتەوە ئەمجارە بوو: کارێزکەن! پێی وابوو ئەگەر ئێستا سلووچ بمابایە دەبووە سەرەک وەستای چاڵاوی ماتۆر پەمپ. ئیتر لە دوبیدەوە کارێزکەنیان نەدەهێنا. گوایە لەو بەینانەدا چەند قوڵە بەگێکی دیکەش غەیرەتیان بزووتبوو و لە ماتۆڕی ئاوەکەدا بووبوونە شەریک. هەر کەسەی یەک ـ دوو کاتژمێر، بەڵام زۆربەی خەڵک نەک شەریک نەبوون، بەڵکوو نارەزایەتیی خۆیان لە

پرتە و بۆڵەوە کردبووە گورە و هەرا. قسەشیان ئەوە بوو کە ماتۆڕی ئاو کەرێزەکان وشک دەکا. ئەگەر کارێزەکانیش وشک بن، زەوییەکانیان پووڵێکی چرووک ناژێن.

دەیانگوت:

«مانای وایە کاتێ پەمپی ئاو دێ، ئێمەش بارگە و بنەمان بپێچینەوە و لەم مەڵبەندە کۆچ بکەین!»

بەڵام جگە لەو دەمە تەقە و قرە و هەرایانە، لەم ڕۆژانەدا بڕیارە سالار عەبدوڵڵا و شەریکەکانی پەمپی ئاو لە شارەوە بێنن بۆ زەمینج. میرزا خۆی کردبوویە دەنگۆ کە چۆتە پێتەخت و هەموو کارەکانی تەواو کردووە و ئیتر هیچ لەمپەرێک لە سەر ڕێگا نەماوە. تەراکتۆریش ئەوە ئەمڕۆ چووە سەر زەوییەکانی باوکی میرزا و ئاغا مەلەک بۆ تەکووز کردن و شێو بڕینیان. زەوییەک کە هەتا ئەمڕۆ دێم بووە و بۆ ئاوی باران شەلەگە بەندی کراوە، ڕەنگە ئەمڕۆ بە جۆرێکی دیکە ئاودێری بکرێ:

«بەڵام ئەو ئەبراوە لاپرەسەنەش چاک خۆی پێوە هەڵواسین، ها! چوار ڕۆژی دیکە لەوانەیە ناوی براکەی، یانی ناوی منیشی لە بیر بچێتەوە!»

عەباس لە دڵەوە هەستێکی باشی دەرهەق بە ئەبراو نەبوو. هەستی هاوڕێی و بەجێ هێشتن؛ وەک ئەوەی ئەبراو بەجێی هێشتبێ و ڕۆیشتبێ! بۆیە شتێک وەک قینێکی شاراوە و تەماوی دڵی عەباسی ڕێک دەگوشی و وەددانە چیرەی خستبوو:

«دایک سەگ! وەک تاژی ڕست کراوکە دەنووزێنێ و لمبۆزی هەڵدەسووڕێنێ بۆ خاوەنەکەی، خۆی لەگەڵ ڕێک خستن! با بزانین چۆن دەبێ. با بزانین!»

بێ خەوی شەوی پێشوو بە جارێ شەکەتی کردبوو. لەشی لەبەر تیشکی خۆرەتاو سست بووبوو. پێڵووی چاوی قورس بووبوون و خەوی لێکەوت. بێدەنگی و ئارامیی بیابان تێکەڵ خەو بوو باڵی قورسی خۆی بە سەردا کێشا. لە خەوێکی قووڵ ڕاچوو. لە پڕدا بە لەشێکی وەسەر ئارەقە گەڕاوەوە لە خەو ڕاچەنی. سەری لە سەر توربێنەکە هەڵێنا و دیتی نرکە و ناڵەی پیرە ئاروانە بیابانی داگرتووە. لۆکەڕەش ئاوقای ئاروانە بووبوو. ئاروانەی یخداوبوو و قەپی کردبوو بە قوڕقوڕاچکەیدا. ناڵە و لرخەی بە وشتری پیر خستبوو، دەتگوت دەگری. وەک



پیرێژنێک دەگریا. سەری بەملاو ئەولادا بادەدا و سەری لە عەرزەکە دەخشاند. خەریک بوو لرخەی لێدەبڕا. بەڵام لۆکی مەست قوڕگی بەرنەدەدا و بەڕاستی دەیویست بیخنکێنێ. وشترەوان ـ هەرکەسێکە ـ دەبێ ڕاپەڕێ. ئاروانەی سەردار بێتوو مندار بوایەتەوە دەبوو عەباس بیبژێرێ. عەباسیش چیی هەیە؟ ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی ئیتر کەس کار بە عەباس نەسپێرێ: ئاخەر مرۆڤیان کردۆتە وشترەوان! تۆیان بە بنیادەم زانیوە؛ پیاو!

عەباس دەستی دا پەیاغەکەی و هەڕای کردێ. خۆی گەیاندێ. وشترەکان ملیان تێکهاڵابوو. ئاروانەی پیر ئیتر خەریک بوو قرخەی لێدەبڕا. عەباس لۆکەڕەشی وەبەر تێلا دا. تێڵای ڕاست دەکردەوە و دایدێناوە. بەهەر دوو دەستی پەیاغەکەی گرتبوو و بەهێز و قەوەتی خۆی لە لاجە سەری لۆکەڕەشی ڕادەکێشا. سەر و لمبۆز و ملی لۆکی خوری شۆڕ کرد. دەیکوتا و جار لەگەڵ جار بە زەبرتر لێیدەدا، لێیدەدا و و جنێوی دەدا. جنێوی بە لۆک و خاوەنەکەی دەدا. جنێوی بە خۆی و بە زەوی و بە ئاسمان دەدا.

دڵڕەقترین مرۆڤ، کاتێ کە بە جارێ ڕقی هەڵدەستێ ئاژەڵێک دەداتە بەر زەبری لێدان، هەستێکی دڵسۆزانە لە ناخەوە دەیبزوێنێ و ناچارییەک لەپڕ خاوی دەکاتەوە و لەو کردەوە بێڕەحمانەیە پاشگەزی دەکاتەوە. زۆرجار وەرزێر و وشترەوان و شوان دوای ئەوەی داخی دڵیان لە زەبری قەمچی و تێڵاو و نەقیزە و پێمەڕە و شەنەدا کۆدەکەنەوە و بە ئاژەڵی بەستەزمانی دەڕێژن، لەگەڵ ئاژەڵ دەکەونە قسە. جنێوی پێدەدەن و لەگەڵی دەدوێن. بەڵگە دێننەوە و هەوڵ دەدەن کەر و وشتر و گا و... تێگەیەنن کە بوونەتە هۆی شێت بوون و ڕق هەستانی ئەو: «ئاخەر تۆ بۆ وادەکەی لاڕەشە گرتوو!»

بەڵام ئێستا شەڕی نابەرانبەری لۆکەڕەش و پیرە ئاروانە ڕێگای دڵسۆزی و بەزەیی بۆ عەباس نەهێشتبۆوە. عەباس پێی وابوو دەبێ لۆکەڕەش تەمبێ کرێ. بۆیە بێوچان داردەستی عەباس بەسەر نێوچاوان و لاجەسەری لۆکدا دەباری، داباریی تەرزە بەسەر بەردی ڕەشدا. ئاخری بەرد دەنگی لێهەستا: لۆکەڕەش قوڕگی ئاروانەی بەردا و بە ڕقەوە چاوی لە عەباس بڕی. ئاروانەی پیر لەسەر

چۆک خۆی کێشا ئەولاوە و ملی بەسەر عەرزەکەدا درێژ کرد. ئێستا عەباس دەبوو لۆکی مەست لە ئاروانە دوورخاتەوە. بەڵام ڕوانینی شێتانەی لۆک، عەباسی لەجێی خۆی وشک کردبوو. لۆکەڕەش کەفی هەڵخڕاندبوو و چاوی لە چاوی عەباس بڕیبوو.

ترس! ترس سەرتاپای عەباسی داگرت: بەڵام نەدەبوو وازبێنێ و بهێڵێ لۆکەڕەش سەر بکاتەوە. نەدەبوو بترسێ. بێتوو ببەزی، خۆت بەسەردا دەدا. لە خاک و خۆڵت وەردەدا، وریابە!

عەباس دارەکەی هەسووڕاند. دیسان هەڵیسووڕاند. لۆکەڕەش دەبوو سەری داخاو بڕوا. ئەوەش شتێک بوو کە عەباس دەیویست. بەڵام لۆک چورتەی نەکرد. بەرەو عەباس هات. بە نەرمی دەهات. تووڕە و تۆسن دیار بوو. چاوی ئاوری لێدەبۆوە. عەباس پاشەوپاش کشاوە. زیاتر کشاوە. تەنیا کارێک دەتوانێ بکا، ئەویش ئەوە بوو، بیستبووی کە وشتری مەست نابێ پشتی تێکەی. بەڵام ئەو پەندە بەکاری بیابان نەدەهات. خێرا بە بیریدا هات کە خوالێخۆشبوو یارقوڵی بۆ دەستێکی هەبوو. لە ڕێگای (داموغان) وشترێکی مەست هەڵیکوتابووە سەری و باسکی لەبندا هەڵکەندبوو. لە کاروانسەراکەی داموغان هێندەی نەمابوو لەژێر سنگی خۆیدا جیق و فیقی دەرهێنێ. بەڵام بەرلەوەی یەسکی لەشی وەک پرپۆڵە لێبکا، سارەوانان گەیشتبوونێ و لەژێر سنگ و چۆکی وشترەکەیان دەرهێنابوو.

بەڵام ئێستا؟ سارەوان کوا؟ جێگای بە تاڵی سارەوانان خەریک بوو مەرگ دەیگرتەوە. ئەوەش مەرگ بوو کە لە قەڵافەتی لۆکەڕەشی سەرداردا بە هەنگاوی قورس بەرەو ڕووی عەباس دەهات. ئیتر نەدەکرا ڕووت لە وشترەکە بێ و پاشەوپاش بکشێیەوە. ئیتر نەدەکرا پشتی تێنەکەی. نەدەکرا پشتیشی تێکەی. نەدەکرا. نەدەکرا. دەبێ کارێک بکا. شەڕ! گەڕاوە و بەرەو ڕووی لۆک چەقی. دارەکەی هەڵسووڕاند. لۆکەڕەش سەری هەڵسووڕاند، ملی هەڵێنا و لرفاندی. عەباس هەڵات. شەڕ و هەڵاتن. لۆکەڕەش وەسەری کەوت. قینی وشتر! عەباس لەمەڕ قینی وشتر زۆرشتی لە زمان پیرانەوە بیستبوو. وشتر درەنگ ڕقی هەڵدەستێ؛ بەڵام خودا نەکا ڕۆژێک قینی هەستێ! کوژاندنەوەی ئەو دەریا پڕ ئاگرە،



زۆر دژوارە. هەتا نەتسوتێنێ، دانامرکێ، هەڵچوونی قین. هەورە گرمەیەک کە لە پەستا خەنجەری گڕ دەبارێنێ. مەگین تەنیا بیابان بەکاری ئەو هەورە تریشقەیە بێ. پیاوی تەنیا، دڵ لە دڵ مەدە! هەڵێ. تەنیا مەگین هەڵاتن بتوانێ دەرووپەکی ڕزگاریی پێوەبێ. هەڵاتنیش لە دەست مەرگ لەشی سووک و لاقی چالاکی دەوێ. ئاسک بێنە بەرچاوی خۆت، عەباس! هەڵێ، دەم لەسەر پشت. وەک تێسکەی تفەنگ. سووک و چالاک، چونکە هەڵاتنی وشتر وەک بای شەماڵ وایە. وانەکەی مەرگ قەپ بە شان و ملتدا دەکات. ئێستاش تۆی لە سایەی مەرگدا غار دەدەی. خۆزگە دوو لاقی دیکەشت بووبووایە بۆ هەڵاتن!

ئاواتی بۆ کاولاشەکە دەخواست. ئاشەکۆنەکەی شەهمیری پیر، کاولاشی شۆڕاو.

لمبۆزی لۆکەڕەش لەسەرشانی عەباس بوو و سێبەرە سامناکەکەی لە پێشییەوە دەڕۆیشت و سنگی بیابانی دەپێوا، تینوو. هالاوی هەناسەی لۆک، هووشەی مار بوو بەسەر پێستی پشت ملی عەباسەوە، بەتینتر بوو لە گڕەبای هەموو بیابانەکان. شان و ملی بە پڕیشکەی کەفی دەمی لۆکەڕەش خووسابوو. بەڵام ئارەقەی لەشی، نەیدەهێشت عەباس تەڕایی کەفاو لە سەر شان و ملی هەست پێبکا. ئیتر چرکەیەکی مابوو مەرگ لە باوەشی گرێ. بەڵام مردن کاتێ کە لێت نزیک دەبێتەوە، خۆیت تێهەڵدەساوێ، هەستی پێناکەی، ئەوەش ئەو ساتەیە کە هیوابڕاو دەبی. سنووری لێک هەڵبڕانی دوو وزە. هەست کردن بە حەسانەوەیەک کە لە پاش هەوڵی زۆر وەدەست دێ. سەرەتای مردنە کە سامناک دێتە بەرچاو نەک ناوەندی مەرگ. عەباسیش لە ناوەندی مەرگدا بوو و ترسی زۆر وای لێکردبوو تەواوی هێز و توانای خۆی وەکار بخا، بۆیە سستی کردبوو. ئەو ترسەش کە گەلێ جار پیاو تووشی بەزین دەکا، لە گیانی عەباس تارابوو. دەرفەتی بیر کردنەوە، بیر کردنەوەیەک کە لە دەرگانەی مەرگدا داوای تەسلیم بوونت لێدەکا، بۆ کوڕی مێرگان نەمابۆوە. هەر بۆیە عەباس بیری لێنەدەکردەوە. فکریش وا دیارە دەرفەت و ڕێگای دەوێ! تەنیا دەبوو هەڵێ. هەڵاتن. هەرئەو جۆرەی کە گیان و لەش، قەبووڵی کردووە و هەرچی هێز و وزەیە ڕژاونەتە دەمار و پەسقانی لاقەوە و دەبێ پێی

هەڵێ. بای شەماڵ! بیابان چۆڵ و هۆڵ؛ بیابانی گەرم و سووتێنەر. سام! دڕوو و داڵ. سێبەری خواروخێچ و سڵۆک. ڕێ و شوێنی مەرگ، لە داوی وشتردا. چەندەش نابەرانبەر! وشتری مەست سەرەتا قەپاڵ بە جێیەکی لەشی پیاودا دەکا و لە عەرزی دەدا. ڕەنگە منجڕانە بتهەوێ هەستیتەوە، هەوڵێک بۆ ڕزگاری. لە گۆم کەوتوو دەست بۆ چڵە پووشیش درێژ دەکا! بەڵام هەڵاتن دژوارە و دەرباز بوون مەحاڵ. وشتر بە سەر پیاودا دەخەوێ و لە ژێر سینگی خۆیدا دەتپلیشێنێ. سینگە قەڵشت قەڵشت و زبرەکەی دەنێ بە سەرتا. وات تل پێدەدا هەتا قرچە قرچی یەسکی لەشت لەگەڵ هاواری خۆی و ژانی پلیشانی جەستەت لەگەڵ لرفەلرفی خۆی تێکەڵ دەکا و دەتمرێنێ. ئەوەش هەر ئەوە بوو کە عەباس خەریک بوو تووشی دەهات. هەر ئەوە بوو کە ئێستا بە دەستییەوە پێوە دەبوو، پێو بووبوو، وەی!

کەڵپەی وشتر بە لاشانی عەباسدا نووسا. خۆی لە گیرگەی ددانی ڕاپسکاند. کراس و جلیسقەکەی بە دەمی وشترەکەوە بە جێما. بە دەمییەوە دەشەکاوە، ئاڵای مەرگ! عەباس هەموو هێز و توانای خۆی لە لاقیدا کۆ کردبۆوە و هەڵدەهات. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. لۆکەڕەش دەم لە سەر پشت بە دوایەوە بوو. ئەمجارەیان قەپاڵی کرد بە تەپڵی سەریدا. قیژەی سام لێنیشتووی مرۆڤ لەو بیابانە چۆڵەدا بوو بە زایەڵە. لۆکە ڕەش ویستی عەباس بەرز کاتەوە و بە زەوییدا بکێشێ و هەڵکوتێتە سەری. بەڵام چا بوو سەری عەباس لە بەر ددانیا خزی و بە چۆکەوە کەوت بە عەرزدا. ئێستا سێبەری بە سامی لۆک وەسەری کشابوو. عەباس وەک مار کەوتبووە زگە خشکێ و تلی دەخوارد. لۆکەڕەش بە توندی چۆکی دادا و ویستی عەباس بکا بە ژێرەوە و ئەوەش، نەدەبوو! کوڕی مێرگان هەستا سەر چۆک و خێرا کێردی لە پزلووخی دەرکێشا و بە غەیری ئەوە چاری نەمابوو. ڕەنگە کۆتایی شەڕ! بەڵام کوشتنی وشتری مەست کاری هەموو پیاوێک نییە. ئەویش پیاوێک، هەر پیاوێک بێ لە دەستی نایە. پیرە وشتری دابەستەش کاتی سەربڕین، لانیکەم بە شەش پیاوی بەکار بە سێ گوریس چوار پەلی دەبەستن و لە شەش لاوە سەری گوریسەکان دەگرن و دەیکێشن. حەوتەمین کەسیش بە چەقۆوە هەڵدەکوتێتە سەری و چەقۆکە بە شاڕەگی ملیدا دێنێ، ئەوەش تازە کۆتایی کار نییە و لەوانەیە لەبەر



ژان شێت و هار بێ و خۆی لە بەندوسندم ڕاپسکێنێ و چەن پیاویش لە نێو بەرێ. کەوایە چۆن بە هیوا بوو کوڕی مێرگان بە تاقی تەنیا و بە بێ یارمەتی وشترێکی هار بداتە بەر چەقۆ، ! ئەویش بە خەوتنەوە! ئەگەر دوای بریندار بوون شێت و هار بوایە، چی؟! لۆکە ڕەشی سەردار ئێستا خۆی یەک پارچە ئاور بوو.

عەباس دەیزانی کە چەقۆکەی دەبێ ڕاست لە قوڕقوڕاسکەی هەڵچەقێنێ. بە بێ ترس و پارێز؛ هەتا بن دەسکەکەی تێهەڵچەقێنی. بەڵام ئەوە کاتێکە کە بە سەر وشترەکەدا زاڵ بی، نەک وشتر بە سەر تۆدا زاڵ بێ. کەوایە ئەوە شەڕ بوو، نەک وشتر سەربڕین. یاسا و بڕیار لە نێواندا نەماوە و ترس و ڕق و دڵەخورپە لە ئارا دایە. بۆیە عەباس ئارەقەی دەرداوە و لەبەر ئەو قرچەی خۆرەتاوە بە بێ هیچ هیوا و تەمایەک کێردی هەڵدەسوڕاند. کێردی بە چاو و لمبۆز و مل و سینگی وشترەکەدا دەکرد. دەمی کێردەکە بریقەی دەهات. دەست و شان و ملی لە خوێن هەڵکشابوو. چاو و لمبۆز و ملی وشترەکەش خوێناوی بوو. پڕیشکەی خوێن و تەپوتۆز لە بەر خۆرەتاو. بیابان و قاقڕ و تراویلکە. سوور دەچوونەوە. هەتاو و زەوی و شۆرەکات، ئەرخەوانی و بنەوش و زەرد بوون. ڕەنگەکان ئاوێتە و دوور لە یەکتر و لێک هەڵبڕاو بوون. ئەم زەوی و ئاسمانە دەتگوت هەر ئاوا سوور بوون. گڕە با، گڕە بای بیابان. هەرچی دەبێ با ببێ چش! کارەکە یەکلایی بکاتەوە باشە. یەکلا کردنەوەی شەڕ. بەر ملی وشتر، شا دەمار. زەبرێکی بە جێ. ڕاست لە قوڕقوڕاچکەی ڕا کرد.

کێردەکەی دەر کێشاوە. خوێن، جۆگەلەی خوێن. ئەوەش خراپتر. ئەوە ڕەقی وشتر هەزار بەرانبەر هەڵدەستێنێ. ڕۆحی لەسەر لەپی دەستییەتی. مەرگ لە بەر چاوی سەما دەکا. ئێستا کە مەرگ هاتووە و هەڵیکوتاوەتە سەری، بۆ لە بەر پێیدا ڕاوەستێ؟ بۆ لەبەر پێیدا داماوانە سەری دانەوێنێ؟

ڕەنگە کەفارەی خوێن لۆکی هار لە پێ بخا و لە عەرزی بدا!

ڕەنگە! بەڵام، بەڵام... خەیاڵی خاو!

لۆکەڕەش بە زەبرێکی سەری عەباسی بە لایەکدا فڕێدا. ڕق گێژی کردبوو. بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا و خوێن و کەف بە لالەغاویدا دەهاتە خوارێ. هەڵیکوتا

سەر عەباس. ئەمجارەش کوڕی مێرگان خۆی کۆ کردەوە. بەڵام ئیتر هێزی ئەژنۆی نەبوو. دوایین ڕێگا؛ بیر. دوایین چارە؛ بیر. بیرێکی وشک. وشکە بیرێکی کەرێزی شۆراو. خۆی بەرەو بیرەکە کێشا، خشی. شەکەتی و کوتراوی و ژانی جەستە، هیوا بڕاوی و بێ هێزی، ئەو هەستەی لە دڵی چەقاندبوو کە: هەر ئێستا لەوانەیە گیانی دەرچێ. لۆکی هار، وەک ئەفعی خۆی کۆ کردبۆوە. ئەوە دوایین قومی مەرگ بوو کە دەبوو بیکا بە گەرووی عەباسدا. مەرگی یەکجاری. لۆکە ڕەش بەرەو لای عەباس گومبەتەی لە خۆی دا. بیرا! بەر لەوەی لە ژێر لاق و سینگی لۆکە ڕەشدا بپلیشێ عەباس خۆی هاویشتە نێو بیرەکەوە.

چەن کۆترە کێوی هەڵفڕین و عەباس هەستی کرد شتێک لە سەرییەوە ویزەی هات و دەرپەڕی. ئاخ...

عەباس کەی وە هۆش خۆی هاتەوە؟ کە وە هۆش هاتەوە، کەنگێ بوو؟ شەو! چ کاتێکی شەو بوو؟

عەباس نەیدەزانی. لە ژوور سەری جەغزێکی تەنگی لە ئاسمان دەدی. جەغزێکی تەنگ و گرد، لەگەڵ ئەستێرەی زێوینی بیابان. لایەکی حەو برالە: تەرازوکۆ. زوو زوو سریوەیان دەهات. دەدرەوشانەوە، دەتگوت توونییانە. زمانی عەباس وشک بووبوو. زار و گەرووی عەباس وشک هەڵگەڕابوو. زمانە وشکەکەی وەک گڵمتکێک بە لێویدا هێنا، بەڵام تەڕایی پێوە نەبوو، لێوی عەباس وشک و بار گرتوو، ئەستێرەکان سریوەیان دەهات؛ سیوشکە هەڵاتوو!

عەباس جووڵەیەکی کرد. ئازای ئەندامی زیڕاندی. ژانەکەی لە جێیەک نەبوو. ژان لە هەموو گیانی گەڕابوو. دەسکی کێردەکەی هەروا توند لە مشتی گرتبوو. بەهۆش و بێهۆش، غەریزەی پارێزگاری، کێردەکەی لە مشتی کوڕی سلووچدا ڕا گرتبوو. دەستی بە نەرمی لە سەر گڵە نەرمەی بنی بیرەکە بەرز کردەوە و لە تاریکایی بیرەکەدا هیچ شتێک نەدەبیندرا. بەڵام هەستی کرد شتێک بە سەر دەستییەوە وشک بۆتەوە. دەستی بردە بەر لووتی و بۆنی پێوە کرد. بۆنی خوێن. بۆنی خوێنی وشتر، بۆنی خوێنی خۆی. دەبێ کوێی بریندار بوو بێ؟ دەبێ لایەکی شانی پچڕابێ! دەستی بە بەلەکی خۆیدا هێنا. لەتکێکی گۆشتی بەلەکی پچڕابوو. جێیەکی تری؟



هەموو جەستەی؟ نا! ئیتر هیچی وە بیر نەدەهاتەوە. ژان، تەنیا ژان. جێگای گازی وشتر، جێگای کوتران بە سەر دار و بەرد و دڕوودالّدا؛ بۆقەتەی ملی و پشتی و شان و خاڵیگەی. سەر و لاقی. ژان، سەرتاپای گیانی ژان. کوترانی جەستەی. تل خواردن لە ژێر لاق و قولی وشتر دا. هەوڵ، ئەو تەقەلا بێ ئەمانەی گیان و لەش نا؛ نابێ بە گاڵتەی بزانین، زەبر، زەبر. ماسوولکەکانی هەموو کوترابوون و پەراسووە دەرپەڕیوەکانی کوڕی سلووچ، دەتگوت هەر ئێستا لە بەریەک دەچن. هەستی دەکرد ناتوانێ بجووڵێ.

بیر؟! دەتگوت تازە هەستی پێکردووە. چ تەنگژەیەک، سێ چوار باڵا پیاو قووڵ بوو. ئەوەش بە جێی خۆی، بیرێکی ڕووخەک بوو. تەنانەت ئەگەر دەست و لاقی سافیشت ببێ ناتوانی پێ لە سەر پێگیرەکانی ڕاگیر کەی و وەسەر کەوی. ئەگەرچی نەدەجولّا و لە جێی خۆی وشک بووبوو. وردە خۆڵ بە سەر و گوێلاک و شان و ملیدا دەوەری. ژێریشی گڵە نەرمە بوو. وردە گڵی دیواری ڕووخەکی بیرەکە. تۆزێکیش بۆنی گنخاوی هەست پێدەکرد. زرموگوتی پێی وشتر. لرفە و کەف هەڵخڕاندنی وشتر، هاسکەی وشتر.

لۆکەڕەشی سەردار، بریندار و شەکەت، بە دەوری بیرەکەدا دەسووڕا و دەیلرفاند و دەیپڕماند و پێی لە عەرزی دەکوتا. خۆڵ و کولۆی ورد بووی ژێر پێی لۆکەڕەش ورد دەبوو بە لێواری بیرەکەدا دادەوەری و دەڕژا بە سەر شان و ملی عەباسدا. لۆکە شێت خوێنی دەویست، ناکام مابوو، بۆیە دەستی هەڵنەدەگرت. نۆ شەو و نۆ ڕۆژ دەتوانێ بێ ئاو و لەوەڕ لەوێ بمێنێتەوە و نەهێڵێ کوڕی سلووچ بێتە دەرێ تا لە توونیانا و لە برسانا دەمرێ. وشتر دەیتوانی نۆ شەو و نۆ ڕۆژ بێ ئاو و لەوەڕ بژی؛ بەڵام عەباس چی؟ ئەو، بێ شک لە دوو سێ ڕۆژ زیاتر دەوام ناهێنێ. عەباس هەر ئێستا بۆ قومێ ئاو دەتگوت سیوشکەی هەڵات. هەر ئەوەندە لێوی پێ تەڕ کا، لەبەر شەکەتی و ترس لەبەر قرچەی خۆرەتاو، ئاوی لەشی چندرابوو. ویشک هەڵگەڕابوو. ئێستا ئەوە زمان نەبوو لە دەمیدا؛ کەرپووچێکی سوورەوە بووبوو لە کڵی کوورەدا. ئاخ بۆ قومێک ئاو!

عەباس سەری هەڵێنا و ڕوانیی، ملی درێژی لۆکە ڕەش، بە سەر بیرەکەدا ڕایەڵ بووبوو، کەوتبووە نێوان سەرنجی عەباس و ئەستێرەکان. تابووتی چوار برالەی لە نێوەڕاستدا کردبوو بە دوو بەشەوە. دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە ملی لۆکە شێت دەتکا؛ دڵۆپ دڵۆپ خوێن، بە سەر قژ و فۆلکەی خۆڵاویی کوڕی مێرگاندا دەتکا. نا، ئەم وشترە خوێنی دەوێ. ئاراو قارای لێهەڵگیراوە. ئۆقرە ناگرێ هەتا کوڕی مێرگان لەنێو نەبا. تەنیا کوێرە هیوایەک لە دڵی عەباسدا مابوو. ئەویش ئەوەیە ڕەوە وشتری سەردار فێری کاو پەمۆ دانەن، بەرەو زەمینج گەڕابێتنەوە و سەردار سۆراخی لۆکە ڕەش بگرێ و لە دێ وەدەر کەوێ و لەگەڵ سەردار، مێرگان و ئەبراویش بە لەنتەرەوە لە دێ وەدەر کەون و بێن بە شوێنیدا. ئەگەر وشترەکان بۆ زەمینج گەڕابێتنەوە برینی بن ملی ئاروانە دەتوانێ نیشاندەری ڕووداوی ئەمڕۆ بێ. چونکە سەردار خۆی گوتبووی لۆکە ڕەش بەهارە مەست بووە. بەوەشدا دیارە کە نە لۆک گەڕاوەتەوە بۆ زەمینج و نە کوڕی مێرگان.

بەڵام لەوانەیە ڕەوەی وشتر بەرەو زەمینج نەگەڕابێتەوە.

گریمان نەگەڕابێتنەوە، دەی چاکتر! ئەوەش سەردار هان دەدا خێرا چەن کەس بخاتە دوای خۆی و بەرەو بیابان وەڕێکەون. تاقە هیوا هەر ئەوە بوو، دوای ئەوە زارکی بیرەکە بوو کە دەیتوانی ئاسمان ببینێ. هەواش کە بە دژواری دەگەیشتە بنی بیرەکە هەڵیمژێ و هەناسە بکێشێ. بەڵام ئەو ئەستێرانە سەیر سۆڵە سۆڵیان دەکرد!

دڵۆپێک خوێنی گەرم کەوتە سەر ڕوومەتی عەباس. عەباس ئیتر ئەستێرەی نەدی. لۆکەڕەش لە ئاکامدا تووڕە و ڕق هەستاو لە گوێ بیرەکە ییخی خوارد؛ سەری کێشا نێو بیرەکە و لرفاندی. دڵۆپێکی دیکە کەوتە سەر لێوی عەباس. لێوو زمانی بە خوێنی وشترەکە تەڕ کرد. نا! زەبری کێردەکە کاریگەر نەبووە. کێردەکە ئەگەر کاریگەر بوایە دەبوو تا ئێستا لۆکەڕەش تەکانی لێببڕایە. بەڵام وا نەبوو، لۆک لەسەر چۆکی خزییە پێشتر و بە جۆرێک کە سینگی و نیوەی زگی زارکی بیرەکەی تەنی و داسەکنا. ئەوەش سامناکتر. عەباس تاقە ئەستێرەیەکی لە پەنا ملی وشترەکەوە دەدی. نا! عەباس لێی ڕوون بوو کە ئیتر لۆکە ڕەش هەڵناستێ. هیوا بڕاو بوو، ڕوون بوو کە



لۆکە هار هێندە لە سەر زارکی بیرەکە دەخەوێ هەتا عەباس لاقی جووت دەکا. ئاخ بۆ قومە ئاوێک؛ قومە ئاوێک!

خشە خشێکی نەرم، عەباسی وەخۆ هێنایەوە تاکوو بۆ تاوێک، لە بیری مەرگ و لوکە ڕەش دابڕێ.

هووشە هووش، دەنگێکی هێواشتر لە پرخە پرخی خەوتوو. خوڕڕڕڕ، خوڕڕڕڕ. شەو و بیر، ڕەشایی چەن بەرانبەر. چۆن دەکرێ ئەگەر جووڵەوەرێک بێ کە هەیە-بیبینێ؟ چاوی هەڵۆی گەرەکە. نا؛ چاوی شەمشەمە کوێرە!

«خوڕڕڕڕڕڕ... خوڕڕڕڕڕڕ... »

ئەوە دەنگی چ گیانلەبەرێکە؟! عەباس چاوی تیژ کرد، بە دەوروبەری خۆیدا گێڕای. باڵندەیەک دەرپەڕی، باڵی کێشا بە دیواری بیرەکەدا، گڵ و خۆڵ بە سەر و گوێلاکی عەباسدا ڕژا و دیسان بێدەنگی و دیسان، دەنگەکە:

«خوڕڕڕڕڕڕ... خوڕڕڕڕڕ... »

ترس سەرتاپای داگرت. تاریکیی دەور و پشتی ئەوەندەی دیکە ترسی بە سەردا ڕشت. ترسی دڕدۆنگی، ترسی نەدیتن و نەناسین. ترسێک کە نازانی چییە. ئەگەر بزانی چییە، بزانی چییە خەریکە ڕۆحت لێدەستێنێ؛ لانیکەم دەزانی هۆی مردنەکەت چییە و دەیناسی، دەتوانی بە جۆرێک پارێزگاری لە خۆت بکەی. ڕەنگە خۆ بە دەستەوە بدەی، خۆ بدۆڕێنی. ڕەنگە غەیری جووڵە لەخۆ بڕین چارەیەکی دیکەت نەبێ. ڕەنگە گەشکە بکەی و بەر لە مەرگ بمری! ئیتر دڵت بۆ هەزار ڕێی پیوار و تاریک ناچێ. ئیتر هەزار چزووی ئاڵۆزی و دڵەخورپە چزەت لێهەڵناستێنێ؛ بەڵام ئەو دڵەخورپەی تۆ شتێکە و ئەوەی دەتکوژێ ئەو دڵەخورپەیە نییە، خودی مەرگە. ئەو مەرگەی کە عەباس لە هەمبەر لۆکە ڕەشدا تووشی بووبوو. بەشێکی گرنگی پارێزگاری و دەستکردنەوە و هەڵمەت و هەڵاتن و زەبر بوو. ئاڵۆزی لە تانوپۆی کاتەکاندا بوو. تەنانەت دەکرێ بڵێی- ئەو مەرگەی چۆکی دادابووە سەر سنگی، ئاڵۆزی و دڵەخورپەی ڕاونابوو. شتێکی نادیار لە نێواندا نەمابوو تاکوو عەزاوەکەی سەد بەرانبەر بکات، هەڵمەتی لۆکە ڕەش چاوی ڕۆشنی عەزاو بوو. بەڵام ئێستا، ئەو ئاڵۆزی و دڵەخورپەیە تانوپۆی تاریکی عەزاب بوو. پیاو ژانی لە بیر دەچێتەوە. بەڵام

مەترسیی هاتنی ژان قەت لە بیر ناچێ. ڕۆح دەکەوێتە باڵە پرژە، کۆترێکی گرفتاری بیری زارک بەستراو، پەرێشانە، باڵی بە دیوارەکەدا دەکێشێ، دڵەخورپە.

شەپۆل شەپۆل دڵەخورپە. شتێک لە زاتی دیار و نا دیاری وجوودتدا وەگەڕیان دەکەوێ، تێیدەگەڕێ. دایمە و بەردەوام، تاوێ سەبر ناکا. تاوێک دەستت لە کۆڵ ناکاتەوە. بڵێسەی ژەهراویی ترس. گیانت ڕێزە ڕێزە دەتاوێتەوە، تۆ هەلاهەلا بوونی خۆت تەنانەت- هەست پێدەکەی. تۆ لە ناخەوە خەریکە دەپووکێیتەوە. دیواری ڕووخەکی بوونت هەر ئێستا نا ئێستا خەریکە تێکدەتەپێ. ئەی ئاواتی مەحاڵ، ئەی مەرگی ناوەخت. ئەی تۆ بەکاری کەنگێ دێی؟ ئەم بیرە، بۆ تێک ناتەپێ.

هووشە هووش! هووشە هووش!

خاڵگەلێکی ورد و ڕووناک. شتگەلێک وەک گوڵ ئەستێرە. لە کونێکی دیواری بیرەکەوە؛ نا! لە هەڵۆلایی بنی دیوارەکە بڕوانە! ئەو هووشەیە لەوێوە دێ. لەو خاڵە وردانەوە. خاڵی ورد و ڕووناک، ون دەبن و دەردەکەونەوە. دیار و نادیار، تێکەڵ دەبن و زەق دەبنەوە. هووشە هووشەکە تەواو دەبێ و دەست پێدەکاتەوە. دەڵێی شتێک دەجووڵێتەوە.

شتگەلێک دەڵێی دەجووڵێنەوە. ئەوە ڕوانینێکی هەزاران ساڵەیە کە لە چاوی عەباسدا کۆ بۆتەوە. قەت قەت، هیچ مرۆڤێک ناتوانێ لە خاڵێکی وادا و لەو تاریکییە پڕ مەترسییەدا شتێک ببینێ. بەڵام ئەگەر بچییە نێو بیری گیانی عەباسەوە، هەست دەکەی کە سۆمایی چاوی هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی لە چاوی تۆدا کۆ دەبنەوە، تاکوو بتوانی بەر چاوی خۆت ببینی. خودایە گیان... ! مار! ئەو هەموو مارە! ئاخ... بۆنی بێگانەیان کردووە. بۆن دێ بۆنی بێگانە!

جاری وایە پیاو لە ژیانی کورتی خۆیدا هەزار جار دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە. بۆ کوڕی مێرگان هەزار جار مردن و ژیانەوە ئەم کاتە بوو. مار، کەڕە ماری بیابان! پیرە مار! بڵێسەیەکی چزووی بەسە کە بتکاتە خۆڵەمێش!

«ئەی بۆ هێشتا هەناسە دەکێشم؟»

ئەوەی کە لە نێو ئەو بیرەدا دەمرێ، وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو. بەڵام ئەوەی کە چۆن و کەنگێ ماران دێنە گیانی، شتێک بوو کە نەیدەتوانی هەستی پێبکا، تەنیا هێندێ



شتی لە چیرۆک و بەسەرهاتی مارگران و وشترەوانان و شوان و گاوان؛ یان جاروبار لە پیرە پیاوانی بە ئەزموون و شارەزای مار بەر گوێ کەوتبوو:

«مار کاری بە مرۆڤی بێ تاوان نییە. »

«هەتا کارت پێی نەبێ. ماریش کاری بە تۆ نییە. »

«مار لە نیەتی مرۆڤ دەگا. »

هەروەها ئەم پەندانە:

«پێ لە کلکی مار مەنێ. »

«ئەگەر دیتت مار دەڕوا، تۆش ملی ڕێ بگرە و بڕۆ. »

«ماری ماڵێ بەرەکەتی دەغڵ و دانە، مەیکوژە. »

بەڵام ئەم قسە و پەندانە شتێک نەبوون کە ئێستا و لێرە بە کاری عەباس بێ. عەباس لە بارودۆخێکدا بوو کە نەیدەتوانی بیر بکاتەوە. مێشکی ڕاوەستابوو. مەترسی و دڵەخورپە وا تەنگی پێ هەڵچنیبوو، ڕێگای بیر کردنەوەی لێ تەنیبوو، چبکا؟ چیی لە دەست دێ؟ لە سەرەوە شەوی ڕەش. ژێرەوە بیری تاریک و تەنگ. لە نێوان شەو و بیردا وشترێکی هار و خوێن بەری چاو گرتوو. گریمان لەشێکی کوتراو و برینداریشی نەبوایە؛ کوا ڕێگای دەرباز بوون؟ لەو بیابانە چۆڵ و هۆڵەدا.

ناچارە خۆ بە دەستەوە بدا، خۆ بەدەستەوە دەدا. ناچارە دەبێ خۆی بداتە دەست مەرگ. ئەو خۆ بەدەستەوەدانەش شتێکە لە هەموو ساتێکدا پیاو بە بیریدا نایە! هەمیشە نایە! زیاتر کاتێک شتی وا بە مێشک و بیردا دێ و باسی لێدەکرێ کە مەترسی مەرگ لە ئارادا نەبێ. هەڵدێری مەرگ مەودات پێنادا بیر لە تەسلیم بوون بکەیتەوە. دەرفەتت نییە. نە بۆ خۆ بەدەستەوەدان و نە بۆ دەستکردنەوە. لەو کاتەدا تۆ کۆمایەک تۆز و گەردیلەی و بەپەلە و لە پەستا تەواو دەبی و ڕەنگە بتوانی بڵێی: وەک ئاور. وەک بڵێسە. سەرتاپا دەبییە گڕ. بە هەشتاو دەسووتێی تا تەواو دەبی. ئەگەرچی بە ڕواڵەت وشک هەڵگەڕاو و مردوو بنوێنی! ئەگەر پاڵت بە دیواری ڕووخەکی بیرەوە دابێ و هەزار ساڵ پیر بوو بێتی، ترس بە عەرزەکەوە مێخکوتی کردبێتی. چرکەت لێبڕابێ و تەنانەت گوێت لە هەناسە کێشانی خۆت نەبێ.

کوڕی مێرگان بە پەلە و پەیتا پەیتا تەواو دەبوو، دەپووکاوە. ئەگەرچی لەوە دەچوو کە سەد ساڵە مردووە وئێستا تارمایی خۆی لە هەمبەر خۆیدا، وەک داوەڵێکی وشک و بۆش دەبینێ بە دیواری بیرەکەوە نووساوە و شتێکی کڕ و کپتر لە بێدەنگی لە نێو خۆیدا قەتیسی کردووە. ئاخ... تەنانەت ئەگەر بکرێ هەست بە هەناسە کێشانی خۆی بکا، ئەوەش خۆی ترسێکە!

کرۆکپی. عەباس شەوی نەدەدی کە تێدەپەڕی. عەباس ئیتر هیچی نەدەدی. هیچی هەست پێنەدەکرد: لێوڕێژ لە خۆف و ترس، ویشک!

ئایا جێی باوەڕە کە زەوی و زەمان لە چاو ترووکانێکدا ڕاوەستن؟ نا! ڕەنگدانەوەی خەیاڵ لە مرۆڤدا جاری وایە ئەو وەهمە پێکدێنێ. ئەوەش ئەو ساتەیە کە پێوەندیی تۆ لەگەڵ دنیا بە تاڵە موویەک بەندە. تاکوو لێکترازان چاو ترووکانێکت ماوە. ئەوەیە لەو پەڕی سووتاندا، هەست بە ئۆقرەگرتن دەکەی. تەواو داسەکینن. بەڵام زەمان ڕانەوەستاوە. بیرەکە لە کەلێنی لاملی وشترەکەوە ڕووناکتر دەبێتەوە. ئەگەر هێزی جووڵانت هەبێ، ئەگەر بتوانی چاو لە ژوور سەری خۆت بکەی. هەر لەو کەلێنەوە دەبینی ئاسمان ڕووتاوەتەوە. ئەستێرە، ئەو تەنیا ئەستێرەیەش ترووسکەی خۆی لە دەست داوە. گزنگی بەیان ئەنگووتووە. کاتەکان تێپەڕ بوون. ساتەکان گیانیان داوە. بە جوانی دەتوانی ملی وشترەکە بە سەر زارکی بیرەکەوە ببینی. ئەوەش ئەو کاتەیە کە بتوانی سەر هەڵێنی، بتوانی سەرت بجووڵێنی. کە وشک نەبووبێتی. ئەفسوون نەبووبێتی و چاوانت، سەرنجی چاوانت لە سەر دیواری ڕووبەرووت نەمەیبێ: ڕوانینی بەردەوام، چاو تێبڕین، ڕامان. سەرنجت تۆزی لێ نیشتووە. هەموو شتێک لێڵ دەبینی. سەرنجت لە ڕادە تێپەڕیوە، بڵاو بۆتەوە، دوور کەوتۆتەوە. تۆز و گەردیلە لە بەر چاوت ئەوانە نین کە بوون، گۆڕاون. خۆڵ، خۆڵ نییە. دیوارە، دیوار نییە. ڕۆژ، ڕۆژ نییە. تۆ پووکاوییەتەوە. لە ترس و دڵەخورپەدا ون بووی. مار، مار... دوو ماری بۆر، دوو ماری پیر. ڕەنگە دوو ئەفعی، جوان دیارن. ڕۆژ بۆتەوە. مارەکان چاویان لە عەباس بڕیوە. عەباس ئیتر نەماوە. دەمێکە بۆتە خۆڵەمێش. مارێکیان دەجووڵێ. نەرم دەخوشێ. پاپۆکەکەی هێدی هێدی دەکرێتەوە. جارلەگەڵ جار درێژ دەبێتەوە. دێ بۆلای عەباس. خۆزگە دەکرا بڵێی «کوڕە بابێ و



ڕزگارم کا!» خۆزگە دەکرا بەدڵ بیڵێی! بەڵام ئەمە مەحاڵە. سەهۆڵبەندانی ڕۆح. مارەکە دێتە پێشێ. هات، سەری خستە سەر ڕانی عەباس و خوشی. نەرم خوشی و جێی خوش کرد. پاپۆکەی خواردەوە و مات بوو. تاکەنگی؟ نەک زۆر. هەتا ئەوەی تەمەنی عەباسی تەواو کرد. پاشان ڕۆیی بەسەر زگە ڕووتەکەی عەباسدا سەرکەوت. بەسەر سینگیدا خوشی و لەسەر شانی دەورێک لە ملی هاڵا و بە نێو تووکە سەریدا؛ پاشان سەری گەیاندە دیوارەکە و نەرم نەرم لە عەباس جیا بۆوە و بە دیوارەکەوە نووسا. عەباس ئیتر هیچ شتێکی هەست پێنە دەکرد: کەڕ و کوێر و لاڵ و سڕ بوو. تەرمێکی شەلاڵی ئارەقەی سارد، کەسیرە.

- هۆی... هۆی... عەباس... هۆی!
- هۆی... هۆی... عەباس... هۆی!
- های... های... عەباس... هۆی!
- لرفە و بۆڵژنی لۆکەڕەش لەگەڵ دەنگە دوور و نزیکەکان. هەراو قاوی دوور و نزیکی بیابان. لە لرفە و بۆڵژنی لۆکەڕەشدا. دەنگەکان ئەو دەنگە ئاشنایانە نەبوون کە لە هەوایەکی شێواو و سامناکدا ببیسترێن. وەک خەیاڵی مرۆڤێک، کە کاتی شێت بوون لە بوودڕ و کەلاوە کۆنێکدا، لە هەزار لاوە گوێی دەزرینگێتەوە. هێرشی هەرا. ناڵە و هاوار. هۆڕژنی گریان. دۆعا و نزا و وایلۆک. سێبەری باڵی سیسارک و قەل و داڵ، داڵە کەرخۆرە.

زۆری لە ڕۆژ تێپەڕیوە؟

دەنگەکان لە دنیایەکی دیکەوە دێن. هەر ئەو دنیایەی باسیان دەکرد. ڕۆژی پەسڵان. ڕۆژی پەنجاهەزار ساڵ. ڕۆژی گەرم و بەقرچە و سووتێنەر کە دەڵێن دایکان بەدوای ڕۆڵەی خۆیاندا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە. برا، براو منداڵ باوک و دایکیان بۆ نادۆزرێتەوە. دنیایەکی بەراوەژوو و چەواشە. ڕۆژی پەنجاهەزار ساڵ! کەس لە کەسێکە، باب ئاگای لە کوڕ نییە. نە ئەم دەست ئەو دەست دەناسێ و نە ئەم چاو ئەو چاو. عەباس مردووە و لەشی داهێزراوی خۆی لە سەحرای قیامەتدا بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. عەباس مردووە و گوێی لە دەنگی گریان و ڕۆڕۆی دایک و برا و خوشک و باوکییەتی لە ناخی گۆڕەکەیەوە. گریان و ڕۆی مێرگان تا ناخی

گۆڕەکە دەچێ. هاوار و ناڵەی مێرگان. مێرگانی ڕۆژی پەنجاهەزار ساڵ. لێقەوماوانی سەحرای ئاگراویی قیامەت. هەمبانەی گوناحەکانیان بە کۆڵدا داوە و بەژێر گڕی سووتێنەری خۆردا دەگەڕێن. خۆرەتاوی دۆزەخ هەڵاتووە. مردوو سەریان لەبەردی ئەلحەد داوە و هەستاونەوە. هەموو لاڵ بوون. ڕۆژی لێپرسینەوە. دەستەکان بەملاو ئەولادا شۆڕ بوونەتەوە و گۆ ناکەن. شان و مل ڕووتوقووت. جەستە ڕووتوقووت. لینچق و شێواو تێک دەهاڵێن. زمان و زار، پڕ لە هاواری بێدەنگ و کڕوکپ. ترس و لە نێو چوون. خەڵاتی لەبەر کراو، کفن لەبەر، تینوو، سیوشکە هەڵاتوو! ئاور لە ئاسمان دەبارێ. عەباس لە گۆڕەکەی دەردەکێشن. ڕووتوقووت. خۆرەتاو! خۆرەتاو! بیابان و قرچەی خۆرەتاو. دەوری دەدەن. لۆکەڕەش مندار بۆتەوە. مردووە و وەک ڕەشکە ماسیوە. ژەهری مار ماساندوویەتی. سەردار بە مست بەسەری خۆیدا دەکێشێ. لۆکەڕەش لە پاڵ زارکی بیرەکەدا بەلادا کەوتووە و دەست و لاقی قیت ڕاوەستاوەن. هاجەر خۆی لە پشت سەری عەلی گەناو دەشارێتەوە. ئەبراو ناوێرێ چاو لە براکەی بکا. عەلی گەناو لەبەر سەرسووڕمان چاوی بە مۆلەق وێستاون. مێرگان باوەڕناکا، نا! نا! ئەوە عەباس نییە! دێتە پێشێ. عەباس لە گوێ بیرەکە ڕاوەستاوە، جووڵە ناکا، لە جێی خۆی وشک بووە. چیلکەی وشک. خۆر دادەڕژێ بە سەریاندا: قژ و برۆی عەباس وەک چۆڕی شیر سپی بووە!

مێرگان توربێنی کوڕەکەی لە دەست کەوتە خوارێ. مێرگان هاتە پێشترەوە. نا! چۆن دەبێ باوەڕ بکا؟ پیرە پیاوێک لە بەردەمیدا ڕاوەستاوە! دیسان هاتە پێشترەوە! چاوی مێرگان دووبیری وشک، لە قووڵایی چاویدا دوو ئەفعیی پیر پاپۆکەیان خواردۆتەوە. ئەفعییەکان سەریان وەرسووڕاند. هەتاوی دۆزخ بەسەر بیاباندا دەڕژێ و کەویر لە چاوی مێرگاندا دەدرەوشێتەوە. بیابانێک سەرنجی سەرگەردان. مێرگان دەستی عەباس دەگرێ. عەباس دەستی لە دەستی دایکیدایە. مێرگان وەڕێدەکەوێ. هەموو بە دوایاندا دێن. سەردار لای لۆکەکەی دەمێنێتەوە. بە هێواشی هەنگاو دەنێن. ورد و لەسەرەخۆ پیرە پیاوێک دەستی لە دەستی مێرگاندایە. بیدەنگن، کڕوکپ. هەتاو، هەتاوی جهەننەم بەسەر کەویردا دەباری، ئاو لە کوێیە؟!



## بەندی چوارەم:

کەربەلایی دووشەممە عادەتی بوو پشت بە دیوارەوە دا و دانیشێ، هەر دوو لاقی بڵاو کاتەوە و چۆکی هەڵدا و قوونی لە سەر عەرز دانێ. هەنیشکی لە سەر چۆکی دانێ و تەسبێحە گڵینەکەی بە نەرمی بگێڕێ.

پیاڵەی چایی لە بەر دەمی کەربەلایی دووشەممە سارد بوو بۆوە و ئەو بێدەنگ چاوی لە شوێنێک بڕیبوو. مات و بێدەنگ. بێدەنگییەک بە قورسایی بەرداش. بەردێکی بێ کەڵک کە بە دیوارەوە هەڵپەسێردرابێ. کۆن و چەپرەک و لە کار کەوتووە، قورس و بێدەنگ. بۆ ئەوەی لەماڵی مێرگان جێ قوونی خۆش کا بەهانەی بە دەستەوە بوو. پیریی عەباس، زەماوەندی هاجەر و عەلی گەناو؛ لە هەمووشی چاکتر هاتنی مەولا ئەمان بوو. هاوڕێ و وشترەوانی قەدیمیی کەربەلایی دووشەممە لە ئاوایی زەمینج. لە لایەکیشەوە قەرزدار بوونی مەولا ئەمانی کردبووە بەهانەی جێ خۆش کردن. مەولا ئەمان لەم سەفەرەیدا دەبێ بەهرەی قەرزەکەی بە کەربەلایی دووشەممە بدا. ئێستا گرینگ ئەوە بوو خانەخۆی واتە مێرگان، کام بەهانەی کەربەلایی دووشەممەی پێ قەبووڵ دەکرێ. لە سەرێکەوە هاتنی کەربەلایی دووشەممە لە بەر ئەوە بوو کە هاتووە بۆ دەیدەنیی ڕەفیق و هاوڕێی قەدیمیی خۆی. هاتووە چایی و شیرینیی زەماوەندی خوشکەزای ڕەفیقەکەی بخوا. سەرێکی تریشی کە بە لای مێرگانەوە ناخۆش بوو هاتنی کەربەلایی دووشەممە لەبەر قەرزەکەی بوو کە لە لای مەولا ئەمانی کڵاوچی بوو و دەیتوانی لەم شەوەدا قڕەوهەرا ساز کاو زەماوەندەکەیان لێ تێکدا. لەگەڵ ئەوەشدا مێرگان دەیزانی کە لە هەردوو سەرەوە هاتنی بەهانەیە. بەهانەیەک کە هەلی بۆ کەربەلایی دووشەممە ڕەخساندبوو کە ئەم یەک دوو ڕۆژە هەر لە بەیانییەوە پەیدا بێ و خۆ بکا بە ماڵی مێرگاندا، لە سووچێک دانیشێ و مات بێ. چایی و ئەگەربوو ـ نان و چێشت بخوا و

جاروبار فەرمایشتێک بەرەڵڵا کا، قسەیەک کە جاروبار تانەو تەشەری پێوە دەلکاند؛ شتێک کە کەربەلایی دووشەممە لەگەڵی گەورە بووبوو و خەڵکی زەمینجیش ئەو خووخدەی ئەویان بە باشی دەزانی.

مەولا ئەمان لەبەر ئەوەی دەست تەنگ بوو نەیدەویست و نەیدەتوانی قەرزەکەی بداتەوە، لە لای کەربەلایی دووشەممە سەری شۆڕ بوو و زمانی نەدەگەڕا. زۆر لە قسەکانی کەربەلایی دووشەممەی پشت گوێ دەخست و هەوڵی دەدا بە جۆرێک لەگەڵی پێک بێ. لە ڕاستیدا خۆش و ناخۆش تاملّی دەکرد. تاکوو ئەم یەک دوو ڕۆژە بەسەر دەچێ. مەولا ئەمان کارێکی وای لە زەمینج نەبوو. تەنیا کاری ئەوە بوو دەستی هاجەر بنێتە دەستی عەلی گەناو و هەوساری کەرەکەی بگرێ و تێیتەقێنێ. بۆ عەباسیش ئیتر هیچ نەدەکرا، کار لە کار ترازابوو. عەباس لە سووچێکی تاریک دادەنیشت، کەلەلا و بێدەنگ. لە نێو غوباری بێدەنگی و سەر سوڕماندا ون بووبوو. نە ئەو کاری بە سەر کەسەوە بوو، نە کەسیش کاری بە سەر ئەوەوە بوو. کڕ و کپ. دەم قووچاو و چاو داپچڕاو. چاوی هێشتا خەوی بەخۆوە نەدیتبوو. دەوا و دەرمان، نووشتە و دۆعا؛ نا!

«دەبێ چەن ڕۆژێکی پێبچێ! جارێ زووە. »

ئەوە قسەی کەربەلایی دووشەممە بوو. عەلی گەناویش سەری ڕاوەشاندبوو. مەولا ئەمان بڵێ چی؟ گوتبووی:

ـ کارێکە و قەوماوە. کارتان پێی نەبێ؟ چ دەکرێ، دنیا پڕە لەو شتانە. »

هاجەر دیار نەبوو. ئەو ڕووداوەی بە سەر کاکی هاتووە، وا دیارە هاجەری خستۆتە دڵەخورپە و لەوانەیە لە نێو چاوانی خۆی بزانێ!

لەم نێودەدا پیربوونی عەباس لە لای عەلی گەناو لە هەمووان سادەتر بوو.

«خۆم لەبەر کاروانسەرای شازدە لە دەروێشێکم بیستووە کە لە کێوی شاجیهان‌یش کوڕێک وای لێهاتووە و دوای چەن ڕۆژ وەک خۆی لێهاتۆتەوە. ئەو ترسانە کاتییە. تێدەپەڕێ. گوێی مەدەنێ! خاڵە! تۆ دەڵێی چی؟»

مەولا ئەمان چاوی لە کەربەلایی دووشەممە کردبوو:

«کەربەلایی بە ئەزموونترە زیاتری دنیا دیوە!»



«دەبێ چەن ڕۆژێکی پێبچێ، جارێ زووە!»

مەولا ئەمانیش قسەی کەربەلایی دووشەممەی بە ڕاست زانیبوو و بە ڕاستیشی دەزانی:

«بەڵێ ئیتر... بڵێین چی؟ کاری دنیایە!»

بەڵام مێرگان دەتگوت لە سەر ئاورە. ئەسپەندەری سەر ئاور. لە چاوییەوە و لە نیگایەوە دووکەڵ هەڵدەستا.

ـ پووری... پووری...

ئێستا ئیتر عەلی گەناو بە مێرگانی دەگوت پووری. مێرگان چووە دەرێ.

عەلی گەناو ڕۆیی بۆ بن دیوارەکە و گوتی:

کاری ئێمە تەواوە. ماڵەکەم ڕێک و پێک کردووە، ئامادە.

مێرگان گوتی:

ـ زۆر باشە، شەوێ وەرە دەستی ژنەکەت بگرە و بیبە بۆ ماڵی خۆتان. بڵێم چی ئیتر؟

عەلی گەناو پرسیی:

ـ جلوبەرگ و کەوشەکانی پڕ بە بەرین. گەورە و چکۆلەیان نییە؟

ـ تەواوە.

ـ چاکە، چاکە. کەوایە من دەچم دەورێک لێدەدەم و... لە بیرت نەچێ! شەوێ لە ماڵی خۆمان شێومان ساز کردووە. خاڵە مەولانیش لەگەڵ خۆت بێنە. بۆ عەباس و ئەبراویش دوو قاپ شۆرباو گۆشتت دەدەمێ بۆیان بەرە. چاکە؟

ـ باشە، باش.

عەلی گەناو ڕۆیشت و مێرگان چووە ژوورێ. کەربەلایی دووشەممە و مەولا ئەمان هەروا دانیشتبوون. مێرگان بە بەر چاوی کەربەلایی دووشەممەدا بە پەنا وەجاخەکەدا تێپەڕی و خۆی کرد بە خەڵوەتییەکەدا:

«دیسان دەبێ لەگەڵ هاجەر قسە بکەم. بە بەریدا هەڵخوێنم!»

کەربەلایی دووشەممە چاوی لە سەر داوێنی کراسەکەی مێرگان هەڵگرت و چاوی لە مەولا ئەمان کرد. مەولا ئەمان سەری داخستبوو. کەربەلایی دووشەممە بە بزیەکی مانا دارەوە گوتی:

ـ بیدە بە شوو! بۆ نایدەی بە شوو؟

مەولا ئەمان سەری هەڵێنا هات قسە بکا، کەربەلایی دووشەممە گوتی:

ـ ملم شکێ! ژنەکەم وەک تۆپە گوڵ وابوو هەڵمپساند. ملم شکێ! بە قسەی خەڵک! خودا غەزەب لەو خەڵکە گرێ. زمانیان بە بڕین چێ!

مەولا ئەمان گوتی:

ـ لە سەر چووان مەچۆ کەربەلایی. دڵی خۆت نارەحەت مەکە.

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

ـ قەتم لە بیر ناچێ. وەک تۆپە گوڵ وابوو. قسەی خەڵک! ژنەکەم بە حەوت مانگان منداڵی بوو و خەڵکی زمانیان کردە گەزارە. ڕوو ڕەشانە! هەر گوتیان: «کچە قووچانی بەر لەوەی بێتە ماڵی محەممەد زگی بووە!»

مەولا ئەمان ورتەی لێوەنایە و کەربەلایی دووشەممە لەبەر خۆیەوە دەیرێسی.

ـ کچی بندار! ئاخر من چاکتر دەزانم یان ئێوە؟ تۆپە گوڵی خۆم بە دەستی خۆم هەڵپساند. ڕەببی ملم ورد بێ! دوای ئەوە ئیتر ڕۆژێکی خۆشم نەدی. ژیانم لێبوو بە ژەهری مار. وەک کەران تێروپڕم کوتا و دەرم کرد. ئەویش بە چلەی زستان. بەستەزمان کۆرپەکەی لە باوەش گرت و ڕۆیشت. ئیتر نەمزانی چوو بۆ کوێ؟! ئەو کۆرپە حەوت ڕۆژە، لەو زستانە ساردە دا، چۆن تاقەتیان هێناوە؟ بەستەزمانانە. هەمووی خەتای دایکی عەبدوڵڵا بوو. ئێستا دەزانم کە ئەو، ئەو قسەیەی خستبووە زاری خەڵکی. ژنەتیوە شەیتانە! چاوی بەرایی نەدەدا ئەو کچە بەستەزمانە ببینێ. ئەگەر دەریشم نەکردایە ڕەنگ بوو دەرمانداوی بکا. هەر چییەک بوو، ماڵی منی بە قوڕ گرت. ئەگەرچی منیش ڕۆژگارم لەو کردە ژەقنەمووت. چارە ڕەشم کرد. لەو ڕۆژەوە ئیتر سەر جێییم لەگەڵ نەکرد و توخنی نەکەوتم! ئێستا بیست ساڵ تێپەڕیوە. چاکە، وەلامی ها، هووە، بەلام... بەلام ژنەتیوە وردە وردە، خەریکە فڕی بەسەرما سوار دەبێ. لە ماڵەکەی خۆم وەدەری ناوم و لە سوچێکی کادێنەکەدا



دەژیم. چبکەم. ئێستا کوڕەکەی بۆتە پیاو. سالار عەبدوڵڵا بەخێوی دەکا. ئیتر منی بۆ چییە؟ جلوبەرگم بۆ ناشوا. قومێ ئاوی گەرمم ناداتێ نانە وشکییەکەمی پێ‌بکەم بە تریت. ئەگەر نەخۆش کەوم و بکەومە گیانەڵڵا درگام لێناکاتەوە! هەر دەڵێی ژن و مێردیش نیین. دیارە ئیتر، دەیەوێ تۆڵەم لێبکاتەوە. بەلام... ملی من ورد بێ. ژنی وەک تۆپە گوڵی خۆم ئاوارە کرد. ئەو تۆپە گوڵەم هەڵپڕووسکاند!

مەولا ئەمان دیسان گوتی:

ـ لە سەر چووان مەچۆ کەربەلایی. برینی خۆت مەهێنەوە سۆ!

ـ داخی هەر لە دڵمدایە مەولا ئەمان. لە بیر ناچێتەوە. مەگین ئەوەی... مەگین کەسێک جێگاکەیم بۆ پڕ کاتەوە... بیدە بە شوو مەولا ئەمان؛ مێرگان بدە بە شوو! مێردەکەی مردووە. سلووچ ئەو هێز و گوڕەی نەبوو بتوانێ لە سەرما و گەرمای غەریبایەتیدا دەوام بێنێ. من غەریبایەتیم چێشتووە. مردووە، سلووچ مردووە. لێم ڕوونە مردووە. بە گوێی خۆم بیستوومە. ڕێگا شەرعییەکەشی مەعلوومە. سێ کەس شایەدی عادڵ. سێ کەس بتوانن شایەدی بدەن کە سلووچ مردووە، مێرگان دەتوانێ شوو بکاتەوە. ڕێگایەکی تریشی هەیە. ئەوەش لە شەرعدا هەیە. ئەگەر پیاوێک ڕۆیشت و هەتا چەن مانگ نەهاتەوە و هیچ هەواڵێکی نەناردەوە، تەلاقی دەکەوێ و ژنەکەی دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی شوو بکاتەوە. تێگەیشتی؟ وا چاکە لەم ئاخری تەمەنەدا پێکەوە ببینە خزم. من و تۆ زۆرمان پێکەوە سەفەر کردووە. هاوڕێ و هاوسەفەر بووین. قەرز و قۆڵەکانیشمان بە جۆرێک حەل و فەسڵ دەکەین. لەگەڵ خوشکت قسە بکە. هەتا کەنگێ دەیەوێ سەڵت بێ و سایەی کەسێکی لە سەر نەبێ؟ ئەگەر چوار ژەم خۆراکی چەور بخوا دەگەشێتەوە. نێو چاوانەکەی نەیهێناوە دەنا ئێستا هەر جوان و جحێڵە. کارێک بکە دەستی بگرم و لەو بێکەسییە ڕزگاری کەم. تۆش خێرت دەگاتێ. ئەوەش بەڵێنی پێغەمبەرە، یا پێغەمبەر.

کەربەلایی دووشەممە هەستا، نافەکی پاتۆڵە خۆڵاوییەکەی تەکاند و گوتی:

ـ ئەو منداڵانە چاوەدێرێکیان دەوێ. خۆ تۆ ناتوانی چاوت بە سەریانەوە بێ. شەوێ بۆ شام دێم بۆ ماڵی عەلی گەناو. خودا حافیز.

- خودات لەگەڵ کەربەلایی.

مەولا ئەمان هەتا بەر درگای حەوشە کەربەلایی دووشەممەی بەڕێ کرد و گەڕاوە. مێرگان لەبەر درگای وەتاغەکە ڕاوەستابوو و ڕق و بێزاری لە نێو چاوانی دەباری:

- دەیگوت چی دیسان؟!

- هیچ، هیچ... با بڕۆینە ژووری.

پێکەوە چوونە وەتاغ.

هاجەر لە پەنا یەغدانەکەی دانیشتبوو، خەریکی ڕێکوپێک کردنی کەلوپەلەکانی بوو. عەباس هەروا لە بن دیوارەکەدا بێدەنگ دانیشتبوو: چاوە گەورەکانی زەق بووبوونەوە. ڕوومەتی دەرپەڕیبوو و چەناگەی بە قووڵدا چووبوو. ددانی گڕ. گووپی بە قووڵدا چوو ، سەرو ڕیشی سپی، سپی سپی وەک چۆڕی شیر.

مێرگان بە قەڵسی دانیشت. هەردوو دەستی بە بەر چاوییەوە گرت و بە دەنگێکی تێکەڵ بە ڕق و بوغز گوتی:

ـئەو بۆرە پیاوە چیی دەوێ، هەراسی پێهەڵگرتووین؟!

مەولا ئەمان گوتی:

بڵێم چی؟ ئاشنایە چیی لێبکەین؟!

- ئاشنای چی؟! بە گۆڕی بابە سەگییەوە! کەربەلایی دووشەممە چیی ئێمەیە. هەر بزانێ تۆ هاتوویەوە، سەروسەکوتی پەیدا دەبێ!

- یانی پێت وایە لەبەر من دێ؟

- لەبەر تۆ نا، هاتنەوەی تۆ دەکاتە بەهانە. تۆش لای ئەو زمانت دەبەسترێ، چونکە پێی قەرزداری!

- دەی دەڵێی چی؟ یانی ئیتر من نەیەم بۆ ئێرە؟

- بۆ قسەی وا دەکەی تۆ: کەوشەکانت لە سەر چاومە. تۆ برامی، برا گەورەمی. بەڵام بەهانە دەدەیە دەست ئەو گەمژە پیاوەی حیزە. خەڵکی قسە و قسەڵۆکم بۆ ساز دەکەن. لەوەتا سلووچ ڕۆیشتووە، وەک سەگ بە دەوری ئەم ماڵەدا



مڵومۆیەتی. جا هەڵسوکەوتەکەشی چەن جوانە! مار ڕقی لە سیرە لەبەر کونەکەشی شین دەبێ!

عەباس هەڵبەزییەوە، تۆزێ لەرزی و ئارام بۆوە.

مەولا ئەمان گوتی:

- چاکیش لە بارەکەی دەزانێ، خۆی بۆ شام خۆی بانگهێشتن دەکا!

- شام؟! لە کوێ؟ لێرە؟!

- نا؛ لە ماڵی زاوا.

مێرگان دەستی لە سەر دەموچاوی هەڵگرت و گوتی:

- گوو دەخوا خۆی بانگهێشتن دەکا؛ گەوجە پیاوی سواڵکەر. بگاتە هەرکوێ خۆی پان دەکاتەوە. سەر سواڵکەری هیچ و پووچ!

مەولا ئەمان گوتی:

- دەڵێ شایەدم هەیە سلووچ مردووە.

مێرگان گوتی:

- دەی مردووە، نەمردووە چش. خودا عەفووی کا، بەو چی؟

- ڕەنگە مەبەستێکی هەبێ!

مەبەستی بباتە سەر گۆڕی بابی. من ئەوەندەم قوڕ بەسەری هەیە کە ئیتر دەرفەتی تلیلیلانم نەبێ، تازە لە من تێپەڕیوە. با بچێ وەدوای چارەڕەشێکی دیکە بکەوێ. من لە ئاخری تەمەندا نامەوێ لەگەڵ سەگ بچمە نێو جەواڵێکەوە.

- ئەی ئەگەر سلووچ بەڕاستی مردبێ...

- گریمان کە... من دوو کوڕم هەیە. چییان لێبکەم؟ ئەویش ئەوا یەکیان بەو دەردە چووە! خۆ دیتووتە؟!

مەولا ئەمان چاوی لە سەر عەباس هەڵگرت و گوتی:

- ئەو خۆ نایهەوێ لەگەڵ کوڕەکانت زەماوەند بکا. ئەتۆ دەباتە ماڵەکەی خۆی.

ـ کە وایە بۆ خەم بۆ منداڵەکانی من دەخوا؟ مەگین نەیگوت منداڵەکانیان سەرپەرستێکیان دەوێ؟!

ـ لە خۆرا گوتی. کچەکەت دەچێتە ماڵە مێردی خۆی. کوڕەکانیشت تازە پێگەیشتوون. تۆش دەڕۆیە ماڵی خۆت.

ـ ماڵی خۆم! هەهەه! تۆش چەندە خۆش بڕوای! خۆی ئەو لە کادێنە کۆنێکدا دەژی، ماڵی چی؟ خەبەرم هەیە لە دەست بووکەکەی، ژنی سالارعەبدوڵڵا، حاڵی سەگی هەیە. ئاوی خۆش لە گەرووی ناچێتە خوارێ. بووکەکەشی لە دەست ئەو پیرە ورگن و قۆڕە وەزاڵە هاتووە. تۆش چەن فەقیری! دوو ڕۆژیکە لێفەکەی هەڵدەگرێ و دێ لێرە وەر دەکەوێ؛ هەها!

مەولا ئەمان گوتی:

ـ خۆت باشتر دەزانی. من ڕاسپاردەم. ئیتر خۆتان دەزانن.

مێرگان هەستا و گوتی:

ـ من مێردم ناوێ. جا سلووچ مردبێ یان زیندوو. من دەڕۆم کارم هەیە. ڕۆژگار درێژ بوو.

مێرگان ئەگەر ئێستا دەستی بکردایە بە کار هەتا نوێژی شێوانی دەخایاند. هاجەری بردبوو بۆ حەمام. ئێستا دەبوو بە کارەکانی دیکەی ڕابگا. تۆزێکی سووراو سپیاو پەیدا کردبوو. بەڵام سەرەتا دەبوو دەموچاوی هاجەر هەڵگرێ. ئاوێنە شکاوێکی هێنا، کە لە چوارچێوەیەکی دارینی کۆن گیرابوو. لەبەر درگاکەدا بە دیوارەکەوە هەڵیپەسارد. پاشان مجرییەکەی هێنا و لە پەنا ئاوێنەکە داینا. مەچەکی کچەکەی گرت و هێنای لە پەنا ئاوێنەکە دایینیشاند.

ـ بۆ دەترسی! هەموو بووکێک دەبێ دەموچاوی هەڵگرێ.

دەزووی دەموچاو هەڵگرتنی لە پێشدا با دابوو و ئامادەی کردبوو. مێرگان داوەکەی لە سەری قامکی قوڵفە کرد و دەموچاوی وردیلەی کچەکەی دایە بەر داوە دەزوو. هاجەر لەبەر ژان و کزانەوەی ڕوومەتی نەیدەتوانی سەری ڕا گرێ، دەزووەکە وەک ئاور دەموچاوی دەڕنی و سووری هەڵدەگێڕا. مێرگان تەشەری پێدا دەدا کە ناتوانێ تۆزێک تاقەت بێنێ. هاجەر ددانی بە جەرگیدا گرتبوو. بەڵام نەیدەتوانی بەر بە فرمێسکەکانی بگرێ. چاوی فرمێسکی تێزابوو. بەڵام مێرگان گوێی پێنەدەدا و ڕوومەتی وشک هەڵگەڕاوی کچەی دابووە بەر دەزووی با دراوی



ڕاست و چەپ و گەندەمووی ڕوخساری دەڕووتاندەوە. دەموچاوی جار لەگەڵ جار زیاتر سوور هەڵدەگەڕا و ڕوومەتی دەتگوت جێگای زللەیە؛ ئەگەر پاشان شین هەڵنەگەڕێ:

«چاکترا با دەموچاوی تۆزێ خوێنی تێگەڕێ. خۆ ئاوا نابێ، دەڵێی مردووە. »

بۆیە مێرگان باکی نەبوو. حەز و تاسەی ئەو تەنیا ئەوە بوو، گەندەموو بە ڕوخساری هاجەرەوە نەهێڵێ و ڕوومەت و پشتە لێوی هاجەر بڕووتێنێتەوە. ژانیش دەکا با بیکا!

«تەنیا جاری هەوەڵ ژانی هەیە. هەموو کچێکی تازە بووکیش دەبێ دەموچاو هەڵگرێ و پێستی ڕوخساری بکزێتەوە!»

ـ سووتام دایە؛ سووتام!

«ئێستا باشتر بوو. »

مێرگان دەموچاوی هاجەری دا بەر ڕۆشناییەکە و چاوی لێکرد. هیچی وای نەمابوو. دەموچاوی وەک تارای سووری لێهاتبوو. چەوەندەر! خەریک بوو شین هەڵدەگەڕا. وەختی ئەوە بوو هاجەر شڵپێ ئاو بە دەموچاوییەوە بدا:

ـ چاکە؛ هەستە بڕۆ دەست و دەموچاوت بشۆ و وەرەوە!

هاجەر لە بەر ئاوێنە هەستا و دەرپەڕی بۆ دەرێ. سەتڵەکە هەتا نیوەی ئاو تێدابوو. هاجەر دەموچاوی کرد بە نێو سەتڵە ئاوەکەدا.

مەولا ئەمان هەستا و ڕۆیی. لە بەر درگاکە لە پەنا خوشکی ڕاوەستا و گوتی:

ـ ڕاستت دەوێ، منیش بیستوومە کە سلووچ بە ڕەحمەتی خودا چووە.

مەولا ئەمان ئیتر ڕانەوەستا وەڵامی خوشکی ببیستێ؛ لە حەوشە چووە دەرێ. مێرگانیش هیچی بۆ گوتن نەبوو. تاوێک گێژ و مەنگ ما. بەڵام زوو وەخۆ هاتەوە و گوڕاندی بە سەر هاجەر دا:

ـ چییە خۆت لە خووس دەگری؟! زووکە وەرە ئەوە شەوە!

هاجەر جارێکی تریش چرۆچاوی کرد بە ئاوەکەدا. لەسەر سەتڵە ئاوەکە هەستا ڕۆیی بۆ لای دایکی.

مێرگان سووراو و سپیاوی ئامادە کردبوو. ڕوو خۆش بوو. دەتگوت وەبیری هاتۆتەوە کە نابێ لەگەڵ کچەکەی ڕووترش بێ. ئاخەر ئەمشەو شەوی بووکێنیی هاجەر بوو. بۆ دەبێ داخی کەربەلایی دووشەممە بە هاجەری بەستەزمان بڕێژێ؟ ئەگەرچی مێرگان خۆی بە تاوانبار نەدەزانی. ئاخر ئاراوقارایان لێهەڵگرتبوو. بۆیە ئەویش لە دین دەردەچوو و هەتا وەخۆ دەهاتەوە، دەیدی بە جارێ ئاڵەتی بووە و ئەم و ئەوی داوەتە بەر چزووی زمان و لە هەموو زیاتر منداڵەکانی خۆی ڕەنجاندووە. بۆیە دەشڵەژا و ئەوەندەی دیکە ڕقی هەڵدەستا و خۆی دەخواردەوە.

کاریگەرترین زەبرێک کە لە ڕۆحی مێرگان درابوو، عەباس بوو. پیر بوونی عەباس، برینی جەستەی و زمان شکانی، مێرگانی هەڵدەچۆقاند. دەستی دەلەرزی و چاوی لە ڕەشەوە دەهات. قسە لە قسە دەگیرا، بوغز گەرووی ڕێک دەگوشی و چاوی فرمێسکی تێدەزا. ئیختیاری لە دەستی خۆیدا نەبوو. لەسەر شتێکی هیچ و پووچ تووڕە دەبوو. خەیاڵ و بێخەوی. خەم و خەیاڵ وەزاڵەی هێنابوو. خەم تاواندبوویەوە، دەیتواندەوە. زەماوەندی هاجەر! کە مێرگان لە هەموو کەس چاکتری دەزانی کارێکی نابەجێ و ناوەختە ـ لە کیس چوونی ئەو پەڵە زەوییە دیمەیان. پشت لێهەڵکردنی کوڕەکانی، دەردی عەباس. خوازبێنیی قێزەونی کەربەلایی دووشەممە، پێ چەقاندنی میرزا بۆ کڕینی ئەو تۆزە زەوییەی مابوویان؛ ئێستاش مەرگی سلووچ!

بە ڕاستی! بڵێی سلووچ مردبێ؟

ـ چاکە! ماشەڵڵا، ماشەڵڵا.

عەلی گەناو بوو. بەری ڕووناکایی ژوورەکەی گرتبوو و پێدەکەنی. هاجەر ڕووی وەرگێڕا و لکەی لەچکەکەی بە بەر چاوییەوە گرت. عەلی گەناو لێوە گۆشتنەکانی وێک هێنایەوە و چاوی لە مێرگان بڕی. مێرگان بە چاو عەلی گەناوی حاڵی کرد کە بڕوا. نەیدەویست ترسان لە عەلی گەناو سات لە دوای سات هاجەر تووشی دڵەخورپە بکات. عەلی گەناو بۆک و نابۆک وەرسووڕا و ڕۆیشت؛ مێرگانیش کاری سووراو و سپیاوی ڕوخساری هاجەری تەواو کرد و هەستا، قاپێکی پڕ کرد لە ئاو لەبەر دەستی دانا. شانە دارینەکەی لە ئاوەکە هەڵدەکێشا و



بە قژی هاجەریدا دێنا. قژی هاجەر پاک و خاوێن ببۆوە و ئەگەر چی نەرم و تەنک بوو، بەلام ڕەش و قەتران بوو و بریقەی دەهات.

مێرگان بە دڵێکی خەمۆکەوە قژی هاجەری دادێنا. کچەش، خەمبارتر لە دایکی سەری نابووە سەر قۆڵی مێرگان و چاوی لە عەرزەکە بڕیبوو: مارەیان کرد! چاکە، ئەوەش بووکێنی!

هاجەر نەیدەتوانی هەروا بە ئاسانی بیر لەوە بکاتەوە کە بە سەریاندا سەپاندبوو. قورسایی ئەو داسەپاندنەی زۆر لە دایکی باشتر هەست پێدەکرد: جووتێک کەوشی سوور، دوو لەچکەی هەورێشمین. کراسێکی چیت و چارشێوێک. پاشان لە بازاڕەوە بردیان بۆ کۆڵان و لە کۆڵانەوە بۆ کاروانسەرا. لە بەرانبەری قاوەخانەیەک دانیشتن و ملیان لە خواردن نا. پاشان عەلی گەناو خۆی کرد بە قاوەخانەکەدا و سێ چایی گەورەی هێنا. کە چاییەکەیان خواردەوە عەلی گەناو چووە تەویلەی کاروانسەراکە، کەمێکی ئالفی وشک کردە بەر گوێدرێژەکەی و گەڕاوە. کاتی ڕۆیشتن بوو. لە کاروانسەراکە چوونە دەرێ. کۆڵانی پشتی کاروانسەراکە مزگەوتی جامیعەی لێهەڵکەوتبوو. لە درگای خوارووی مزگەوتەکە چوونە ژوورێ. لە حەوشەی مزگەوتەکە تێپەڕین و لە درگای سەرەوە چوونە دەرێ. عەلی گەناو لە شەقامەکەی پەڕاندنەوە. دیسان کۆڵان. بە بەر مەنبەعی ئاودا تێپەڕین و گەیشتنە کۆڵانێکی پێچەڵاوپووچ. باریک و تەنگە بەر. بە جۆرێک کە هاجەر سەری لە گێژەوە دەهات. ئێستا هەر ئەوەندەی لە بیر بوو کە کۆڵانەکە سەنگە فەرش کرابوو. ئەوەشی بە هۆی ژانی لاقی و کەوشە قایشەکانی لە بیر مابوو. لە بنی کۆڵانەکە لەبەر درگایەکی چکۆلە ڕاوەستان، حەوشەکە لە قووڵدا بوو. زۆر قووڵ بوو. سێ پلیکانی دەخوارد. حەوشەکە چکۆلە بوو. لە پەنا حەوزە شەش پاڵووەکە دار هەنارێکی لێ بوو. عەلی گەناو ژنەکانی لە هەیوانی ڕووبەڕووەوە بردە سەرێ. هاجەریان هەر لەوێ لە پشت درگاکە دانیشاند. مێرگان و عەلی گەناو چوونە وەتاغ. هاجەر مەلای نەدی. تەنیا گوێی لە دەنگی بوو. دەنگی لەگەڵ کۆخە تێکەڵ بوو. لەوە دەچوو پیر بێ. بڕێکیان دەمە تەقێ کرد. پاشان مێرگان و عەلی گەناو هاتنە دەرێ. داوایان لە هاجەر کردبوو بڵێ: «بەڵێ» هاجەر گوتبووی و کار

تەواو بووبوو. ئێستا عەلی گەناو دەیتوانی دەستی هاجەر بگرێ. دەستی گرت و لە پلیکانەکان هاتنە خوارێ. هەر بەو جێگایەدا هاتبوون گەڕانەوە: کۆڵان، شەقام، مزگەوت، کۆڵانی پشتی کاروانسەرا.

عەلی گەناو گوێدرێژەکەی لە کاروانسەرا دەرکێشا و تێرەکەی لێنا و هەوسارەکەی گرت، کرێی کەرەکەی دا بە دالآندار و چووە دەرێ. مێرگان و هاجەریش بە دوای کەرەکەدا ڕۆیشتن. لە دەرەوەی دەروازەکە، عەلی گەناو هاجەری هەڵێنا و سواری کەرەکەی کرد. هەوسار هەروا بە دەست عەلی گەناوەوە بوو. دوای ماوەیەک هەوسارەکەی کردە ملی گوێدرێژەکە و گوڵمێخەکەی لە قایشی کورتانەکە ڕۆ کرد و بە پاڵ ڕانی هەجەردا کەوتە ڕێ.

مێرگان لە دواوە دەهات و سەری لەبەر خۆیدابوو. جارێکیش بە بیانووی ماندوو بوون لە قەراغ ڕێگاکە دانیشت و کەوشەکانی داکەند. ئەو کەوشە تازانە عەلی گەناو بۆ مێرگانی کڕیبوو و هێشتا لاقی عادەتی پێنەکردبوو. لاقی ئارەقەی کردبوو. لە نزیک زەمینجیش مێرگان سەد هەنگاوێک کەوتە پێشیانەوە. ئەوەندەی کە عەلی گەناو توانیی دوو ـ سێ نقورچک لە ڕانی هاجەر بگرێ. هاجەر ژانی نقورچکەکانی تامڵ کرد و وەڕووی خۆی نەهێنا. دەترسا عەلی گەناو لەگەڵی بکەوێتە قسە. لە ڕێگا دەبێ عەلی گەناو شتێکی گوتبێ. بەڵام هاجەر لە بیری نەمابوو. هەجەر ڕێگای زەمینج هەتا شاری زیاتر لە بیر مابوو. سێبەری کوڕی سەنەم لە هەموو جێیەک بە شوێنیانەوە بوو. کە گەیشتە بەر دەروازەی شاریش کوڕی سەنەم بە توربێنەکەی شانییەوە هات بە بەر دەمیاندا تێپەڕی بێ ئەوەی چاو لە هاجەر بکا. خۆ هاجەر دڵی بە کوڕی سەنەمەوە نەبوو. بەڵام ئێستا کە کەوتبووە ئەو بارودۆخەوە زیاتر بیری لە کوڕی سەنەم دەکردەوە. وەک ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدا بە شوێن پەنا و داڵدەیەکدا بگەڕێ. دەنا هاجەر زۆر لەوە منداڵتر بوو کە حەز لێکردوویی بکا. بەڵام خۆشی نەیدەزانی بۆ پشت ملی چڵکن و ملیوانەی دڕاو و ناوشانی ئارەقە کردووی مرادی پوورە سەنەمی لە بیر نەدەچۆوە؟

هەر بە ڕاستی مرادی کوڕی پوورە سەنەم ئێستا سواری ماشێن بووە و ڕۆیشتووە؟ ڕۆیشتووە؟!



مێرگان لەچکەیەکی هاورێشمینی بەسەر قژە شانە کراوەکەی هاجەردا دا. قژی دووقاش بووی سەرتەوێڵی هاجەری بە جوانی داهێنا و لە بەر ئاوێنەکە هەڵیستاند و بردی بۆ لای یەغدانەکە. ئەو کراسە چیتەی عەلی گەناو کڕیبووی، لەبەر هاجەری کرد و پاشان ئاوەڵکراسی ساتینی دەرهێنا، دایە دەست هاجەر و ناردییە خەڵوەتییەکە لە بەری بکا. مێرگان هەستا سەر چۆک و نافەک و پزووی ئاوەڵکراسەکەی بۆ ڕاستەوپاستە کرد. بەڵام بە بەری زۆر گەورە بوو، دەلینگەکەی لە خوار قولاپەیەوە بوو. مێرگان تۆزێکی دیکەی بۆ هەڵکێشا، چاکە، ئاوا خراپ نییە. ئەمجار کەوشەکانی دەر هێنا. لاقی هاجەر لە کەوشەکان دەترسان. بەڵام چاری نەبوو. مێرگان کەوشەکانی پێ‌لەپێ کرد و پێیگوت پێوەی بڕۆ! هاجەر بە نێو چاوانێکی گرژ و خەم لێنیشتووەوە هەنگاوی هەڵێناوە. نا! زۆر بە پێی ناخۆشە، ناتوانێ پێوەی بڕوا. کەوشەکان لە پێیدا دەتگوت ناڵن! ڕەق و ناخۆش، زۆری ئازار دەدا. دەتگوت لاقیان لە دار بۆ دروست کردووە. ڕەپ و ڕاست هەنگاوی هەڵدێناوە. هەنگاوی ورد و هێواش. لە هەر هەنگاوێکدا جارێک چۆکی دەنووشتایەوە. بەڵام دەبوو هەنگاو بنێ. مێرگان قۆڵی کچەکەی گرت و ڕایکێشا:

ـ مەترسە. مەترسە. لاق هەڵێنەوە دەی. لاق هەڵێنەوە. خۆت لە سەر پێ ڕاگرە دەی، خۆ شەل و سەقەت نی کچم!

بە نێو دیوەکەدا گێڕای، ورد ورد هەنگاوی هەڵدێناوە. لە پڕێکدا دانیشت. دەکرێ بڵێین خۆی بە عەرزیدا داو قیژاندی:

ـ وەی لاقم، لاقم شکا. بەزیاد نەبێ چ کەوشێکن. نامەوێ، نا.

مێرگان بەر لەوەی گوێ بە قسەی کچەکەی بدا. هەڵات درگاکەی پێوەدا. نەدەبوو دەنگی گریان و هاواری هاجەر بچێتە دەرێ. پاشان هات چۆکی بە چۆکی هاجەرەوە نا و دانیشت. سەری کچەکەی بە سینگییەوە نا و بێدەنگی کرد. هاجەر وردە وردە ئارام بۆوە. دەیزانی دایکی چیی دەوێ. مێرگان سەری کچەکەی لە سینگی کردەوە و بەر لەوەی فرمێسکەکانی لەگەڵ سووراوی ڕوومەتی تێکەڵ بێ. بە قامکی بۆی سڕی، بە جوانی دەموچاوی هاجەر نەدەبیندرا. ژوورەکە تاریک بوو.

سەری سپیی عەباس بە سەر شانییەوە، تەنیا شتێک بوو کە لەو تاریکییەدا دیار بوو: نە جووڵەی دەکرد نە قسەی بۆ دەهات.

مێرگان لە پڕ هەستا و هەڵات بۆ لای درگاکە و کردییەوە. مەولا ئەمان لە درگای دابوو، کەڵەگەت و لە سەرەخۆ:

ـ بۆ درگاکەت داخستووە؟

ـ خەریک بوو هاجەرم دەڕازاندەوە.

ـ ئەوە شەوە هێشتا ئێوە حازر نەبوون؟

ـ زۆرمان نەماوە، ئێستا تەواو دەبێ.

مێرگان هەڵات بۆ لای هاجەر، دەستی گرت و هێنای بۆ بەر ڕووناکاییەکە و چاوێکی لە سەر و چاوی کچەکەی کرد. فرمێسک سووراو و سپیاوی دەموچاوی هاجەری پاک نەکرد بۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا مێرگان بە لکەی لەچکەکەی بە ئەسپایی بەر چاوی هاجەری سڕی. فرمێسکی هاجەر خەریک بوو کلە و سورمەی سەر برژۆڵەکانی لێدەکردەوە.

مەولا ئەمان گوتی:

ـ لەم سەروبەندی ئێوارەیەدا بۆ چراکە هەڵناکەی.

ـ بەخودا لە بیرم نەبوو.

مێرگان چوو لامپاکەی هەڵکرد. شۆقێکی لێڵ لە ژوورەکەدا بڵاو بۆوە. ئێستا جوانتر دەیدی. مەولا ئەمان لە سووچێک دانیشت و لاشانی بە دیوارەکەوە نا. کە لامپاکە هەڵکرا، عەباس سەرە سپییەکەی جوانتر دەرکەوت بێدەنگ و هێدی. مەولا ئەمان ویستی بچێ قسەی لەگەڵ بکا. بەڵام نەیزانی چیی پێبڵێ؟ شانی لە دیوارەکە کردەوە و چوو تفاق بۆ کەرەکەی تێکا. مێرگان ئێتر کاری نەبوو. دەبوو تۆزێ دانیشێ، بەڵام نەیدەتوانی لە شوێنێک ئۆقرە بگرێ. یەکوچان هەڵدەسووڕا. لە خۆڕا دەرۆیشت و دەگەڕاوە. خەڵوەتی، حەوشە. سەری کۆڵانەکە و دیسان ماڵێ. لە پڕدا وە بیری هاتەوە سێ دەنک ئەسپەندەر بسووتێنێ. دەووکەڵی ئەسپەندەرەکە لە ژوورەکە هاڵا. مەولا ئەمان کاوکۆتی سەر قۆڵی تەکاند، خۆی کردەوە بە وەتاغەکەدا و سڵەواتێکی لێدا. هاجەر هەروا لە بن دیوارەکە دانیشتبوو. مەولا ئەمان لە سووچێک دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند.



«ئەوانە بۆ هەر نەهاتن؟»

ئەوە لە سیمایدا دەبیندرا. جگەرەکەی هەتا قوونچکەکەی کێشا و لە ژێر پێیدا قوونچکەکەی کوژاندەوە و ڕۆیشتە دەرێ. شەوگار درێژ بووبوو. مەولا ئەمان تاوێک لە سەری کۆڵانەکە ڕاوەستا و گەڕاوە. دیار بوو دڵەراوکێ ئاراوقارای لێهەڵگرتبوو. لەبەر درگاکە ڕاوەستا و گوتی:

ـ چۆنە بچم سەرێک لە ماڵی زاوا بدەم بزانم چۆن بوو.

مێرگان گوتی:

ـ جوان نییە ئاخر. بڵێم چی! ئەوان دەبێ بێن دەستی بووکی خۆیان بگرن و بیبەن.

ـ دەڵێم نەکا ئەو ژنەتیوە فێڵ و تەڵەکەیەکی ساز کردبێ؟

ـ نا! دا ڕاوەستە با بزانین چییە. ئەها... دەنگە دەنگ دێ...

مەولا ئەمان دەرپەڕی بۆ دەرێ و خۆی گەیاندە کۆڵان. شۆقی لەنتەرێک چەن سێبەری لەگەڵ خۆیدا دێنا. مەولا ئەمان هەنگاوێک چووە پێشێ و ڕاوەستا. ژنەکەی عەلی گەناو بە تێڵایەکەوە بە شەلە شەل دەهات. لەوە دەچوو شتێک لەسەر دەستی چەپەشی بێ. کەشەفێک، کەشەفەکە قاپێکی مسی لە سەر بوو و شۆقێکی لێڵی لێ هەڵدەستا. پۆلووی ئاور. عەلی گەناویش شان بە شانی دەهات. زاوا لەنتەری بە دەستەوە گرتبوو پێ بە پێی ژنەکەی دەهاتە پێشێ. کەربەلایی دووشەممە و حاجی سالم بە دوایاندا دەهاتن. موسلمیش بە دوای باوکیدا دەهات. کە نزیکتر بوونەوە کەربەلایی دووشەممە چووە پەنا ڕوقیای ژنی عەلی گەناو و چەند دەنک ئەسپەندەری لە سەر کەشەفەکە هەڵگرت و کردییە سەر ئاوری قاپەکە. حاجی سالم سڵاواتێکی لێدا. مەولا ئەمان بەرەوپیریان چوو. ئەو سوور سوور دیار بوو شادە، ئەگەر ئەمشەو بە خۆشی تێپەڕ بووایە، مەولا ئەمان بەیانی دەیتوانی بە ئەرخەیانی بڕوا بە دوای کاری خۆیدا و لە دەست کەربەلایی دووشەممە و قەرزەکەی نەجاتی بێ.

پێیان نایە حەوشە چکۆلەکەوە. مێرگان بە لامپاوە هاتە حەوشە. ڕوقیای ژنی عەلی گەناو خۆی دایە سەر تێڵای بن باخەڵی و ڕاوەستا. مێرگان چەن دەنک ئەسپەندەری کردە سەر ئاورەکە. مەولا ئەمان چووە ژووریٚ قۆڵی هاجەری گرت و هێنایە دەریٚ. هاجەر نەیدەتوانی لاق هەڵێنێتەوە. تەنانەت نەیدەتوانی لە سەر پیٚ خۆ ڕاگریٚ. مێرگان قۆڵی گرت. هەموویان بە لەنتەر و لامپاوە لە حەوشەکە هاتنە دەریٚ. کۆڵان پڕ لە چاڵوچۆڵ و کەوشی بووکیش ناجۆر. زۆر بە هێواشی ڕۆیشتن. ڕوقیا بە دژواری خۆی کێش دەکرد. چونکە بووکیش نەیدەتوانی خێرا بڕوا، ئەو تۆزە ڕێگایە درەنگ گەیشتنیٚ.

مێرگان هاجەری بردە دیوە خەڵوەتییەکەی ماڵی عەلی گەناو. پەردەی بووک و زاوا ئەویٚ بوو. عەلی گەناو خۆی جێوبانەکەی ڕاخستبوو. هاجەر کەوشەکانی داکەند. مێرگان هاتە دەریٚ. میوانەکان لە وەتاغی ئەملای خەڵوەتییەکە دانیشتن. ژنەکەی عەلی گەناو لای میوانەکان نەبوو. خۆی دابووە سەر تێڵاکەی دەستی و لە لای تەندوورەکەی حەوشە ڕاوەستابوو. مێرگان چوو شێو ساز کا. ڕوقیا هیچی نەدەگوت. بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە مێرگان دڵی ئاوبخواتەوە. ژن، زۆر چاک ژن دەناسیٚ:

«خوا نەکا، خوا نەکا، یا خوا ئەو ڕۆژە نەبینم!»

مێرگان تەنانەت ئەو ڕۆژەی دێنایە بەر چاوی کە ئەو ژنە نەخۆش و لاکەوتەیە کچەکەی دەرمانداو بکا!

گۆشتەکە کوڵابوو. مێرگان قابلەمەکەی هەڵگرت و بردی بۆ وەتاغ. عەلی گەناو خۆی سفرەکەی ڕاخستبوو و نان و ماستی لە سەر ڕیز کردبوو. موسلیم و باوکی پێکەوە. مەولا ئەمان و کەربەلایی دووشەممە پێکەوە. عەلی گەناو و مێرگانیش پێکەوە. ڕوقیاش لە دەریٚ مابۆوە.

شێو خواردن زۆری نەخایاند. عەلی گەناو خێرا سفرەکەی پێچاوە. هەموویان ئەوەیان دەزانی کە نانی زەماوەند جۆرێکی ترە؛ بەڵام هەر کەس بە پێی توانایی خۆی:

ـ خودا بە زیادی کا، سفرەتان ڕەنگین بیٚ.



ـ ئامین، ئامین.

حاجی سالم بوو دۆعای دەکرد و کەربەلایی دووشەممە ئامینی دەگوت.

مەولا ئەمان بە ئانقەست کۆڕەکەی تێکدا. کەربەلایی دووشەممەی هەستاند و بردییە دەریٚ. عەلی گەناویش پارەیەکی نایە مشتی موسلیم و هەڵیستاند. پیاوەکان چوونە دەریٚ، عەلی گەناو هەتا بەر درگا بەڕێی کردن و گەڕاوە. مێرگان بە پێی داب و نەریت دەبوو بمایەتەوە. بەڵام عەلی گەناو ئەویشی بەڕیٚ کرد:

ـ ئەگەر کارێک ببیٚ ئەوە ڕوقیا هەیە تۆش...

دایکی بووک بۆ لە پشت درگا ڕادەوەستیٚ؟ کە بۆی دەرکەویٚ کچەکەی بنی هەیە؟ دەی چاکە. ئیتر چیت دەویٚ؟

ـ پاشماوەی شۆرباو گۆشتەکە بەرەوە بۆ منداڵەکان! با بە تەنیاش نەبن.

کوڕەکانی مێرگان بە تاریکی دانیشتبوون. کڕ و کپ. لامپاکە لە کۆڵان کوژابۆوە. مێرگان هەڵیکردەوە. ئەبراو پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو. دیار بوو لە کار گەڕاوەتەوە. ئەم بەینانە سەرتاپای جلەکانی چەور و چڵیک بووبوون. نەدوێن بووبوو. وەک ئەوەی کتوپڕ تەمەنی چووبێتە سەریٚ. خۆی وەک پیاو نیشان دەدا. لە تەمەنی خۆی گەورەتری دەنواند. دەتگوت شتێکی پیٚ زیاد بووە و مێرگان تێی ناگا، هەر ئەوەندەی هەست دەکرد کە لەگەڵ پیاوێک بەرەو ڕوو دەبیٚ. پیاوێک کە لە هێندیٚ بارانەوە خەریک بوو لەگەڵ مێرگان دەبوو بە بێگانە. بەشێک لە وجوودی ئەبراو ئیتر هی مێرگان نەبوو. هی کەسێکی دیکە بوو. دەتگوت نەناس و بێگانەیە و بۆ مێرگان نامۆیە. بەڵام مێرگان دڵی پێیخۆش بوو. چی لەوە خۆشتر دایکێک کوڕەکەی ببینیٚ بۆتە پیاو؟ کوڕت ببێتە پیاو! ئەگەرچی ئەو کوڕە، ئەو پیاوە، لە پشتەوە خەنجەری لە دایکی خۆی دابیٚ! بەشە زەویی خۆی بیٚ پرس فرۆشتبیٚ.

مێرگان قاپە گۆشتاوەکەی لەبەر دەمی عەباس دانا و بە ئەبراوی گوت بێتە پێشیٚ. ئەبراو هاتە پێشیٚ. مێرگان نانی هێنا. عەباس و ئەبراو نانە ڕەقیان تێکوشی. ئەبراو پرسیاری خاڵی کرد. مێرگان گوتی:

ـ پێموایە کەربەلایی دووشەممە بردی لەگەڵ خۆی.

ئەبراو گوتی:

ـ میرزا سڵاوی دەگەیاندی و دەیگوت هەر وەختێ پێیخۆش بوو، بێ پارەی زەوییەکەی وەرگرێ!

مێرگان گوتی:

ـ پێی بڵێ پارەکە خەسار نەکا. من نایفرۆشم.

ئەبراو ئیتر هیچی نەگوت. چونکە عەباس بە پارووی زۆر گەورەوە وەرگەڕابووە چێشتەکە.

مەولا ئەمان خۆی بە ژووریدا کرد:

ئەو کابرایە دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە. وەک چەققە بە پیاوەوە دەنووسێ!

مێرگان جوابی نەداوە. سەریشی هەڵنەهێنا. پێیخۆش نەبوو لای کوڕەکانی باسی کەربەلایی دووشەممە بێتە گۆڕێ. سەری بە بەر خۆیدا گرت.

مەولا ئەمان لە پاڵ قاپە گۆشتەکە دانیشت و لە گەڵیان ملی لێنا:

ـ جا بۆ ئەو کابرایە هێشتی چوار پاروو نان بخۆم! دەتگوت هەموو لە دەمی هار بەر بوون! زگم هەروا قوڕەی دێ... دەی ماندوو نەبی پاڵەوان. پێم بڵێ لەگەڵ ئەو تەراکتۆرە چۆنی؟

ئەبراو بێ ئەوەی لە هاوقاپەکانی بەجێ بمێنێ، گوتی:

ـ وەک ئاور دەیدڕێ و دەڕواتە پێشێ!

ـ وایە ئیتر، وایە. زەمانە گۆڕاوە. کێ بیری بۆ شتی وا دەچوو!

ئەبراو گوتی:

ـ لەو گوندانەی سەروو پرسیار بکە، ئەگەر کەسێک زەویی بوو، بە کرێ بۆی دەکێڵین. زەوییەکەی کوێخامان ئەمڕۆ نیوەڕۆ تەواو کرد.

مەولا ئەمان گوتی:

ـ چاکە، با بزانین چۆن دەبێ. هەقی دەلاڵیی تێدایە؟

ـ بۆ دوو وشە پرسیار کردن؟

ـ ئەی چی. ئەمڕۆ ژن بە خۆڕایی بە مێردی نادا. هەها! من بۆ میرزا هەروا مفت و مەرحەبا کار جێبەجێ بکەم؟! بۆ؟ پیاوی چاکە؟



ـ بۆ میرزا حەسەن نا. زیاتر لەبەر من. ئەو تەراکتۆرە نابێ تاقە سەعاتێک بێکار بێ. خۆ دەزانی؟ هەتا گرمە و هاڕەی ئەو تەراکتۆرە بەرز بێ، منیش هەم. کار نەبێ و تەراکتۆر بخەوێ، منیش دەبێ وەک خەڵک بارگەوبنەم بە کۆڵدا دەم و بڕۆم بۆ هەندەران و غەریبایەتی. ئەم پاتۆڵەی لە پێمدایە دیتووتە؟ بە بیست وهەشت تمەن کڕیومە. خەرج گرانە، خاڵە!

مەولا ئەمان پرسیی:

ـ ڕاوەستە بزانم! چەن گیرفانی هەیە؟

ـ ئەبراو هەستا پێ و هەروا کە بە دەوری خۆیدا دەسووڕا قامکی دەلستەوە، گوتی:

ـ چوار دانە. ئەوەتا گیرفانێکی چکۆڵەش لە بن کەمەرەکەی دایە!

ـ چاکە؛ کەوایە هەرچی پارەت هەبێ لەو گیرفانانەدا جێی دەبێتەوە! میرزاش وا دیارە هەقدەستی چاکت دەداتێ؟

ـ دەیدا. بۆ نایدا؟! تۆ ئاوسی کە، خۆی دەزێ!

ـ چاکە دەی، خەریکە قەرزداریشی دەکەی؟

ـ خراپ نییە، باشە. بەشی خۆراک و جلوبەرگم دەداتێ...

ـ ئەی باقییەکەی؟ بۆت پاشەکەوت دەکا یان لای خۆی وەک گرەو ڕایدەگرێ؟

ـ گرەوی چی؟

ـ هیچ! گاڵتەم کرد. دەی ئێستا پارەت پێیە دەستێ قاپێن بکەین؟

ـ پێم نییە. ئیشتیاشم لە جگێن نییە. دەبێ بخەوم، خەوم دێ. هێندە ماندووم بەیانیان خەبەرم نابێتەوە. دایە، کۆی کەوە!

عەباس بنی قاپەکەی لێس دا. مێرگان قاپی خاڵی و ورکە نانەکانی کۆ کردەوە. ئەبراو هەستا چوو جێگاکەی داخا. مێرگان جێگای بۆ عەباس و ئەمانیش داخست و پلێتەی لامپاکەی داکێشا. وردە وردە هەموو ڕاکشان. مێرگان لە سەر جێگاکەی دانیشت. براکەی پشتە سەری بە دیوارەکەوە نابوو جگەرەی دەکێشا. تاوێکی دی دەخەوت. جگەرەکەی دەکوژاندەوە و دەخەوت. کوژاندییەوە و خەوت. ئەبراو پرخەی لێ هەستا.

عەباس؟ خەو و بەخەبەری عەباس وەک یەک وابوو. بێدەنگ و مات لە سەر جێگاکەی خۆی کوشمەڵە کردبوو. گریمان خەوی لێکەوتووە یان بەخەبەرە! ئەو وەکوو شەوانی پێشوو بە بێدەنگی چاوی لە بنمیچەکە بڕیبوو. دەکرێ بڵێین شەوانە نەدەخەوت. دەمەو بەیانی خەوی لێدەکەوت و هەتا کاتی فراوێن خواردن هەڵنەدەستا. کە تاووبان خۆش دەبوو لە جێگاکەی دەهاتە دەرێ و بە شەلە شەل و لارە و لارەوە دەچووە دەرێ، دەست و دەموچاوی دەشت و لە سەرەخۆ دەهاتەوە ژوورێ و لە سووچێک وەکوو ڕۆژانی پێشوو مات دەبوو. هاجەر یان مێرگان پەنچکە نانێکیان بۆ دێنا. نان و چاییەکەی دەخوارد و هەروا دادەنیشت. جاری وابوو دەچووە حەوشە لە بن هەیوانی سەر تەندوورەکە ئەو جێگایەی کە لەم دواییانەدا سلووچ لێی دادەنیشت. دانیشێ. دادەنیشت و ئەژنۆی لە باوەش دەگرت. زۆر کەم قسەی دەکرد، زۆر کەم. جاروباریش کە ورتەیەکی لێوە دەهات، دەنگی زۆر کز بوو. دەنگی گڕ بوو. نوزەی گەرووی دەهات. دەتگوت دستیان ناوەتە بینە قاقای. دەموچاوی چرچ و پیرەڵۆک بووبوو، وەک دەموچاوی کۆسەی لێهاتبوو. لەوە نەدەچوو تازە ڕیشی بێ. وا دیار بوو ڕیشەی نەرمە مووی دەموچاوی سووتاوە. بە کورتی و بە کوردی: عەباس گۆڕابوو.

مێرگان هەروا لە سەر جێگاکەی دانیشتبوو. چاوی وشک و نێو چاوانی گرژ. سەری ویزەی دەهات و دڵەڕاوکێ ئاراوقارای لێهەڵگرتبوو. بێ ئیختیار چاوی لە درگاکە بڕیبوو. لێوی دەجووڵاوە، پێموا دوعای دەکرد. یان لەگەڵ خۆی دەدوا. هەرچی بوو چاوەڕێ بوو. نەیدەتوانی سەر بکاتە سەر سەرین:

«چۆن دەتوانی ئۆقرە بگری، کاتێ کچۆڵەکەت تاوێک لەمەوبەر ناردۆتە پەردەوە؟»

قیژە و قیژە و قیژە! ڕمبی شکاو لە دڵی شەودا. قیژە قیژی شێواوی هاجەر لە کۆڵانی زەمینجدا.

- وەی دایە... دایە گیان وەی... ئەی ی ی... ئەی هاوار... !

مێرگان دەرپەڕی بۆ کۆڵان. هاجەر دەرپێکەی بە دەستەوە گرتبوو و دەفڕی. جوڕڕەیەک لە چنگ واشەیەک دەرپەڕیبێ. عەلی گەناو بە دوایەوە بوو. هەڵدەهات و



بەڕێوە خەریکی بەستنەوەی دۆخینەکەی بوو. هاجەر خۆی کرد بە باوەشی دایکیدا. ون بوو. دەتگوت مێرگان بای لە باوەش گرتووە. گریان، گریان. گریان و هەنیسک، تێکەڵ بە ترسێکی قووڵ. هەنیسک و بەرسینچکەی کچە لەگەڵ گریانێکی ناسک و منداڵانە. بەرۆک ترازاو و سەر و پێ ڕووت. عەلی گەناو گەیشتێ. مێرگان کچەی بردە پەنا دیواری حەوشەکە. عەلی گەناو خۆی کرد بە حەوشەکەدا. قیژە و هەرا مەولا ئەمان و ئەبراویشی لە جێگا دەرپەڕاندبوو. مەولا ئەمان بە سەر و پێی ڕووت دەرپەڕی بۆ دەرێ. ئەبراو لە نێو درگاکەدا ڕاوەستا. حەپەسراو! هاجەر لە پشت دایکی دەرپەڕی خۆی کرد بە وەتاغەکەدا و هەڵات بۆ کولێنەکە. هەموو واقیان وڕ مابوو. دەتگوت زمانیان شکاوە. عەلی گەناو کەفی هەڵدەخڕاند. وشتری هار، لۆکی مەست. مەولا ئەمان چوو بۆ لای. مێرگان خۆی کردبە ژوورێدا. ئەبراو پرسیی: «چی بووە؟» و مێرگان دەیزانی چی بووە. عەباس لە سەر جێگاکەی دانیشتبوو. مێرگان چووە کولێن؛ هاجەر هەروا دەیقیژاند:

- دەترسم دایە! دەترسم. دەمرم دایە! منت داوە بە کێ؟ ئەوە کێیە؟ دێوە! بۆ منت بەوە دا. بۆ منت بە شوودا، ئەوە کێیە؟ بۆ وا دەکا؟ دایە. دەترسم! زۆر دەترسم! دەمرم...

مێرگان سەری کچۆڵەی بە سینگییەوە نابوو. دەبوو شتێک بڵێ. دەبوو دڵخۆشی بداتەوە. بەڵام بڵێ چی؟ خۆ زمانی لە دەمدا نەماوە! ڕەنگە بیگوتبایە: «دایکت بمرێ، ڕۆڵە گیان!» مێرگان فریا نەکەوت قسەیەک وە بیر خۆی بێنێتەوە، جاری وایە زەین دەیبەستێ!

مەولا ئەمان پەردەی کولێنەکەی لادا:

- وەرە دەرێ کچێ؛ وەرە بڕۆ بۆ ماڵی مێردەکەت!

عەلی گەناو ڕانەوەستا. بە پەنای شانی کۆمبۆوەی مەولا ئەماندا چووە ژوورێ و مەچەکی هاجەری گرت و ڕایکێشا. هاجەر وەک چەققە بە دایکییەوە نووسابوو و بەری نەدەدا. مێرگان و هاجەر پێکەوە کێشرانە دەرێ. هاجەر لاقی لە زەوی چەقاندبوو و دەیزیڕاند:

- نایکەم خودایە! نایکەم نا! نایکەم. من شوو ناکەم... خودایە... !

ئیتر خەریک بوو پشووی ڕادەوەستا. هەناسەی بەحاڵ دەر دەهات. ڕەش و شین داگەڕابوو. عەلی گەناو نەدەبوو بهێڵێ لەوە زیاتر ئابڕووی بچێ. هاجەری ڕاکێشا. مێرگانیش بە دوایدا کێشرا. لەبەر درگاکە ئەبراو خۆیدا بە سەر دەستی عەلی گەناودا:

- چییە کاکە بۆ وادەکەی! دیلت گرتووە دەییەی؟!

مەولا ئەمان ئەبراوی کێشا دواوە و پاڵێکی پێوەنا:

- بە تۆ چی، تۆ چکارەی تووتکە سەگ! ژنی خۆیەتی دەیباتەوە. تۆ بۆ خۆی تێهەڵدەقوتێنی. ئەبراو بەدەم خاڵیدا هاتەوە و گوتی:

- تۆ دەڵێی چی، چکارەی؟ خوشکی خۆمە!

- مەولا ئەمان لە جوابی ئەبراودا چەپۆکێکی کێشا بە پشت ملی هاجەردا:

- بڕۆ بۆ ماڵی خۆت یاڵڵا، چەتیوە شێت و شوورە! بڕۆ دەی!

مێرگان و هاجەری لێک هەڵپچڕی. هاجەری نا بن باخەڵی و فڕێیدا دەرێ. هاجەر هەڵات بۆ لای تەندوورەکە و بە دیواردا هەڵڕووچکا. دەیویست سەرکەوێ بۆ سەربان، عەلی گەناو گەیشتە سەری و لە پشتەوە بن پیلی گرت. هاجەر هەروا دەیقیژاند و لاقە فرتێی دەکرد. عەلی گەناو بە دەستە زەلام و قورسەکەی دەمی کچەکەی گرت و لە حەوشە چووە دەرێ:

- بوویە بەچکە قەرەچی! دەتەوێ ئابڕووم بەری؟! بێدەنگبە ئیتر کاژیلە!

دەنگی هاجەر لە لەپی دەستی عەلی گەناودا کپ بووبوو. بەڵام هەروا بە بن باخەڵی ئەو زەلامەوە قاچەفرتێی دەکرد. مەولا ئەمان لە سەردیوارەکەوە ملی کێشا. شتێک وەک باڵی شکاوی مەلێک بە تەنیشت عەلی گەناوەوە دەشەکایەوە. هاجەر ئیتر دەنگی نەبوو. ڕوقیای ژنی عەلی گەناو هاتبووە کۆڵان بە تێلاکەی بن باخەڵییەوە دەگەڕا. مەولا ئەمان چووەوە ژوورێ. مێرگان کە ئاوەڵکراسی کچەکەی گرمۆڵە کردبوو و نابوویە بن باخەڵی، بەرەو کۆڵان پێی پێوەنا؛ خۆی گەیاندە عەلی گەناو و دەستی لە سەرشانی زاواکەی دانا:

- عەلی گیان! عەلی گیان! لێی گەڕێ خۆم دەیهێنم، خۆم دەیهێنم، عەلی گیان. وا مەکە! دەخنکێ. دەستت لابە لە سەر دەمی. دەیخنکێنی، عەلی گیان!



عەلی گوێی پێنەدا. هەروا هاجەری دەڕفاند. شێرێک بەرخێکی لە دایکی ساندبوو. مێرگان دەبوو بگەڕێتەوە. بەڵام چۆن دەیتوانی بگەڕێتەوە؟ ئەو ناچار هەروا بە دوای عەلی گەناودا دەڕۆیشت و دەپاڕاوە:

- عەلی گیان... عەلی گیان... بە قوربانی ئەو قەد و باڵایەت بم. عەلی گیان... گوناحە ڕوحمێکی پێبکە... بەزەییت پێیدا بێ منداڵە... عەلی گیان... عەلی گیان...!

عەلی گەناو گوێی بە گریان و پاڕانەوەی مێرگان نەدەبزووت. خۆی کرد بە حەوشەدا و درگاکەی داخست. مێرگان پشتی نا بە درگاکەوە. دەرپێی کچەکەی بە دەستەوە بوو. دانیشت. ژنەکەی عەلی گەناو لێی هاتە پێشێ. ڕاوەستا، پاشان دانیشت. بەرەو ڕووی مێرگان دانیشت. پشتی دا بە دیوارەکەوە و لاقە شکاوەکەی ڕاکێشا. مێرگان بە هەر دوو دەستی سەری خۆی گرت و لەبەر خۆیەوە کوڵی. ئازای ئەندامی دەلەرییەوە. بوغزێک گەرووی ڕێک دەگوشی و لەوانەبوو بەندی دڵی بپچڕێ. دەهەژا:

«ناوچاوان، ناوچاوانی من!»

زێڕەیەکی کتوپڕ. زیرە نا، برووسکەی قیژەیەک. زیڕەیەک کە لە ناکاو کپ بێ. دەبێ لە هۆش چووبێ هاجەر!

وەک ئەوەی هەورە تریشقە لە کەسێکی دابێ. مێرگان قرچە پێ هەستا و لە جێی خۆی وشک بوو. چەندە؟ خۆشی نەیزانی! بێ ئیختیار بە مشت لە سەری خۆی بەربوو. لێیدا و لێیدا:

- کوشتت... کوشتت، جەللاد! میر غەزەو، کچۆڵەکەمت کوشت!

- هەروا ژاوە ژاوی دەرو جیران، دەنگی ژنێک؛ ڕەنگە موسلیمە:

«خودا لەوە خراپترت لێکا !»

دەنگ و گاڵەی جیرانەکان. دەنگی کچێک؛ ڕەنگە زارای خوشکی زەبیح:

«کاری چاکت کرد مێرگان؟!»

دیسان دەنگ و هەڵڵای دەرو دراوسێ. دەنگی ژنێک؛ ڕەنگە دایکی مێرگان لە نێو گۆڕەکەیەوە:

«ڕەببی خێر لە خۆت نەبینی مێرگان!»

دەنگی گریان و هاواری ژنێک، شیوەنی مێرگان. لەبەر درگاکە دانیشتووە و دەستی بە سەرییەوە گرتووە. لە ناخەوە دەکوڵێ و دەتەقێتەوە. بێدەنگیی کۆڵانەکە گریانی مێرگان هەڵدەلووشێ. ئیتر دەنگی دەرنایە، گریانی چی. نووزە و هەنیسک هەتا کەرەی بەیانی کۆڵانەکەی دادەبێژا. ڕوقیای ژنی عەلی گەناو خەوی لێکەوتبوو. لەگەڵ بوولێڵە عەلی گەناو هاتە دەرێ. بوخچەی حەمامی نابووە بن باخەڵی. قسە ناکا، تێدەپەڕێ. سەری دادەخا و تێدەپەڕێ. مێرگان ئەوە بە شەرمە گیلاخە دادەنێ. مێرگان وای دەبینێ. بەڵام لەوە ناچێ وا بێ. ڕەنگە هی ئەوە بێ مێرگان بە هیچ نازانێ. ئەوە نییە بۆتە زاوا؟ مێرگان لەبەر زاوا هەڵدەستێ:

ـ چۆنە عەلی گیان؟ عەلی گیان!

ـ چاکە!

عەلی گەناو ڕۆیشت. مێرگان خۆی کرد بە ژووریدا. ژنەکەی عەلی گەناو خەریکی دەستنوێژ گرتنە:

ـ خەوتووە، مەچۆ خەوتووە!»

مێرگان پەردەکە لادەدا. هاجەر، ماسییەکی چکۆلە. لەسەر خوێنی مەییوی دۆشەکەکە کەوتووە. لاواز. زۆر لاواز. ڕەنگی مردووی لێنیشتووە. نەمرد بوو؟ نەمردووە. ماسییەکی چکۆلە کەوتۆتە سەر عەرزی! نا، هێشتا دڵی لێدەدا. چاوی قووچاوە. پشتی چاوی شین هەڵگەڕاوە. برژۆڵەکانی تێک پەڕیون. یەسکی ڕوومەتی زەق بۆتەوە. دەستی کز و باریک. دوو ماری بێ ئازار لەملاولای جەستەی درێژ بوون. کراسەکەی لە خوێن هەڵکشاوە. خوێنی وشکەڵاتوو. سەر و قژی شێواوە. لاقی هەروا بە پشتێن بەستراوە. مێرگان لەوەش دەگا. بەڵام مێرگان ناتوانێ هەروا سووک و ئاسان ڕایدا. بە نەرمی، وەک پشیلەیەکی غەریبە دەچێتە ژوورێ. دڵی نایە کچۆڵەکەی لە خەو هەستێنێ. لاملی هاجەر شین بۆتەوە. لە دوو سێ جێگاوە ڕوومەت و لا ملی ڕووشاوە. دەبێ جێگای مست و زللە بێ. نا؛ نابێ ئەوە بێ. مەچەکی دەستیشی وایە سوور و شین هەڵگەڕاون. لە برێ جێگای ڕووشاوەوە خوێن دەرپەڕیوە یان بن پێستەکەی خوێنی تێچزاوە. کوتراوە. وەک جێگای نیر لە سەر ملی گوێلک. ئێستا مێرگان لێی ڕوونە کە کچەکەی بووە بە ژن:



«دایکت بمرێ ڕۆڵە گیان. ئاخ... بەستەزمانە نەیتوانیوە ببزوێ. کیسەڵێکی بە پشتدا کەوتوو. زۆری دەست و پێ کوتاوە. پەلەقاژەی کردووە. هێندەی سەر لە باڵنجەکە هەڵساویوە ڕوومەتی ڕووشاوە و شین بۆتەوە. پێستی ناسکی بەر ملی داماڵدراوە. یەک ـ دوو نینۆخی دەستی شکاوە خوێنی تێچزاوە، هێندەی چنگ لە بەڕە و عەرزەکە گیر کردووە. دایکت بمرێ. »

ـدایکت زووخاو هەڵێنێ. هاجەر گیان!

مێرگان هەستا. دەبوو بچێ مەڵحەمێ پەیدا کا. هەر ئەو مەڵحەمەی بۆشان و شەپیلک و لاق و قولی عەباس دروستی کردبوو. خراپ نییە.

ژنەکەی عەلی گەناو لە پاڵ دیوارەکەدا بەرماڵی داخستووە و نوێژ دەکا. مێرگان بە پەنایدا تێپەڕی و چووە دەرێ. دەتگوت کۆڵانی وەبەر نەهاتووە. کۆڵانی نەدی. گەیشتەوە ماڵێ دیتی مەولا ئەمان گوێدرێژەکەی جل کردووە. خەریکی ڕۆیشتن بوو. ئەبراو ڕۆیشت بوو. هەر نیوەشەو خەوی لێ زڕابوو لە ماڵێ دەرپەڕیبوو. عەباس هەروا لە سەر جێگاکەی دانیشتبوو و چاوی زیت کرد بۆوە. مێرگان نەیدەوێرا چاو لە هیچیان بکا. زمانی گۆی نەدەکرد. زمان نا کۆڵوو. ئارام و ئۆقرەی لێهەڵگیرابوو. عەجمانی نەبوو. کەوتبووە باڵە پرژێ، کۆترە شینکەی لە داو کەوتوو. کۆتری گیر خواردوو لە بیری سەربەستراو دا. مەولا ئەمان ئەو کاتەی لاو بوو، نیوەشەو دەچوو جاجمێکی بە سەر بیرەکەدا دەدا و هەر لەوێ دەماوە هەتا بەرە بەیان لە کەلێنێکی جاجمەکەوە دەچووە خوارێ و دەستی دەکرد بە کۆتر گرتن. مەولا ئەمان هەموو جارێ کە لە ڕاوە کۆتر دەگەڕاوە باسی باڵە پرژەی کۆترەکانی بۆ مێرگان دەگێڕاوە. مێرگان نەیدەزانی بۆ وە بیر ئەو کۆترانە کەوتۆتەوە کە مەولا ئەمان بە لاوی ڕاوی دەکردن. مەولا ئەمان گوێی لەوە نەبوو مێرگان لە چ تەنگژەیەکدایە و ئامادەی ڕۆیشتن بوو. بەڵام مێرگان؟ نەیدەزانی چبکا! دادەنیشت و دیسان هەڵدەستا پێ و دەگەڕا. دەست و پلی خۆی هەڵدەگولۆفی و دەمی وشک بووبوو. گەرووی گیرابوو، دەتگوت هەر ئێستا هەناسە سواری دەیخنکێنێ، وەک مشتێ کات لە گەرووی کردبێ. سووچی لێوی کەفێکی پێوە بوو. گێژ و وێژ و کاس! بۆچی هاتبۆوە بۆ ماڵێ؟ ئەو هەوایەش هەر ڕۆشن نابێتەوە!

- دەی خوشکێ گیان کارت نییە من ئەوە دەڕۆم. خودا حافیز.

-بە خێر چی برا گیان، خودات لەگەڵ بێ.

مێرگان هاتە دەرێ. مەولا ئەمان هەوساری گوێدرێژەکەی بە دەستەوە گرتبوو. هەوسارەکەی کێشا و کەر بە دوایدا ڕۆیی. مێرگان هەتا کۆڵان بەڕێی کرد. مەولا ئەمان تۆزێ ڕۆیشت و گەڕاوە، مێرگانی دڵداری داوە:

- لەم سەفەرەدا دەمەوێ بچم بۆ لای شاهرود، ئەگەر دەستم کەوێ برێ ڕۆنی مەڕ دەکڕم. سەرێک لە کانگاکان دەدەم بەڵکوو هەواڵێکی سلووچ بزانم. زۆریش خۆت مەخۆوە! تووشی وەرەم دەبی و ئەمجار دەرد سەرباری دەرد. خودا حافیزی لە عەلیش بکە، فریا ناکەوم بچم بۆ لای.

مەولا ئەمان لە سەر لاقێک خۆی هەڵدا و سواری گوێدرێژەکە بوو. لێیخوڕی. لاقە درێژەکانی تۆزێکی مابوو لە عەرزی درێ. دەتگوت نووکی کەوشەکانی لە عەرزەکە دەخشێ. دیسان گوتی:

- خودا حافیز.

-بە خودات دەسپێرم.

مەولا ئەمان لە سووچی کۆڵانەکە ئاوا بوو و نووکی تیژی کڵاوەکەشی وردە وردە لە چاو ون بوو.

مێرگان گەڕاوە ژوورێ.

عەباس هەستا سەر چۆک و گوتی:

- خودا لە تاوانی سەردار خۆش بێ و بیبەخشێ. ئامین!

دەنگی عەباس نووساو و گڕ. دەتگوت قەڵتاس لە گەرووی گیراوە. مێرگان قوت بۆوە گوێی شل کرد. بە هیوای ئەوەی عەباس شتێک ، شتێکی دیکەش بڵێ. بەڵام عەباس هیچی نەگوت. پشتە سەری نا بە دیوارەکەوە و چاوی قووچاند. مێرگان ماوەیەک تێی ڕاما. تێی ڕاما و لە جێی خۆی وشک بوو. دەردی عەباس چی بوو؟ بیری لە چی دەکردەوە؟ خەیاڵی لە چ لایەک دەخولاوە، پیرە کوڕی مێرگان؟!

«کوێر بم ڕۆڵە، بریا دەردی تۆ لە من کەوتایە عەباس!»



چ شوورەیەک لە نێوان دایک و کوڕدا هەڵچندرابوو؟ چ دیوارێک لە نێوان دوو دڵدا. ئیتر نەدەکرا بچی بۆ لای. بۆ ئەوە نەدەبوو قسەی لەگەڵ بکەی. قسەت لێ نەدەبیست. لە کەلاوە کۆنێکدا گیرسابۆوە عەباس. کەلاوە کۆنێکی پیر. چی لە دڵی عەباسدا ڕادەبرد. ؟ چیی بە سەر هاتبوو؟

«خودایە! کوڕەکەم جوان و جحێڵ لە ماڵێ چووە دەرێ و بە پیری هاتەوە. چی بووە؟ خودایە نازانم بۆ پێم ناڵێ؟؟»

نەیدەگوت، عەباس هیچی نەدەگوت، قوفڵی داخراو. بە دەگمەن، ئەویش بەحاڵ ورتەیەکی لێوە دەهات و کەس لێی حاڵی نەدەبوو. ئەوەش ئەوەندەی دیکە دایکی هەڵدەچۆقاند. هێندێ کەس هەر ڕۆژی هەوەڵ هاتن سەرێکیان لە عەباس داو ڕۆیشتن. پیرەکان دەیانگوت ترساوە. ئەوەیان گوت و ڕۆیشتن. ڕۆیشتن؛ هەموو ڕۆیشتن. عەباس لە ماڵەوە ما. کوندێکی هەڵکورماو. عەباس بە بارێ خەمەوە بە سەر دەست و دڵی دایکییەوە. عەباسی پیر و بێدەنگ. لە سووچی ماڵێ ئەرێ ئەوە «گردەنشین» نییە؟ با! عەباس گردەنشین بوو. هەڵنەدەستا. هەڵنەستا. ئەی ئەوە «گردەنشین بوون» نییە؟ ئەی چییە؟!

بەهار تێپەڕی. هاوین نزیک بۆتەوە. بژار و دەسکەنە و دروێنە. مێرگان دەبێ پێیەکی لە ماڵێ و پێیەکی لە دەشت و مەزرا بێ. نەدەتوانێ عەباس بە تەنیا بەجێبێڵێ! نە دەتوانێ بێکار دانیشێ. دروێنە و خەرمان و گێرەوکێشە دەگاتێ. مێرگان دەبێ بڕوا بە دوای کاردا. چوار کۆش گوڵە گەنم کۆکاتەوە. ئەوەش نەدەکرا. نەدەکرا واز لە کارەکەی بێنێ. عەباسیش لەوە نەدەچوو هەستێ!

«مێرگانی قوڕ بەسەرا! تۆ دەبوو بچی مەڵحەمێک بۆ کچە چارە ڕەشەکەت تەیار کەی. بۆ وا لە جێی خۆت وشک بووی؟!»

- خودا لە تاوانەکانت خۆشبێ سەردار، ئامین!

عەباس لە قوژبنی تاریکی ژوورێدا هەستا. دار دەستێک نا، گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و چووە دەرێ. هێور هێور لە ماڵ چووە دەرێ، پێی نایە کۆڵان و پاڵی بە دیوارەکەوە دا. هەتاو باڵی بە سەر کۆڵان و سەربان و دارو دیواردا کێشابوو. وڵات بێدەنگ، کۆڵان چۆڵ و هۆڵ. بە پشتی کۆم و ئەژنۆی لەرزۆکەوە

کەوتە ڕێ. دەستی بە دیوارەوە گرت و وەڕێکەوت. نەرم نەرم. وەک کیسەڵ. وەک تارمایی. مووی سەری زۆر بوو. لوول و ئاڵۆزکاو. پڕوتێک هالاو. بەرگن. جارێک مێرگان مقەستی هێنابوو و ویستبووی بۆی هەڵپاچێ. بەڵام لە چاوی عەباس و لە ڕوانینەکەی ترسابوو. بۆیە قژی درێژ ما و درێژتر بۆوە. بەو قژە زۆرەوە سەری گەورەتری دەنواند و دەموچاوی چکۆلەتر. چکۆڵە و چکۆڵەتر. دەتگوت دەموچاوی جرجە مشکە. چاویشی، لە هیلوونی وشکدا؛ ڕەقتر و قووڵتر و بەسامتر بووبوون. پشتی کۆم و دەموچاوی زەق، ڕوانینی پڕ لە ترس و چاوی بەسامی ئەوی زیاتر وەک جرجە مشک لێکردبوو.

بە کۆڵانەکانی زەمینجدا، عەباس بە پێخاوسی و بە کراسێکی شڕ و خۆڵەمێشینەوە، بە دەموچاوێکی چرچ و تووکە سەری زۆر و سپییەوە، وەک گیانلەبەرێکی سەیر و سەمەرە، نەرم و لە سەرەخۆ هەنگاوی دەنا و بەرەو ماڵی سەردار ملی ڕێی گرتبوو. وا دیارەگوێی لە دەنگی زەنگوڵەی وشتر بووبوو. بۆیە دەڕۆیشت و دەیویست خۆی بگەیێنێتە ماڵی سەردار؛ پەنای قەڵا. دیواری ماڵەکەی سەردار بووبووە پەرژینێک لە نێوان ئاوایی زەمینج و زەوییە بوورە و بەیارەکاندا. زۆری نەمابوو بگاتە ماڵی سەردار. بەڵام بۆ عەباسی سلووچ سەد ساڵە ڕێ بوو. سەد ساڵی دیکە. عەباس دەگەیشتێ. بەڵام نیوەڕۆ. هێشتا نیوەڕۆ بوو. خۆر تۆزقاڵێ لە ناوەندی ئاسمان ترازابوو.

درگای وشترخانی سەردار کرابۆوە. وشترەکان بەملاو ئەولادا بڵاو بووبوونەوە. عەباس پێی نایە داڵان و چووە ژوورێ. درگای وەتاغەکەی سەردار ئاواڵە بوو. سەردار سەڵت بوو و لەگەڵ وشترەکانی دەژیا. نیوە قاپێک دۆ و بڕێ نانە ڕەق لە بن دیوارەکە بوو. مێش تێی هالابوون. سەردار کڵاشەکانی خستبووە بن سەری و خەوتبوو. قۆڵی خستبووە سەر نێوچاوان و برۆ پان و پڕەکەی و ڕیشە تۆپ و ڕەشەکەی هەموو دەموچاو و بەر ملی داپۆشیبوو. عەباس چووە ژوورێ و بە ئەسپایی لە پەنا جەستەی ڕەهێڵ بووی سەردار چۆکی دادا. لە سەر چۆک دانیشت و وەک دیواری لاڕووخاو؛ بێدەنگ و مات، تەنیا هەناسەی دەکێشا و هیچ.



لە کەنگێوە عەباس دانیشتبوو؟ کەس نازانێ. بەڵام لەوە دەچوو سەردار هەستی بە هاتنی کەسێک کردبێ. قۆڵی لە سەر چاوی هەڵگرت، برژۆڵە ڕەش و درێژەکانی لێک کردەوە و چاوی بە کوڕی سلووچ کەوت لە پەنای دانیشتبوو. سەردار لە هەر بارودۆخێکدا بوایە، ئەو پیاوە نەبوو لە مێر منداڵێک بترسێ؛ بەڵام کات و جۆری هاتنەکەی عەباس و ئاوا دانیشتن لە پەنای ترسی خستە دڵی سەردارەوە. پیاوی خاراو و لە کڵ دەر هاتوو، بێ ئیختیار خۆی کۆ کردەوە و کشا دواوە پاڵی بە دیوارەکەوە دا و تاوێک چاوی لە چاوی عەباس بڕی. عەباس کاری نەبوو، غەیری ئەوەی چاو لە سەردار بکا. سەردار هەرچۆنێک بوو خۆی لە بن تەمومژی مەترسیداری خەو و بەخەبەری دەر کێشا و هاتەوە سەرخۆ و لەگەڵ کۆخەیەکی بەقەستی، چاوە ڕەشەکانی لە چاوی عەباس بڕی و پرسیی:

ـ چییە؟! چیت دەوێ؟ بەو کەلەلاییە و لەو قرچەی خۆرەتاوەدا، بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟!

ـ دەنگی لەرزۆک و قرخنی عەباس بە ئاستەم هاتە دەر:

ـ هەقەکەم. هەقی کارەکەم!

سەردار کە ویستی عەباسی بۆ دەرکەوتبوو. دڵی لە قرتوفرت کەوت، هەستا سەر پێ و گوتی:

ـ هەق، ها؟! باشە. باشە بچۆ دایکت بنێرە با حیسابی کەین.

کۆم و لەسەرەخۆ عەباس هەستا و چووە دەرێ. بە بن دیوارەکەدا ڕۆیشت و لە وشترخانەکەوە تێپەڕی. گۆزە ئاوێ لە سووچی داڵانەکە بوو. عەباس لە پاڵیدا چۆکی دادا و بە دژواری هەڵیهێنا و لە سەر چۆکی دانا. زارکی گۆزەکەی نا بە دەمییەوە و هەتا توانی خواردییەوە. پاشان گۆزەکەی گۆزەی ئاشنا کە جاران بە دوو قامک هەڵیدەهێنا. لە جێی خۆی دانایەوە و هەستا. ملی ئاروانەی پیر بۆ لای عەباس درێژ بوو بۆوە. ڕوانینێکی نەرم و ئاشکرا. عەباس هەستی کرد شانی و بەلەکی لاقی کەوتوونە ژان. چاوی ئاروانە و وەبیر هاتنەوەی خۆرەتاو. هەتاو و لۆک و کەویر و بیری مار. مار، ماران. عەباس داچڵەکی. بیری ژان. ئەگەرچی عەباس توانیبووی بەسەر خەیاڵە سامناکەکانیا زاڵ بێ و بێ بۆ ماڵی سەردار: بەڵام

نا هێشتا وانەبوو کە چاوی ئاروانە ژانی لاق و قۆڵ و شان و ملی تازە نەکاتەوە. دەستی بە دیوارەکەوە گرت و ڕاوەستا. بیر و هەتاو و ڕێگای سەد ساڵە شەکەتی کردبوو. قرچەی نیوەڕۆ. عەرزی ڕووتی زەمینج بنی پای دەسووتاند. ئارەقەکەی تەنیا بە هۆی گەرماوە نەبوو. لەبەر بێ هێزیش بوو. لە بن گوێچکەیەوە ئارەقە چۆڕە چۆڕ دادەڕژا. سەرە زەلامەکەی بە سەر ملە باریکەکەیەوە گیر بووبوو. لەقە لەق دەڕۆیشت و چاوی لە ڕەشەوە دەهات. سەری لە ئیختیاری خۆیدا نەبوو. لە گێژەوە دەهات و دەخولاوە. چاوی لێڵ؛ ون بوو لە تەمومژدا. بوورانەوە، بوورانەوە. هەرچۆنێک بوو دەبوو خۆی بگەیەنێتە ماڵێ. هەتاو ئەگەرچی هێشتا زۆر بە تەوژم نەبوو، بەڵام دەتگوت خەریکە خوێنی جەستەی دەمژێ. وە ڕێکەوت. بە دژواری هەنگاوی دەنا. بە کۆمە کۆم و شەلە شەل خۆی کێش دەکرد. لاقی هێزی لێبڕابوو. دڵی سست بووبوو و چاوی لە ڕەشەوە دەهات. نا! ئیتر توانای نەبوو. ئیتر نەیدەتوانی، ئیتر نەیتوانی، تاقەتی لێبڕا و لە بن دیواری کۆڵانەکە ئەژنۆی نووشتایەوە، چەمایەوە، کەوت بە عەرزدا و لەوبەر خۆرەتاوە گەرمە پان بۆوە. قرچەی خۆرەتاو، زەویی سوورەوە بوو. خاک و هەتاو کە ساڵان لەم مانگەدا ئاوا گەرم دانەدەهاتن! گەرم دا هاتبوون؟ ڕەنگە. گەرم بوو یان گەرم نەبوو. عەباس لەو وەختەدا هێزی نەبوو، هۆشی نەبوو کە بزانێ. دەبووە پووش. بووە پووش. ڕێزە ڕێزە. شتێک وەک تیشک. شتێک وەک خاک.

قوڕ بەسەرت مێرگان! کوڕەکەت لەو کۆڵانەی پشتەوە بووراوەتەوە و کەوتووە، تۆش هەروا لە دەسکاونگدا گیای مەڵحەم دەکوتیەوە؟!

بۆش! لەشی عەباس بۆش و وشک بوو. سووک، سووکتر لەوەی بیری لێبکەیتەوە. یەسکی لەشی پۆکابوو. مێرگان ئەگەرچی لەبەر هەتڵەیی و پەلە لەو کۆڵانە گەرمەدا توانای لێبڕابوو؛ بەڵام کاتی لە کۆڵ کردنی عەباس وا نەبوو. لە بن دیوارەکە هەڵیستاندە سەر قوون و پاڵی پێدا بە دیوارەکەوە. پاشان پشتی تێکرد. هەر دوو دەستی عەباسی خستە سەر شانی خۆی. نووشتایەوە و هەر دوو چۆکی لە زەوی توند کرد. وەک پیاوێک کە کۆڵێک سووتەمەنی هەڵێنێ، عەباسی خستە سەر کۆڵی خۆی؛ دەستە درێژ و ڕەقەڵەکانی خۆی لە ژێر ڕانە وشک بووەکانی



عەباس توند کرد و هەستا. بەو کۆڵە قورسەوە نەدەکرا هەڵێ و هەڵات. بەڵام مێرگان نەیدەتوانی بێخەم هەنگاو هەڵێنێتەوە. لۆقەی دەکرد و گوێی لە شڵقە شڵقی ئاوی نێو زگی عەباس بوو.

عەباس خۆی ئاگای لە هیچ نەبوو. تەنانەت گوێی لە شەقوکوتی یەسقانی لەشی خۆی نەبوو. هەستی پێنەدەکرد. ئەگەر هەستیشی پێبکردایە ون و تەمومژاوی بوو. شتێکی سرک و ون. هەستێکی وەک سواری باڵی جوبرائیل بوون. تەنیا ڕاتڵەکانێکی نەرم و خۆش. دەستە بێ هێز و شلەکانی بەسەر سینگی مێرگاندا شۆڕ بووبوونەوە و تەکەیان دەهات، سەریشی ڕادەتەکا. سەری مریشکێکی مردارەوە بوو. کەوتۆتە سەر شانی دایکی و پێلووی چاوی؛ دوو وشکە گەڵای بی، نیوە ئاواڵە بوون.

مێرگان کوڕەکەی ڕاکێشا و خێرا کراسەکەی هەڵکرد و بەهەڵەداوان چوو ئاو بێنێ. عەباس، وەک مەیت لە چەقی ژوورەکەدا درێژ بووبوو. سەری بە لایەکدا و دەستی بە لایەکدا. کەف بە لالێویدا هاتبووە دەرێ و دڵی لە ژێر پەراسووە ڕەقەڵەکانیدا بە نامیزانی کوتە کوتی بوو. مێرگان قاپێک ئاوی هێنا. لەچکەکەی لە سەری کردەوە و لە ئاوەکەدا خووساندی. هەڵیگرت و بە ناوچاوان و دەموچاوی عەباسیدا هێنا. پاشان لەچکەکەی کوشی و بە سینگ و مل و زگیدا هێنا. خراپ نەبوو. عەباس وە هۆش هاتەوە. لە بن دیوارەکە جێگاکەی عەباس ڕاخرابوو. مێرگان کێشایە سەر جێگاکەی. عەباس سەری کردە سەر باڵنجەکەی و بە زەحمەت چاوی هەڵێنا. بەڵام بەر لەوەی چاوی شتێک ببینن پێلووی کەوتنە سەر یەک. نا! عەباس ئیتر عەباس نەبوو. نەدەبۆوە عەباس. تەرمێکی پیر و پڕووکاو. لە بن دیوارەکەدا تخێڵ بووبوو. مێرگان کشا دواوە پاڵی بە دیوارەکەوە داو چاوی تێبڕی. چیی لێبکا؟ چیی لە دەست دەهات؟ عەباس بووبووە بەڵا بەسەر دەستی مێرگانەوە. بەڵایەکی خۆشەویست. شتێکی بە ژان کە ناتوانی خۆشت نەوێ. کە ناتوانی چاوپۆشیی لێبکەی. ئەگەر دڵت بریندار بێ؛ تۆ، نە دەتوانی برینەکە لە دڵت بکەیەوە و نە دەتوانی دڵت دەرهێنی و فڕێی بدەی. برین بەشێک لە جەستەی تۆیە. برین ئەگەر نەبێ دڵیشت نییە. ئەگەر بتەوێ برینت نەبێ. دەبێ دڵت تووڕ هەڵدەی. چۆن دڵت تووڕ هەڵدەدەی؟ برین و دڵت یەکن. عەباس و ژان یەکن. یەکێک بوون.

بووبوونە یەکێک. چۆن دەکرا لێکیان جیا کاتەوە؟ مەگین شتی وا دەبێ؟ عەباس ژان بوو. ژانیش، عەباس بوو. ئەو جووتەش ئیتر لێک جیا کردنەوەیان دژوار بوو. زامێک بوون بە سەر دڵی مێرگانەوە. ژانێک لە ناخی مێرگاندا. مێرگانیش ناچار بوو ئەو ژانەی خۆش بوێ. هەڵات بۆ لای عەباس. هەر ئەو کاتە دەبوو باوەشی پێدا بکات. دەبوو چاوی ماچ بکا. لە پەنایدا چۆکی دادا. بەڵام نا! نەیتوانی. عەباس ئیتر منداڵ بوو. مێر منداڵیش نەبوو. لاوێک بوو. پیاو بوو. بەڕاستی پیرە پیاوێک بوو! ئەو هەموو چرچ و لۆچە چۆن و لە کوێوە کەوتبووە سەر دەموچاوی عەباس؟

مێرگان نەیتوانی کوڕەکەی ماچ بکا. شتێک بەرگریی لە مێرگانی دڵ پڕ لە ژان و ئەوین دەکرد، کە کوڕەکەی لە باوەش بگرێ. دیوارێک لە نێوان خۆشەویستیدا. خشتێک لە نێوان دوو دڵدا. مێرگان نەیدەتوانی خۆشەویستیی خۆی، قووڵترین دارایی خۆی بە کوڕەکەی ببەخشێ.

کەوایە ئەی مێرگان! ئەوینی تۆ تەنیا بۆ پیرانەترین ئەدگاری خۆت دەنوێنێ: فرمێسک، کەوایە تۆ ناچاری هەتا ڕۆژی پەسڵان هەر بگریی. گریان و گریان. فرمێسکی دایکانەت لە ناخدا پەنگی خواردۆتەوە. کارێزێک لێدە و ڕێگای بۆ بکەوە. لێگەڕێ با لە تۆدا هەڵقوڵێ. خۆت سووک بکە. باری دڵت دانێ. دەتوانی بە چاوی هەموو دایکان بگریی. بکەویە پەلەقاژێ. تۆفان. تۆفانێک لە وایلۆک و شیوەن و ئەسرین. ئەی زەریای خەوتوو!

نا؛ بەڵام نا! مێرگان ڕەق هەڵاتووە. مێرگان ڕەق هەڵاتبوو. ئیتر نەک فرمێسکی دایکان لەودا بووبووە زەلکاو. بەڵکوو تاقەتی دایکانەش لە سەر شانی بووبووە دیوارێک: لێگەڕێ با لیخن بێ ئەو زەلکاوە. با وشک بێ. پایز؛ وشک و سارد و سڕ و بێدەنگ. ڕەق هەڵاتوو و سووتاو و بە سەبر. پایز. پایزی خەزەڵی زەرد. قاقڕی پڕ گێژەڵووکە. چنار بە پێوەیە. مێرگان پایزی زۆر دیوە. نا! چناری کۆن ناڵەی لێوە نایە. قەتی فرمێسکاو نییە. لێگەڕێ با ون بن ئەو گریان و شیوەنانە! ڕق لە کوێیە؟ بەربەستێک ڕق لەبەر پیرترین چاواندا. قامچی لە زەلکاو ڕاکێشان. شڵەقاندن. زللە لە ڕوومەتی باران. شڵەژان. تۆفان. خۆ ڕاگری. زولم لە زولم. نەڕاندن بەسەر ژاندا. نەڕاندن نا، تەقینەوە. چنگ بە چاوی فرمێسک تێزاودا کردن. منداڵی ناخەلەف،



ڕۆڵەی ناخەلەفی کڕووزانەوە، لاڵانەوە. خۆ بەدەستەوە دان. ڕزگاری. بەرهەڵدا. ڕزگار بووە ئیتر، مێرگان! لاچن لەبەر چاوم، بڕۆن ئەی ئەو هەموو نەرمە ژانانەی گیانم دەکوڕۆژن! ڕق و خەنجەر و خوێن، دابارن. بێ بڕانەوە دابارن! دڵی مێرگان، مایەی شەرمی (کەویری لووتە).

سێبەر! ئەوە سێبەری کێیە؟ چییە؟ کامەیە؟

- چییە! تۆ چیت دەوێ؟!

- ئەو پەڵە زەوییە با کۆتایی پێبێنین!

- نا، میرزا حەسەن من زەوی بە تۆ نافرۆشم.

- من لێت دەستێنم. مێرگان!

- من زەوی بە تۆ نادەم. ئەو زەوییە جێگا قەبری منە.

-من تاپۆکەیم وەرگرتووە. ئیدارەی کشت و کاڵیش وامی پێداوم. من دەمەوێ کشت و کاڵی ناوچەکە مکانیزە بکەم. تۆ مانای ئەم قسانە نازانی! مکانیزە! هەموو شتێ بە لای مندایە. قسەی من لە سەرەوەیە. بە زمانی خۆش پێت دەڵێم. نامەوێ خەڵکی بڵێن دەمم ناوەتە دەمی بێوەژنێک. بۆ من جوان نییە. وەرە با کۆتایی پێبێنین و مامەڵەکە سەر بگرێ. من دەمەوێ لەم ناوچەیە کاری گەورە و گرینگ بکەم. پەمۆکاری و پستە کاری. دەزانی یانی چی؟ ئەم وڵاتە ئاوەدان دەکەمەوە. جگە لەوانە من دەمەوێ لەگەڵ تۆ پێک بێم. دەنا تۆ ژنی سلووچی و ژنیش میراتی مێردی پێنابڕێ. ئەو زەوییە ئەگەر سەنەد و تاپۆشی بوایە تۆ هیچت پێنەدەبڕا. بەڵام من نامەوێ دڵی تۆ بێشێنم!

مێرگان چاوانی خەنجەری لێدەباری:

- بڕۆ! بڕۆ!

- دەڕۆم بەڵام جوان ئەوە لە گوێ بگرە. بەشی کچەکەشتم کڕیوە. زاواکەت خۆی ڕەزایەتنامەکەی بۆ هێنام.

- بڕۆ؛ دەڵێم بڕۆ!

- دەڕۆم باشە، دەڕۆم.

سێبەرەکە ڕۆیشت. میرزا حەسەن ئیتر دیار نەبوو.

مێرگان لە نێو دیوەکەدا دەگەڕاو ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. دەڕۆیشت و دەگەڕاوە. مێوە شێرێکی لە قەفەس کراو؛ لێوی خۆی دەکورۆشت و ددانە چیرەی پێکەوتبوو. سەر رووت و پێخاوس. هێشتا لە بیری نەبوو کە کاتی هاتنی میرزا حەسەن لەچکەی بە سەرەوە نەبووە. قژی ڕەش، لاواز و ژاکاو. چاوی گەورە و ڕوانینی تیژ، دەموچاوی تێکسمڕاو. دەستی بە کار و هەنگاوی قایم. توند و تۆڵ و چالاک. تیرێک بوو لە ژێی کەواندا، مێرگان.

عەباس ورێنەی دەکرد:

ـ خودا لە تاوانەکانم خۆشبێ!

مێرگان تفێکی کرد و چووە دەرێ. بێڵۆچکەی بیر هەڵکەندنی سلووچی هەڵگرت و بەرەو کۆڵان ملی پێوەنا. بە توندی دەڕۆیشت. بای شەماڵ. کۆڵان بە کۆڵان. لە دێ چووە دەرێ. بیابان. بیابان. کەنگێ گەیشتە خوازەوی؟ پێی وابوو لە چاو ترووکاندنێکدا. زەوی پان بێوە. وەک جەستەی مرۆڤێکی شەکەت. وەک سفرە. ئەو جۆرەی ئێستا مێرگان زەوییەکەی دەدیت، قەتی نەدیتبوو. زەوییەکە لە بەر چاوی زیندوو بوو. گیانلەبەر. خەتی دەوری زەوییەکە کوێر ببێوە. لەگەڵ ئەوەشدا سنووری زەوییەکە هەر مەعلووم بوو. ئەگەر زەوییەکەت بکردایەتە شەش بەش بەشێکی هی مێرگان بوو. چونکە عەباس و ئەبراو چوار بەشی خۆیان کە هەر یەکی دوو بەشیان دەکەوت ـ فرۆشتبوو. هاجەریش یەک بەشەکەی خۆی فرۆشتبوو. کوڕ دوو بەش و کچ بەشێک. مابۆوە بەشی مێرگان. یەک بەش. مێرگان زەوییەکەی گوژمە کرد. بەشەکەی خۆی کە یەک لە شەش بوو، بە خەتێک دیاری کرد و لە چوار گۆشەی بەشەکەی خۆی چوار قووڵکی هەڵکەند و گڵی هەڵداوە. سەر کۆما گڵەکانی سەنگچن کرد و پاشان پێمەڕەی بە دەستەوە گرت و پشتی هەڵێنا. کاری تەواو بووبوو. مێرگان ئارەقەی نێو چاوانی سڕی.

ئێوارە بوو. سێبەری بنچک و دەوەنەکان درێژ بووبوونەوە. مێرگان لە زەوییەکە چووە دەرێ. ئاوڕی داوە و چاوی لە بڕکە شووتییەکان کرد. بڕکەکان لم داپۆشیبوون. تەرز و گەڵای زۆریان لە بن لمەکەدا ڕزیبوو. نا! ئەمساڵ داهاتێکی وای نابێ. داهاتی چی و بەری چی؟ مێرگان بە تەنیا لە نێوان کارەکانیدا بە



دەرفەتی زانیبوو و چوار پێنج ڕۆژ هاتبوو، دەنکە شووتیی چەقاندبوو. ئیتر هیچ. ئیتر نەیتوانیبوو پێیان ڕابگا. دەبوو بڕوا. دەبوو بڕوا. بە دڵی پڕ لە داخەوە دەبوو بڕوا. ڕۆیشت. وەرسووڕا و ڕۆیشت. زەمینج بە ناخی خۆڵەمێشینی ئێوارەدا ڕۆچووبوو. خەریک بوو سێبەر دادەهات. ژنان بە گۆزەی ئاوەوە. پیاوان شان بە شانی یەک، بە دەم قسەوە هەنگاویان دەنا. کەرێکی بێ کورتان، شەل و بەڕەڵڵا. سەگێک لە بن دیوارێک وەرکەوتبوو. کوندێک لە سەر کەلاوەیەک هەڵنیشتبوو.

مێرگان بە پاڵ دیوارەو دیواردا دەڕۆیشت. خەریک بوو لە نێو کۆڵانە تاریکەکانی ئاواییدا بزر دەبوو. تاریکانێکی لێڵ. لە دە هەنگاوی دوور لە خۆتەوە کەست نەدەناسییەوە. مێرگان سەری داخستبوو دەڕۆیشت. ماڵی مێرگان لەو کۆڵانە نەبوو کە دەچوو. کۆڵانەکە بەرەو ماڵی سەردار بوو. کۆڵانی ئەودیو. خەمی عەباسی بوو مێرگان. بەڵام بەخۆی سەلماندبوو کە دەبێ هەقی کوڕەکەی وەرگرێ. دەیزانی ئەگەر هەقی وشترەوانیی عەباس وەرگرێ، کاردانەوەی لە سەر نەخۆشینەکەی دەبێ.

وشترەکانی سەردار بەمەلاو ئەولادا بڵاو بووبوونەوە. خەوتوو، ڕاوەستاو، لە سەر لاتەنیشت وەرکەوتوو. سەردار لەبەر شۆقی لەنتەرێک کە بە دیوارەکەیدا هەڵواسیبوو، خەریکی پێچانەوەی جل و کورتان و تێر و گوریس بوو. وا دیار بوو دەیویست بەیانی قەتار ساز کا. مێرگان ئارام و بێ چرپە پێی نایە داڵان و ڕۆیی بۆ لای سەردار. سەردار گوریسی بە چەڵەمەکەوە گرێدا و سەری هەڵێنا. مێرگان لەبەر دەمی ڕاوەستابوو. سەردار بە لەپی دەستە قورسەکانی کاوکۆتی سەر ڕیش و بڕۆی تەکاند و چاوە ڕەش و گەورەکانی لە مێرگان بڕی.

ـ ها! هاتی؟! چاکە، کارت بوو؟

مێرگان گوتی:

ـ هاتووم بۆ هەقی عەباس.

ـ هەقی عەباس؟ کامە حەق؟

هەقی وشترەوانییەکەی هیدی. وشترەکانی بۆ لەوەڕاندووی. لە کار و ژیان بووین. عەباس نەیتوانی ڕۆژێک بێ بۆ یاریدەم و لە زەوییەکەدا کارم لەگەڵ بکا. چوومە مەزرا دیتم...

- ئەها! ئاوا... هەق؟ دەی باشە. ئەی لۆکەڕەشی من؟ کێ دەیبژێرێ؟

- چووزانم! من چووزانم!

- دەزانی ئەو لۆکە بایی چەندە بوو؟

ـنا. من چووزانم!

- ئەو لۆکەڕەشە سەرجەلەی وشترەکانم بوو. بەڵام کوڕەکەی تۆ لە بەینی برد!

- کوڕی من بۆ؟!

- ئەی کێ؟

- مار؛ مار پێوەی دا!

- وایە، مار پێوەی دا، بەڵام کوڕەکەی تۆ وشترەوان بووا! کەوایە بۆ پیاویان دەنێرنە بەر؟!

- وشترەکەی تۆ هار بوو. مەست بووبوو. دەبوو مەهارت کردایە!

- من چووزانم، خۆ کەراماتم نەبوو، یان دایکم ئیمام.... !

ـدەتزانی. تۆ چ وشترداریکی لە وشترەکەت ناگەی؟ تۆ لە وشترداریدا کارامەی!

- چاکە کارامەم. بەڵێ وایە. بەڵام وشتر بەهارانە مەست دەبێ. من چبکەم؟

- تۆ بۆ چبکەی. من دەبێ بزانم چبکەم و قوڕی کوێ بە سەردا کەم. کوڕەکەم پیر بووە. لە سەر کارەکەی تۆ وای لێهاتووە! من ئەو چ لێبکەم؟ زگی چۆن تێر کەم؟ کوڕەکەم خەریکە تێدا دەچێ. من چبکەم، ها؟

- من چووزانم؛ خودا ڕوحمی پێبکا!

- من بۆ سواڵ نەهاتووم سەردار. من هەقی کوڕەکەمم دەوێ.

- کوڕەکەت وشترەکەمی کوشتووە؛ هێشتا تۆ هەقت لە من دەوێ؟! چل جێگا چەقۆ بە مل و سینگی وشترەکەوە بووا! نەتدی؟! پێستەکەیشیم بە نیوە قیمەت فرۆشت. چوونکە هەموو کون کون بووبوو. کوێر بووی نەتدی خوێن ئەو دەشتەی



سوور کردبوو؟! پێت وایە شوێنی کوڕەکەتم چۆن هەڵگرتووە؟ بە خوێنەکەدا! ئەو خوێنە جارەکەی سوور کردبوو. خوێنی وشترەکەم.

سەردار خەریک بوو بەرەو وشترخان وەڕێدەکەوت. مێرگان تۆزێ بێدەنگ بوو و پاشان گوتی:

- سەردار؛ خێر لە خۆت نابینی. کوڕەکەم تووک و نزات لێدەکا!

سەردار سەری بە وشترخانەکەدا کرد و گوتی:

ـبڕۆ دادەگیان بڕۆ بە قسەی کەرێ جۆ ناباری!

سەردار لە تاریکایی وشترخانەکەدا بزر بوو.

مێرگان لە لای بارەکان ڕاوەستا. بە هیوای ئەوەی سەردار بێتە دەرێ. بەڵام لەوە دەچوو سەردار نەیهەوێ بێتە دەرێ، مێرگان چوو بۆ لای وشترخانەکە. دەبوو نەرمتر لەگەڵی بدوێ!

لەبەر درگای وشترخانەکە ڕاوەستا. سەردار چرا پیوسۆزەکەی هەڵکردبوو لە پەنا کورتانەکە دانیشتبوو خەریکی دوورینەوەی دڕاوەکەی بوو. مێرگان شانی بە درگاکەوە داو چاوی لە سەردار بڕی. دەتگوت دێوە. پشتی بە جیهازەوە دابوو خەریکی کارەکەی بوو:

- چییە؟! دیسان دەڵێی چی؟!

مێرگان زمانی کەوتە تەتەڵە و گوتی:

- ئێمە بەلای خۆی خزمین سەردار! کچەکەم لە باخەڵ کوڕە مامت دایە. خۆ ئاوا نابێ. کوا ئەوە خزمایەتییە...

- چاکە دەی؛ ئێستا بچۆ قاپێک ئاو بێنە توونیمە. پاشان قسەی لێدەکەین. مێرگان کون و کەلێنی هەموو ماڵەکانی زەمینجی وەک ماڵی خۆیان دەزانی. قاپێکی لە دۆلابچەکە دەرهێنا، پڕی کرد لە ئاوو بردی بۆ سەردار.

شۆقی پیوسۆزەکە تەنیا ڕوخسار و چۆکی سەرداری ڕووناک کرد بۆوە کە کورتانێکی لە سەر کۆشی دانابوو. شوێنەکانی تری وشترخان تاریک بوو. داڵانێکی پان و درێژ و تاقی بەرز. جێگای زستانانەی وشتر لە سەرمای کەرتۆپێن دا. بۆنی خوری و گزرە و کا و پشکەڵ و پەمۆدانە و بۆنی پۆکانی دیوارەکانی دەهات.

مێرگان نەرم و لەسەرەخۆ قاپە ئاوەکەی بردە پێشێ و لە بەر دەمی سەردار ڕاوەستا. سەردار سەرە زەلامەکەی هەڵێنا و بەر لەوەی قاپە ئاوەکەی لێوەرگرێ، چاوی تێبڕی. شتێکی نامۆ لە گلێنەی چاوانی سەردار فڕکەی دەکرد. سامناک بوو. دڕ و تیژ، پشکۆ.

مێرگان چاوی ترووکاند. دیسان تێرامان! منجڕ و توونی. مێرگان دەستی وە لەرزین کەوت. ئاو بە لێواری قاپەکەدا دەچۆڕا. تۆزێ ئاو بە پشت دەستی سەردار دا ڕژا. قاپەکە بە ئاشکرا لە دەستی مێرگاندا دەلەرزی. بزە کەلێنی ڕیش و سمێڵی سەرداری لێک ڕەواندەوە. دڵە کوتەی مێرگان زیاتر بوو. باڵندەیەک لە ژێر تەوژمی چاوی ئەفعیدا. لە جێی خۆی وشک بوو. شتێک لە ناخیدا دەرسکا. شتێک لە ناخیدا دەتەزی. دەیتەزاند، دەیسووتاند. جیهانێکی نوێ و بەسام. بیر، خەیاڵ، هەموو جەستەی دەگوشی و هەڵیدەچۆقاند.

مێرگان تا ئەو کاتە ژنی سەرداری وە بیر نەهاتبۆوە. ئەو ژنە چارە ڕەشە لە دەستی هەڵاتبوو. نەک ئەمڕۆ، بیست ساڵ لەمەوبەر. سەرداریش ئیتر ژنی نەهێنابۆوە. سەڵت و ڕەبەن بوو. ئەو کاتەی وشترداریکی دەوڵەمەند بوو. ژنەکەی ئەو کاتە کچۆڵەیەک بوو. لە (یەزد)ەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی. ساڵێکی نەخایاند ژنە هەڵاتبوو. براکانی و خاڵی کە خەڵکی (کاشمەر) بوون بۆ کرینی گەنم هاتبوون و لەو کاتەدا سەردار لە ماڵێ نابێ و کچە لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە. کچە لەگەڵ کەسەکانی خۆی ڕۆیشتبوو. سەرداریش کاتێ لە سەفەر گەڕابۆوە، وە ڕووی خۆی نەهێنابوو. دوای ئەوەش هەر لێی نەپرسیبۆوە و نەچووبوو بە دوایدا: ژن، ژنە!

ئاو بە لێواری قاپەکەدا دەچۆڕا. مێرگان دەلەرزی. لاقی چووبووە بەست و دەلەرزی. وەک بزمار داکوترابوو. نەیدەزانی چۆن خۆی دەرباز بکا. خودایە! قاپ لە دەستی کەوتە خوارێ و مێرگان لە چاوترووکانێکدا توانیی لاقی لە چەقی وشترخانەکە هەڵکەنێ، هەڵات. وشترێک لە درگای وشترخانەکەوە هاتە ژووری. وشتر! مێرگان تا هات ببزوێ قولاپەی لاقی لە چنگی زبری سەرداردا بوو، کە بەرەو تاریکایی ئەوسەری وشترخانەکەی دەکێشا:

ـ ئەوە بۆ دەسڵەمییەوە، ئاسکۆڵە.



ـ نا! ئەوە نا!... پیاوی چابە... نەکەی!

دەرفەتی هاوار کردنی بە مێرگان نەدا. کورتانی وشترەکەی لە سەر و ملی پێچاو پشتەوقەفار ڕایکێشا: دەمێکە ئەم زەوییە بەیارە!

لاقەکوتە و هەوڵ و خۆ بەدەستەوە دان. تەسلیم، تەواو.

مێرگان کاتێ کورتانەکەی لە سەر خۆی لابرد، سەردار دیار نەبوو! هەناسەیەکی هەڵکێشا. دەتگوت خنکا. پشوو سواری دۆڕاندن، وەخۆ هاتەوە. پاشان، حەپەسا. وشک! تاوێک لە جێی خۆی شین بوو. لە پڕ، مریشکی سەربڕاو، لە جێی خۆی دەرپەڕی. وشترەکە هەروا تەماشای دەکرد. زەینی شڵەژابوو. پێپەست، فلیقاوە. دەرپێکەی هەڵگرت و هەڵات بۆ حەوشە، هێدی بوو، مات و سڕ. وشترەکان لە حاڵی خۆیاندا بوون. دەستێک خەریکی گاڵەدانی درگای حەوشەکە بوو. سەردار درگاکەی دادەخست. مێرگان دەرپێکەی لە سەری هاڵاند. سەردار لە داڵانەکەوە پەیدا بوو. لێو و برۆی هێشتا دەلەرزینەوە. مێرگان دەتگوت تازە سەردار دەبینێ. مێرگان تازە خەریک بوو بە تەواوی وەخۆ دەهاتەوە. ترس! ترس سەر تا پای داگرت. دەستی بە دەمی خۆیەوە گرت کە بەر بە قیژەی خۆی بگرێ. هاوار لە گەروویدا گرمۆڵە بووبوو. سەردار بووبووە دیوار. لە جێی خۆی نەدەبزووت، بەڵام مێرگان هەستی بە هاتنی دەکرد. ئیتر بۆ دەهات بۆ لای؟ پاشەوپاش کشاوە تا گەیشتە دیوارەکە. پشت سەری قاڵدرمە بوو. دەستێکی بە دەمییەوە بوو. پشتاوپشت بە پلیکانەکاندا سەر کەوت. لە سەربان، دەرپێ بە سەرەوە. سەردار، چاوانی سەردار، هەروا تێی هەڵدەچەقین. مێرگان خۆی گەیاندە گومبەزییەکەی ئەولای سەربانەکە. بیابان؛ مێرگان بازیدا. شەو؛ مێرگان خۆی بە گەرووی شەودا کرد. خۆی دەرباز کرد و دەستی لە سەر دەمی هەڵگرت: بیابان پڕ لە قیژە و هاوار و شەو پڕ لە شیوەن و گریان. لوورەی گورگ و چەقەڵ. لوورەی گورگ و چەقەڵ.

«پوورە مێرگان! سبەی شەو لە ماڵی زەبیحوڵڵا قەتڵ بڕینەوەیە. دەڵێن بێ بۆ چایی تێکردن. »

## بەندی پێنجەم:

- ئەوە سەردار ناردی، گوتی: هەقی عەباسە!

ئەبراو شەکەت و ئارەقە کردوو پێمەڕەکەی فڕێدا سووچێک؛ کیسەی ئاردی لەسەر شانی داگرت و لە بن دیوارەکە داینا. پاشان دەستی بەیەکدا دا و تۆزی ئاردی سەر شان و قۆڵی تەکاند. مێرگان مات و حەپەسراو، چاوی لە پێمەڕەکە بڕی، لە ماڵی سەردار بە جێی هێشتبوو، ئەوەندەی دیکە مات بوو. ئەبراو دانیشت و گوتی:

- دەیگوت مانگێکە ئاردەکەم جیا کردۆتەوە، بەڵام دایکت دیار نییە! بۆ تا ئێستا نەچووی بیهێنی؟

مێرگان گوتی:

- کارم بووە، پێمنەکراوە. ویستم نزیک زستان وەریگرم؛ ئەو کاتە زیاتر بە کارمان دێ.

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

- ئافەرم سەردار! ئافەرم! خۆش حیساب بووە. جاران ددانیت بکێشایە کەمتر لەوەی یەش پێدەگەیشت کە وشترەوانێک بەراتەکەی لێ بستێنێ! ئافەرم! شوکور بۆتە بنیادەم!

ئەبراو چاکتر هەستی بە کەربەلایی دووشەممە کرد. تاوێک لەمەوبەر کە کیسە ئاردەکەی لە شانی داگرت، کەربەلایی دووشەممەی دی؛ بەڵام وە ڕووی خۆی نەهێنا. بەڵام ئێستا ناچار بوو بیبینێ. دانیشتبوو. وەک هەمیشە پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو. لە سەر جێگای هەمیشەیی خۆی دانیشتبوو و سەری بەردابۆوە. هەتا بە بێدەنگی دادەنیشت دەتتوانی گوێی پێنەدەی و وای دانێی نەتدیوە. بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نییە کە لەوێ نییە. لەوێ بوو. بەڵام بێدەنگ بوو. تێکسمڕاو و قورس.



دانیشتبوو. پاڵی بە دیوارەوە دابوو. هەنیشکی لەسەر کڵاوەی ئەژنۆی دانابوو و قامکی خەریکی تەسبێح گێڕان بوو. پیاوێکی ئاوا، پیرە پیاوێک، لەگەڵ بوونی خۆی نەیدەتوانی هەنتەشی نەبێ، لەوێ بوو. بەڵام هێندە بێدەنگ بوو دەتگوت لەوێ نییە، وای دەنواند کە ساڵانێکی زۆر دەتوانێ ئاوا لەو بن دیوارە دانیشێ و تەسبێح بگێڕێ. پیاوێکی کەموێژ و کەڵوێژ. ئێستاش ئەوا خەریک بوو پلاری لە سەردار هەڵدەکرد. بۆ کەربەلایی دووشەممە ئەوە گرینگ نەبوو کە سەرداری وشتردار کیسە ئاردێکی بۆ مێرگان ناردووە. سەردار هەر کارێکی بکردایە کەربەلایی دووشەممە پێی ناخۆش بوو و پلاری ڕێدەهاڵاند. هەر کەس بوایە ئەو پێوەی دەدا. کەربەلایی دووشەممە بە کەسێکی تایبەتییەوەی نەدەدا. بە هەموو کەسییەوە دەدا. خووخدەی دوو پشکانە و ڕۆیشتنی کاکڵە مێشانانە بوو. لاقی قوڵە و چەماو. دەستی درێژ و خوار و خێچ، کڵاشی دڕاو، مێزەری چڵکن و گەورە. دەرەلینگ قوڵ. کاتی بەڕێدا ڕۆیشتن. شاقەلی کەواکەی تێک دەهاڵا. کاتی پێکەنین. ئەو کاتانەی کە کەسێکی توانج باران دەکرد، سەر و چاوی لەبەر پێکەنین سوور هەڵدەگەڕا و ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارێ. پیاوی قەدیم بوو و دنیای قوونەکەو کردبوو. شانازیی ئەوە بوو کە لە غەریبایەتی بووە و زیندانی کراوە.

بەڵام خەڵکی ئەوانەی کەربەلایی دووشەممەیان لە نزیکەوە دەناسی- زیندانی کرانی ئەویان لە غەریبایەتی بە شوورەیی دەزانی. چونکە کەربەلایی دووشەممەیان لە عیشقئاباد بە جێی کەسێکی دیکە گرتبوو. ڕۆژی ئازاد بوونیشی، کەسێکیتر بە جێی ئەو لە زیندان هاتبووە دەرێ. یانی پۆلیس بە جێی یەکێ لە پیاوەکانی خەیبەرخانی قاچاغچی گرتبوویان و خستبوویانە بەندیخانە. ساڵێکی پێچووبوو تا بۆیان دەرکەوتبوو کەربەلایی دووشەممە ئەو کەسە نییە کە ئەوان دەیانویست! کاتی ئازاد بوون ناویان خوێندبۆوە، هاتبوو هەستێ و بچێ، کەسێکی دیکە هەستابوو و بە ناوی ئەو خۆی ناساندبوو و کەربەلایی دووشەممە هەروا لە بەندیخانەی عیشقئاباد مابۆوە؛ هەتا ڕۆژێک ناوی کەسێکی دیکە دەخوێننەوە کە ئازادە. خاوەنی ناوەکە لەوێ نابێ. زیندانەوانەکان کەربەلایی دووشەممە لە سووچێک وەگیر دێنن کە لابەقنگ کەوتووە و بێدەنگ دەڕوانێ. تازە وەدەر

دەکەوێ کە چی ڕوویداوە! کەربەلایی دووشەممە هەڵدەستێن و دەیبەن. لەبەر درگای بەندیخانەکە مەئمووری عیشقئابادی چەپۆکێک بە سەری کەربەلایی دووشەممەدا دەدا و پاڵێکی پێوە دەنێ و دەیکاتە دەرێ.

ئەو بەسەرهاتەش هاوڕێیان و هاوسەفەرەکانی و ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا هاوقافڵە بوون، کەسانێکی وەک مەولا ئەمان و سەردار دەیانگێڕایەوە. بەڵام کەم وا بوو کەربەلایی دووشەممە خۆی بەسەرهاتەکە موو بە موو بگێڕێتەوە. کەمتر خۆی لەو دارەتە دەدا و ئەگەر باسیشی بکردایە زۆر بە کورتی دەیبڕییەوە. زۆر کەم بوون ئەوانەی ئەو بەسەرهاتەی کەربەلایی دووشەممەیان موو بە موو لە زمانی خۆی بیستبێ. ئەبراو عادەتی بە دیتنی کەربەلایی دووشەممە گرتبوو. ئەم بەینانە کەربەلایی دووشەممە لە ڕادەبەدەر خۆی لە ماڵی سلووچ هەڵدەقوتاند. خۆی دەکرد بە ژووریدا و دادەنیشت. چایی دەخواردەوە. ناسی دەنا ژێر زمانی. جاروبار یەک دوو قسەی دەکرد، قاوەڵتوون و فراوێن ئەگەر ببوایە دەیخوارد و بە شێنەیی هەڵدەستا و دەڕۆیشت. ئەو ئیتر خۆی لە ماڵەکەدا بە بێگانە نەدەزانی. بووبووە خۆمانە. جاروبار گاڵتەی دەکرد. قسەی خۆشی دەگێڕاوە. بۆ پێکەنین نەقڵی دەگێڕاوە و جاری وابوو هەر خۆی بە قسەکەی خۆی پێدەکەنی. هەر شتێک بوو، ئەبراو دەیدی کە پیرە پیاو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پێی دەکرێتەوە. ئەوەش بۆ ئەبراو زۆر ناخۆش بوو، ددانی بە خۆیدا دەگرت و هیچی نەدەگوت. خۆی بە ناچار دەزانی ددان بە جەرگیدا بگرێ. هۆی سەرەکیشی ئەوە بوو کە کەربەلایی دووشەممە مامی زەبیحوڵڵا بوو، زەبیحوڵڵا شەریکی میرزا حەسەن بوو و ئەبراویش ڕیشی لە مشتی میرزا حەسەندا بوو.

ئەبراو ڕۆح و گیانی لەگەڵ میرزا حەسەن بوو. بێتوو تەراکتۆرەکەی لە ئەبراو بستاندایەتەوە گیانی دەردەچوو. هەر بۆیە ئەبراو ناچار بوو ددان بە خۆیا بگرێ و ورتەی لێوە نەیە. هەر بۆیە دەنگ نەکردنی ئەبراو و کڕ وکپیی عەباس و چارە ڕەشی و جاڕزیی مێرگان ڕێی بۆ کەربەلایی دووشەممە خۆش کردبوو کە بە کەیفی خۆی تێخزێ و هێلانە لە چاویاندا بکا. هێندەی نەمابوو یەکجاری کەوڵ و پڵاسی لە کۆڵ بنێ و بێ لە ماڵی مێرگان بە عەرزیدا دا.



«چاکە با بزانین چۆن دەبێ!»

ئەبراو ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەگوتەوە.

بەڵام مێرگان چی؟ ئەو بیری لە چی دەکردەوە و چیی دەگوت؟

مێرگان گوێی پێنەدەدا. کەوتبووە ئەولای بێ تفاقییەوە. کاتێ تۆ لە ڕەشەبادا گیر دەکەی، چ تۆفیرێکی هەیە دوگمەی بەرۆکت داخرابێ یان ئاواڵە بێ. چاوت پڕ بێتەوە و پڕ نەبێتەوە وەک یەک وایە. چەش، تۆ لە تۆفاندا گیرت خواردووە، دەتهەوێ گەرووت وشک نەبێ؟ تۆ خۆت لە خۆتدا ئابڕووت چووە، دەتهەوێ کەربەلایی دووشەممە لە ماڵەکەتدا لەنگەر نەخات؟! ئێستا کە ئاوایە چش! گرینگ نییە. خەڵکی هەرچی دەیڵێن با بیڵێن. دەڵێن چی؟ هیچ. ناتوانن هیچ بڵێن. ئەوە مێرگان خۆیەتی ئەوانە بە خۆی دەڵێ، یان نایڵێ. ڕزگار بوون لە دەست خەڵکی سانایە. ڕزگار بوون لە دەست خۆت گرانە. هەر ناکرێ. بۆیە مێرگان داماوە و وەڵامی خۆی پێنادرێتەوە، نەک بیر لەوە بکاتەوە کە بڵێی خەڵکی بڵێن چی. خەمی ئەوەی لە نێو خەڵکدا بێتە دەنگۆ کەربەلایی دووشەممە لە ماڵەکەیدا جێ قوونی گەرم داهاتووە. ؛ نا. دەردی گران ئەوە بوو مێرگان لە زەینی شڵەژاوی خۆیدا، دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیر بکاتەوە کە خەڵکی دەڵێن چی و ناڵێن چی. قورسایی سەر دڵی مێرگان لەگەڵ بۆچوونی خەڵکی دەرهەق بە خۆی، هێندە لە یەکتر دوور بوون، کە ژنەی داماو خۆی لەو نێوەدا بزر کردبوو. خۆی لێ ون بووبوو. ون و سەرلێشێواو سەری بە دیواری زەینی خۆیدا دەکێشا و ئاواتی بوو ئەو توێژە درۆیینەی بۆچوونی ئەم و ئەو بە هاوارێک تێک قرمێنێ.

«ئاخ... شکتان بە تاڵە! ڕاست ئەوەیە وا من دەڵێم. ڕاست ئەوەیە. بە هەڵە مەچن! دڵی من لێرەیە. جوان سێرەی لێبگرن. بۆ گوللە بە جەغزی گومانەوە دەنێن؟»

بەڵام هاوارێکی ئاوا بە خەیاڵ ئاسانە. نا! مێرگان غیرەتی ئەوەی نەبوو، لە خۆی ڕانەدەدی. چۆن دەکرێ خەنجەری ڕق و قین لە دڵی خۆت هەڵچەقێنی؟ لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی لەو گومانە دەرهێنی؟ ئەگەر ئاوا بێ یانی ڕۆحی تۆ ئۆقرە دەگرێ؟ نا! بەڕاستی نا! بە شوێن بیانوویەکی دیکەدا دەگەڕێ. پەیدای دەکا. بیانووگرتر دەبێ ئەم ڕۆحە!

«ئەی ئەگەر هیچ نەڵێم و وەدەنگ نەیەم؟»

دیسان ئازارت دەدا. ئاراوقارات لێهەڵدەگرێ. لە بیر بردەنەوە تاقە هیوایە. بەڵام دەتوانی چی لە بیر بەرێتەوە؟ هەموو شتێک؟! نا. کیسەی ئارد چاوت لێدەکا! نا. هەموو شتێک ناتوانی. تەنانەت دەتوانی هەژاری و نەداری لە بیر بەریتەوە، بەڵام لێکدرانی دوو غەریزە نا! پێکدادرانی پڕ لە ڕق و تێکشکانی دوو چنار لە تۆفاندا. نا؛ ناتوانی سەرەندەری لێبکەی. بۆت هەرس نابێ. گرێپووچکەیەک نییە بۆت بکرێتەوە. نە بە دەست و نە بە ددان. هەرچی هەوڵی لەگەڵ دەدەی زیاتر دەئاڵۆزێ. لێڵتر دەبێ. زیاتر تێکەوەت دەپێچێ. ئەگەر نەشتەوێ بیری لێبکەیتەوە و ئاوڕی لێبدەیتەوە وەرەزت دەکا. عەجمانت لێهەڵدەگرێ. شووژن بە بەری پێتدا دەکا. ڕاتدەچڵەکێنێ و وەخۆت دێنێتەوە. گێژت دەکا. دەتخاتە هەناسەبڕکێ. چاوت، ڕوانینیت، ئەدگارت دەشێوێنێ. دەڕوانی و چاوت نابینێ. پێدەکەنی ئەگەر پێکەنینت لە ناخدا مابێ. ناشزانی بۆ؟! لەو کاتەدا دەتوانی بگریی. بکورووزێیتەوە. ئەگەر بیر لەویش بکەیتەوە، چارەنووسێکی لەوە چاکترت نابێ. دەردەکە لەوەدایە هێشتا نەتتوانیوە لە هەمبەر ئەو زوڵمەی لێت کراوە، ڕێگە چارەیەک بدۆزییەوە. بیروڕایەکی قایمت هەبێ. لەو بێزار بی یان پێی شاد بی. بە تەواوی لە خۆتی بتارێنی، یان قەبووڵی بکەی. بە دڵت بێ. بە چوارمێخە کێشراوی. نازانی ڕوو لە کوێ بکەی، بۆ کام لا بڕۆی. شێت. لەویش خراپتر. کەوتوویە تەنگژەیەکەوە قەتت چاوەڕوانی نەدەکرد. چێژێکی قیناوی بە سەرتا زاڵ بووە. ڕقێکی شێتانە، حەزێکی بەژانی پێبەخشیوی. تکاندوویەتە ناختەوە. تۆش لەو نێوەدا هەروا گیرۆدەی. ژنی لە سەرێکەوە، ڕێزت هەیە؛ لە سەرێکی دیکەوە، ئازاد و گیرۆدەیی پێکەوە ئاوێتە بوون. ئاسوودە و ڕەنجاو؛ ڕزگار و گیرۆدەی. ئەگەرچی چرەدووکەڵی بیر کردنەوە، ئەوەی دەم بە دەم لە زەینە ئاڵۆزەکەتەوە هەڵدەستێ؛ ڕێگا بە سەرهەڵدانی مەیلە غەریزییەکان نادا و دەیهەوێ بۆ دواوەیان ڕاداتەوە، بەڵام مەیل و نیازیش لە تۆدا دەبزوێ! لە ناختدا تێک دەهاڵێ. لە ناخی زەین و لە قووڵایی هەستتدا، لە لێڵترین و شاراوەترین و نایابترین ساتەکانی گیانتدا مەیلێک دەبزوێ و سەر بە دار و دیواری قەول و بەڵێنەکاندا دەکێشێ. مانگایەکی لێوڕێژ لە هەوەسی ویستن، ناخی



شێواندووی. تۆ ژنی. ناتوانی لە دەست ژن بوونت هەڵێی. دایکیشی، لە دەست ئەوەش ناتوانی دەرباز بی. مێردت هەیە و مێردت نییە. سلووچ ماوە و سلووچ نەماوە. سێبەر و ئەدگاری هەیە؛ بەڵام ئەوانە هیچیان سلووچ نین. سلووچ نەماوە. مردووە؟ زیندووە؟ دێتەوە؟ نایەتەوە؟ بڵێسە، بڵێسەی پرسیار. کوا وەڵام؟ نییە! بێ وەڵامە. شەڕی دوو گیان لە گیانێکدا. سەردار و سلووچ. مەیل و بێزاری. ویستن و نەویستن. شەڕ و کێشە. قامچی. قامچی لە ڕۆحتدا وژەی دێ. کێڵدراوی کووز لێدراوی، ئەی خاکی وشک، ئەی زەویی بەیار! دەستدرێژییان کردۆتە سەرت و کێڵاویانی ئەی خاک. بەڵام تۆ زەویشی و خاوەن زەویش؛ نگابانی زەوی. خاوەن زەوی و زەویش دوو شتن. دەشت و دەشتەوان. زەوی کاتی کێڵانی بووە و کێڵدراوە، ئەوەش ئەوەیە کە هەست و نەست دەیهەوێ. بەڵام دەشتەوانەکە، مێرگان تاڵان کراوە. ڕووت کراوە. دزراوە. ئەی ئەو، مێرگان لەو شەوی تاڵانەدا لە کوێ بووە؟ ئەوە چ ئاگادارییەکە؟ سەرشۆڕی. هەستی بێ حورمەتی. ئەمانەتەکەی تاڵان کراوە! کێشەی ڕۆحتاوێنی مێرگان ئەوە بوو. ئەم دوانە لێک دژەی ناخ. تانوپۆی ڕۆحی لە بەر یەک هەڵوەشاندبوو. تەندراوێک بەر لەوە تانوپۆکەی تەنیا، ڕەنج و کار بوو. بەڵام ڕەنگێکی نوێ. ئەویش چینێکی نوێ بوو کەوتبووە سەر تەونی ڕۆحی مێرگان؛ ئەو ڕەنگە، ئەو پۆیە لە سەر هەڵسوکەوت و ئاکار و ئەدگاری مێرگان شوێنی دانابوو. پەراوێزێکی تاریک، بەڵام نوێ. شتێک کە ئەبراو سەری لێدەرنەدەهێنا، بەڵام بوو:

«جۆرێکی ترە دایکم. جۆرێکی تری لێهاتووە!»

«جۆرێکی ترە. گۆڕاوە. ئەرێ. بێ ئۆقرە و دوو دڵ. شێواو و بە گومان. نا دەبێ شتێک قەومابێ. شتێک؟ بەڵام چی؟ دەتوانی هەموو گومانێک بکەی بەغەیری ئەوەی کە مێرگان خۆی دەیزانی!»

- چاوی لێکە، چیدەکا!

عەباس بوو. هەستابوو وەک مێرووله کیسە ئاردەکەی بۆ لای جێگاکەی خۆی دەکێشا. لەوە دەچوو بیهەوێ شەوێک لە پاڵ کیسە ئاردەکە بە ئاسوودەیی تێپەڕکا. بە نقە نق و زەحمەت، هەرچۆنێک بوو، لەبەر چاوی دایکی و براکەی کیسە

ئاردەکەی کێشا بن دیوارەکەی لای خۆی و بە نێوچاوانی ئارەقە کردووەوە لە پەنایدا چۆکی دادا. بێ هێز، کەوتبووە هەناسەبڕکێ. هەنیشکی نایە سەر کیسە ئاردەکە و نێوچاوانی نا سەر لەپی دەستی. لەوە دەچوو سەری لە گێژەوە بێ و چاوی ڕێشکەوپێشکە بکا. مەچەکی دەستی دەلەرزی. دەتگوت بە زەحمەت توانیویەتی بیبێتە کۆڵەکەی سەری. لەو کاتەدا قامکی عەباس بە نێو بنجی قژە سپییەکەیدا ڕۆچووبوون و وەک قرژاڵ بە پێستی سەریەوە نووسابوون.

ئەبراو لە بن دیواری ئەوبەر، بەرەو ڕووی براکەی دانیشتبوو. عەباس و ئەبراو دوای ئەو شەوە ئیتر پێکەوە نەدوابوون. عەباس کە دەمی لە گۆ چووبوو. ئەبراویش نەیدەزانی لەگەڵ عەباس باسی چی بکا. لەوەدوا بوو کە: بڵێی بتوانێ؟ نا؛ نەیدەتوانی. دیوارێک لە نێوانیاندا هەڵچندرابوو. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش پانتر و بەرزتر دەبوو. جۆرێک بوو کە لەوە دەچوو دوای ماوەیەکیتر تەنانەت نەتوانن یەکتریش ببینن. ئەوەش بووبووە پاڵنەرێک بۆ ئەبراو کە تیژتر بە ڕێی خۆیدا بڕوا. ڕاست وەک ئەوەی کەسێک شتێکی لە دەست دابێ و بیهەوێ قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە لە کارەکەیدا زیاتر خۆی ماندوو دەکرد. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش زیاتر لەگەڵ تەراکتۆر و میرزا حەسەن و شەریکەکانی ئاوێتە دەبوو. بووبووە بەشێک لە پێچ و مۆرەی تەراکتۆرەکە. وردە وردە لە پشت فەرمانی تەراکتۆرەکە چاوی بە هەموو وڵاتدا دەگێڕا. لەگەڵ شۆفێری گونبەدی کووز بە کووز زەوییەکانیان دەکێڵا و دەڕۆیشتن و کرێکەیان دەدا دەست میرزا حەسەن. چونکە زەوییەکانی زەمینج بەسەر یەکەوە نەبوون و پەڵە پەڵە و وردە مالیکیانە بوون، تەراکتۆری میرزا حەسەن کاری جووت و گای لە برەو خستبوو. هەر کەسێ توانیبووی تەنانەت- بە قەد کرێی تەراکتۆرەکە وامی کشت و کاڵ وەرگرێ نیرو ئامووری وەلا نابوو. بۆیە کەمتر دەبینرا گا یان گوێدرێژ یان وشتر ئاموور و خێشک ڕاکێشن و پیرە پیاوێک، یان لاوێک دەستەکەوشەی ئاموور بە دەستەوە بگرێ و بە دوایاندا بڕوا. گاسنی قورسی تەراکتۆر جەرگ و دڵی زەویی دەدڕی و گژ و گیای هەرز و فریزوو و کۆڵووی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردێنا. ئەو کارەش بە بەهێزترین گای سیستانی



نەدەکرا. ئاخر، هێزی گا تا ڕادەیەکە. بەڵام هێزی تەراکتۆری میرزا حەسەن بە بڕوای ئەبراو لە ڕادەبەدەر بوو.

وردە وردە ئەویش دەچووە پشت فەرمان. سەعاتێک، نیو سەعات؛ وەخت و بێوەخت. هەتا شۆفێری گونبەدی جگەرەیەکی دەکێشا، یان دەچوو بۆ ئاو خواردنەوە. لە ڕێگای چوون و گەڕانەوە. میرزا حەسەنیش ئەبراوی بە هیوا کردبوو زۆر زوو تەراکتۆرەکە دەداتە دەست ئەو. هەتا کاتی ئەوە دێ ماتۆڕی ئاوەکە بێنن. تا ئەو کاتە ئەبراویش تەواو فێری شۆفێری دەبێ. میرزا حەسەن نەیدەویست شۆفێری گونبەدیی لە دەست دەرچێ. ئەو دەیویست بەجێی مکانیکی ماتۆڕ ئاوەکەش کار لە شۆفێری گونبەدی بکێشێ. بەڵام بە هیچ شێوەیەک شۆفێری گونبەدی لە زەمینج نەدەماوە. دڵی لای وڵات و ماڵ و حاڵی خۆی بوو. کەسێ بە هەوای دەشتی گورگان ڕاهاتبێ، لە کەویر و قاقڕ تاقەت ناهێنێ. ئەمڕۆ و سبەینێ دەڕۆیشت. ئەبراو بە قازانجی میرزا حەسەن بوو. هەر ئەو کارەی ئەوی بە هەقدەستێکی کەمتر دەکرد. پرتەو بۆڵەشی نەبوو. لە خۆشیانا قلەسەماشی دەکرد. بەڵام دەبوو کارامەتر بێ. تەراکتۆر خۆ کوتە ئاسنێک نەبوو بتوانن بە خاترجەمی پێی بسپێرن. دەبوو کارامەتر بێ. بۆیە ئەبراو چاوەڕێی ماتۆڕ ئاوەکە بوو کە بیهێنن.

- بڵێی ئەو ماتۆڕە شڕەیان کەی بێنن ئەو قوڵە ئەربابانە؛... کاکی شۆفێر؟!

ئەبراو جوابی کەربەلایی دووشەممەی نەداوە. چونکە لە دەستی وەزاڵە هاتبوو و لێیان بووبووە یەسکی نێو برین. پێشی خۆش نەبوو تانە و تەشەرەکانی ببیستێ.

تیر و توانج لە زاتی کەربەلایی دووشەممەدا بوو. ئەوەش کاتێک ژەهراویتر و بەژانتر دەبوو کە بەرەو ڕووی شتێکی تازە ببوایەتەوە. ئەم کەربەلایی دووشەممەیە دەتگوت غەیری ئەوەی بە دڵی خۆیەتی، باوەڕی بە هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەو جۆرە کار و کەرەسانەی بە گەمە دەزانی. ئەگەرچی سالارعەبدوڵڵای کوڕی یەکێ لە شەریکەکانی مەکینە و تەراکتۆرەکە بوو، بەڵام کەربەلایی دووشەممە خۆی کێشابووە دواوە و چاوەڕێ بوو ڕۆژێک سەروسەکوتی شەریکەکان لە بەر درگای عەمبارەکەی ئەو پەیدا بن و لە ڕوویان هەڵنەیەت

دەستی قەرز بۆ دەوڵەت پان کەنەوە. هەر ئەو پارەیەی ئەمڕۆ بە دەست میرزا حەسەن و شەریکەکانییەوە بوو، ئەگەر کەربەلایی دووشەممە پێی بدایەن بەهرەی ساڵانەی کەم نەبوو! ئەگەرچی، ئەو پارەیەکی وای نەبوو و ئەگەر بیشیبوایە ئەوان شتێکی وایان نەبوو لە گرەویدا بیدەن بە کەربەلایی دووشەممە. پێشتر، پێش ئەوەی بە بڕوای کەربەلایی دووشەممە ئەو قوڵە ئەربابانە پەیدا بن، مالیکەکان بە سوود پارەیان لە ئەو وەردەگرت. بەڵام بۆ ئەمڕۆییەکان، ڕێگای خۆشتر کرابۆوە. ڕێ و شوێنی کارەکان جۆرێکی دیکە بوو. شتی نوێ بووبووە باو! ئەو تازە پیاکەوتووانە پارەیان لە دەوڵەت وەردەگرت و بەرهەم و داهاتەکەیان بە دەوڵەت دەفرۆشتەوە. هەڵبەت کاتێک کە نەیاندەتوانی قەرزەکەیان بدەنەوە، ناچار بوون بەرهەمەکانیان بە دەوڵەت بفرۆشن. نرخی بەرهەم و نرخی بەهرە مەعلووم بوو. لەگەڵ ئەوە دەسازان و منەتی کەربەلایی دووشەممەیان هەڵنەدەگرت. ئەگەرچی کەربەلایی دووشەممە عەقڵی پێی نەشکابوو، یان ڕەنگبێ توانای ئەو کارەی نەبێ، کە خەڵکی ناچار بکا بەرهەم و داهاتەکانیان بە نرخێکی دیاری کراو بە ئەو بفرۆشن. هەر چۆنێ بوو بازاڕی کەربەلایی دووشەممە لە کزیی دابوو. چونکە چاوی قوڵە ئەربابەکان لە دەستی دەوڵەت بوو و بۆ کەربەلایی دووشەممەش ئەو کەسانە دەمانەوە کە لە حەوت ئاسماندا ئەستێرەیەک شک نابەن. خەڵکی قەرە و ڕەشایی. کەسانێکی وەک مەولا ئەمان و چەند ورکە ڕەشاییی دیکە، کە هیچیان نەبوو، کەربەلایی دووشەممە بە سوود و سەلەم لێیان بکڕێ. کە پارەشیان لێوەردەگرت؛ ئەوەندە نەبوو کە بەهرەیەکی بەر چاوی هەبێ. لەبەر ئەوە بوو کەربەلایی دووشەممە دەمی تاڵ بووبوو و دایمە لە مەتەرێزی لەخۆبایی بوونێکی بۆشدا بوو تیروتانەی دەهاویشت و بۆ ئەو جیاوازیشی نەبوو تیرەکەی لە کێ هەڵدەکا و لە دڵی کێ دەدرێ. کەس یان ناکەس. خزم بێ یان بێگانە.

کەربەلایی دووشەممە ئەگەرچی بە ناچاری کوڕەکەی گرتبووە ژێر باڵی خۆی و پارەی دابوویە کە بتوانێ شەریکێکی سەرەکی بێ لە شەریکەکەی میرزا حەسەندا و بەشێکی بەرچاوی لە مەکینە و تەڕاکتۆر و کشت وکاڵەکەیاندا هەبێ، بەڵام زاتی ئەو لەگەڵ سالارعەبدوڵڵا و تایبەتمەندییەکانی ئەودا ناسازگار بوو.



بە ڕووی سالاریدا نەدەدا، بەڕواڵەت دەیگوت: «خۆت دەزانی» بەڵام لە ناخەوە کارەکانی کوڕەکەی پێخۆش نەبوو.

ئەگەرچی بەرچاو تەنگیی کەربەلایی دووشەممە لەوە بێ بایختر بوو کە بتوانێ لە هەمبەر ئەو کارانەدا تاقەت بێنێ. بەڵام دووپشک چزووی خۆی لە بەرد و ئاسن و لەش و کراس دەگیرێنێ. ئەوەش بە دەست خۆی نەبوو، کە سەرەتا بزانێ، پاشان پێوەدا. لەوەش ناخۆشتر نەبوو کە ئەو ناچار بێ بزانێ. ناچار بێ تێبگا. زەینی کەربەلایی دووشەممە بەستبووی. لە مێژ بوو کە هیچ شتێکی تازەی وەرنەدەگرت. دەتگوت شتی تازە نە دەبینێ و نە دەبیستێ. خەڵکی نێو دێ هەزار جاریان پێگوتبوو: «لە سەر ئاوی ڕوونی جۆگەکە تارات مەگرە!» بەڵام کەربەلایی دووشەممە گوێی نەدەدانێ و دوای خۆ خاڵی کردنەوە و پێشاو دەچووە سەر جۆگەلەکە و لەو ئاوەی کە سەد هەنگاو لە خوارترەوە، گۆزەی لێ پڕ دەکرا، خۆی دەشتەوە. تارات گرتنەکەشی لانیکەم نیو سەعاتی دەخایاند. لەو کارەدا زۆر بیرەبیرە بوو. خۆی بە گڵاو دەزانی، بۆیە قەت دڵی پاک نەدەبۆوە.

بەڵام لێرە، لە ماڵی مێرگان، کەربەلایی دووشەممە هەستی دەکرد کە پێوەی دراوە. گەستوویانە. کزانەوەیەکی لە سەر دڵە کەوڵەکەی خۆی هەست پێدەکرد. کیسەی ئارد؛ کیسە ئاردێک کە سەرداری وشتردار، لەبەر چاوی ئەو بۆ مێرگانی ناردبوو، دڵی وەکزەکز خستبوو. دڕوو لە چاویدا. بەڵام هەروا چزووە ژەهراوییەکەی بۆ شەریکەکانی تەڕاکتۆر و مەکینە لە کاردابوو. ئەوەش، لە لای ئەو شتێکی گرینگتر بوو و خەیاڵی ئەوی لە کیسە ئاردەکە دوور دەخستەوە:

ـ دەی جوابی منت نەداوە کاکی شۆفیر؟ مەکینەی ئەو تازە پیاکەوتووانە کەی دێ؟! دوو ـ سێ ڕۆژە عەبدوڵڵای ئێمە بە هیوایە قوربانی بکا. لەوە دەچێ وادەکەی نزیک بێ. ها؟

ئەبراو بە ناقایلی گوتی:

ـ بەڵێ. پێموایە لەم ڕۆژانەدا دەیهێنن. میرزا حەسەن چووە بیهێنێ.

خۆ نابێ کەسێک باوکتی کوشتبێ جا ڕقت لێبێ و لێی بێزار بی. مرۆڤی وا هەیە، بەڕێدا ڕۆیشتن و قسە کردن و تەماشا کردن و تەنانەت پێکەنینیشیان ئازارت دەدا

و وەڕەزت دەکا. کەربەلایی دووشەممە لەو جۆرە مرۆڤانە بوو. لانیکەم لەبەر چاوی ئەبراو وابوو. چونکە دەیان جار وەک مار بە بنەماڵەی سلووچییەوە دابوو. هەر ئەو مسانەی کە سالارعەبدوڵلا بە زۆر لێی ساندبوون. تاسمە قامچییەکەی کە لە پەمۆ جاڕەکە ئەبراوی هەڵتەزاندبوو؛ هەموو ئەوانە لە سایەی سەری کەربەلایی دووشەممەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا قەلافەتی دێزە و جاڕزکەری کەربەلایی دووشەممە لە ماڵی سلووچ قوت ببۆوە. نە ڕۆژێک و نە دوو ڕۆژ، چەن مانگ بوو کەربەلایی دووشەممە بە بیانووی جۆراوجۆر هەراسی بە ماڵی مێرگان هەڵگرتبوو. تەنانەت جاری وابوو بە بێ هیچ بەهانەیەک دەهات. تانەی لەمولەو دەدا و دادەنیشت و وەکوو نگابانی دۆزەخ کڕ و کپ لە جێی خۆی مت دەبوو. دەبوو لەو حاڵ و هەوایەدا بی تاکوو تێبگەی کوڕە چکۆلەی سلووچ چۆن خۆی دەخواتەوە. لە بن ئەدگاری هێدی و ماتی کەربەلایی دووشەممەدا منجڕییەکی دزێو خۆی مەلاس کردبوو. ئەوەش شتێک بوو کە نەدەسڕدراوە. لە کۆڵ نەدەکەوت. ئەم سێبەرە دزێوە وەک پەڵە هەورێکی چڵکن بە سەر ژیانی مێرگاندا کشابوو و تاریکی کردبوو. کەربەلایی دووشەممە لەوە دەچوو زۆر لەخۆ ڕادیو بێ. هەستی دەکرد لە ماڵی مێرگان بێگانە نییە و زۆریش باوەڕ بەخۆ بوو. بەڵام هەرچییەک بوو و هەرچییەک نەبوو، بوونی ئەو لە ماڵەکەدا بۆ ئەبراو سووکایەتییەکی گەورە بوو. چاوی بەراییی نەدەدا کەربەلایی ببینێ. لە خەیاڵی خۆیدا چەندین جار قەپی بەر گەرووە چرچ و لۆچەکەیدا کردبوو! ئاخر، بوونی کەربەلایی دووشەممە ئەبراوی وە زاڵە هێنابوو و دەتگوت خنکا. کاتێ کەربەلایی لە ماڵەکەیان دەبوو ئەبراو نەیدەتوانی سەر هەڵێنێ. یان تەنانەت چاو لە دایکی بکا. جاڕز بووبوو. ژیانی لێ بووبووە دۆزەخ. ئەوەش شتێک نەبوو کە پێوەت بدا و بڕوا. ژانیش نەبوو. دۆڵپا بوو، دۆڵپایەک بوو سواری شانی ئەبراو بووبوو. بۆ ساتێکیش لە کۆڵی نەدەبۆوە کە بتوانێ هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشێ. تیر و توانج و چزووی زمانی ئەم و ئەویش ئەوە لەولاوە ڕاوەستێ:

«دەی! بیستوومە کەوشەکانی باوە پیارەت جووت دەکەی؟»

«ئەبراو! بیستوومە بە ئەسپێ دەڵێی مەنیژە خانم. »



«بڵێی ڕۆژێ بتبینم بوخچەی حەمامی کەربەلایی دووشەممەت ناوەتە بن باخەڵ و وەدوای دەکەوی بۆ حەمام، کاکە ئەبراو!»

«زۆر چاکە؛ شوکور سەرپەرستێکی بۆ پەیدا بووە!»

«ئەو جۆرەش نییە کە بیری لێدەکەیەوە. کەربەلایی دووشەممە گیان بە ئیزاییل نادا!»

«وادیارە مێرگان تامەزرۆ بووە!»

«پوورە مێرگان هەر لە هەوەڵێشەوە دڵتەڕ بوو و کەم ئیشتیا نەبوو، دەیتوانی سی و پێنج سیر بە تەکانێک هەڵگرێ!»

دوای ئەویش، پێکەنین، پێکەنین، پێکەنینی دەمە کەفاوییەکان. زمانی درێژ. چاوی زەق، بێ حەیا. ددانی گڕ و قێزەون. چووزانن ئەبراو چ دەردێک دەکێشێ؟ تازە دەهات تۆزێ بە خۆدا بێ، کە لە گەڵ ئەو تیر و توانج و تەشەرانە، کە زیاتر وەک ناونتیکەی لێهاتبوو، دەگەوزا. هێندەی ددان بە جەرگیدا گرتبوو عەجمانی لێهەڵگیرابوو. چیی لە دەست دەهات. جارێک پێشی بە سالارعەبدوڵلا گرتبوو و پێی گوتبوو:

«سالار! بە کەربەلایی بڵێ دەستمان لە کۆڵ کاتەوە. جوان نییە. »

سالار گوتبووی:

«کەربەلایی دووشەممە باوکمە، خۆ کوڕم نییە! من چیی لێبکەم؟ خۆی دەزانێ. »

پاشان ملی ڕێی گرتبوو و ڕۆیشتبوو.

ئەبراو ئیتر دەیتوانی چبکا؟ ماڵی سلووچیش خۆ درگا و بانێکی وای نەبوو کە دایخەی. کەربەلایی دووشەممە سەری دادەخست، کۆخەیەکی دەکرد و دەچوو پاڵی لێدەداوە. ئیتر ڕۆژ و شەویش بۆ ئەو جیاوازیی نەبوو. شام و قاوەڵتوون. شەریکی کتریی چایی و سفرەی نان. بنی کاسەکەشی بە قامکە ئەستوور و قوڵەکەی دەلستەوە و دەکشا دواوە: خودایە شوکرت! لک الحد و لک الشکر!

لەم دواییانەدا مێوژی لەگەڵ خۆی دێنا. مێرگان کە پیاڵەکانی پڕ دەکرد لە چایی، کەربەلایی دووشەممە دەستی دەبرد بۆ گیرفانی چوار دەنکی مێوژ دەردێنا و هەر کەسەی دوو دەنکی دەدایە. مێوژە ڕەشکە. کەس مێوژی لێوەرنەدەگرت. بۆیە

کەربەلایی دووشەممە دەنکە مێوژەکانی فڕێدەدا بەر دەمیان. لەگەڵ ئەوەش هەتا کەربەلایی دووشەممە دانیشتبایە هیچ کەس دەستی بۆ دەنکە مێوژەکان نەدەبرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەربەلایی دووشەممە دەچووە دەرێ، هەر کەس بەشی خۆی هەڵدەگرتەوە و دەینا دەمی. تەنانەت ئەبراویش!

لەو ماوەیەدا کە کەربەلایی دووشەممە لەوێ دادەنیشت، ئەبراو دایکی دەخستە ژێر چاوەدێری. ڕەنگە بتوانێ نیشانەیەکی تێدا بدۆزێتەوە. بەڵام ئەوە مەحاڵ بوو. ئەبراو هیچی بۆ دەر نەدەکەوت. هیچ دیاردەیەکی تازە لە مێرگاندا نەدەبیندرا. ناچار و ددان بە خۆدا گرتوو، دادەنیشت و خۆی بە کارێکەوە دەخلافاند. دەرزی و دروومان و پینە و پەڕۆ. لە پەنا وەجاخەکە دادەنیشت یان دەهات و دەچوو و کاروباری ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد. لووتی لای کەربەلایی دووشەممە نەبوو. تاملێ دەکرد. ئەمشەویش دیار بوو هەڵچوون و دڵە خورپەکەی لە داخی کەربەلایی دووشەممە نییە. بەر لەوەش شڵەژاویی پێوە دیار بوو. لە مەولوودیی ماڵی زەبیحوڵلاش دوو پیاڵەی شکاندبوو. ئەوەش لە مێرگان نەدەوەشاوە. بۆ ژنێکی وا شوورەیی بوو کە لە کاردا دەست و لاقی تێکەڵ بێ. سەردار کە کەمتر لە شایی و شینی خەڵکدا بەشدار دەبوو. لە مدبەقەکەی ماڵی زەبیحوڵلا پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو و دانیشتبوو. مێرگان خەریکی هێنان و بردنی چایی و قەند و تووتن بوو. دەیویست لووت بە سەردار دا نەنێ کە وەک گابەردێک بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرابوو. چاوی سەردار، باشوویەک لە بۆسەدا، زیاتر مێرگانی توشی دڵە خورپە کردبوو. پارێز و هەڵاتن. بەڵام هەرای سەردار لە پڕ بەرز ببۆوە:

« لانیکەم قاپێکمان ئاو دەیە ژنەکە!»

مێرگان داچڵەکیبوو. لاقی لە دەلینگی هەڵکێشەکەی گیرابوو سەرەنگری بووبوو، دوو پیاڵە لە دەستی بەر ببۆوە و بە بەردی پەنا قوولکەکەدا درابوون و ورد و خاش بووبوون. مێرگان مرد بوو و زیندوو ببۆوە: ئەو دەست و لاق تێکەڵ هاتنەی خۆی زۆر بە لاوە تاڵ بوو. نەیدەتوانی خۆی ببوورێ! لە دوای ئەوە زۆر بە دڵناخۆشییەوە کاری کردبوو و کاتێ کارەکەی تەواو کردبوو، هاتبۆوە بۆ ماڵێ ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو.



نا! ئەبراو نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە کەین و بەینێک لە نێوان دایکی و کەربەلایی دووشەممە دایە. دەمشڕانە با هەرچی دەیڵێن بیڵێن. ئەبراو نەیدەتوانی هەر بیریشی لێبکاتەوە. دایکی ئەو ژنێکی وا نەبوو کە هەر سەگە بەڕەڵڵایەک بتوانێ داوەلینگی بلێسێتەوە. نا! ئەوە نەبوو؛ بەڵام ئەی بۆ مێرگان ئەمشەو دنیای لێ بووبووە چەرمە چۆلەکە؟ بۆ ئۆقرەی لێهەڵگیرابوو و هەدادانی نەبوو؟ بۆ بە کاری بێهوودەوە خۆی سەرقاڵ دەکرد؟ بۆ لەم دیو بۆ ئەو دیو دەگەڕا و حەجمانی نەبوو؟

ئەبراو هیچی بۆ دەر نەدەکەوت!

ڕاست وەک هەورێک بگرمێنێ، کەربەلایی دووشەممە هاتە قسە:

ـ ئەگەر سلووچی خوالێخۆشبوو بمایە، حەتمەن دەیتوانی لە بیر هەڵکەندنی ئەو مەکینەیەدا کار بۆ ئەو نۆکیسانە بکا. لەوانەیە ببوایەتە سەر کار!

ئەبراو وێک هاتبوو، بەڵام نقەی نەدەکرد. ماتڵی وەڵامی دایکی بوو. بەڵام مێرگان وای بە چاک زانی هەستێ و بڕواتە دەرێ. لمبۆزی درێژی کەربەلایی دووشەممەی لە قوڕ چەقاند و پیرە پیاو بە چزە بزەیەک و زەردەیەکی لاپرەسەنانە خۆی تیمار کرد:

ـ ئم م م م م... !

ئەبراو هەستی کرد تەواوی گیانی دەلەرزێ. دڵە گەنجەکەی کەوتبووە فرکە و لێدان. هەستی دەکرد لێوی بوونەتە خشتی وشک. زۆری شەڕی منداڵانە دیبوو. لە شەڕدا جنێو و قسەی ناخۆشی زۆر بیستبوو. جوابی ناونیتکەی ئەم و ئەوی دابۆوە یان نەدابۆوە. لێدانی خواردبوو یان وەشاندبووی. بەڵام کەربەلایی دووشەممە شتێکی تر بوو. هاوەڵی ئەو نەبوو. ئەبراو لە شەڕدا چالاک و لێزان نەبوو. حەریفی کۆن! بەڵام چارە چییە؟ دەکرێ لە ئاو دەی و قولاپەت تەڕ نەبێ، ئەوەی دەیبینی جارێک لە ژیانیدا سەرەنگرێ بووە. دەبێ دڵ لە دڵ نەدا. کاسەی سەبری پڕ بوو ئەبراو. بە دەنگێکی لەرزۆک تێکەڵ بە ترس و هەیەجانی گەنجانە، گوڕاندی:

ـ تۆ لە چ گەوادێکت بیستووە کە باوکی من مردووە؟!

کەربەلایی دووشەممە نەک چاوی تیژی خۆی، بەڵکوو دوو مارمێلکی خزاندە چاوی ئەبراوەوە:

- پیهه! پیهه! زمانت گرتووە تۆش؟!

بێدەنگ بوو. چاوی لە سەر ئەبراو هەڵگرت، چاوی داخست و دەستی کرد بە تەسبێح گێڕان.

ئەبراو، پشکۆیەک ئاور، هەستا و دەرپەڕی بۆ دەرێ. مێرگان لە پەنا تەندوورەکە ڕاوەستابوو و پەنجەی ڕەقەڵە و باریکی بە لێوییەوە نووساندبوو. ئەبراو لەبەر دەمی دایکی خاو بۆوە. پاژنەی لاقی بە زەویدا کیشا:

- بۆ دەریناکەی ئەو بۆڕەکە بەرەڵڵایە؟!

مێرگان بڵێ چی؟

ئەبراو هەموو ڕقی خۆی بە گوڕڕەیەک لە سینگی دایە دەرێ:

- ها! ! ! ؟!

مێرگان قۆڵی کوڕەکەی گرت و بەرەو تەویلەکە ڕایکێشا. تەویلە تەنیا شوێنێک بوو کە دەیانتوانی سەربەستانە قسەی لێبکەن. لە بەر درگای تەویلەکە، تەپەی قورسی هەنگاوێک ڕایگرتن. پیاوێک هاتە ئەودیوی دیوارەکە. دایک و کوڕ ئاوڕیان داوە. دێوێک بەرەو ڕوویان ڕاوەستاوە. ددانی لە نێو ڕدێنە ڕەشە و پڕەکەیدا سپیی دەکردەوە. ئەبراو لەرزینی قامکی دایکی لە سەر باسکی خۆی هەست پێکرد. لەرزینی باڵندەیەک لە هەمبەر چاوی ئەفعیدا. مێرگان دەبێ ڕەنگی بزرکا بێ. سەردار شاد و لێو بە بزە هاتە پێشێ. دەستماڵەکەی پڕ بوو. دستماڵە پڕەکەی لە سەر قۆڵ و سینگی مێرگان دانا و خۆی کرد بە ژووریدا:

- ڕەفیقی من حاڵی چۆنە؟

عەباسی سلووچ هەموو گیانی چاو بوو و کڕ و کپ. سەرداریشی وەک کەربەلایی دووشەممە دەهاتە بەرچاو. بێ ئەوەی جوابێکی چاکوخۆشی سەردار بداتەوە. سەرداریش لەوە زیاتر چاوەڕوانیی لێی نەبوو.

- خەمت نەبێ. لۆکە ڕەشم لە نێو چوو بە گونتەوە. لەم دنیا گەورەیەدا، ماڵ زۆرە. وانییە مێرگان؟



مێرگان و ئەبراو بێگانە لە ماڵی خۆیاندا، لای درگاکەوە ڕاوەستابوون. سەردار سەرنجی ڕەشی لە چاوی مێرگان بڕیبوو. مێرگان بێدەنگ سەری داخست. سەردار سەبیلەی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و لە سەر دەستاڕەکە دانیشت و کیسەی تووتنی لە گیرفانی دەرهێنا و وەک ئەوەی تازە کەربەلایی دووشەممەی دیبێ، گوتی:

- ها کەربەلاییش لێرەیە!

کەربەلایی دووشەممە لە جێی خۆی نەبزووت. نەک سەردار، ئەگەر کوێخاش بهاتایەتە ژوورێ جووڵەی نەدەکرد. سەریشی هەڵنەدێنا. سەری هەڵنەهێنابوو. نەک هەر لێرە، لە هەر شوێن و کۆڕێک بووایە هەروا بوو. لە شایی و شینا. یان لە هەر کۆبوونەوەیەک و هەر بۆنەیەکدا؛ ئەو بەرداشێک بوو کە بوو.

دووکەڵی قەننەی سەردار کە بەرز بۆوە. لە ژێر چاوییەوە تێیڕوانی و گوتی:

گوتت هاتووی بۆ هەواڵپرسیی ڕفێقەکەت، ها؟!

هەنبانەیەک ڕەشبینی لە بن زمانی کەربەلایی دووشەممەدا شاردرا بۆوە و ئەوەش شتێک نەبوو کە سەردار هەستی پێنەکا. ئەو کەسەی دەوەشێنێ دەزانێ و ئەو کەسەی کە کوتان دەخوا، لە زمانی حەریفەکەی دەگا. زمانێکی ئاشنا. ئاشنایەتی سەردار و کەربەلایی دووشەممەش وە نەبێ هەر ئەمڕۆ و دوێنێ بێ. ڕەنگە زیاتر لە سی ساڵ دەبێ یەکتر دەناسن. لە کاتی لاویی سەرداردا، کەربەلایی دووشەممە پیاو بوو. وشترەکانیان هاوقەتار بوون. هەوسار بە هەوسار. قافڵەکەیان یەکێ بوو. جاروبار سفرەیان جیا بوو. دەنا نان و ئاویشیان پێکەوە بوو. سەردار جڵەوداری قافڵە و کەربەلایی دووشەممە سالاری قافڵە بوو. نەک بڵێی ئاشنایەتییان لەبەر ڕفێقایەتی بوو، نا! چونکە کەربەلایی دووشەممە مەحاڵە بتوانێ کەسێکی خۆش بوێ. هاوڕێیەتی ئەو ئەوەندە بە لایەوە گرینگ بوو، کە بە قازانجی بوایە. شتێک وەک ڕزگار بوون لە بەفرو سەرما و سەغڵەتی زستان و مەترسیی چەتە و ڕێگر، یان قرچە قرچی گەرمای هاوینانەی کەویر. هاوڕیی کردنی خەڵکی بۆ کەربەلایی دووشەممە تەنیا لەبەر ئەوە بوو تەنیا نەبێ. پردێک بۆ پەڕینەوە لە مەترسیی گورگ و زستان و گرەی هاوین. هاوڕێکانیشی ئەوەیان دەزانی. بەڵام

کەسێک کە ئەو خوڵک و خووەی بوو نابێ لە داری دەی! عیسا بە ڕێی خۆی مووسا بە ڕێی خۆی.

- قەننە دەکێشی، کەربەلایی؟

- ها.... ئەرێ. دەکێشم.

سەردار قەننەکەی دایە دەست کەربەلایی دووشەممە و گوتی:

- بەردی مفتەت دەسکەوێ سەرتی پێدەشکێنی! هە، هەها سەد ساڵە دەکێشی، بەڵام قەت کیسەی تووتن لە بەر پشتێندا نەبووە.

کەربەلایی دووکەڵی قەننەکەی باقەیەک دەبوو بڵاوی کردەوە و گوتی:

- سەد ساڵ! نا!، بڵێ سەد و بیست ساڵ! یەکجاری کفنەکەشم بۆ بێنە! چاکە بۆ نەکا خۆت بە منداڵی دوێنێ بزانی؟ ساڵت لە دەست خودا بڕیوە. چاو لە ڕیشت مەکە هەروا ڕەش ماوەتەوە. پێت وایە چەن ساڵت تەمەنە؟

- چەند ساڵ بم باشە کەربەلایی؟

- خۆت بڵێ!

- پەنجا، ڕەنگە پەنجا ببێ و نەبێ.

- نا بڵێ بیست! هێشتا منداڵی و لە لانکەدای، دڵی خۆت خۆشکە.

- یانی دەڵێی تەمەنم لە پەنجا ساڵ زیاترە؟

- من دەڵێم بیست ساڵانی!

ئەگەر لە پەنجا زیاترم بۆ لقێ لە ڕیشم سپی نەبووە؟

- خۆ بە ڕەش و سپی نییە؟! مووی بزنیش ڕەشە! ئەوە قسەیە؟ مووی ڕەش و سپی بە ڕەچەڵەکە. تایەفەی ئێوە وان.

- یانی تۆ بە لاوی ڕیشت سپی بووە،

- ئم م م م....

کەربەلایی دووشەممە مژی لە قەننەکە دا و سەردار بە بزەیەک خۆی بۆ مێرگان نواند:

- ناتەوێ چایەکمان دەیەی بە خورماوە؟



دەسماڵی پڕ لە خورمای سەردار هەروا بە دەست مێرگانەوە بوو. نەیدەزانی چیی لێبکا؟

- لەو سەر تاقەیە داینێ. لەو سەرتاقەیە. خورمای (تەبەسە) خوارشتی زۆر خۆشە.

مێرگان دەسماڵی پڕ لە خورمای لە سەر تاقەکە دانا. پاشان چاوی لە ئەبراو کرد. ئەبراو ڕووی کرد بەولاوە. مێرگان چوو کترییەکەی بێنێ.

- هۆی... ئەبراو! ئەبراو... لە کوێی تۆ، کوڕە؟!

دەنگی سالارعەبدوڵڵا بوو لە کۆڵانەوە هەرای دەکرد. ئەبراو دەرپەڕی. ئیتر نەیدەتوانی قەڵافەتی زەلامی سالارعەبدوڵڵاش لە ماڵەکەدا ببینێ. لە پشت دیواری دەرێ سینگ بە سینگی سالار ڕاوەستا:

- بەڵێ سالار، دەڵێی چی؟

- هەڵێ! خێرا بەرانەکە بێنە با بڕۆینە سەر ڕێگا! میرزاخان هاتەوە. بە شەو پەمپی ئاوەکە دێنێتەوە. هەموو عالەم لە سەر ڕێگاکە کۆ بوونەوە. دەبێ قوربانی بکەین. دەی خێراکە خێرا!!

مێرگان کە پێیەکی لە دەرێ و پێیەکی لە ژوورێ بوو، خۆی گرتبوو کە گوێی لە قسەکانی سالارعەبدوڵڵا بێ. هەتا ترپەی پێی کوڕەکەی و سالارعەبدوڵڵا دوور کەوتەوە گوێی ڕاگرت، پاشان گەڕاوە بۆ وەتاغ.

- چاکە ئاخری هێنایان.

- کەربەلایی دووشەممە بوو لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات.

مێرگان لە پەنا وجاخەکە دانیشت.

سەردار پرسیی:

- ئەم تازە پیاکەوتووانە دەیانەوێ بەو پەمپی ئاوە چبکەن، کەربەلایی؟

کەربەلایی دووشەممە، وەک هەمیشە، تۆزێ خۆی گرت و پاشان بە تەشەرەوە گوتی:

- دەیانەوێ ئاو لە زەویی دەرکێشن، ئیتر! هە، هە!

- لەو زەوییە وشک و برینگە؟!

- چیت عەرز کەم!

- دەی ئەم زەوییە ئەگەر ئاوی ببوایە وشک نەدەبوو. ئەگەر ئاوی ببوایە کانییەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وشکیان نەدەکرد!

کەربەلایی دووشەممە سەرداری لانی‌کەم لەو لایەنەوە بە هاوزمانی خۆی دەزانی، گوتی:

- دەڵێن ئاوی کەرێز و کانییەکان بۆیە وشکی کردووە. دۆڵەساو ناکرێن!

- دەی دۆڵەساوی کەن!

کەربەلایی دووشەممە زەردەیەکی گرت:

- چی؟! دۆڵەساوی کەن؟! بە کەیخودایەتی کێ؟ ترحێو! تۆش قسەی وا دەکەی! ئەو خەڵکە بە بێ ئاغا و سەرگەورە قامک بە ئاودا ناکەن. دەبێ تێڵایان لە سەر بێ. هەتا یەک دوو کەیخودا لە دێیەکەدا بوو. قوڵە بەگەکان هەقی دۆڵەساویان لە پێشدا دەساند. هەر ئەم سلووچە خوالێخۆش بووە هەموو ساڵێک مانگێکی لە ڕێی کەرێز خاوێن کردنەوەوە نانی دەخوارد. بەڵام گەورەکان لەگەڵ ئەوەی پێیان گەیشتە شار و خۆیان لە نێو عەرەب و عەجەمدا دییەوە، پشتیان لە ئاوی کەرێز کرد وئەم گوندە کەوتە دەست وردە مالیکان. ئەوان پارەی ئاو و زەوییان خستە کاری کڕین و فرۆشتنەوە و کانی و کەرێز کەوتە دەست ئەو تازە پیاکەوتوانە! ئەوانەش هەرکامیان دەیەوێ خۆی دەمڕاست بێ. چونکە هیچکامیان متمانەی بە ئەوی دیکە نییە. هەر کامیان قسەی ئەوی دیکەیان بە پڕ و پووچ دەزانێ. هەر کامیان گوتی: «بە من چی؟ خۆ من تەنیا بستێ زەویم هەیە. بە من چی؟ خەڵکی بۆ نایەنە پێشێ؟ بە من چی، بە تۆ چی؟» لە لایەکی تریشەوە دەغڵ و دان هەرزانە و هیچ ناکا. ئەوەش لە هەموو شتێک گرینگترە. گەنم دەبێ مەنی بە سێ تمەن کەمتر بفرۆشین. جووتبەندە هەر زەحمەتەکەی پێدەمێنێ. دەبێ بە ئەندازەی بژێوی ساڵانەی خۆیان داچێنن. هەر کەسەی زەوی و ئاوێکی کەمی هەیە و بە ئەندازەی بژێوی خۆی دادەچێنێ. مەگین کاتی دروێنە چەندە لە بەرهەم و داهاتەکەی دەتوانێ بدا بە دروێنەوان؟ کەسێکی کە زەویی و زاریشی نەبێ دەچێ لە تاجرەکان گەنم دەکڕێ. هەر ئەو گەنمەی کە دەوڵەت لە دەوڵەتەکانی دیکەی دەکڕێ و بە تاجرەکانی



دەفرۆشێ. کڕینی گەنمیش پارەی دەوێ و پارەش دەبێ لە جێیەکەوە بێنێ. ڕەشایی و قەرەی ناو دێ لە چ ڕێگایەکەوە پارەی بۆ پەیدا دەبێ؟ لە ڕێی وەرزێرەوە؟ وەرزێریش هیچی بە دەستەوە نییە. دەوری تەندراوە. بۆیە زەمینج خەریکە دەشێوێ. لاوەکان دەچن هێزی شان و باهۆیان لەجێیەکی دیکە دەفرۆشن. ڕەنگە تاقمێکیان هەر نەگەڕێنەوە. بۆیە کارێز بە ئیجارە دراوە. هەموو کارێزەکانیان بە ئیجارە داوە. کارێزیش وەک مرۆڤ وایە، وەک وشتر، وەک پەز؛ جیاوازیی نییە؟ کاتێ ماریجەی ناکەی. کاتێ ئاو و خۆراکەکەی لە کاتی خۆیدا نادەیەی، بە چۆکدا دێ. نەخۆش دەکەوێ. فەرقی چییە؟ هەر بۆیە کارێزەکە نەخۆش کەوت. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاوەکەی کەم دەکا و ئێستا بە حاڵ ماریلە دەکا. کەمی کرد و وشکی کرد. لەوە وشکتریش دەبێ، جارێ چت دیوە؟ پاشانیش سەرو سەکوتی ئەو میرزا حەسەنە پەیدا بوو، چوار پێنج کەسی سایلۆح و گەمژەی هەڵخەڵەتاند و سەرپلی خستن کە چاڵاو لێدەن بۆ پەمپی ئاو. با بزانین ئاخری کارەکەیان بە کوێ دەگا! من دڵم ئاو ناخواتەوە. کوڕەکەشم کە شەریکیانە با بێ!

سەردار پرسیی:

- ئێستا ئەو پەمپە کاری کارێزەکە دەکا؟ وا هەیە پاتاڵ و شت لێی پاراو بن. یان بۆ خواردنەوەی وشترەکانم دەبێ پارە بدەم؟!

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

- بۆ منیش تازەیە. نازانم!

- ئەو پەمپەش وەک دەزانی شەریکییە، مەگین نا؟

- ئەرێ، ڕاست وەک کارێزەکە. دوو سێ کەسیان گەورە بەشن و ئەوانی دیکە سەعاتێک و دوو سەعات نۆرە ئاویان هەیە.

- گەورە بەشی یەکەمیان میرزا حەسەنە، نا؟

- ئەی چی... وا دەڵێن.

- یانی دەیهەوێ جێی ئەرباب بگرێتەوە، ها؟

- ڕەنگە. لەوانەیە! بەڵام لە مەیاندا دەمبەپووش دەبێ! بە کامە زەوی؟ زەویی بەیار؟! ها! پێی کارێکی زۆر ئاسانە. ئەگەرچی چاوی لە زەوییەکانی کوڕەکەم و

زەبیحوڵڵای برازامە، بەڵام دیسان تووشی هەڵە بووە. زەوی خۆ بەسەر یەکەوە نین. هەر پەڵەی لە جێگایەکە. دەزانی چەندەی تێدەچێ هەتا ئەو ئاوە دێتە دەرێ؟ ئەویش ئەگەر بگاتە ئاو. چۆنی دەگەیەیەننە ئەو زەوییە پرژ و بڵاوانە؟ پەمپی ئاو! ئەوی پارەی زەمینجە بە دەست ئەو سێ چوار کەسەوەیە و لە رێی ئەو ئاسنەواڵەیەدا خەرجیان کردووە، ئەوە هیچ وامیان لە دەوڵەتیش وەرگرتووە! جا بزانە چۆن دەیبینین رۆژێک پاتۆڵیان بە پێوە نامێنێ!

ڕاست و ناڕاست، کەربەلایی دووشەممە ئاواتەکانیشی تێکەڵ پێشبینییەکانی دەکرد. پێشبینییەک کە لەگەڵ ڕق و بەرچاو تەنگی ئاوێتە بوو. سووک و چرووک بوونی خەڵکی. ئەگەر خەڵکی سووک و چرووک بوایەن ئەو هەستی بە سەربەرزی خۆی دەکرد. هێندێ کەس وان، سەربەرزی خۆیان لە سەر نەوی بوونی خەڵکدا دەبینن. بە هەزار زمان هاوار دەکەن: تۆ مەڕۆ با منی ڕاوەستاو وە پێشت کەوم!

ئەو جۆرە مرۆڤانە، چونکە لە جێیەکدا وشک کراون و ماونەتەوە؛ چاوی دیتنی جووڵان و گەشە کردنی کەسیان نییە. داخ لە دڵ، بوغز لە زگ؛ کوێرە ماری سەرە ڕێ! جا بێتوو ڕۆژێک پێشبینییەکەیان وەڕاست گەڕێ و بێتە دی! بڵێی چبکەن؟ بەڵام ناکرێ بە قسە و چاوی ئەوان گەشبین بی. قسەکانیان لەبەر بەرچاو تەنگییانە، ئەگەر هێندێ جار قسەشیان وەڕاست گەڕێ. بۆیە لە هەموو کاتێکدا ڕق و قین لە دڵیاندا جمەی دێ و ترسی ئەوەیان هەیە جێیان پێ‌لێژ بێ.

کەربەلایی دووشەممە وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە جێگای پێ‌لێژ دەبێ. ئەو هەتا کاتێ خۆی بە ڕاوەستاو دەزانی کە خەڵکی ئاتاج و موحتاجی بن. بەڵام هەمیشە خەڵک بە هەر شێوەیەک بوایە و بۆیان بلوایە، دەروویەکی دیکەیان بۆ خۆیان پەیدا دەکرد. کەربەلایی دووشەممە هەستی دەکرد جێگای پێ‌لێژ بووە. لەوە پێش جارجار هەستی پێدەکرد. بەڵام ئێستا بە تەواوی هەستی پێدەکا. وامی دەوڵەتی بووبووە دڕووی چاوی. ئەو لەخۆ ڕادیوییەشی نەبوو پارەکانی بۆ کارێکی دیکە وەگەڕ خا. نەیدەوێرا. لەمەوبەریش بەرچاو تەنگی و بەخیلی بواری پێنەدابوو. پارەکانی ئەو پارەیەی لە قازانجی وشترداری و فرۆشتنیان وەدەستی هێنابوو-بۆ کارێک بخاتە گەڕ. ئەو تەنانەت دڵۆپێکی ئاوی کارێزیش نەکڕیبوو. بستێ زەویشی



نەکڕیبوو. سالارعەبدوڵڵای کوڕیشی تۆزێ زەوی و زاری لە میراتی دایکی پێگەیشتبوو و دانێ ئاویشی لە لایان ئەربابەکانەوە پێبڕابوو. پیرە هەژدیها، لە سەر کووپەی پارەکانی پاپۆکەی خواردۆتەوە و چاوی بەرایی نادا هیچ کەس ببینێ. مەگین تاقولۆقێک خەڵکی هەژار کە ناچار دەبوون ڕووی لێبنێن. کەربەلایی دووشەممەش بە کەیفی خۆی سوود و بەهرەی زیاد دەکرد و وەک مار پێوەی دەدان.

بەڵام ئەمڕۆ جۆرێکی‌تر بوو. زەین و چاو کرابوونەوە. ئەربابەکان زەوی و زاریان فرۆشتبوو و چووبوونە شار. ڕەشایی و جووتبەندەکانیش پێیان بۆ شار کرابۆوە و وا وریا بووبوونەوە کە موحتاجی دەستی کەربەلایی دووشەممە نەبن. دەماوە قوڵەبەگەکان کە دەستیان بە دەمیان ڕادەگەیشت. ئەوانیش هەستابوون و دەستیان دابووە کاری وەرزێڕی و کشت و کاڵ. حەزیان لە ئەربابیەتی بوو و دەیانویست وەسەر کەون. بە شێوەیەکی دیکە ڕێگا بگرنە بەر و بڕۆنە پێشێ. ئەوانەی مابوونەوە، ئەو کەسانە بوون کە لەگەڵ هەرزان بوونی نرخی بەرهەم و گران بوونی هەقی کرێکار، بە ناچاری تەڕاکتۆر و خەرمانکوت و پەمپی ئاویان هێنابوو. خۆیان بە کشت و کاڵەوە سەرقاڵ کردبوو. نە ئەوەندە دەوڵەمەند بوون وازی لێبێنن. نە ئەوەندەش دەستەنگ بوون ببەزن. جووتیارانی ناچار. ئەوانە دەبوو بە شێوەیەک بەرەی خۆیان لە ئاو دەرکێشن. ئەوانیش ئیتر کاریان بە کەربەلایی دووشەممە نەبوو. دەروویەکی دیکەیان دیتبۆوە، دەروویەکی دیکەیان بۆ کرابۆوە و چاوی هیوایان تێبڕیبوو: دەوڵەت. لەو ڕێگایەشدا میرزا حەسەن پێشەنگ بوو. هەر ئەویش بوو کە شەو و ڕۆژ خەریکی هەوڵ و تێکۆشان بوو. هەڵدەسووڕا. لەم دایەرەوە بۆ ئەو دایەرەوە و لەم نووسینگەوە بۆ ئەو بانگ. لەم شارەوە بۆ ئەو شار و لەم پارێزگاوە بۆ ئەو پارێزگا. ناوەند. گونبەد. گورگان. مەشهەد. شارەکەی خۆی. زەمینج و بیابان. هەر ئەو بوو، شمشیری دوو دەم کە لە هەموو شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەس سەر و کەللەی لێدەدا.

ـ لە بیرتە ئەم میرزا حەسەنە تازە پیاکەوتووە ساڵی قەند و شەکرەکە چ دزییەکی کرد، سەردار؟

ـ بەڵێ لە بیرمە!

ـ ئەگەرچی سالارعەبدوڵلای کوڕم شەریکییەتی؛ بەلام دیسان زمانم بە ناهەق ناگەڕێ. نا! دڵم ئاو ناخواتەوە. بە هیوای کێ تێکوشیو دەکا؟! نازانم!

ـ بۆچی خۆت یارمەتییان نادەی؟ پارەکانت وەگەڕ خە! خۆشت بۆ لەگەڵیان نابیتە شەریک؟ خۆ تۆ ناتەوێ ئەو هەموو پارەیە لەگەڵ خۆت بەریتە گۆڕەوە!

ـ کامە پارە؟! هە! پارە! گاڵتە دەکەی؟! بۆ پارەم بە دەستەوە ماوە؟

چایی. مێرگان پیاڵە و ئیستیکانەکانی لە سەر کەشەفەکە ڕیز کرد و دەسماڵی خورمای لە سەر تاقەکە هێنا.

سەردار گوتی:

ـ چایەکیش بۆ عەباس تێکە!

کەربەلایی دووشەممە پەرداخە چاییەکەی هەڵقوڕاند و خورماکەی لە ژێر ددانە ڕزیوەکانیا فلیقاندەوە، ناوکە خورماکەی لە دەمی دەرهێناوە و چاوی لێکرد و گوتی:

ـ خورمای چاکە! دەرەجە یەکە! ئێستاش لەو خورمایە دەخۆی؟

ـ سەردار خۆی هەڵکێشا:

ـ مانگی پووشێک؛ حاجی ماشی خۆی هەموو مانگێک بۆم دەنێرێ. نەخۆم ناتوانم وەدوای وشتر کەوم! مەگین بە جێی ئەو مێوژە ڕەشکەی دەرەجە یەک وەگیر خەم. یان کشمیشی سەوزەی عالی.

کەربەلایی دووشەممە گوتی:

ـ چاکە، زۆر چاکە! یادی بە خێر، یادی بە خێر!

سەردار گوتی:

ـ تۆ چی دەخۆی کەربەلایی؟ نانی ئاو کراو، یان وەک مشک گاز لە لیرە دەگری؟!

سەردار ترسی ئەوەی نەبوو کەربەلایی دووشەممە بە قسەکانی تێکدەچێ، بەڵکوو ئەو دەیویست ئەو قسانە بە گورچووی دادا. هەر چۆنێکە بە قسەی تاڵ و ڕووشکاندن پیرە پیاو لە ماڵی مێرگان دەرکا. بۆیە درێژەی بە قسەکانی دا:



ـ تۆ لە کاتی دەوڵەمەندی و وشترداریشدا هەر گوونەکەر بووی! هەر لە سەر سفرەی خەڵکی دەلەوەڕای. چاییت بە شەکر و کشمیشی تاجرەوە دەخواردەوە. نانەکەشت بە ڕۆنی تاجر چەور دەکرد کە باری وشترەکانت بوون و وەک ئەمانەت پێت سپێردرابوو! ئێستا چی دەخۆی؟ ئێستا چ دەکەی؟ ئەربابی نابووت بووش نەماون کە پارەیان بە سوود بدەیتێ و لە سەر سفرە و خوانەکەیان زگ بەردەیەوە. کەوایە چدەکەی؟! ڕەنگە بە بۆن پێوە کردنی پارەکانت زگت تێر کەی، ها؟ من خۆ جارێکیش نەمبیستووە تۆ درەمێک ئاوی چەور بە سەر نانەکەتدا بکەی. هەتا کەنگێ نانی وشکی، پیاو! پووک و گەرووت بریندار نابێ؟!

کەربەلایی دووشەممە لە وەڵامیدا گوتی:

ـ زۆر بەرزەفڕ بووی و خەریکی خۆت هەڵدەکێشی! هە! منیش نەمبیستووە سەردار پێخاوس لە نان و دۆ زیاتر خواردبێتی! بەلام دۆست و دوژمن دەزانن کەربەلایی دووشەممە ڕۆژی ژەمێک ڕۆنی دەرەجە یەکی مەڕ دەخوا!

سەردار وەک ئەوەی وەڵامەکە لە گیرفانی دەرهێنێ گوتی:

ـ ئەرێ، لە ماڵی ئەم و ئەو!

ـ بۆ لە ماڵی ئەم و ئەو؟ ماڵی ئەم و ئەو ئەمرۆ گسکی لێدراوە. لە ماڵی کوڕەکەم دەخۆم، لە ماڵی کوڕەکەم!

ـ لە ماڵی کوڕەکەت! هە! مەگین پیاو کەڕ بێ نەیبیستبێ بووکەکەت دەری کردووی و لە کادێنە کۆنێکدا دەخەوی!

ـ بووکەکەم؟! بووکەکەم لە ماڵێ دەرم بکات؟ گووی بابی دەخوا بووکەکەم! چاوی دەردێنم، پشتی لە زگی نەرمتر دەکەم. چۆن دەتوانێ دەرم بکا. دەبێ سێ ژەمە نان و پێخۆرم بۆ ساز کا و بۆم دانێ. من هێشتاش حەوتووی حەوت جار هێلکە و دۆشاو بە ڕۆنی زەردەوە دەخۆم.

ـ ئەی کوا دووگت؟

ـ دەوەرە زۆرانی دەست، ئەگەر پیاوی!

ـ ئەوە ئیتر غیرەتی دەویست. کەربەلایی دووشەممە لەبەر ڕق هەستاوی ئەوەی لە دەم دەرپەڕی. لە پڕ. خۆشی نەیزانی بۆ ئەو قسەی کرد. یان بۆ لە دەمی

هەڵخلیسکا. خۆهەڵکێشان. ڕەنگە ئەگەر مێرگان لەوێ نەبوایە قەت قەت ئاوا بێ بوار لە ئاوی نەدابایە. بەڵام لەبەر چاوی مێرگان و هەروەها دەیزانی ژنە گوێی لە هەموو قسەکانیان بووە. بۆیە پیرە پیاو ئاوا هەڵچوو و لە هەمبەر دێوێکی وەک سەرداردا ڕاوەستا و خۆی بۆ کارێک هەڵکرد کە ئاکامەکەی هیچ لە باش نەدەچوو!

سەردار قۆڵی هەڵکرد و هاتە پێشێ:

ـ لەسەر چی؟

ـ تۆ داینێ!

هەردووکیان بۆیان ڕوون بوو کە بۆ وا دەستیان کردووە بە خۆهەڵکێشان و با لە خۆ کردن و ململانێ. سوور سوور دەشیانزانی کە مێرگان لەوسەری دێتەوە و دەزانێ چییان لە دڵدایە. بۆیە سەردار ڕوو هەڵماڵاوانە گوتی:

ـ هەر کەس بەزی، ئیتر سەر بەمماڵەدا نەکاتەوە!

ـ دەرفەتی وەڵام و چەنە چەن نەبوو. سەردار خۆی دەیبڕی و دەشی دووری. لەبەر چاوی زیتی عەباس و ڕوخساری شڵەژاوی مێرگان؛ کەربەلایی دووشەممە پیرە کەڵ، وێکهاتەوە و هێواش لە بن دیوارەکە هەستا و هاتە پێشێ و ڕووبەرووی سەردار ڕاوەستا. کوڵە بنە و تێکسمڕاو، بێدەنگ و پێداگر. چۆکی چەپەی لە زەوی چەقاند و پاژنەی ڕاستەی لە قوولکی خۆڵەمێشدانی بەتاڵ گیراند. ئێستا کاتی ئەوە بوو پەنجە لە پەنجەی یەکتری توند بکەن و یەکتری تێکبشکێنن. ئەوە جۆرێک زۆرەبانیی پیاوان بوو و سارەوانان لە دەڤەری کرمانەوە بە دیاری هێنابوویان بۆ (خۆراسان) پەنجەیان لە پەنجەی یەکتردا بوو. قامکی کەربەلایی دووشەممە قوڵە و ئەستوور، قامکی سەرداریش هەرکام دەتگوت خەیارن. پەنجە لێک هەڵپێکران و هەنیشک لە زەوی هەڵچەقین. تاقی کردنەوەی هێز و توانا.

مێرگان نەیدەزانی چبکا. لەوان زیاتر دڵەخورپەی پێکەوتبوو. بێ ئەوەی ڕازی بێ، خۆی لەو ململانێیەدا بە شەریک دەزانی. هەستابووە پێ و لە بن دیوارەکە چاوی تێبڕیبوون. دوو دێوی نارەسەن خۆیان کردبوو بە ماڵەکەیدا و خۆیان بە سەر ماڵ و ژیانیدا سەپاندبوو. مێرگانیش چاری ناچار بوو.

ـ دەی؛ قەوەی خۆت تاقی کەوە!



ـ تۆ هێزی لێدە، هەوەڵ تۆ!

ـ دەی هەردووکمان پێکەوە!

ـ هەردوو پێکەوە، ها...

هێز تێکەڵ هێز. وزە تێکەڵ وزە.

هەرکام ئەوەی هێز و وزەی لە لەشیاندا بوو لە باسک و پەنجە و مەچەکیاندا کۆیان کردبۆوە. هێز لە هەردوو لاوە. دوو دەست. دوو پیاو. دوو هێز. ڕەگی ئەستووری لاملی کەربەلایی دووشەممە جارلەگەڵ جار زیاتر هەڵدەستا. چاوی سەردار وردە وردە زەقتر دەبوونەوە. هەردوولا ئارام و بێ تاڵووکە. گوشار لە دەمارییاندا شەپۆلی دەدا و خۆی دەگەیاندە مەچەکیان. ڕەگی پشتی دەستیان هەستابوو. دوو دەست بووبوونە یەکدەست. دوو پیاو، پێچکەی کۆتەڵ. کۆتەڵێکی سوور هەڵگەڕاو.

خوێن لە ڕوومەتیان گەڕاوە. چاویان پێ زەق بووە، هاکا دەرپەڕین. لێویان لە ژێر ددانیاندا. تامی خوێن، لە سەر زمانیان. ملیان ڕەق و ڕەپ. ڕیشیان دەلەرێتەوە. پەڕەی لووتیان دەلەرزێ. یاوێکی شاراوە دایگرتوون. ڕووخان. شەق بردن و داڕووخان!

دیار بوو سەردار دەتوانێ بە زەبرێکی کتوپڕ دەستی کەربەلایی دووشەممە لە عەرز دا؛ بەڵام بەقەستی نەیدەکرد! دەیویست پیرە پیاو بخافڵێنێ،ماندووی بکا. هێزی لێببڕێ. ئەوسا لە عەرزیدا. دڵڕەق، دەیویست پیرە پیاو تێکبشکێنێ! بەڵام کەربەلایی دووشەممە خۆی ڕاگرتبوو. یارمەتیی لە هەموو ڕۆژانی تەمەنی وەر دەگرت. گیانی وەبەر دەهاتەوە. لاو دەبۆوە. ڕۆحی بە چنگ و ددان یارمەتیی دەدا. خوێن لە لێوی خواروو دەچۆڕا و بە ڕیشیدا دەهاتە خوارێ. سوورە دەماری سپێنەی چاوی خوێنی تێگەڕابوو. ڕەگی نێو چاوانی دەتگوت پچڕا. بەڵام نەیدەویست ببەزێ. بەرگەی سووکایەتیی نەدەگرت. لە دەرفەت دەگەڕا کە دوایین وزە و فێڵی خۆی وەکار خا. سەردار چونکە متمانەی بە پەنجە و باسکی خۆی بوو، تۆزێ خۆی بۆ شل کرد. بۆ ئەوەی دڵی پیرە پیاو خۆش کا و درێژە بە کایەکەی بدا. بەقەستی دەستی خۆی لەرزاند. کەربەلایی دووشەممە دڵی خۆش بوو و بڕوای

کرد. هەرچی هێز و وزەی لە لەشدا بوو کۆی کردەوە و بە زەبرێکی کتوپڕ سواری دەستی سەرداری کرد. ئەمجارە بەڕاستی مەچەکی سەردار تووشی لەرزین بووبوو. بە سەریدا زاڵ بوو و بێ بەزییانە داینەواندبوو. بە جۆرێک کە بە هیچ شێوەیەک سەردار نەیدەتوانی دەستی وەک هەوڵ هەستێنێتەوە ڕایگرێ. تووشی تەنگژەیەکی ناخۆش بووبوو. کەربەلایی دووشەممە دوایین تەوژمی خۆی بە سەردار سوار کرد و شەقە شەق چوار قامکی سەرداری تێکشکاند و لە عەرزیدا. بەری دەستیان لە تاویاوێکی گەرمدا ئارەقە پێکەوەی نووساندبوون؛ دەستیان لێک کردەوە. سەر تا پایان وەسەر ئارەقە گەڕابوو. کشانە دواوە و لە سەر لاتەنیشت کەوتن.

ژانی لە ڕادەبەدەر. بەڵام ژانی شەرم زیاتر بوو. قسەی پیاو یەکە! سەردار هەستا پێ. قامکە شکاوەکانی نایە ژێر باخەڵی و بێ ئەوەی چاو لە چاوی کەس بکا، بە بەر چاوی زەق و پڕ لە غلووری کەربەلایی دووشەممەدا لە درگاکەوە چووە دەرێ. مێرگان شانی داتەپیوی سەرداری دی کە لە تاریکایی حەوشەکەدا لە چاو ون دەبوو، چاوی پڕ لە داخی تێبڕی:

سووک و چرووک بوونی پیاو؛ پیاوی سووک و چرووک.

کەربەلایی دووشەممە کشاوە بن دیوارەکە و وەک هەمیشە پاڵی داوە و دەستی کرد بە هەڵگلۆفینی پەنجەکانی. بێ ئەوەی سەر هەڵێنێ قسەی دەکرد. واق مانی بێدەنگی مێرگانی هەست پێدەکرد. بەڵام نەیدەویست وزەی پیرانەی خۆی بە ڕووی ژنە دا بدا و خۆی هەڵکێشێ.

قۆڵ هەڵکراو و دەست و پل خوێناوی ئەبراو هاتە ژوورێ. شاخی سەلکە بەرانێکی بە دەستەوە گرتبوو کە لەسەر ڕێگای پەمپی ئاوەکەدا کردبوویانە قوربانی. لەگەڵ ئەوەی چاوێکی لە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوی کەربەلایی دووشەممە و ڕەنگی بزرکاوی دایکی کرد، سەری بەرانەکەی پیاوانە فڕێدا سووچێک و کێردەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەرکێشا و لە هەمبەر کەربەلایی دووشەممەدا ڕووی کردە دیوارەکە و بە زەبرێک لە دیوارەکەی هەڵچەقاند. پاشان وەرسووڕا و چاو لە چاوی کەربەلایی دووشەممە پاڵی دا بە دیوارەکەوە. کێردی



خوێناوی ڕاست لە پشت سەری ئەبراو لە دیوارەکە هەڵچەقیبوو. ئەوە یەکەم جار بوو ئەبراو گیاندارێکی بێ گیان کردبوو. بۆیە چاوی سوور هەڵگەڕابوو. لێوی بێدەنگی لێک ترازاند و گوتی:

ـ هەستە وەدەر کەوە، کەربەلایی!

قسەکەی ئەوەندە قایم و پیاوانە بوو، کەربەلایی دووشەممەی ڕووخاند. پیرە پیاو دەستی بە چۆکییەوە گرت و هەستا، گوتی:

ـ ئەزقەزا... دەمویست... بڕۆم!

هەستا و بەرەو درگاکە ڕۆیی. لەنگەرێکی گرت و گوتی:

ـ دەی پەمپی ئاوەکەیان هێنا بە سلامەتی؟!

ئەبراو جوابی نەداوە. درگاکەی لە پیرە پیاو پێوە دا و پشتی درگاکەی خست. کێردەکەی لە دیوارەکە دەرکێشا و بەرەو مێرگان چوو.

کێ باوەڕ دەکا؟ چاوی گەورە و خەمباری عەباس زەق بوونەوە. کێ دیویە کوڕێک دایکی خۆی بکووژێ؟! نا! مێرگان بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. ئەبراو لەبەر چاوی پڕ لە ترسی عەباس، لە بەر دەمی دایکی ڕاوەستا. چاوی لە چاوی بڕی و گوتی:

ـ ڕاستم پێ بڵێ، مێرگان! ئەو نێرەکەرانە لە ماڵی سلووچ چدەکەن؟!

هاتوون جێی باوکم پڕ کەنەوە؟! ها!... بۆ لاڵ بووی؟ پێم بڵێ!

ڕاست وابوو مێرگان زمانی شکابوو.

پوورە مێرگان! پوورە مێرگان! موسلیمە دەیگوت سبەینێ بێ بۆ ماڵی ئێمە. سبەینێ نان دەکەین. پوورە مێرگان! کەس لە ماڵێ نییە؟!

پوورە مێرگان!»

# بەشی چوارەم

## بەندی یەکەم:

لەگەڵ پایز پەمپی ئاویان هێنا و کوڕەکانی زەمینجیش هاتنەوە. تەنیا قودرەت نەهاتبۆوە.

- ئاخر بۆ؟ بۆ تەنیا ئەو؟

- گوتی بێمەوە چبکەم؟ گوتی مەگین نابێ دیسان بگەڕێمەوە؟! دەی چاکە، بۆ من مەلا نەسرەدینم! پیاو دەبێ لە جێیەک مسۆگەر بێ. جێی خۆی بکاتەوە.

- کاغەزێ شتێکی نەدانێ بۆم بێننەوە؟!

- نا؛ بە منی نەدا.

- ئاخر لە کوێ ماوەتەوە؟ قودرەت ئێستا لە کوێیە؟

- کاری بێستان کە تەواو بوو، ئەو ڕۆیی بۆ تاران و گوتبووی لە نانەواخانەیەک کار دەکات. هەروەها گوتبووی ناچار نیم هەر لەو نانەواخانە بمێنمەوە؛ گوتبووشی ئەگەر کارێکی چاکترم دەستکەوێ لەوێ دەڕۆم.

- چاکە ئەمن چبکەم؟ باوکی خۆی لە بیر نییە؟!

کوڕی سەنەم پێکەنی و گوتی:



- گوتبووی بە گۆڕی بابی بابمەوە! خۆ من ئەوم نەچەقاندووە کە هەقی بە سەرمەوە بێ، ئەو توخمی منی چەقاندووە؛ بە گۆڕی بابییەوە!

باوکی قودرەت لە مراد و ئەبراو دوور کەوتەوە و لە پاڵ کەلاوە کۆنەکەدا ڕاوەستا و گوتی:

- ڕۆڵە گیان، قودرەت گیان، بێکەست کردم، باوە گیان! نەحەسێیتەوە ڕۆڵە گیان! یا خودا بۆ هەر کوێیە دەچی نان سوار بێت و تۆ پیادە، ڕۆڵە گیان! نان سوار بێت و تۆ پیادە، ڕۆڵە گیان، ڕۆڵە گیان...

دەنگی تووک و نزای باوکی قودرەت ئیتر نەدەبیسترا.

مراد و ئەبراو لە پیرە پیاوی عاجز و زەبوون دوور کەوتنەوە. کوڕی سەنەم بە گیرفانی پڕ لە پارەوە هێندە بادیهەوا بووبوو، دەتگوت بە سەر هەوراندا دەڕوا. دەرفەتی خەمخۆریی نەبوو. پێیخۆش بوو هەر لە ڕێوە بە تەواوی کۆڵانەکانی زەمینجدا بگەڕێ و خۆی بە هەموو خەڵکی نێو دێ نیشان بدا. خۆی بنوێنێ. دەستێک جلی نوێی کە زۆریش بە بەری تەنگ بوو ـ لەبەر کردبوو. دەچوو کە لەبەر چاوی ئەم و ئەو پۆز لێدا. دەستی چەپەی لە گیرفانی نابوو لە پەستا خڕەی لە قەرە پووڵەکانی دێنا. ئەبراو هەر تاو ناتاوێک چاوێکی لە جل و بەرگی مراد دەکرد و دەیویست عەیبێک لە قەڵافەت و جل و بەرگی بدۆزێتەوە. بە بڕوای ئەبراو ئەو جل و بەرگە لە مراد نەدەکاڵانەوە. دەلینگی شەڵوارەکەی قوڵە و نافەکەکەی تەنگ بوو. قۆڵی کراسەکەشی کورت بوو و لە سەروو مەچەکییەوە ڕاوەستابوو. دەتگوت نێوشانی هەر ئێستا دەتەقێ! بەڵام مراد هەتا جلە تازەکانی بە هەموو خەڵکی نێو دێ نیشان نەدایە، دڵی نەدەحەساوە مراد ئاشقی ئەو ڕێ ڕێ قاوییانە بوو کە بە شەڵوارە بۆرەکەیەوە بوو سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا. ئەگەرچی ئەبراو خێرا مشتەریی کراسەکەی بوو، بەڵام مراد هەتا جلەکانی لە کەڵک و کەرم نەخستایە نەیدەفرۆشتن. ئەبراویش هەرچی دەیلێ با بیلێ!

- دەی ئاخری بە چەندە؟

- هەر نایفرۆشم، حاڵی بووی!

ـ ئاخەر بە بەرت زۆر تەنگە! خەریکە دەپچڕێ!

ـ دەپچڕێ! با بپچڕێ، تۆ تەماشای مەکە!

ـ باشە دەی!

ـ باشە دەی و سندان.

ـ شان بە شانی یەک بە قسە کردن وەڕێکەوتن. کە مراد حاڵی عەباس بپرسێ بەڵام عەباس و مێرگان هیچیان لەماڵێ نەبوون.

ـ بەو بەیانییە زووە بۆ کوێ چوون؟

ـ چووزانم! ئیتر هیچکام خەبەرمان لە کاری ئەویتر نییە!

ـ لەگەڵ دایکت نێوانت نییە؟

ـ قسە ناکەین. بڵێین چی، قسەمان نییە بیکەین!

ـ خوشکت چی؟ هاجەر.

ـ کەم، کەم وایە بێتەوە. مێردەکەی ناهێڵێ لە ماڵ بێتە دەرێ! کاتێ دەچێ بۆ ئاویش چاوی هەر بە سەریەوەیە و وەدوای دەکەوێ.

مراد بە هێواشی گوتی:

ـ جا بۆ؟!

ئەبراو قسەکەی گۆڕی:

ـ میرزا حەسەن پەمپی ئاوەکەی خستۆتە کار، بچۆ بۆ لای بەڵکوو کارێکت بداتێ!

مراد گوتی:

ـ بچم بۆ لای؟ هە هە! دەبێ لەبەریشم بپاڕێتەوە. جا بۆ دەستەنگم یان ناچار؟ ئەوەندەم پارە هێناوەتەوە هەتا نەورۆز بیخۆم و موحتاجی کەس نەبم. لەگەڵ ئاوری نەورۆزیش کە ئەسپێ لە گیرفانمدا دەستیان کرد بە سەوزەڵێ، دیسان جانتای سەفەر دەپێچمەوە و دەڕۆم. ڕەنگە ئەمجارە وەک قودرەت ڕۆیشتم و نەهاتمەوە! ئێستاش کارێکی خراپم کرد هاتمەوە. بریا نەهاتبایەمەوە. لێرە چبکەم؟ بسووڕێمەوە و تۆز بچێتە گەروومەوە!... ئەی تۆ؟ پێموا تۆ کارەکەت خراپ نییە؟!

ـ من؟... خراپ نییە. کارەکەم باشە.



مراد گوتی:

ـ ئەگەر بزانی لەو دەڤەرانە تەراکتۆر چەندە زۆرە! وەک مێروولە. ئیتر کەس بە گا جووت ناکا. گەنمیش بە دەراسە دەدوورنەوە. ئێمەیان بۆ دروێنەوانی نەگرت ئیتر. ناچار بووین بچین لە سەر بێستان کار بکەین. چونکە کاری بێستان هەمووی بە دەستە و بە تەراکتۆر ناکرێ. لەوێش بێستان و تەرە کاری ڕمێنی چاکی هەیە. لە پایتەختەوە نزیکە بۆیە. بە دوو ساعات بار دەگاتە مەیدانی تەرەبار. خەسار نابێ. کاڵەکیش بەوە دەڵێن کاکە! یەکی چوار پێنج کیلۆ. شیرین. وەک هەنگوین. قاشێک کاڵەک بخۆی هەتا شەوێ برسیت نابێ. زۆر خۆشە!

ـ کار چۆنە؟ کارەکەی گرانە؟

ـ کار ، کارە ئیتر. مەگین کاری ئاسان هەیە! پیاو دەبێ کاڵەکیش بار بکا. وپێمەرەکاریش بکات. گەرما و خۆرەتاو و ئاوی سوێر و مێشەکوێرەش هەیە. موغموغە هەموو دەڵێی درەوشەی پینەچییان پێیە. باقییەکەشی خۆت حیسابی بکە. کاریش لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دەست پێدەکا هەتا ڕۆژئاوا. ئەرباب و برای ئەرباب یان کوڕی ئەربابیش بە سەرتەوە ڕادەوەستێ. ئەوانەش نەبن سەرکار هەیە. پیاو ئەگەر کەم هێز بێ باوکی دێتە بەرچاوی! هەر ئەو قودرەتەی هەڵات بۆ پایتەخت، زیاتر لەبەر ئەوە بوو نەیدەتوانی لە سەر بێستان کار بکا. بۆیە ڕۆیشت کەل و کونێ پەیدا کا و کاری لێبکا. من نەمویست بە باوکی بڵێم. دەنا بیستوومە دوو سێ جار لە سەر کارەکەی سەرودڵی لێهاتووە و کەوتووە. ئەو جێگایەی من کارم لێدەکرد فرسەخێک لە شوێنی کارەکەی ئەو دوور بوو. گوتیان لە نێو مەزراکەوە ڕایانکێشاوە هەتا بن کەپرەکە و بە سەتڵ ئاویان بە سەردا کردووە. بۆیە ناوی بە تەنبەڵ و تەوەزل دەزرێ و ئیتر کەس کاری ناداتێ. قودرەت زانیی ساڵێکی دیکەش دەبێ ئەو دەردە بکێشێ. بۆیە چوو بۆ شار لەوێ کارێک پەیدا کا. لەوێ ئەگەر کەسێک چاک کار بکا، ناو دەر دەکا. خراپیش کار بکا ناو دەردەکا. ئەگەر چاک کار بکا، خاوەن کار خۆشی دەوێ و ڕیایی لەبەر دەکا. بەڵام ئەگەر خراپ کار بکا لە سەگیان ناخۆشتر دەوێ و دەری دەکەن.

- تۆ چی؟ تۆ؟ بەو شان و باهۆیەتەوە ڕەنگە زۆریان خۆشویستبێتی؟

مراد گوتی:

- من بە قەد گایەکی سیستانی بۆ ئەو سپڵەی پێنەزانانەم کار دەکرد.

گەیشتبوونە دەرەوەی زەمینچ.

تەراکتۆرەکەی میرزا حەسەن لە بن دیوارەکە بوو. ئەبراو دەورێکی تەراکتۆرەکەی لێدا، بە لەقە لە تەگەرەکانی دا؛ پاشان ڕۆنەکەی تاقی کردەوە و چالاکانە پەڕییە سەری و لە سەر سەندەڵییەکە دانیشت:

- وەرە سەری

- چی؟ یانی تۆ لێیدەخوڕی؟!

- بۆ لێینەخوڕم؟ بۆ گۆجم؟

- یانی هەتا ئێمە ڕۆیشتین و هاتینەوە، تۆ بوویە شۆفێر؟

- ئەی دەتویست نەبمە شۆفێر؟

- نا... نا! بەڵام...

- «بەڵام» بەڵا لێیداوە! هەتا تۆ ڕۆیشتی و هاتییەوە، من نیوەی زەوییەکانی ئەو گوندانەی دەوروبەرم کێڵاوە!

ئەبراو وردیلە و منجڕ، بە سەندەڵیی ئاسنەوە نووسابوو و کوڕی سەنەم بەو جلە تەنگانەوە بە زەحمەت لە پەنا دەستی ئەبراو خۆی ڕاگرتبوو. ئەبراو دەتگوت سواری باڵی هەڵۆ بووە. دەستی چالاک و ڕەقاس بووی بە فەرمانەکەوە گرتبوو و بە نەرمی بەملاو ئەولادا دەیگێڕا و لە هەر گێڕانێکدا سەرنجی کوڕی سەنەمی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا:

- ئەوە ناوی دەندەیە. دیوتە! ئەوە چووە جێ.

کوڕی سلووچ بە دەستی چەپەی فەرمانی گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەی ئەو شتانەی دەگێڕا کە مراد نەیدەزانی چییە:

- ئەوە لێدەی بێڵەکە دێتە خوارێ. ئەمەیان هی گاسنەکەیەتی.



مرادی سەنەم تێنەدەگەیشت. گێژ و وێژ بووبوو. ئەوەش ئەبراوی والێکردبوو زیاتر بەخۆی بنازێ و با لە خۆی بکا. چاوی لە دوور دەکرد و کەمەی فەرمانەکەی بە دەستەوە گرتبوو و قسەی نەدەکرد. بە دەگمەن قسەیەکی دەکرد. وەڵامی پرسیاری مرادیشی زۆر بە کورتی دەداوە بێ ئەوەی تەماشای کا. ئەوە بەجێی خۆی! بەڵام کوڕی سەنەم پێیوابوو ئەبراو لە ڕادەبەدەر گرنگی دەدا بە کارەکەی. ڕەنگە ئەو بڕوای وا بێ. بەڵام ئەبراو ئەو کارە و ئەو جێیەی هەروا بە ئاسانی وەگیر نەکەوتبوو. دەبوو قەدری بزانێ، ئەوەش شتێک بوو کە مراد هەستی پێنەدەکرد:

- تەراکتۆرە، نەک فشە! چەند هەزار تمەنی پێدرابێ باشە؟ ها! پێمەڕەیەک، یان پیشکانێک نییە دابێتیانە دەست من! چل ئەسپ وزەی هەیە. ڕۆژی چەندە کار دەکا؟ ئەوانە هەمووی لە ڕووی حیساب و کیتابەوەیە!

مرادیش کەم و زۆر قەبووڵی بوو:

- دەی وایە. لێخوڕین و کار لێکێشانی ئەو دەعبایەش کارێکی کەم نییە. بۆیە میرزا حەسەن خۆشی دەوێ هیدی! ئەی ئەگەر ڕۆژێک جێیەکی عەیب پەیدا بکا و خراپ بێ، کارێکت لە دەست دێ.

- لە چاوترووکانێکدا، دەتوانم لەبەر یەکی بەرم و چاکی کەمەوە. بەڵام کەرەسەی دەوێ. بۆیە ئەو دوابراوە زۆر جار لە بیابان پەکی دەکەوێ و پیاو گیر دەخوا بە دەستییەوە. نازانی چیکەی! دەبێ ڕایکێشی بۆ نۆژەنگا. بەڵام کوا نۆژەنگا؟ دەبێ بیبەی بۆ شاری. ئەویش چەن فرسەخ؟ چۆنیشی دەبەی؟ بە حاڵی سەگ. ناچار لەو بیابانە بەجێی دێڵی و دەچی بە دوای نۆژەنکاردا. دەی کابراش دەستی گیراوە و ناتوانێ بێ. دەبێ لەبەری بپاڕێیەوە تاکوو لەگەڵت بێ. ئاخری ئەگەر قسەی ئەربابەکەت بڕ بکا، وەستای نۆژەنکار شاگردێکی بە بڕێ پێچ و مۆرە و هاچەرەوە دەنێرێ لەگەڵت. دەی چاکە، جا وەرە و ئەو کەرە لەو قوڕاوە دەرهێنەوە. تا وەخۆ دێیەوە دە ڕۆژ تێپەڕیوە و لە کار بووی. پاشانیش سیایی دەگاتە دەست میرزا حەسەن. دەمی هەڵدەماڵێ و جنێو بە دار و بەرد دەدا. ڕوونیشە دوو سێ دانە لەو جنێوانە بەر من دەکەوێ! چت لە دەست دێ؟ جنێو با دەیبا هیچ نییە!

ـ ئەگەر وایە زۆریشی قازانج بە نێو چاوانەوە نییە!

ـ قازانج؟ بۆچی، دیسان قازانجی چاکی تیایە. ئەوە شەش مانگە ئەو تەراکتۆرە کار دەکا. لەو شەش مانگەدا لانیکەم دە ـ بیست هەزار تمەنی کار کردووە، بەڵام میرزا حەسەن دەڵێ: بەقەد کارەکەی خەرجیشی هەیە. یانی خەرجی شۆفێر و گازۆڵ و ڕۆن و نۆژەن و ئەو شتانە. بەڵام درۆ دەکا. ئەوەندەی خەرج نییە. دوو جار نۆژەنی سەرەکیی ویستووە. سێ چوار جاریش کاری چووکە.

ـ چەپرەکیش دەبێ، نا

ـ ئەی چی؟ دەتەوێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قیمەتی بچێتە سەرێ؟!

ـ وایە ڕاست دەکەی، لە قیمەتیش دەکەوێ. چەندەی پێداوە؟

ـ شۆفێری گونبەدی دەیگوت بیست و دوو هەزار تمەن. دەستی دووە.

ـ بیست و دوو هەزار تمەنی پێداوە. داینێین ساڵی بیست هەزار تمەن کار دەکا. ساڵی حەڤدەهەژدە هەزار تمەنی خەرجە. دەمێنێتەوە دوو سێ هەزار تمەن. ئەو دوو سێ هەزار تمەنەش ساڵ لەگەڵ ساڵ لە قوونی تەراکتۆرەکە کەم دەبێتەوە. یانی هەرچی زیاتر کار بکا تەگەر و کەرەسەکانی زیاتر دەسوێن. ئەگەر بشسوێ، خەرج و مەرجی زیاتر دەبێ. لەولاوە کارەکەشی کەمتر دەبێتەوە. چونکە هەر چەندە کۆنەتر بێ، دەتوانی کاری کەمتری لێبکێشی. بۆیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەڵکی کەم دەبێتەوە و خەرجی زۆر. نرخی تەراکتۆریش، هەی کۆنە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دێتە خوارێ. چی دەمێنێتەوە؟ ئەو بەرهەمە دەمێنێتەوە کە بە هۆی ئەو تەراکتۆرەوە لەو زەوی و مەزرایانە وەدەست هاتووە. دەی کوا بەرهەم؟

تەراکتۆرە دەوری هەڵگرتبوو و بای پاییز دەنگی دەبردن. ئەبراو گوتی:

ـ میرزا حەسەن و شەریکەکانی چاکتر لە من و تۆ حیسابیان لە دەست دایە. تۆ پێویست ناکا خەمیان بۆ بخۆی!

ـ ئێستا دەچین بۆ کوێ؟

ـ بۆ «خوازەوی»

ـ خوازەوی؟



ـ ئەرێ! ئەرێ!

ـ لەوێ چبکەین؟

ـ دەچین پوورە سەنەم دەکەین بە بووک! ئاخر ئەوەش پرسیارە؟ پیاو بەو تەراکتۆرەوە لە مەزرا چدەکا؟ دەی مەعلوومە؛ دەچم جووت دەکەم. سەرەتا دەبێ کەندو لەندی قەراغ زەوییەکان تەخت کەم.

ـ ئەی میرزا حەسەن تا ئێستا چیی کردووە؟!

ـ سەری پوورە سەنەمی گرتووە! چیی کردووە؟! تا ئێستا هەر خەریکی لۆقە کردن بووە بۆ کڕینی پەمپی ئاو و تاپۆ کردنی خوازەوی.

ـ شەش حەوت مانگ؟

ـ ئەی چی؟ پێت وایە هەمبانەیە پڕی کەی لە با؟ ئەوەش زیرەکیی میرزا حەسەن بوو، دەنا بەم زووانە کارەکان ڕووبەڕا نەدەبوون.

ـ دەڵێن ئەو پەمپە ئاوێکی واش هەڵناگوێزێ!

ـ ئێستا سەرەتای کارە. چوار ڕۆژیتر تەماشای کە. خودا یار بێ زەمینج دەبێتە گوڵستان.

ـ پیرە پیاوەکان دەڵێن پەمپ چۆڕە لە ئاوی کارێزەکانیش دەبڕێ!

ـ پیرە پیاوەکان قسەی قۆڕ دەکەن. ئەوە گریمان چۆڕەشی لێببڕن. کارێزێک کە خەریکە وشک دەبێ، چاکترە پەمپ ئاوەکەی هەڵمژێ! فەرقی چییە؟ وردە مالیکانی کارێزیش زۆربەیان لەو پەمپەدا شەریکن. ئەوانەی بەشیشیان نییە، دەتوانن بەشە ئاو بکڕن. لە گیرفاندا نەبوو، لە باخەڵدا هەیە، من و تۆش لە ئاوی خواردنەوەمان زیاتر ناوێ. دەمانەوێ؟!

مرادی سەنەم قسەی نەما:

ـ ئەوانە کێن؟

ـ با بچینە پێشێ!

لە خوازەوی تاقمێک کۆ بوونەتەوە. لە هەموویان کەڵەگەتتر میرزار حەسەن بوو. لە پاڵ میرزادا زەبیحوڵڵا ڕاوەستابوو. قوڵەبنە و چوارشانە. لە دوای زەبیحوڵڵاوە

کوێخا و سالارعەبدوڵڵا و کەربەلایی سەفی ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد. باوکی کوێخا و کەربەلایی دووشەممەش لەوێ بوون. ئەو دوو پیرە پیاوەش لەسەر عەرزەکە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. عەلی گەناویش لەوێ بوو. لە نزیک میرزار حەسەن ڕاوەستابوو. جگەرەی دەکێشا. میرزاش جگەرەی دەکێشا. غەوارەیەکیش لە پەنا میرزا وێستابوو. دەتگوت فەرمانبەری دایەرەی سەفت و تاپۆیە. ئاژانێکیشی لەگەڵ بوو. نوێنەرانی یاسا.

تەڕاکتۆر لە نزیک کۆڕەکە ڕاوەستا. کوڕی سەنەم بە سەرپاش و جەکی تەڕاکتۆرەدا هاتەخوارێ و ئەبراو بە قەڵەمبازێک پەڕییە خوار و چوو بۆ لای میرزا و ڕاوەستا. ئەبراو نەیدەزانی چ باسە. میرزا گوتی:

ـ دیسان ئەو ژنەتیوە دۆمە بەزمی ساز کردووە! هۆ لەوێ دانیشتووە و جووڵە ناکا. ئەو لاوە پیر و مجرۆیەشی لەگەڵ خۆی هێناوە. هەر چۆنێک بێ تۆ چاکتر لە زمانی دایکت دەزانی، شتێکی پێ بڵێ، با شەڕ هەڵنەگیرسێ. ئاخر ئەو ژنە بۆ ئاوا دەکا؟ بە قسەی زاواکەتانی نەکرد، تۆ برۆ حاڵیی بکە کە بەشی بەو زەوییەوە نییە!

ئەبراو بێئەوەی هیچ بڵێ ڕۆیی بۆ ئەو شوێنەی مێرگانی لێ دانیشتبوو. مێرگان تەنیا لەچکەکەی سەری دیار بوو. عەباسیش تەنیا قژە سپییەکەی. دایک و کوڕ بە جووت چووبوونە قووڵکێکەوە. گڵی دەرەوەی قووڵکەکە تازە بوو. دیار بوو مێرگان ئەو قووڵکەی هەڵکەندووە و لەگەڵ کوڕەکەی چوونەتە ناوی و دانیشتون. ئەبراو لای قووڵکەکە ڕاوەستا. مێرگان ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو و عەباس لە پەنایدا تەخت دانیشتبوو. هەردووکیان کڕ و کپ.

ئەبراو لەپڕ گوڕاندی بەسەر براکەیدا:

ـ تۆ بۆ هاتووی بۆ ئێرە کوڵکن!؟

ئەوە ناوێک بوو کە هاواڵەکانی عەباس، تازە بەسەریاندا بڕیبوو. عەباس چاوی لە ئەبراو بڕی و هیچی نەگوت.

ئەبراو دیسان گوڕاندی:



ـ خۆ تۆبەشی خۆتت لەو فسە زەوییە فرۆشتووە، نەتفرۆشتووە؟ لە بیرت نییە؟! تۆ پارەکەیت لە میرزا وەرنەگرت و هەر ئەو شەوە بە قومار دۆڕاندت؛ ها؟! هەر تۆ بووی، تۆ نەبووی لە ماڵی سەنەم پارەکەت دۆڕاند؟! ئەوەتا ئەوەش شایەد!

کوڕی سەنەم لە پەنا ئەبراو ڕاوەستابوو. عەباس چاوێکی لێکرد. ئەبراو نەڕاندی:

ـ هەستە زوو وەرە دەرێ! وەرە دەرێ دەی زۆڵی سەگ!

عەباس وەک سەگێکی ترسەنۆک کە کلکی لە گەڵۆزی نابێ، خۆی کۆ کردەوە و ویستی بێتە دەرێ. بەڵام مێرگان قولاپەی لاقی گرت و داینیشاندەوە:

ـ دانیشە، قوڕ بەسەر، دانیشە!

ئەبراو چاوی لە دایکی بڕی و گوتی:

ـ تۆ بۆ وا دەکەی ژنەتیوە؟ قسەت بە گوێدا ناچێ؟ خۆ قسەی تۆ بڕ ناکا. بۆ کێشە و هەڵڵا ساز دەکەی؟ ئاخر خۆ ئەوە زەویی تۆ نییە هاتووی لەسەری دانیشتووی. لات گرتووە؟

مێرگان وەڵامی کوڕەکەی نەداوە و نقەی نەکرد.

ئەبراو چووە نێو قووڵکەکەوە و مەچەکی کزی براکەی گرت و کێشای:

ـ تۆ کارت بە سەر ئەو کێشەیەوە نەبێ، سەگە گەڕۆڵ! دەمری و دەرد و بەڵای من دەبەی؛ وەرە دەرێ دەی! وەرە!

عەباس خۆی بە دەستەوەدا. خۆی شل کرد و هێشتی براکەی بۆ هەرکوێ پێیخۆشە بیبا. بەڵام مێرگان نەیدەهێشت. نێوقەدی عەباسی گرت و داینیشاندەوە. ئەبراو گوتی:

ـ ئەوەندە خۆت مەکە کەری کەندەڵان ژنەتیو! هەر ئا لێرە دەتنێژم ها!

مێرگان چاوی لەسەر کوڕەکەی هەڵگرت. دەتگوت نایەوێ چاوی پێی بکەوێ. بێدەنگ سەری کردە سەر چۆکی خۆی.

عەلی گەناو هاتە پێشێ.

ـ ئاخر تۆ بۆ ئاوا خۆت ناحەز دەکەی ژنی باش! تۆ چیت لە مێشکدایە؟ بۆ نایەیتە سەر ڕێ؟ ئەم زەوییە بەیارە. خۆ لە قەباڵەی نەنکتدا نەنووسراوە! میرزا چووە سەفت و تاپۆی کردووە. نوێنەری هێناوە. ئاخر تۆ بۆ دەبیە هۆی شوورەیی و شەرمەزاری..

ـ تۆ وەرە پێشترەوە، وەرە!

عەلی گەناو چووە پێشێ و پێی نایە نێو قووڵکەکەوە. لەوە دەچوو مێرگان قسەیەکی مەحرەمانەی پێبڵێ! نا، مێرگان تفێکی لە ڕیشی عەلی گەناو کرد و گوتی:

ـ تۆ بڕۆ ئیتر!

عەلی گەناو لە قووڵکەکە دەرپەڕی و دەستی برد بۆ گیرفانی و زنجیرەکەی دەرهێنا. بەڵام کوڕی سەنەم دەرفەتی پێنەدا و لە پشتەوە باوەشی کرد بە علی گەناودا و جووڵەی لێبڕی. عەلی گەناو بە جنێو خۆی ڕادەپسکاند. بەڵام مراد نەیدەهێشت ببزوێ. عەلی گەناو هەموو هێزی کۆ کردەوە و خۆی لە دەست کوڕی سەنەم ڕزگار کرد و ئاوقای بوو:

ـ تۆ چیی؟ دەتەوێ لەگەڵ من تێکەوی، بەرەڵڵا؟! ڕەنگە گیانت بخورێ؟!

کوڕی سەنەم کراسەکەی داکەند و فڕێیدا و گوتی:

ـ هەی گەوواد، پێت وایە دەرەقەتت نایەم. کلکت هەڵێناوە! دەترێنم بە گۆڕی باوکە جاکەشەکەتدا! دە پیاوی لێمدە دەی، لێمدە!

بەر لەوەی عەلی گەناو بکشێتەوە و زنجیرەکەی هەڵسووڕێنێ، کوڕی سەنەم خۆی پێدا دا و باوەشی پێدا کرد و نایە سەر شانی و بە هەموو هێزی خۆی لە عەرزی ڕاکێشا. زنجیرەکەی لە دەستی دەرهێنا و وەک ئەوەی ئەسپێک لەغاو کا، زنجیرەکەی کرد بە بەینی ددانی عەلی گەناودا و گوتی:

ـ دەمدرێژی دەکەی و دەرقەت ژن دێی. بۆرە پیاوی تەشی ڕێس! ماستاوکەر!

عەلی گەناو نەیدەتوانی جنێو بدا. لاقی لە زەوی دەکوتا و کەفی دەچاند. پیاوەکان و مەئموورەکان گەیشتنێ و کوڕی سەنەمیان لە سەر سنگی عەلی گەناو لابرد. عەلی بە دەم و لەوسی خوێناوییەوە هەستا، کڵاوەکەی هەڵگرتەوە و خۆی فش کردەوە.



میرزار حەسەن مەچەکی دەستی گرت و کێشایە دواوە. نەدەبوو شەڕ هەڵایسێ. عەلی گەناوی بە ڕیش سپییەکان سپارد و چووە ژوور سەری مێرگان:

ـ دیوتە چ شەڕ و هەڵڵایەکت ساز کردووە مێرگان!

مێرگان هیچی نەگوت.

ئەبراو بەرۆکی کوڕی سەنەمی گرت و گوتی:

ـ عەباس بێنە دەرێ تۆ! کوڕی کەر بم ئەگەر ئەمڕۆ ئەو دێڵە سەڵیتەیە لەو بن خۆڵەدا نەنێژم. تۆ ئەو کوڕە بەستەزمانە بێنە دەرێ!

بە هەڵەداوان ڕۆیی بۆ لای تەڕاکتۆرەکە و پەڕییە پشت فەرمان و هەڵیکرد. میرزار حەسەن خۆی گەیاندێ و نەڕاندی:

ـ خۆت شێت نەکەی کوڕە! خۆ ئێمە نامانەوێ خوێن بڕژێ، ئەگەر دەتوانی تەنیا بیترسێنە.

ئەبراو بە بێ ئەوەی جوابی میرزار حەسەن بداتەوە، دەستگیرەی بێڵی تەڕاکتۆرەکەی لە نێو مشتی گرت و پێی بە گازەوە نا. تەڕاکتۆر بەرەو مێرگان هێرشی برد. مەئموورەکان لە میرزار حەسەن کۆ بوونەوە. خەڵکەکە هەنگاوێک چوونە پێشێ. کوڕی سەنەم، عەباسی لە قووڵکەکە دەرکێشا. مێرگان دەستی لە عەباس بەردابوو و هەر وا لە نێو قووڵکەکەدا دانیشتبوو. ئەبراو تەڕاکتۆری دێنا لەو لاوە. ئاسن، زمان نازانێ! دەیگرماند و دەهاتە پێشێ. نووکی بێڵەکە لەسەر لێواری قووڵکەکە بوو. مێرگان هەر وا دانیشتبوو: ڕوخساری؛ کەوڵ. چاوی، خەڵووز. لێوی، بەرد.

ئەبراو لە سەرەوە گوڕاندی:

ـ هەستە، هەستە دەی! خوێن بەری چاوی گرتووم دایە! با نەتکووژم! لە ژێر ئەو ددانە ئاسنینەدا ونجڕ ونجڕ دەبی!

مێرگان متەقی نەکرد. کاری ئەو لە قسە دەرچووبوو. واق وڕمان و باوەڕ. جێی ئەوە نییە پیاو شاخ دەرهێنێ؟

ئەبراو بازیدا خوارێ و لەسەر لێواری قووڵکەکە، لە سەر زگ ڕاکشا و لەبەری پاڕایەوە:

ـ هەستە! دایە گیان هەستە! شێتم مەکە، با نەتکووژم دایە. بە خوا لەوە زیاتر ڕقم هەستێنی، دەتکووژم!

دایکی قسەی نەدەکرد. ئەبراو وەک دڕندە نەڕاندی و چنگی خۆڵی کرد بە سەروچاوی دایکیدا:

ـ خێرەسەر، بۆ منت بووە؟!

مێرگان پێلووی چاوی لێکدەدا.

ئەبراو پەڕییە پشت فەرمان و تەڕاکتۆری وەناڵە خست. نا! کشا دواوە، ڕاوەستا و پێی لەسەر گاز دانا. ئاسن زمان نازانێ! دەهاتە پێشێ. بێڵی چی، ددانی دێوی شفرەدا. لە زەویی هەڵچەقاند و کێوێک خۆڵی لەگەڵ خۆی ڕادەدا. هاواری خەڵکەکە بەرز بۆوە. جنێو و دژمان. هەراوهوریا لە ناڵەی تەڕاکتۆرەکەدا بزر بووبوو. دەستیان ڕادەتەکاند. پیرە پیاوەکان مێزەر و کڵاویان ڕادەوەشاند. بەڵام چار نییە؟! دایک و کوڕ لە جسنێکن. مێرگان دایکی ئەو کوڕەیە و ئەبراو کوڕی ئەو دایکەیە. میرزا کە خۆی گەیاندبووە سەر تەڕاکتۆرەکە، کووژاندییەوە.

ئەبراو ڕۆحی بریندار و ناکام، بازیدا خوارێ، خۆی فڕێدا نێو قووڵکەکە و خۆی بەسەر دایکیدا دا و گیرگە و ددانی خستە کار. تووتکی دڕ.

مێرگان بڵێی بووبێتە بەرد؟ تەنانەت تووک و نزاشی نەدەکرد.

ئەبراو تەرمی دایکی کێشا دەرێ. بە گوریسێک بە پاشی تەڕاکتۆرەکەیەوە بەست. شبر، پەڕییە پشت فەرمان و جەکی گاسنەکەی خەواند.

کار یەکسەرە بوو. پیاوەکان تێکرا چاویان لێدەکرد. خوازەوی بوو بە یەکپارچە. چیی دەکرد تەڕاکتۆر! چیی دەکرد ئەبراو! شیرت حەڵاڵ ڕۆڵە! میرزار حەسەن جگەرەیەکی داگیرساند و چوو مێرگان لە تەڕاکتۆرەکە بکاتەوە. کردییەوە.

مێرگان وێک هاتبوو. عەباس خۆی کۆم بوو. مێرگان دەستی عەباسی گرت. عەباس دەستی مێرگانی گرت. کوڕی سەنەم بە دوای عەباس و مێرگاندا ڕۆیی. دایک



و کوڕ ئێستا میزان دەڕۆیشتن. مێرگان پیر بووبوو. ئیتر نەیدەتوانی بە توندی هەنگاو بنێ. ڕاست وەک عەباس هێواش دەڕۆیشت. وەک مێرووڵە. مرادیش وەک ئەوان هەنگاوی هەڵدێناوە؛ بێدەنگ و لەسەرەخۆ. زەوی دەتگوت چۆڵە و تەنیا ئەو سێ کەسە بە سەر پشتە شەکەتەکەیدا دەڕۆن.

ئاسمان چ ڕەنگێک بوو؟ ئەی خاک؟ زەوی چەندە بێدەنگ و غەریبی دەنواند! باڵندەیەکیش بێژی لەو بیابانەدا بیێ؟! نا! زەوی چۆڵ، ئاسمان چۆڵ، هەستی خاڵی و خۆڵی: دنیا هەموو باری خۆی بە کۆڵی مێرگاندا دابوو.

ـ خەم مەخۆ، خەم مەخۆ کوڕم؛ خەم مەخۆ، پیر دەبی.

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت. عەباس و مێرگان گەیشتنەوە ماڵێ. کوڕی سەنەم هەروا لە دەرەوە ما و نەچووە ژوورێ. لە بن دیوارەکە دانیشت و بە هەر دوو دەستی سەری خۆی گرت. ئەمڕۆ چەن ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو؟... قورس؛ هەستی دەکرد قورس بووە. کێو! پێیخۆش نەبوو لەگەڵ هیچ کەسێ قسە بکا. نەیدەزانی. نەیدەزانی. هیچی نەدەزانی. گێژ و وێژ! دڵی بڕوایی نەدەدا بڕوا. هێزی هەستانی نەبوو. نەیدەتوانی داشنیشێ. کاری قۆڕ. ئەو جلانە لە بەریدا چەندە قۆڕ و بێمانا بوون! تەنیا کارێک کە پێیخۆشبوو بیکا و تەنیا کارێک کە بە زەینیدا هاتبوو ئەوە بوو کە ئەو جلانە داکەنێ، ئێستا بۆ؟ زۆر پرسیاری بێوەڵام ماونەتەوە! هەستا و چووە تەویلە و بە کراسێک و ژێر پاتۆڵێکەوە هاتە دەرێ، خۆی کرد بە ژووریدا و جلەکانی فڕێدا سەر لێفە کۆنێک و لە سووچێک دانیشت:

سێ مرۆڤ. سێ کوڵۆ. بێدەنگ و مات. شەکەت و بێزار. کام ئاور لە ناختدا بڵێسە دەستێنێ. ئەی هاوڕێ ئەی برا، ئەی دایە؟

ئێوارە باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا. هەوا تاریک بوو. بەڵام تۆ دەتوانی تاریکی بە دڵی ڕووناکەوە ببینی. کاتێ دڵی تۆ لە شەو تاریکتر بێ، ئیتر چ ڕەنگێکی دەبێ شەو؟ لێگەڕێ تاریکی بنگوێ. خۆ بە ژووریدا بکا. لێگەڕێ شەو بێ. ئیتر چاو نابینێ. ئیتر کەس کەس نابینێ. ئەوەش چاکتر!

ـ بۆ چراکە هەڵناکەی دایە؟

هاجەر بوو. دەنگی هاجەر بوو. بە کوێرە کوێرە خۆی کرد بە ژوورێدا و ڕاوەستا. دەنگ لە هیچ کوێوە نەدەهات. هاجەر لامپاکەی هەڵکرد. کوڕی سەنەم لەبەر شۆقی لامپاکە سەری لەسەر کەشکە ئەژنۆی هەڵێنا و چاوی لە هاجەر کرد. هاجەر تۆزێ مات بوو، هەڵات بۆ دەرێ. دەتگوت خەونی دیوە. دیسان گەڕاوە بەر درگاکە و ڕوانیی. هەر ئەو چاوانە تێی ڕامابوون. هاجەر ڕانەوەستا و دوور کەوتەوە. کوڕی سەنەم دیسان نێوچاوانی نایەوە سەر کلاوەی ئەژنۆی. دەتگوت ئەو بێدەنگییە نابێ بشکێ. دەنگێک دەتگوت ڕۆستەمە بەسەر حورمەتی مرۆڤدا زاڵ دەبێ.

«خودایە... خودایە... بۆ لەبیرت چوو؟»

ئەوە دەنگی مێرگان بوو؟ نا! ئەو ئیتر قسەی نەدەکرد. ئەی دەنگی کێ بوو؟ بەڵام دەبێ دەنگی مێرگان بێ. ڕەنگە ڕۆحی بێ قسە بکا!

هاجەر دیسان هاتەوە ژوورێ:

ـ چی بووە دایە؛ ها؟... تۆ پێم بڵێ مراد! چی قەوماوە؟!

ئەوە هاجەر بوو قسەی لەگەڵ مراد دەکرد! مراد نێو چاوانی لەسەر چۆکی هەڵێنا و بێدەنگ چاوی تێبڕی. نەدەبوو جوابی بداتەوە. لە بن لێوییەوە گوتی: «بازنەیەکم بۆ هێناوی. بازنەیەک هاجەر!»

دەنگی عەلی گەناو کۆلانی داگرت:

ـ لە کوێی تۆ کچێ؟ سەرت بپەڕێنن دووگت لە ماڵی دایکتە، دووگت ببڕن، سەرت.

هاجەر دەرپەڕی. مراد دیسان نێوچاوانی نایەوەسەر کلاوەی ئەژنۆی.



## بەندی دووەم:

ڕوقیای ژنی عەلی گەناو، دارشەقەی بن باخەڵی کە لە داری خوار و خێچی سنجوو بوو و پەڕۆپێچیان کردبوو، بە ئەمانەت دابووی بە عەباسی سلووچ. ڕوقیا ئیتر دەیتوانی دەست بە دیوارەوە بگرێ و بڕوا. دەکۆخی، دەینالاند، جنێوی دەدا و وەک زەرروو خۆی بەسەر زەویدا دەخشکاند. هیچ کەس کاری بە سەرییەوە نەبوو. ئەویش نەیدەتوانی کاری بە کەس بێ. ڕوقیا ئیتر تووک و نزای لە هەموو کەس دەکرد. مەعلووم نەبوو لە کێ، ڕەنگە لە دار و بەرد و هەموو کەس و هەموو شتێ. لەگەڵ ئەوەشدا دارشەقەکەی خۆی دابوو بە عەباس. لەوانەیە عەباس لە تووک و نزای ڕوقیا بە دوور بێ. دەردەدار، حاڵی دەردار دەزانێ!

عەباس چێوشەقەکەی ڕوقیای وەرگرتبوو و بە یارمەتیی ئەو بەڕێدا دەڕۆیشت. نەک ئەوەی بشەلێ و پێویستی پێی بێ، نا! لەبەر ئەوە بوو لاق و لەشی هێزی تێدا نەبوو. ئەگەر دارەکەش بخرایەتە بنباخەڵ باشتر دەیتوانی بڕوا! بۆیە هەر جارێ دەیخستە بن باخەڵێکی و بە یارمەتیی ئەو دارشەقە، عەباس دەیتوانی بگەڕێ. هەڵدەستا و وەک دەعبایەکی سەیروسەمەرە بە کۆلانی ئاواییدا دەسووڕاوە. منداڵەورکە هێشتا لێی دەترسان و هەر کە شەق و گوتی دارشەقەی کوڵکنیان دەبیست، هەڵدەهاتنەوە بۆ ژوورێ و درگایان دادەخست:

«کوڵکن! کوڵکن»

ئیتر هیچ کەس بە ناوی خۆی قاوی لە عەباس نەدەکرد. گەورە و چکۆلە پێیان دەگوت: کوڵکن. عەباسیش وردە وردە لە ناوەکەی خۆی دوور دەکەوتەوە و خووی بە ناوە تازەکەی دەگرت. ئەو ناوەش کتوپڕ جێنەکەوت. زۆری خایاند هەتا ناوی کوڵکنی بەسەردا بڕا. ئەوەڵ پێیانگوت «عەباسە خوری». پاشان: عەباسە کوڵک. دوای ئەویش: عەباسە کوڵکە. لە ئاکامیشدا بوو بە عەباسە کوڵکن. کە گەیشتە

کوڵکن، ئیتر بوو بە وشەیەک. بە بڕوای هەموو کەس کوڵکن ئیتر پڕ بەپێست بوو. بۆیە ناوی عەباس وردە وردە لەبیر چۆوە.

لەگەڵ ئەوەشدا عەباس هەروا کەمبلێ و فەقیرۆکە و هێدی بوو. گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژانە، ڕۆژانی لەشساخی ئیتر مەحاڵ بوو. چاوەڕوانیش نەدەکرا. عەباس خۆشی بیری لێنەدەکردەوە. ڕەنگە هەر لە توانایدا نەبێ بیری لێبکاتەوە. قەت لەوە نەدەچوو بگەڕێتەوە دۆخی جاران. لەوانە بوو بتوانێ بیر لە ڕۆژانی بەر لە وشترەوانیی خۆی بکاتەوە! بە کردەوەیدا دیار بوو کە تازە خۆی هەر ئاوا دەبینێ و بە هیوای چاک بوونەوە نییە. ئەم بارودۆخە تازەی لە ناخەوە قەبووڵ کردبوو. هەروەک چۆن ئەو ناوە تازەیەی وەرگرتبوو و سڵەی لێنەدەکرد. دەتگوت هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونییەوە ئەو ناوەی لێنراوە. بە منداڵی بەر لەوەی زمان بگرێ خوڵک وخووی بۆ کەس ڕوون نەبوو. بەڵام لە ڕۆژێکەوە زمانی گرت، قەت قسەیەکی نەکرد کە خەڵکی تێیبگەن. هێندێ کەسی سووک و بێعەقڵ پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد. عەباس تامڵی دەکرد و دەڕۆیشت. هێندێ جاریش کەیخودا و ڕدێنسپییەک پەیدا دەبوو، لانی عەباسی دەگرت و لە چنگ ئەو بەزمە ڕزگاری دەکرد. لەو کاتانەدا عەباس سەری دادەخست و بە تەپوکوت دوور دەکەوتەوە. دەچوو تاکوو جێیەک بدۆزێتەوە کە قوماری لێ بکردرێ. تەنیا شوێنەوارێک لە ڕابردووی کە بە ڕوونی پێوەی دیار بوو، پێخۆشبوونی قومار بوو. زۆربەی کاتی خۆی لە قومارخانە و قومارگاکان تێپەڕ دەکرد. هەمیشە لەوێ دادەنیشت؛ بۆیە وەک ئەندامێکی هەمیشەیی قوماری نێو دێی لێهاتبوو ـ بێ ئەوەی لە کایەدا بەشدار بێ ـ هەر کەسەی جۆرێک هەستی بە بوونی عەباس دەکرد. هێندێ کەس بوونی عەباسیان بە شانس و بەخت دەزانی و هێندێکیش پێیان وابوو دەبێتە هۆی بەدیەغباڵی و دۆڕاندن.

«لێم دوور کەوە لاچۆ، کوڵکنەی نێوچاوان ڕەش!»

«وەرە لای خۆمەوە، کوڵکن گیان!»

کوڵکن جێی خۆی دەگۆڕی، بەڵام نەدەڕۆیشت. تێیان هەڵدەدا بەڵام نەدەڕۆیشت. چێوشەقەکەیان لێ فڕێدەدا، بە گاگۆڵکێ دەچوو دەیهێناوە و هەر لەوێ دەما.



ناونیتکە، گاڵتە و ئازار دان، هەمووی تامڵ دەکرد، بەڵام نەدەڕۆیشت. دە شایی یان تاق قرانیی لەم و لەو وەردەگرت، یان وەرینەدەگرت، بەڵام نەدەڕۆیشت. لەوێ بوو و هیچی لەگەڵ نەدەکرا. کوڵکن هاتبوو کە نەڕوا.

موسلیمی کوڕی حاجی سالمیش لەوێ بوو. ئەو جووتەش پێکەوە دانوویان نەدەکولا. بەڵام هیچیان نەیاندەتوانی واز لە سەیری قومار بێنن. ئەوانەی کە نەیاندەویست قەڵافەتی خوار و خێچی عەباس ببینن، موسلیمیان تێبەردەدا. موسلیم خۆی دەدا بە سەریا و لەوانە بوو هەناسەی لێببڕێ. بەڵام عەباس نەدەڕۆیشت.

«هەڵێ کوڵکن، موسلیم هات!»

بەڕاستی دیتنی موسلیم عەباسی دەتۆقاند و مووی پێ قرژ دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی واز بێنێ. عەباس چەندەی پێویست بە هەوا بوو، ئەوەندەشی پێویست بە سەیری قومار بوو.

«وەرە کوڵکن ئەوە دوو قران پاچڕای تۆ! بیخە پزووی پاتۆڵەکەتەوە گومی نەکەی!»

لە ماڵێش کەس کاری بە سەریەوە نەبوو. ئەویش کاری بە کەس نەبوو. جێگاکەی بردبووە سەر تەندوورەکە. جێگاکەی جارانی باوکی. لەوێ ئاسوودەتر بوو. بە بەرد و کوڵۆ پەنایەکی بۆ خۆی ساز کردبوو. درز و کەلێنی بەرد و کوڵۆکانی بە تەنەکە شکاو و پەڕۆ و پاڵ و کاوکۆت گرتبوو. کولانەیەکی چکۆلە. شەوانە دادەنیشت و چاوی لە ئەستێرەکان دەکرد. چاوی لە مانگ دەکرد. چاوی لە ئاسمان دەکرد. بێئەوەی ماندوو بێ. دەتگوت دەتوانێ سەد ساڵ هەروا چاو لە ئاسمان ببڕێ. تەنیا بەر لەوەی سەر بنێتە سەر سەرین، جارێکی دیکە ئەو قەرە پووڵانەی لە دەوری قومار لەم و لەوی وەرگرتبوو، دەیبژاردنەوە.

«چاکە! ئەمڕۆ بیست و دوو پەنابات. هەژدە پەناباتی ماوە بۆ دوو تمەن!»

هاودەمێکی نەبوو. تەنیا. ئەبراویش ماوەیەک بوو نەدەهاتەوە بۆ ماڵێ. مێرگانیش لە حاڵی خۆیدا بوو. عەباس تەنیا تارماییەکەی ئەوی دەدی. هێندێ جار دەستێک ـ پێموا دەستی مێرگان بوو ـ لەتێ نان و پیاڵەیەکی لە گوێ تەندوورەکە دادەنا و بزر دەبوو. هاجەریش جاروبار دەهات و دەڕۆیشت. هێندێ جار بە

دزییەوە دەهات؛ هێندێ جار قاپێکی دەنا بنباخەڵی. پێموا بە دزیی عەلی گەناوەوە تۆزێ چێشتی بۆ دایکی دێنا. ئەو شەوانە بوو کە عەباس دەیدی دەستێک ـ کە پێموا دەستی مێرگان بوو ـ پیاڵەیەکی لە گوێ تەندوورەکە دادەنا و ون دەبوو. تەنیا ڕوقیا ژنی عەلی گەناو جارجار دەهات و لە گوێ تەندوورەکە دادەنیشت. قسەیەکی دەکرد یان نەیدەکرد. شتێکی دەبیست یان نەیدەبیست. لە ئاکامیشدا یەک دوو قڕانی لە عەباس وەردەگرت و دەڕۆیشت ناسواری پێ بکڕێ.

ژنێکی وەک ڕوقیا، ئەگەر دەستی بە دەمی ڕابگەیشتایە، حەتمەن دەبووە بەنگی. یان فێری قلیان و تووتن دەبوو. بەڵام ڕوقیا دەستی نەدەڕۆیشت پارە بەو جۆرە شتانە بدا. هێندەش لە عەلی گەناو دەترسا، نەیدەوێرا دەست ببزێوێ. دزیی لێبکا. هەر بۆیە ڕووی لە عەباس دەنا و پارەی ناسەکەی لێوەردەگرت. بایی دوو قڕان ناس. بەشی حەوتوویەکی ڕوقیای دەکرد. پەڕێکی گەردەی ناس هەتا دانێک لە ژێر زمانیدا ڕادەگرت. گەردەی ناس هەموو پووک و مەلاشووی بریندار کردبوو، بەڵام دڵخۆشیی ڕوقیا تەنیا هەر بەو ناسە بوو. چونکە تۆزێ گێژی دەکرد. بۆیە شەوانە بەر لە خەوتن تۆزێ ناسی دەنا ژێر زمانی و دەخەوت.

لەو ماوەیەدا عەباسە کوڵکن خەریک بوو بۆخۆی دەبوو بە شتێک. بووبووە شتێک. ڕۆیشتنی، هاتنی، هەڵسوکەوتی، کار و بێکاریی، جێگەو کولانەی، چاوانی، سەرنجی، گۆچانەکەی، قژی، جلەدڕاوەکەی، قسە کردن و نەکردنی، دەموچاوی، قەلافەتی، قەد و باڵا خوار خێچەکەی، هەموو ئەوانە، لە سەر یەک مرۆڤێکیان دروست کردبوو بە ناوی عەباس سلووچ: کوڵکن. عەباسیش شتێک بوو هێشتا جێی سەر سوورمان بوو. خوڵک و خوویەکی سەیر. دەم بە دەم باسی عەباس دەگەڕا و وەک ئەوسانەی لێهاتبوو.

هەر لە خۆوە عەباس بووبووە شتێکی دیکە. جیا بوونەوە لە دایکی و جێگیر بوون لە سەر تەندوورەکە و تاق کەوتنی ڕەق ببۆوە و هیچ کەس نەیدەزانی لەپڕ عەباس بۆ جێگاکەی گۆڕی؟ بۆ ماڵەکەی لە مێرگان جیا کردەوە؟ تەنانەت مێرگانیش تێینەدەگەیشت. تەنیا شتێک کە شکی بۆ دەچوو ئەوە بوو کە عەباس ڕەنگە ویستبێتی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و بوونەکەی ڕەنگ و باری خۆی



پێوەبێ. ڕەنگە ئەو دابڕانە بەئازارە، شتێکی لە عەباسدا جێهێشتبێ: «خۆی». «خۆی» بە هەر شێوە و ڕادەیەک. عەباسیش ڕەنگە دەیویست و هەوڵی دەدا، لەت و کوتەکانی، لەت و پەتە بەجێماوەکانی خۆی بدۆزێتەوە، کۆی بکاتەوە و بیکاتە یەک و ڕایگرێ. بەو مەبەستە، ئەو دەبوو بتوانێ ژیانی خۆی ببینێ. بە تەنیا خۆی، بێئەوەی خۆی بە کەسێکی دیکەوە هەڵواسێ. بیدۆزێتەوە و هەستی پێبکا و دەستی لێدا. کەوایە دەبوو لە ژێر پەڕوباڵی دایک و برا بێتە دەرێ. هەتا نەیەتە دەرێ، بوونەکەی ـ ئەگەر زۆریش نەبێ ـ سەربارە. دەبێ ڕایکێشن. زەلیل؛ بەتایبەت ئەگەر مجرۆش بی! خۆ زەلیلیش هەی. ئەگەر هەر قامکێکت هونەرێکیشی پێوە بێ. چاوی خەڵکی تۆ هەر بە سەربار دەزانن. تۆ وا دەبینن کە سەرباری خەڵکی. دەڵێن: «دایکت بەخێوت دەکا. براکەت خەرجیت دەداتێ. خوشکت جلوبەرگت بۆ دەشوا. » کەوایە کەس تۆی وەبەر چاو نایە، مەگین لە لای کەسێک بی. تۆش بێهۆ باسی خۆت دەکەی. چونکە لە چاوی ئەواندا، کەسێکی ئاوا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاو نییە!

ناکرێ بە یەقینەوە بڵێی کە پاڵنەرێکی ئاوا عەباسی بۆ جیابوونەوە هان دا؛ ڕەنگە واش نەبێ. چ هێزێکی شاراوەی دیکە بڵێی عەباسی دنە دابێ: ماڵەکە بەجێبێڵە و بڕۆ لەسەر تەندوورەکە هێلانەیەک چێکە!

ڕەنگە ئەوە شتێکی باش نەبێ کە هەموو شتێکی مرۆڤ لەنێو بچێ.

عەباس لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو، بە پێی عادەت چاوی لە ئاسمانی شەو دەبڕی. ئەو عادەتەی دوای نەخۆشییەکەی گرتبوو. ئاسمان، لەنێو بیرەکەوە. لەو کاتەوە جۆرێک چاوی لە ئاسمان دەکرد کە دەتگوت بە دوای جێگا پێیەکدا دەگەڕێ. شەقڵی پێیەکی ون. تەنیایی عەباس بە ترپەی پێیەک تێکدەشکا. ترپەی پێ لە کۆلانەوە. ترپەی پێیەک کە ئاشنا نەبوون. تەنیا ترپەی لەسەرەخۆی پێی ڕوقیا و ناڵەناڵە پچڕپچڕەکەی بە گوێی عەباس ئاشنا بوو. دەنگەکان کەم نەبوون، بەڵام گوێچکەی کوڕی سلووچ تەنیا ترپەی پێی ڕوقیای دەبیست؛ بەڵام ئەو ترپەی پێیە هی ڕوقیا نەبوو. ڕاوەستا. ترپەکە ڕاوەستا:

ـ عەباس!... عەباس... بەخەبەری؟

چاوی لە شوێنی دەنگە کرد. تاپۆیەک لەپاڵ دیوارەکەدا ڕاوەستابوو. عەباس کۆخی. یانی نەخەوتووم. تارمایییەکە جووڵا و هاتە پێشێ. ئەبراو بوو. بەرەو ڕووی عەباس ڕاوەستا. بێدەنگ ڕاوەستا. عەباس چاوی لە جگەرەی نێوان قامکی خۆی کرد. ئەبراو چۆکی بە دیوارەی تەندوورەکەوە نووساند. عەباس نەیدەزانی ئەبراو چیی دەوێ. بۆیە چاوی لە جگەرەی نێوان قامکی خۆی دەکرد. ئەبراو چیی دەوێ. بۆیە چاوەڕێ بوو ئەبراو شتێک بڵێ. ئەبراو هەروا بێدەنگ بوو. دوای تاوێ سەرکەوتە سەر سەکۆی تەندوورەکە و دانیشت. لە نێوان ئەو دوو برایەدا تەنیا دەمی تەندوورەکە ئاواڵە بوو.

ـ ها! بیستبووم فێری جگەرەکێشان بووی، بەستەیەکم بۆ هێناوی.

ئەبراو بەستەی جگەرەکەی نا کەلێنی بەردەکانی لاشانی عەباسەوە. عەباس چاوی لە دەستی ئەبراو کرد و مات بوو. نەیدەزانی بڵێ چی؟

ئەبراو گوتی:

ـ دەبوو زووتر بهاتبایەم. لە کەنگێوە یەکترمان نەدیوە. لەو ڕۆژەوە ئیتر نەمتوانی بێم بۆ ئێرە. ئێستاش.... بەو شەوە هاتووم. تاریکان باشترە. بە ڕۆژدا لە ڕووم هەڵنەدەهات بێم. من ئەو ڕۆژە سەیر بووبوومە شبر. چەند ڕۆژێکی ناخۆش و نەگبەتی بوو! دەتگوت خۆم نیم ئەو کارانە دەکەم. دایکیشم لەو ڕۆژەوە نەدیوە. نەمتوانی بێم. جارێک پارەم بۆ نارد، بەڵام وەرینەگرتبوو و ناردبوویەوە. چی دەکا؟

عەباس قونچە جگەرەکەی فڕێدا نێو تەندوورەکە و بە نووزەیەکی گڕ و نووساو کە تایبەت بە دەنگی خۆی بوو، گوتی:

ـ نازانم، نایبینم! پێموا لە وەتاغە.

ـ نان و ئاو چی؟

ـ نازانم! کیسە ئاردەکەم لەگەڵ بەش کرد. ئیتر نازانم!

ئەبراو گوتی:

ـ من ئەو ڕۆژە کارێکی زۆر ناحەز کرد. زۆر ناحەز. تا ئێستا چ کوڕێک لەگەڵ دایکی خۆی کردەوەیەکی ئاوا دزێوی بووە؟! من نازانم چبکەم، ها؟! لەو ماوەیەدا هەر لە لای تەڕاکتۆرەکە خەوتووم. بەڵام هەوا زۆر سارد بووە، وشکە سەرمایە!



ئەمڕۆ ئێوارە شۆفێری گونبەدی تەڕاکتۆرەکەی کووژاندەوە، ماتۆڕە لە کارکەوتووەکەی کردەوە و بردی. پێموا نییە بێتەوە! ڕەنگە لەباتی هەقی ئەو ماوەیە لە بازار ماتۆڕەکە دەتوێنێتەوە. خاکی خوازەوییان تەکووز کرد و نەمامە پستەیان چەقاند. ئێستا دەبێ حەوت ساڵ چاوەڕوان دانیشی هەتا دێتە بەر. کاری سەرەکیی تەڕاکتۆر ئیتر تەواو بوو. دەمێنێتەوە کار کردن بۆ خەڵک. ئەویش زەرەری زیاترە لە قازانجی. تەڕاکتۆرەکە خەرجی لێ زیاد بووە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ چەپرەکتر دەبێ و خەرجی زۆرتر دەبێ. ڕەنگە میرزار حەسەنیش ناچار بێ بیفرۆشێ. دەڵێن دەرەقەت خەرجەکەی نایەین. ئاخر خۆ هەمیشەش کار نییە و چەن مانگ دەبێ تەڕاکتۆرەکە بخەوێ!... عەباس ئەرێ تۆ دەزانی پستە چۆن ڕەعەمەل دێ؟

نا! عەباس نەیدەزانی. ئەگەر بیشیزانیبایە، تاقەتی ئەوەی نەبوو وەڵامی ئەبراو بداتەوە. ئەبراو ئەوەی دەزانی. بەڵام ناچار بوو؛ دەبوو بە شێوەیەک قسە بکا. کۆڵێک قسە لەسەر دڵی بار بوو و تەنیا کەسێک کە بۆ بیستنی پێی شک دەهات، عەباسی برای بوو. ئەبراو گوێی لەوە نەبوو عەباس چدەکا و چدەڵێ. تەنیا چەند ساتێک ئەوی خەمبار و مات کردبوو. هەستی دەکرد بۆتە بێگانە؛ لە ماڵ و بنەماڵەکەی دوور کەوتۆتەوە. ئەوەش مەترسییەکی خستبووە دڵییەوە. بۆیە بەو تاریکە شەوە هاتبوو برا بێزمانەکەی وەقسە هێنابوو.

ـ من پێموابوو میرزا حەسەن جگە لە پستە و پەمۆ، گەنمیش دادەچێنێ، بەڵام... بەڵام تاقە دەنکێکی گەنم دانەچاند. یەک دوو جار باسی گەنم داچاندن کرا، گوتی: «بۆ مێشکی کەرم خواردووە گەنم داچێنم؟! بۆچی دایچێنم؟! دەبێ چەندەی لە هەقی دروێنە بدەم؟ تازە کێ ماوە دروێنە بکا؟ هەموو خەریکن دەڕۆن. جگە لەوەش مەنی بە چەند بفرۆشم؟ شەریکە، مەنی بە چەندەم لێدەکڕێ؟ لە سێ تمەن کەمتر! کە حیسابی دەکەم نیوەی خەرجەکەشی دەرناهێنێتەوە. هەر کەس تۆزێ عەقڵی ببێ کاری وا ناکا!»

ئێستاکە بیری لێدەکەمەوە، دەزانم ڕاست دەکا! داچاندنی گەنم و جۆ لەم ڕۆژانەدا بەقازانج نییە. میرزا دەیگوت: «دەوڵەت خەڵوار خەڵوار لە هەندەرانەوە گەنم دێنێ!» هەر بۆیە دەترسم ئیتر تەڕاکتۆر بەکار نەیە. زەویی ئێرەش زۆر پەڵە

پەڵەیە. تەراکتۆری دوابڕاویش هەکتار هەکتار زەویی دەوێ. کە بیکێڵێ و داروبەرد بەرگەی ناگرێ. لێرە زەوییەک ئەگەر زۆر زۆر پان و بەرین بێ بە شەو و ڕۆژێک کێڵانەکەی تەواو دەبێ. پاشان دەبێ سێ فەرسەخ ڕێگا بگوتی و بچییە سەر زەوییەکەی دیکە. هەر ئەو ڕێگا کوتانەش خۆی دەبێتە هۆی بەفیڕۆ چوونی کات. حیسابی ئەو کارانەش پیاو وردە وردە دێتە دەستی. زۆر جار بووە کێڵانی زەوییەک لە کاتژمێرێک زیاتری نەخایاندووە! کرێی سەعاتێک جووت کردنیش پێت وایە چەندە؟ چوون و گەڕانەوەکەشی حیساب کە! بۆیە دەترسم ئیتر ئەو تەراکتۆرە بروا بۆ دەڤەرێکی دیکە و نەیەتەوە. بۆ وێنە دەشتی گورگان، ئەو جێیەی کە پێشتر لەوێ بوو. یان ڕەنگە دەشتی نەیشابوور. ئەویش ئەگەر شۆفیری گونبەدی ماتۆڕەکەی نۆژەن بکا و بیهێنێتەوە! دیوتە؟ پەمپی ئاوەکەی وەکار خست و چووە پشت فەرمانی تەراکتۆرەکە. تەراکتۆرەکەش ئەوا لەکار کەوت. میرزار حەسەنیش خۆی شرتوگوم کرد. لە لایەن دایرەی کشتوکاڵیشەوە هاتبوون بە دوایدا. نازانم! ئێستا نازانم چبکەم؟ ئیتر دەستم بۆ وردەکاری ناچێ. تەراکتۆریش نییە کاری لەسەر بکەم... نازانم. منی گەوج لەخۆڕا دڵم بەچی خۆش کردبوو!

عەباس گوتی:

ـ دەستێک پاستوری چاک بە چەندەیە؟ تۆ دەزانی؟

ـ هێشتا نەخەوتووی عەباس!

دەنگی مرادی سەنەم بوو. عەباس سەری وەرسووڕاند. کوڕی سەنەم لە سەر دیوارەکەوە ملی کێشا:

ـ تۆش لێرەی؟

دەنگی مراد شەرمی پێوە دیار بوو. پێی نایە حەوشە و هاتە پێشێ.

ـ وەرە سەرێ... وەرە دانیشە... جێگا هەیە.

ـ ئێرە باشە، نایەمە سەرێ.

ـ وەرە... وەرە ئیتر!

هەر کەسێکی دیکە بوایە بەجێی مراد، تێدەگەیی کە ئەبراو چەندەی پێویست بە هاوزمانێکە دەردە دڵی لە لا بکا.



مراد لە گوێ تەندوورەکە دانیشت و پرسیی:

ــ دەی؛ ئەوە چی بووە؟ دەڵێن شۆفیری گونبەدی لێیداوە و ڕۆییوە؟! تەراکتۆرەکەم دی لای قەبران ڕاگیرابوو، لەوە دەچوو لە کار کەوتبێ. دەڵێن شۆفیری گونبەدی ماتۆڕی تەراکتۆرەکەی بە بیانووی نۆژەن کردنەوە، بردووە و ڕۆیشتووە؟ هەها! تۆ خۆ لەو کارانەدا شارەزای، بۆ نۆژەن کردن کێ دیویە ماتۆڕ داگیرێ؟

ئەبراو گوتی:

ـ نازانم! نازانم! ئەوە تەراکتۆرەکەم لە دەست دەرچوو!

ـ پێت وانییە شۆفیری گونبەدی ماتۆڕەکەی لە باتی هەقەکەی بردبێ؟!

ـ چووزانم. چووزانم. ڕەنگە واش بێ.

ـ لەوانەیە وا بێ! ئاخر مرۆڤی پیشەساز خۆ لەسەر هەقەکەی ڕاناوەستێ هەتا کاتی نوخشە. ئەو جۆرە کەسانەش ئەوەندە گەمژە نین کە یەکی وەک میرزار حەسەنی ئێمە فریوی بدا! لاوانی دەشتی گورگان دە بیست ساڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە سەروکاریان هەیە. میرزا خان ئێستا لەکوێیە؟

ـ دیار نییە. هەر ئێستا باسی ئەوەم بۆ عەباس دەکرد. مانگێک زیاترە لێی بێهەواڵین! شەریکەکانیشی خۆ لە کەریەتیدا بەشی کەسیان نەهێشتۆتەوە. هەر بۆ باس کردن نابن.

مراد بە توانجەوە گوتی:

ـ حەی... تۆ چەن فەقیری پوورزا گیان! ئەم میرزار حەسەنە سەرێکی هەیە و هەزار سەودا! ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ پێت وایە مرۆڤێکی وا دێ خۆی بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ دەکا؟ یەکێ لە براکانی ناردووە بۆ گوندەکانی سەروو کرێکار کۆ کاتەوە و بیانبا بۆ شاری. دەیانەوێ کۆنە کاروانسەراکە تێکدەن و قەپانێکی لێ ساز کەن. بۆ کڕینی دەغڵ و دان. پەمپی ئاوەکەشی بە زەردجۆشکراو دەرچوو. بەسەر دەستی هاوڕێ تازە پیاکەوتووەکانییەوە مایەوە, کە هەموو دەمیان بۆ پارەی فرۆشتنی نۆرە ئاو لێک ڕەوییبۆوە! ئەو دوو قڕانە پارەش کە کۆیان کردبۆوە و ددانیان لێ تیژ کردبوو، نایانە سەر پەمپی ئاوەکە. میرزار حەسەنیش هەموو پارەکەی لێ

ساندن و بۆی دەرچووا پەمپی ئاو، ئاوی کارێزەکانی نیوە کردووە و خۆشی زیاتر لەو نیوە ئاوەی کارێزەکەی لێ هەڵناقوڵێ. ئاخر زەویی قاقڕ و وشک ئاوی لە کوێ بوو؟! ئەمساڵ زووتر لە ساڵان دەبێ بارگە و بنە بپێچینەوە و بڕۆین بۆ کار. ئەوە زۆر سەیرە کەربەلایی دووشەممە بۆتە پەمپەوان!

ئەبراو دەتگوت لەگەڵ خۆی قسە دەکا:

ـ ئەی ئەو هەموو فڕوفیشاڵ و چاوڕاوە چی بوو؟

ـ ئاخر خۆ دایرەی کشتوکاڵ هەروا سووک و ئاسان وام بە کەس نادا! دەبێ کابرا تەشت و مسینەیەک پەیدا کا!

ئەبراو وەک ئەوەی لە دۆڕاندنی قومارێکدا شەریک بووبێ و لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ وەدەرکەوتبێ، لەپڕ تێکچوو و دەستی کرد بە گوڕەگوڕ:

ــ ئێـوە کـە ئـەوەتـان دەزانـی، بـۆ زەوییـەکانتـان ئـاوا مفـت و بـەلاش کـردە مشتیانەوە؟!

ـ زەوییەکانمان؟! هـە هـە هـە؟ زەوی! جۆرێک دەڵێ زەوی، دەڵێی یـەکی شـەش دانگمان زەوی بـووە و فرۆشـتوومانە! ئاخر کامـە زەوی؟ هـەموو ئـەو خـوازەوییـە، ئەگەر ئاویشی ببوایە پێنج سەر خێزانی پێ بەڕێنەدەچوو! بۆ پیاو زەویی دەوێ بۆ ئەوەی کایەی پێ بکا، یان بژیوی لێ وەگیر خا؟ ئەگەر میرزار حەسـەنیش پـەیدا نەبوایە ئەو کرێ ماشێنە بە ئێمە بدا، خۆمان بەجێمان دەهێشت و دەڕۆیشتین. ئاخر خۆ بە هـەموو پـەڵـە زەوییـەکی خـودا نـاکرێ بڵێی زەویی کشتوکاڵ! خـۆ میـرزار حەسەنیش بە نیەتی کشتوکاڵ ئەو زەوییانەی لە ئێمە نەکڕی. ئەو دەشتێکی پـان و بـەرینی دەویست کە بـە نوێنـەری دایرەی کشتوکاڵی نیشان بدا. جگـە لـەوەش، ئێمـەومانـان، نـە باوکمـان لـەو زەوی و زارە بژیـوی وەدەسـت هێنـاوە نـە دایکمـان. زەویوزار بەدەست هەر کەسێکەوە بێ قازانجـەکەی بـە ئێمـەومانان دەگا. بـەشـی ئێمـە بـەر لـەوە کرێکاری بووە، پاش ئـەوەش هـەر کرێکاری دەبێ. جـاران بژار و دەسکەنە و دروێنەمان دەکرد و کرێمان وەردەگرت، ئێستا کارێکی دیکـە دەکـەین و کرێ وەردەگرین. من دەمەوێ کاتی ڕۆیشتن بچم بۆ شاری ولە قەپانەکەی میـرزار حەسەن حەممالی بکەم. ئەگەرچی براکەی میرزا لە زەمینج پیاوی نـەگرتـووە، بـەلام



کار بە من دەدا. دەچم کرێکاری دەکەم، کە لانی کـەم شـەوانـە چـاوم بـە دوو گـەڵا پـارە بکـەوێ. هـەر لـەوێش لـە سـووچێکی کاروانسـەرا دەخـەوم... تۆ چی؟ تۆ چی دەکەی؟

ـ من... من پێم وانییە بەم زووانە دەستم بۆ کار بچێ و تاقەتم هەبێ.

ـ عەباس!... تۆچی برا گیان؟ بیرێکت لە حاڵی خۆت کردۆتەوە؟

عەباس بە هێواشی گوتی:

ـ بیر!... بیر؟ من... بیر!

ـ بیرێکت لە ڕۆیشتن کردۆتەوە؟

ـ ڕۆیشتن! قسە لە ڕۆیشتن دەکەن؟

ـ چبکەین لەبەر ناچارییە.

ـ ڕۆیشتن؟!.... ڕۆیشتن...

ـ چووزانم؛ هەر کوێیەک بێ، هەر کوێیەک.

ـ نا... نا خاڵۆزا گیان. من... نا... من.. پێی ڕۆیشتن... من... نا... نا...

کوڕی سەنەم جارێکی دیکە ئەبراوی پرسیارباران کرد:

ـ تۆ چی؟ هێشتا هـەر سـاخ نـەبوویـەوە؟ یـان هـەر چاوەڕێی میرزار حـەسـەنی بێتەوە؟

ـ نا، نا، نازانم، هێشتا لەسەر کارێک ساخ نەبوومەتەوە.

هەر بە ڕاستی ئـەبـراو هیچی نـەدەزانـی. گێژ و حـۆل بـوو. ماشـەرێکی ئـاڵۆزاو. شتێک ڕووی دابوو. ڕووداوێک قەومابوو. بەڵام ئەبراو بە تەواوی نەیدەزانی چییە. لە جەرگەی ڕووداوەکەدا بوو و نەیدەزانی چی بـووە. ڕەنگە خـەڵکی، وەک کوڕی سەنەم کە لە دەرەوە تەماشا دەکا چاکتر ببینێ. بەڵام ئەبراو نەیدەتوانی. بۆ ئەوەی هەست بکا و ئەوەی دیتوویەتی وە بیری بێتەوە، دەبوو ماوەیـەک مـات بێ. دەبـوو دوور بکـەوێتـەوە و ئـۆقرە بگـرێ. ئـەو هێشتا هـەراوهوریـا کاسـی کردبـوو. هێشتا خۆی لەو گێژاوەدا دەدی کە میرزاحەسـەن سـازی کردبـوو. خۆشـی لـەو کارەدا بـە خەتابار دەزانی و لەگەڵدا بوو. لـەگەڵ ئـەو ڕەشـەبایـەدا بـوو کـە هێشتا هـاژەی لـە گوێچکەدا دەنگی دەداوە و تەپوتۆزی لە ڕوخساری خەڵک نیشتبوو.

کاتێ لە کێشە و بەزمێک دێیە دەرێ، هێشتا هەر لە گەڵێدای و درەنگ بەرتدەدا. کێشە و هەراوهوریا هێشتا لە ناخی ئەبراودا گڤەی دەهات. ئاراوقارای لێهەڵگیرابوو، نەیدەتوانی خۆی لەدەست ئەو تەنگژەیە ڕزگار بکا. تەواو ناهومێد نەبوو، هێشتا پێی وابوو میرزاحەسەن دەێتەوە. هێشتا دەیویست ئەوەی لە داڵغە و خەیاڵی خۆیدا کردبوویە ئاوات، بێتە دی. باوەڕی نەدەکرد، هێشتا باوەڕی نەدەکرد ئەو کارە فێڵ و تەڵەکە و درۆ و دەلەسە بێ. یان گەمە بێ. نا؛ ئەوە گەمە نییە و نابێ. دەبێ ڕاستی و حەقیقەتێکی تێدابێ. شتێک کە ئەبراو دڵی پێیخۆش بوو. لە دڵەوە باوەڕی پێکردبوو. نا! ئەو نەیدەتوانی هەر وا بە سانایی پێوەندیی دڵی خۆی لەگەڵ ئەو هەموو حەز و تاسە و کار و تێکۆشانە بپسێنێ کە تازە دەستی پێکردبوو. نەیدەتوانی و نەیدەویست ئاوا کتوپڕ خۆی بە فریوخواردوو بزانێ. کڵاوی چووبێتە سەر. ئەبراو بە هیوای ئاوەدانی و پڕ داهاتیی دەشتی زەمینج، پشتی لە هەموو شتێکی خۆی کردبوو. شەو ورۆژ کاری کردبوو. خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردبوو. بۆ هێنانی دوو پێچ و مێرە و گاڵۆنە ڕۆنێک، لە سەرما و گەرمادا چەن فەرسەخ بە پێیان ڕێی بڕیبوو. جنێوی پێدرابوو. سەرکۆنە کرابوو. بەشە زەوییەکەی فرۆشتبوو. کاری کردبوو. کار. کار. تەنانەت بووبووە گۆپاڵ، نۆکەر، جەللاد. بووبووە شبر. دایکی؛ وەک سەگی هار ئاوقای دایکی بووبوو. لە هەموویان ناخۆشتر، هەزار جار لە هەموویان ناخۆشتر، شەرمەزاری خەریک بوو دەیکوشت.

ئێستا بەجێی ئەوانە چی بۆ ئەبراو مابۆوە؟ چی بۆ مابۆوە؟ چیی بە دەستەوە بوو؟ میرزاحەسەن لەپڕدا غەیب بووبوو. ئەو پارەی دەبوو لە زەوی و زاری زەمینجدا خەرجی بکا، نابوویە تەنگەی باخەڵی و بۆی دەرچووبوو. تەڕاکتۆر و مەکینەی ئاو لەگەڵ کۆڵێک قەرز کەوتبووە سەر شانی شەریکەکانی. تەڕاکتۆرەکە بە قەرز کڕدرابوو، بە قیست. مەکینەکەش بە هەزار حاڵ ماریلە ئاوێکی لە چاڵاو دەردەکێشا. ئاوی کەرێز خەریک بوو وشکی دەکرد. وەرزێڕەکان خەریک بوو لە یەکتر ڕاست دەبوونەوە. ئەوانەی لە پەمپە ئاوەکەدا نەبووبوونە شەریک، چووبوون لە فەرمانداری شکایەتیان کردبوو کە: مەکینەی میرزاحەسەن ئاوی کەرێزەکەی لێ وشک کردوون. ئەوانەی لە مەکینەکەشدا شەریک بوون، بووبوونە دوو بەش،



هێندێکیان کەوتبوونە کێشە و هێندێکیان هیوایان پێی نەمابوو و دەیانویست بەشەکەی خۆیان بفرۆشنەوە. کەسانێکیش بوون کە هەر لە ئێستاوە دەبوو بەشە هەقی خۆیان بدەن بە برا گەورەکەی میرزاحەسەن، کە پەمپەوان بوو؛ نەیاندەدایە. بۆ کڕینی ڕۆن و گازۆڵ پارەیان نەدەدا. بەشێکیش کە لە کارێزەکەش و مەکینەکەشدا شەریک بوون، لەو نێوانەدا مابوونەوە و نەیاندەزانی کام لا بگرن. چونکە هێشتا کار نەگەیشتبووە هەڵسەنگاندنی قازانج و زەرەر. لەو نێوەشدا دایرەی کشتوکاڵ داوای قەرزی مانگانەی دەکرد!

لەسەر یەک ئەوە دیار بوو، بەجارێ شێوابوو. شتێک کە دەبوو لە نێو بچێ، لەنێو چووبوو. بەڵام شتێک کە دەبوو جێگاکەی بگرێتەوە ئەوە نەبوو کە چاوەڕوانیی لێدەکرا. سەرگەردانی و وەڕەزی.

ئەبراو لەگەڵ ئەوەی قازانج و زەرەرێکی وای نەکردبوو، هەستی دەکرد ڕەشەبا هەڵیگرتووە و لە بیابانێکی نامۆدا سەرگەردانە. نەیدەزانی چبکا؟ شێواو و نیگەران. جاڕز. خەمبار. بێهیوا. خوڵک و خووشی گۆڕابوو. ڕوانگەی وەک جاران نەبوو. بە چاوێکی دیکە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی. خاک و ماڵ و دایک و براکەی بە چاوێکی تر دەدی. شتێک، بارستایەکی گەورە لە بەر یەک پڕژ و بڵاو بووبوو و لەتەکانی لە دووکەڵ و تەپوتۆزدا بزر بووبوون. ئەو لەتوکوتانە نەدەچوونەوە سەر یەک. لەتوکوتەکان بەشێک لەو بارستایە بوون، بەڵام ئیتر بارستایی نەمابوو. پڕژ و بڵاو و پیوار. بێهەویە. ڕەنگە هەر لەتەیان هەویەیەکی تازەیان پەیدا کردبێ، بەڵام ئەبراو تێینەدەگەیشت. عەباس مابوو، ئەبراو مابوو، هاجەر مابوو، مێرگان مابوو، ـ ڕەنگە ـ سلووچیش هەر مابێ؛ ئەوانەش لەتەکانی بنەماڵەی سلووچ بوون؛ بەڵام هیچکام بنەماڵەی سلووچ نەبوون. هەر کامەی بۆ خۆی شتێک بوو. خەڵکی زەمینج یەک بە یەکیان هەر ئەو خەڵکەی جاران بوون؛ بەڵام خەڵک، ئیتر خەڵک نەبوون. هەموو کێچ کەوتبووە کەوڵیان. ڕەشایی ڕێگای شار فێر بووبوون. وەرزێڕەکان لە بزووتنەوەیەکی تازەدا بردنەوە و دۆڕاندنی خۆیان دەئەزموو. هەر چۆنێک بێ، زەمینج لێک بڵاو دەبوو. ئارام و ئۆقرەی تۆز لێنیشتووی قەدیم شڵەژابوو و گێرە و کێشەیەکی تازە دەستی پێکردبوو، لەوە دەچوو هەرا و قرموقاڵێکی تازە بقەومێ.

بەڵام ئەوەی کە میرزاحەسەن ڕووی کردە چ شار و مەڵبەندێک و چ پیشەیەکی گرتە بەر، کەس نازانێ، کەس بیری بۆی نەدەچوو.

- هاتووم بۆ ئەحواڵپرسی مێرگان.

ئەبراو وەخۆ هاتەوە. لە سەر جێگای خۆی بزوا. کوڕی سەنەم لە سەکۆی تەندوورەکە هاتە خوارێ و چوو بۆ لای درگای وەتاغەکە. ئەبراو ئۆقرە لێبڕاو، هەستی بە کوتەکوتی دڵی خۆی دەکرد. لەسەر سەکۆی تەندوورەکەوە بازیدا. خۆی گەیاندە مرادی سەنەم و ئاتەگی کەواکەی گرت و گوتی:

- منیش بەرە، مراد! تۆخودا منیش بەرە! دەمبەی؟

کوڕی سەنەم ئاتەگی کەواکەی لە دەستی ئەبراو ڕاپسکاند و گوتی:

- خۆت وەرە. کێ ڕێگای لێگرتووی.

ڕانەوەستا لە کەرکەرۆکی درگاکە چووە ژوورێ. وەتاغەکە وەک گۆڕ تاریک بوو. کوڕی سەنەم لە بەر درگاکەدا ڕاوەستا و ویستی نێو ژوورەکە ببینێ. چاو چاوی نەدەدی. شەمچەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و پرسیی:

- پوورە مێرگان! ئاوا زوو خەوتووی؟! ها؟ پوورە مێرگان!

- نا!

دەنگەکە داکەوت. مراد لقە شەمچەکەی لێدا و هەنگاوی هەڵێناوە، بەر لەوەی بڵێسەی شقارتەکە بکوژێتەوە، تارمایی پوورە مێرگان لەبەر شۆقە کزەکە دەلەرزی. مێرگان دانیشتبوو. شەمچەکە کوژاوە. مراد چوو بۆ لای تاقەکە و بە لقە شەمچەیەکی دیکە، لامپاکەی داگیرساند. تەپوتۆزی سەد ساڵ لە شووشە لامپاکە نیشتبوو. دەتگوت مێرگان قەتی هەڵنەکردووە. کوڕی سەنەم شووشە لامپاکەی سڕی و پلیتەکەی هەڵکێشا. وەتاغەکە تۆزێ ڕوون بۆوە. کوڕی سەنەم وەرسووڕا. ئێستا دەیتوانی بە جوانی مێرگان ببینێ. لە بن دیوارەکەدا دانیشتبوو و هەر دوو چۆکی هەڵدابوو چەنەی نابووە سەر و خۆی کوشمەڵە کردبوو. چەنەی کەوتبووە نێوان هەر دوو کڵاوەی ئەژنۆی. نەدەبزووت. وشک بووبوو، بێدەنگ. دەتگوت هەزار ساڵە ئاوا دانیشتووە. فرمێسک لە چاویدا بریقەی دەهات.

{هەردوو ئەژنۆم و چەنەم سێ کوچکەن



لە بنیدا دەگرێ سکڵی دڵم
لەسەری کا سەری پڕ کەسەرم
دەکوڵێ و دەڕژێ بە کوڵ داخ و کوڵم. }

کوڕی سەنەم چووە پێشێ. لامپاکەشی لەگەڵ خۆی برد. لامپاکەی لە لایەک دانا و بەرەو ڕووی پوورە مێرگان دانیشت و چاوی تێبڕی. چاوی ژنە بە مۆلەق وێستابوون و سوور دەچوونەوە. دەتگوت بڕوا بە چاوی خۆی ناکا. نیگای ترساو و بێبڕوا. دەمت بە شیر بسووتێ فوو لە دۆش دەکەی. ترس. دڵەخورپە. هەر ئەوە بەری بە زمان چەوریی مراد گرت و بۆ ماوەیەک مات بوو. مات و حەپەسراو. تەنانەت لە بیری چۆوە بۆ چی هاتووە. پەشیمانی؟ نا؛ بەڵام عەزاب و خەم هێرشیان بۆ برد. نەیدەزانی بڵێ چی و ئەو هاتنە ناوەختەی چۆن بۆ مێرگان ڕوون کاتەوە. زمانی گۆی نەدەکرد. کێوێک لەبەر دەمیدا قوت ببۆوە. ئێستا دامابوو ئەو کێوە چۆن لەبەر پێی خۆی لابا. ئەو قوفڵەی زمانی چۆن بکاتەوە؟ لە نەکاو شتێک لە مێشکیدا چەخماخەی دا:

- ئەبراو،.... پوورە... مێرگان! ئەبراوم هێناوە... گووی پێخوراوە، پوورێ! بیهێنمە ژوورێ؟

مێرگان دیسان بێدەنگ بوو. گۆمێکی مەند و قووڵ. دەتگوت ناکرێ بە قسەیەک - ئەویش کە متمانەت پێی نەبێ - بیشڵەقێنی! دەتگوت چلەی گرتووە مێرگان. ئەو جۆرەی کە ڕۆح ڕێگا نامۆکان دەپێوێ. دەبێتە هەڵم. شتێکی تەمومژاوی و بەسام. لە ژان و دەرد تێدەپەڕێ. هەوراز؛ چل شەوە، دەبێتە چل هەزار ساڵ. پیر، ئیختیار و بەساڵاچوو. ئەوەش کە هەیە. نا ئیتر ئەوەی کە بووە. نە ئەوەی کە بووە، ئەوەی کە هەیە: زاڵە زاڵ. زاڵ بووە.

چل هەزار ساڵان بۆ مێرگان. بەڵام کوڕی سەنەم چل ڕۆژە بوو. چۆن کۆرپەیەک دەتوانێ ببێتە هاوقسەی پیرەدایکی زەوی؟ نەک هاوقسە، ئەوەش نا! چۆن کۆرپەیەک دەتوانێ خۆی لە چاوی ناباوەڕی مێرگان دەرباز کا؟ پشووسواری. کوڕی سەنەم هەستی دەکرد هەناسەی سوار بووە. بە هەر شێوەیەک بوو دەبوو خۆی ڕزگار کا. نێوچاوانی ئارەقەی کردبوو و دەتگوت لاق و

قولی جەڕەبابە دراوە. هەستی بە مەرگ دەکرد! ئەوە ئیتر چ جۆرە ژنێکە؟ بووبووە چ جۆرە ژنێک؟ بەرد بوو؟ گڵمتک بوو؟ مەرگ بوو؟

ـ پووره.... مێرگان.... بیهێنم؟ هاتووە بەسەر کەوشەکانتدا بکەوێ!

کوڕی سەنەم ئیتر مەحتەلی وەڵام نەبوو. مێرگان هەر نەدەبوو داوای وەڵامی لێبکەی. بۆیە ئەوە وتەی ڕزگار بوون بوو. دەرباز بوونی کوڕی سەنەم. بە عەرزەکەوە بەستبووی. دەبوو ببزوێ. بزووتنیش بە بێ قسە ناکرێ. بۆیە، کوڕی سەنەم هیچی نەگوت کە وەڵام ببیستێ. تەنیا گوتی:

ـ بێڵە لەو تاریکییە ڕزگاری کەم، بەستەزمانە!

دەرپەڕییە دەرێ، قۆڵی ئەبراوی گرت و هێنایە ژوورێ:

ـ وەرە، وەرە دەی، لە ڕوو دامەمێنە. شەرمەزاری ناوێ. گوویەکت خواردووە. هیچ نییە. خەتای مێشک پڕی بووە. وەرە دەی!

لەنێو درگاکەدا ئەبراو قۆڵی لە دەستی مراد دەرکێشا و لە بن دیوارەکە مات ما. وەک ئەو کاتەی کە منداڵێکی وردیلە بوو. دەستی خستە گیرفانی و سەری داخست. لە ڕوخساریدا، لەبن پێستی لەشیدا، هەزار حاڵ و هەست و خەم تێکدەهاڵان و مێروولەیان دەکرد. ئەو هەستە لە ژێر پێستی لەشیدا بووبووە شتێک کە نەتدەزانی چییە. ڕەنگە بێزاری و عەشق، پەشیمانی و ڕووهەڵماڵدراوی! ئەوەش هەموو ئەو بارە نەبوو کە پشتی ئەبراوی چەماندبوو. دووکەڵێکی خەست ڕۆحە لاوەکەی ئەوی لە خۆیەوە وەرپێچابوو. دووکەڵێک کە حەجمانی لێهەڵگرتبوو.

دووکەڵێک کە ئارا و قارات لێهەڵدەگرێ، بێزارت دەکا. تووشی تەنگژەت دەکا. ڕۆحت دەکوشێ و وات لێدەکا چنگ لە بەرۆکی خۆت گیر کەی و دایقڵیشێنی.

لە شەرمەزاریدا ڕێزە ڕێزە خەریک بوو جەستەی دەتاواوە و هەر وا بە پێوە ڕاوەستابوو. تەواوی ئازای ئەندامی دەفڕی و کوتەکوتی دڵی ڕایدەهەژاند. چزووی هەزار دەمارە کۆڵ. چزوو لەسەر چزوو. ژەهر. ئەبراو یەکپارچە لەشی بووبووە ژەهر. لە ژەهر پڕ دەبێ و سات لە دوای سات ئەو ژەهرە پڕ دەبێ و پڕی دەکا و لێوڕێژ دەبێ و کفارە دەکا. ئەو ژەهرە بە چاو و هەناسە و خوێندا تێدەپەڕن و دنیایەک ژان و ئازار لەگەڵ خۆیان دێنن و دەبەن. کفارە دەکا ئەو ژەهرە. هەڵدەچێ.



لە پێستی لا مل و نێوچاوان و لاجانگییەوە هەڵدەقولێ: کفارەی ژەهراوی ڕۆح! دەماری لاملی دەفڕێ، شادەمارییەتی ئەوە یان باڵەپڕژەی کۆتریکی سەر هەڵپڕووچقێندراو؟

ـ دەی؛ پووره مێرگان... هێناومەتەوە! ئەوە.... ئاخری... پەشیمان... بۆوە... منداڵە قەیناکا پوورێ....

مێرگان هەستی بە بوونی کوڕەکەی کرد. ئەوی نەدەدی. بەڵام هەستی پێدەکرد. ئەبراو ڕاوەستابوو. کەڵەگەت بووە! دەنگیشی دەبێ گڕ بووبێ؟ نەیدەزانی. مێرگان نەیدەزانی. ڕەنگە ڕیش و سمێڵیشی هاتبێ. ئەو ڕۆژە ـ چەند مانگ لەمەو بەر بوو ـ کە مێرگانی لە قووڵکەکە هێنا دەرێ؟ هەر ئەو ڕۆژە شان وباهۆی ئەبراو پیاوانە بوو. لەشت ساغ بێ لاو! بە یەک تەکان دایکی لە چاڵەکە دەرکێشابوو. دەبێ بووبێتە پیاو ئەبراو. دەی خودا شوکر! چاک بوو مێرگان لانی کەم یەکیانی بە تەمەنی بلووغی گەیاندبوو. بەڵام ئەو دووانەی دیکە؟

«ملم شکێ! ملت شکێ مێرگان!»

ئەگەر بیتوانیبایە ئەو دووانەی دیکەش ئاوا گەورە کا، ئیتر خەمی نەبوو. بەڵام ئەو دووانەی دیکە لە نیوەی ڕێدا فەوتابوون. هەر کام بە جۆرێک. مێرگان خەمی ئەوەی نەبوو لەبەرچی ئەبراو وای لێهاتووە؛ خەمی ئەوەی بوو بۆچی ئەو دووانەی دیکە ـ عەباس و هاجەر ـ ئاوایان بەسەر هات.

«دایکتان زووخاو هەڵێنێ. »

بەڵام ئەبراو ڕەسیدە بووە. ئیتر بۆخۆی پیاوێکە. دەتوانێ بڕوا. دەتوانێ کار بکا. بێ ئەوەی جاڕز بێ دەتوانێ کار بکا. دەتوانێ بەسەر ئەودا، بەسەر مێرگاندا زاڵ بێ.

«وەرە لاوەکەم، وەرە!»

نا؛ بەڵام نا! مێرگان نەیدەتوانی. نەیدەتوانی. نەک ئەوە نەتوانێ پێ بە جەرگی خۆیدا بنێ؛ نا! ئەو بە سانایی دەیتوانی پێ بە جەرگی خۆیدا بنێ. بە ئاسانی. دەمێک بوو ئەو لە خۆی بووڕابوو. «خۆ»یەکی نەبوو مێرگان؛ «خۆ»یەکی بوو. بەڵام جێگۆڕکێی پێکرابوو. بووبووە یەکێک. «خۆ»ی مێرگان لە «خۆ»ی منداڵەکانی جیا

نەدەکراوە. مێرگان بە «بوون»ی ئەوانەوە بوو. بۆیە نەیدەتوانی زمانی بگەڕێ، لەبەر ئەوە نەبوو کە لەخۆبردوو نەبێ. دەیتوانی. بەڵام ئەو نەیدەویست بە زمان گێڕان، ماڵەکە پڕ بکا لە گریان و شیوەن. ئەگەر زمانی بگەڕایە، ئاور هەڵدایسا. هەماری دووکەڵ و ئاگر و ژان. شیوەن؛ گریان. گریان، دەنگی گریانت لەو خەڵوەتەدا چاکتر دەبوو بە زایەڵە. مێرگان نەیدەویست لە ناخی دڵەوە بتەقێتەوە و دەنگی شەپۆڕی گەڕەک داگرێ. دەرفەت بۆ گریان زۆرە. بەڵام لێرە نا. ئەبراو بۆ شینگێڕی نەهاتوتەوە. هاتوتەوە بۆ ئاشتی. شان و باهۆی پیاوانەی ئەو نابێ بلەرزێ. ئەو نابێ بگری! نابێ لە گریاندا ئەوق بێ. گریان کاری پیاوان نییە. ئەبراوی مێرگانیش پیاو بوو:

«کوڕم قورس و قایمتر بە. »

ـ شتێک بڵێ دەی، پووره مێرگان!

پووره مێرگان هیچی نەگوت.

ـ تۆ وەرە ئەبراو! تۆ وەرە شتێک بڵێ!

ئەبراو چاوی لە دایکی کرد. دەکرا ئەویش تەماشای بکا؟ نا! مێرگان لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەبراو بوو. بەردیش و شووشەش بوو مێرگان. ئەبراو هاتە پێشێ و لەپەنا مراد ڕاوەستا. مێرگان هەروا دانیشتبوو. ئەبراو دەبوو شتێک بڵێ. بەڵام بڵێ چی؟ هەروا ڕاوەستابوو.

کوڕی سەنەم دیسان وەقسە هات:

ـ یەکتر ماچ کەن! دنیا ئەوە ناهێنێ. یەکتر ماچ کەن دەی!

مەچەکی ئەبراوی گرت و لەسەر چۆک داینیشاند:

ـ شەوی جێژنە. ئاشت بنەوە. دەی ئەبراو!

ئەبراو دەستی لە ملی دایکی کرد، ڕوومەتی بە ڕوومەتی ڕەقەڵی دایکییەوە نووساند. هەر وا ڕایگرت. ڕوومەتیان دەپەڕی. دڵیشیان کەوتبووە کوتەکوت. ئەبراو کشاوە و دانیشت.

کوڕی سەنەم گوتی:



ـ باشە، پووره مێرگان... باشە... دڵت چا بۆوە؟ لێی ببوورە. تۆش ئەبراو، ئیتر بەشەر بە. ئاخر ئەوە کار بوو ئەو ڕۆژە کردت؟! دەی با لەوە بگوزەرێین! با من کترییەکە وەسەر نێم. چایی ئاشت بوونەوەکە بخۆینەوە. کوا؟ کترییەکە لە کوێیە؟...

مراد بە پەلە بوو وەجاخەکە هەڵکا و چای ساز کا. پەڕینی لێو و ڕوومەتی ئەبراو نیشتبۆوە. کشا دواوە و پاڵی بە دیوارەکەوە دا. مێرگان هەناسەیەکی هەڵکێشا. هەوا تێکشکا. هەرکام بە جووڵاندنی سەر و دەست، یان بە ڕوانینێک، سەهۆڵی ڕەشی بێدەنگییان شکاند. بێدەنگییەکە بوو بە هەڵڵا. لە پێش ئەواندا کوڕی سەنەم. ئەو کە زمانی پشکووتبوو، ساتێک دەمی نەدەسرەوت. دەستی خەریکی چایی لێنان بوو دەمی قسەی دەکرد. تەنانەت قسەی بێسەرە و بەرەی دەکرد. ناچار بوو نەیدەزانی چۆن سەروبنی قسەکانی وێک بێنێتەوە. دەیگوت و دەیگوت و دەیگوت. کاتێ هەستی دەکرد قسەی فشەی لە دەم دەرچووە، بە قسەیەکی دیکە پاساوی دەداوە. ئەوەش خۆی خراپتر، چەنەوەری و هەڵەوێژیی درێژتر دەکردەوە. بەڵام مراد لەبەر زمانچەوری ئەوەی نەدەکرد. یان بیهەوێ قسەکانی ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی ببێ. ئەو بیری لەو شتانە نەدەکردەوە. تەنیا ویستی مراد لەو هەڵەوەڕییە ئەوە بوو کە ئەو ماڵە کپ و ماتە پڕ کا لە هەرا و ژاوەژاو. پەردە بدڕێ و هەموو شتێک وەک هەوەڵی لێبکاتەوە. بۆیە جاروبار بۆ زاخاوی قسەکانی نەقڵێکیشی دەگێڕاوە و تەنانەت ـ ڕاست و درۆ ـ باسی کاروباری غەریبایەتیی خۆی دەکرد و لەخۆڕا سوێرقسەیی دەکرد و بەسەرهاتی خۆی دەگێڕاوە:

ـ... ئێوارەیەکی درەنگ وەختە! ئێمە خەریکین دەست و چرۆچاومان دەشۆین کە بچین بە لای شێو سازکردنەوە. ئاو لە بیرەکە هەڵدەگوێزین و هەمووومان لە دەوری بیرەکە کۆ دەبینەوە. هەشت کەس! لە خەڵکی کاشانەوە بگرە هەتا نەهاوەند و ئەم ناوچەیەی خۆمان. ئیتر خۆر باڵا پیاوێکی نەمابوو ئاوا بێ. شەکەت و ماندوو سەرم وەرسووڕاند دیتم پیاوێک لە دوورەوە دێ. زۆر شەکەت هاتە بەرچاوم. بە شەلەشەل دەهات. قوڵە پێمەڕەیەکیشی بە دەستەوە بوو. بە کوڕەکانم گوت تەماشای بکەن! سەریان وەرسووڕاند. هەموومان چاومان تێبڕیبوو. کە چاوی بە ئێمە کەوت هەنگاوەکانی شل کردەوە. دیار بوو بڕستی لێبڕابوو. هاتە پێشترەوە.

نەماندەناسی. غەریبە بوو. هیچکام لە ئێمە لە دەوروبەری ئەو مەزرایەی کارمان لێدەکرد نەماندیبوو. تەواو هاتە پێشێ. دیمان جلەکانی لەبەریدا شڕ و پەتۆر بووە. جێیەکی جلەکانی بە ساغی نەمابوو. قۆڵەکانی یەکیان لە بندا پچڕابوو، یەکیشیان بە حاڵ پێوەی مابوو بە بنباخەڵیا شۆڕ ببۆوە. دەستی هەتا شانی ڕووت بوو. چ باسک و بازۆڵەیەکی بوو! ماشەڵڵا. یەخەی هەتا سەر زگی داقڵێشابوو. دەستی هەتا نزیک هەنیشکی خوێناوی بوون. نێوچاوان و ڕوومەتی بریندار بووبوو. خوێن بە ڕوومەت و چەناگەیەوە قەتماخەی بەستبوو. سەر سنگی بریندار بوو. دەلینگێکی پاتۆڵەکەشی هەڵقڵیشابوو. هەر ئەو لاقەشی دەشەلی. پێمـوابێ دارێک یان پێمەڕەیەکیان لە لاقی ڕاکێشابێ. قسەی نەدەکرد، ئێمەش هیچمان نەدەگوت. یەکێ لە کوڕەکانی کاشی - ڕەزاق - یادی بەخێر، هاوڕێیەکی باش بوو؛ دەلووی پڕ لە ئاوی بۆ برد. کابرا لەسەر دەلووەکە چۆکی دادا. وەکوو وشترێکی تینوو، دەتگوت دە ڕۆژە ئاوی نەخواردۆتەوە! دەمی کرد بە ئاوەکەدا. نزیکەی سەعاتێک سەری لە سەتڵەکەدا بوو، کاتێ سەری هەڵێنا خۆر ئاوا بووبوو. پێمان وا بوو، دوای شتنی دەست و دەموچاوی شەوێ لە لامان دەمێنێتەوە و بەسەرهاتەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام پێمەڕەکەی هەڵگرت و بە بێ ئەوەی چاومان لێبکا، وەڕێکەوت و لە چاوان ون بوو. ئێمە سەرمان سووڕمابوو. من دەچم کترییەکە وەسەر نێم.

- چاییەکە سازە، بیهێنم؟

ئەبراو وەکار کەوتبوو. پیاڵە و ئیستیکانەکانی هێنا و ڕۆیی کترییەکە بێنێ. مێرگان لامپاکەی بردە پەنا دیوارەکە. لە دەوری یەک دانیشتن. ئەبراو کترییەکەی لە بەر دەمی دایکی دانا. مێرگان کترییەکەی هەڵگرت و چایی تێکرد. سێ پیاڵە چایی. وەختی ئەوە بوو هەر کامەیان بە دڵێکی بێخەمەوە چایی بخۆنەوە. مێرگان پەرداخە چاییەکەی بەر دەستی خۆی لەگەڵ کولۆیەک قەند هەڵگرت، هەستا و چووە دەرێ. لەسەر سەکۆی تەندوورەکە، کولۆ قەند و پەرداخە چاییەکەی لەبەر دەستی عەباس دانا. گەڕاوە و لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشتەوە.

ئەبراو پیاڵە چاییەکەی خۆی لەبەر دەمی دایکی دانا و گوتی:

- بە نۆبە دەیخۆینەوە!



کوڕی سەنەم پیاڵەی چاییەکەی هەڵگرت و هەروا کە فووی لێدەکرد گوتی:

- خەمی بۆ مەخۆ پوورە مێرگان! ئەو زەوییە بەیارانە شتێکی وا نەبوون.

پیاو گیانی دەپڕووکا لە گەڵی و نانێکی لێ دەست نەدەکەوت. چاوی دەرێ، وەبزانە هەر نەتبووە! ئەمجار با بزانین ئەوانەی چاوی برسییان تێبڕیبوو چۆنی بەرهەم لێ هەڵدەگرن! میرزا چوار نەمامە پستەی چەقاندووە و پاشماوەی پارەکەی هەڵگرتووە و هەڵاتووە بۆ جێگایەک کەس هەواڵی لێی نییە. مەعلووم نییە ئەو پارانە چۆن و لە کوێ وەگەڕ دەخا! هەروا تاوێک لەوە پێش گوتم: بوونی ئەو جۆرە زەوییانە دەردی زیاترە؛ بەکاری چی دێ؟ پیاو بزانێ هیچی نییە چاکترە لەوەی بە بیانووی شتێک خۆی بڕەتێنی! خۆت بە لای شتێکی بێبایەخەوە ببەستییەوە بە کاری چی دێ؟ پیاو دەبێ لە پای شتێکا ڕاوەستێ کە بایەخی ببێ. من کە ڕێگای کار و ژیانی خۆم فێر بووم. چ لێرە و چ لە هەر جێگایەکی دیکە! دەچم بۆ تاران، مەشهەد، قووچان، هەر کوێ بتوانم کاری لێبکەم و نانێکی لێ وەدەست بێنم. خەریکم بەگوێی ئەبراویشدا هەڵدەخوێنم لەگەڵم بێ. لەو دەڤەرانە چەندەت دەوێ تەڕاکتۆر و دەزگا و کەرەسەی وا هەیە، هەڵڕژاوە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش زیاتر دەبێ. ئەبراویش ئیتر بۆ خۆی شۆفیری دەزانێ، دەستی لەو جۆرە کارانە ڕاهاتووە. ئیتر خەمی بۆ چییە؟ دەچین و کار دەکەین. لەشمان ساغە. شان و باهۆی کارمان هەیە. ئەم وڵاتەش لە سایی خوداوە پان و بەرینە. ئێمەش لە سووچێک هەر جێگامان دەبێتەوە. خۆ ڕێ لە کەس ناگرین؟

مێرگان سەری لە هەموو قسەکانی مراد دەرنەدەهێنا. بەڵام لە هەمووی تێدەگەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە. ئەو جۆرەی کە کوڕی سەنەم لەگەڵ ئەمڕۆ و سبەینێی خۆی یەکچاو ببۆوە، ئەو نەیدەتوانی. زنجیری وەک عەباس و هاجەر لە قوولاپەی مێرگان بەسترابوو. ئەو چۆن دەیتوانی منداڵەکانی پشت گوێ خا؟ ئەو منداڵانە جەرگی بوون. بۆیە هەر وا بێدەنگ بوو. دڕدۆنگ و بێدەنگ. زۆر شت بوون کە دەیانتوانی لە جێی خۆی هەڵیکەنن؛ بەڵام هێندێ شتی دیکەش بوون کە هێشتا خستبوویانە تەنگژەوە. ئەم کێشەیە لە ناخی مێرگاندا بوو. نەک لەو کاتەوە کە کوڕی سەنەم سەری قسەی کردبۆوە. بەڵکوو لەو کاتەوە کە

سلووچ ون بووبوو. نیوەی گیانی مێرگان بە هیوای ڕۆیشتن بوو. بەڵام بۆ دەبوو مێرگان قسە لە شتێک بکا، کە متمانەی پێی نییە؟! دڕدۆنگ و دڵاودڵ. بیرەبیرە. خۆ ناتوانێ درۆ لەگەڵ خۆی بکا! دەتوانێ؟ بڵێی مێرگان جارجار دڵی پێوە نەبێ گۆزەکەی ماڵی سەردار پڕ بکا لە ئاو و بۆی بەرێ؟ بۆ! دڵی پێوەبوو. مەگین مرۆڤ کەمی ئاوات و حەز لە دڵدایە کە زۆربەیان لەگەڵ خۆی دەباتە گۆڕەوە؟ مێرگان ئەوەی لێ ڕوون بوو. کە ئەو مەیلە شاراوە ژنانەیە لەگەڵ خۆی دەباتە قەبرەوە؛ مەیلێکی شاراوە و پڕ لە بیرەبیرە. شتێک کە تەنیا لە گڵدا دەبێتە گڵ. لەگەڵ ئەوەشدا مەگین دەکرا حاشای لێبکا؟ نا! هەیە و هەیە و هەیە. مەگین دەکرێ یادی جوانترین گوڵێک کە لە تەواوی ماوەی تەمەنتدا پێتدراوە ـ ئەگەرچی بە زۆر ـ لە ڕۆحتدا پاک کەیەوە؟ شتێک لە ناخدا هەیە. بتەوێ و نەتەوێ هەیە. لە تۆدا چاندراوە و تۆ لە ناختدا هەڵتگرتووە. ئەوە لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێک دەبەی. چاک و خراپەکەی لەگەڵ خۆتدا دەگێڕی. دەتەوێ لەبیری بەریەوە؛ ئەگەر وزە لەو یادە وەرنەگری! چونکە تەنیا تۆ نیی کە دەتەوێ خۆت بەسەر ئەودا بسەپێنی، ئەویش هەیە. جاری وایە ختیلکەت دەدا. جاری وایە پێوەت دەدا. جاری وایە شەرمەزارت دەکا. جاری واشە لەگەڵ ورووژاندنی هەموو ئەوانە لە تۆدا قولپ دەدا. تۆ ژنی، ئەگەر مێرگانیش بی!

ـ ئێمە هیچمان نییە ونی بکەین. ئێمە هیچمان نەبووە کە ونی بکەین، دایە. چیمان بووە؟ چەند مانگە بیری لێدەکەمەوە. ئێمە ڕووت لە دایک بووین و هێشتاش هەر ڕووتین. ئێمە قەت بەرگمان لەبەردا نەبووە کە ڕووتمان بکەن. لەو کارە کەڵک وەردەگرم. تەراکتۆرەکەی میرزاحەسەن شکاوە، چش خراپ بووە؛ خۆ ئاسمان نەڕووخاوە. لەشم ساغە و چوار پەلم بێعەیبە. هەر ئەوەشم بەسە. ئەم جارە لەگەڵ کوڕەکان دەڕۆم.

ئەبراو ئەوەی گوت و هەوڵیدا لەرزینی لێوە گۆشتنەکانی دامرکێنێ.

مێرگان چاوی لە کوڕەکەی بڕیبوو. بە ئاشکرا و بێترس تەماشای دەکرد. وەک ئەوەی بیهەوێ لە ڕیشەوە، جارێکی دیکە بیناسێ. ئەبراوی کوڕی بناسێ و باوەڕی پێبکا. بەڵام ئەمە، هەر ئەو ئەبراوەی جاران بوو؟ ئەمە، کوڕەکەی ئەو بوو کە ئاوا



پتەو قسەی دەکرد؟ ئاوا بڕندە؟ ئەمە، هەر ئەوە بوو کە لە داوێنی مێرگان کەوتبووە خوارێ؟ تەڕ و وشکی کردبۆوە و بەرێوەی هێنابوو؟

«لاوەکەم! لاوەکەم!»

تەق و تۆقی دارشەقەکەی عەباس! چاوی بەرەو درگاکە پێ وەرسووڕاندن. عەباس لەبەر درگاکە ڕاوەستا. پەرداخە بەتاڵەکەی لە پەنا دیوارەکە دانا و گەڕاوە. تەق و تۆقی چێوشەقەکەی ورد وردە تەواو بوو.

کوڕی سەنەم هەستا، پەرداخەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و هێنای:

ـ خەمی عەباست نەبێ پوورە مێرگان. دەتوانێ بەرەی خۆی لە ئاو دەرکێشێ.

مێرگان سەرتاپای چاو و گوێ و خەیاڵ بوو:

ڕاستە! دەتوانێ بەرەی خۆی لە ئاو دەرکێشێ؛ دەرکێشێ! بەڵام ئەوە بە دەم ئاسانە، بەڵام زۆری وەک عەباس دیتراوە، کە پرووکاون، سواون، لە پووکانەوەوە تا مردن زۆر دوور و درێژ نەبووە و نییە. عەباس بەرەی خۆی لە ئاو دەردەکێشێ، ڕاستە! بەڵام چۆن؟ چ کارێکی لە دەست دێ؟ چ کەسپێک؟ دەتوانێ لە سەر چ کارێک دەوام بێنێ؟ توانایی چ کارێکی هەیە؟ کار! کار! ئەوەش نهێنییەکە کە هەموو ڕۆڵەکانی مێرگانی، لە هەموو سەردەمەکاندا بە پێوە ڕاگرتووە. ئەگەرچی کارەکە بە زۆر و بە جەبر بووە، بەڵام هەر چۆنێک بێ دەستێک جووڵاوەتەوە کە دەمێک بتوانێ بجووڵێتەوە. ڕاستە. عەباس دەتوانێ بەرەی خۆی لە ئاو دەرکێشێ. بەڵام چۆن؟ ڕەنگە عەباس خۆی بزانێ!

بەپەلە و بەپرتاو هاجەر خۆی کرد بە ژووریدا. بە هەلاتن کۆڵانی پێوابوو و دەلەرزی. شڵەژابوو و دەنگی لە گەروویدا دەگیرا. چاوانی نەیتوانی کوڕی سەنەم ببینن. زمانی کەوتبووە تەتەڵە:

ـ دایە! خاڵە ئەمان هات... من دیتم.

بێت! بە مێرگان چی؟

ـ دایە! کەربەلایی دووشەممە جڵەوی کەرەکەی خاڵمی گرت و بردی بۆ ماڵی خۆیان؛ بۆ ماڵی خۆیان!

با بیبا! بە مێرگان چی؟

ـ لە باتی قەرزەکەی، دایە! دەبێ کەسێک ببێتە زامنی. هەرچی پاڕاوە و لالاوە بە گوێی کەربەلایی دووشەممەدا نەچوو؛ دایە!!

مێرگان چاوی لە کچەکەی بڕی و بزەیەکی هاتێ، بزەیەکی تەوساوی.

ئەبراو لە جێی خۆی بزووت و کوڕی سەنەم کۆخی. هاجەر، هەستی بە بوونی مراد کرد و بە هەڵەشەیی لە وەتاغەکە دەرپەڕی. هەر لەو ساتەدا، کوڕی سەنەم بە ڕێگا ڕۆیشتنەکەی هاجەردا بۆی دەرکەوت دووگیانە ولە بن لێوییەوە دوو سێ جار پرتاندی.

دەنگی جنێو و ترپەی پێی مەولائەمان لە کۆڵانەکەوە هات:

ـ بە گۆڕی بابییەوە، بە گۆڕی بابییەوە؛ لێیگەڕێ با ماڵی من بخوا! وەک چڵکی سەگ بە حەرامی بێ! پێی وایە سەد ساڵی دیکە عومر دەکا! مەگین هەمووی چەندەی پێ قەرزدارم؟ چەندە؟! ئەوە زۆرییە زۆری! ئەی زۆرداری چۆنە؟ خۆ شاخ و باڵی نییە!

شاقەلی عەباکەی لە لاقوقولی هالابوو. یەخە داپچڕاو و شێواو، مەولائەمان خۆی بە ژووریدا کرد. کە گەیشتە ژووریَ زیاتر دەنگی هەڵێنا. جنێوی ناحەز. بێ ئەوەی چاو لە کەس بکا، چەن جار بە نێو ژوورەکەدا هەڵسووڕا. بە تووڕەیی لە بن دیوارەکە دانیشت. جگەرەکەی لە گیرفانی کوڵەباڵەکەی دەرهێنا و بە دەستی لەرزۆک تەڵە شقارتەکەی داگیرساند و دوای تاوێک باقەیەکی دووکەڵ لە دەم و لووتی دەردا:

ـ دەویتی بێ چاو و ڕوو! ئاخری داخی دڵی خۆی پێ ڕشتم. ئاخری. چبکەم، چبکەم؟ کەر و تێرەکەی بە بارمتە گێراوەتەوە. باڵی شکاندم! شبریش کاری ئاوا ناکا! نا! نا!

کەس گوێی پێنەدا. یان گوێیان لێبوو، زمان نەبوو. مەولائەمان تفێکی لە کەربەلایی دووشەممە کرد ـ کە لەوێ نەبوو ـ گوتی:

ـ ژنی مفتەت دەوێ؟! وەرە! ئەو دەلینگەمت مەگین بدەمێ لە باوەشیا بخەوی. هها! بۆرە پیاوی بێئابڕوو!

مێرگان هەستا چوووە لای وەجاخەکە و دانیشت.



مەولائەمان دەستی پێکردەوە:

ـ قەیناکا با قینگی بسووتێ. بۆرەکەی نافەکبڕاو؟ ئاخری ڕاستییەکەیم پێگوت. سلووچ! پێمگوت کە سلووچ زیندووە! سلووچم دۆزییەوە. سلووچ نەمردووە. زاواکەمان زیندووە!

مێرگان چاوی لە براکەی بڕی. مێرگان دەیزانی درۆ کردن بۆ مەولائەمان وەک ئاوخواردنەوە وایە. بەڵام بۆ دەبێ مەولائەمان ئەو درۆیە بکا؟ ئەی ئەگەر سلووچ نەمردووە لە کوێیە؟ لە کوێ؟!

ـ لە دەڤەری شاهڕوود. لە کانی خەڵووز کار دەکا!

«دەی دەی... کانی خەڵووز؟ کانی خەڵووز؟»

**بەندی سێیەم:**

پیاوەکە لە کوێی؟

لە کوێ بووی، پیاوەکە؟

لە کوێی سلووچ کە ناوبانگت زەنگوڵەی قافڵەیەکە لە کەویری دوورەدەست و شۆڕەکاتدا!

لە کام ڕەشە هەوردا خۆت شاردۆتەوە؛ لە چ قوژبنێکدا؟

خۆت لە چ عەبایەک وەرپێچاوە؛ کام خاک هەڵیلووشیوی؟

چۆن بوویە ئاو و بە زەویدا ڕۆچووی؛ بۆ ئاوا وەک با بە با چووی؟

سنگی خەیاڵت هەڵنەکەند، چۆن ڕێگای دەشت و کێوت گرتە بەر ئەی خانەخوێ؟

ناوت! ناوت هاوارێکی خنکاوە! ناوت خەریک بوو لەبیر دەچۆوە، بە با دەچوو.

ناوی تۆ سلووچ؛ ئەو زەنگە ژەنگ هێناوەی قافڵەکانی دوورە دەستی شۆڕەکاتە!

تۆ دوور کەوتییەوە. ون بووی. نەبوون!

ئێستا شۆقی تۆ ئەی سلووچ، سۆڵەیەکی کزە لە دەشتێکی کاکی بە کاکیی لەمێژینەدا. چەندە درەنگ دەرکەوتی!

ناوبانگت ئەی خانەخوێ، هێشتا ڕووناکە! دەنگی بوونت کزە. کز و لێڵ. تارماییەک لە نێو دووکەڵ و هەتاو و تەمومژدا!

پیاوەکە لە کوێی؟

لە کوێ بووی پیاوەکە؟

دەست و ڕووم هەر بەرەو لای تۆیە و پێم لە پێناوی یادگارەکاندا!

ژانێکی قەدیمی لە بڕبڕەی پشتمدا دەبریسکێنێ!

گوێت لە زیڕەی ژان نییە سلووچ... لە مۆغەرەی پشتمدا؟



مێرگان پشتی هەڵێنا. بتەوێ و نەتەوێ هەواڵێک هاتبوو. هەواڵێک ـ ئەگەرچی تەمومژاوی ـ لە سلووچ. وزەیەکی لەگەڵدا بوو. بزووتنێک لە دەماردا.

خوێن خۆیان لە دەمارەکانی دەکوتا. دڵی نەیدەتوانی نەکەوێتە کوتەکوت. نەزمی کۆنەی هەناسەی تێکدەدا. شەپۆل شەپۆل شێواوی و شڵەژاوی لە دڵی هەڵدەستێ. ڕێزەڕێزە بیرەوەری دەژیێنەوە. ڕادەپەڕن. گیانی تازە. بەهارە.

مێرگان پشتی هەڵێنایەوە و هەستا. جارێکی دیکە دەبوو وەڕێکەوێ. باری ڕابردووی قورس بوو؛ ڕوانگەی داهاتووش بکێشی دەکرد. مەگین دەبێ لە شوێنێک چەق ببەستێ؟ مەگین دەکرێ. تا کەنگێ و تا چەندە دەتوانی وەک سەگی چاوترسێن کراو لە نێو کولانەکەتدا خۆت مات بکەی؟ لەم دنیا پان و بەرینەدا جێگایەکیش بۆ تۆ هەیە. ڕێگایەکیش بۆ تۆ هەیە. خۆ درگای ژیان بە قوڕ نەگیراوە!

بەڵام مێرگان دەبێ چبکا؟ هێشتا خۆی نەیدەزانی. گێژی زەبرێک بوو کە خواردبووی. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو خۆی کۆ کاتەوە. چارشێوی لە شان و ملی هاڵاند و لە ماڵێ هاتە دەرێ. عەباس لە سەر جێگاکەی بوو. ئەبراویش بەیانی زوو هەستابوو و ڕۆیشتبوو. مەولائەمانیش ـ خاکی زەمینج داوێنی گرتبوو ـ لە ژوورێ بوو. ئەو زۆری هەوڵ دابوو بە جۆرێک لەگەڵ کەربەلایی دووشەممە پێکبێ. لە کۆڵان، ژنەکەی عەلی گەناو، لەبەر بەرڕۆچکە دانیشتبوو و گیرفانی هێلەگەکەی عەلی گەناوی دەدوورییەوە. کە چاوی بە مێرگان کەوت زیاتر سەری داخست. مێرگان لەبەر دەمی ڕاوەستا. ڕوقیا هەر وا خەریکی کاری خۆی بوو. وای دەنواند کە نایەوێ لەگەڵ دایکی هاجەر قسە بکا. مێرگان لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بە پەنایدا تێپەڕێ. لەبەر چۆکی ڕوقیادا دانیشت و ئەحواڵپرسیی کرد:

ـ چاکم!

بۆ قسە نەدەبوو. مێرگان هەستا. دیار بوو دڵی ڕوقیا هەتا هەتایە لەگەڵی پاک نابێتەوە. بەڵام مێرگان نەیدەویست بە چاوپۆشی کردن لە ڕوقیا ڕق و بێزارییەکەی قووڵتر بکا. ئەگەر بیتوانیبایە کارێک بۆ ژنی عەلی گەناو بکا، بە گیان و دڵەوە دەیکرد. بەڵام ئەو شوورە و پەرژینەی ڕوقیا بە دەوری خۆیدا کێشابووی، بە هیچ شێوەیەک ڕێگای بە مێرگان نەدەدا لێی نزیک بێتەوە. تەنیا بیانووی پێوەندیی ڕوقیا

و بنەماڵەی سلووچ عەباس بوو. ئەوەش شتێک نەبوو ڕوقیا ناچار بکا دڵی مێرگان ڕاگرێ. هەر کاتێ پێیخۆش بوایە و نیازی بوایە هەڵدەستا و دەچوو لە گوێ تەندوورەکە لەگەڵ عەباس دەکەوتە دەردەدڵ. یەک دوو قرانی لێوەردەگرت و بە شەلەشەل دەهاتە دەرێ و دەچوو بە دوای کاری خۆیدا. کاری بە هاموشۆی مێرگانیش نەبوو. هەر پێی وا نەبوو دایکی عەباسیشە! مێرگانیش کاری بەسەر ئەوەوە نەبوو. قسەی لەگەڵ نەدەکرد. ئێستاش مێرگان لە خۆڕا هەوڵی دەدا دڵی مردووی ڕوقیا وەدەست بێنێتەوە. هەر بۆیە بە بێ ئەوەی قسەیەک بکا، وەڕێکەوت.

بە بێ هیچ کار و مەبەستێک مێرگان بە کۆڵانی زەمینجدا دەڕۆیشت و تووشی هەر کەس دەبوو سڵاو و چاک و خۆشیی لەگەڵ دەکرد. لە درگای هێندێ لە ماڵانی دەدا و دەچووە ژوورێ. تۆزێ هەڵدەترووشکا و قسەی دەکرد. پێدەکەنی و گاڵتەی دەکرد. لە کاروباری ماڵێدا یارمەتیی دەدان. یان گسکێکی لە ماڵەکە دەدا و دەهاتە دەرێ. دەتگوت دەیهەوێ هەموو کارە ناتەواوەکانی خۆی لە زەمینج تەواو بکا. هەر وەها دەتگوت دەیهەوێ جارێکی دیکە، هەموو خەڵکی ئاوایی ببینێ. دەکرێ بڵێین جۆرێک خوداحافیزی. دڵی هەڵکەندرابوو. دڕدۆنگ. لە نێوان هیوا و بێهیواییدا.

دەڵێن: بەر لە مردن هێندێ کەس ڕووخۆش و دڵۆڤان دەبن. یانی مێرگان هەستی بە نزیک بوونەوەی مەرگ کردبوو؟ نا! نابێ وابێ. ئاخر ئەو خۆ جارانیش ڕووناخۆش و تووڕە نەبوو؛ کێ دیویە؟ هەر چۆنێک بوو ئەمڕۆ دەیویست هەموو ماڵەکانی خەڵکی خاوێن کاتەوە. جا کەسێک هەقدەستی بداتێ یان نەداتێ. گوێی لێنەبوو. دەستەنگیش جاری وایە دەوڵەمەندە. دەستی بەستراویش جاری وایە دڵی ئاوەڵایە.

ـ ئەوە چیدەکەی حاجی سالم؟

ـ ئەو نافەکی پاتۆڵەم دەدوورمەوە خوشکێ. دەمەوێ بچم بۆ لای مەکینەکە؛ دەڵێن ئەمڕۆ خەبەر و باسێک هەیە لەوێ! ئەو دەرزییەش بە دەستمەوە دەلەرزێ. چاویشم چاک نابینێ. خەریکم سەرەو شۆڕ بەرەو گۆڕ دەبم پوورە مێرگان!

ـ بیدە بە من بۆت بدووورمەوە.



لەبەر بەرۆچکەکە دانیشت و پاتۆڵ و دەرزی و دەزووەکەی لە حاجی سالم وەرگرت. حاجی سالم شاقەلی عەباکەی لە خۆی پێچا و جێگا جێگا گیانە ڕووتەکەی بەدەرەوە بوو.

باشە! ئەوە بۆ مێرگان چییە؟! لە چاو ترووکانێکدا دوورییەوە و دایەوە دەست حاجی سالم و هەستا. موسلیم لەو لای کەلاوەکەوە بە تەپاڵەی گەوڕەکە کایەی دەکرد. حاجی سالم بە شێنەیی دەرزییەکەی لە گوێچکەی عەباکەی هەڵچەقاند؛ پاشان هەستا و پشتی کردە مێرگان و پاتۆڵەکەی لە پێ کردەوە. خەریکی بەستنەوەی دۆخینەکەی بوو دیتی مێرگان دەڕوا:

ـ خودا تۆمان لێنەستێنێ مێرگان! ئەو ماڵەی پارەکە بۆت سپی کردوومەوە هێشتا وەک تێخوڵە هێلکە بریقەی دێ!

مێرگان لە کەلاوەکە هاتە دەرێ.

ـ بۆ کوێ دەچی پوورە مێرگان؟

ـ هەر وا دەگەڕێم بە نێو دێدا برا گیان!

ـ ئەمساڵ لەو کاتەوە دایکی منداڵەکان مردووە و لێفە و دۆشەکەکانمان هەڵنەخستووە، ئەسپێ تێیداون. خێرت دەگاتێ ئەو ئەسپێیانەمان بۆ بدۆزە. من خۆم دەچم بۆ سەر پەمپە ئاوەکە. دەڵێن ئەمڕۆ دایرەی دارایی لە شارەوە دێن.

ـ باشە، بەسەر چاو، دەچم.

مێرگان پشتی نێنوخەکانی کە بە خوێنی ئەسپێ شین هەڵگەڕابوو، بە عەرزەکەدا ساوی، دەستی شۆرد و لە ماڵەکە چووە دەرێ.

ـ لێرە پەنچکێ نان هەیە بیخۆین پوورە مێرگان!

ـ نۆشی گیانتان بێ زبێدە گیان. هێشتا زۆری ماوە بۆ نیوەڕۆ. کارم هەیە.

مێرگان گەیشتە کۆڵان.

دایکی حەلیمە. وەدوای کچەکەی کەوتبوو، هەڵیدەبڕی و جنێوی پێدەدا. حەلیمە هەر دوو دەستی بە سەرییەوە گرتبوو و دەیقیژاند و هەڵدەهات.

ـ بۆم بگرە مێرگان! بیگرە ئەو سەڵیتەیە.

کچە لە باوەشی مێرگاندا بوو:

- مەگری دایکەکەم! مەگری!

دایکی حەلیمە کچەی لە چنگ مێرگان دەرکێشا:

- بۆتە قەحبە کچەتیوە! دیتووتە! دە ساڵی تەمەنە سەروقژی دەڵێی شۆرەکاتە. چوار ڕۆژی دیکە دەچێ بە بووکی، کەچی شەو و ڕۆژ سەری هەڵدەکرێنێ، دەڵێی چنگنە تێیداوە. باوکە خوێڕییەکەشی هەر دەڵێی ئەو سەڵیتەی لە داوێنی من نەخستووە. هەر پێشی وا نییە خۆی تۆوەکەی چەقاندووە! شەو و ڕۆژ خەریکی ئەو مەکینەیە. دیسان بەیانی زوو پێمەڕەی ناوەتە سەر شانی و ڕۆیشتووە بۆ سەر مەکینەکە!

- ئێستا دەتەوێ چیی لێبکەی خوشکێ؟

- دەمەوێ سەری لە زفت بگرم. هەتا سەروقژیم تۆزێ بۆ هەڵپاچی دیقم کرد. وەرە دەست و لاقیم بۆ بگرە. وەرە بۆم بگرە دەنا دەترسم ئەوەندە بە مشت و چەپۆک پێیدادەم، بیکوژم!

دەنگی گریانی حەلیمە هێشتا لە گوێی مێرگاندا دەزرینگاوە.

- هۆی... مێرگان! ماڵ ئاوەدان بۆ وا سەرت داخستووە و ملی ڕێت گرتووە؟! وەرە دوو نانم لەگەڵ پێوەدە. منداڵەکەم هێندە گریا شین و ڕەش هەڵگەڕا!

مێرگان لەبەر تەندوورەکە دانیشت. لەچکەکەی بە بەر دەموچاویدا هەڵدا و لە نان نیشت.

هەتا ژنە منداڵەکەی لە بێشکە نا و خەواندی، نان کردن تەواو بوو.

- وەرە! وەرە ئەم نانە بەرە بۆ نیوەڕۆی منداڵەکانت!

- باشە، باشە، دەیبەم. خودا بەزیادی بکا.

مێرگان بە نانەوە گەیشتە کۆڵان.

سەردار دوو گۆزەی بە دەستەوە بوو، دەچوو بۆ ئاو!

- خۆت دەچی بۆ ئاو؟

- لە خۆم زیاتر کێم هەیە؟

- بیاندە بە من!

- کەوایە بیانهێنەوە بۆ ماڵێ!



- دەیانهێنمەوە. خۆ گۆزەکانی تۆ نابەم بۆ ماڵی خۆمان!

مێرگان گۆزە ئاوەکانی لەبەر داڵانەکەی ماڵی سەردار لە شانی داگرت. سەردار لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە دانیشتبوو. مێرگان گۆزەکانی لەبن دیوارەکە دانا و نانەکەی لە دەستی سەردار وەرگرت:

- هێی ئاوام تەماشا مەکە، چاوت لە بندا دەردێنم!

- چاوکە! تۆزێ ڕاوەستە کارم پێتە؟

- من کارم بە تۆ نییە!

مێرگان گەیشتە قەبران. لای تەڕاکتۆرەکە. پەنا ئەبراو. نانەکەی لەسەر ڕانی ئەبراو دانا:

- تۆ هەر لێرە دانیشتووی؟ لێرە چدەکەی؟

- دەڵێم ڕەنگە شۆفیری گونبەدی ماتۆڕەکەی بێنێتەوە!

- ئەگەر بیویستایە بیهێنێتەوە، تا ئێستا هێنابوویەوە!

- چووزانم! چووزانم! تێناگەم. خەڵک پۆل پۆل دەچن بۆ لای پەمپەکە! نیو سەعات لەمەوبەر سەیارەیەکی جیبیش لە شارەوە هات و ڕۆیشتە سەرێ. پێموا ئەویش چوو بۆ لای مەکینەکە. کار کۆتایە. ئەوانەی بەشیان بە پەمپەکەوەیە شکایەتیان بە جێیەک گەیاندووە پێموایە. کێشەی لێ پەیدا نەبێ چاکە.

- میرزاحەسەنیش لەوێیە؟

- میرزاحەسەنی چیی؟ کەس نازانێ لە کوێیە!

- کەوایە خۆی شاردۆتەوە!

- مرادیش کە هەتا دوێنێ لە شار بووە و کاروانسەراکەیان ڕووخاندووە میرزاحەسەنی لەو دەوروبەرانە نەدیوە. دەڵێ تەنیا براکانی لەسەر کارەکە بوون. کەس نازانێ لە کوێیە. شەریکەکانی میرزاش تێداماون. پشتیان لەعەرز دراوە و لنگەوتلوور کەوتوون. شۆفیری گونبەدیش کە سەری لەو کارانە دەردەچوو، ئەوە ئاوا ڕۆیی! برا گەورەکەی میرزاش چونکە هەقەکەیان نەداوەتێ پەمپەکەی بەجێهێشتووە و هاتۆتەوە. ئێستا کەربەلایی دووشەممە لەسەر پەمپەکەیە. کەربەلایی هەر بە چەپۆک بە سەری خۆی و پەمپەکەدا دەدا! سالار عەبدوڵڵاش

وەک سەگی پێسووتاو بەملاو ئەولادا هەڵدێ. بەر ئەو دایرە و شتەی تەخت کردووە! ئێستاش پێموا ئەو بوو لەنێو پاشی جیبەکەدا بوو. چووبوو بە دوای مەئمووردا. ئەمڕۆ لەوێ کێشە و هەڵلا ساز نەبێ باشە!

ـ ئێستا تۆ دەتەوێ تا کەنگێ لای ئەم کۆما ئاسنینە دانیشی؟

ـ جارێ ئەوە دانیشتووم، بزانم دەبێ بە چی!

مێرگان نانەکەی دوو لەت کرد، نیوەی بۆ خۆی، نیوەی بۆ ئەبراو.

ـ ئەوە خاڵە ئەمان نییە لەو سەرەوە دێ؟

ـ با! ئەی ئەوە بۆ وا هەڵدێ؟ کێ وەسەری کەوتووە؟!

هەنگاو نانی مەولائەمان هێندە توند بوو، شاقەلی کەواشۆڕەکەی دەشەکاوە و دەتگوت حەلوا دەکا. بێ ئەوەی لە لای خوشکی ڕاوەستێ، لە جۆگە وشکەکە بازیدا ئەمبەر، بەسەر قەبرێکدا بازیدا و بە هەناسەبڕکێوە گوتی:

ـ وشترەکەی سەردار! ئاروانە پیرەکەی سەردار کەوتۆتە بیرەوە... کەوتۆتە نێو بیرە گەورەی کارێزەکەوە! بەریانی ئاوی کارێزەکەی گرتووە. شتێک بوو!... دەچم خەبەری بۆ دەبەم... ڕەنگە بە ئانقەست خستبێتیانە ناو بیرەکەوە!

ـ ڕەنگە بەقەستیش تێیان خستبێ!

ئەبراو پارووەکەی بە نیوە جاوراوی قووتدا، گوتی:

ـ کاری زەبیحوڵڵایە! دەیەوێ کەمئاویی کارێزەکە بخاتە ئەستۆی وشترەکەی سەردار! هەی نەحلەت لە شیرت!

مەولائەمان و سەردار لە زەمینج هاتنە دەرێ:

ـ کار کاری زەبیحوڵڵایە. وەک ڕۆژ لێم ڕوونە، سەردار! پیلانەکەشی ئەو کەربەلایی دووشەممەی پیرە سەگە کێشاویەتی. تۆ چاو لەو گێلییەتییەی مەکە، وەک ڕێوی وایە!

سەردار پەیاغێکی بە کێلی قەبرەکەدا کێشا و بە توندی هەنگاوی هەڵێناوە، بۆ ئەوەی بە مەولائەمان بگاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە مەولائەمان نەدەگەیشتەوە، مەولائەمان ئاوڕی دەداوە و قسەی دەکرد:



ـ ئەوە مانگێک زیاترە ئەو گوێدرێژە پیرەی منی داکردووە. دایم بە بەریدا هەڵدەخوێنم. دەچمە بەر کادێنەکەی. بەیانی تا نیوەڕۆ و نیوەڕۆ تا ئێوارێ، قسەی بۆ دەکەم؛ بۆ نققە دەکا؟ زمانی دەگەڕێ؟ تەنیا سەری دەلەقێنێ، وەک کەرێک کە چاو لە ناڵبەندەکەی بکا؟ تەماشای من دەکا! ئەو گوێدرێژە بەستەزمانەی منیش لەو سەری تەویلەکە لەسەر ئاخوڕی خاڵی بەستراوەتەوە و گوێچکەی داتەپیوە! خاوەنناسە ئەو کەرە بەستەزمانەی من. بۆیە چاوم لێدەکا. منیش چاو لەو دەکەم و هەناسە هەڵدەکێشم. چبکەم؟! شمری دڵڕەق. یاخوا ئەو کەربەلاییەی چووە لەبن چنگی دا. مشتێ کا ناکاتە بەر ئەو کەرە بەستەزمانە. چش لە پیاڵەیەک جۆ! کەرێک کە ئێوارە و ئێوارە نیو مەنی جۆ دەخوارد، ئێستا خەریکە لەبرسا دەتۆپێ! تێرەکەشمی ڕاخستووە و لەسەری دانیشتووە!

لە گۆڕستانەکە تێپەڕین و گەیشتنە لای تەڕاکتۆرەکە. ئەبراو چاوی لێکردن و سەری ڕاوەشاند. مێرگان وەدوایان کەوت. ئەبراو سەری بۆ لای دایکی سووڕاند:

ـ تۆ بۆ کوێ دەچی؟!

ـ دەچم بزانم چبووە!

ـ هەر شتێ بێ بە تۆ چی! ئاخر تۆ سەری پیوازی یان قونچکی پیواز؟

مێرگان بە دوای سەردار و مەولائەماندا سەری پێوەنا.

مەولائەمان هەروا قسەی دەکرد:

ـ... ئەم ڕۆژانەی دوایی ئیتر نەیدەهێشت بچمە ژوورێ. بووکەکەی، ژنی سالار عەبدوڵڵا درگای لێنەدەکردمەوە. منیش دوێنێ ئێوارێ هەوای بیابان لەسەری دام. لە دڵ خۆما گوتم دەچمە بیابان و تۆزێ بای باڵی خۆم دەدەم. هاوارێک دەکەم. دەقیژێنم. ئێستا کە هیچ کەس ناگاتە فریام سەرم دەکەم بە نێو بیرێکدا و هاوار دەکەم: ئەسکەندەر شاخی هەیە! لەو خەیاڵانەدا بووم کە گەیشتمە لای ڕیزە بیرەکە. پێت وایە چیم دی؟! هە! کەربەلایی دووشەممەم دی لەسەر بیرە گەورەکە دانیشتووە و پرتەی دێ! گوتم: سڵاو پیرە پیاو! لەپڕ داچڵەکی! هەستا و لە بیرەکە دوور کەوتەوە. چاوێکی لە من و چاوێکیشی لە وشترەکانی تۆ کرد. وشترەوانەکەت کوڕەکەی سادقە شەل لەو لاترەوە لەسەر تەپۆڵکێک خەوی لێکەوتبوو. پیرەپیاو

نەیهێشت من قسە بکەم. لەپڕ لە دەمی دەرپەڕی کە: لەو کاتەوە بۆ خاوێن کردنەوە سەری ئەو بیرەیان لابردووە، لەوانەیە زۆر مەترسی لە گۆڕێدا بێ. دیوتە! وشترەکانی سەرداریش لەم دەوربەرە دەلەوەڕێن! من هیچم نەگوت. گوتم با بزانم دەڵێ چی! نەیهێنا و نەیبرد گوتی: پیرە ئاروانەکەی سەردار چاوێکی کوێر بووە. لەوانە بکەوێتە ئەو بیرەوە!

دیسان هیچم نەگوت. ئەو گوتی: سەرداریش ئەقڵی لە چۆکیدایە. دە دوازدە وشتری کردۆتە بەر منداڵێکی دە دوازدە ساڵان، کوڕەکەی سادقە شەل!

پاشان کە دیتی من زۆر سەیر چاوی لێدەکەم بەرەو خوارێ سەری پێوەنا. منیش وە دوای کەوتم. دیتم زۆرم لێ دەترسێ. خۆی لا دەدا. منیش کە دیتم ترسی ڕێنیشتووە، دەنگم نەکرد. ئیتر خەریک بوو هەوا تاریک دەبوو. لە ترسانا زمانی نەرم بوو و قەولی پێدام کەر و تێرەکەم بداتەوە. هەر لەو کاتەدا بوو دیتم زەبیحوڵڵا بە پەنا ئێمەدا سەرکەوت. کەربەلایی دووشەممە کەوانەی کرد بۆ لای برازاکەی. من لەوێ ڕاوەستام، دیتم بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن. لەپڕ زەبیحوڵڵا بەرەو سەرێ ڕۆیی. بەڵام من چووزانم چییان لەژێر سەردایە؟ من لەگەڵ کەربەلایی دووشەممە کێشەم بوو. پێموابوو پیرەپیاو خەریکە دڵی نەرم دەبێ. لەوە خافڵ بووم ئەو دەیهەوێ فریوم بدا. کە گەیشتینەوە نێو دێ. من بەو شەوە هاتم بۆ بەر درگاکەتان و هەواڵت پێبدەم. بەڵام لە ماڵ نەبووی. هەر لەوێ ڕاوەستام. هەتا درەنگان. هەتا ئەوەی کوڕی سادقە شەل وشترەکانی هێناوە بۆ نێو دێ. بەڵام یەکیان دیار نەبوو. پیرە ئاروانە. بەستەزمانە نەیدەزانی. پێی وابوو پیرە ئاروانە بەرەو بیابان سەری پێوەناوە و ڕۆیشتووە. هێندە گریابوو چاوی دەتگوت تلی خوێنە. شەوێ هەر لێرە ماوە. هەواڵی تۆم لێ پرسی. گوتی چووی بۆ شار. بەیانی زوو هاتم بۆ یاریدەی و وشترەکانمان دەرکرد. دیسان من گەڕامەوە و لە ماڵێ دانیشتم. خۆر هەڵات بەڵام تۆ هەر دیار نەبووی. دڵەدوا بووم. ڕێی بیابانم گرتە بەر تاکوو بزانم چیبووە؟! کە چووم دیتم خەڵک لە دەوری بیرەکە کۆ بوونەتەوە، ئیتر ڕانەوەستام. پێم پێوە نا و هەڵاتم. ئەگەر لێرە نەبوایەی دەهاتم بۆ شار. یەک وچان هەڵدەهاتم و دەهاتم بۆ شار هەواڵت بدەمێ. لە دوێنێ شەوەوە ئاوی



کارێزەکە وشکی کردووە. وەرە! وەرە بڕوانە! خەڵکی هەر بەوەدا زانییان کە دەبێ ئاروانەکە کەوتبێتە نێو بیرە گەورەوە! دیوتە! وەرە تۆ! خەڵک بەوەدا زانییان دەبێ ئاروانەکەت کەوتبێتە نێو بیرە گەورەوە! دیوتە ئاوی کارێزەکە چۆڕەی لێبڕاوە! کارێزەکە کوێر بۆتەوە!

مەولائەمان، سەرداری بردە سەر جۆگەلەکە. سەردار چاوی لە بنی تەڕی جۆگەلەکە کرد. تەنیا چۆڕێ ئاوی باریک. بەقەد میزە وشترێک، لە تەختی بنی جۆگەلەکەدا ماریلەی دەکرد. سەردار نووکی دارەکەی کرد بە ئاوی نیوەگیاندا. زەبری دارەکە وەک جێگای خڕکە بەردێک قوڕەکەی قووڵ کرد.

مێرگان هەتا گەیشتێ، هەر دوو پیاوەکە وەڕێکەوتبوون و شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتن.

o

لەسەر چاوانەی کارێزەکە پۆلێک پیاو کۆملیکەیان بەستبوو. وەک کۆڕی شینگێڕی. زۆربەیان ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتە بوون کە بەشێکی کەمیان بە ئاوی کارێزەکەوە بوو. حەسەن یاوەری ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر خۆی بە کەوچک بەدەست دەزانی و شکایەتی لە مەکینەدارەکان کردبوو، لەگەڵیان نەبوو. ئەو دەبێ لەگەڵ مەئموورەکان لەسەر پەمپە ئاوەکە بێ.

لەگەڵ گەیشتنی سەردار پیاوەکان هەستان و دەورەیان دا. قەنبەر شادیاخ، باوکی حەلیمە، پێمەڕەکەی لەبەر دەمی سەرداردا چەقاند و گوتی:

ـ لە لای خودا و پێغەمبەر مشکولۆزمەی ئەگەر شایەدی نەدەی بەر لە تێکەوتنی وشترەکەت لەو بیرە ئاوی کەرێزەکە کەم نەبووبۆوە.

حەمدیللا کەنعان، پیاوێکی قوڵەبنە و تووڕەیە، شانی سەرداری گرت و گوتی:

ـ حەرامزادەن ئەوانە سەردار! ئەمڕۆ ئێمە بە هەزار بەدبەختی چووین مەئموورمان هێناوە، ڕاست لەمڕۆدا ئاوا بەر ئاوی کارێزەکە دەگرن! ئەو وشترە بەستەزمانەی تۆیان خستۆتە بیرەگەورەوە بۆ ئەوەی ئاوی کارێزەکە وشک بکەن و بە مەئموورەکانی بسەلمێنن کە ئاوی کارێزەکە مەکینە هەڵینەچۆڕاندووە!

مەلای زەمینج کە لەوێ ڕاوەستابوو گوتی:

- ئاخر زەمانە! دنیا ئاخر بوونە!

عەلی یاوەر بێ ئەوەی چاو لە کەس بکا یان لەگەڵ کەسێکی بێ گوتی:

- ئەو دەشتە لە توونیانا قەڵشت قەڵشت بووە! ئەو دەغڵ و دان و زەرعاتە دوو ڕۆژی دیکە ئاوی پێ نەگا دەسووتێ و هیچی نامێنێ!

مەولائەمان و سەردار باریکەڕێی کارێزەکەیان گرتبووە بەر و دەڕۆیشتن. خەڵکەکەش بەدوایاندا وەڕێکەوتبوون. قەنبەر شادیاخ پێمەڕەکەی لەسەر شانی دانابوو و لەگەڵ خەڵکەکە دەڕۆیشت و لە پەستا دووپاتی دەکردەوە:

- لە لای خودا و پێغەمبەر مشکولۆزمەی سەردار! مشکولۆزمەی ئەگەر شایەدی نەدەی کە بەر لە تێکەوتنی وشترەکەت ئاوی ئەو کارێزە کەم نەبووبۆوە!

حەمدیللا هەر وا جنێوی دەدا:

- زۆڵن ئەوانە، زۆڵ! حەرامزادەن!

کوڕی سەنەم هات بەرەو پیلی سەردار و مەولائەمان:

- هاتوون سەردار! زەبیحوڵڵا مەئموورەکانی هێناوەتە سەر بیرە گەورە. خەریکە پێیان دەڵێ کەم بوونەوەی ئاوەکە خەتای چییە! کوێخاش کاغەزێکی نووسیوە و خەریکە شایەد کۆ دەکاتەوە و پێیان تەپل دەکا. کوێخاش لەوێیە. پێموایە لایەنی ئەوانی گرتووە.

مەولائەمان گوتی:

- ئاخەر ئەو دەویتە خۆشی لەو کارێزەدا بەشی هەیە!

کوڕی سەنەم گوتی:

- ئەو کوڕە بەستەزمانەی سادقە شەلیش لەگوێ بیرەکە دانیشتووە و دەگری!

لەسەر سنگی تەپۆڵکەکە، بە دەوری بیرە گەورەدا تاقمێک ڕاوەستابوون. شەقڵی تەگەری ماشێنە جیبەکە عەرزەکەی برگەبرگە کردبوو. شۆفیری ماشێنەکە، لاوێکی بەخۆوە بوو. مووی سەری ڕەش و لوول بوو. دوور لە بیرەکە بە تەنیا پاڵی بە گێلگیری ماشێنەکەوە دابوو. دوو ئاژان بە دەوری خەڵکەکەدا هەڵدەسووڕان. سێ پیاوی غەوارە، مەئمووری دارایی و کشتوکاڵ، دوور لە پیاوەکان ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد. سالار عەبدوڵڵا لە نزیک مەئموورەکان گوێی هەڵخستبوو. کوڕەکەی



سادقە شەل لەسەر بەردێک دانیشتبوو و هەر دوو دەستی بە بەر چاویەوە گرتبوو. زەبیحوڵڵا هەراسان و بێئۆقرە بەملاو ئەولادا هەڵدەخولا.

کوێخا نەورۆز لە پشت سەری مەئموورەکان بەرگەیەکی بە دەستەوە گرتبوو و ڕاوەستابوو. حاجی سالم و موسلیم بە نێو خەڵکەکەدا دەگەڕان. عەلی گەناو لە لایەک دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا. وردە شەریکەکانی مەکینە، لە دەوری یەک ڕاوەستابوون و وایان دەنواند کە لە شەریکە گەورەکان بێخەمتر نین.

کوڕی سەنەم ڕۆیی بۆ لای ئاژانەکان و سەرداری نیشان دان.

سەردار دڕی بە کۆڕەکەدا و چوو بۆ گوێ بیرەکە و سەری بەسەر زارکی تاریکی بیرەکەدا گرت. گوێی لە لرخە و ناڵەی ئاروانە بوو. لەسەر لێواری بیرەکە چۆکی دادا و هەر دوو دەستی چەقاند و سەری کرد بە نێو بیرەکەدا و ناڵاندی:

- وشترە بەستەزمانەکەم! وشترە بەستەزمانەکەم!

سەردار سەری لە بیرەکە هێنا دەرێ، چاوە گەورەکانی فرمێسکیان تێزابوو. چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد. زەبیحوڵڵا بەرەو ڕووی ڕاوەستابوو و چاوی ترووکەترووکی بوو. سەردار هەستا و چووە دواوە. دەورێکی خەڵکەکەی لێدا و چوو بۆ لای زەبیحوڵڵا. زەبیحوڵڵا بەر لەوەی بتوانێ خۆ بخاتە نێو خەڵکەکەوە، سینگی بە سینگی سەردارەوە بوو. مێرگان قیژاندی و سەردار دارەکەی هەڵێناوە. زەبیحوڵڵا وەرسووڕا و هەڵات. ئەو چاکتر. دەشتێکی پان و بەرین. سەردار هەڕای کردێ. زەبیحوڵڵا بە دەستی خاڵی هەڵدەهات. لاوتر بوو. ئەژنۆی بەهێزتر بوو. سەرداریش شەکەتی ڕێ بوو. بەڵام لاقی سارەوان خاراوی ڕێگایە. بە دوو قەڵەمباز، بەر لەوەی خەڵکەکە بیگەنێ، گەیشتە سەری. چاری نەما، زەبیح دەستی دا خڕکە بەردێک. بەڵام بۆی هەڵنەگیرا. یەکەم زەبری دار وە قولاپەی کەوت و درا بە عەرزدا و بە هەر دوو دەستی لاقی خۆی گرت. بەرچاوی تاریک بوو و ئیتر چاوی هیچ کوێی نەدی. جاری هەوەڵ کە زەبری کاریت وەشاند کار تەواوە. بۆیە زەبری داری سەردار بەر لەوەی خەڵکەکە بگەنێ و لە کۆڵ زەبیحی بکەنەوە، ئیتر ژانێکی ئەوتۆی بە لەش و یەسقانی زەبیحوڵڵا نەدەگەیاند.

ئاژانەکان سەرداریان لەدەست خەڵکەکە دەرهێنا و مێرگان لەپشت سەری زەبیحوڵڵا دانیشت. سەردار کە گەیشتە لای ماشێنە جیبەکە خۆی دارەکەی فڕێدا و سوار بوو. ئاژانێک لە لای ماوە و یەکی دیکەیان هات زەبیحوڵڵاش ببا. چەن پیاو زەبیحوڵڵایان هەڵگرت و خستیانە نێو ماشێنەکەوە. ئاژانێک لە نێوانیاندا دانیشت. سەردار خوێن بەری چاوی گرتبوو، زەبیحیش وەک هومایی سپی هەڵگەڕابوو:

- لە من بۆ دەدەی براله؟

- بۆ وشترەکەت خستۆتە نێو ئەو بیرەوە؟!

- من؟! من؟! نا! نا! من نا! من هاتبووم سەری بیرەکە داپۆشمەوە، وەی... وەی... مردم! بمگەیەننە جێگایەک!

سەردار ویستی لە ماشێنەکە دابەزێ، بەڵام تفەنگی ئاژانێک بە سنگییەوە نووسا:

- دانیشە دێوەزمە!

مەئمووری داراییش سوار بوون و ماشێن وەڕێکەوت.

زەبیح وەک نیوە مردوو گوتی:

- چییە ئەرباب گیان؟ چی بووە؟

مەئمووری دارایی گوتی:

- دەبێ جێگای پەمپەکە بگۆڕن!

- چی؟!

وشترەکانی سەردار بە دەشتەکەدا بڵاو بووبوونەوە و دەیتوانی تاقولۆقیان دوور و نزیک لە دەریچەی ماشێنەکەوە ببینێ. لەسەر بەنداوی پەمپەکە وشترە جووت دووگەکەی سەردار ئاوی دەخواردەوە و کەربەلایی دووشەممە لە پەنای ملی وشترەکەدا چاوی لە ئاو خواردنەوەکەی دەکرد. ماشێنەکە لە لای پەمپەکە ڕاوەستا و یەکێ لە مەئموورەکان لەگەڵ ئاژانێک دابەزی، خۆی کرد بە ماتۆڕخانەکەدا و کوژاندییەوە. دوای تاوێک لەبەر چاوی بە مۆلەق وێستاو و قەڵافەتی حەپەسراوی کەربەلایی دووشەممە هاتنەوە بۆ لای ماشێنەکە و سوار بوونەوە:

- لاک و مۆرم کرد!



کەربەلایی دووشەممە چەن هەنگاو بە دوای ماشێنەکەدا هات و لەنێو تەپوتۆزدا ون بوو.

وشترە جووت دووگەکەی سەردار دەمی لە ئاوەکە کردبۆوە و تەماشای دەکرد. کەربەلایی دووشەممە چوو بۆ لای وشترەکە و لەسەر بەنداوەکە دانیشت:

«پەکوو لەمن بە لای ناخێرم پێموابوو پەمپەوانم! حەیفی، حەیف بۆ ئەو ئاوە ڕووناکە؛ مخابن! خودا دایناوە بۆ وسڵ و تارات. نازانم بۆ دایانخست؟ خەریک بوو لە چنگ ئەو ئەمبارە بۆگەنە ڕزگارم دەبوو. تف! تف لە شەرم و حەیاتان»

- هەستە باوە هەستە! نانەکەمان چوو.

سالار عەبدوڵڵا بوولە پێش خەڵکەکەوە، ئەو خەڵکەی بەشیان بە پەمپەکەوە بوو، گەیشتنە سەر بەنداوەکە:

- هەستە باوە! ماڵ وێران بووین!

کەربەلایی دووشەممە چاوێکی لە کوڕەکەی کرد. ئەگەر شتێک ببێ بە ناوی گریانی بێفرمێسک؛دەکرێ بڵێین سالار عەبدوڵڵا دەگریا:

- دیتووتن! دەیانهەوێ بچن گوریس بێنن وشترەکە دەرهێننەوە. دووکەیشیان چوون بە شوێن کەرێزکەندا. ئەوان بردیانەوە باوە! دیتووتن؟!

کەربەلایی دووشەممە هەستا و دەستی کردە نیسێی چاوی و ڕوانیی. بە ڕاستەڕێی کارێزەکاندا چەن پیاو بەرەو زەمینج دادەگەڕان. پێمەڕەیان لەسەر نەڕەی شانیان دانابوو و دەڕۆیشتن. پۆلێکیش دەهاتن. بە پرژ و بڵاوی دەهاتن. شەریکە پەمپەکان بوون، وەک وشترەکانی سەردار، لە نێوان مەکینە و بیرەگەورەدا بڵاو بووبوونەوە. کەربەلایی دووشەممە دەستی لەسەر نێو چاوانی لابرد و گوتی:

- نا! ئەوانیش نەیانبردەوە. ناتوانن بە هیچ شێوەیەک ئەو وشترە دەرهێننەوە. ناتوانن، بە هیچ شێوەیەک! زەبیحوڵڵاشیان برد بۆ شاری؟!

- بە شەلوگوتی بردیان. برۆ لێفە کۆنەکەت هەڵگرە با بڕۆینەوە بۆ ماڵێ.

- نا! نا! من هەر لێرە دەبم. نا! من لێرە دەبم، نایەم!

کەربەلایی دووشەممە ئەوەی گوت و بەر لەوەی پیاوان بگەنە سەر بەنداوەکە خۆی کرد بە ماتۆڕخانەکەدا و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست.

«من لێرە دەبم. من هەر لێرە دەبم. بێم بۆ نێو دێ بڵێم چی؟ خۆ کارم نییە!»

خەڵکەکە یەک یەک و دوو دوو گەیشتنێ و لەسەر بەنداوەکە دانیشتن. وەک ئەوەی بۆ کۆڕی پرسە دانیشن. ئاوی ڕاوەستاوی بەنداوەکە شەبەقی لە چاویان دەدا.

لە نێوانیاندا مەولائەمان و کوڕی سەنەم و مێرگان و حاجی سالم و موسلیم ڕاوەستابوون. موسلیم چوو بۆ بن دیواری ماتۆڕخانەکە، جلەکانی داکەند و ڕووتوقووت هات بۆ لای بەنداوەکە و خۆی خستە نێو ئاوەکەوە.

حاجی سالم ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

ـ دیتووتانە ئەو حەیوانە؟!

مێرگان کە ڕووی وەرگێڕابوو، بەرەو زەمینج گەڕاوە. مراد و مەولائەمانیش بە دوایدا ڕۆیشتن. زمان، لاڵ و چاو، کوێر بوون.

ئەبراو لە لای تەڕاکتۆرەکە خەوی لێکەوتبوو. مێرگان دڵی نەهات خەبەری بکاتەوە. کوڕی سەنەم لە ژێر سێبەری تەڕاکتۆرەکە دانیشت. مەولائەمان و مێرگان وەنێو قەبرەکان کەوتن. مێرگان چاوێکی لە براکەی کرد. مەولائەمان خێرا سەری وەرسووڕاند و ڕووی کرد بەو لاوە. مێرگان لێی پرسیی:

ـ کاری تۆ نەبوو؟

ـ چی؟ چی کاری من؟!

ـ تۆ دوێشەو هەتا نیوەشەو نەهاتییەوە بۆ ماڵێ! کاری تۆ نەبووە؟!

ـ چی کاری من نەبووە؟ چی؟!

ـ وشتر! تۆ ئەو وشترەت نەخستۆتە بیرەکەوە؟!

ـ شێت بووی تۆ خوشکێ! شێت!

مەولائەمان لەوە زیاتر لەگەڵی نەڕۆیشت. بەرەو ماڵی کەربەلایی دووشەممە بایداوە و گوتی:

ـ بچم بەشکوو چنگێ کا پەیدا کەم و بیکەمە بەر ئەو کەرە بەستەزمانە، سەتڵێ ئاوی بۆ بەرم!

مێرگان چاویشی لە ڕۆیشتنی براکەی نەکرد، ملی ڕێی گرت و ڕۆیی.



ژنەکەی عەلی گەناو لەسەری کۆڵانەکە نەبوو. مێرگان سەری کرد بە ماڵی عەلی گەناودا. کچەکەی بە زگە هەستاوەکەیەوە لەسەر ئاونگەکە دانیشتبوو و شتێکی دەسووەوە. مێرگان چووە ژوورێ و لە پەنا ئاونگەکە بەرەو ڕووی کچەکەی دانیشت:

ـ چی دەسوویەوە؟

ـ نەبات. عەلی لە شاری بۆی هێناوم. تۆزێ شتومەکی تریشی هێناوە. گوڵی گۆزروان و خەیارچەمبەر دڵی خۆشە! هێشتا هیچ نەبووە لەتێکی گاواردین کڕیوە کە هێلەگ بۆ کوڕەکەی بدوورم! کوڕەکەی! هەها!

ـ دەی، دەی... هاجەر!

هاجەر دەستی لە دەسکاونگەکە بەردا و چاوی لە دەمی دایکی بڕی:

ـ ها؟ بەڵێ!

مێرگان دەسکاونگەکەی بە دەستەوە گرت و دەستی کرد بە سوونەوەی نەباتەکە. هات شتێک بڵێ. بەڵام بەر لەوەی لێوی بجووڵێ عەلی گەناو خۆی کرد بە ژووریدا:

ـ گوریسەکان لە کوێن؟ کوانێن؟ لەسەر کەندووەکەم دانابوون!

هاجەر گوتی:

ـ گوریست بۆ چییە؟

ـ هەرچی گوریس لە نێو دێدایە دەبێ کۆی کەینەوە، پێکەوەی گرێدەین و بایدەین. ئاخر خۆ کاژیلە نەکەوتۆتە بیرەوە؟

گوریسەکانی دۆزییەوە و لە خەڵوەتییەکە هاتە دەرێ. قسەی لە گەڵ مێرگان نەکرد. گوریسەکەی دا بە شانیا و هەر وا کە بەرەو دەرێ دەڕۆیشت گوتی:

ـ حەمام ئاوی دەوێ. پاتاڵ ئاویان دەوێ. حاسڵ ئاوی دەوێ. مرۆڤیش خۆ بە بێ ئاو ناژێ!

عەلی گەناو گەیشتە کۆڵان و بێدەنگی ماڵەکەی داگرت.

مێرگان بە بێدەنگی دەسکاونگی بە نەرمە نەباتەکانی بنی ئاونگەکەدا دەنا. هاجەر لە دایکی پرسی چی بووە؟

مێرگان بە جێی وەڵام گوتی:

ـ ئێمە دەڕۆین.

ـ بۆ کوێ؟

ـ دەچین بۆ ناوچەیەک وا باوکتیان لەوێ دیوە.

ـ هەمووتان؟

ـ هەموومان! نازانم.

ـ ئیتر ناگەڕێنەوە؟!

ـ نازانم! نازانم.

ـ ئەی من؟!

ـ تۆ... تۆ... ماڵ و ژیانت هەیە. مێردت هەیە. ئێستاش ئەوە خەریکی منداڵت دەبێ، خۆشەویستتریش دەبی. هیدی خەمی چیتە؟

هاجەر تاوێک مات بوو. پاشان گوتی:

ـ ئێوە بڕۆن من ئیتر کێم هەیە؟ کاتی زەیستان کێ ئاگای لێم دەبێ؟! کێ ناوکی منداڵەکەم ببڕێ؟

مێرگان نەدەبوو دڵ ناسکی بنوێنێ، گوتی:

ـ بێکەس نابی، بێکەس نابی. کەسێک هەر دەبێ. من خراپەم لە گەڵ ئەو خەڵکە نەکردووە، بە فریای کچەکەم نەگەن!

هاجەر کەوتە لێوەلەرزە. مێرگان مۆڵەتی نەدا کچەکەی بگری هەستا و گوتی:

ـ دەموچاویشت ماڵە لێیداوە!

هاجەر بە هەنیسکەوە گوتی:

ـ دە هەر لەوە دەترسم. هێندێ لە جیرانەکان دەڵێن ئەو ماڵەیە نیشانەی کچە!

مێرگان خۆشی وای بیر دەکردەوە. بەڵام نەیدەویست وەڕووی خۆی بێنێ. سەری لەقاند و گوتی:

ـ لەخۆڕا قسە دەکەن! خۆ لە لای خودا نەهاتوونەوە!



تاقەتی نەهێنا. هاجەری لە لای ئاونگەکە بەجێهێشت و چووە دەرێ. لەسەری کۆڵان عەلی گەناوی دی. کۆڵێ گوریسی بە شانیدا دابوو کە لە ماڵان وەریگرتبوو و دەرۆیشت. مێرگان سەری داخست و تێپەڕی.

لە ماڵی مێرگان ژنەکەی عەلی گەناو لە لای تەندوورەکە دانیشتبوو و خەریکی دوورینی کراسێکی منداڵانە بوو؛ بۆ منداڵی هەوێکەی. عەباس لە پەنا تەندوورەکە گۆچانەکەی لەسەر کۆشی دانابوو و خەریک بوو دە شاهی و تاق قڕانییەکانی بە جیا جیا دەبژارد و دەیکردە ئەو توورەکەیەوە کە بە پەتێک لە ملی کردبوو. مێرگان ئەو لەتە نانەی لە لۆی چارەکەکەی نابوو گرێکەی کردەوە و لەسەر دەرخۆنەی تەندوورەکەی دانا و ڕۆیی بۆ وەتاغ. ئەو زۆر کەم لای عەباس و ڕوقیا دەماوە. دەیزانی هیچیان پێیان خۆش نیە لەوێ بێ، عەلی گەناویش گوێی لێنەبوو. چونکە هەموو خەڵکی ئاوایی دەیانزانی عەباس سووتاوە. لە پیاوەتی کەوتووە. ناخ و ڕواڵەتی عەباسیش وای نیشان دەدا! ڕیشی نەهاتبوو. دەنگی گڕ و نووساو بوو. هەڵسوکەوتیشی خەساوانە بوو. باسی ژن و کچی نەدەکرد. چاوی بە دوای کەسەوە نەبوو. خۆی لە قەرەی ئەو گاڵتە و گەپانە نەدەدا. تەماحی لە ماکەر و شتی واش نەدەکرد. وەلحاسڵ هیچ دیاردەیەکی لە هەوەس و مەیلی جحێڵانە پێوە دیار نەبوو. ئەوەش ڕوانگەی خەڵکی زەمینج بوو و هەموو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە: عەباس سووتاوە! لە هەموو کەس باشتریش مێرگان ئەوەی دەزانی.

ڕوقیاش وەنەبێ لە عەباس باشتر بێ. چوار کوتە یەسقان. بە حاڵ نووزەی دەردەهات و هەمیشەش ناسی لە ژێر زمانیدا بوو. بوونەوەرێک بوو بە غەیری تووک و نزا هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات. ڕوقیا بۆڵە! تاقمێ لە خەڵکی ئاوایی بە توانجەوە پێیان دەگوت: ڕوقیا بۆڵە! بۆیە کەس دڵی لێ پیس نەدەکردن. دوو کەسی خەساو و نەزۆک با هەر پێکەوە بن.

ـ چاکە جارێکی دیکەی ببژێرەوە. دوو دانە دوو قڕانی چوار قڕان. کەوایە لێرە چوار قڕانمان هەیە!

ڕوقیا چوار قامکی لێک بڵاو کرد و گوتی:

ـ ئەمە چوار قڕان.

- سێ دانە پێنج قرانیمان هەیە:

- ئەوەش پازدە قران.

- پازدە قران و چوار قران دەکاتە نۆزدە قران!

روقیا گوتی:

- لە بیست، قرانیکی کەمە.

- لێرەش هەمانە بیست و سێ دانە دە شایی، دەبێتە چەندە؟ ئەگەر جووت جووت دایانئێم. ئەها! یەک و دوو و سێ و ئەمەش دوزدە قران و دە شایی. چاکە؟! دوازدە قران و دە شایی لێرە، نۆزدە قرانیش لەوێ دەکاتە چەندە؟ با بیبژێرم! دە قران بچێتە سەر نۆزدە قران، دەبێتە بیست و نۆ قران. ئەوە بیست و نۆ قران!

روقیا گوتی:

- ئەوە سی، قرانێک کەم.

- چاکە! لەملاش قرانێک و دە شاییمان هەیە. ئێستا ئەو قرانەش دەخەینە سەر بیست و نۆکە، دەبێتە سی قران. ئێستا هەمانە سی قران و چەندە؟

روقیا گوتی:

- سی قران و قران و نیوێک.

- ها! ئەو سی شاییەی بۆ تۆ!

روقیا سێ دانە دە شاییەکەی لەسەر عەرزەکە هەڵگرتەوە و گوتی:

- دەی ئێستا خۆت چەندەت پێیە؟

- سی قرانم پێیە؟

- چاکە، سی قران!

عەباس گوتی:

- دا ئەو پەنچکە نانە بێنە با بیخۆین... خۆم کوشت هەتا بژاردم. جاران هەزار قرانم بە حەواوە دەبژارد!

روقیا کوتە نانەکەی ـ کە مێرگان هێنابووی و لەسەر دەرخۆنەکە دانابوو ـ هەڵگرت و دایە دەست عەباس:

- دەچم بەو سی شاییە ماست یان دۆشاو دەکڕم. با نانەکەمان بێ پێخۆر نەبێ.



عەباس پارووەیەکی زەلامی خستە دەمی و گوتی:

- نا! نا، ئەو سی شاییە بۆ خۆت. ناسی پێبکڕە. شوکور نانەکە نەرمە پێخۆری ناوێ. بخۆ دەی! ئێمە دەبێ قانع بین. بۆ ئەوەی بتوانین دەسمایەیەک پێکەوە نێین. ئەوانە خەریکن دەڕۆن!

- مێرگان و ئەوان؟!

عەباس گوتی:

- مێرگان و کوڕەکەی! خەمی ناوێ. ئەم ماڵە بۆ من بەجێدەمێنێ. دەزانم چۆنی کەڵک لێوەرگرم. کاسپی دەکەم. زستانانە ئەوەندە کاسپی دەکەم کە خەرجی هەموو ساڵەکەمان دابین دەبێ.

روقیا پرسیی:

- چ کاسپییەک، یانی؟

عەباس گوتی:

- سەرەتا قومار وەڕێدەخەین. پاشان... ئەو تەویلە خاوێن دەکەمەوە و دەیکەمە دووکانی بەقاڵی. ئەگەر تۆش لەگەڵم بی پێکەوە دەیگێڕین. ئەگەر ئەو تەراکتۆرەی میرزاخان نەشکایە، دەمانتوانی دوو جەواڵ ئاردیش لە شار بێنین و لێرە بە کیلۆ بیفرۆشین بە خەڵک. ئێستاش لەوانەیە عەلی گەناو کەرەکەیمان بە کرێ بداتێ. بەڵام هەر چۆنێکە دەبێ ئێمە دەسمایەیەک جۆر کەین... حەیفێ هیچمان دەست و پێمان ساغ نییە! دەنا نانەواخانەیەکمان دادەنا. بەڵام ئێستا ناچارین، شتومەک لە شارەوە بێنین و لەسەر ڕفەکان ڕیزیان کەین.

روقیا گوتی:

- جارێ با بزانین چۆن دەبێ! ئەگەر ئەو پیاویلکە ڕوحمی بکردایە و تەڵاقی بدایەم، ئیتر نەجاتم دەبوو. چش مارەییشم ناوێ.

عەباس گوتی:

- دەبێ قەرار و بڕیەی لەگەڵ بکەی کە مارەییەکەتی پێدەبەخشی، بەو شەرتەی ئەویش سبحەینێ ڕاست نەبێتەوە و داوای بەشە ماڵی ژنەکەی، هاجەر، لە من و

ئەو چوار خشت و کولۆیەی سلووچ بکا! حاڵی بووی؟ سەنگەوبەردی نێ. ئەو عەلی گەناوەی من دەیناسم زۆر لابەلایە.

روقیا گوتی:

ـ خۆم چاکی دەناسم. بەڵام پێموانییە تەڵاقی ئەوەندە بەلاوە گرینگ بێ. مەحتەلی ئەوەیە من لێوم بجووڵێ. بەڵام شتێک!

ـ شتێک چی؟

ـ من پێموایە تریاکخانەیەک دانێین باشترە. دەزانی چەندە بەسوودە؟! تۆ چاو لە پوورە سەنەم بکە. چاوی لە دەستی کەس نییە!

عەباس پزووی توورەکەکەی توند کرد، توورەکەکەی بە جوانی لە باخەڵیا دابین کرد و دوای ساتێک گوتی:

ـ خۆ فکرێکی باشە. من بیرم بۆ ئەوە هەر نەچووبوو.

روقیا وردەی نانەکەی کردە دەمییەوە، هەستا پێ و گوتی:

ـ من ئیتر دەڕۆم! ئێوارەیە، درەنگ وەختە. ڕەنگە بتوانم یارمەتییەکی خوشکت بدەم. کچە فەقیرە پێ و مانگی خۆیەتی. چەندەش گیانم دێشێ!

عەباسیش هەستا. خۆی گەیاندە سەر تەندوورەکە. جگەرەیەکی داگیرساند. خەریک بوو خۆر ئاوا دەبوو.

مێرگان هاتە دەرێ. دوو پیاڵە چایی هێنا بۆ سەر تەندوورەکە و گوتی:

ـ چاییم بۆ هێنا، بۆ ڕۆیشت؟

عەباس دووکەڵی جگەرەکەی بە خەستی لە لووتی دایە دەرێ و گوتی:

ـ ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان!

مێرگان چاییەکەی لەبەر دەمی عەباس دانا و هەروا بە پێوە ڕاوەستا.

دایک و کوڕ هەردووکیان دەتگوت دەمیان دووراوە. عەباس جگەرەکەی دەکێشا و مێرگان چاوی لە گوێسوانەی سەربانەکە بڕیبوو. هەردووکیان دەیانزانی خەیاڵی ئاخافتنیان لە دڵدایە. باسی ئاخافتنەکەشیان دەزانی، بەڵام هیچیان نەیاندەزانی لە کوێوە و چۆن دەست پێبکەن.



عەباس قونچکە جگەرەکەی خستە تەندوورەکەوە و پیاڵە چاییەکەی هەڵگرت و نای بە سەرییەوە. مێرگان لەبەر تەندوورەکە دانیشت و پاڵی بە دیوارەکەیەوە دا. ئێستا دایک و کوڕ چاویان لە یەکتر نەبوو. بۆیە دەیانتوانی بێ ئەوەی چاو لە چاوی یەکتر بکەن باخێون. عەباس لە سووچی سەرووی هەیوانەکە و مێرگان لە بەر تەندوورەکە و لای خوارەوە دانیشتن.

مێرگان، لەبەر سێبەری ئێوارە، دەستی دابووە بن چەنەی و عەباس بە دەموچاوی ڕەقەڵە و مووی سپییەوە پاڵی بە دیوارەی تەندوورەکەوە دابوو، چاوی لە جێیەک بڕیبوو، کە هیچ کوێ نەبوو!

ـ ئێستا تۆ دەتهەوێ چبکەی عەباس؟!

ـ چۆن چیدەکەم؟

ـ لێرە دەبی یان لەگەڵمان دێی؟

ـ لێرە دەبم.

مێرگان تاقەتی نەهێنا. هەستا و لەبەر دەمی کوڕەکەیدا ڕاوەستا و گوتی:

ـ خۆشم نازانم چیت پێدەڵێم! ئەگەر بڵێم لەگەڵمان وەرە، نازانم تووشی چی دەبین. ئەگەر بڵێم لێرە بمێنەوە، نازانم... نازانم چیت بەسەر دێ! گەرما، سەرما، وشک و تەڕ. دڵم خۆش نییە. لەملاوە دەبینم براکەت، کە بە حیسابێک بژێوەدەری بنەماڵە بوو، ئیتر لێرە دەست و دڵی بۆ هێچ کارێک ناچێ. ئەو خووی بە کارێک گرتووە، کە لێرە نییە. لەو لاشەوە ئێوە بە کێ بسپێرم و بڕۆم؟ لەو لاشەوە هەواڵی باوکت هاتووە. خودایە ئەم کوڕەم، کچەکەم، ئەو کوڕەی دیکەم، مێردەکەم، خۆم، خودایە! ئێمە بۆ خەریکین لەبەر یەک بڵاو دەبین؟ سەرم سووڕ ماوە، نازانم چبکەم. دەیبینم بەڵام تێناگەم. دەیبینم بەڵام تێناگەم!

عەباس گوتی:

ـ هەق بە تۆیە، خەمی مێردەکەتە!

ـ نا! ئاوا تیر و توانجم تێمەگرە ڕۆڵە! تەنیا لەبەر ئەو نییە. من دڵم لەتوکوت بووە! چوارمێخەتان کێشاوم، چوارمێخە!

عەباس گوتی:

ـ تۆ بە دوای پیاوێکدا دەڕۆی کە زۆر ناپیاوانە ئێمەی بەجێهێشت و ڕۆیی. خوێڕییە!

ـ تۆ بەو دەڵێی خوێڕی؟! نا! لە نێو تەواوی ئەوانەدا کە ڕۆیشتوون ئەگەر یەکیان بەغیرەتانە ڕۆیشتبێ باوکی تۆیە؛ سلووچ! زۆر کەس ڕۆیشتن و نەهاتنەوە، بەڵام باوکی تۆ وا نەبوو.

ـ زۆر چاکە! بوو یان نەبوو بۆ من جیاوازیی نییە ئیتر، من خۆ پێشم بە کەس نەگرتووە، نە پێشم بە ئەو گرت، نە پێش بە ئێوەش دەگرم، بڕۆن بڕۆن، خوداتان لەگەڵ بێ!

مێرگان بە دڵپڕییەوە گوتی:

ـ پێم خۆش نییە بە من بڵێی خودات لەگەڵ! خۆ من ناچم بۆ حەج، ئەو جێیەش کە دەچم بەهەشت نییە، هەر نازانم کوێیە! دەڵێن: کانە. بەڵام خۆشم نازانم دەچم بۆ کوێ. تەنیا خەریکم دەڕۆم، ئەویش بە دەست خۆم نییە. لە ڕاستیدا خەریکە دەمبەن. بەڵام دڵم ژان دەکا. کەچی تۆ... تۆ پێتوایە من دەچم بۆ باخی بەهەشت، کە ئاوا تانەم لێدەدەی! یانی پێتوایە من پێمخۆشە تۆ لەم دۆزەخەدا بەجێبێڵم و بڕۆم؟!... خودایە گیان! خودایە؛ بۆچی خەریکی لەتوکوتم دەکەی!

عەباس نیوە جگەرەیەکی هەڵگرت و گوتی:

– نامەوێ لای من خۆت بهێنییە حاڵی جاو. بڕۆ ئیتر! خۆ کەس هیچی پێنەگوتووی. دەڵێم بڕۆ دەی، باشە دە بڕۆ!

ـ بڕۆم! هەر دەڕۆم، بەڵام نامەوێ ئاهونزای تۆم بە دواوە بێ. نامەوێ ئاهی تۆ لەوە زیاتر بمسووتێنێ.

عەباس گوتی:

ـ ئەگەر دەتەوێ ئاهی من داوێنت نەگرێ، بڕۆ و خەمی منت نەبێ!

ـ چۆن خەمی تۆم نابێ ڕۆڵە، چۆن دەتوانم کوڕی خۆمم لەبیر نەبێ؟!

ـ خۆ نابێ هەر دانیشی و لە دووریی من بگریی!

ـ ئەی لەوە زیاتر چیم لەدەست دێ ڕۆڵە؟!



ـ پارەم بۆ بنێرە! پارە. منیش لێرە بنیادەمم! بژیوم دەوێ. خۆ بە بای خودا بەڕێناچم. تازە خۆ هێز و توانای کارم نییە. دەبێ دەروویەک بۆ بەرێچوونم پەیدا کەم. دەمەوێ دووکانی بەقاڵی دانێم. ئاردفرۆشی. دەمەوێ ڕاسپێرم چەن پووش خورما و چوار بەستە چایی و دە مەن ئاردم بۆ بێنن و بتوانم لەو ڕێگایەوە نانێک وەدەست بێنم. بە دەستی بەتاڵ هیچ ناکرێ! خۆ دەستی خاڵی تۆزیشی لێهەڵناستێ.

ـ باشە باش. باشە بە چاوان. بۆت دەنێرم. من ئەوەندە دەستەوستان نیم. کار دەکەم. کار دەکەم. شتێکت بۆ دەنێرم. دەی دەڵێی چی؟

ـ هیچ، هیچ. دوای ئەوەش ئەگەر چاوتان بە باوکم کەوت، پێی بڵێن کاغەزێکم بۆ بنێرێ کە ئەو چوار کوڵۆ و خشتە بە من ببڕێ. دەنا گەردنتان ئازا ناکەم. من توانای ئەوەم نییە سبەینێ لەگەڵ عەلی گەناو تێوەچم. وەک ڕۆژ لێم ڕوونە چوار ڕۆژی دیکە عەلی گەناو لێم قوت دەبێتەوە و داوای بەشەماڵی ژنەکەیم لێدەکا. لەو چوار کوڵۆ و بەردە بەشی دەوێ. لێشم دەستێنێ، ئەو کاتە منی نیوەمردوو چۆن دەرەقەتی دێم؟ دێ ماڵەکەم لێ تیغە دەکا و وەتاغەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێ و تەویلەکەش دەدا بە من! منیش چیم پێدەکرێ؟!

ـ ڕاست دەکەی. ئەو عولە چوار چاوە هەموو شتێکی لە دەست دێ. باشە. هەر چۆنێک بێ ئەو کاغەزەت بۆ وەردەگرم و دەینێرم. ئیتر قسەت ماوە؟

ـ نا. نا ئیتر. بەڵام دەبێ کوتێک لەو مسانەی وا شاردووتەتەوە، بدەی بە من. ئاخر منیش بنیادەمم! کاسەیەکم دەوێ ئاوی تێدا بخۆمەوە.

ـ باشە! هەر ئەو قاپە مسەی لەبەر دەستدایە بۆ تۆی بەجێدێڵم. دەی قسەت ماوە؟ چیی تریش؟!

ـ هیچ، هیچ، ئیتر هیچ!

ـ باشە، کەوایە بۆ هەڵناستی بێیتە ژوورێ؟ لەو سەر تەندوورە چ دەکەی؟

ـ باشە دێم! هەر وەختێ ئێوە ڕۆیشتن، منیش کەلوپەلەکانم ڕادەگوێزم.

مێرگان پەرداخە بەتاڵەکەی هەڵگرت و گوتی:

ـ چایی ترت بۆ بێنم؟

ـ زەرەری نییە ئەگەر هەیە، دەمم وشک بووە.

هەتا مێرگان چایی دووهەمی هێنا، عەباس سەرخۆشی خەیاڵ، پشتەسەری بە دیوارەکەوە دا و جگەرەیەکی نا بە لێوییەوە و چاوی قووچاند.

ئێوارە چ کەیفێکی لە لایە!

دەنگێک لە کۆڵانەوە هات:

ـ بە گۆڕی بابیانەوە! ئێمە ئەوە دەڕۆین. با هەرچی گوریس و پەتی نێو دێیە پێکەوەی گرێدەن. با بزانین دەتوانن ئاروانە پیرەی سەر دار لەو بیرە دەرهێننەوە؟! هها! دەزانی ئەو بیرە چەندە قووڵە؟

ـ نەوەد و هەشت گەز!

ـ خۆم لە بیرمە باوکی ئەبراو دەیگوت: نەوەد و هەشت گەز قووڵاییی بیرە گەورەیە. گاڵتە نییە!

مەولا ئەمان و ئەبراو و کوڕی سەنەم هاتنە حەوشە. عەباس چاوی هەڵێنا. پیاوەکان دەنگە دەنگیان ساز کردبوو. مەولا ئەمان و کوڕی سەنەم قسەیان وەبەر یەک نەدەخست. دەپەڕینە نێو قسەی یەکتر و هەر کام دەیویست ئەوەی کە دیتوویەتی بە کەیفی خۆی بگێڕێتەوە. ئەبراویش لەو ناوەدا واقوڕماو ڕاوەستابوو هەر تاوێ دەیڕوانییە دەمی یەکیان. لە گۆڕستانەوە هەتا ئێرە بۆی دەرکەوتبوو کە لە سەر کارێزەکە شەڕ و هەڵلا ساز بووە. خەڵکەکەشی دیبوو تاق و لۆق بەرەو نێو دێ دەگەڕێنەوە. زانیبووشی کە زەبیحوڵڵا و سەرداریان بردووە بۆ شار. لەگەڵ ئەوەشدا پێیخۆشبوو زیاتری بۆ ڕوون بێتەوە. ئەوەش لەو قسە پڕ لە تاڵووکە و خێرایانەی مراد و مەولا ئەماندا کەم وەدەست دەکەوت.

مەولا ئەمان کە پەرداخە چاییەکەی لە خوشکی وەرگرتبوو، هەروا بە پێوە هەڵیقوڕاند و گوتی:

ـ تێکچوو. هەموو شتێک تێکچوو. شێوا. فاتیحای هەموو شتێک خوێندرا.... کەرەکەی منیش لە برسانا لەبەر ئاخوڕەکەی ماڵی کەربەلایی دەتۆپێ! چش، بە جار و بە جەهەندەم!

کوڕی سەنەم گوتی:



ـ من دەڵێم زۆربەی ئەوانەش کە چۆرکاڵێک ئاوی کارێزیان بووە ناچارن دەبێ کۆچ بکەن!

مەولا ئەمان پەرداخەکەی دایەوە دەست مێرگان و گوتی:

ـ ئەمرۆش کۆچ نەکەن. چوار ڕۆژی دیکە کۆچ دەکەن! بە گۆڕی بابیانەوە. دۆزەخ و بەهەشتەکەشی لە ئەستۆی خۆیان!

عەباس لەسەر تەندوورەکەوە ملی کێشا، ئەبراو لەبن دیوارەکە دانیشت و مراد چوو بۆ لای گۆزە ئاوەکە.

ئەبراو گوتی:

ـ ڕەنگە شوێنی پەمپەکە بگۆڕن چاک بێ؟

مەولا ئەمان بە دەم بزەوە گوتی:

ـ ڕەنگە!!

کوڕی سەنەم گوتی:

ـ شایی بناویلانە! دەتانەوێ میرزا حەسەن جارێکی دیکە بێتەوە و قۆڵی هەڵماڵێ و کارەکان ڕاستە و پاستە بکا؟ دەزانن جێگا گۆڕینی پەمپ و چاڵاو چەندە خەرجی هەڵدەگرێ؟ خۆ سەتڵ و گوریس نییە لێرە هەڵیگری و لە هۆوێ داینێی! هەزار مەن ئاسنە. هەزار مەن زیاتریش! وەستای دامەزرێنەر لە کوێ پەیدا کەن؟ هێندەش پارە دەستێنن بە قەد خوێنی بابیان. ئاخر ئەو جۆرە کارانە بە هەموو کەس ناکرێ. دەبێ بچن بۆ ناوچەی گورگان، یان پێتەخت و بە کۆڵێک پارە دەتوانن دوو کەسی شارەزا لەگەڵ خۆیان بێنن. پێت وایە ئەو جارەی دیکە کەمیان پارە وەرگرت هەتا هاتن وە تەپەتەپیان خست؟! خۆشیان چەندە زوو لە تەپەتەپیان خست. بەڵام زەبیحوڵڵای چارەڕەش!

مەولا ئەمان هەر بەو توانجە نهێنییەی پێشوویەوە گوتی:

ـ لە هەموو کەس زیاتر ئەو قازانجی کرد! چەندەم پێخۆش بوو. دەتگوت دڵیان ئاوپژێن کردم!

ـ ئەو سەرداره دێوەش دەستی سەیر قورسە!

ـ پێموانییە ئەو لاقانە تازە عەرز بگرن!

- منیش پێموانییە بەم زووانە.

- بە گۆڕی بابیانەوە!

دەنگی عەلی گەناو لە کۆڵانەوە هات:

- هۆی!.... ئەی ئەوە ئێوە نایەن بۆ یارمەتی، ئەو وشترە لە بیرەکە دەرهێنینەوە؟

لەسەر دیوارەکەوە ملی کێشا و هەر وا ڕاوەستا.

مەولا ئەمان گوتی:

- یارمەتیی چی؟ بۆ نانی مفتەم خواردووە مێگەلی حاجی تاغی بلەوەڕێنم؟ هەر ئەو کەربەلایی دووشەممەی کە خۆی لە ماتۆڕخانەکەدا شاردۆتەوە و نایەتە دەرێ، گوێدرێژە بەستەزمانەکەی منی برسی و توونی داکردووە و خەریکە دەتۆپێ! ماڵوێرانی کردووم. دەتانەوێ بێم و کەرێزی کوڕەکەی بۆ بکەمەوە. ئەوەی زەویی هەیە ئاوی دەوێ، چاویشی دەرێ، دەبێ قەوە لە خۆی دا، من بۆ دەبێ خۆم بپسێنم و وشتر لە بیر دەرهێنمەوە؟ ئەگەر قوڕ بم کێ خەرجی نەخۆشخانەم دەدا؟!

- تۆ چی کوڕی پوورە سەنەم؟

- منیش کارم هەیە. دەبێ بڕۆم کەلوپەلی سەفەر بپێچمەوە. ئێمە خەریکین وەڕێدەکەوین.

- تۆ چی ئەبراو؟ گوریسەکانیان لێک بەستووە. هەموو خەریکن دەچن.

ئەبراو گوتی:

کەمم زەحمەت بۆ کێشان؟! ئیتر بەسە! بە گۆڕی بابیانەوە!

عەلی گەناو ملی لە دیوارەکە کێشا دواوە و مێرگان بە دوایدا ڕۆیی بۆ کۆڵان:

- ڕاوەستە. ڕاوەستە. من لەگەڵت دێم. لە هیچ هەر چاترە هاتنم!

کوڕی سەنەم چاوی لە مەولا ئەمان کرد. ئەبراو سەری داخست. مەولا ئەمان گوتی:

- بە دەست خۆی نییە. ئەو ژنە ئیختیاری بەدەست خۆی نییە. کەرە کەر!



## بەندی چوارەم:

نەکرا وشترەکە ڕاست لە بیرەکە دەرکێشن. قەوەیان لە خۆیان دا. هەوڵیان دا، بەڵام نەکرا! تەواوی گوریس و پەتەکانی زەمینجیان پێکەوە گرێدا و کەرێزکەنە شارەزاکانی دوبید چوونە خوارێ. گوریسەکەیان بە ژێر زگی کەلاکە وشتردا هێنا و لە دەوری لاق و ملیان هاڵاند و شەتەکیان دا. پاشان خۆیان بە گوریسەکەدا هەڵواسی و وەک مار هاتنە سەرێ، خاک و خۆڵی سەروگیانیان تەکاند و گوتیان:

- هەڵیکێشن! دەی هەڵیکێشن!

گوریسەکە هەشت سەری بوو. گوریسی زەمینج بووبووە هەشت سەر. هەر سەرە گوریسەی بە دەست هەشت - نۆ پیاوەوە بوو. هێزی هەشتا پیاو!

«یا ئەڵڵا!»

کەلاکی وشتر لە قوڕ و لیتە دەرکێشرا. «ئەڵڵا!»

هێزی هەشتا پیاو! زۆر بە دژواری بە دیواری خۆڵینەی بیرەکەدا هەڵدەخشکا.

قەد قەد:

«گوریسەکان لە نێو قەدتان بهاڵێنن! یا ئەڵڵا بڵێن! خەریکە دێتە سەرێ!»

«گیری کرد! گیری کرد! ڕاوەستن! خۆتان ڕاگرن. دەی دەی لاقتان لە قولکەکان گیر کەن... دەی بابم... !»

پیاوەکان گوریسیان لە نێو قەد هاڵاندبوو. لاقیان لەو قوولکانە گیر کردبوو کە بە پێمەرە هەڵیانکەندبوو. خۆیان بۆ دواوە دەکێشا و لاقیان بۆ پێشەوە. دەتگوت دارستانێکی چڕ لەبەر هێزی ڕەشەبادا بۆ دواوە چەمیوەتەوە. دوو کەرێزکەنی شارەزا لە گوێ بیرەکە ڕاوەستابوون و چاویان لە نێو بیرەکە دەکرد، مێرگانیش گوریسی لە نێو قەدی خۆی هاڵاندبوو.

«ملی لە زارکی کەرێزەکە گیر بووە! چووە بەو بنەدا»

«ئەی چی بکەین؟ چیبکەین؟ دەست و پشتمان شکا»

«چارە نییە، بیکێشن، دەبێ بیکێشن، ملی دەشکێ و دێتە دەرێ، بیکێشن!»

«بیکێشن! یا ئەڵڵا! دەی بابم دەی!»

کێشایان. بە هێز و قووەتی خۆیان کێشایان. بەڵام هەروا گیری کردبوو.

«بیکێشن!»

«مەیکێشن، ڕاوەستن!»

دوو گوریسیان پچڕا. دوو زنجیرە پیاو کەوتن؛ تێکەوە گلان. کەلاکەکە خراوە خوارێ و شەش زنجیرە پیاو بە گوریسەوە ڕاکێشران.

هاواری کەرێزکەنەکان:

«گوریسەکان بە نەرمی لە خۆتان بکەنەوە! هێور هێور!»

«گوریسەکان شل کەنەوە! هێور هێور!»

کەلاکەکە بە دیواری خۆڵینەی بیرەکەدا خشکا خوارێ و شەش گوریس؛ شەش سەری ئەژدیها، بە گەرووی بیردا ڕۆچوون.

«خراپترا! خراپترا! چاوانەی بیرەکەش بەو گڵ و خۆڵە ئەوەندەی دیکە گیرا! تەپوتۆز لە زارکی بیرەکەوە هاتە سەرێ»

«خراپترا! خراپترا!»

«بە گیانی لە خۆڵ و ئارەقە هەڵکشاوەوە پیاوەکان ڕاوەستان. »

«ئێستا چبکەین؟»

کەرێزکەنەکان دانیشتن:

ـ کەرەسە، کەرەسەی دەوێ. گوریسی قایم.

«ڕاوەستن... شتێکم بە فکر گەیشت!»

«چی؟ بیڵێ دەی بزانین!»

«لەتوکوتی کەین و هەڵیکێشین!»

«بژی خوداداد! لەبەر ئەو مێشکەت مرم. پیرەشوان!»

«کەوایە با دەست بەکار بین. کێ پیاوی ئەو کارەیە؟»

شوان و کەرێزکەن.



«چەرخی بیر بێنن! کێردەکەت تیژ کە خوداداد!»

«ئەی کێ جوابی سەردار بداتەوە؟!»

«سەردار لەسەر من!»

«جوابی ئەو لەسەر ئێمە»

«لە پارەی کەوڵەکەی زیاتری ناوێ خۆ!»

چەرخەکەیان هێنا پێشێ دایبمەزرێنن. خودادادی شوان و حەمەکازمی کەرێزکەن دەرەلینگیان هەڵکرد. خوداداد کێردەکەی نایە بەر پشتێنەی و ڕۆیی بۆ لای سالار عەبدوڵڵا و کوێخا:

«گیانم دەنێمە سەر دەستم و دەچمە نێو ئەو بیرەوە! ئەو کارە خەرجی هەیە! سەد تمەن!»

لەوە زیاتر مانەوەی ئەو هەموو خەڵکە پێویست نەبوو. ئەوانەی کە بەشیان بە کەرێزەکەوە بوو و خۆیان بە کەوچک بە دەست دەزانی، مانەوە. خەڵکەکەی دیکە بەرەو زەمینج گەڕانەوە.

نا! نەکرا وشترەکە بە ساغی لە بیرەکە دەرکێشن. عەلی گەناو چوو وشترەکانی سەرداری ئاموزای لەو بیابانە کۆ کاتەوە و بیانباتەوە بۆ ماڵێ. ئەوەش مێرگانی خاترجەم کرد کە وشترەکانی سەردار گوموگوڕ نابن:

«حەیف بۆ ئەو وشترانە! حەیف بۆ ئەو وشترانە! نابێ هەروا بەخۆڕایی لە کیس بچن!»

مانگ هەڵاتبوو کە مێرگان گەیشتەوە ماڵێ.

تەنیا عەباس بەخەبەر بوو. هەروا دانیشتبوو و چاوی لە شەو بڕیبوو. مەولا ئەمان و ئەبراو یەکی پاروویەکیان نان خواردبوو و خەوتبوون.

مێرگان شەکەت و ماندوو، دەبوو بخەوێ. بەڵام خەوی چی، چاوی دەتگوت خوێی تێکراوە! بێ ئەوەی دانیشێ، چوو بارگەوبنەکەی بپێچێتەوە. بارگەوبنەش چی، چوار کوت کراس و دەرپێ و خەڵاتییەک.

ئەو بەشە لە خەڵک کە لەسەر ڕەگەزی باب و باپیرانیان دەڕۆن، وایان بە خۆیان سەلماندووە کە دەبێ لە هەوەڵین دەرفەتدا ئەوەی لە زگیان زیاد بوو بیدەن بە خەڵاتی. دوو گەز جاو. ئەوەش بە پارەیەکی کەم دەکڕدرێ. مێرگانیش لە تەمەنی خۆیدا جارێک هەلی بۆ ڕەخسابوو. خەڵاتی. تەنیا بەرگێک کە مرۆڤ دوو جار لەبەری ناکا. بە جیا خستییە نێو بوخچەکەیەوە و لەو لاوە داینا. هێندێ نان و قەند و چاییشی بە جیا بەست. ئەو شتومەکانەی کە دەبوو بۆ عەباسی بەجێبێڵێ لە سووچێک کۆی کردنەوە. بوخچەی کفنەکەشی لە سەر ئەوان دانا. پاشان چووە سەر کیسەی ئاردەکە. مەنێک کەمتری تێدا مابوو. ئەویشی لە لای کەلوپەلەکانی عەباس دانا. ئیتر کاری نەمابوو، جگە لە کارێک. تەنیا کارێکی مابوو. مێرگان چاوی لە کوڕ و براکەی کرد. هەردووکیان خەوتبوون. مێرگان بە پێدزکە لە درگاکە چووە دەرێ. عەباس هەروا بەخەبەر بوو و سکڵی جگەرەکەی لە تاریکییەکەدا دەدرەوشاوە. مێرگان بێئەوەی گوێی پێبدا بەرەو کۆڵان ملی پێوەنا.

لە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانی نیوەشەوی زەمینجدا شەمشەمە کوێرەش دیار نەبوو. بێدەنگی و ئەنگوستەچاو. شەوەزەنگ. کەند و لەند و چاڵوچۆڵی دەرکوبانان بۆ هەنگاوی مێرگانی پێخاوس ئاشنا بوون. کۆڵان بە کۆڵان و کەلاوە بە کەلاوە خۆی گەیاندە دەرەوەی ئاوایی. بیابان و شەو لە هەمبەریدا وێستابوون. تاریکە شەوێکی خەست. ڕاوەستا. نەک لە ترسانا. بەڵکوو لەبەر گومان. گەڕاوە و خۆی کردەوە بە نێو دێدا و ڕاست ڕۆیی بەرەو ماڵی پوورە سەنەم. درگای ماڵەکەیان داخرابوو و هەموو لە خەودا بوون. لە درگای دا. مراد هات درگای هەڵگرت و کاس و وڕ بەرەو ڕووی مێرگان ڕاوەستا:

ـ چییە؟ چبووە پوورە مێرگان؟

ـ پێمەڕە و توربێنەکەت بێنە و وەرە پێت دەڵێم.

مراد پێمەڕە و توربێنەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و هاتە دەرێ. درگاکەی بە ئەسپایی پێوەدا. دایک و کوڕ بە کۆڵاندا دەڕۆیشتن. مێرگان هەروا بێدەنگ بوو و کوڕی سەنەم لەخۆی ڕانەدەدی پرسیار بکا. بێدەنگ بە دوایدا دەڕۆیشت و مێرگان



کۆڵانەو کۆڵان ملی ڕێی گرتبوو، هەتا گەیشتنە قەراغ ئاوایی. لەوێ ئاوڕی داوە. کوڕی سەنەم لە پەنای ڕاوەستابوو. مێرگان بە سرتە گوتی:

ـ تۆش لەگەڵ ئێمە دێی؟

ـ من خۆم پێمگوتن دێم. بۆ نایەم؟ من خۆ لێرە نابم. با مانگێ زووتر بڕۆم. قەیدی چییە؟ دەمویست بڕۆم بۆ لای ڕۆژاوا بەڵام ئێستا دەڕۆم بۆ لای ڕۆژهەڵات، فەرقی چییە؟

ـ چاکە؛ چاکە! کەوایە گوێ بگرە! من لێرە شتێکم خستۆتە ژێر گڵەوە، دەبێ دەریهێنینەوە. وەرە بە دوامدا!

مێرگان وەڕێکەوت:

ـ لە ئەبراویشم ڕادەدی، بەڵام ترسام کەسێک پێبزانێ، بەڵام لە تۆ خاترجەمم. تۆ هەر یەکێکی وەک کوڕەکانی خۆم. وەرە! وەرە!

کوڕی سەنەم وەدوای مێرگان کەوت و پرسیی:

ـ بەو تاریکەشەوە چۆن دەتوانی جێگاکەی بدۆزییەوە؟

ـ دەیدۆزمەوە. دەیدۆزمەوە! تۆ وەرە! لە ترسی ئەو چەتە و دزانە ماڵەکەی خۆمم شاردۆتەوە. دەیدۆزمەوە. دەیدۆزمەوە. تۆ وەرە، تۆ وەرە.

مێرگان لە پڕ ئاوڕی داوە:

ـ بڵێی کەس نەیدیبێتین؟!

کوڕی سەنەم گوتی:

ـ بەو نیوەشەوە. هەموو خەڵکی لە حەوساڵان ڕاست بوونەوە. کێ تاقەتی ئەوەی هەیە بێتە دەرێ؟!

مێرگان لەسەر جێی خۆی چەقی و گوتی:

ـ ئێرەیە. دەبێ ئا لێرە بێ! دەست پێ بکە. هەڵکەنە دەی، ئێرەیە!

کوڕی سەنەم پێمەڕەکەی لە شانی داگرت و دەستی کرد بە هەڵکەندن. مێرگان لەسەر عەرزەکە دانیشت و دەستی کرد بە دەردانی گڵ و خۆڵ. بەڵام بێفایدە بوو. مێرگان جێگاکەی لێ تێکچووبوو.

مراد گوتی:

- لێت ڕوونە ئێرەیان نەکێڵاوە؟

- لێم ڕوونە. ئەرێ. ئەوانەم لەبەر چاو گرتبوو.

- ئێستا دانیشە بیر بکەوە بزانە چ ناونیشانێکت بۆ دانابوو؟

- بەرد! بەردێکی گەورە! دەزانم. لەبیرمە. لەبیرمە. بەردێکی گەورە بوو!

- ئێرە خۆ بەردی لێنەبوو، ماڵ ئاوەدان!

- نازانم. نازانم. سەرم لێشێواوە.

مێرگان هەڵترووشکابوو. هەر دوو ئەژنۆی خۆی بە چنگ گرتبوو دەیگوشی. دەتگوت دێڵە گورگێکی بیابانە و دەیهەوێ بزێ.

ئەگەر جێگاکەی نەدۆزیبایەتەوە چیی بکردایە؟!

هەستا و دەستی کوڕی سەنەمی گرت و بە دڵپڕی گوتی:

- بیدۆزەوە مراد گیان، بیدۆزەوە لە دەورت گەڕێم! بیدۆزەوە! دڵم تۆقی مراد! بیدۆزەوە.

- باشە باش. بە چاوان! تۆزێ سەبر کە، سەبر. تۆ هەر لێرە دانیشە. دانیشە! تەنیا پێم بڵێ لە حاستی ماڵی کێ بوو؟

ـ لە حاستی ماڵی سەردار. هەزار و نۆ هەنگاوم لە بن دیوارەکەی ماڵی سەردارەوە هەڵێناوە، گەیشتمە ئەو بەردە. بنی بەردەکەم داوە و پاشان بەردەکەم خزاندە سەر قوڵکەکەی و پڕم کردەوە.

کوڕی سەنەم گوتی:

ـ زۆر باشە. تۆ هەر لێرە دانیشە! لە جێی خۆت مەبزووە. من دەچم بۆ بن دیوارەکەی ماڵی سەردار و جارێکی دیکە شەقاوی دەکەم. خۆ ناترسی! دەترسی؟

- نا، نا! تۆ بڕۆ. هەر بیدۆزەوە. خەرجی ڕێگاکەمان تەنیا ئەو چوار کوتە مسە شکاوەیە. بڕۆ، بەقوربانت بم!

بڵێی کێ عەرزەکەی دابێتەوە و داروونەداری مێرگانی بردبێ؟ کێ بێجگە لە هاجەر خەبەری بوو؟ هیچ کەس! بەڵام ئەو کچە بەستەزمانە چۆن دەتوانێ هاتبێ و داروونەداری مێرگانی دەرهێنابێ و بردبێتی؟ دەکرا عەلی گەناو فێری کردبێ؟ هەر



ئەوەی کەم بوو! هەر ئەوەی کەم بوو. بەڵام مێرگان باوەڕی نەدەکرد. نا! هاجەر قەت کچێکی وا نییە.

بۆچی وا نییە، لە دەستیشی دێ؟

ئاخر چۆن دڵی بڕوایی دەدا؟ چۆن؟ نا! نا! جێگای باوەڕ نییە! ـ دیمەوە! پوورە مێرگان دیمەوە، وەرە پوورە مێرگان!

- تۆ لە کوێی کوڕم؟ تۆ لە کوێی؟

- من ئەوە لێرەم، لێرە. گوێت لە دەنگم نییە؟

- گوێم لە دەنگتە، بەڵام ناتبینم، لە دەورت گەڕێم!

- بە دوای دەنگەکەدا وەرە، بە دوای دەنگەکەدا. وەرە بۆ ئەم لایەوە، ئەم لایە.

- خودایە گێژ بووم، گێژ! خودایە هاوار!

- وەرە بۆ ئەم لایەوە، ئەوە بۆ لاتراسکە دەبەستی پوورێ؟!

- کام لا؟ کام لا؟

- ڕاوەستە، ڕاوەستە. وا دیارە هۆشت لەسەر خۆ نییە. هەر لەوێ لە جێی خۆت دانیشە! من دەریاندەهێنم و دێم.

- هەر لێرە ڕاوەستم؟ لێرە؟!

- ئەرێ، ئەرێ، هەر لەوێ بە!

دوور لە یەکتر، مێرگان و مراد. لەو تاریکەشەوەدا. مێرگان وەک بنچکە گزیچارێک بە پێوە چەقیبوو. دەلەرزی. دڵەخورپەی شادی و ترس. دوای تاوێک تەق و کوتی گڵ و پێمەڕە تەواو بوو. بێدەنگی بیابان و ئەو شەوە کڕ و کپەی داگرت. مێرگانیش خەریک بوو پشووی ڕاوەستێ.

نەکا کوڕی سەنەم مسەکانی هەڵگرتبێ و هەڵاتبێ؟!

بە نەحلەت بم، ئەوە چ گومانێکە؟!

مێرگان لێوی خۆی گەست، کوڕی سەنەم پەیدا بوو. پێمەڕەکەی لە عەرزەکە چەقاند و توربێنەکەی لە کۆڵی داگرت. مێرگان بەسەر توربێنەکەدا نووشتاوە و لەو تاریکە شەوەدا دەستی بە مسەکاندا گێڕا. تەواو بوون. تەواو ئەوان بوون. مسەکانی خۆی. مێرگان دڵی هێور بۆوە. هەستاوە و دۆعایەکی کرد:

- یاخودا عەمرت درێژ بێ کوڕم! قەزای تۆ لە من کەوێ! با بڕۆین. توربێنەکە بدە بە من هەڵیگرم!

- نا؛ تۆ پێمەڕەکە هەڵگرە!

گەیشتنەوە نێو دێ. کوڕی سەنەم پرسیی:

- بیانبەینە ماڵی خۆتان؟

- نا! نا! با لە لای تۆ بێ. دەیاندەمە دەست تۆ. بەیانی کە گەیشتینە شار دەیانفرۆشین.

- بەیانی وەرە بۆ درگای ماڵی ئێمە.

- نا! لەو لای ئاواییەوە لە لای جۆگەکە ڕاوەستە، لەسەر ڕێگای شار. لەوێ یەکتر دەبینین. بەر لە نوێژی بەیانی.

دایک و کوڕ لێک جیا بوونەوە. مراد چوو بۆ ماڵی خۆیان و مێرگانیش چوو بۆ ماڵی خۆیان. مێرگان بە هێواشی چووە حەوشە و خۆی کرد بە وەتاغدا. پێیخۆش بوو هەموو خەویان لێکەوتبێ؛ بەڵام نووزەی عەباس لە جێی خۆی ڕایگرت:

- ماندوو نەبی!

مێرگان ئاوڕی لە کوڕەکەی داوە و بۆ ئەوەی خۆی لەو تەنگژەیە دەرباز کا، پرسیی:

- تۆ هەر بەخەبەری؟

عەباس پرسیی:

- ئەی بارەکەت کوا؟

- باری چی؟

- مسەکان!

- تۆ دەڵێی چی؟ کامە مس؟!

عەباس گوتی:

- من کوڕی تۆم، دەبوو قاپێکیان بۆ من بێنی، هاوینان تێکوشیوم تێدا دەکرد!

مێرگان ئیتر ڕانەوەستا. پێی نایە وەتاغ و گوتی:

- ئەو تەماحەی تۆش بە هیچ شتێ پڕ نابێ ڕۆڵە گیان!



عەباس ئیتر ـ مەعلووم نەبوو بۆ ـ لەسەری نەڕۆیشت. لەسەر جێگاکەی ڕاکشا. سەری کردە سەر باڵنجەکەی و چاوی لە ئەستێرەکان بڕی. شەو، هەروەک شەوانی تر. ئەو شەوە هەتا بەیانی مێرگان خەو نەچووە چاوی. بێهەست و خوست لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتبوو. بەڵام خەوی لێنەکەوت. شتێک، بارستایەک خەیاڵ و زیندەخەو کەوتە سەر ڕۆحی. لەتوکوتی لێڵ و تەمومژاوی دەخزانە زەینییەوە، پێکەوە دەنووسان و دەپسان و دەپووکانەوە و دەڕۆیشتن و هەڵدەهاتن. دیسان دەهاتنەوە و هێرشیان دێنا و تێدەپەڕین. شەکەتیی لەش و ئاڵۆزیی خەیاڵ پێکەوە کەوتبوونە کێشە و کامووسیان دەخوڵقاند. خوڵقانی بەردەوام. پەیتا پەیتا. تێکبەزین و لێک بڵاو بوون. پێوەند و پچڕان. تاپۆی پێکەوە گرێدراو و لە یەک هەڵبڕاو. جۆرێ شکڵ و وێنە بوون، نە زمانیان یەک بوو، نە زەمەنیان. تەنانەت برێکیان بۆ مێرگان نامۆ بوون. شکڵگەلێک کە بەر لەمە نەیئەزموونبوون. نەیدیتبوون! بیری تەماوی و پیوار. سیمای غەوارە و غەریب. چەند سەیر بوون ئەوانە! چ پێوەندییەکیان پێکەوە بوو ئەوانە؟ لە کوێوە دەهاتن و بۆ کوێ دەچوون؟ بیابانێکی بێسنوور. خەیاڵی مێرگان، نا! ئاسمانێکی بێکۆتایی، بێسنوور، بێسەرەتا؛ بە شەوی تاریک و نامۆوە، بە بڵێسەی تیژتێپەڕەوە لەگەڵ پارچک و چەکچەکیلەی بەتاڵووکە. ئەوانە چی بوون ئاوقای مێرگان دەبوون. بڵێی زەینیشی تاڵان کرابێ؟ ئەو بیر و خەیاڵانە بۆ ئەوەندە ئاڵۆز و تێکە و لێکە بوون؟ بۆ سەرەتا و کۆتاییان دیار نەبوو؟ ئەدگاری کێ و چی بوو کە لە تاریکایی بیرێکدا هەڵواسرابوو و سات لە دوای سات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات؟ ڕوخساری کێ بوو ئەوە؟ بۆچی ئاوا بڵاو دەبۆوە، بڵاو دەبۆوە و تەواوی ڕەشایی نێو بیرەکەی دادەگرت و هەزار وێنەی دیکە، هەزاران وێنەی دیکەی لەسەر دەنیشت و ون دەبوونەوە؟ هەزاران وێنە تێکدەچڕژان، دەتۆقین، وەک گلێنەی چاو. هەزاران چاو ورد دەبوون، وردتر دەبوون، خاڵ و پەڵە. خاڵێک، خاڵ لە ئەستێرەیەک دەچوو.

ئەو پیاوە کێ بوو لەبەر درگاکە ڕاوەستابوو؟

ئەو ژنە کێ بوو خۆی بە قژیدا هەڵواسیبوو؟

ئەو پیاوە کێ بوو لەبەر درگاکەدا ڕاوەستابوو، قسەی دەکرد و قسەی دەکرد و قسەی دەکرد و دەنگی نەدەبیسترا؟

ئەو ژنە کێ بوو بە قژیدا هەڵواسرابوو و دەیقیژاند و دەیقیژاند و دەیقیژاند و دەنگی نەدەبیسترا؟

مەمکی ئەو ژنە چۆن چرچ و لۆچ بووبوو! چاوانی ئەو ژنە! چاوانی ئەو ژنە! لە بیری چاوانی ئەودا ئەو کۆرپانە کێ بوون کە سەریان سەری مرۆڤ و لەشیان، لەشی بەرخ بوو؟

دەنگی ئەو پیاوە بۆ نابیسترێ؟

ئەو ژنە بۆ وا چاوی داپچڕاوە؟

دڵی ئەم ئاسمانە سات لە دوای سات کون دەبێ! دیوارەکانی سات لە دوای سات وێک دێنەوە! وایلۆک و شینگێڕی! دەنگی دەف و سەنج! شایی و شین تێکەڵە مەگین؟ ڕێگای کارێز بڵێی کرابێتەوە؟ ڕەنگە کارێزەکەیان کردبێتەوە، حیلەی ئەسپێک! نا! وشترێکی تیژڕەو بە بیاباندا غار دەدا. ڕەشمارێک کلکی لە عەرزی چەقاندووە و لەبەر قرچەی خۆرەتاو ڕاست بۆتەوە. زمانێکی وشک هەڵاتوو لە دەمێکی ئاواڵە هاتۆتە دەرێ. چاو لە خۆر بکە چۆن سینگی لە زەوی دەخشکێنێ!

ـ خودایە! خودایە! بۆ وا ئۆقرەم لێبڕاوە؟! نەکا تاوتێ دایگرتبێتم؟ چم لێ ون بووە، چم لێ ون بووە؟... هەستن! هەستن! ئەوە بەیانییە! هەستن!

مێرگان خۆی هەستابوو و بە پێوە ڕاوەستابوو. کەنگێ؟ براکەشی لەسەر جێگاکەی ڕاست ببۆوە. لەگەڵ مەولا ئەمان، ئەبراویش لەسەر جێگاکەی دانیشت. مێرگان بوخچەکەی لە سووچی دیوارەکە هەڵگرت و هێنایە دەرێ. مەولا ئەمان و ئەبراویش خۆیان پێچایەوە و هاتنە دەرێ. عەباس لە سەر جێگاکەی تۆزێ قیت بۆوە. مێرگان چووە سەر تەندوورەکە. عەباس شەکەت و خەولێزڕاو چاوی لە دایکی کرد. مێرگان پێی گوت:

ـ ئەوە تۆ و ئەوەش ماڵەکە! ئێستا بارگەوبنەکەت هەڵگرە و بچۆ بۆ وەتاغ!

عەباس بێدەنگ بوو. ئەبراو ئەو لێفەیەی کە دەبوو لەگەڵ خۆی بیبا پێچایەوە. مەولا ئەمان شڵپێکی ئاو بە دەموچاوییەوە دا. عەباس لە سەر تەندوورەکە هاتە



خوارێ. دایکی لێی چووە پێشێ. سەری عەباسی بە سنگییەوە نا و چرپاندی بە گوێیدا:

ـ کارت نەبێ، نامری لە برسانا ڕۆڵە گیان! نامری، پارەت بۆ دەنێرم، خەڵکی هەتا خەبەریان لە من ببێ، ئاگایان لێت دەبێ. من زۆرم چاکە لەگەڵ کردوون، دایکایەتیم بۆ هەموویان کردووە. ئەوان کوڕی من وێڵ ناکەن. وەک چاوم لێیان خاترجەمم. خودا ئاگادارت بێ کوڕم. ئاگات لە خۆت بێ!

وەک شێت سەروشانی عەباسی بە سنگییەوە گوشی و لەپڕ بەریدا. وەک ئەوەی نەیهەوێ ڕێگا بە شەپۆلەکانی دڵی بدا هەڵچن. نەدەبوو ڕێگای پێبدا! عەباسی بەردا.

ئەبراو لێفەکەی لە کۆڵی قایم کرد و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. مێرگان چاوی لە کوڕەکانی کرد. دوو برا ڕوویان کردە یەک و بۆ لای یەکتر کێشران. ئەبراو کۆڵ بە کۆڵەوە، هێواش و ـ مەعلووم نەبوو بۆ ـ شەرمەزار بەرەو لای عەباس خوشی؛ عەباسیش بە قژە بژ و سپییەکەیەوە، تۆپەڵێ کا لە تاریکیدا، بەرەو ئەبراو ڕۆیی. بۆ ساتێک ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستان. ئەبراو دەستی بۆ لای عەباس درێژ کرد. عەباس لە پڕ خۆی خستە باوەشی براکەیەوە و شانە ڕەق و تەقەکەی کەوتە هەڵتەک هەڵتەک. دەنگە نووساوەکەی کە لە نووزەی سەگێکی بریندار دەچوو، لە گەروویدا گیری کردبوو. بە دەنگێکی لەرزۆک و کوتکوت، گوتی:

ـ دەترسم... ئەوندە نەژیم... جارێکی دیکە... جارێکی دیکە... بتبینمەوە... ئەبراو گیان... خۆ... لەبیرم.... نابەیتەوە؟

ئەبراو عەباسی لە خۆی کردەوە و ڕایوەشاند:

ـ مەگری! تاقەت بێنە! کاتی سەفەر گریان باش نییە! تۆ خۆ ئاوا گرینۆک نەبووی؟

عەباس پاڵی بە دیوارەکەوە دا و بەسەر قوڵی دەم و لووتی سڕی:

ـ نا! نا! گریان... تەنیا... تەنیا... هیچ... بڕۆ... بڕۆن... ئیتر!... بەخێر چن... من.... من هیچ ناڵێم، ئیتر!

مەولا ئەمان لە کۆڵانەوە گوڕاندی:

ـ زوو کەن دەی! خۆ عەلی ئەکبەر نانێرنە مەیدان! زووکەن! دەبێ «نایەتە دەر دە نایەتە دەر»تان بۆ بڵێن؟

مێرگان و ئەبراو بە دوای یەکدا چوونە دەرێ. پێیان نایە کۆڵان و بە دوای مەولا ئەماندا وەڕێکەوتن.

عەباس بە تەقەتەقی گۆچانەوە هەتا کۆڵان هات و پیاڵەیەکی ئاو بە دوای مسافیرەکانیا ڕشت. ئەبراو جارێکی دیکە ئاوڕی دایەوە و کڵاوەکەی بۆ عەباس ڕاتەکاند.

هەتا مەولا ئەمان و ئەبراو گەیشتنێ، مێرگان لەبەر درگای ماڵی عەلی گەناو لەنگەری گرت. مەولا ئەمان و ئەبراو تێپەڕین. مێرگان تای درگاکەی کردەوە و چووە ژوورێ. بەڵام هەروا لەبەر درگاکەدا ڕاوەستا. دڵی نەهات کچەکەی لە خەو هەستێنێ! نا! نەزانێ و نەبینێ کە دەڕۆن چاکترە. لە لایەکیشەوە دڵی نەدەهات کاتی ڕۆیشتن، چاوی بە چاوی عەلی گەناو بکەوێ. بۆیە بە دوودڵی لە جێی خۆی چەقیبوو.

زۆری پێنەچوو ، ڕوقیا وەک مێرووله لە کون هاتە دەرێ. بێدەنگ و ئارام. نابێ بە تەقەی درگاکە خەبەری بووبێتەوە. مێرگان زانیی کە ڕوقیاش شەوێ نەخەوتووە. بە لەقەلەق بەرەو لای مێرگان هات و دەتگوت دایکی هاجەری هەر نەدیوە. بە پەنایدا تێپەڕی و لە درگای حەوشەکە چووە دەرێ. مێرگان وەرسووڕا و بە دوایدا ڕۆیشت:

ـ ڕوقیا گیان!... ڕوقیان گیان... هاجەری کچم بە تۆ دەسپێرم و تۆش بە خودا. ڕوقیا گیان تۆ دڵت گەورە بێ. هێشتا منداڵە، ئەگەر خراپەیەک یان لامجوومییەکی کرد، تۆ دڵت گەورە بێ ڕوقیا گیان!

ڕوقیا ئاوڕیشی نەداوە. بە بەر چاوی مێرگاندا بە شەلەشەل بەرەو ماڵی مێرگان، بەرەو ماڵی عەباس ملی پێوەنا.

هەتا ڕوقیا بە لەقەلەق گەیشتە پەنا دیوارەکەی ماڵی عەباس، مێرگان چاوی لێکرد. پاشان وەخۆ هاتەوە. ئەبراو و مەولا ئەمان دوور کەوتبوونەوە. مێرگان



چاوی هەر لە لای ڕوقیا بوو. هەنگاوی هەڵێناوە و لە دەرەوەی ئاوایی بە کوڕ و براکەی گەیشتەوە.

تەڕاکتۆرەکە لە پەنا قەبرستانەکە ڕاوەستاوە. تەرمێکی لە گۆڕ دەرهاتوو، لە پەنا گۆڕەکەی کفنی سوور و تەپوتۆزی کەویری بەسەردا کێشراوە. لە پەنا تەڕاکتۆرەکە، لە قەراغ جۆگەکە کوڕی سەنەم دانیشتووە و دەستی لە ئاوی جۆگەکە وەردەدا.

ئاو؟!

ـ نا، خوێن! ئەو خوێنەتان دیوە؟!

دانیشتن. لەسەر جۆگەلەی خوێن دانیشتن. مەولا ئەمان تەڵی شقارتەی داگیرساند:

ـ خوێناو! پیرە ئاراوانەی سەر دار دەبێ لەتوکوت کرابێ.

هەستان. بەڵام مێرگان هەڵنەستا. مێرگان هەروا لەسەر جۆگەکە دانیشتبوو. چاوی لە درێژایی جۆگەکە بڕیبوو. کەسێک دەهات. پیاوێک دەهات. تەرمێک دەهات. بە نێو جۆگەکەدا دەهات. پیاوێکی عەبای خوێناوی لەبەر کردوو، پێمەڕەیەکی بە دەستەوە بوو. سلووچ؛ پێمەڕەی دۆڵەوساو کردن! لە زارکی کارێزەکە هاتبووە دەرێ. ڕێگای ئاوەکەش دەبێ ئەو کردبێتییەوە. دەموچاوی دیار نەبوو. عەباکەی، کۆپانی گوێدرێژەکەی کە هەمیشە بە کۆڵیدا دەدا؛ خوێنی لێدەچۆڕا. خوێن بە پەنا لاقیدا شۆلاوگەی بەستبوو.

«کان چ جۆرە شوێنێکە؟ چ جۆرە شوێنێک؟!»

ـ لەوێ کار بۆ ژنانیش هەیە؟

شەو تێدەپەڕی.

شەو بەسەر شۆلاوگەی خوێندا تێدەپەڕی.

## فەرهەنگۆک:

**ئاژان:** ژاندرمە، چەکداری دەوڵەت.
**ئاڵەتی:** توورە، قەڵس
**ئاوردوو:** ئێزنگ: سووتەمەنی
**ئەدگار:** سیما، ڕوخسار، دەموچاو
**ئیختیار:** پیر، بەساڵاچوو
**ئێزنگ:** سووتەمەنی. سوخت
**باویلکە:** پەپوولەپایزە. پشیلۆکە. شەلەمینکەرە
**بۆرەکە:** بۆرەپیاو، پیاوی خوێڕی و بەرەڵڵا
**بناشت:** گلەیی
**بەتاڵووکە:** خێرا، بەپەلە، بەلەز
**بیرەبیر:** وەسواس
**پارچک:** شەمشەمە کوێرە
**پاچرا:** پارەیەک کە دەدرێ بە خاوەنی قومارخانەکە.
**پاڵنەر:** دنەدەر، ئەنگیزە.
**پزلووخ:** پووزەوانە، پووزلخ
**پەنابات:** دە شایی، نیو قران.
**پێسیر:** یەخە، بەرۆک، بەروێ، بەرۆ
**پیشکان:** بێڵەکان. ئامرازی گژوگیا هەڵکەندن.
**پیوار:** ون، گوم، نادیار
**تاپۆ کردن:** سەفت کردن. تاپۆ: قەباڵە، سەنەد، بەڵگە.
**تازەپیاکەتوو:** نۆکیسە، بریتی لە کەسێ تازە ماڵی بە خۆیەوە دیوە.
**تاقەتپرووکێن:** کاری دژوار و ناخۆش کە توانا و وزە لە پیاو دەبڕێ.
**تامڵ:** تاقەت هێنان. تحمل
**تخێڵ بوون:** ڕەهێڵ بوون. ڕاکشان.



**توربێن:** کیسەی بە خوری و موو تەنراوی سێ گۆشە، بۆ کەلوپەلی شوانان.
**تولانەوە:** خۆ زەلیل و فەقیر نیشان دان. خۆ دڵسۆز و دڵۆڤان نیشان دان
**تووڕ هەڵدان:** فڕێدان. حەوادان
**تەپل:** پەنجەمۆر
**تەشیڕێس:** ماستاوکەر. بریتی لە ڕیاییباز. مەراییکەر
**تەنگژە:** تەنگانە، گیرخواردن.
**تەوەزەل:** تەمبەڵ، لەشگران
**تیرەشان:** لاپاڵی کێو. لاشانی چیا
**تیشە:** سەردەرهێنانی چەقەرە گەنم (گەنم تازە تیشەی کردبوو)
**جاڕز:** وەڕەز، عێجز
**جزدان:** پارەدان، توورەکەی پووڵ و پارە
**جوڕڕە:** جۆرێ چۆلەگەی بۆری کلاونە. کلاوکوڕە
**جیهاز:** کورتانی وشتر
**چاوشۆڕ:** شەرمەزار، شەرمەندە
**چزەبزە:** پێکەنینێکی تێکەڵ بە ڕق و بوغز. (نیشخند)
**چکووس:** ڕژد و سەقیل. مشتقووچاو. ڕەزیل
**چەپرەک:** کۆن و لەکار کەوتوو، چەپڵەک
**چەکچەکیلە:** شەمشەمەکوێرە
**خازەڵۆک:** سواڵکەر، گەدا
**خۆشامایی:** ڕیایی، مەرایی
**خەیار چەمبەر:** شتێکی قاوەیی درێژۆکەیە وەک قالۆر دەنکی خڕی لەنێو دایە، لە ئاودا دەیسوونەوە، بۆ ژانە زگی منداڵ.
**خیشەسەر:** کەللەڕەق
**داڵغە:** فکر و زەین
**دۆڵەساو:** خاوێن کردنەوەی کەرێز
**دڵەوڕێزە:** دڵەخورپە. دڵەڕاوکێ
**دەڕاسە:** کۆمباین
**دەستومشتاخ:** تەوقە کردن، دەست لێکدانەوە
**دەستەکەوشە:** دەستگیرەی ئاموور لە جووت کردندا.
**دەلوو:** سەتڵی جیر بۆ ئاو هەڵگوێزان لە بیر
**دەمارەکۆڵ:** دووپشکە
**دەمبەپووش:** ناهومێد، هیوابڕاو

**دەمچەپڵە:** کەسێ کە خێرا خێرا قسە دەکا و دەمی پێکدادەدا.

**ڕمڵ:** لم. لیم

**رووترش:** گرژ و مۆن، تووڕە

**رووهەڵماڵاو:** بێحەیا و شڕ و دڕ. بێشەرم

**رەشایی:** قەرە، گوندنشینی بێ مووچە و مەزرا

**ڕەهێڵ بوون:** ڕاکشان، تخێڵ بوون

**زۆپ:** رەق. دەرپەڕیو

**زورهان:** پیر، بەساڵاچوو، ئیختیار

**ساماڵسا:** ساف و لووس بوونی عەرز بە بەفر و نەمانەوەی ڕەشانگ.

**سایلۆح:** گەمژە، گەوج.

**سڵۆک:** سڵ و قوشقی. سرک

**سەرودڵ لێهاتن:** فێ لێهاتن. بوورانەوە

**سەرەنگری:** هەڵەنگوتن، ڕەت بردن

**سەنج:** دوو دەوریی دەسکدارە ڕەنگی زەردە، لە شینگێڕی و قەتڵبڕینەوەدا لێکی دەدەن و زرینگەی دێ.

**سیایی:** فاکتۆری حیساب

**سیسارک:** خەرتەل. داڵاش. داڵە کەرخۆر

**سیوشکە هەڵاتن:** تینوایەتی زۆر، گەروو وشک بوون

**شلوێ:** لێڵ. خۆی شلوێ ناکا: لێڵ نابێ. ڕەنگی تێک ناچێت.

**شەویلکە:** شەویلاکە. یەسکی دەم و ڕوومەت

**قاقڕ:** زەویی ڕووتەن، کەویر

**قلەسەما:** هەڵبەز و دابەز لە خۆشیانا

**قەرە:** رەشایی

**قەڵتاس:** پرزەی گوڵەگەنم و جۆ و ...، قاڵتاس

**کامووس:** خەونی هاشە و پاشە. خەونی ترسناک.

**کانێس ئەستوور:** ئێسک ئەستوور، قامک و مەچەک ئەستوور

**کوڵوو:** ڕەگی تاڵوو. بنی گیا تاڵووکە ئەستوورە و بۆ سووتاندن دەبێ.

**کڕوکاش:** کۆ کردنەوەی گژوگیا و گوڵەگەنم و... حەولدان بۆ کۆ کردنەوەی شتێک

**کوشمەڵە:** خۆ کۆ کردنەوە و هەڵتووتەکان

**کەرپووچ:** خشتی سوور. ئاجوور

**کەرکەرۆک:** بەرزایی نێو درگا، لای خوارووی چوارچێوەی درگا

**کەلبەدوون:** پەراوێزی زەڕی بە دەوری میلوانە و پێشتی عەبایدا دەدوورن.



**کەڵک:** گرد، تەپۆڵک، تەپک

**گوێلەوسار:** گوریسی بەستنەوەی گوێرەکە

**گراڵک:** گیایەکی دڕکاوییە بە توپەڵ دەڕوێ

**گزیچار:** دارێکی کوڵەبنەیە و بە پۆل شین دەبێ لە قەراغ چۆم و ئاوان. گەز

**گڵمتک:** کولۆ. توپەڵە گڵی ڕەق بوو

**گڵمتک:** کولۆ، گڵی رەقبوو

**گوشار:** تەوژم، فشار

**گووگلێنە:** قالۆنچەی شیاکەخۆر. گووخلێنکە

**گەزارە:** چزوو، درێشۆکەی مار

**گیاسرە:** گیایەکە هاوینان لە گۆزە ئاوی دەهاڵێنن فێنکی ڕادەگرێ.

**لامجوومی:** ناباری، نافەرمانی، بێقسەیی کردن

**ماستاوکەر:** بریتی لە ڕیاییباز

**مجرۆ:** سەقەت، نوقستان، فەلەج

**مدبەق:** چێشتخانە، سەرتەندوور

**مژولیایش:** وتاردان، قسە کردن لە کۆڕدا

**مزیڕ:** زەرەردەر، ملۆزم و زیانی خورۆ

**مسۆگەر:** دامەزراو، جێگرتوو.

**ملۆزم:** مزاحیم، مێمڵ

**منجڕ:** پێچەقێن؛ کەسێ کە دەست هەڵگیر نییە لە کارێک. سمج

**موغموغە:** تۆفانە، پێشکە، مێشوولە

**موقرایی** داهاتن: کوێر بوون. سۆمایی لێبڕانی چاو

**مەتەرێز:** سەنگەر

مل بەخوزدا گرتن: سەرداخستن بە شێوەیەک کە چەنە بە سینگەوە بنووسێ.

**مێمڵ:** ملۆزم. مزاحیم

**نۆژەن:** تەعمیر، چاک کردنەوە

**نۆژەنگا:** تەعمیرگا

**نۆژەنکار:** تەعمیرکار، مکانیک، فیتەر

**نۆکیسە:** تازە پیاوکەوتوو، تازە دەوڵەمەند.

**نپنگ:** نەوی و تەنگەبەر. بۆژووری چکۆڵە

**نەوەکام:** کاڵ، میوەی نەگەیشتوو

**نینۆخ وشک:** رژد، سەقیل، چکووس

**واژۆ:** ئیمزا

**واق وڕمان:** سەر سووڕمان، عەبەسان.
**وایلۆک:** شیعر و گۆرانی بۆ مردوو. بە مردوودا هەڵگوتن.
**هاولف:** هاوتا، هاواڵ
**هومایی:** پارچەی سپی بۆ خەڵاتی. کفن
**هەرس:** هەزم، ئەزم.
**هەسێڵ:** ئەستێر، گۆلاوی بەر کانیاو، ئاڤزێڵ.
**هەڵکێش:** پاتۆڵی ژنان بۆ کار بەسەر جلوبەرگدا لە پێی دەکەن.
**هەمار:** عەمبار، ئەنبار
**هەنتەش:** حوزوور
**هەوڕگەر:** گۆزەکەر، کەسێ کە کەندوو و تەندوور و دیزە و گۆزە بە قوڕ دروست دەکا.
**هێلانە لە چاودا کردن:** بریتییە لە ملۆزمێک کە دەستبەردار نابێ.
**هێلوون:** قووڵکی چاو، چاڵی چاو
**یەسکی نێو برین:** بریتی لە ملۆزم و ئازاردەر



## بەرهەمی چاپکراوی وەرگێڕ

١. تاپۆی وەرزێکی سەوز (شیعر)، ١٣٧٦
٢. شەوەژانی ئەستێرەیەک (شیعر)، ١٣٨٠
٣. مەرگەخەون (شیعر)، ١٣٨٤
٤. دیسان لەو شەقامانەوە (چیرۆکی وەرگێڕاو)، ١٣٨٥
٥. تەپڵی ئاور (چیرۆکی وەرگێڕاو)، ١٣٨٥

ئامادەی چاپ:
خولیای نووسین، ڕەزار بەراهەنی (سێ وتاری ئەدەبی)